6

# رۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزییە
تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسی

کوردستان

رۆژی کورد

امید استقلال

زاری کرمانجی

HAWAR

ژین

نیشتمان

گەلاوێژ

## دەقی پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان

2005

# بەرەو زیاتر چەسپاندنی

# ئازادیی رۆژنامەنووس و سەروەری یاسا

فەرهاد عەونی

"پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستاندا" کە لەلاپەڕە (٢٥٢)ی ئەم ژمارەیەی "رۆژنامەنووس" بڵاوکراوەتەوە پێشووتریش لە ژمارە (١٣)ی رۆژنامەی "الصحفی" بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرابووەوە لەئاکامی:

یەکەم: نەبوونی یاسایێکی ئەوتۆ، کە لەپاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و تاکو ئێستا گۆڕەپانی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی بەبەتاڵی ماوەتەوە، چونکە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣، بەهەموار کراویەکەشیەوە، کە بەیاسای چاپەمەنی ناوزەدکراوە، چەندین ساڵی بەسەردا تێپەڕیوەو نەبۆتە چوارچێوەی رێکخستنی ئەم بوارە.

دووەم: هەست کردنی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەو بۆشاییەی لەم بوارەدا هەیە، ئەمیش لەئاکامی تێکەڵاوی سەندیکا بەکاری رۆژنامەو رۆژنامەنووسانەوە کە مەبەستی سەرەکی لە گەڵاڵەکردنی ئەم پرۆژەیە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان سنووردارییەتی رووپەڕی کاری خۆی لەچوارچێوەی یاسا بزانێ..

أ. دەسەڵاتی سیاسی

ب. رۆژنامەنووسان + ئازادی رۆژنامەنووس

ج. هاووڵاتی ئەم نیشتمانە بزانین

سێیەم: ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە لەماوەی پێشوودا روویانداوە تێیدا هەرسێ لایەن (دەسەڵاتی سیاسی+ رۆژنامەنووسان+ هاووڵاتیانی کوردستان) خۆیان بەراست و خاوەن ماف زانیوە چونکە پێوەرێکی یاسایی نەبووە کە سنووری نێوانیان جیابکاتەوە، دیسان لەگەڵ فراوان بوونی بازنەی ئازادی رۆژنامەنووس لەئاکامی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە لەکوردستان بەرقەرارەو رۆژانە بەرەو پێشەوە دەچێت، تێیدا ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو ویستگەی تەلەفزیۆنی لەزیادبوون دایە، بەرادەیەك خوێندەوار ناتوانێ موتابەعەی بەشێکی ئەو خەرمانە رۆشنبیرییە بکات، دیارە ئەم دیاردەیەش یانی زۆربوونی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان کە ئەویش پێویستی بە رۆژنامەنووس و نووسەرانەوە هەیە، بێگومان فراوان بوونی بازنەی ئازادی و زۆربوونی رۆژنامەو گۆڤار، بمانەوێ و نەمانەوێ هەرچۆنێك بێت کێشەی لێ دروست دەبێت، چارەسەرکردنی کێشەکەش، چ بچووك و چ گەورە پێویستی بەیاسایێك هەیە بۆئەوەی کێشەکان کۆنترۆڵ بکات هەر لایەنەش بەیاسا ئەرك و مافی خۆی بزانێ، هەر بۆیە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ماوەیەکە بەهاوکاری چەند رۆژنامەنووسێکی یاساناس سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی ئەم پرۆژە یاسایەن کە بەم قۆناغانەی خوارەوە تێدەپەڕێ:

١- بڵاوکردنەوەی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەشێوەیەکی فراوان، سەرەڕای بڵاوکردنەوە لەتۆڕی ئینتەرنێت لەسەر سایتی سەندیکا.

٢- وەرگرتنی هەموو ئەو پێشنیارو تێبینیانەی کە لەرۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانەوە دەگاتە دەستمان یاخود ئەو بابەتانەی کە پەیوندارە بەپرۆژەکەو لەرۆژنامەکان بڵاودەکرێنەوە لەهەموو تێکڕا لەلایەن ئەو لێژنە تایبەتیەوە دیراسەت دەکرێ و دواتر پرۆژەکەی پێ دەوڵەمەند دەکرێ.

٣- سازدانی سیمینارێك بۆ کۆمەڵێك لەرۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ تاوتوێ کردن و دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە.

٤- ناردنی پرۆژەکە بۆ (دائرە التدقیق القانونی) بەمەبەستی دیراسەت کردنی لەرووی یاسایی و زمانە یاساییەکەی.

٥- ئینجا پرۆژەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، دیارە لەوێش جارێکی دیکە تاوتوێ دەکرێتەوە تاکو دەگاتە قۆناغی بڕیاردان لەسەری.

رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی بەڕێز

بەمەبەستی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس لەکوردستان و یەکلاکردنەوەی هەموو ئەو کێشانەی کە لەو بوارەدا ڕوو دەدات، داواکارین ئەو پرۆژەیە، پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم پەرلەمان بە پێشنیارو تێبینیەکانتان دەوڵەمەند بکەن، چونکە پاش دەرچوونی بەبڕیاری پەرلەمان دەبێتە (مەرجعی) رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسان لەکوردستان...

ژماره
6
2005

# رۆژنامەنووس

kurdistanjournalists.org
govar2004@yahoo.com

**گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسیی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات**

خاوەن ئیمتیاز
**فەرهاد عەونی**

سەرنووسەر
**عەبدوڵلا زەنگەنە**
Mobile: 4568886

سکرتێری نووسین
**خالید بەکر ئەیوب**

دەستەی نووسەران
ئازاد عوبێد
ئەکەد مراد
ئەنوەر حوسێن
ئیسماعیل عەلی
رەفیق ساڵح ئەحمەد
سۆزان مامە
موسەدەق تۆڤی

دەستەی راوێژکاران
حامد محەمەد عەلی
د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی
د.کەمال سەعدی
د.مۆفەق دەرگەڵەیی
د.هیمداد حوسێن
یونان هۆزایا

**تایپ و نەخشەسازی**
**هاوڕێ محەمەد زادە**
**هەوار محەمەد عەلی**
**ئەیوب محەمەد بابەکر**

**ناونیشان**
**هەولێر- شەقامی شەست مەتری (کوردستان) - گەڕەکی زانیاری**
Tel: 2220367
Fax: 2294800

# بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەنووس


| | | |
|---|---|---|
| سەختەچیاتی نێو رۆژنامەنووسیی کوردی | سەرنووسەر | ٣ |
| دیاریی ژمارە (ئازادی + پرشنگ) | د.مارف خەزنەدار | ٥ |
| رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٤٧ |
| رەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال | د.هیمداد حسێن | ٨٧ |
| حسێن ناظم... ژیان و رۆڵی | ژیان عەبدولغەفور | ١٠٢ |
| دیدی سیاسی لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی | رەنج شوکری تۆفیق | ١٢٩ |
| دیداری رۆژنامەنووسیی | د.فاروق عەلی عومەر | ١٤٤ |
| ئۆریژناڵەکانی یەکەمین رۆژنامەی کوردی | عەبدوڵلا زەنگەنە | ١٦٧ |
| وێستگەی رۆژنامەنووس | | ١٩٣ |
| ئەزموونی رۆژنامەگەرییم | فەرهاد عەونی | ١٩٥ |
| نەجات عەبدوڵلا | ئازاد عوبێد | ٢١٢ |
| دۆسێی رۆژی کورد | | ٢١٧ |
| زەنگەنەو رۆژی کورد | د.سەلاح هروری | ٢١٨ |
| ساخکرنا رۆژی کورد | ئیسماعیل بادی | ٢٢١ |
| رۆژی کورد | ئازاد عوبێد | ٢٢٣ |
| یوسف مەلەکی تەلکێف | ئەکەد مراد | ٢٢٩ |
| هونەری مانشێت | کارزان محەمەد | ٢٣٥ |
| زانیاری رۆژنامەوانی | دلێر عەونی | ٢٤٠ |
| ئاژانسی دەنگ و باس | ئەسعەد جەباری | ٢٤٤ |
| پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی | | ٢٥٢ |
| هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا | | ٢٥٩ |


ڕیزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

هەواڵنامەی کتێب

# سەختەچیاتی نێو ڕۆژنامەنووسیی کوردی..!!

لەساڵی ١٩٩٦دا بوو، جەلال بەرزنجی شاعیرو ڕۆژنامەنووس ئەم وڵاتەی جێ هێشت، ئەو بەتەمابوو لە **"کەنەدا"**ی ئەودیوی دەریاکان بۆخۆی ئازادو ئارام بژی، خانەوادەکەی جەلال، بەبێ ئەوەی هیچ حیزب و لایەنێکی کوردستان داوایان لێ بکات یان یارمەتیان بدات، زوو بەخۆ کەوتن و کەوتنە چالاکی نواندن، ئەوکاتەی ئەو ئەم وڵاتەی جێ هێشت من هێشتا دەستم نەدابۆوە قەڵەم، لەم ماوەیەدا ئەوە دووەمین جارە عیشقی زێدو نیشتمان جەلال دێنیتەوە کوردستان. دیارە یەکێکی بێ ئەزموونی وەکو من حەز دەکا یەکێکی وەکو جەلال، کە تەمەنی لاویمان بەیەکەوە رابواردووە، بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە، بەتایبەتی لەنووسینەکانمدا هەندێ جار ناوی ئەویش دەهێنم، سەفەرەکەی پێشوو و ئەمجارەش پێی گوتم: تۆ شێوازێکی تایبەتی نووسینت هەیە لەدەرەوەش ئاوەها دەنووسن، منیش حەز لەم جۆرە نووسینانە دەکەم.

ڕۆژی هەڵبژاردنەکە تەلەفۆنم بۆ جەلال کرد، لەماڵی دایکی بوو، چووم سەردانیم کرد، ئەوەی شایانی باسە دایکی جەلال کەمێك گوێی گرانە، جاروبار خۆی دەگلاندە نێو قسەکانمان و باسەکەی پێ دەگۆڕین، هەر لەخۆیەوە گوتی: جەلال هەقە بەیەکەوە لەگەڵ عەبدوڵلا بچنە سلێمانی، منیش گوتم: جەلال حەزدەکا بەکۆیەدا تێپەڕێ، منیش حەزناکەم دەمەوێ بەهاوینەهەواری پیرمەمدا بچین. دانیشتوان دایانە قاقای پێکەنین، پاشتر باس هاتە سەر دلشاد عەبدوڵلا، جەلال گوتی: هەر چەند ڕۆژ جارێك دێت سەرم لێ دەدات، من لەشوێنی خۆم ئێرەییم پێیان دەبرد، بەڵام چی بکەم سەرقاڵیم و گیرگرفتەکانی ڕۆژانەی ژیان لێناگەڕێن ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتیانە بەجێ بهێنم. ئەوەبوو داوام لە جەلال کرد بەڵکو بەیانی ڕۆژی شەممە بێتە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەندێ کاروباری بۆ ئاسان بکەم، کەچی ئەو داواکەمی پەسند نەکردو یەکسەر گوتی: وەڵلا ناتوانم شەموو سەفەر دەکەم و دەچمە سلێمانی. منیش بەهەموو عەقڵی خۆم و لەدڵی خۆمدا وام لێك دایەوە، هەبێ و نەبێ ئەوە بەپێشنیازەکەی پێشووی من و دواتر بە پێشنیازەکەی دایکی ڕازی نەبووەو لەگەڵ دلشاد ڕێك کەوتوون و بەیەکەوە سەفەر دەکەن، وا دڵی خۆم دەدایەوە ئێ قەیدی چی دەکا هەردووکیان شاعیرن..!

چەند ڕۆژ دواتر ئۆقرەم لەبەر بڕا، ئەو ژمارە تەلەفۆنە **"کۆڕەك"**ەی لام بوو لێم دا، لەولاوە ئینگلیز ئاسا گوتیان هەلۆ..! دوای چاك و چۆنی گلەییم لێی کرد گوایە ئەو بەپێشنیازەکەی من ڕازی نەبووە بەیەکەوە بچینە سلێمانی و لەوێ چەند ڕۆژێك لە **"بنکەی ژین"** بحەوێینەوە، هەر ئەوەندەم گوت جەلال بەڕووومدا تەقیەوە گوتی عەبدوڵلا ئەتۆ فێرە دبلۆماسیەت بووی، عەیب ناکەی خۆت لەمن دزیوەتەوە، من سەفەرم لەگەڵ کەس نەکردووە، بەتاکسی هاتوومەتە سلێمانی، لێرە بەتەنیا لەئوتێلم، ئەو ساڵانەی بەیەکەوە بووین لای ئێمە بەڕاستگۆیی ناسرابووی و هەر بەڕاستگۆییەکەشتەوە جوانی،

نازانم بۆچی کاتێ جەلال ئەو گلەییانەی دەکرد من ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردووم دەهاتەوە بیر، رۆژێکیان لەسەر ئەنجامی کارێك چوومە ژوورەکەی **"محەمەد محیەدین"**ی جێگری ئەمینداری گشتی ئەشغاڵ، کە پیاوێکی خەڵکی سلێمانی بوو، پێیم گوت: نازانم بۆچی رۆشنبیرانی کورد هەتا لەنێو ژیانی ئاسایی خەڵکن هیچ کەم و کوڕییان نییەو خۆشەویستن، بەڵام هەرچوونە پشت کورسی و مێزەکە، خۆیان لێ دەگۆڕێ، ئەوەی بەبیرمە ئەوسا **"محەمەد محیەدین"** تەماشایەکی کردم و هەر ئەوەندی پێ گوتم: عەبدوڵڵا باوکەکەم تۆ زۆر (جرئ)ی، ئاگات لەخۆت بێت، ئەو قسانە لەشوێنێکی دیکەو لای یەکێکی دیکە مەکە..!!

ساڵ هات و ساڵ رۆیشت، ئەوە چەند ساڵێکە خۆم لەنێو ئەو بوارەی پیشەی ماندووبوون دۆزیوەتەوە، تاوەکو ئێستا سەرم سوڕماوەو لەهیچ لایەك وەڵامێکم وەرنەگرتۆتەوە، پارە پارەی حزب و حکومەت، ئاسانکاری هەر لەوانەوە، دیارە هەر حزب و لایەنەش هەقی خۆیەتی بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ، بەڵام زۆر لام سەیرو سەمەرەیە، کاتێ حزب و حکومەت یەکێك بانگ دەکاتەوە کوردستان پێم وایە دەزگا راگەیاندنەکان دەبێ ئەوەندی بۆیان بلوێ و بۆیان بگونجێ هەوڵ بدەن سوود لەبەهرەو تواناکانی ئەو کەسە، چ بۆ خۆیان و چ بۆ خەڵك وەربگرن، مخابن ئەو کەسانەی دێنەوە کوردستان بەژمارە زۆرن، بەڵام بەداخەوە زۆرجار وادەبێ ئەم هەموو پارەیان لێ خەرج دەکرێ بەڵام بەقەد خەرجییەکە سوودیان لێ وەرناگیرێ و هەندێکیشیان بەدڵشکاوی دەگەڕێنەوە... ئەوەتا ئەورۆژە ناوی دوو لەو زانایانەم خستەپێش یەك لەم بەرپرسانەی دەزگاکانی راگەیاندن، یەکسەر وا وەڵامی دامەوە: با بڕوات ئەوە سەختەچیە، من شەرمم بەخۆیە ئەو جۆرە کەسانە بدوێنم..!

**سەرنووسەر**

هەواڵنامەی کتێب

# آزادی + پڕشنگ

ساخکردنەوەی مێژووی ژیانی چین و توێژەکانی هەر گەل و نەتەوەیەك بەدوا گەڕان و سۆراخکردنی گەرەکە، ئەو کارە جیا لەئەرشیف و سەنتەرە گشتییەکان، پشکنین و سۆراخکردنی لای دڵسۆزانی ئەم بوارەی دەوێت، لای ئێمەش، هەر چەندە ئەو شوێنانە هەموویان دەستی تالآن و تێکدانی گەیشتۆتێ، کەسانی وامان تێدا بووە، بەهەر نرخێك بووبێ ئەم گەنجینانەیان پاراستووە.

د. مارف خەزنەدار یەکێکە لەوانەی زۆر سەرچاوەی ئەم بوارەی لا پارێزراوە، ئەوەندەی من هاتووچۆی لای ئەو زاتەم کردووە، هەستم کردووە داوای هەر سەرچاوەیێکم لێی کردبێ رۆژێ لەرۆژان دەستی بەرووەدا نەهێناوم، ماوەیەك لەمەوبەر داوای ئەم رۆژنامەی **"ئازادی"**یەو هەردوو ژمارەکەی گۆڤاری **"پڕشنگ"**م لییێی کردبوو، دوو مانگێکی پێچوو هەر نەمتوانی سەردانی بکەمەوە، ئەوەبوو ئەو رۆژە بەدوای د. جەلیلێ جەلیل و د. جەبار قادردا سەردانی کۆڕی زانیاری کوردستانم کرد، دیاربوو لای ئەو دانیشتبوو، دوای بەخێرهێنان یەکسەر دکتۆر گلەیی لێ کردم ماوەیەکە دیارنیم و دواتر دڵی خۆش کردم و گوتی:

بلاّوکراوەکانم لەگەڵ کۆمەڵێك شتی دیکە بۆ ئامادەکردووی وەرە بیانبە، ئەوسا زیاتر هەستم کرد ئەوانەی لەناوەندان دەخۆن و لەپەڕگان پاڵ دەدەنەوە چەندە بێ ویژدانن. ماوەتەوە بڵێم ئەوەندەی من ئاگادارم و هەستی پێ دەکەم **"دایکی بنیاد"**یش زۆر رەنجی لەگەڵ ئەم کتێبخانەیە کێشاوەو پاراستوویەتی، خۆزگە رۆژێ لەرۆژان دەمتوانی قەناعەتی پێ بێنم هەندێ قسەمان بۆ بکات..!

فەرموون ئەو هەردوو بلاّوکراوەی **"ئازادی"** و **"پڕشنگ"** بەوردی بیخوێننەوە، ئەو پێناسەیەش لەلایەن د. مارف خۆیەوە نووسراوە

**عەبدوڵلاّ زەنگەنە**

# آزادی

## د.مارف خەزنەدار

لەکاتی خۆیدا لەشاری سانت پترسبۆرگ، لەئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیە فۆندو ئەرشیفی باسیل نیکتینم بەسەرکردەوەو بەووردی پشکنیمەوە، گەلێ کەرەستەی گرنگم تێیدا دۆزیەوە، لەوانە برە شیعرێکی بلاونەکراوەی عەبدوڵڵا بەگی میسباح (ئەدەب) بوو، لەپاشانا لەساڵی ١٩٧٠ لەبەغدا ئەو شیعرانەم بلاوکردەوە. هەروەها یەکێ لەدەسکەوتە هەرە گرنگەکان کە لەریزی دوکومێنت دەژمێردرێ ژمارە پێنجەمی رۆژنامەی **"ئازادی"**ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

ئەوەی راستی بێ لەساڵی ١٩٩٥ ئارەزووی ئەوەم هەبوو بەهۆی تێپەڕیوونی نیو سەدە بەسەر ئەو ژمارەیەی **"ئازادی"** شتێکی لەسەر بنووسم و بلاوی بکەمەوە، داخی گرانم ئەوسا بۆم نەدۆزرایەوە، بەلام لەو دواییەدا من لەشتێکی تر دەگەڕام کەچی ئەو رۆژنامەی عەودالی دۆزینەوەی بووم کەوتە بەردەستم، ئەم جارەیان هەناسەیێکی خۆشم هەلکێشا، بەتایبەتی کە زانیم مانگی تشرینی دووەم نزیکە، بۆ ئەوەی ببێ بەدیاری من بۆ خوێنەری خۆشەویست بەهۆی تێپەڕیوونی (٥٤) ساڵی تەواو بەسەر دەرچوونی ژمارەکەی **"ئازادی"** لە تشریی دووەمی ١٩٩٩ دا.

**ئازادی:** نیشتمانێکی سەربەست و میللەتێکی بەختیار

١- ووتاری سەرەکی... کوردو سورەی ئۆکتۆبەر...
نووسینی: ئازاد

٢- کوردو حوکوومەتی عیراق... نووسینی: جووتیار

٣- میللەتی کورد پێ خۆشحاڵە لەمەوقیفی حیزبی شیووعی عیراقی بەرامبەر مەسئەلەی کورد...
نووسینی: پۆلا

٤- بۆ ئاگاداری میللەتی کورد... نووسینی: بێ کەس

٥- سەورەی ئۆکتۆبەر و مەسئەلەی قەومیمان...
نووسینی: ج

٦- لەهەر لایێکەوە

- سلێمانییە... نووسینی: ع.هێمن
- هاتنی پێشەوا شێخ مەحموود بۆ سلێمانی...
- پێنجوین -قەرەداغ-چوارتا-هەولێر-هەڵەبجە-خورماڵ...

٧- ئێران و سەر حدوود... نووسینی: رەنجبەر

٨- نامەی حیزبی شیووعی عیراق.

تشرين ثاني ١٩٤٥ زماره ٥ نرخي ١٥ فلس

نیشانەیکی سەربەست وملەتیکی بەختیار

بژي تیکوشینی ملەتان له ریگای سربەستي

# آزادي

بژي ثورەي اکتوبر هەر دەمیـــک

## کورد وثورەی اکـــتوبر

— آزادي —

وا له ولاتي يیکەتی سوفیـات و لەهەمو دنیادا بەدلیکی خوش یادي ئەو روژه دەکریتەوه و تقدیسي نەکري ، ئەو روژه که لابەرەي ظلمو غدر له ولاتی روسیا آوا کرا و دەوریکي تازه دەستي بي کرد بو ملەتەکانی یيکەتی سوفیاتي ، ئەو روژه کەاستیرەي راستی و سربستي له ولاتي یيکەتي سـوفیات گەش بووه و روناکي له گشت دنیا بلاو بووه باش رابردني بیستو هشت سال له سەر شورشي اکتوبر که لەم مدەیەدا ملەتاني یيکەتي سوفیاتي و هەمو ملەتاني دنیا چند شاقاویکي گەوره پیش کەوتون له وەرگرتنەوەي حقوق ژینو آزادي و لەینگەیشتني معناي سربستی ، ملەتی کوردیش بە دلیکي پر له خوشي و امل یادي ام روژه دەکاتەوه چونکه ازاني ئەم روژه روژي شکاندني زنجیري ژیر دەسـتي ودیلي يە و روژي ورگەراني تختي ظلمو استبدادي قیصرو جماعتە کەیتی .

ملەتي کورد که لەناخوشتیرین وتاریکتیرین روژي خوي رانەبري و لەژیرا چنگي دوژمناني وکو استعمار وکونه پرستي هەر جوره استبداديك دەبیني ، معناي شورشي اکتوبر تي ئەگا و تقدیسي ئەکا ثورەي اکـتوبر ثوره ملەتیك لەملەتاني یيکەتي سوفیاتی و یا ثورەي يیك لەطبقەکاني ملەتی سوفیاتی نەبو بەلـکو ثورەي ١٨٠ ملیون نفوس بو که لەژیر قیادەتي حزبي کریکار و حزبي شیوعي خوي تنظیم کرد و برابر ئەو ظالمـانەي که بە هیزي قەمچي تسخیریان کردبو هەلساو لەسر حوکمي لابردن ، ثورەي کریکاران بو چونکه کریکاراني یيکەتي سوفیاتي لەژیر سرداري کومەلي شیوعي تیان کرا نظامي قیصري بروخینن و بەخویان بچنە سەر حکم ، ثورەي فلاحەکان بو چونکه فلاحەکاني یيکەتي سوفیاتي لەسایەي ئەو فدا کاریەي که لەگەل برا کریکارەکانیان بەجان گەیان‌ [illegible] ظالمي [illegible] گەوره کانو حوکمي قیصري نەجاتیان بو وایستا لەدونیاییکی تازه بەخوشي و د[illegible]

# کورد و حکومەتي عراق

— جوتیار —

لە سایەي یێکیێي مللەتاني دیمقراطي کە برابر لشکري فاشیستي راوەستان و لە سایەي أو رشیدي و آزایەتي‌یە کە لشکري سور و مللەتانی یێکەتي سوفیات نشان دا باشن حوین ژراندنوفدا کاریەکي زور هیزي فاشستیان لە دنیا دا کز کرد و تەنگیان بی هەل چني ام مللەتانەي لم چند سالە دا بە . هەمو هیزي خویان یارمەتی یان دا بو لابردنی خطري فاشزمي لە دنیادا وایان ازانی ایتر ئەکەوینە خوشیەوە بەلام بومان دەرکەوت هتایەت استعمار زیاتر تەشەنە ئەسیني لەناو عراقا و بە هیزتر ئە بیت و خصوصاً برابر ایەکە دە بوي بنچینەي هوزي کوردي هەژار لە رەگو ریشە دەر بهیني بەم‌جورە حکومتي عراقي تەفرە دا و بیانوی بە بارزان گرت و دەر بەدەري کرد و هەزاران آفرتی بە منالەوە ساك هەل دري و واي بلاو کردەیە کە جولانەوەي بارزان حرکە یەکی جەردەیي‌یە و پیاو کوشتنە وگەلي دعایەي جراپتري خستە شوین بو ئەوەي اوساطي کوردستان واوساطي کونە پەرستەکان بکا بە دوژمني ئەم جولانەوەیە ، ایستا کە وا بارزانیەکان دەربەدەر ومال ویران‌بون . حکومتي عراق ئەیەویت آنوریەکان امکان بی بکات لە ناوچەي بارزانیەکانا هتا گەلي یارمەتی آنوریەکان ئەدات بو ئەوەي کە بچن لەو ناوچەیەدا نیشن و بیکەن بە نیشتمانی خویان ، ئەمە نمونەیەکە لە تطبیق کردنی اسالیبي فاشستي لە عراق ، سەرراي ئەمەش حکومتی عراق بە هوي آلەتە دەستیە استعماریەکانیەوە کە سعید قزاز و ئەمثالي بون ، دەستي کرد بە تطبیق کردنی اسالیبي فاشستي لەناو کوردستانی عراقا ، بە ناحق هەمو ضابطە کوردەکانی گرتوە وفریداوتنە بندي خانە وە و گەلي لە عسکرە هەژارەکانی گرتوە وحکمیکی واي داون بەسەرا کە هتاژیانیان ماوە ئەژین ، ئەورەي ئەو مللەتانە بو کە لەژیر باي استعماري قیصري آیان نا لاند و لە حقوقي نیشتماني خویان بي‌بەش کرابون جونکە باش ئەوەي حزبی شیوعی جوە سەر حکم دەوریکي تازە لە تأریخي وان مللەتان دەستي پی کرد وباش ئەو سالانەي کە لە تاریکي ذەلیلي و ژیر دەستي رایان بوارد دوبارە ژیانەوە و ثقافەتو زبانو حقوقیان زندو بووە و ایستا هەر یێکە قسمیکي سەر بەخو لە یێکەتی سوفیاتی تشکیل دەکەن و هیچ فرقو جداي قومي وعنصري وادیني لەناویان نە ماوە ملا تی ایمەش کە تاایستا بە سالان لە تاریکي شەوي ظلمو غدر دامایە تالبو تاخرشي ژیردەستي و برسیتي دیود و دوژمنەکانی هەولیان‌داوە بو دورخستنەوەي ئە و مللەتە لەم روحە کە ثوردنی اکتوبر پیداي کردوە تا کو روحي نیشتمان پەروري لەناو هە لبگرن و لناوي ببەن بەلام ئەم مللەتە باوري بەخوي هیە کەهیچ ناسري و هەر بەم عزمو ایمانە وا دەرس لە شورشي اکتوبر وەر ئەگري و بو حقوقي وطني خوي هەول ئەدا وپیش ئەکەوي .

## ﴿ مللەتي كورد بي خوشحاله لەموقفي حزبي شيوعي عراق برامبەر مسئلەي كورد ﴾

— پولا —

ئەو بيان نامانەي كە بە كوردي و بە عربي لە لايەن بەرەي شيوعي عراقەوە بلاو كرايەوە هەمو كوردەكاني آگادار كردەوە بوي دەر خستن كە بەرەي شيوعي عراق يەكە حزبەهەولي ئەواندني استعمار و كونە پەرستي ئەدات، كەلي كەس واي ئەزاني كە شيوعيە كوردەكان هەلماتي دەستي عربەكانن جونيان بويت بەو جورە بيلي پي ئەكەن، بەلام ام موقفەي ايستا كرتويانە رامبر جولانەوەي كورد و بە تايبەتي لە جولانەوەي ملا مصطفى اثباتي كرد كە حزبي شيوعي عراق حزبي كشت مللەتي عراقە جە كورد جە عرب و جون بو آسودەكي عرب هەول ئەدا هەر وها بو اسودەكي كورد هەول ئەدا و جون بو آسودەكي كورد هەول ئەدا هەر وها بو آسودەكي عرب هەول ئەدا .

بە بلاو كردنەوەي ام بيان نامانە راستي وتەكەي من دەر كەوت و بەلكەيەكي زور كەورە بو بو اثباتي وتەكەي من، حزبي شيوعي بەهوي ام بيان نامانە هەمو لاوبكي نيكەيشتوي كوردي وريا كردەوە و تي كەياند كە برا عربەكان بەراستي دلسوزن و لايەني كوردەكانيان بەراستي كرتوە و نايانەوي كەبشي كوردەكان بدري لەزەوي .

بي گومان جيني كونە پرستەكان ام جولانە وەيان زور زور پي ناخوشە جونكە نايانوي مللەتي كورد لە حقيقت آگادار بي بلكو دەيانوي هەروا لە زير زنجيري دبلي خويان بمينن .

برهان حامد جاف كاتي بيان نامەكەيان دا بەدەستي كيج كەوتە كەولي جونكە كاكي استعماريكاني آشكرا بو بە هوي بلاو كردنەوەي او بيان نامانەوە وەكو توفيق وهبي ومعروف جياووك ونوري باويل ( وامثالي وان كە اكرجي ناويان نە كوتراوە بلام لە لاي مللەت ناسراون ) ايتر برهان جاف هيجي پي نەما وتي كردەوەي شيوعيەكان زياتر قيني انكليزكان هەل ئەسيني .

توخواكەي انكليز مصلحتي جەني هەزارو داماوەكاني ويستوە !! بەلي مصلحتي جيني كەساس ورە شورروتەكاني هەميشە كردوە بە قورباني مصلحتي دولمەندەكان ئەمە قسەيەكي زور بەجيكەيە .

كوايە برهان حامد جاف و هاوريەكاني كومەلي ( هيوا ) جو لانەوەي شيخ محمودياڻ لە بير جوتەوە ونازانن جون دربەدەري كردو جولانەوەكەي كوژاندوە، بەم جورەش هەمو جولانەوەيەكي ييشوي كوردي كوژاندوتە .

بە بلاو كردنەوەي ئەم بيان نامانە جيني كريكارو و بياوي آغاو بكەكان وريا ئەبنەوە بو داوا كردني باقي ( حقوق ) خويان لەو زەروانەي كە خويتيان مزيون .

ديارە بەيان نامەيەك ئەمە بيت آمانجي، ايتر جون كونە پرستەكان ئەم بيان نامانە يان لا بەنرخ ئەبيت !

وەهيج گوماني تيـــا نيە كە ئەم جولانەوەيە شـــيان پي ناخوشە و هەميشە ئەيانەويت كە بەربەستي جولانەوەي شيوعي بكەن لە هەمو زەمان و زەمينيكا .

بەلام تأثيري ئەم بيان نامانە هيجكار زوربو لە ناو كومەلە نيشتمان پەرورەكانا تە نيشتمان پەروەرانەي كە دوژمني استعمار و كونەپەرستين، وزوريان پي خوشبو كە بەرەي شيوعي هەنكاويكي كەورەي ناوە بويشەوە ئەم هەنكاوە اثباتي كرد كە بەرەي شيوعي عراق بەراستي ئەيويت خزمەتي كورد بكات .

موقفي بەرەي شيوعي عراق بەتەنها تأثيري نەكردە سەر كوردي عراق بەلام تأثيريشي كردە سەر كوردكانە ايرانيش و نيشتمان پەروەرەكاني ايرانيش لە موقفي هوزي عرب زور پي خوش حالن و بەتايبەتي لە موقفي بەرەي شيوعي عراق بەرامبەر بە جولانەوەي هوزي كورد ؟

---

لە ديليدا ژرين سەرەزاي ئەم هەمو جەورو جەفايەش كورد هەر واز لە حقوقي خوي ناهينيت و نابي بيهينيت و هەميشە لەني كوشينايە بو لە ناو بردني استعمار و كونە پەرستي و شوفيني وانتهازي ايتر بالك گرنگي هوزي كورد وتي بگەن كي آلتي استعمار و دەستي فاشستيە هەول بدەن تا كو هوزي كورد لە خطري وان دور بوبخەن و بەپشتيواني كومەلي شيوعي عراق بو نە هيشتني ئەم اساليبە فاشستيانە و هەولي داناني حكومتيكي لائق بو مصلحتي مللەت هەول بدات ؟

— جوتيار —

— جوتیـــــــار —

ئەفسوس کە جولانەوەي هوزي کورد لەلایەن دوزمنەکانیەوە بەجەشنیکی جەوت بلاوکراوەتەوە ، بەلام روز و حادثاتی عالمي دەري خست کە جولانەوەیەکی رزکاریە بوآزادي هوزي کوردی هەزارە لەزیر دەستي ( فاشستی ) واستعمار ودیلي ورەشو روتی وهەژاریە ، ودەرکەوت کە هوزي کورد نە بەحکمي فاشستي عراق وئەبە ایران و نەبە ترکیا رازي نیە وناتی ، وئەیەوي بە آزادي بژی لە نیشتماني خویا بەآسودەیی . وهەردەمیك بو پاراستن حقوقي خوي تی ئەکوشي . حکومتي عراق واي دائەنی جولانەوەي بارزان دەسیسەي روسە ، حاشا ئەمە هیچ اصلوا اساسي نیە جونکە هوزي کورد جاوي کراوەتەوە وئەیەوي خوي لەژیر جنکي دوزمنەکان دەربهینی کە تا ایستائەویان استعباد کردوە بی کومانە کە یەکەتی سوفیات تأییدي ئەم جولانەوەیە ئەکات جونکە جولانەوەیەکی رزکاریە ، ئەمە معناي ئەوەنیە کە دەسیسەي روس لەم جولانەوەیە داهیە ، ئەوەش بزانە کەروسیای سوفیات وحزبە جەبەکان لە هەمو جیکەیەك هەمو جولانەوەیەکی رزکاري تأیید ئەکەن لەهەر شوینیکا روبدات وئەکەرلە توانایانا بیت بە هەمو هیزیکیانەوە یارمەتی ئەم جورە جولانەوەیە ئەدەن ، لەمیژەوە حکومتە فاشیستیکاني شرقي اوسط وەکو عراق وایران وترکیا خریکی لەنابردني هوزي کورد و حقوقي مشروعەی کوردن . بە بیجە وانەی آبی دیموکراتي بەرامبە ربە کورد ئەجولینەوە ، ئەو حقوقانەي کە هاوبە یمانەکان بەتایبەتي بو هوزە هەزار وبجوکەکانیان داناوە جاوی لی ئەپوشن ، ئەم پیاو کوز وکوناهکارانە لەسەر آبی کون فاشستی ئەجولینەوە .

لەبەر ئەمە حزبی شیوعي عراق تأییدي ، نەك بارزان کەحرەکەییکی رزکاری قومیە بەلکو هەر حرەکەیەکی رزکاری بو هوزی کورد ئەکات لە هەر جیکەیەکدا روبدات ایتر هەربژی راستبەر وەری وئەزی فاشستي ؟

## بو آگاداري مللەتی کورد

— بی کەس —

حکومتی عراق بە هیزی عسکر و لشکری عشائرە کوردەکان پیی کرا کە جولانەوەی ملا مصطفی داکز بکا و لە سەر زەمیني ولاتی خوی دەری بکا باش ئەوەي گوندەکانی بردومان کرد وسوتاندي . بلام لەگەل ئەمەش پیی نەکرا نە ملا مصطفی بەخوی و نە یەك لە جماعتەکەی بگري .

لیرانە با بپرسین حکومتی عراق بوچ وا جولانەوەي بارزانیەکانی دا مزاند ؟ حزبي شیوعي عراق بیاني کرد کە سببی چەبو حکومت وا تعداي کردە سەر بارزانیەکان !! وموقفي خوي برامبەر ام جولانەوەیە نیشان دا و لەو بیانەي کە دەربارەي بارزان بلاوي کردەوە بیشاني دا کە ئەو کردەوەي حکومت ئەتفرە داني انگلیزەکان بو . ئەوجا با بزانین انگلیزەکان بو تیکەلی ئەو مسئلەیە بون و یاریدەي حکومتیان دا و گەلی فروکە و اوتومبیل و توپو رشاشیان دابي کە ضدي بارزان استعمالی بکا .

دواي حربي عمومي پیشو استعماري انکلیزي گەلیك لە آغایە کوردەکان و تیگە یشتوەکەني خستە ناودەست خوي وەکو جگ گەمەي پي دەکردن ( مثلا حزبي هیوا ئمرەییکي سیاسەتي انکلیزەکان بو لە ناو گەنجي کورد ) تاکو ئەو کسانە لە ناو مللەتي کورد مرکزیك بو خویان وەربگرن ئەوجا بەناوي کورد لەلاي انکلیزەکان داواي مساعدە بکەن بو ( استقلالی ) ولاتەکەیان . بەلام گەلیك لە مخلصەکاني مللەتي کورد لەم مکري استعمارە آگادار بون و پشتیان تي کرد بەلام لەم کاتە نەیان دەزاني روو لە کام لا بکەن و دوستیکي

بەراستی بۆ میللەتەکەیان بەدوژنەوە ئەمریکا ئیستیعمارێکی لە ئینگلیز خراپترە ، ئالمانیا و ئەوروپا تێک چون دەروا ، یەکێتی سۆڤیات هەر ناو هێنانی بەسە بۆ ترساندنیان . بەلام پاش داماێکی زۆر و تەجرەبە کردنی چوار ساڵ هەوڵیان هاتە سەر چونکە دیتیان کە یەکێتی سۆڤیات کوردستانی ئێرانی داگیر کرد و زانیان یەکەم پشتیوانی میللەتە ضعیفەکانە و خصوصاً بۆ میللەتی کورد ، یەکێتی سۆڤیات ئەو میللەتەی لە دەست فاشیستی رضا شاه و جەندرمەکانی ئووتار کرد و یارمەتی دان کە ژیانێکی دیمقراطی بۆ خۆیان دابنێن و خۆیان تنظیم بکەن . بەو جۆرە دلیان کە یەکێتی سۆڤیات برامبەر میللەتی کورد بۆ هەموان دەرکەوت ، میللەتی کورد ئیتر دەستی لە ئینگلیز شۆشت جگە لە چەند کەسێکی کە لە مێژەوە خۆیان پێشکەشی خدمتکاری ئینگلیزەکان کرد بو .

ئیتر جولانەوەی ملا مصطفی هەلکەوتێکی باش بو بۆ ئازیەت دانی کوردەکان و ئامەزەکانی ئیستیعماری ئینگلیزی . اگر وا نەبێ بۆچ ضابط و سربازە کوردەکان دخەنە بندی خانە و موظفەکانی کورد لە شیمال دور دەخەنەوە ، محکمەی عرفی لە شارەکانی کوردستان دائەنێن لەگەل ئەمە کە حرکەی ملا مصطفی لە منطقەیێکی کچکە تجاوزی نەکردوە بەلام حکومە بەم بیانوە ئەیەوی کە ئەو بیرەی پیشوو کرتمان لەلای میللەتی کورد بکوژێنێتەوە . ئیستیعمار خۆ بۆ نوکەرەکانی تنها بەوەند وازنامەبێنن بەلکو پاش ئەوە کە بارزانییەکانیان دەربەدر کران سیاسیاسەتێکی فاشستی لە کوردستانی عراق بەکار دەبەن و بۆ پەیدا کردنی ناکوکی لە ناو کورد و عرب هەول ئەدەن بە بیانوی ئەو جولانەوەیە ، بۆ ئەوەی کە ئەو دو میللەتە لە ناو خۆیان تێک بەربن و آگایان لەم بیری ناکو بە هەوەسی خۆی خوێنی و لاتەکەمان بمژی لەگەل ئەمەش نازانین آیا بۆچ دەولەتێکی وەکو امیرکا وا تأییدی سیاسەتی ئینگلیزەکان دەکا ؟ وەکو زانیما بالیوزخانەی امریکاش اتصالی لەگەل عشیرەکان کرد یەک یەک و تێی گەیاندن کە دەست لە یارمەتی ملا مصطفی بکێشنەوە بەلکو خۆیان آمادە بکەن بۆ لێدانی .

بالە حکومەتی عراق و ئیستیعماری ئینگلیزی بپرسین بۆچ بۆ لێدانی بارزانیەکان وا آزابون و بەم لشکرە گەورەیە و بەم هەمو توپ و تیارەو رشاشە چونە سەر بارزان بۆچ شتێکی والە گەل صهیونیەکانی فلسطین ناکەن کە دەیانوی ولاتی فلسطین لە عربەکان داگیر بکەن کە ١٣٠٠ ساڵ زورترە ولاتی ئەوانە ؟ آزانین ئیستیعماری ئینگلیزی نایەوی دلی سەرمایەداری صهیونی بشکێنی چونکە ئەوان پیاوی ئەون ، تنها بە گلەیی کردن و کف لێ کردن وازیان لێ دەنێ جریدەکانی عربی بەقسەی بێ فائدە پردەکەنەوە کە بەترخی کاغدەکە ناتێ . والە پێدیمانە کە چون صهیونی وا دەنێ صهیونیەکان ئورەیێکی عمومی دەکەن لە فلسطین ئەو وەختە بزانین جامعەی عربی کە بۆ مصلحەتی مامە ئینگلیز دامزراوە چیە دەکا و ئەو کاتە حکومەتە بەستە زمانەکەی خومان دەبینین کە بە صهیونیەکان دەویری یاخوی هندە ماندی ناکا و تنها بە خطبە و نوسراوە و سەفەر کردن لە شارێک بۆ شارێک ( بەخوا هەر ئەوندەی لێ اومید ئەکری ) اکتفا دەکا ئێمەشمان لێرەدا باسی مسئلەی فلسطین نیە بەلام ئەوەش مثالێکە بۆ کردەوەی ئیستیعمار و بەزەدەکانی بۆ ئەوەی هەر کوردێک بەچاکی ئیستیعمار و دوژمنەکانی خۆی بناسی .

کەوابی موقفی میللەتی کورد برامبەر دەربەگی کورد ئەبێ چون بێ ؟ لای هەر کوردێک آشکرا بو کە لە ژێر سێبەری نظامی دەرەبەگی وە بەدەستی دەرەبەگەکان استقلالی کورد پێک نایێ و هەر جولانەوەیێکی بەهومیدی وان بێ بێهودەیە و فشل ئەبێتەوە هەر والەو مسئلەی بارزانە دیمان کە ئەو دەرەبەگانەی لشکریان کرد بۆ سەر ملا مصطفی خدمەتێکی لەعسکر باشتریان کرد ( لەسەر قسەی ئەو عسکرانە کە لە بارزان شریان کردوە ) .

شیخ رقیب بە ( ٩٠٠ ) نفرەوە هاتە سەریان شیخ رشید هەروا و آغایەکانی زیبش وەکو اسعد آغا نوری باویل آغا وخدر حەشین صالح ماورانی کە لە عائلەی حیدریە ئەو عائلەیە کە گەل قرزداری ئیستیعماری ئینگلیزیە بەو ناوو ثروەتەی ایستا هەیانە هەروا قرزداری ( داود حیدری ) یە ، ئەو آغایانە بەخویان بونە فدای حکومەت و عشیرەتی خوشیان ناردە شەر ضدی بارزانیەکان بوچ ؟ چونکە حکومة ئەیانناسی کە عبدی بارەن گەلێک پارەی بەسەر داباراندن ایتر چون قەومو وجدانو پێتمانی خویان لەبن یا دائەنێن وا بزانم ئەوەندەبەسە بوئەوەی کە میللەتی کورد دەرەبەگی بناسی و پشتی پێ نەبەستی و بە تایبەتی ئەو قسەیە بە گەنجەکانی لێ کەیشتو و گەنجەکانی کومەلی « هیوا » ئەلێین کە « هیوایان » وا بو لە سایەی ئیستیعمار و دەرەبەگەکان استقلالی کورد وەر بگرن !! آی بابە لەو استقلالەی کە قورنانێک لە استقلال سەردارەکانی هندستان لەخوارترە باکولی میللەتی کورد و بەتایبەتی لێ کەیشتوەکان کە پێشرەوی میللەتی بکەن و لەگەل ایمە ( حزبی شیوعی ) لێ بکوشن ئەو حزبە کە مخلص ترین گەنجەکانی کورد و عرب کو دەکاتەوە ، با لەگەل حزبی شیوعی بین بە یەک بۆ لە ناو بردنی ئیستیعمار و کونە پرستی و دەرەبەگ خائنەکانی وەکو شیخ رقیب و امثالی

آزادي

---

زادي

ئەو ، ئەو حزبەکە بو سەربەستی و آزادی و بەهێزی ملەت هەول ئەدا ، بو ئەوەی ملەتی کورد حقوق خوی بە تەواوی بستێنی .

رەنگە شوفێنیەکان بیهان بلێن آخو ! ملەتی کورد پێی دەکری لەژێر سێبەری حکومەتێکی عراقی حقوق خوی وەربگری ؟ بەلێ ! بەو شرطە کە کورد و عرب پێکرا هەول بدەن بو دەرکردنی استعمار و دامەزراندنی حکومەتێکی دیمقراطی کەبەدەست ملەتەوە بێ ئەوجا ملەتی کورد پێی دەکری باوری بکا کە حقوق سربەستی و بەختیاری خوی وەر ئەگرێ وەکو ولاتەکانی ترکە لەژێر حکمی استبدادی دەرچوون وحکیان کەوتا دەستی ملەت وەکو یوغوسلافیای مارشال تیتو ویەکێتی سوڤیەتی . ایتر واجیباتی ایمە ئەوەیە .

١ — لەگەل برادەرەکان پێکراتی بکوشین بو لەناو بردنی استعمار و بو استقلالی عراق .

٢ — پێکراتی بکوشین بو سەندنەوەی حقوقی دیمقراطی وداەزراندنی حزب وکومەلە و سربەستی قسەو نوسین و نیشاندانی رأی بەسربەستی و دامەزراندنی نقابە ... هتد کە دستوری عراق بریاری لەسەر داوە .

٣ — تی بکوشین بو بەرزکردنی مستوای مادی ومعنوی لەناو پالە وجوتیار و کریکاری کورد .

٤ — تی بکوشین بو پەیداکردنی دوستیتیەک بەتین لەناو کومەلەکانی کورد لە ایران و تورکیا وعراق بو یەک کردنی هێزی هەمو سەرپەستەکان وراوەستانمان بەرامبەر استعمار و کونەپرستی وفاشستی محلی .

ئەوانەیە مطالبی ایستاکە حزبی شیوعی بوی هەول ئەدا و گەل ملەتی کورد یالک ئەکا بوئەوەی تأییدی بکەن و بێن بەپشتیوانی و لەگەلی هەول بدەن بو وەرگرتنی ئەو حقوقانە ایتر پیش کەون ؟

# ثورەی اکتوبر ومسئلەی قەومیان

ثورەی اکتوبر بەتەواوی مسئلەی قومی حل کرد لە روسیا و لە ولاتەکانی ترکە لەژێر حکم قیصر بون چونکە پاش ئەوەی اعترافی بە حقوقی ئەو ملەتانە کرد لە هەل سوراندنی ایشوکاری خویان و جیا بونەوەیان، ئەو ملەتانە بە تەواوی تیگەیشتن کە حزبی بولشفیک یگانە حزبەکە ئەوان لەژێر زنجیری دیلیەتی قورتار دەکا لە بەر ئەوه ملەتانە بە هەمو هێزی خویان تیکوشین بو ئەوەی انقلابی اکتوبر سەربکەوی و ایتر لە حقوقی خویان بەهرەمەند بن و بە سەربەستی و بختیاری بژین .

بی گومان مبدەئی تاسیق حتی هەر ملەتێک لەسەر بەختی میدەئیکی اساسیە لەلای هەر حزبێکی شیوعی . اوجا با لەسەر ئەو روناکی یە باسی مسئلەی قومی خومان بکەین ومعالجەی بکەین . لە عراق دو قومیتی گەورە هەیە کورد و عرب و هەردوکیان لەژێر دەستی استعمار و کونەپرستی کراون بە دیل و بە واسطەی ملەت فروشەکان . خائنەکانی کورد و عرب استعماری انکلیزی وا حیکای جوی قایم تر دەکا ، کە وایی وابی هە . دشمنان بەر وەریک لە عراق ئەوەیە پێکراتی بکوشن بو لابردنی ئەو خطرە کە ورەیە ( استعمار ) لەسەرشانی هەمو ملەتی عراق . ئەمەیە جوهری مسئلەی نیشتمانیمان لە و مرحلەیەدا و اسەو هیچ کوردێکی دلپاک و تیگەیشتو لەم نقطە اساسیە غافل نیە ، بەلام استعماری انکلیزی کە لە دامەزراندنی درو و دامەو هەر فریواندنی ملەتە ضعیفەکان زور آشنایە لەسەر ئەوەیکایە ئەروا کە لەمەوەلەوە کرتومەیی بو بەیدکردنی ناکوکی و دوبەرەکانی لەناو ملەتان ( فرق تسد ) و بو ئەو آمانجەی خوی هەول ئەدا بو ئیک جیا کردنەوەی کورد و عرب ، سنە و شیعە ، اسلام و جولەکە بو ئەوەی ، و ملەتانە لەناو خویان تیک بەربن و آو ظلم و غدرانەی ئەو لەفکر بکەن .

حزبی شیوعی عراق بو نیشاندانی حقیقەتی ئەجورە پروپاغندە استعماریانە هەردەمیک بە بلاوکردنەوەی جریدە و منشورو آگادار کردنەوەی ملەت بەرابەر استعمار راوەستاوە هەروا حزبی شیوعی لەسەر سعی و کوششی خوی دوام ئەکا بو ئەوەی بەتەواوی لەژێر جەنگی استعمار نەجاتمان ئەبی و حکومتێکی دیمقراطی دائەمەزری .

حزبی شیوعی عراق وەکو هەر حزبێکی شیوعی تر روی بەحقی جیا بونەوەی ملەتان هەیە بەلام هیچ حزبێکی شیوعی ام مبدئە بەمعنایکی جامد نازانی بەو معنایە کە لەهەر زمانیک و بو هەر جیگایک دەست بدا ستداین ئەلی دە هەر ملەتیک بوی هەیە لە سەر اساسی حوکی خوی زبی خوی تنظیم بکا بەلکو بوی هەیە کە جیا ببێتەوە بەلام ئەوە معنای وانیە کە هەر ملەتیک لە هەمو ظروفیک ئەو حقەی بو هەیە و ابی بوی بچیتە سەر وەمعنای وانیە کە جیابونەوە و حوکی ذاتی هەر دەمیک باشە بو هەر قومیک کە باشەکی بو بەشی زوری ملەت کو کەدەکا هەبو هزارکسان اگر تەرەکانی قفقاسیا کە ئەوانیش قومیکی لە مجلای نائب

كانی خويان كربونه‌ره و بريارپان دا كه يكه‌ربنه‌وه زبر حوكمي ملا و بەگەكانيان و بيره‌ره كونه‌كەي جاران له ناو خويان تطبيق بكەن ودواي جدا بونه‌وه بكەن كه‌به‌ماده‌ی حقی تقريري مصير ناو ده‌قه‌يان پي دراوه، آخو ئه‌م جدابونه‌وه ره‌به‌نێي بو كه‌له‌ی فقير و هەژاره‌كانی ملله‌تی ئه‌نه‌ر هيه؟ اشتراكی ديمقراطيه‌كان ( شيوعيه‌كانی ايستا ) پي‌يان ده‌كري وا ز له ملا و به‌گه‌كان يين كه‌سه‌رداري مللە‌تيان خسته ده‌ست خويان؟ آخو پي‌ويست نيه كه اشتراكی ديمقراطيه‌كان واز له مسئله نه‌هين و تأثير بكه‌نه سه‌ر فكري ملله‌ته‌كه هەر جونيك بی ( ستالين ماركسي ومسئله‌ي نيشتماني لاپەره ٢٠ ) كه واپی شرط نيه انفصالی هه‌رقه‌وميك له هه‌مو جيكاييك و هه‌ر كاتيك فائده‌ي بو ملله‌ت هه‌بی مثلا له كوردستانی عراق اگر هاتو ده‌ره‌به‌گو برجوازيه‌كانی و كو شيخ رشيد و شيخ رقيب و نوري باويل و توفيق وه‌بي ومعروف جياووك ... هنداقسه‌يان ييك كرد و به‌مغبري انگليزه‌كا يان كرت ايمه‌ش قومي كورد تمثيل ئه‌كه‌ين وده‌بي به‌خيرا خوتان استقلالی به‌ايمه‌ش بده‌ن و ئه‌و ملله‌ته هه‌ژاره له‌ظلم و غدر نجات بده‌ن و ئه‌و وه‌خته استعماري انگليزيش كوتی سه‌ر جاران ئه‌را من دلی ايوه ناشيكنم حكومه‌تيكتان بو دا ئه‌نيم ايوه‌ش پي‌ويسته جاكه‌ي من له بير نه‌كه‌ن .

وبه‌وجوره كوردستانی عراقيان جدا كردوه، آخو ليرانه كی استفاده ده‌كا ؟ و ئه‌م جوره حكومه‌ته فائده‌ي بو كی ئه‌بيت ؟ بی كومان جيی‌روتو رجاله‌كان ذليل تر ئه‌بن و نيشتمان په‌روه‌ره‌كان زيتر ئه‌كه‌ونه ناخوشي ، جونكه استعمار به واسطه‌ي أو ملله‌ت فروشانه جاكتر خوينی ملله‌ته‌كه ئه‌مزي و أوانيش پشتيوان به انكليز قايم ده‌بي وجاكتر نيشتمان په‌روه‌ره‌كان ئه‌زيه‌ت ئه‌ده‌ن و ملله‌ته‌كه استقلال ده‌كه‌ن و ئه‌ياندكه‌نه دلی خويان جونكه ئه‌و زناته اگر ناوي كورديش يين بو ئه‌وه‌يه كه ملله‌ته‌كه هه‌ر به‌خويان استقلال بكه‌ن و جه شريكي تريان نابي ستالين ئه‌لی ( وا لاي هه‌موان آشكرا بو كه هه‌ول دانی برجوازي قومي بو ئه‌وه‌ يه كه ( شكلي تأسيسی خوي ) له اضطهادي قومی قورتار بكا به لكو بو ئه‌وه‌بی كه به‌سربستي قازاج له ملله‌ته‌كه‌بكا و سرمايه و امتيازاتي خوي بيارېزي » ( ستالين ثوره‌ي اكتوبر لاپه‌ره ١٥ )

هه‌روا بومان ده‌رئه‌كه‌وي كه جدابونه‌وه‌ي كورد و عرب له عراق هه‌مو وه‌ختيك فائده‌ي ملله‌تي تيدا نيه و نابي ئه‌و شماره به شتيكي وا دانين كه بو هه‌ر ده‌ميك ده‌س ئه‌دا . لنين له « شيوعي بالی جه‌پ » ئه‌لی ئه‌و كسانه‌ي علاجيكي وا نيشان ئه‌ده‌ن كه له هه‌ر كاتيك و له‌هه‌مو جيكاييك تطبيق بكري يا خرفاون يا نه‌زانن‌كه‌بشتون »

يه‌كه‌م شاقاو له پيش ملله‌تی عراق له ناو بردني استعماره . حزبي شيوعي زور جاك ئه‌وه تی كه‌يشتوه له‌بهر ئه‌مه ته‌ئه‌كوشي بو برادراني كورد و عرب ، بو ئه‌وه هيزي هه‌ر دولا ييك بي و برامبه‌ر استعمار رابوه‌ستي جونكه بي لا جوني استعمار كه‌دوژمنی هه‌ره كه‌وره‌ي ملله‌ته، كورده‌كان پي‌يان نا كري حقوقي خويان وه‌ركرن . حزبی‌شيوعي عراق بو سربستي و به‌ختياري هه‌مو ملله‌تي عراق هه‌ول ئه‌دا و هه‌ر وه‌كو له به‌يماني نيشتماني خويا به ياني كردوه سعي بو پيش كه‌وتني ثقافي و كومه‌لی اقتصادي ملله‌تي كورد ئه‌كا و بو حربتي احزاب وكومه‌ل به‌ستن و سربستي رأی و بو زياندنه‌وه‌ی زمان و تأريخ وثقافي كورد هه‌ول ئه‌دا و تی‌ئه‌كوشي بو ييك كردني هيزي كورد و عرب بو لابردنی استعمار له‌عراق كه‌يه‌كه‌م مرحله‌يه بو سربستي ملله‌تي كورد جونكه هه‌روه‌ختيكی حكومه‌تيكی ديمقراطی مخلص له عراق دامه‌زرا ملله‌تی كورد پي‌ي ده‌كري كه سربست بي و له‌عراق جدا بينه‌وه به آره‌زوي خوی و دوستايه‌تيه‌كی برايانه له‌كه‌ل عربكان دانين ، حزب ئه‌زاني و پي وبسته هه‌ر كورديك تي‌بكا كه‌بی لاجونی خطري امبرياليزم ملله‌تی كورد سربست نابی ستالين ئه‌لی « ايستا لاي هه‌ر كه‌س زانرا ئاوه‌كو استعمار نه‌روخي و برجوازي قه‌ومه مظلومه‌كان وه‌رنه‌كيري وهه‌تا حكومه‌ بكه‌رنه ده‌ست كه‌لی ئير و هه‌زاری ملله‌ته‌كان سربستي ئه‌و قومانه هه‌ر به‌خياليش دانايي »

باش ئه‌وه‌ي زانيمان كه هه‌ر فرقو خدايي ييك له‌ميانی كورد و عرب ده‌بيته سببی ضعيف بونه‌وه ئه‌و هيزه كه برابه‌ر استعمار را ئه‌وه‌ستي.بومان ده‌ر ئه‌كه‌وي كه هه‌رجوره هه‌ول دانيك بو جدا كرد نه‌وه‌ی كورد و عرب خدمه‌تی استعماره . امرو ييك بارتی شيوعی له عراق كورد و عرب كر ئه‌كاته‌وه و قيادةتی جيی فلاح و كريكاران ده‌كا و هه‌ر فكريكی دامه‌زراندنی حزبيكی شيوعی كوردی و جدا كردنه‌وه‌ی شيوعيه كورده‌كان له شيوعيه عربكان هه‌ولدانه بو رووخاندنه‌وه‌ی حركه‌ی فلاح وكريكاران و تيك دانی حركه‌ی وطنی ستالين ئه‌لی « باش تجربه بومان ده‌ركه‌وت كه دابه‌ش كردنی تنظيمی بروليتاريا له‌ده‌وله‌تيك به‌كوره‌ی قوميه‌ت ده‌بيته سببی تيك دانی ييكيتی طبقی له‌بهر ئه‌وه‌ی پي‌ويسته بروليتاريای هه‌مو قومكانی ئه‌و ده‌وله‌ته له‌ييك منظمه خويان كو بكه‌نه‌وه . له كومه‌ليكی بروليتاري كشتي كه قابلی دابه‌ش كردن نه‌بی » ( ستالين ماركسي ومسئله نيشتمان لاپه‌ره ٦٦ ) ايتر شيوعيكان به‌وجوره مسئله‌ي نيشتمانی حل ده‌كه‌ن وحزبی‌شيوعی عراق كه‌ ئه‌سه‌ر روناكی ئه‌و نظريه‌ی (ماركسو لنينين) كه باش‌هه‌ر تجربه‌ييك زياتر بومان ده‌رئه‌كه

آزادي    ـ ٨ ـ

# لەهەرلایێکەوە

## سلیمانیە ..

مدیری پولیس پارە ئەدا بە پولیسەکان قاچاخ دیق بیود بکەن، لەم بەینەدا پارەی دابو بە جلالی قادر آغا و شخصیکی پولیسی تر بەلام مالە قاچاخەکەیان لی گیرا و نان براو بون .

انوری حەمە سوز کە خوی لە دائرەی شرطە مسئولە رشوەت لە اهالی و لە پولیسەکان وەر دەگری و پارەی قائمەی پولیسەکان ئەخوات .

خستەخانە : ئەو نەخوشە هەزارانەی ئەچنە خستخانە پارە نەدەن تداوی ناکرین جنابی دکتور عزت ( ٢٠ ) دیناری لە کابرایەکی جوتەخی ورگرت کە برینەکەی چا بکاتەوە لەگەل ئەمەشدا تا چا نەبوە ، هەروا ( ٢٠ ) دیناری لە کابرەیەکی بیستان سوری و ( ١٠ ) دیناری لە وستا مجیدی دلاك ورگرتوە و ( ٢٠ ) دیناری لە منالیکی شەدەلەبی ورگرتوە لەم بەینەدا دکتوری ناوبراو جنازەی پیاویکی قازانی کشف کرد و ( ٤ ) دیناری لە خاوەن میت ساند ، و مصطفی ماوەرانی پەیمانی دا دکتورکە ( ٦ ) دیناری بداتی لە پاشان پیی هەلەسورا دکتور دوبارە برینەکەی بەرمان هەلوەشاند لەلایکی تریش محاسبی خستخانە لەگەل قونتراتجی ریك کەوتون و بەشی نەخوشەکان دەخون روزی کوایەبیك وەیندی آری کرم ئەدەنە نەخوشەکان ایتر سیاسی نوری فتوحی ئەکرین اگر دەردی برسیتی لە سر ئەو نەخوشانە لا بیا انجا هەولی چاك بونەوەیان بدەن .

تەقینی بومبا : لەم بەینەدا بومبایێك لە نادی عسکری تەقی ئەمەش بلگەیەکە مللەت لە حکومتی عراق و حکمەکەی بیزارە .

— ع . هیمن —

# هاتنی پیشەوا شیخ محمود بو سلیمانی

لە روزی هاتنی وصی دا بو سلیمانی پیشەوا شیخ محمودی لەگەل خوی هینابو . بوچی هینابوی ؟ بو ئەوە هینابوی لەلایەکەوە حسی کوردەکان ناق بکاتەوە و درجەی خوشەویستی مللەت بەرامبەر بە شیخ محمود بزانی چەندە ؟ دوەم بو ئەوەی وا بو شیخ محمود دەربخات کە حکومتی عراق و دەستی استعمار شیخ محمودیان خوش ئەویت .

بەلام خوشەویستی پیشەوا شیخ محمود لە دل کوردا زورە و کەونایی نایەت .مللەت دلی قوراب ئەدات بو حالتی ایستای پیشەوا شیخ محمود بەدەست استعمارەوە چی بەسەرنە هینا ؟ هەزاران حرەکانی نەکرد استعمار بەیدەستی کرد و بەدبلی کرت ؟ هەزان دەردی نەچیشت ؟ هەزار غریبی نەدی ؟ ئەمە نە مللەت و نە پیشەوا لە بیریان ناچیتەوە لە بەر ئەوە دوای ئرتوموبیلەکەی کەوتن و دەستیان کرد بە گریان و هاوار کردن بە دلیکی پرلەجوشەوە .

دیەم چە مللەت و چە شیخ محمود بەیەکەوە نیتو حیلە بازی وصی و پیاوانی فاشستی عراق هەل ناخەلەتین چونکە ئەزانن کە ئەمانە هومو وەکو حرباوان هەمیشە ئەگورین .

ئەی پیشەوا وریابە لە دسانەی استعمار بە قسە و وعدی درو و دەلەسە هەل مەخەلەتی پشتوان بە هیزی مللەت هەمو لەگەلت توین بو پیشەوە .

* حزبی ( هیوا ) ی کونە پەرست لە بەلابو کەوتون کەمی بروایان پی ناکات ، ایستا ئەندامەکانی خریکی ئەوەن بەرەو تقدم بررن ئەگرچی کەلیکشیان مصالحی شخصی کوای کردون و خریکی دەست خەرو کردنی خاقن ، بەلام کەسیان بو دەستخەرو نایی .

* تا ئەم نزیکانەش جمعیتی حمایة الاطفال دەرگاکەی داخرابو بەلام لەم بەرە جەژنانەوا بە پارە کو کردنەوە دەرگاکیان کردیتەوە

وی کە نظریەکی راستەی هەر مسئلەیێك حل دەکا و حزبی شیوعی ئەزانی و حزبی شیوعی کوردی چیدا لە حزبی شیوعی عراق لاچونە امر مبادی و ریکی نیشتمان پەروەری ، حزبی شیوعی تی ئەکوشی و مللەتی عراق بانك ئەکا بو دامەزراندنی احزابی وەتنی کە هەموتە مەکانی عراق اشتراکی بکەن بو ئەوەی بتوانین حقوق خومان هەول بدین و بەآماجی خومان بکەین و مسئلەی قومی و هەردو دزوایەکی ولاتەکەمان حل بکەین

— ج —

بلدیة : تابلی شجزەیە سەر جادەکان بەرمال متصرفو رئیس بلدیة نەبێت کەس بێزی نایەت پیا بڕوات . رئیس بلدیة لەبەرئەوە خەریکی زراعە هەر هەوڵ ئەدات میوە و سەوزە گران بێت بو ئەوەی قازانج بکات .

متصرف : تا ایستا کە خوي وا پیشان ئەدا وطن پەروەرە و بارزاني ئەویت ایستاکە کی ئەتواني ناوی بارزان بێنێت بەمەدا بوان دەرکەوت کە ئەمیش جلەوی بەدەست خوییەوە نیە و بەقسەی استعمار ەەس ئەسڕێ و دەنیش خو لەم جەژنەشا حەمە سەید قزازی هاو فکری هاتوە بەمیوانی ئەم جا بزانن قوربو جەر رئیس عشیرتێکی کوردی کە ئەکرێنەوە ئەمانە و امثالیان نوکری استعمارن . ئەو جیاوەکەی لە برسا مکی قوروی ئەهاتو حەسیریکي نەبو رایبخا امر و مالەکەی بە دەولوری ناکوێزرێتەوە . مللەت تاکی بڕوا بەهاشە و هوشەی ئەمانە بکا ، ئەمانە نوکری استعمارن ، ئەمانە مللەت ئەکوژن بو مصالحی استعمار ، ئەمانە آگری ین کان .

پارەی، عمشیلەکەی گوێژە : ( ٧٠ ) دینارەی بو کوا کرابەوە بو قوتابیە فقیرکان کەچی نەیدایان بە قوتابیو نە هیچیش هەمو عزیزافندی دای بەسەڵەی توتن . آفەرین بو دلسوزي عزیز قامیش . خودوای مکتبەکەشی هەر وختێك ئەچیت لەمکتب نای بێنێ .

— بڕیندار —

# پنجوین

*مدیري ناحیەی پنجوین هانی مللەتەکە ئەدا بو ئەوەی قومار بکەن وفیری ببن .

عزەتی تەڵ : یێك لە نوکەرەکانی استعمارە رێی بوشونەدرو هاوڕیکانی خوش کرد بو ئەوە کە یاري بعقلی رئیس عشیرتکانمان بکەن تا ەەلی خەڵەتاندن بو کزجوني قوەي ایران ەەروا مسئولی أو کوشتاري کوردەي کە لە مریوان کراأوە .

# قرەداغ

* مفوض احمد صالح ئەکورەي اسا لیبی فاشستی ئەجولێتەوە لەم وەختەبو تفتیشي مالی یێك لە ملکان جو کە برا نەخوشەکەي أو کورە حالا خوێن رشایەوە .

* مدیر ناحیة ئەوەندە بی دەستو بستەزمانە هەر جی بڕیاري خوي تی ناکەوێ کوێخاو سەرمایەدارەکانی أو ناوەش ئەمە بە فرصت ئەزانن و دەستیان کردوە بە ظلم و غداري لە مللەت هەزار خر هیچکار سلي توتن هەمویاني کرشتوە مللە لە حکومة ورزە جونکە لەوی دائرەی شرطە هەر خلق ئەرو تێنەتەوە .

— آزاد —

# چوارتا

*شیخ سلام مأموري تموین دەغلی درجە ٣٦٢ي دابەش کرد بەسر اهالیکە دا بەناوی درجە یك تا ماوەی دزي بوجول نی بەلام استفادەشي لی نەکرد جونکە نقل کرا ایستا فضلەی کنم کە بودزي داي نابو ١٠٠ طنە نازانین حکومة بو سؤالی لی ناکا کە أم فضلەبەجیە

— شوان —

* لە هەمو لا یکەرە دواکەوتوە هەر حی کونالیکیان بو جوە ئەمجارە هەمو یان کوربوە لە بەر ئەوە رەضیان کردو تاوەو وەزیان نەکرتوە * پولیس لە دیهاتەکاندا هەر بەشەق لە کەل لادی یەکاندا ئەجولیتەوە . لە لایکی تریشەوە اقطاعیکان دەستیان کردوە بەملك داگیر کردن لە أهالی و دەستیان داوەتە بیاو کوشتن . ئەمە آمانجي ئەمانەیە .

# هەولیر

* ئەم شارە بویتە زندانێکی تاریك ظلمو غدري شرطە و موظفکانی حکومة ، محکمي عرفي وەکو [ محکمی استقلال ] ي کمالیەکان هەمو روز جند کەسیك لەکوردەکان داریتەبەندي خانە ، منتوجات کەنمي تخمین لە فلاحکان ئەسینی فلاحە هزارەکان یێك مانك لە دەرکەي قشلە ئەکەون و لەخانکانی هەولیر ئەخەون بی پارەو پول جاوە رێي پارەي دەغلی خویان دەکەن مالو مندالیان لە کوند انتظار دەکا کە باوکیان جلکیان بو بکری . بەو حالە حکومة پارەي فلاحکان ئەدانەوە .

*ضابط استخبارات انکلیز بەین بەین جندجاسوسیك بولاي ایران دەنیری رسول ناجي و طاهر سکو تیش هیشتا نەهاتونەتەوە

* بەکرتنی صالح بکی تەلاوە دلی کوردکان و دلی حزبي شیوعی زیتر لە حکومة بیزار بومتکري سودە کە دیتي شاري هەولیر وا لە قورنەي مملات دازراوە ئەویش ماکینەي کهرباي شکاند (٣) مانکە هەولیر بەکولانو جادە و جایخانە وە لە تاریکي ماوە ،

* جنابی وصي هاتە هەولیر وسریکی بردە لاي بارزان ووسامي رافدین بە خائنە کوردەکان بەخشي أوانیش بەخوبە و بارجە آسنەوە لە شقامەکاني هەولیر دەکران کەورەیي خویان نیشان أدا لەم وەختەکە أو عسکرانەي لە بارزان ئەکەرانەوە بە ایمازي ضابطە شوفینیکانی عرب هاواریان دەکرد «ذاعك راس البطیخە» * شیخ مصطفی نقشبندی بە ایمازي ضابط استخبارات خطیکی بو عبداللە ی کوری نوسي لە بەردەمي وصی تی خوێندەوە وکەلی تحقیري کوردي تیدابو ( کتکان لەمال نیە مشکان ترتینیە ) وصیش ( ٥٠ ) دیناري داي و بەیماني وظیفەشي پیدا بەلام ملا و فقیکان کەلی رقیان لە شیخ مصطفی بووە و ألیف بە ناوي دین جاسوسي بو انکلیز دەکا و بەریشي کورە ومندیل خلق هەلئەخە فریوینی و نان بو خوي پەیدا ئەکا و ناوی دین بیش دەکا ( حقیقة رابە ) :

آزادي

# هلبجە

حامد بك : أو ظلمو زورەي كە حامد بك لە جوتيـارو لادي يي هەژاري ئەكات بە بەرجاوي حكومة ديمقراطية كەمانەوە لامان وايە لەو ظلمو زورانە كەمتر نيە كە فاشستيكان ئەيان كرد . مثلاً لەم بەينەدا كە لسر حاصلات جوتياريكي قوربەسري فلاقە كردبو بەت بەيتەكي كرد بو تا ئەلين كابراي جوتيار لە مزدنايە .

( قسەي فلاحيكي شارەزوري لە چايخانكەى سمين لە ريگەي هابجە بو چەند فلاحيكي تري كردوە ).

فلاحكاني أو ناوە هەمو لە دادو بىدادان بەدەست حامد بگوە ، هەموي روناندوتەوە تەنانەت حامد بك تكبيري بو تجارە اقطاعيكان كردبو مضبطەيى بكەن وە بيدەن بە وصي كە نرخي توتنيان بو زيات بكات ( أمە هەمو مطالبيبيكي قومى حامد بك و امثاليتى لە اقطاعيكان، أمانە آمانجيان أوەبە ملت بروتيننەوە و هەرجي حركتيك أكەن هەمو بوغايەي شخصي خويانـە ، لە بەرأوەي نىيان گەيشتين هەزار هاوار بكەن لە مەودوا كەي دوايان ناكەويت .

ئەوين : عارفە سور كە فروشياري جكەرەيە لە هلبجە ر بەناو ئەبينين فروشياري شكرو چاو بەرماغە لە جياتي أوەي أو پاكەتانەي كە ئەيدريتى بيدا بە بائەكان ( چ.نكە بائەي جمليە ) كەچي عارفە سور چاكەكاني گل أداتەوە و بەقاچاخ ئەيفروشي و خرابـكان توزيع ئەكات لە كاتيكا كە گەلى كەس هەولو تەقەلا أدات بو ئەوەي بيكەن بە فروشيار كەجي دەستيان پيوە ئەنينو ئەلين جيگەى بتال نيە كەجي عارفە سور بائەى شەش رەنگ شتە آيە باشتر نەئەبو وەكو فروشياري چوارشتە سيانيان بدرايە بە سي هەژا ي تر ؟ ايمە نازانين أمەبدەينە پال كي آيا شريكى قائمقامە يان سوچي دائرەي ئەوينە حال لەم دوانە خالى نيە .

# خرمال

نازانين چون حكومة ئەويني هەزارەها جوتيار و لادي ي ئەخاتە ژير دەستى پياويكي وەكو مارفەوە كە نە رابوروي وە نە خو ينەواري وە نە وجداني ئەوەندە هەيە كە بوأم ايشە دەست بدات . أم مارفە كە مراقبى نانەوا كان بو لەسليماني ژنيكي بە پارەي برتيل هينا لە سليماني كە لە نانەوا كاني ئەسەند . لە خورماليش لادى ييەكي قور بەسر كە ديت بەشي خوي لە ئەوين وەر بگريت ، جاري لە پيشەوە بر لە جنيوى ئەكات بە چشنيك لادي يي مجبور ئەبي واز لە نيوەي استحقاقكەي خوي بيني . ئەلين كابرايك پنج كوبونو تذكرەي نفوسي خويو خيزاني أداتي كە بوي امضـا بـكات ، لە پاش ئەوەي كە لىي وەرئەكريت ئەليت توزيكي كە وەرەوە كەچي كابرە كە ئەچيتەوە سري نايداتى و پيي ئەليت نەم ديوە ، ، بام رەنـگە كابراي قوربەسر شەش حەوت جار هات بو خورمال و پارەي صرف كرد كەچي كەلـكي نەبو هەتا بەپارەيكي زور دايەوە . ئەمەيە . ئەويني خورمال ئەمەية كردەوەي موظفكاني ؟

# ایران و سەر حدود

حکومێ ایران لە ملا مصطفى بارزانى و سەربازەکانى لە ایران دا کەوتوتە ترسەوە ، بەلام شکر دەستى نای گاتى .

ملا مصطفى مذکرەییکى داوە بوهەمو پیاوانى سلکى دبلوماسى بیگانە لەعرقدا و خەتاى سوق کردنى لەشکرى عراق بوسر عشائرى بارزان ئەداتە پال انگلیز و ألیت بەفیتى انگلیز عراق أمەى کردوە ، بو ئەوەیە آژاوە بخاتە عراقوە و دوا کەویت ، أمە دەلیلە بو دسائسو فرو فیلى استعمار کە دو بەرەکى أخاتە بەینى کورد و عربوە .

( سرهەنگ افشار ) دواى أو هەمو کوشتار و کاول کردنەى کوردستانى ایران ، گەرایەوە طهران ، أم سرهەنگە فاشستیە گەلى کوستارى لە کوردى هەژارى مەریوانوهەورامانى ایران کرد و هەزاران آوایى دا بەر بومبا . ایتر چون کورد بەحکمى وا فاشستى رازى ئەبیت .


زوراب بگى أفراسیاو بلە کە کوا بە لە خانەدانەکانە وە لە عراق بەاشراف ناسراوە بى پەروا ئەچیتە خاکى ایرانەوە و بە آرەزوى خوت نامەردى أکات ، تەنانەت بارجیل بگى براى کابرا بەک هەزارى بە ناحق کوشت و ایستاش بى ترس ئەسوربتەوە ئەلین ئەم زوراب بگە لە کاتى شرى ایرانو رزاودا هیشە بیاوى بە ریوەبو بو لاى سرهەنگ افشار جاسوسیەتى ئەکرد بە سرزا کوردەکانیوە، حتى هەندى لە باش برانەوەى هەراش أو لى قەوماوانەى لەایرانەوە هاتن بەم دیوا روتى کردنوە ایمە نازانین حکومتى عراق چون ماوەى ئەم جشنە کەسانە ئەدات کە لسر حسابى ایران جاسوسى لە عراق بکەن . لە لایەکى تریشەوە أفراسیاو بگى باوکى ئەو روز هەولى ئەدات لەگەل انگلیزەکاندا بو ئەوەى ( حسن خانى زەراو ) کە بەناى هیناوە بەر عراقوا کوردیکى لى قەوماوە لە عدالتجەى دور بخاتەوە . امانەن اشرافو بەگەکانى ایمە .

— رنجبەر —

# نامەی حزبی شیوعی عراق

حزبی‌شیوعی‌عراق‌نامەییکي‌بوسروکي دولتي‌عراق و مجلس ملات و بو سروکي‌حکومتکانی بریطانیا، امیرکا، ییکەتی‌سوڤیات ، و بو سروکي دولتکاني عربی ،مصر،سوریا ،لبنان ناردوە لەو نامەیەدا گلەیی لە حکومتي عراق کردوە لە بابەت ئەو کردەوانەي کە لەگەل دستور و مبدئی دیمقراطي‌ییك نیە . وا لە خوارەوە بەشیکی‌نامەي ناو براو لە بابەت موقفي حکومة برامبر ملەتي کورد ئەکەین بە کوردي .

راوەستاني برامبر ملەتی کورد : حکومتي عراق گوي لە ملەتی کورد وەکو کەرر لي کردوە ، ناخوشي خوي نیشان ئەدا خوي تی نا گەیني داواي اصلاحات ئەکا گوي ناداتی ، وازي لی یان هیناوە برسیتي لە گوندە کانیان بلاو ئەبیتەوە ، حکومة ئەو ملـەتەي لحقوقي قانونی بي بەش کردوە [ هەروەکو عربکانی لي بی بەش کردوە ] ، هەول نادا بو ئەوەي وەکو خویان ئەیاوي تثقیفیـان بکا و ژیانی کومـەلي و اقتصادي یان بەرزتربکا و نایەوي مستواي ئەو ملەتە لە هیچ شتیك پیش بکەوي ، برامبر ئەو پروپاغندانەي کري گرتەکانی استعمار لە ناو کورد بلاوي ئەکەنەوە و ئەو فعالیەتەي کە ئەوان نیشاني ئەدەن‌حکومة چاوي‌خوي نووقاندوە و گوي خوي کەرر کردوە بەلـکو خوشي لە ئەوان زورتر فعالیة نیشان ئەدا و پروپاغندە ئەکا و روحي شوڤیني لە ناو عربکان هان ئەدا و بەتایبەتی لە اوردي و لە ناو پولیسەکان ، بەم جورە حکومة لەشکري عسکر و پولیس ئەنیریتە گژیان بە ناوی تأدیب کردني عشیرەتکان ، دواي ئەمە هەلي ئەسوریني و ئەیکاتە هیرشیکي تأدیبي بو گشتي ملەتی کورد و بەتـایبەتی ضدي ئەوان کەسانەي کە بو اصلاحاتی دیمقراطي تی ئەکوشن هەر وەها ئەبیتە سبي پیـاو کوشتنو خوین رژانیکي زور ،و محکمي عرفي دائەمەزریني و بەندیخانەکان پر ئەکا لە کوردەکان هەر وەکو ایستا وا لە منطقی کوردەکان ئەیکا . سلوکي حکومتی عراق خوي و هاوپەیمانەکەي حکومتی بریطانیا برامبر ملەتي کورد لەگەل هیچ‌مبدەئیکي حق و راست پەروەري و عدالت ییك نیە ، ومخالفە لەگەل حقوقي کوردەکان کە چار ییکی ملەتی عراق تشکیل دەکەن و حقي سربستي دیمقراطی و قانونیان هەیە و حقي سربستي شخصي وقەدر گرتنی مالو گوندو نیشتماني خویان هەیە ، و بویان هەیە کە تی‌بکوشن داواي هەلساندنەوەي ژینی اقتصادي و ثقافي و کومەلي و صحي خویان بکەن ، کەوابي هەولداني حکومة بو حکم کردني ئەو ملەتە بزورداري و ناخوشي و منع کردنیان لە داوا کردنی حقوقي خویان شتیکي باش نیـە بو ییکەتي نیشتماني ئەو ییکەتی‌یە کە ملـەتي عراق — کورد و عرب — ئەیانەوي و بەتواوي مخالفي ئەو پەیمانانەیە کە سروکی ملا تە حریة پەروەرەکان داویانە و مخـالفي ئەو آمانجیە کە ملەتکان خوینیان بو رژاند و خویان بو فدا کرد ؟


پڕشنگ

کۆڤارێکی ویژەیی زانستی کۆمەڵایەتیە لە لایەن
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا دەردەچێت

لەم ژمارەیەدا :


وتاری پڕشنگ — دەستەی نووسەران – ١
دیاریێک بۆ "پێشمەرگە ...." — ا . ف – ٣
شەوێک لە تۆپەکە ! — کاکەی ڕیبوار – ٥
بەستەی دڵداری – ١١
١٩١٩ لاپەڕەیەکی گەش لە تێکۆشانی کورد — ا م ع – ١٣
نێرگس فرۆش ! — م . خ – ١٦
زمانە ئینیدۆ – ئەورووپیەکان — ک . ف – ٢٠


ژمارە ـ ١ سالی ـ ١ حوزەیرانی ١٩٦٦

هەواڵنامەی کتێب

**ناوەوەی بەرگی پێشەوە خۆی سپی بووە**

**لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەدا:**

أ.ف = ئیحسان فوئاد

کاکەی ڕێبوار = کاوس قەفتان

أ.ع = ئەحمەد عوسمان

م.خ = مارف خەزنەدار

ك.ف = کەمال فوئاد

# پرشنگ

گۆڤارێکی وێژەیی زانستی کۆمەڵایەتییە لە لایەن
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا دەردەچێت

ژمارە - ١ سالی - ١ حوزەیرانی ١٩٦٦

## وتاری پرشنگ

لە کاتێکدا گەلی کوردمان لە هەموو مافێکی زانیاری و نەتەوایەتی بێ بەشە، سەرەرای ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەی داوای کەمترین مافی زانیاری و نەتەوایەتی خۆی ئەکات ماوەی پێنج ساڵە، لە بەشێکی ولاتەکەیا، لە کوردستانی عیراق، بەرەنگاری هێرشێکی دڕندانە ئەبێت کە ماڵ و دێهاتی تیا وێران ئەکرێن و ئافرەت و منداڵی ساوا و پیرو لاوی تیا ئەکوژرێن دەربەدەر ئەکرێن، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کە هەمیشە سەربازێکی دڵسۆز بووە لە پێناوی چاکەو سوودی گەل و نیشتمانی خۆشەویستمانا، خۆی بە بەختیار ئەزانێت کە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (پرشنگ) بخاتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز بە نیازی پڕکردنەوەی نەختێک لەو بۆشاییە گەورەیەی ئەمڕۆ لە جیهانی نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردیدا بەرچاو ئەکەوێت.

گۆڤاری (پرشنگ) لە کاتێکدا دەرئەچێت کە لە سەر تا سەری کوردستان ڕێگای دەرچوونی تاکە یەک ڕۆژنامە یا گۆڤار یا هەر جۆرە نووسراوێک بە زمانی کوردی بەربەست کراوە. نووسراوەی کوردی مەگەر تەنیا لەو بڵاوکراوانەدا بەرچاو بکەوێت کە جار و بار لە لایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دەرئەچن کە ئەوانیش بە زۆری هەر لەبارەی سیاسەتەوە ئەدوێن و تینوێتی گەلەکەمان لە ڕووی وێژەو زانستییەوە ناشکێنن، بۆیە کۆمەڵە دەرکردنی گۆڤارێکی وێژەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی وەکو گۆڤاری (پرشنگ) نەک تەنیا بە کەڵک و سوودمەند بەڵکو بە زۆر پێویست و بە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی خۆی ئەزانێت.

بێ گومان خوێنەرانی بەڕێز گەلێک کەم و کوڕی لەم ژمارەیەدا ئەبینن چ لە ڕووی ئەمووی چاپکردنەوە چ لە ڕووی کەمی وتارەکانەوە چ لە ڕووی هەڵەی زمان و نووسینەوە. هۆی ئەم هەڵەو کەم و کوڕیانەش ئەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم - چونکە کۆمەڵە ئۆرگانێکی چاپکردنی خێرای نییە، دووەم - سەرەرای گەلێک دووبارە کردنەوە بێجگە لە وتارەکانی

- ٢ -

ئەم ژمارەیە هیچ وتاریکی کەمان بی نەگەیشتووە ، سێیەم - وتارەکانمان چون بو هاتووە ، بی هیچ دەستکاریەك لە شیوەی نووسینی وشەکان و دارشتنی رستەکانیا کە بە لای ئیمەوە گەلیك هەڵەی تیدایە وا چاپمان کردوون ، چوارەم - بی دەرامەتی کومەڵە ، کە گەیشتوتە رادەیەکی ئەوتو ، نەك تەنیا دەرکردنی گوڤاریك بەلکو هەتا دەرکردنی بەیانیکمان بەلاوە ئەرکیکی زور گرانە . جا لەبەر ئەم هویانەو گەلیکی تر هیوامان وایە خوینەرە بەریزەکان ڕقد تانووتمان تی نەگرن و ئیمەش ئەو مافە ئەدەین بە خومان کە داوایان لی بکەین ئەوانیش لەگەڵمانا هەوڵ بدەن بو نەهیشتنی ئەم کەم و کوڕیانە ، بە نووسین و ناردنی وتارو چیروك و شیعر بومان و خوخەریك کردن، لەگەڵیانا تا لە رووی بەکارهینانی وشەکان و دارشتنی رستەکانەوە کەمتر هەڵەی زمان و نووسینی تیدا بیت و لەگەڵمانا هەوڵ بدەن بو زاڵ بوون بەسەر تەنگوچەڵەمەی کەم دراوی کومەڵەدا کە تا رادەیەکی زور جوانکردنی شیوەی چاپکراوەکانی کومەڵەی لە سەر وەستاوە .

هەرچونیك بیت وا ژمارەی یەکەمی گوڤارەکەمان ئەخەینە پیشچاو ، هیوامان وایە ئەوەندەی پی نەچی ژمارەی دووەمی لەدوا بیت لە بەرگیکی رەنگین ترو ناوەروکیکی رازاوەتر و دەوڵەمەندترا ، ئەوەش ئەوەندەی ئیمە لە سەر کوششی ئیوە وەستاوە . هیچ پیشی ناوی لە سەر گرنگی دەرچونی ئەم گوڤارەو پیویستی کە ئەم پیدانی بە تایبەتی لەم رو ژە رەشەدا کە گەلەکەمانی پیا تی ئەپەری زیاتر بنووسین چونکە ئەم گرنگی و پیویستیە لای هەموو کوردیکی هوشیارو دڵسوز روون و ئاشکرایە . ئیتر خوتان و شیرتان .

" دەستەی نووسەران "

حوزەیران / ١٩٦٦

# دیاری پێك بۆ "پێش مەرگە ..."

* بە هوی هەلگیرساندنی ئاگری شورشەکەی کوردستانی خوارروو ــ عیراق پاش هیرشە ئاوانبارەکەی دام ودەستگای فەرمانرەوانی عیراقی ئاوانبارەوە ...". (ا. ف).

دیسان بە دەستی زورداری بەهەشتی
سەرزەمینەکەم،
نیشتمانە شیرینەکەم! خاك وخولە
رەنگینەکەم!
لە ئاگرو خویناوایە میللەت شورە-
سوارەکەم
قولپ ئەدات خوینی رژاوی کوردە
دل برینداره‌کەم
بویە ئەمرو وەکو کوردی، وەکو مروڤی
ئینسانی...
وەك خاوەن هەستو شعووریك دەروونیکی
پاك، ویژدانی
وەکو ئەمانە بەگشتی، ئەمەوی پینووسی
دلم ...
شعوورە ئاگراوی یەکەی مروڤایەتی
بەکولم ...
بخەمە کار بەرامبەری قامچی زورداری
سەرکوردم
دلوپی بم لەو زەریا یەی پیشەنگی
نەتەوەی مەردم ...

-٤-

ها وریکا نم! هەرچەن ریگا خوینە و فرمیسکە و -

- ئەسرینە

هەرچەن ریبازی زوران بازی عەوری مەرگ و -

-گولی ژینە!...

هەرچەن دوژمن گەرای مەرگ جانەوەرانە -

- ئەچینی ...

چاوی سوورە! رقی تی زاوە کوردستان

ئەسووتینی ...

لە ئەك ئەمانەشا دلم بە ئیوە پر گروتینە

ئەم کوششەی ئیوە مایەی شانازی یە -

- نەك ئەسرینە ...

چونکە ئیوەن رولەی راستی ئەم خاك و خولە -

- زیرینە ...

ئەم شورشەی ئیوە بوکورد، داینە میتی -

- را چەنینە ...

بو سەهول بەندانی دیلیی هەتاوی گەرمی

هـاوینە!

سبـا ئاگری قینی پیروز! بەریی دوژمن

دا لەرزینە ..

پیشمەرگەکەی مەرگ بەزین، ئانکی دوژمن

هەلتەکینە ...

من گیانی خوم دایە دەستتو، توش ئازادیم

بـو بسینە ...

# شەقێك لەتۆپەكە !

قاچم لەجێ چوو بوو لەبەر بێ تاقەتی و بوكار بردنەسەر هەموو رۆژ لەبەیانی یەوە هەتا ئێوارەییكی درەنگ لەبەر پەنجەرەكەی ژوورەكەما پالم لێ ئەدایەوە،قاچم را ئەكێشـــا و ژاخاوی چاوم بەسەیركردنی ئەم مەردمە ئەدایەوە • پەنجەرەكە ئەیروانی یە بەر دەشـــتە فراوانەكەی گەڕەكەكەمان ، كە بوو بوو بە شوێنی یاری كردنی منالە ووردكە بە عەسران و كوڕوو ـ نەوەی كورگەلی گەڕەك پاش عەسر بەدواوە • هەموو سات وەك رۆژی حەشر وەها بوو،قیرە قیر و غەلبە غەلبی لێ نە ئەبرا ، منالە ووردكەی مەكتەب هەر ئەوەندەی خوێندنیان تەواو ئەكرد وەكو سەگ راوی تابن بەراكردن ئەگەیشتنەوە ماڵێ، هەر لەبەردەرگای ماڵەوە دەفتەر و كتێبیان فڕێ ئەداو لەگەڵیشیا كراسەكەیان لە پانتۆلی ریازەكانیانەوە دەر ئەهێنا ، كراس درێـژ ئەبوە خواری و تەبوەوە بەدزداشە ، ئەوانیش بەوە لە مەكتەبلی یەوە بە ساتێك ئەبوونەوە بە كوری گەڕەكی عەجوولی نەسرەوت ، دوا بەدواشیا فوتبول ئەهاتە دەری و یاری دەستی پێ ئەكرد لەگەڵیشیا قاو قیژ بەرز ئەبوەوە •

ئەو چەند رۆژە بەچاوی مشتەری سەیری هاتوچوكەرانم ئەكرد، هەتا لە منالانی گەڕەكیش لەگەڵ ئەوەشا كە زۆربەیانم لە تەمەنی شیرەخوری یەوە ئەناسی بەڵام كە ووردتر تیانم ئەروانی شتی تازەی سەیرم تیدا بەدی ئەكردن ، كە لەوەو پێش هەر بەبیرما نەئەهات ، وە یا بەرچاوم نەئەكەوت • رووداوی زۆر سەیر سەیرم ئەدی ، هەندێكیان ئەیانهێنامە پێكەنین هەندێكی تریشیان ئەوەندە تاڵ و ترش و بەكار بوون لەتەلی هەستی ئەدام و ئەیژەهاندم •

چەند جار ئافرەتم ئەدی عەباكەی بە ئاستەم بەپشتی سەری یەوە وەستاوە وەكو دەرزی ـ ێكی سەر خڕ پێوە داكوترابێت ، سنگی كراوەی رووتی بە هەردوو دەستی ئەكوتا و بەرەو دەرگی سەرا غڵ ئەبووەوە ، وا دیار بوو رووداوێكی ناخۆش لە كوڕێكی یان مێردی یا خوێەكێك لە كەس و كارە ـ كانی قەوما بوو ، رۆژ نەبوو وێنەییكی تر چەند جار دووبارە نەبێتەوە . ئافرەتێكی سەر تا پا لـە عەبا و پەچەدا داپۆشراو بەشەرمەوە لە منالە عاسی بووەكەی ئەخوری ، تا بە شوێنیدا بێت ، بەڵام منالی قیر سیچەی كەللە رەق ، وەك مێخ بێت لە زەوی ئەچەقی ، وە بە هیچ جۆرێك نەئەبزوا دایكەش لە تاوا چەپۆكێكی توندی لە تەپلی سەری ئەسرەوان و بە هەر پێنج پەنجەی چمولە ییكـی تیرو تەسەلی لە دەم و چاوی منالە ئەگرت ، ئەویش وەكو تەنیا تولەی قریشك و هور و زریكە بێت پـر بە دەم دەنگی لێ بەرز ئەكردەوە، دایكە چار ناچار ئارە زووی منالەكەی ئەهێنایە دی و ئەیگرتە باوەش خێرا خێراش چەمولەی لێ ئەناو بێ ووچانیش لەگەڵیا ئەیووت یەسكت مری! خوایە لێمـــی بسێنەوە ! هەر چی منلمیە ئەم چەمولانەی بەپشی پشی ئەهاتە بەرچاو و بە هیچ جۆرێك وورتەی لێوە نە ئەهات •

جاری وەهاش هەبوو باوكم ئەدی شاخی توورەیی لە سەری هاتبوە دەری، چاوی لە رقـا بریسك و هوری بوو وەك سەگی راو بێت كوڕەكەی نێچیر بێت بە بەردێكی دوو باتمانی یەوە كوڕەی

راو ئەنا، کورەی زرا و توقیپیشر تاچپکی ئەکرد بە هەزار و هاوارو قیژەی باوکیشی های سەگباب حەرام زادە راوەستەی بە لای گیدا ئە زویشت و هیندەی تر تینی راکردنی ئەدایی •

رووشی ئەدا پیاوێکی ریش‌ماش و برنجی ریك و پیکی ماقول وەك ئەسپی توری فی لی هاتوو بە هەر چوار لادا سەمای ئەکرد و بەردی فری ئەدا و جنیوی ئەدا، منالە ووردەکەی گەرەکیش بە هیری هیری شوینی ئەکەوتن و هیندەی تر کەللەیی یان ئەکرد •

ئەم وینانە هەستی پیکەنین و ئازاری بەیەکەوە لام ئە وورووژان بەلام هەموویان وەك هەوری بەهار چون بەگور دیت و وە هاژر بە خیرایی تی ئە پەری ئەوانە شەوە ها ئەهاتن و ئەرویشتن و یادیکی ئەوتیان لام بە جی نە ئە هیشت تەنیا یەك رووداو نە بیت کە وینەکەی هەتا هەتایی لە قوولترین شوینی دل و هەستم بە حەشاردراوی ئەمینیتەوە •

ئاوا منالیکی دە سالانە بوو، هەموو روژ ئە هات لە تە نیشت سووچی لای راستی پەنجە - رەکەمەوە چوار مە شقی لی ی پان ئەبوەوە، و سینی یە کونەییکی قوپاوی رەش داگەرا ویش لەبەر دەمیا دا ئەنا، کە هەر جارە جورە شیرینی ییکی لە سەر بوو، حەلوا و مەسکەت، شرووب یان لەبزینە، منالە ووردەکەی گەرەکیش هەر لە فوتبولین پشووییکیان بدایە وا ئە بارین بە سەریا و هەر ئەوەندەی چاو بتروکینی سینی‌یان پاکو ئەدا، منلەش خیرا ئەرویشت و بە کەفلە کونیك بە سینی ییکی تری پرەوە ئە هاتەوە و سە ر لە نوی پالی لی ئەدایەوە و وەکو جاران بە حەسرەتەوە ئەکەوتە سەیر کردنی منالانی فوتبولینکەر •

منالیکی لاوازی رەنگ زەرد بوو، لە تەوقی سەریەوە تا کەلەموستی پی ی چلك و کریژ هیندەی تر رەنگی پیستی بور کردبوو، بی خاووس دزداشەییکی لە بەر دابوو سەرەرای ئەوەی لە زور لاوە درابوو لەشی منالەکەی لیوە هاتبوە دەری رەنگیشی پی نەمابوو لە بەر چلکی نە ئەزانرا رەنگی چی یە بی گومان قەت شوشتیشی بە خویەوە نەدیبوو، لا رووەتی هەتا پەنا گوی بە چلمی وشك بووەوە سواغ درابوو چونکە هەر چەندە لووتی ئەهاتە خواری بە مەچەکی بە لای رووەتیا ئەیسری لەگەل ئەوەشا لە لووتیا هیندە چلم ئەمایەوە کە وەکو دوو موم پیدا شور ببنە خواری •

لە پاش‌نیوە روانەوە ئەهات هەتا ئیوارەییکی درەنگ وەك ئیشکچی بیت دائەنیشت هەتا دەنگ و زرەی فوتبول نەئەما منالە وردەکە ئەچوونەوە مالی ئەم نەئەبزوا •

لە سەیر کردنی منالەکان تیر نە ئەبەو چاوی لی ئەترووکانن • هەر چەند ئەو توپە لاستیکە زلە لە ناو قاچیانا ئە هات و ئە چوو یاخود زرەی ئەهات و بەرز ئەبوەوە بە ئاسمانا دلی ئەویش گرمەی لی ئە هات لەگەل توپەکەدا بە حەوا دا ئەچوو •

بە چاوی شوین توپە ئەکەوت لەگەل توپە بگرە لەگەل قاچی یاری کەران دا نەك هەر چاوی بەلکو هەموو هەست و لە شیشی ئە جوولا، بە خەیال دالخەی ئەچووە ناو یاری کەرەکانەوە

-٢-

بە هەستی لەگەڵیانا یەکی ئەگرت • بە سەر کەوتن یا گوڵ کردن. پێکەنینێکی سادەی گەرم دەم و چاوە چلکنە بۆرەکەی روون ئەبوەوە بە گوڵ لە دەست چوونیش گرژ ئەبوو ناوچەوانە ئەسکەکەی ئەهاتەوە یەك • جار و باریش توورەیی و ناڕەزایی کەللەی گەرم ئەکرد، لە تاوا دەستی لە دار و بەردی دەور و پشتی یا خود ئەژنوی خۆی ئەوەشاند • وە ها ئەچووە ژێر و بەرادەیێك خۆی لەبیر ئەچوەوە ئاگای لە سینی و شرووبی شیرین نەئەما میش و مەگەزیش وەکو باشترین هەلیان بۆ هەڵکەوتبێت تیان ئەدا و سینیەیان دا ئەپۆشی •

کامەرانی ژیان بە هەموو جۆرە رەنگێکیەوە لای ئەو هاتبوە سەر یەك شەق هەڵدان لەو تۆپە ئەنیا یەك شەق و هیچی تر، بەڵام منالانی لاساری دڵ رەق رێگایان نەئەدا و بە هیچ جۆرێك ئامادەیی یان پیشان نەئەدا لە سەری بکەن، قەت رووشی نەئەدا یەکێك لە یاری کەرەکان بکەوێت و قاچی بشکێ یان یەکێکیان نەخۆش بکەوێت و ژان بکات تا بە مەجبووری ئەم بخەنە جێگای • بە ئارەزوو و خۆشەویستی یێکی بێ شومارەوە سەیری تۆپەی ئەکرد، وەك دڵدارێکی ئازاری بیت بەڵام هەستی ئەوەی کە قەت بەو دڵدارە ناگات پەردەیێکی غەمباری ئەو دەم و چاوە ساویلکە منالانەی دا ئەپۆشی • هیچی بۆ نەئەمایەوە لەوە بەو لاوە کە خۆی مات بدات لە پشت گۆلەکەوە، هەتا ئەگەر ئەمە خوایە تۆپە دەرچوو و دوور کەوتەوە ئەم بچێت بۆیان بهێنێتەوە دوای ئەوەی شەقێکی تێ هەڵئەدا، وك پشیلە بۆ مشك خۆی مات دابێت وە ها خۆی مت ئەکرد بە چاوە روانی یەوە کەچی هەتا لەو کاتانەشدا، پێش ئەوەی ئەم تۆپە بگرێت ئەوان ئەگەیشتنە سەر تۆپە و ئەمیان بە ئاهێکی ساردەوە و نیازێکی نەهاتووەدی یەوە بەجێ ئەهێشت • خۆشیان کە وەکو بڕیارێکی نهێنی یان دابێت نەیەلن ئەو منالە قوڕ بەسەرە بوون بەو تۆپەوە بکات بێ ئەوەی هەست بە ئازار و دڵ سووتاوی بکەن بێ ئاوڕدانەوە ئەگەرانەوە سەر یاری خۆیان •

چاری نەما بۆ شەقێك لەو تۆپە کەوتە سەوا کردن بە یەکێك لە منالەکانی ووت و چاوە بچکۆلەکانی بە هیواوە ئەبریسکایەوە :

— شرووبیێکت ئەدەمی، بە شەقێك لە تۆپەکە " باشە " ها!...

منالەکە کە بە یاری کردنەوە، سەرقاڵ بوو و چاوە روان بوو تۆپەکەی بۆ فڕێ بدەن بە رتێزیکەوە دەستی نایە سنگی یەوە و ووتی :

— شرووبی تۆم بۆ چی یە! ئەگەر ویستم ئەوا ئەیکرم واللە شەق بەری شەقێکی تێ هەڵنادەی

بە داخەوە گەڕایەوە جێگای خۆی بزانە سووتاوەکانیشی بێ ووچان ئەلەرزین، کەوتەوە سەیر کردنی تۆپە، ماوەیێك وە ها مایەوە پەردەیێکی قووڵی بیر کردنەوە بە سەر دەم چاویدا کشا یەك دوو جار چاوی تروکان، و سەریشی بۆ راوەشان وەکو لە بڕیار دانێکی سەخت بووبیتەوە

- ٨ -

لە پڕ هەستایە سەر پێ، وە بێ سێ و دوو بەرەو یاری کەران و تۆپە بە راکردن وەکو تیر دەپەڕی وە چاویشی ئەگێرا بە تۆپە لەو کاتە تۆپە دوای شەق تێ هەڵدانێکی قایم بە ئاسمانا چوو ئەمیش چاوی تێ بڕی و بێ ئاوڕدانەوە بەرەو ڕووی چوو بە ڕاکردن نیشانەی چاوی لە تۆپە گیر کرد بـــوو وە بە هەموو هێزی یەوە ئاچێکی کرد بوو بە هەزار هەموو هیوای خستبوە لە پێ ئەو هەڵەوە کە بوی هەڵکەوت هەر تۆپە گەیشتەوە سەر ئەرز ئەم گەیشتە سەری، وەک وولاغی جسنی ڕەسەن لە ئارا وە ها خوی کۆ کردەوە دوایی وەک لاستیک کشا، هەتا توانای هەمیە یەک شەقی لە تۆپە هەڵدا کە بە زرمەییێکی زل بە ئاسمانا چوو •

بە هەناسەبڕکێوە وەستا، چاوێکی سەرکەوتووی بە هەموانا گێرا وەکو بڵێ دە بخون دەی چاوە بچکولە کانیشی بە کامەرانی ییێکی بێ سنوور ئەگەشایەوە پێکەنینێکی منالانەش لێوە ووشکەوە بووە کانی کشان ڕیزی دانی ڕەش هەڵگەڕاو دەرکەوتن کە هێندێکیان تەنانەت کوتبوون •

منالە وورده‌کانیش بۆ ماوەییێک لە م کردەوەیە حەپسان دوایی بە توورەیی یەوە سەیریان کرد، ئنجا بە گەلە کۆمە ل بەرەو ڕووی هاتن، ئەویش وەکو لە نیازیان گە یشتبێت لێوی بە ترسێکی بـــێ شومار هاتەوە یەک و پێکە نینەکەی لە سەری مرد • ئاووری لەم لا و لەو لا دایەوە و بۆ ڕێگای خۆ دەرباز کردن ئەگەڕا، لە پڕ ڕای کرد و منالە وورده‌کە بە شوێنی یەوە، لە بەر سینی یەکەی گرتیان لە ناو قاچیشیانا سینی شرووب تەقە تەقی ئەهات شروویش پرش و بڵاو بووەوە بە شەرە شەق یەک دوو ڕێبوار منالەیان لە چنگ دەرهێنان دوای ئەوەی شولوکوتی مەرگیان کرد، ئەوانیش وەک نە بایان دیبێ و نە باران گەڕانەوە و کەوتنەوە یاری کردن، ئەوی قوربەسەریش بە شێوەی دالیکی جەرگ سووتاو بە دیار سینی تێک شکاوی قوپاوی خاڵی یەوە بە هەنسکە هەنسک و گریـــان و چڵم سڕین هەڵتووتا • دەم و چاو ئەژنۆ و دەستی لە چەند لاوە هەڵتووتابوو و شین بوویوون بەڵام لە ئاو سینی قوپاوی خاڵی یەوە بە هەنسکە هەنسک و گریان ئازاری خوی لە یاد کردبوو •

ماوەییێکی درێژ وە ها مایەوە منالان هەموو ڕوێشتنەوە دنیا تارێک ڕوون بوو بەڵام ئەو هەر لە جێگای خوی بە کەساسی یەوە مایەوە، و بێ ئەوەی بیر لە ڕوێشتنە ماڵەوە بکاتەوە • دیار بـــوو ئەترسا لەوەی کە لە ماڵەوە وینەی سینی قوپاو و شرووبی نەماو کارەساتی فەلاقەییێکی تری بە سەر دابهێنێ لە لایەن باوکی یەوە زۆر دڵم پێ سووتا، بە نەرمی یەوە کە ویستم جورە دڵدانەوەییێک پێ ووتم ؛

ـ ها کورم ئەوە پارە و بچۆرەوە ماڵەوە ..

بە چاوێکی سوور هەڵگەڕاوەوە ووتی ؛

ـ نا ! ئەی باوکم ناڵێت ئەم پارەیەت لە کوێ بوو هەر ئەمکوژێ ئەگەر بزانێت لە خەڵکم وەرگرتووە

-٩-

ئەمەی ووت و کەوتەوە هەنسك هەڵدان . لەم خوو و رە ووشتە بەرزە سەرم سوڕما دوایی ووتم :

ــ باشە ها ئەوە پارەی شرووەکە .

بەکزی یەوە سەری راوە شاند و وەرامی نەدامەوە .

تاریکی داهات و مناڵە لە جێگای خۆی بە هەڵتوقاوی مایەوە ، چەناگەی خستبوە سەر هەردوو ئەژنۆ رە ق و ئەقەکەی لە هەنسکی نەرمی هێواش بەو لاوە وورتەی لێ نەئەهات .

مەراق گرتمی و منیش پەنجەرەکەم بە جێ نە هێشت ویستم بزانم دوایی بە چی ئەگات .

بە تیرو ئەسە لی لووتی هەڵمژی .لە پر وە کو کێچ لە دە نگێك راپەری کە.تی ی ئەخوری :

ــ ئەوە زوڵی حەرام زادە چی ئەکەیت لە سەر ئەم چەقی ڕێگایە! دەی مل بشکێنەرە ماڵەوە .

باوکە بە ڕێکەوت ئەچووە ماڵەوە کە هاتە بەر دەمم . بار هەڵگرێکی گوپان لە شانی ژەلامدی . مناڵە وەکو فیری زلله لیدان میشەکی دەستی نا بە رووومەتیەوە و بە گریان و پاکانەوە ووتی :

ــ لیشیان دام و شرووەکەشیان رژاندم .

باوکە دەم و چاوی کی رەقی توورە یی و هیلا کی گیرا بە هەر چوا لا داء ووتی :

ــ کێ !

مناڵە ش هەر دوود ەستی د ریژ کردء بو هە موو ئە و خانووە دوونهومانەی ئەو مناڵانەی تیدا ئەژیان . باوکە بی وە ستان رووی کردە نزیك ترین دە رگا کە ماڵی حاجی سەعید بوو بە گرمە گرم کەوتە لیدانی . دە رگا کرایەوە و رووی گرژی توورە یی حاجی سەعیدی لـــی هاتە دە ریء کە بی گومان وەی زانی مەلا کویرە و سولکە رنء ویستی زە یار بکات بەلام باوکە پیش ئەوەی حاجی دەمی بکاتەوە دە ستی بو منلەکەی د ریژ کرد و ووتی :

ــ گوایە بە خیر شرووەکەشی ئە ریژن سەرەرای ئەوە شەدارکاریشی ئەکەن .. بو مناڵەکانتان فیر ناکەن کە دەست د ریژی نەکەنە سەر مناڵی خەلقی ! خو ئەم مەردمە کویلەی ئیوە نی یە !

حاجی کە سەر سوڕماوی هیشتا بە دەم و چاوی یەوە مابووء وا دیار بوو بە تەواوی لـــە رووداوەکە نەگەیشتبوو بەلام ئەشیویست کەم و زور د ریژە بەم چەقە چەقەی ئیوارە وەختەیە نەدا و هەتا زووە سەری خوی سووك بکات لەم بار هەڵگرە توورە یە کە نیازی بەزم ئانەوەی هەیە بوویی بە توورە یی و لووت بەرزی ییکەوە ووتی :

-١٠-

ــ شرووبه که بایی پەنجا فلس نابیت! ها ئه وه سەد فلس و برو له کولمان بەره وه و بەروکمان بەرده ٠

دیار بوو که حاجی پی ئه نی له دلی خوی که دەستی برد پاره کەدەر بینی ٠ کابرای حه مال ره نگیکی هیناو ره نگیکی برد! به تووره ییه وه و به دەسته زبره کانی یه وه دەستی حاجی برده دواوه و ووتی :

ــ بیخەرەوه باخەلت ٠٠ نه هاتووم که بیژمیریت تا شان و باهوی خوم خوش بیت دەست له پیاوی وەکو تو پان ناکه مه وه! به س حاجی ئه وه بزانه باشتره که ئه و پاره یه ی هەته ما فی ئه وه ت نادا تی منالەکانتان گه له کومه کی له منالی هەژاران بکه ن ٠

په نجه ی له رووی حاجیدا به هەرەشەوه راوەشاند و له سەری رویشت :

ــ ئه گەر مەسەله گەله کومەکی بیت ئەوه منالی هەژار زورترن ئەوانیش ئەزانن چون پشتی یەکتر بگرن ٠

حاجی به چاوی ئەبلەقەوه وەستا هەرچی حەمالیه پشتی تی کرد به دەستەکه ی تریشی گوپانەکه ی سەر پشتی چاك کرد، به دەستیکی تریشی بالی منالەکەی گرت و شوین خوی خست ٠ منالەش به روویکی خوشەوه شوین باوکی کەوت به دەستەکەی تری سینی یه قوپاوەکه ی خسته بن هەنگلی، به شانازی یەوه له پشت باوکی یەوه ئه ریشت هەر به شانازیشەوه چاوی له سەرەوه له گوپان و سەرو جامانه شرەکەیەوه هەتا کلاشه دراوەکەیەوه ئه هیناو ئەبرد سەرو خوار ٠ لەگەلیشیا بی ووچان تاووری له دواوه ئەدایەوه به دلیکی خوشەوه ئەیروانی یه هەموو ئەم خانووه دووندەوانه، له کامەرانی یەوه رووی گەشابووەوه هەموو ئەندامی گیانی ئەفری وای ئەزانی هەموو چراو رووناکی ئه وگەرەکه درەنگه هی ئەموو سەر زەمینیش بو ئه و داگیرساوه و هی ئه وه، به قیتی وبه پوزه وه به وشیوه رویشت هەتا هەر دووکیانم له چاو وون بوو ٠

پەرده ی پەنجەرەکه م راکیشا ، تاچم جوولان به ئازارەوه وه له بەر خوشەوه هەر ئەمووت " دەنگی هەژار که بەرز بیتەوه له هەموو ئاوازیکی تر خوش و بەرز تره " ٠

( کاکه ی رێبوار )

فوللکۆری ویژه

# بەستەی دلداری

فەسلێك دەخوێنن یاسینم
لەیلا بیعە ژوور سەرینم
کوێت دیشێ دیدەی شیرینم

توخولا لەیلا وەرە کنم
بە دل ئازا بکە گەردنم
نزیکە رۆژی مردنم

یا خولا هەر وا گەردو توز بێ
دە سروکەی لە ملان ئالوز بێ
لەیلا جیژنەت لێ پیروز بێ

قوربانت بم ئەی بای شەوی
کە جار جار وە رووت دەکەوی
پێی خوش دەبێ ماچی شەوی

دیسان شەو هات بو حالی من
لەو دلەی پرو خەیالی من
عالەم سووتا بە نالەی من

قوربانت بم ئەی بولبولە
دەم لە سەر خونچان هەلگرە
سیست کردن مال کاولە

ئەتو وا دەروی بە نارەزای دل
خولات لەگەل بێ مەنزل بە مەنزل
ئەگەر بە بێ تو سەرلە سەرین کەم
دوو رۆژ پێ نەچێ دەس بە نالینکەم

دەترسم بمرم دنیای زور مابێ
بەدکاری بێ پیر بە لەیلام شابێ

بالا بەو بەرزی قەد بەو باریکی
ئەستێرەی سوهەیل کەوتە تاریکی

موژەت نیزام و سەر عەسکەر
لە سەر چاوان بەستیان لەنگەر
لنگیان دامی دەستەو خەنجەر

چاوت ئەستێرەکەی رۆژی
هەلدی لەگەل گەلاوێژی
قەستیە بە نازان بمکوژی

چاوت ئەستێرەی هویە تەوو
نەدرەنگ هەلدی گیانە نەزوو
لەیلی رووی مەجنوون لە دوو

چاوت ئەستێرەی سەحەری
هەلدی لە بیژنگ بە سەری
کوشتمی قەتارەکەی سەری

چاوت رەشە لەگەل بروت
بەو خالەی کەم دەورەی لیموت
دایکت ماچ کەم یانە بو خوت

ەەەەەەەەە

## بەیتی عەلی عاشق

مەجلیسی عاشقان گیراوە
ساقی لە نیو راوەستاوە
پیالەی عەیش نوش کراوە
بەخێر هاتی پەریزادە

بەخێر هاتی،
بە سەر چاوی دەمن هاتی
بە چیم زانی کە تو هاتی
بە دەنگی توق و خرخالان

عەلی عاشق ئەگەر عیشقت زوبانی بێ
سەد جار عەمرت زوو فانی بێ
حەیفە ئیخلاس پەنهانی بێ
مەلا زادە بەخێر هاتی

موترب لێیدە بینای سازت
بەختت سوتی لە بو نازت

جوتی ساقی سەر بەزیین
مەی لە مەیخانان دەگیڕن
عاشقان لە دین وەردەگیڕن

قوربانت بم ئەی بای وادە
تارا لە سەر لەیلام لادە
بە دەستووری حەکیم زادە

مەجنون بوو یەکی دەربەدەر بوو
بە تیری عیشق گرفتار بوو
چونکە لە لەیلی وەفادار بوو
عەزیزی من بەخێر هاتی

مەجنوونەکەی لە کیوانم
دایم دل پرو لە هیجرانم
بو خالی لە یل پەریشانم

(×) وەرگیراوە لە : Oskar Mann, Die Mundart der Mukri-Kurden I, S. 298 - 301. Berlin 1906.

– ١٢ –

خوزگەم بە فەرهادی چینی
خەریکە لە سەنگ تاشینی
ئەویش بو عیشقی شیرینی

قوربانت بم شەماڵ وەرە
ئەم کاغەزەم لە بو بەرە
بیدە بە دەستی دولبەرە

ساقیم دەوی شەراب بینی
عەکسی خوی ئیدا بنوینی
ئینا لیللاهی بخوینی
بەو چاوەی گیانم دەستینی

((((( ٥ )))))



چاوت رەشە بە خومارەوە    مەمکت سیوە بە دارەوە
خودا داویە    مەی شارەوە

# ١٩١٩ لاپەرەیەکی گەشە لە تێکۆشانی کورد

هیچ گومانی تیا نیە کە گەلی کورد یەکەم میللەتە لە رۆژهەلاتی نزیک کە دەست بە چەک بەرهەلستی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بکات، وە بەم جۆرە بۆ یەکەم جار لاپەرەی هەلمەت بردنی چەکدار بکاتەوە بۆ گەلی عیراق و گەلانی تری دراوسی. ئەم راستیە جێگای شانازیەکی روونە بۆ گەلی کورد کە دەر ئەخات رادەی نیشتمان پەروەریو پێشکەوتنیەتی کە ئالای تێکۆشانی گەلمان دەرازێنێتەوە.

هێشتا جەنگی گەورە لە بلێسە دابوو کە ئینگلیزە داگیرکەرەکان لە سالی ١٩١٨ دا ناچار بوون دوو جار دانیشن بۆ گفتوگۆ لەگەل نوێنەرانی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ محمود وە دان بنێن بەو مافانەی کە ئەم نوێنەرانە کردبویان بە بناغەی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەگەل ئینگلیز وە لە سەرەوەی هەمویان ـ دان نان بە بونی حکومەتی هەبوەی کوردی کە پایتختی سلێمانی بوو.

بێ گومانە کە حکومەتی سلێمانی یەکەم حکومەتی میللیە لەم ناوچەیەدا کە بە سەربەستی بکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەل ئیمپراتوریەتی بریتانی ـ ئەمەش لە کاتێکا کە جگە لە حکومەتی شەریف حسێن لە حجاز کە هێشتا جێ گیر نەبوبو وە هەر سەریشی نەگرت چ لە ترکیا کە کوتە نێو جنگی ئنگلیز چ لە عراق و سوریا و اردن تا ئەم سەردەمە هیچ حکومەتێکی (نشتمانی)ی دا نەمەزرابو.

ئەمەش ئەو راستیە ئەگەیەنێ کە جولانەوەی نیشتمانی گەلی کورد گەیشتبوە رادەیەک کە بۆ ئینگلیزەکان نەئەکرا چاوپۆشینی لێ بکەن. بەلکو هەر ئەوەندەیان بۆ ئەکرا کە دانی پیا بنێنو لە گەلیا رێک کەون. ئیتر ئەمە بو لە سێپتەمبەری ١٩١٨ أ. ویلسون (حاکمی اداری Civil Commissner) خۆی گەیاندە سلێمانی و بە خێرایی پەیمانی رێک کەوتنی کیشا لەگەل حکومەتی شێخ محمود و نویل کرا بە مستشاری سیاسی. بەم جۆرە ئەم حکومەتە بە سەربەستی کەوتە هەلسوراندنی کاروباری ئەم ناوچەیەی کوردستانی خوارو.

بەلام هەروەکو مێژوی ئەم سەردەمە بە روونی دەری ئەخات ئیمپریالیزمی ئینگلیزی تەنها هەر خەریکی ئەمە نەبوو گشت عراق داگیر کات وە ولاتی موصل بگرێت، بەلکو خەریکی ئەمەش بو کە بەشێک لە کوردو کوردستانیش بێنێتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە. چونکە ئەمان گەیشتبونە ئەم راستیە کە (سیاسەتێکی فعّال) لە ئاسیای رۆژئاوا بۆیان ناگونجێت هاتو بەشێک لە کورد و کوردستان نەکەوتە ژێر دەسەلاتیان. ئەم سیاسەتە رەگەزێکی ئەگەرێتەوە بۆ پەیمانی سایکس ـ پیکو (١٩١٦) وە بە تەواوی قال بوەوە پاش کوتایی جەنگی یەکەم.

جارەک ئینگلیزەکان خۆیان وا پیشان ئەدا کە ئەیانەوێ (دەستی یارمەتی) درێژ کەن بۆ پێکەوە هێنانی چەند حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی (چەند حکومەتێک نەک یەک حکومەت!) بەلام زووبەزوو بۆیان (رون) بو وە کە ئەم حکومەتانە ـ هاتو هاتنە کایەوە ـ وە ها بە سوکو سانایی ناکەونە ژێر دەسەلاتیانەوە. وە حکومەتی هەبوەی سلێمانی بۆ وێنە لە پێش چاویان بوو!.

جا ئەمە بۆ کەوتنە هەلبەستنی انترقەو پیلان. بێ گومانە کە مەبەسی یەکەمیان لە ناو بردنی حکومەتی سلێمانی بوو. بەلام ئەم حکومەتە وا لە ناو باوەشی جولانەوەی نیشتمانی دا بە

که روژ به روژ له پەره سەندنا یه وه وا ریشەی خوی دا دەکوتی له لای ترشەوه : له وولاتی گویان له عمادیه له بارزانو زیبار .. له ..

حکومەتی سلیمانی چە سپاوه • بەلام مەترسی له گویا نیخروا پەیا ئەبیت • جا تا وەکو زووه دەست بوه شەندری (

راستیکەی ئەوەیه که سەروکەکانی گویان له ناو خویانا زور تەباو یەك گیر بون وه جوره ناکوکیەك له ناویانه نەبو • لەمه زیاتر پەیوەندیشیان لەگەل ئاورحمان ئاغای شارناخی و کوردەکانی حکاری هەبو ( جریدەی تایمس- نوفمبر - ١٥ ، ١٧ ، ١٨ - ١٩١٩ ، لەم سەردەمه دا ئاورحمان ئاغا ئالای نیشتمانیەتی هەل گرتبو ) • ئەمه مەترسیو کوسپەکی گەورەبو له ریگای پیلانەکانی انگلیز که کەوتبونه بزیاری هەلمەت بردنه سەر هەر جوره ( جزەکی ) بەرهەلستی کوردی له کوردستانی خوارو • جاری کەوتنه نانەوەی ناکوکی نیو سەروکەکانی گویان بو ئەم مەبەسته ناکەسیکیان دوزیەوه به ناوی ( حەسو دینو ) وه بو ساخته کردیان به سەروکی هەمو گویان • وه هەروەها کاپتن پیرسن PEARSON نیررا بو هینانی وولاتیان ژیر داگیرکەرەکانا •

بەم جوره بو سەروکانی عشایری گویان روون بووەکه انگلیز به تەمانه بیکەیەتیان تیك دەن وولاتیان داگیر کەن • بویه ئەمان کەوتنه ریکخستنی بەرهەلستیەکی چەکدار •

له روژی ٥ نیسان ١٩١٩ کاتی پیرسن له گەشتدا بوو عشایری کورد ( بوسه ) یه کیان بو داناو دەستبەجی کوژرا • ئەم کاره ساته بوه نیشانەی راپەرینەکی گەوره بو گشت وولاتی گویان و سەندیو گولی و دراوسی •

بی گومانه که ئەمه یەکەم راپەرینه دژی امپریالیزم له عراقو کردستانی خوارو • راپەرین بەو دەوام مایەوه تا دوایی مانگی ئاب • له شکری گویان بریتیبو له زیاتر هەزار تفەنگ • چەندها جار له شکری انگلیز شکا به کوشتارەکی زورەوه • تەنانەت فروکەو بومباش بی کار بون • هیزی انگلیز لەم ریزه زور که سی بی چارەی کوشتو چەند گوندیکی سوتاند وەکو گوندی ( هەرور ) • .

هیشتا راپەرینی گویان له بلیسه بو وەکو له ناوچەی سلیمانی شیخ محمود مشخەلی شورشی هەوگرت و له شەری تاسلوجه به تەواوی هیزی انگلیز شبرزه کرا • ئەنجامی ئەم شورشه بو هەمو لا ئاشکرایه که پاش شەری بازیان چون شیخ محمود برینداركراو به دیلی گیرا •

بەلام زنجیرەی شورش گیری کورد له کوردستانی خوارو هەرنەپچرا یەوه • هەر له مانگی گەلاویژ راپەرینەکی ئاگرینی تر له وولاتی بادینان گری گرت • لەم مانگەدا گەلی عمادیه له ژیر سەروکایەتی حاجی شعبان ئاغاو حاجی رشید برواری و عبدالله سعدالله ئاغای ئامدی هیرشیان برده سەر بالاخانەی حاکمی سیاسی انگلیز کاپتن ویللی WILLEY و کوشتیان لەگەل کاپتن مکدونالد و تروپ و شەش ئەفسەری تر • انگلیز به خیرایی هیزەکی گەورەیان نارد ( فرقەی هەژدەم له کومندای جنرال نایتنگل ، فرقەی جنرال وولدریج وه فرقەی سەربازی ئاسوری ) •

کوشتاریکی خوینین بەرپا بو • لەم شەرانەدا هیزی عشایری گویان که هەر له راپەرینا بون له ریزی کوردایەتی بادینان بەرامبەر هیزی داگیرکەر وەستان •

انگلیزەکان چەند ئاغەیەك لە سەروکەکانی راپەرینا گرتوە دەستبەجی خنکاندنیانن • کوشتاریکی زوریان لە ئەهالی کرد و زور گوندیان سوتاندن و تالان کرد ، بە تایبەتی لە وولاتی بروار ی دا •

هیشتا ئەم راپەرینە قارەمانانە هەر لە بلێسەدا بون وەکو ئاگری شورش ناوچەکانی تریشی گرتەوە • وەکو ئاگرو پوش هەل گیرسا یەوە ناکوژینەتەوە • اتر گەلی کوردمو ماوە بە امپریالیزم نادات ؛ ئەم جارە بارزانیو زیباری پەیمانیان بەستو هاتنە ریزی شورش • شیخ احمدی بارزان و فارسو بابکر ئاغای زیباری هەر لە دەمیکەوە بە نامە نوسینو گفتوگو لەگەل سەروکەکانی دەوروپشت ( وەکو سیتو ئاغای اورمار ) و عمادیەو بزواری خویان ریك ئەخست بو شورش • مەبەس لە هەموو ئەم تیکوشانە ئەوەبو کە داگیر کەر جی گیر نەبیت لە کوردستانی خوارو •

روژی ٣ نوفمبر کاتی حاکمی سیاسی موصل بیل BILL و سکوت SCOTT یو ( گەشت ) لە وولاتی زیبار بوون لەناکاو کەوتنە ( بوسە ) یەکو کوژران لەگەل دوو جەندرمەی تر • هیزیکی کورد ( ٣٠٠ تفەنگ ) ئاکریان داگیر کرد • زوو بەزوو انگلیز هیزیکی گەورەیان نارد • أ • ویلسون ئەلی : " هیزی ئیمە هەمو خانوی سەروك زیباریانیان سوتاند • وە پاش پەرینەوە لە زی بادینان هەمیشا گوندی بارزانیانیان سوتاند • چوار سەروکانی راپەرین فارسو بابکر ئاغای زیباریو شیخ احمدی بارزانی و برای کشانەوە بەرەو چیا " ـ 154 .P ... ، A.Wilson-Mesopotamia

انگلیزە داگیرکەرەکان بە هیزی شورشی کورد لە تەشکی، خویان داو کشانەوە خوارەوە لە هەمو بەجیکی کوردستانی خوارو : لە کویان لە عمادیە ، لە زیبار و بارزان ، لە رواندوز •• لە •• أ • ویلسون ئەلی : " بەم جورە لە کوتایی سالی ١٩١٩ بە بریای بەبر بومان نەچوە سەر دەسەلاتمان بەینە سەر ناوچەکانی شاخاوی کوردستان •• تەنانەت لە رواندزیشەوە ناچار هیزی خومان کیشاوە ١٨ میل بەرەو خوارو بو باتاس " •

ئەمە کورتەیەکی ناتەواوە ـ دلوپیکە لە شەپولی شورشی گەلماندا •

١٩١٩ سەراپا سالیکی خویناویە لە میژوی کوردستان ـ بەلام بی گومانە ئەمەتە سەردەمی شانازیو سەربلندی گەلی کورد کە :

بو ئازادی ئاگری شورشی زوو هەلکرد •• بو ئەوەی تا ئەبەد نەکوژیتەوە •

ا • ع •

لا پەڕەییك لە " لە مەلبەندی بەفر و گول دا "

# نێرگس فرۆش!

( م • خ • )

ــ ئازاد •• ئازاد •• ها •• ئازاد ! ئای کە جوان بوو، بەلام دیمەنیکی نالەباریشبوو •

ــ ئازانم! ئەمەبولەبولی چیتە ! توخوا ئیستاکە کاتی ئەمەیە، سەرت دانوینە باکەس هەستمان پی نەکا •

ــ بی قەزا بی ، مردووت نەمری ، من هەر ئاویرم دەمم بکەمەوە، دەستبەجی دەمکوتم ئەکەی و تەریقم ئەکەیتەوە •

ــ کاکی برا ، تولیم توورە مەبە ، ئیمە لەچی داین ! سەرت دانوینە و لە سەرخو بدوی، با کەس گوی ی لیمان نەبی •

ــ لە سەرخو قسە ئەکەم وکە سیشکوی ی لیمان نی یە، بەلام تو هەر لەخوتەوە بە بی هــو هەلئەچی •

دەباشە گیانی من، هەر تو مەتوری ، ها •• بزانم دەی،چی جوان بوو!دیمەنی چــی! ئالەباری چی •

ــ دیمەنە جوانەکە لە پارو پیرارا بوو ، لەم دەشتە سەوزە جوانەی کە لە لای چەمان دایە، ئەوساش هەر بەهار بوو وەکو ئیستا ، ئوتومویلیکی زور بە سەر ئەم شەقامەدا تیئەپەرین، لەم بەرو ئەوبەری شەقامەکە منالی وردە بە خیان و سەبەتەگولە نیرگسەوە دائەنیشتن ، ئەم گولانەیان لە دولەکەی پشت ئیمەوە ئەچنی • منالەکان چاوەریی ئوتومویلیان ئەکرد ، کە ئوتومویلیك دەر ــ ئەکەوت هەر لە دوورەوە هەموویان هەلئەستانو دەستی پر لە دەسکە گولی نیرگسیان بو ئوتومویل دریژ ئەکردە سا بەلکو شووفیرەکە یا ریبوارەکان لەوانەبن کە گولیان خوشئەوی ئوتومویلەکە رابگرن وبە چەند فلسیك نیرگسەکانیان لی بکرن •بەلام بەهاری ئەمسال بی منال و بی نیرگسە لەوانەیە نیرگسەکان لە باخچەخو رسکیەکەی خویانا چاوەروانی بوەبا بن •

ــ ئەی دیمەنە ئالەبارەکە چی بوو ؟

ــ ئەویشهەر دیمەنی منالەکان بوو ، منالی هەژاری پی خاوەن برسی و رووت و قووت پــی خاوەس ولیو بەبار منالی نیرگسفروش !

ــ ئوواز لە شیعرو خەیال ئاهینی، ئەم ووتەکاتی ئەمە نی یە قوربانە سەرت داگرە با کەس نەمانبینی •

ــ کاکە ئازاد، وەختی شیعرو خەیالە وەختی هەمو شتیکە ، هەمووخەباتمان هەر بو شیعــر و

نیرگس و پوشتە کردنی نیرگس فرۆشەکانە ·

ـ دەی! تو خوا بو ئالی ی، ئەبی کوگای نیرگس فروشتن لە شارەکانا بکەینە وە ·

ـ ئەلیم ئەبی بیکەینە وە، بەلام ئیستاکە بومان ناکری، کەی توانیمان قوتابخانە بو نیرگس فروشەکان بکەینە وە، ئەوکاتە شەرکوگا بو نیرگسەکان ئەکەینە وە پەریی پەچاو کەواڵەکانـــیان ئەسرین و پەروین و رووناك و ئاواز ئەبن بە فروشیاری نیرگس، تیی گەیشتی کاکی برا!

ـ ئیمە خەریکی چین و توش خەریکی چیت!

ـ ئا هەقت نی یە برا گیان، تو خەلکی ئەم ناوچە یە نی، ئەودیمە ئانەی پارو پەرارت نەدیـــوە ·

ـ بەلی! بەلی! وەکو منیش لەم شاخانەدا گەورە نەبووبم و خەلکی دەشت و بیابان بم ·

ـ ئا! ئا! کاکە، توش کوری ئەم شاخانەی بەلام ئەم نیرگس فروشانەت نەدیوە، ئای کـە ئەگەر ئەمسالیش وەکو پارو پەرار بوایە تا لەم کاتەدا توش چاوت پی یان ئەکەوت ·

ـ شیرزاد، شیرزاد، تەماشا کە تارمایی ییك لە خوارەوەدا دیارە لای چەپ لای چەپ ·

ـ وا بزانم هیچ نی یە ·

ـ دووربینەکەت دامەگرە قوربانە، ئاگات لی بی ·

ـ ئەها! راستە، خویانن، بەلی خویانن، پی پانەکانن، با نزیك ببنەوە

ـ بەلی! بەلی! خویانن ·

ئازاد و شیرزاد لە سەر سك پال کەوتبوون، لە کونی بەینی هەردوو تاشە بەردەکەی سەر لووتکەی دەربەند پاسەوانی ریگەی ناودولەکەیان ئەکرد · ئازاد دەسە سرە سوورەکەی لـــە باخەلی دەرهینا و لە پشتەوە بە پیش مەرگەکانی پیشان دا، ئەوانیش حەوت کەس بوون لە پشت ئەوانەوە لە ناو قەد پالیکی لووتکەی شاخەکە خویان مەلاس دا بوو و چاوەریی فەرمان بوون، دەست بەجی هەموویان بە خشکە لە سەر سك بە رە و ئازاد و شیرزاد خزان، لوولەی چەکەکان لە بەینی بەردەکانەوە سەریان هینابووە دەرەوە، دەشت و شاخ و شەقام ملیان بو ئەم تارمایانە کەچ کرد بوو بالندەش لە دەستیانا رزگاری نە ئەبوو ·

ئازادی فەرماندەری پیش مەرگەکان، هەموو هوشی هەر لای ئەو سی ئوتومویلە سوپایی یە بوو کە هەر ئەهات و نزیك ئەبووەوە، بەلام زور بە هیمنی ئەرویشتن، خو قوربە سەرانە هەر زەندەقیان ئەچی کە چاویان بە گرد ولە ییك ئەکەوی ئەخوازە شاخیك ·

ئازاد لە سەر خو رووی کردە پیش مەرگەکان و ووتی:

ـ لام وایە با جاری لی یان بگەرین، با لە دەربەند بپەرنەوە بو ئەو دیو بو ئیمە باشترە،

- ١٨ -

چونكە جێگەكە سیبەرەو چاك ئەیانبینین ، كە لە بەردە قارەمان نزیك بوونەوە ئنجا تەقیان لێ ئەكەین •

شیرزاد كە گوێی لە ووشەی ( بەردە قارەمان ) بوو ئاهێكی قوولی هەلكێشا •

ئوتومبیلەكان لە دەرگای دەربەند نزیك بوو نەوە ، پێشمەرگەكان هەست و نەستیان لە خۆیان بڕیبوو ، پێ پانەكانیش دیار بوو خۆیان چاك ئامادە كردبوو چونكە شاخەو لە شاخیشا مردنی خۆیان ئەبینن •

ئوتومبیلەكان كە گەیشتنە ئاقاری بەردە قارەمان ، ئازاد فەرمانی دەركرد :

— ئاگر •••

لە ئاسمانەوە ئاگر ڕژایە سەر پێ پانەكان ، لە ناو خۆیان دا شلە ژان ، ئوتومبیلێكیان هە ستی بەوە كرد كە تەقە لە لای ڕاستی لووتكەی دەربەندەوە دێ ، بەلام دووەكەی تر نیشانیان ئەگرتە لووتكەی لای چەپی دەربەند ، هەتا ئەوان بەمەیان زانی و لوولە ی تفەنگ و توپەكانیان وەرچەرخاند بو لای ڕاست پێشمەرگەكان ئوتومبیلەكەی یەكەمیان لە كەلك خست • نیشانە كانی ئازاد گوللەی بە فیرو نە ئەبرد ، بۆیە كە دوو ئوتومبیلەكەی تریش خۆیان لە بەر زەبری گولله دا نەگرت ، یەكێكیان خەریك بوو ڕا بكا ئەویتریشیان شوفیرەكەی لەگەل دووسێ پێ پان هاتنە خوارەوەو دەستی دیلیان بەرز كردەوە •

پێشمەرگەكان هەموویان ڕاپەرین و گلور بوون بو خوارەوە ، دوان لە پێشمەرگەكان پێشیان بە ئوتومبیلی ڕاكرد وو گرت ، بەلام ئوتومبیلەكە یەكێكی لە پێشمەرگەكان بریندار كرد و كەوت ئاچار زوربەی پێشمەرگەكان كە هاوڕێكیان بە كەوتوویی دی تێكرا دەسرێژیان لە ئوتومبیلەكە كرد ، تا وەكو تەنیا شوفیرەكەی تیا مایەوە ئەویش بە دەست بەرز كردنەوە لە ئوتومبیلەكە هاتە خوارەوە •

یەك دوانێك خەریكی تیمار كردنی هاوڕێی بریندار بوون ئەوانیتریش دەسكەوت و دیلە كانیان جێ بە جێ ئەكرد ، هەموویان لە دەوری بەردە قارەمان كو بوونەوە ، ئازاد ڕووی كردە جەنگاوەرەكان و بە دەم زەردەخەنە ی شادی یەوە ووتی :

— ئەمە سەركەوتنە هاوڕێینە وا نی یە !

ئازاد هەر لە سەر قسەكەی ڕویشت و وەكو شتێكی لە بیر چوو بێتەوە ڕووی كردە شیرزاد !

— شیرزاد گیان ، ویستم شتێكت پێ بلێم ، لە بیرم چوو .. ئا ، ئا .. لەو كاتەی كە ووتم ئاگر •••

— ئاهێكی قوولم هەلكێشا •

— بەلێ ! بەلێ ! ئەری كاكە ئەوە چی بوو ! ئاهێكی گەلێ قوول بو پڕ لە شیعرو خەیال ، ئە ترسم نێرگسەكە بێ •

— بەلێ ! بەلێ ! ئازاد گیان بو نرگسەكە بوو و بو بەردە قارەمانیش •

— دەی تو خوا بو نالی ی لە دوا ڕوژا ئە بێ بەردە قارەمانیش بە ڕەنگی سەوز و سوور ڕە نگ چونكە لە م ڕوژە دا ئێمە لای ئەم بەردە قارەمانە جە نگاوین •

- ١٩ -

- بەلی ! بەلی ! کاکی خوم بویاخی ناکەین ئەبی بیکەین بە یادگار ، ئەبی بیکەین پە بە باخچەو گول و گولزار ، ئەبی پەیکەریکی قارەمانی بەردەقارەمان لە سەر بەردە قارەمان دابنیین ، وە لە ژیریا بنووسین لە روژگاریکا لیرەشدا جەنگاوین و خەباتمان کردووە .

- قسەکانت زور جوانن باوکم من نالیم شیرزاد شاعیره ، بەلام دەی توخوا بوچ نالی ئەبی کوگابیکی نیرگس فروشتنیش لە تەك بەردە قارەمان دروست بکەین .

- ئەی بوچ نا ! چونکە ئەو کاتە منالەکان لە قوتابخانە ئەبن ...

(((((( ٥ ))))))

## لە شیعری سالم

١٨٠٠ - ١٨٦٦

ئەگەر نەخلی موورادم بی سەمەر بی — بە من چی باغی عالەم جوملە بەر بی
رەقیب یارئەربە من بوسی کەرەم کا — بە تو چی گەر هەمووی شەهدو شەکەر بی
لە وەختیکا سەری خوم بی کلاو بی — بە من چی تاجی شاهی پر گوهەر بی
رەقیب ئەمجا کە دولبەر رامەبو من — بە تو چی گەر هەموو شام و سەحەر بی
کە خوم رەختی غولامیٚ شك نەبەم هیچ — بە من چی خواجە گەر زەرینکەمەر بی
ئەیا دوشمن کە بەخەم هاتە یاری — بە تو چی گەرقەبای شاهیم لەبەر بی
لە کونجیکا لەگەل یار ئەر بنیشم — بە من چی عالەمیٚ زیرو زەبەر بی
ئەری حارس کە مونعم پیم کەرەم کا — بە تو چی سەد تومەن گەر بیشتەر بی
بە نەومیدی دەرم کا گەر لە دەرگا — بە من چی تاق و حوجرەی پر لە زەرری
کە سالم بازیِ دەولەت بیقە سەومن — بە تو چی دوشمن ئەر خاکی بە سەر بی

# زمانە ئیندۆ ـ ئەوروپیەکان

زمانە " ئیندوئەوروپیەکان " بەو کۆمەڵە زمانە ئەڵێن کە ئەمڕۆ بەزۆریی لە ئەوروپا وە لە بەشێکی ئاسیادا قسەیان پێ ئەکرێت یا پێیان کراوە ئیستا لە ناوچوون • کۆمەڵە زمانێک کە بە لێکۆڵینـــەوە دەرکەوتووە کە لەگەڵ یەکتردا خزمن و لە بنەڕەتا ئەگەڕێنەوە سەر یەک زمان کە ئەگەر چی ئیستـــا نەماوە بەڵام ئەبێت لە کاتی خۆیدا بووبێتەوە بە یارمەتی زانستی زمان لە توانادا هەیە کە جارێکی کە دروست بکرێتەوە • ئەم زمانە پێی ئەوترێت " ئیندوئەوروپیی بنەڕەتی " وە هەر زمانێک بچێتەوە سەر ئەم زمانە پێی ئەوترێت " ئیندوئەوروپیی " هەموو ئەم زمانانەش بەســەر یەکەوە پێیان ئەوترێت " کۆمەڵە زمانی ئیندوئەوروپیی " •

فرانس بوپ Franz Bopp کە بە دانەری زانستی زمانەوانی " ئیندوئەوروپیی " ئەژمێردرێت لە نوسراوە بەناوبانگەکەیدا " دەربارەی سیستەمی کارگۆڕین (Conjugation) لە زمانی سانسکریتیدا وە بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی یونانی ، لاتینی ، فارسی و زمانە گیرمانیەکاندا " ـ ١٨١٦ بۆ یەکەم جار باسی خزمایەتی ئەم ریزە زمانە " ئیندوئەوروپیی " یانە ئەکات لە پاشانا لە نوسراوێکی گەورەترا لە ژیر ناوی " گراماتیکی بەراوردکردنی سانسکریتی ، زەندی ، ئەرمەنی ، یونانی ، لاتینی ، لیتـــاوی سلاڤی کۆن ، گۆتی و ئەڵمانی " ـ ١٨٣٣ زیاتر لە سەر ئەم باسە ئەدوێت •

بوپ زاراوەی " ئیندوئەوروپیی " بەکار ئەهێنێت بەڵام یولیوس کلاپروت Julius Klaproth لە " ئاسیا پولیگلوتا Asia Polyglotta " دا ـ ١٨٢٣ زاراوەی " ئیندوگیرمانی " بەکار ئەهێنێ لە ئنگلستان بەم کۆمەڵە زمانە ئەڵێن کۆمەڵە زمانی " ئاری " وە بەو گەلانەی بەم زمانانە ئەدوێن ئەڵێن " ئاریەکان " یا " ئاریانیەکان " • لە ئەڵمانیاشدا لە کاتی فەرمانڕەوایی نازیەکاندا بە نیازی رەگەز- پەرستی ئەم زاراوەیە بەکار ئەهێنرا • لە راستیدا هیچ یەکێک لەم زاراوە یانە واتە " ئیندوئەوروپیی " یا " ئیندوگیرمانی " یا " ئاری و ئاریانی " بەتەواوی لەگەڵ مەبەستی ناونانەکەدا ناگونجێت • یەکەمیان لەبەر ئەوەی ناوی تاکە وڵاتێک ( هیندستان ) بەرامبەر بە کۆمەڵە وڵاتێکی زۆر ( ئەوروپـــا ) دانراوە کە لە بەراوردکردنا ئەمە شتێکی راست نیە • سەرەرای ئەوەش هەموو ئەو زمانانەی کە لــــە ئەوروپا قسەیان پێ ئەکرێت " ئیندوئەوروپیی " نین بۆ وێنە زمانی فنلەندی و مەجەری کە ئەگەڕێنە سەر کۆمەڵە زمانی " فینوئوگری " • دووەمیان لەبەر ئەوەی لە نێوان و رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەو وڵاتانەدا کە بە زمانێکی هیندی یا گیرمانی ئەدوێن گەلێک وڵاتی کە هەن کە بە زمانێکی " ئیندو ـ ئەوروپیی " ئەدوێن بەڵام نە هیندین نە گیرمانی بۆ وێنە ئەو وڵاتانەی کە بە زمانێکی ئیرانی یا سلاڤی یا رومانی قسە ئەکەن • سێیەمیان لەبەر ئەوەی لە زانستی زماندا تەنیا بە زمانە " هیندو ـ ئیرانی " کان ئەوترێت " ئاری یا ئاریانی " چونکە هەر ئەمان ناوی خۆیان بەو جۆرە بردووە ، سەپاندنی ئەم زاراوەیە بەسەر هەموو ئەو گەلانەدا کە بە زمانێکی " ئیندو ئەوروپیی " قسە ئەکەن شتێکی راست نیە • من بۆیە لێرەدا زاراوەی " ئیندوئەوروپیی " م بەکار هێنا چونکە لە بەشی زۆری وڵاتەکانی جیهاندا ، بێجگە لە ئەڵمانیا و ئنگلستان کە بە زۆری دووزاراوەکەی کە بەکار ئەهێنن ، ئەم زاراوەیە واتە " ئیندوئەوروپیی " بەکار ئەهێنرێت •

ئایا ئەو زمانانەی کە بە " ئیندوئەورووپی " یا " ئیندوگێرمانی " یا " ئاری " ناوئەبرێن کامانەن؟ بە پێی ئەو نوسراوانەی بومان بەجێ ماون یا دوزراونەتەوە زمانە " ئیندوئەورووپێکان" ئەمانەی خوارەوەن :

١ - هیندی ، کونترینی ناو ئەبرێت بە(هیندی کون) ئەمیش ئەبێت بە دوو بەشەوە : یەکەمیان (ڤێدی) واتە زمانی (ڤێدەکان) کە زمانی ویژەیی کونی بەرهەمێکان بووە . کونترین و گرنگترینی ڤێدی(ریگڤێدا)یە کە بریتیە لە ١٠٢٨ سرودی ئاینی . ئەم ویژە کونە ئەگەڕێتەوە بو نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش. دووەمیان ئەو زمانەیە کە پێی ئەڵێن (سانسکریتی) کە زمانێکی ویژەیی زور بەرزەو لەلایەن زمانەوان ( پانینی Pāṇini ) وە لە سەدەی چوارەمی پێش عیسا دا دەستوورێکی قورس و گرانی بو دانراوە . بەم زمانە لاوکی نیشتمانی گەورەی هیندی (مەهابهاراتە Mahābhārata) و (رامایەنە Rāmāyaṇa ) وتراوە کە ئەگەڕێنەوە بو ناوەڕاستی هەزاری یەکەمی پێش عیسا . هەروەها چیروکەکانی ( پەنچەتەنترە Pañcatantra) کەلای ئیمە بە (کلیلەودمنە) ناسراوە لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠ ی پاش عیسا بە هەمان شێوەی زمان نوسراوە . لە تەنیشت ئەم زمانە ویژەیی یانەوە گەلێك زاراوی جیاجیاش هەبوون کە لەمانە زمانی ویژەیی(هیندی ناوەڕاست) پەیدا بوون وەکوو(پالی) واتە زمانی بوذیکانی خوارووی هیندستان وە زمانی (پراکریت) کە گەلێك زاراوی هەیە . لە زاراوە جیاجیاکانی زمانەکانی هیندی ناوەڕاست زمانی(هیندی نوی)پەیدا بووە کە ئەمرو گەلێك زاراوی هەیە لەوانە زمانی قەرەجەکان .

٢ - ئیرانی ، پێکدێت لە کون و ناوەڕاست و نوی. بە پێی ئەو نوسراوانەی بومان بەجێ ماوە زمانە ئیرانیە کونەکان بریتین لە :(ئاویستایی) - واتە ئەو زمانەی ئاویستای پی نوسراوە کە زمانی ویژەیی ئاینی (زەردەشت)ە . کونترین بەشی ئاویستاش ئەو بەشەیە کە (گاتا) کانی پی نوسراوە واتە ئەو حەڤدە سروودە ئاینیانەی کە گوایە لەلایەن زەردەشتەوە وتراون . بەشەکانی تری ئاویستا پێیان ئەوترێت ئاویستای نوی( یەسنا ، یەشت ، ڤەندیدات ... هتد ) . ئاویستایی ئەگەڕێتەوە بو سەدەی شەشەمی پێش عیسا . نەختێك نوێ تر لە ئاویستایی ئەوەیە کە پێی ئەڵێن (فارسی کون) - پاشماوەکەی ئەو نوسراوانەیە کە دەربارەی شاکانی هەخەمەنشێکان ( دەوری ٥٥٠ - ٣٣٠ پێش). لە سەر بەرد بە پیتی میخی نوسراوە . گرنگترین وگەورەترینیان ئەوەی چیای (بیستوون)ە لە نزیك شاری کرماشانەوە . ( سەکی ) - واتە زمانی (سکوت Skyth ) ەکان کە لە سەدەی حەوتەمی پێش عیساوە ناویان هەیە وە بە ( سەرمەت ) و ( ئالان ) ەکانیش ناویان ئەبەن . توسیتەکانی ئەمرو پاشماوەی ئەمانن. ( میدی ) - واتە زمانی میدەکان کە لە سەدەی نویەمی پێش عیساوە ناویان هەیە . لە چەند وشەیەك بەولاوە تا ئیستا هیچی کە لەم زمانە نەدوزراوەتەوە .

ئاویستایی بە زمانێکی ( روژهەلاتی باکووری ) ئیران ئەناسرێت . فارسی کون یا پارسی بە زمانێکی ( روژئاوایی خوارووی ) ئیران ، سەکی بە زمانێکی ( باکووری ) ئیران وە میدی بە زمانێکی ( روژئاوایی باکووری ) ئیران ئەناسرێن .

لە شێوە جیاجیاکانی زمانە(ئیرانیە کونەکان) زمانە(ئیرانیە ناوەڕاستەکان)پەیدا بوون . لەوانە : فارسی ناوەڕاست کە پێشی ئەوترێت(پەهلەویك) کە زمانی ئاینی و دەولەتی ساسانێکان ( ٢٢٦ - ٦٥١ پاش)-

بووە ، هەروەها ( سوگدی ) ، ( پارتی ) ، ( ساگی ) ... هتد لە زمانە ئیرانیە ناوەڕاستەکانن .

لە زمانە ئیرانیە ناوەڕاستەکان زمانە (ئیرانیە نوێکان) پەیدا بوون وەکوو : فارسی نوێ ، کە ئەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠ ساڵ پاش.هەروەها کوردی ، تاجیکی ، ئەفغانی ، بلوچی ، پامیری و ئوسیتی ش لە زمانە ئیرانیە نوێکانن .

بە زمانە هیندی و ئیرانیەکان بە سەریەکەوە ئەوترێت کۆمەڵە زمانی "هیندوئیرانی" یا "ئاری" .

٣ - ئەرمەنی ، لە سەدەی پێنجەمەوە بە هۆی گوڕینی ئنجیل و هەندێك نوسراوی ئاینی وەرگێڕی وە بەم زمانە نوسراو هەیە . ئەم زمانە پێی ئەوترێت ئەرمەنی کۆن یا کلاسیکی کە جیاوازە لەگەڵ ئەرمەنی ئەمرۆ کە پێی ئەڵێن ئەرمەنی نوێ . ئەرمەنی نوێ لە سەدەی پازدەمەوە جێگای ئەرمەنی کۆنی گرتوەتەوە وە چەند زاراوێکی جیاجیای هەیە .

٤ - فریگی Phryg- ، لە زەمانی کۆن دا لە باکووری ئاسیای بچوکدا قسەی پێ کراوە بەڵام ئەمرۆ لەناوچووە . بەڵگەی بوونی فریگی کۆن هەندێك نوسراوی دۆزراوەیە کە ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش ، فریگی نوێ ئەگەڕێتەوە بۆ زەمانی رومانەکان .

٥ - تراکی Trak- ، لە سەرەتادا لە ناوچەی باکووری بەلقان پاشان لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتدا قسەی پێ کراوە . تا ئیستا لە پێنج چەند ناوێك زیاتر هیچی کەی لێ نەزانراوە .

٦ - هێتیتی Hethit- ، واتە زمانی ئیمپراتوریەتی بەناوبانگی هێتیتیکان کە لە هەزاری دووەمی پێش عیسادا دە سەڵاتێکی زوریان هەبووە . پاشماوەی ئەم زمانە لە ساڵەکانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ دا لە بوغازکوی Boghazköi دۆزراونەتەوە کەلە هەزارەها نوسراوی میخی پێکهاتووە دەربارەی مێژوو ، ئاین ، یاسا کە بە شی زوریان ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ١٥ و ١٤ ی پێش . هێتیتیکان لە سەر دە ستی فریگیکان و هۆزەکانی خزمیان لەناوچوون . ئەم لەناوچوونە بوو بە هۆی لەناوچوونی زمانەکەشیان .

٧ - توخاری Tochar- لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە تورفان Turfan سەدەها دەستنووس بەم زمانە دۆزراونەتەوە کە دوو زاراوی لەیەك نزیك پیشان ئەدا لەوانە یەکێکیان تا سەدەی حەوتەم لە ناوچەی کوچاو توورفان قسەی پێ کراوە .

٨ - یونانی ، کۆنترین زمانی " ئیندوئەوروپی " ە لە ئەوروپا ، کە سەرچاوەکانی ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش عیسا کە بە هۆی دەسەڵاتی یونانەکانەوە لەکاتی خۆیدا زور بلاو بوتەوە . لە سەرەتادا ئەم زمانە لە سێ زاراوی گەورە پێکهاتبوو پاشان یەك زمانی ویژەیی لێ پێکهاتووە کە پێی ئەڵێن ( کوینی Koinê ) واتە زمانی هەمووان . زاراوەکانی یونانی نوێ ئەچنەوە سەر کوینی بەڵام زۆر گۆڕانیان بە سەردا هاتووە . زمانی نووسینی یونانی نوێ زور لە کوینی وە نزیکە .

٩ - ئەلبانی ، لە ئەلبانیا وە لە چەند بەشێکی نیوەدوورگەی بەلقان و خوارووی ئیتالیا قسەی پێ ئەکرێت . تەنیا لە سەدە نوێکان دا بەڵگەی بوونی هەیە . دوو زاراوی هەیە پیان ئەڵێن ( توسکی ) و ( گیگی ) .

١٠ ـ <u>ئلوری</u> Ilyr- لە سەدەی دوانزەهەمی پێش عیسادا لە بەشێکی زۆری ئەوروپا لە دەریای ڕۆژهەڵاتەوە تا وڵاتەکانی دەریای ناوەڕاستەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە تا ئاسیای بچوک بەکارهێنراوە ئەمڕۆ لە چەند وشەو ناوی شوێن و کەسانێک زیاتر هیچی لێ نەماوەتەوە .

١١ ـ <u>ئیتالی</u> ، دووبەشی زۆر جیاواز ئەگرێتەوە ( لاتینو ـ فالیسکی ) وە ( ئوسکی ـ ئومبری ) . گرنگترینی بەشی یەکەم لاتینییە کەلە سەرەتادا زمانی شاری ڕوما بووە و لە پاشا بەهۆی دەسەڵاتی ڕومەکانەوە بووە بە زمانێکی جیهانی . بەڵگەی بوونی لاتینی لە سەدەی شەشەمی پێش عیساوە هەیە کە لە نوسراوەو ویژەیەکی دەوڵەمەندی ڕومیدا ئەبینرێت . زمانە ڕومانێکان واتە ئیتالیایی ، ساردینی پورتوگالی ، ئیسپانی ، کاتەلانی ، فەرەنسی ، ڕیتوڕومانی و ڕومانی گورانێکی زیندوی لاتینییە . بەشی دووەم کە تەنیا بە هۆی چەند نوسراوێکەوە ناسراوە هەر لە زەمانی کۆندا لەناوچوون . زۆر ڕێی تێ ئەچێت کە هەردوو بەشەکە لە بنەڕەتا دوو زمانی " ئیندوئەوروپی " سەربەخۆ بووبن وە تەنیا بە هۆی دراوسێتیەوە جۆرە پەیوەندیەکیان لە ناودا دروست بووبێت .

١٢ ـ <u>کیلتی</u> ، لە نیوەی یەکەمی هەزاری پێش عیسادا ئەمیش وەکوو ئلوری لە بەشێکی زۆری ئەوروپادا بڵاو بوبۆوە . لە کاتی خۆیدا لە دووبەش پێک هاتبوو ، کیلتی ( زەمینی ) و کیلتی ( دورگەیی ) .
هەڵگری نیشانەی کیلتی زەمینی کیلتەکانن لە ئەسپانیا کە بەڵگەی بوونی زمانەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش عیسا هەروەها گالێکان لە فەرەنسا و کیلتەکان لە وڵاتەکانی ئالپ لە خوارووی ئەڵمانیا ، ئیتالیا ، نیوەدورگەی بەلقان وە گەلاتەکان لە ئاسیای بچووک .
کیلتی دورگەیی تا ئەمڕوش چەند بەشێکی بە زیندویی ماوەتەوە کەلە دوو زاراو پێک دێت : ئیری و بریتانی ئیری لە ئیرلەندە و سکوتی لە سکوتلەندە ئەچنەوە سەر بەشی ئیری . کومری لە ویلز و کورنی لە کرونوال وە بریتونی لە بریتانیە ئەچنەوە سەر بەشی بریتانی . کیلتی دورگەیی بە ئیری دەست پێ ئەکات کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم . زاراوەکانی کەی ئەم بەشە نەختێک لە ئیری نوێترن .

١٣ ـ <u>گیرمانی</u> ، هەر لە سەرەتاوە ئەبن بە سێ بەشی جیاوازەوە : گیرمانی باکووری ، گیرمانی ڕۆژهەڵاتی و گیرمانی ڕۆژئاوایی . (گوتی) کە بە هۆی وەرگێڕانی ئنجیلەوە لە سەدەی چوارەمەوە بەڵگەی بوونی هەیە بە نوێنەری گیرمانی ڕۆژهەڵاتی ئەژمێردرێ . ئەم بەشەی زمانە گیرمانیەکان ئەمڕو لە ناو چوون . گیرمانی باکووری کە لە گیرمانی ڕۆژهەڵاتیەوە نزیک ترە وەک لە گیرمانی ڕۆژئاوایی لە سەدەی حەوتەمەوە بە هۆی کۆمەڵێک نوسراوەوە بەڵگەی بوونی هەیە . ئەم بەشە تا ساڵی ١٥٠٠ بە باکووری کۆن ناو ئەبرێت ، پاش ئەوە ئەبێت بە دوو بەشەوە : باکووری ڕۆژهەڵاتی و باکووری ڕۆژئاوایی . باکووری ڕۆژهەڵاتی وەکوو سویدی و دانیمارکی . باکووری ڕۆژئاوایی وەکوو نەرویجی و ئیسلەندی . گرنگترینی ئەم چوارە ئیسلەندی کۆنە کە لە ئیسلەندە ویژەیەکی دەوڵەمەندی هەبووە . وەکوو : ئیدا ، سروودی سکالدەکان ، چیرۆکەکانی ساگا . لە ساڵی ١٥٠٠ بەولاوە ئەم زمانانە ناو ئەبرێن بە : ئیسلەندی نوێ ، نەرویجی نوێ سویدی نوێ ، دانیمارکی نوێ .
گیرمانی ڕۆژئاوایی وەکوو : ئنگلیزی و فریزی و ئەڵمانی . ئەڵمانی دوو جۆرە : ئەڵمانی بەرز وە ئەڵمانی نزم . ئنگلیزی و فریزی زۆرتر لە یەکەوە نزیکن . ئەڵمانی نزم لە نێوانی ئەڵمانی بەرز و ئەنگلۆ-

فریزیدا ئەوە سێی ، کونترین پلەی ئەلمانی بەرز ئەلمانی بەرزی کونە کە ئەگەرڕێتەوە بو سەدەی هەشتەم ، لە سالی ١١٠٠ ەوە تا ١٥٠٠ بە ئەلمانی بەرزی ناوەراست ناوئەبریت ، پاش ئەوە پێی ئەوتریت ئەلمانی بەرزی نوی ، کونترین شێوەی ئەلمانی نزم زاکسی کونە ، لە سەدەکانی ناوەراستەوە پێی ئەتریت ئەلمانی نزمی ناوەراست کە لە سەدەی شانزەهەمەوە بەرەو نەمان ئەچێت ، ئەمرو تەنیا وەکوو زاراوێکی ناوچەیی قسەی پێ ئەکریت کە پێی ئەلێن " پلات دویچ Plattdeutsch " فرەنکی نزمی کون دیسان ئەچێتەوە سەر ئەلمانی نزم ، لەم بەشە هولەندی ئەمرو پەیدا بووە ، انگلیزی کون یا ئەنگلوزاکسی وەکوو ئەلمانی بەرزی کون و زاکسی کون وایە ، لە سالی ١١٠٠ ەوە تا ١٥٠٠ ناو ئەبریت بە انگلیزی ناوەراست پاش ئەوە انگلیزی نوی دەست پێ ئەکات ، فریزی ئەگەرڕێتەوە بو سەدەکانی سیانزەهەم و چواردەهەم ئەم قوناغە ناو ئەبریت بە فریزی کون ، زمانی فلامی لە بەلجیکا دیسان ئەگەرڕێتەوە سەر گیرمانی روژئاوا ،

١٤ - بالتی ، کە لیتاوی و لیتی و پروسی کون ئەگرێتەوە ، بەلگەی بوونیان لەسەدەکانی نوێدا هەیە لیتاوی لە ویژەی میللی دا زور دەولەمەندە ، لیتی زور لە لیتاوییەوە نزیکە بەلام لە رووی زمانەوە پێشکەوتووترە ، پروسی کون سەربەخوترە بەلام ئەمرو نەماوە ، بەلگەی بوونی تەنیا چەند پەیکەرێکە کە ئەگەرڕێنەوە بو سەدەکانی پانزەهەم و شانزەهەم ،

١٥ - سلاڤی ، لە سێ کومەلە زمانی گەورە پێکهاتووە : سلاڤی خوارو ، سلاڤی روژهەلاتی و سلاڤی روژئاوایی ، سلاڤی خوارو وەکوو بولگاری ، سیربوکرواتی و سلوڤینی ، سلاڤی روژهەلاتی وەکوو رووسی کە رووسی گەورە و پچووک و سپی ئەگرێتەوە ، سلاڤی روژئاوا وەکوو چیکی و سلوڤاکی و پولونی و چەند زاراوێکی تر کە ئەمرو نەماون ،

لە هەموو ئەم زمانە سلاڤیانە کونتر بولگارییە ، لەبەر ئەوە لە رووی زانستی زمانەوە لە هەموویان گرنگترە ، بولگاری کون کە ناوئەبریت بە سلاڤی کەنیسە ئەگەرڕێتەوە بو سەدەی نویەم ، بەلگەی بوونی بە هوی تەرجومەی انجیلەوە هەیە ،

ئەمە باسێکی کورت و گشتی بوو لەسەر زمانە " ئیندوئەوروپی " کان ، هیوام وایە لە ژمارەی ئایندەدا بتوانم نە ختێك زیاتر لە سەر زمانە ئیرانیەکان بنووسم ،

ك ، ن ،

سەرنج - لەم وتارەدا وشەی (زاراو) بە مانای (لهجة) وە وشەی (زاراوە) بە مانای (مصطلح) بەکار هێنراوە ،

سەرچاوەکانی ئەم باسە :

- Hans KRAHE, Indogermanische Sprachwissenschaft. Berlin, 1948 .
- Hermann PAUL, Kurze Deutsche Grammatik. Halle(Saale), 1949 .
- Jan RYPKA, Iranische Literatur Geschichte. Leipzig, 1959 .
- Mayers Neues Lexikon(1-8). Leipzig, 1961-1964 .

**ناوەوەی دوابەرگ خۆی سپی بووە**

**لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەدا:**


أ.ف = ئیحسان فوئاد

کاکەی ڕێبوار = کاوس قەفتان

أ.ع = ئەحمەد عوسمان

م.خ = مارف خەزنەدار

ك.ف = کەمال فوئاد



# PIŘŞING

GOVARÉKÎ WÊJEYÎ, ZANISTÎ, KOMEĽAYETIYE
LE LAYEN KOMEĽY XWÊNDIKARANÎ KURDEWE
LE EWROPA DER EÇÊT

هەواڵنامەی کتێب

LEM JIMAREYEDA :


Witarî Pirşing Destey Nûser - 1

Diyarîyêk bo "Pêşmerge..." A.F. - 3

Şeqêk le topeke ! Kakey Rêbwar - 5

Bestey Dildarî - 11

1919 lapereyekî reşe le têkoşanî
Kurd A.'U.- 13

Nêrgis Froş M.X. - 16

Zimane Indo-Ewrupêkan K.F. - 20


JIMARE_1 SALÎ_1 HUZEYRANÎ 1966

# ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان
# ١٩٧٥-١٩٩١
# لێکۆڵینەوە، بیبلیۆگرافیا



بەشی یەکەم نەوزاد عەلی ئەحمەد– سوید

**بەرایی...**

**لەڕێگای ئەم بابەتەدا داوا لەنووسەران و دنیای ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەم، کە هەر بەڕێزو لایەنێك ئەگەر سوود لەم بابەتەو بابەتەکانی دیکەم ببینێت و ئاماژە بەسەرچاوە نەکات و ئەمانەتی زانستی فەرامۆش بکات، ئەوە ئەمجارە بێ سێ و دوو لە دادگا ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە، چونکە تا ئێستا زیاتر لەدەجار دەقاودەق ڕستەو پەرەگراف لەنووسینەکانم وەرگیراون و ئاماژە بەناوو سەرچاوەکانم نەکراون.**

## پێشەکی

بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردو کوردستان لەدەرەوەی وڵات هێزێکی چالاك بوو بۆ ناسینی نەتەوەکەمان و گەیاندنی پەیامی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەرای گشتی لەوڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکادا، چالاکییەکان لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو چەکەرەی کردو خۆی کۆکردەوەو لەناوەڕاستی هەمانکاتدا وەك ناوەندێك کاروانی خەباتی پەرەپێداو لەحەفتاکان و هەشتاکانی هەمان سەدەدا بزووتنەوەی کوردایەتی لەزۆر بۆنەو هەڵکەوتەدا پشتی بەو بزوتنەوەیە دەبەست و پرس و رای پێدەکرد، بەتایبەتیش لەکاتی ڕوودانی کارەساتەکاندا[١]، بزووتنەوەی ناوبراو بێجگە لە بەڕێکردنی خۆپیشاندان و مانگرتن و دەرکردنی بەیاننامەو پۆستەری ناڕەزایی خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ڕۆژنامەگەریی، کەبەداخەوە لەچەند پەرەگراف و پەراوێزێك[٢] بترازێت ئەگەرنا تا ئێستا بابەتێکی شیاو سەبارەت بەرۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەئەوروپاو ئەمریکا نەنووسراوە، لەبەر ئەم هۆیەو لەپێناوی ڕزگارکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی نەتەوەکەمان لەفەوتان دەستم بەنووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە کرد.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە زۆربەی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کە لەم بابەتەدا سوودیان

لێوەرگیراوە لەكتێبخانەی شەخسی[٣] لەسوید كۆكراونەتەوە، چونكە بەداخەوە لەدەرەوە مەڵبەند یاخود ناوەندێك نییە بۆ ئەرشیفكردنی دنیای چاپەمەنی و رۆژنامەگەریی كوردی، ئەمەش یەكێك بوو لەكێشە سەرەكییەكانم.

كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لەئەوروپا لەرۆژی دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٧٥ رێكخراوی سەرەكیی زۆربەی هەرە زۆری خوێندكارانی كورد بووە لەئەوروپا كە كوردی هەموو پارچەكانی كوردستانی لەخۆی كۆكردبووەو ناوەندێكی هاوبەشی كوردیی و كوردستانی بووە، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥ حزبە كوردو كوردستانییەكانی پارچەكانی دیكەش، وەك حزبەكانی كوردستانی باشوور، هەوڵیاندا رێكخراوی خوێندكاریی خۆیان دابمەزرێنن، لەم رووەوە دەمەوێت سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رابكێشم كە ئەم بابەتەی ئێمە جۆرێك لە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زیاتر باس لەو كۆمەڵە خوێندكارییە[٤] كوردو كوردستانییانە دەكات كە لەنێوان ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ ئەو حزبە كوردو كوردستانییانە دایانمەزراندوون كە زیاتر لەكوردستانی خواروو خەباتییان كردووە، وەك یەكێتی نیشتمانی كوردستان، حزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق، پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان، پارتی سۆشیالیستی كورد (پاسۆك).

ئەم بابەتە بەسەر سێ بەشدا دابەشكراوە:

- **بەشی یەكەم:** بریتییە لە گێڕانەوەی مێژووی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لەئەوروپاو كۆمەڵە خوێندكارییەكانی دیكە، هەروەها رابەرێكی رۆژنامەگەریشم سەبارەت بەجیهانی رۆژنامەگەریی ئەو كۆمەڵانە ئامادەكردووە.
- **بەشی دووەم:** لەهونەرەكانی رۆژنامەگەریی كۆمەڵە خوێندكارییەكان دەدوێم.
- **بەشی سێیەم:** وەك دۆكۆمێنت و بۆ دەرخستنی راستی مێژوویی چەند بابەتێك دەقاودەق لەبڵاوكراوەو رۆژنامەو گۆڤارەكان دەنووسمەوە.

**بەشی یەكەم:**

## مێژووی بزاڤی خوێندكارانی كورد لەدەرەوە

پاش دابەشكردنی كوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی جیاوازدا، جیاواز لەسنووردا ئەگەرنا بەرنامەی لەپێشینەی هەر یەكێك لەو دەوڵەتانە بریتی بووە لەتواندنەوەو چەوساندنەوەو جینۆسایدی نەتەوەی كورد، ئەو هوشیارییەش سەرەتا لەلای خوێندەوارو رۆشنبیران هەستی پێكراوە، ئەو دەستەیەش تا بۆی لواوەو بواری بۆ رەخساوە ئەو شێوە سیاسەت و داپلۆسین و دیسپلین-ەی رەتكردۆتەوەو خەباتی لەدژی كردووە، بەڵام كە هیچ بوارێكی بۆ نەماوەتەوە رووی لەتاراوگە كردووەو بەشێوازێكی دیكە خەباتی نەتەوەیی پەرەپێداوە، لەو روانگەیەوە بۆمان دەردەكەوێت كە یەكەمین دەستە لەكوردو خەڵكی كوردستان كەرووی لەدەرەوەی كوردستان كردبێت بریتی بوون لە رۆشنبیرو روناكبیران و زیاتریش لەچلەكانی سەدەی رابردوو دەستی پێكردووەو بۆ وڵاتانی ئەوروپاش بووە، بەڵام دیارترین كۆچ پاش رووخاندنی كۆماری كوردستان ١٩٤٦ دەستی پێكردووە[٥] كە دەیان كەس ئەوساو بەگوێرەی دەرفەت روویان لەوڵاتانی ئەوروپا كرد، بەڵام دەبینین لەگەڵ هەر گۆڕانكارییەكی دەسەڵاتدا لەو وڵاتانەی كە كوردییان بەسەردا دابەشكراوە، چەوسانەوە ستەمێكی دیكە رووبەرووی كورد بۆتەوەو دەستەیەكی دیكە ئەو واقیعەیان قبوڵ نەكردووەو روویان لەدەرەوە كردووە، بەڵام كۆچی دیاری كورد دوای نسكۆی (١٩٧٥)و ئەنفالەكانی (١٩٨٨) و (١٩٩١) و (١٩٩٦) لە كوردستانی عێراق و لەماوەی حوكمی میلیتاریەتی تورك و دەسەڵاتدارێتی جمهوری ئیسلامی ئێران لە ١٩٨٠ دەستی پێكردووە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین كە كۆمەڵێك لاو بۆ خوێندن و بەناوی خوێندن روویان لەئەوروپاو ئەمریكا كردووەو پاشان بوونەتە تاكی چالاك و ناسراوی نێو بزووتنەوە خوێندكارییەكان، دیارە هەندەران و بزووتنەوەی خوێندكارانی كورد لەدەرەوەی

کوردستاندا پێویستی بەباس و لێکۆڵینەوەو لێدوانی تایبەت و فراوان هەیە، ئەو چەند دێرەی ئێمەش تەنیا بۆ زانیاری گرێدراوە بە ناونیشانی سەرەکی بابەتەکەمانەوە.

## "کوردستان" یەکەمین ناوەندی رووناکبیری

رۆژنامەی کوردستان-١٨٩٨ سەرەتای یاخیبوونی رۆشنبیری کوردە لەداگیرکەرو ستەمکارانی کوردستان، گەڕان بووە بۆ ئازادی دەربڕین و راچەنینی وشەی کوردی لەزنجیریی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر، رۆژنامەی کوردستان لەزۆر بوارو دەریچەو تا ئاستێك دەروازەشدا لێکۆڵینەوەو قسەوباسی لێوەکراوە، بەڵام ئەوەی من نەمبینیوەو نەکەوتۆتە بەرچاوم و نەمخوێندۆتەوە، ئایا رۆژنامەکە نووسینگەیەکی بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی هەبوون؟ ئایا بەتەنیا میقدادی مەدحەت بەدرخان تەواوی ئیشەکانی رایی کردووە؟ ئەگەر نووسینگەی خۆی نەبووە،ئایا ئەدرێسی رۆژنامەکە، هەمان ئەو ئەدرێسە بووە کە رۆژنامەکەی لێ چاپکراوە؟ کوردستان لەمیسر و سویسراو بەریتانیا چاپکراوە، شوێنگۆڕکێ بەشوێنی چاپکردنی کراوە، ئایا میقداد مەدحەت لەمیسر نیشتەجێ بووە و بەپۆست رۆژنامەکەی ناردۆتە سویسرا یاخود بەریتانیا تا چاپبکرێت؟ یان لەو وڵاتانەش لەچاپخانەدا خۆی سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە؟ چونکە ژمارەکانی کوردستان لەباری فۆرمدا (**پیت، دیزاین، قەبارە**) زۆربەی ژمارەکانی وەك یەکەو گۆڕانکاریی تێدانەکراوە.

"**کوردستان**" ئەگەر لەو وڵاتەدا نووسینگەشی نەبووبێت بۆ کۆکردنەوەی رۆشنبیرانی کوردو دۆستانی نەتەوەکەمان، بەڵام لەئەسڵی مەبەستدا دەکرێت مێژوونووسانی کورد وەك یەکەمین ناوەندی رووناکبیری کوردیی لەدەرەوەی کوردستان سەیری بکەن و لێکۆڵەرانیش لەو بوارەدا خوێندنەوەی بۆ بکەن، چونکە ئەگەر مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لەتاراوگە واتە دەرەوەی کوردستان بنووسرێتەوە پێویستە رۆژنامەی کوردستان وەك چۆن یەکەمین رۆژنامەی کوردییە، بەیەکەمین رۆژنامەی کوردی لەتاراوگەش لەقەڵەم بدرێت و ئێمەش کاتی خۆی بەیەکەمین رۆژنامەی نهێنی[٦] کوردیشمان پۆلێن کردووەو داناوە.

کەواتە رۆژنامەی کوردستان پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاران لەئەوروپا ئەم دەستی بەبزاوتی رووناکبیریی کوردی کردووە.

## کورتە مێژوویێکی

## بزاڤی خوێندکاران لەدەرەوەدا

راستە کوردستان ناوەندو هەناوی دامەزراندنی بزوتنەوەی سیاسی و رێکخراوی حزبی بووە، بەڵام ئەگەر ئەستەنبوڵ وەك پایتەختێکی رێنسانیسی مەعریفی کوردی لە (١٩٠٨-١٩٢٤) لەو رستەیە دەربهاوێین، ئەوە ئەوروپا مەڵبەندی دامەزراندن و راگەیاندنی بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد بووە، ئەگەرچی سالی ١٩٤٦ دوای جاڕدانی کۆماری کوردستان لەمەهاباد کۆمەڵەیەك دامەزرا[٧] بەناوی (**یێکەتی جەوانانی دیموکرات**) گۆڤاری خۆشیان هەبوو، بەڵام کۆمەڵەیەکی تایبەت نەبووە بەخوێندکاران، بەڵام سالی ١٩٤٩ لەشاری (**لۆزان**)ی وڵاتی سویسرا بەدەستپێشخەری نورەددین زازاو عیسمەت شەریف وانلی کۆمەڵەی (**لاوانی دیموکراتی کورد لەئەوروپا**) دامەزراو زیاتر گرنگی بەژیانی رێکخراوەیی خوێندکاران داوە، سەبارەت بەم رێکخراوە دوو بۆچوونی دوو نووسەر وەردەگرین:

(ساڵی ١٩٤٩ چەند خوێندکارێکی دڵسۆزی کورد کە ئەوکاتە لەئەوروپا ئەیانخوێند، لەوانە: نورەددین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت عەقراوی، عەبدوڵڵا قادر... بیریان لەوە کردەوە کە رێکخراوێك بۆ خوێندکارانی کورد لەئەوروپا دابمەزرێنن، تا ئەمانیش بتوانن وەك خوێندکارانی وڵاتانی تر شان بەشانی خوێندکارانی جیهان تێ بکۆشن و هەوڵ بدەن مەسەلەی گەل و نیشتمانەکەیان بەگەلانی جیهان بناسێنن، لەبەر کەمی ژمارەی خوێندکارانی کورد

لەوکاتەدا و لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە ئەو بیروباوەڕە زیادتر باوبوو کە خوێندکارانی هەر وڵاتێك دەبێ لەو ڕێکخراوانەدا کاربکەن کەبەناوی دەوڵەتەکانیانەوە ناونراون، ئەم کۆمەڵەیە ئەوەندە بڕی نەکردو پاش چەند ساڵێك لەناوچوو[٨].

**(لە ١٩٤٩دا لە لۆزان–سویسرا– پێنج قوتابی کورد لە یەکتر کۆدەبنەوەو بڕیاردەدەن کۆمەڵەیەکی قوتابیان لەئەوروپا دروست بکەن، هیچ نەبێ بۆ پێشوازی کردن لەو قوتابییە کوردانەی کە تازە دەگەنە ئەوروپا، هەروەها لەپێناو بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و زانیاری لەبارەی کێشەی کورد لەناو زانکۆکانی ئەوروپا و لەناو قوتابیانی کوردی لەئەوروپادا، عیسمەت شەریف وانلی و نورەدین زازا، کە دوو ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری دیاری کوردن سەرقافڵەو ڕێبەری ئەو قوتابیانە بوون، کۆمەڵەکەیان دامەزراند بەناوی کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد لەئەوروپا[٩]**

**(Jeunesse Democratique Kurde en Europe)**

ئەم ڕێکخراوە کارو چالاکی زۆر دیارو بەناوبانگی نەنواند، بەڵام هەوڵێکی سەرەتایی گەشە لەمێژووی بزاڤی خوێندکاران لەئەوروپادا و بووە بناغەیەك بۆ گەڵاڵەی بیری کارکردن بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوێکی باشترو یەکگرتووتر و پڕ بەرهەمتر (حەڤدە خوێندکاری کورد کە ئەوکاتە لەئەوروپا ئەیانخوێند بەهاندان و دەستپێشخەری دکتۆر نورەدین زازا لە ١٠ تا ١٦ی ئابی ١٩٥٦ لەشاری ڤیزبادن لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا کۆبوونەوەو بڕیاریاندا کە کۆمەڵەیەك بۆخۆیان دابمەزرێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە یەك نەبوون کە خوێندکارانی کوردیش مافی ئەوەیان هەیە وەك خوێندکارانی هەموو وڵاتانی جیهان ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆیان هەبێت، پاش گێرمەو کێشەیەکی زۆر کە حەوت ڕۆژی خایاند، ئەمجا بڕیاریان دا کە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری بۆ خوێندکارانی کورد دابمەزرێنن بەناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی[١٠] خوێندکارانی کورد لەئەوروپا کە تەنیا لەڕووی ڕۆشنبیری و گۆڕینەوەی زانیارییەوە پەیوەندی نێوان خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ڕێك بخات و هەقی بەسەر سیاسەت و تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نەتەوەی کوردەوە نەبێت[١١].

ئەم ڕێکخراوە لەکۆنگرەی سێ ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا) و ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێداوەو تا ساڵی ١٩٧٥ بەیەکگرتوویی مایەوەو لەو ماوەیەدا شازدە کۆنگرەی بەستووەو لەکۆنگرەی حەڤدەدا ڕێکخراوی ناوبراو یەکڕیزی خۆی لەدەست داو کۆنگرەکەش شکستی هێنا، پاش ئەو ڕووداوە هەر حزبە ڕێکخراوی خوێندکاریی خۆی دامەزراند، بۆ نموونە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەر یەکەو بەجیا یەکێکیان لە چیکۆسلۆڤاکیا و ئەویدیکە لەئەڵمانیا ناوەندێکی خوێندکارییان دامەزراند بەهەمان ناو واتە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا -KSSE-، ناوە ناوەش بەجیا کۆنگرەی خۆیان سازدەکرد، یەکێتی نیشتمانی کوردستان–یش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات –ئەکسا–ی هەبوو کە خۆی بە درێژە پێدەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا دەزانی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی[١٢] ئەکسا نووسیویەتی: (کۆنگرەی حەڤدەهەم لەهاوینی ساڵی ١٩٧٦دا لەشاری فرانکفۆرت لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا پێك هات ئەم کۆنگرەیە ناوی کۆمەڵەی گۆڕی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە ناسراوە بە ئەکسا کورتکراوەی ناوی کۆمەڵە بە ئینگلیزی

**(Association of Kurdistan Students Abroad) (AKSA)**

هەروەها لە سەروبەندی کاروچالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦–١٩٧٥ (نوکسە–NUKSE)ەش دروست بوو.

**(نوکسە NUKSE واتە یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، لەڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٥دا واتە لە ١٩٦٥/٣/٢١ دا لەمۆنیخ لەلایەن**

**بروسکە ئیبراهیم و لەتیف عەلی و ئەحمەد نەقیب و نووسەری ئەم وتارەوە دامەزرێنرا.. لەساڵی ١٩٧٧ دا خۆی هەڵوەشاندەوە)**[١٣] ئەمەو لەڕۆژی ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لەئەوروپا واتە (**سۆکسە**)[١٤] دامەزرا، ئەو دو ڕێکخراوە نەخۆیان بە بەشێك لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ١٩٥٦-١٩٧٥ دەزانی، نەخۆیان بە درێژکەرەوەی ئەوان زانیوە، ڕێکخراوی (**سۆکسە**) نزیك و سەر بەپارتی سۆسیالیستی کورد (**پاسۆك**) بوو، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان-یش لەدەرەوەی کوردستان ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوێکی بۆ خوێندکاران و لاوان دروستکردووەو ناوی لێناوە یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەوروپا کە بە (**یوکسی**)[١٥] بەناوبانگ بووە.

هەروەها لەسەرچاوەیەکدا[١٦] ناوی ئەم دوو ڕێکخراوەش هاتووە (**کۆمەڵەی خوێندکارە کوردستانییەکان لەئەمریکا و کەنەدا) و (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی وڵاتە یەکگرتووەکان-سەربەخۆ**).

هەر یەکێك لەو ڕێکخراوە ناوبراوانە بەگوێرەی تواناو بوونی ئەندام و ئەندامی چالاك كاريان كردووەو كاریگەرییان هەبووە، ئەو کەرتبوون و پارچە پارچە بوونەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بەو شێوەیە مایەوە تا لەکوردستان بەرەی کوردستانی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان پێك هێنرا ئەوانیش خوێندکارییە کوردو کوردستانییەکان لەدەرەوەی وڵات لەبەرلینی ڕۆژئاوا کاروبارەکانی بەڕێوەبردو جارێکی دیکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا (KSSE) بەیەکگرتوویی هاتەوە مەیدانی خەبات، دروستکردنەوەی ڕێکخراوی ناوبراو زۆر نزیك بوو لەپێکهاتەو چۆنیەتی کارکردن و بەڕێوەبردنی بەرەی کوردستانی، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی خوێندکاران و ئەنجامەکانی پێش ئەوەی کۆنگرەکە سازبکرێت بەزیاتر لەسێ مانگ نامەیەکی هاوبەشی ئەمرپێکراویان ئاڕاستە کراوە کە ئیمزای هەریەکێك لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حزبی شیوعی عێراقی لەسەرە، نامەکە بەعەرەبی نووسراوەو بریتییە لەپازدە خاڵ و مێژووی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٢ لەسەرە-بۆ نموونە چەند خاڵێك بەوەرگێڕانی بۆ سەرزمانی کوردی دەنووسینەوە.

**- لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لەنوێنەرانی ئەم سێ لایەنە پێك دێت:**

١- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ناوەندی پراگ.

٢- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ناوەندی بەرلین.

٣- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات ناوەندی بەرلین/ ئەکسا.

- کۆنگرەی یەکگرتنەوە لەئابی ١٩٨٨ لەبەرلینی ڕۆژئاوا سازدەکرێت.

- دەستەی بەڕێوەبردنی گشتی لە (١٩) ئەندام و سکرتاریەت لە (١١) ئەندام پێك دێت.

- مەسەلە سەرەکییەکان، پێشەکی و لەبنەڕەتەوە حزبەکانمان لەسەری ڕێك کەوتوون.

- سکرتاریەت لە ٩-١١ ئەندام پێك دێت بەم شێوەیە: پدك-٢، حشع-٢، ی ن ك-٢، حسك-١، پدگل-١، حشع سوریا-١، چەپی کوردی تورکیا-١، کوردی سوریا-١، ئەگەر گونجا ئێران-١، بێلایەن-١.

- سەرۆکایەتی سکرتاریەت دەورییە، لەنێوان پدك، حشع، ی ن ك، ئەگەر لایەنێك بووە سەرۆك نوێنەرانی دوو لایەنەکەی دیکە دەبنە جێگر.

-میساقی بەرەی کوردستانی دەکرێتە بنەما لەکاتی ئامادەکرنی ڕاپۆرتی سیاسی بڕیارەکانی کۆنگرەدا[١٧].

دوای ئەو کۆنگرەیە وەك چۆن لەکوردستان مەیدانی خەباتی پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخستن لەنێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا قۆناغێکی زێڕینی لەکاری هاوبەش و بەرهەمی هاوبەشدا بەخۆوە بینیووە، بەهەمان شێوە لەدەرەوەی کوردستانیش بەتایبەتی لەئەوروپاو ئەمریکادا زۆربەی کوردی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان بەو گۆنگرەیە

ئومێدیان بەسەرکەوتنی بەرەی کوردستانی تۆکمەتر بوو، راستە نەدەبوو سەرکردایەتی حزبەکان راستەوخۆ ئەمر بە کۆمەڵەکانی خوێندکاران بکەن بۆ گرێدانی کۆنگرەی یەککگرتن، بەڵام ئەگەر بەواقیعیانە ئەوێ رۆژێ بخوێنینەوەو ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵەکانی خوێندکاران ورد بکەینەوە کۆنگرەکە لەبەر ئەوەی کۆنگرەی یەکگرتنی کۆمەڵەی خوێندکارییە حزبییەکان بوو، بۆیە کۆمەڵەکانیشیان چاوەڕێی بڕیاری سەرووی خۆیان دەکرد.

بەڵام وەنەبێت هەموو رێکخراوە خوێندکارییەکان دوای سەرلەنوێ دامەزراندن و دروستکردنەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا خۆیان لەنێو کۆمەڵەی ناوبراو هەڵوەشاندبێتەوە، نەخێر چەند رێکخراوێك بەشێوەی پێکهاتەی یەکگرتنەکە رازی نەبوون، یەکێك لەو رێکخراوانە (**رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا- سوکسە**)ی سەر بەپارتی سۆشیالیستی کورد-پاسۆك بوو.

بەگشتی چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا و رێکخراوە خوێندکارییەکانی دیکە رازی نەبوون لەکۆنگرەی یەککگرتنی خوێندکاراندا خۆیان هەڵبوەشێننەوە تا رۆژانی راپەڕینی ١٩٩١ بە گوڕوتین درێژەی هەبووە، بەڵام دوای ئەو مێژووە چالاکی و بەرهەمەکانیان روو لەکزی بوو تا وا کەوتنەوە ناویان بووە بەشێك لەلاپەڕەکانی مێژوو، لەمەڕ لاوازبوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا رایەك هەیە کە، وەك هەموو رێکخراوە خوێندکارییەکانی دیکە لەجیهاندا چالاییەکانی کزو لاواز بوو[١٨].

## کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران

* کۆنگرەی دامەزراندن، ١٠-١٩٥٦/٨/١٦ شاری فیزبادن لە ئەڵمانیای فیدراڵ:

پاش گفتوگۆیەکی حەوت رۆژە لەنێوان حەڤدە خوێندکاردا بە دەست پێشخەری (نورەددین زازا) بڕیاریاندا کە کۆمەڵەیەك بۆ خوێندکارانی کورد دابمەزرێنن و ناویان لێنا (**کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا**).

* کۆنگرەی دووەم، ٢-١٩٥٨/١/٤، لەندەن- بەریتانیا، بیست و دوو خوێندکار تیایدا بەشداربوون.
* کۆنگرەی سێیەم، ٤-١٩٥٨/٨/٨، میونیخ- ئەڵمانیای رۆژئاوا.

حەڤدە خوێندکار تیایدا بەشداربوون و لەم کۆنگرەیەدا ناوی کۆمەڵەکە کرا بە (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا**)

* کۆنگرەی چوارەم، ٢٣-١٩٥٩/٧/٢٦ ڤییەننا- نەمسا، چل خوێندار بەشداربوون.
* کۆنگرەی پێنجەم، ٢١-١٩٦٠/٨/٢٦، بەرلینی رۆژئاوا، حەفتاو دوو خوێندکار بەشداری کۆنگرەکەیان کرد.
* کۆنگرەی شەشەم، ٢١-١٩٦١/٨/٢٦، مونستەر- ئەڵمانیای فیدراڵ، سەدونۆ خوێندکار بەشداربوون.
* کۆنگرەی حەوتەم، ٩-١٩٦٢/٨/١٥، براون شفایك- ئەڵمانیای فیدراڵ، سەدو دە خوێندکار بەشداربوون.
* کۆنگرەی هەشتەم، ٩-١٩٦٣/٨/١٥، میونیخ- ئەڵمانیای رۆژئاوا، سەدو پەنجاو شەش خوێندکار بەشداربوون.
* کۆنگرەی نۆیەم، ٣-١٩٦٤/٨/٦، هانۆڤەر- ئەڵمانیا، سەدو هەشتاو سێ خوێندکار بەشداربوون.
* کۆنگرەی دەیەم، ١٧-١٩٦٥/٨/٢٢، بەرلینی رۆژئاوا، سەدو بیست و پێنج خوێندکار بەشداربوون.
* کۆنگرەی یازدەم، ٢٦-١٩٦٦/٨/٣٠، بەرلینی رۆژئاوا. سەدو حەڤدە خوێندکار بەشداربوون.
* کۆنگرەی دوازدەم، ٢٧-١٩٦٧/١٢/٣١، بەلگراد.
* کۆنگرەی سیازدەم، ١١-١٩٦٩/٨/١٦، بەرلینی رۆژئاوا.
* کۆنگرەی چواردەم، ١-١٩٧٠/٨/٥، ستۆکهۆڵم- سوید.
* کۆنگرەی پازدەم، ١٥-١٩٧٢/٨/١٩، بوخارست- رۆمانیا.

* کۆنگرەی شازدەم، ١٦-١٩٧٣/٨/٢٠، بەرلینی رۆژئاوا.
* کۆنگرەی حەڤدەم، ٢٧-١٩٧٥/٨/٢٨، بەرلینی رۆژئاوا[١٩].

ئەم کۆنگرەیە بەهۆی هەرەسی شۆڕش و بزوتنەوەی چەکداری لەکوردستانی خوارو شکستی هێناو زۆربەیان لەگەڵ ئەوە نەبوون کە وەکو پێشوو خۆیان بەسەرکردایەتی پێشوو ببەستنەوە[٢٠]، ئیتر هەر حزبەو کۆمەڵەی تایبەت بەخۆی دروست کردو زۆربەی کۆمەڵەکانیش خۆیان بە درێژکەرەوەی (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا**) دەزانی، دوای ئەو مێژووە ئەم کۆمەڵە خوێندکارییانە دەست بەکاربوون:

- **کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات (ئەکسا).**
- **کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا-ناوەندی پراگ (KSSE).**
- **کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا-ناوەندی بەرلین (KSSE).**
- **کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەورووپا (یۆکسی).**
- **ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لەئەورووپا (سۆکسە).**
- **لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی دیکە.**

ئەمانەش ساڵانە، یاخود هەر دووساڵ جارێك یان زیاتر، کۆنگرەی تایبەت بەخۆیان گرێداوە، دوای جاڕدانی بەرەی کوردستانی زۆربەی ڕێکخراوەکان بەهەوڵی حزبەکانی ناو بەرەو بەبڕیارێکی سیاسی سەرووی خۆیان لەرۆژانی ١٩-١٩٨٨/٨/٢١ کۆنگرەی یەکگرتنی خوێندکارە کوردو کوردستانییەکانی دەرەوەی کوردستان لە شاری بەرلینی رۆژئاوا سازکراو لەژێر ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەورووپا (KSSE) دەستیان بەچالاکی نواندن کرد، ئەم یەکگرتنە یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی جاڕدان و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، کۆمەڵەی ناوبراو تا چەند ساڵێکیش دوای راپەڕینی ١٩٩١ لەسەر کارو چالاکییەکانی بەردەوام بوو.

## ئامانجەکانی کۆمەڵە خوێندکارییەکان

نسکۆی ١٩٧٥ کاریگەری دەروونی شکست و نائومێدی هەر تەنیا لەسەر کوردەواری لەناوەوەی کوردستان دروست نەکرد، بەڵکو کوردی دەرەوەشی نیگەران کردو بەبیرو شێوازو کردەوەو شێوە خەباتێکی دیکە سەیری بزوتنەوەی شکستخواردووی کوردایەتی دەکرا، سەرەتای گۆڕانکارییەکە رووبەڕووی تاکە ڕێکخراوێکی چالاکی کوردی و کوردستانی لەدەرەوەی کوردستان بووەوە کە ئەویش (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا KSSE**) بوو، ڕێکخراوەکە کەرتبوو، هەر حزبەو ڕێکخراوی خوێندکاریی خۆی بەڕێوەدەبردو کاروچالاکی خۆی دەکرد، بەڵام هەر هەموویان، ئەگەر کۆك نەبووبن ئەو، لەئامانجی نووسراویاندا زۆر لەیەکتر نزیك بوون ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لەناساندنی کوردو کوردستان و کێشە رەواکەی نەتەوەکەمان بەناوەندەکانی بڕیار لەجیهان و ئاگادارکردنەوەی رای گشتی لەو ستەم و تاوانانەی کە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەرهەق بەنەتەوەکەمان دەیکەن، ئەمەو بێجگە لەخزمەتکردنی پەنابەرانی کوردو کۆکردنەوەو نزیك کردنەوەیان لەڕێکخراوەکانیاندا.

ئەرك و کارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە کۆنگرەیەك بۆ کۆنگرەیەکی دیکە، بەگوێرەی هەڵکەوت و بەرکەوتە سیاسی و گۆڕانکارییەکانی دنیا، کەمێك دەستکاریی کراون، ئەگەر تا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا هەر لەدوای کۆنگرەی سێ (١٩٥٨) کە وشەی (زانستی) لەخۆی داماڵی بووە بەشێك و تەواوکەرو زۆر نزیك لەخەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لەناوەوەی کوردستاندا.

ناکرێت لەبابەتێکی لەم شێوەیەدا ئامانجی هەموو ڕێکخراوە خوێندکارییەکان شیتەڵ بکەین و لەنێوان یەکتردا بەراوردیان بکەین و خاڵە جیاوازییەکانیشیان دەست نیشان بکەین، چونکە ئەمە پێویستی بە بابەتێکی سەربەخۆ هەیە، هەر بۆیە بەدۆکۆمێنتێکردنی ئەم باسەو باشتر تێگەیشتن

لەئامانجی هاوکۆیی خوێندکاران کە لەکۆنگرەی یەکگرتووی مەڵبەندە خوێندکارییە کوردو کوردستانییەکان لەئەوروپا ١٩-١٩٨٨/٨/٢١ لەبەرلینی رۆژئاوا بڕیاری لەسەر دراوە دەقاودەق دەینووسینەوە.

## ئەرك و ئامانجەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا:

١- هەوڵدان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی یەکێتی ریزەکانی بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا و پتەوکردنی پەیوەندی و دۆستایەتی لەنێوان ئەندامەکانی دا، بۆ یارمەتی دان و نەهێشتنی گیروگرفتەکانی ئەکادیمی و کۆمەلایەتییەکانیان.

٢- بەشداری و پشتگیری لەخەباتی رزگاریخوازی و دیموکراسی گەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان دا، لەپێناوی بەدیهێنانی مافی چارەنووسی خۆ.

٣- پەیداکردن و پتەوکردنی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی لاوان و خوێندکارانی جیهان و هێنانە کایەی رۆڵ و چالاکی کۆمەڵە لەریزی یەکێتی قوتابیانی جیهانی و پشتگیری خەباتی گەلانی ژێر دەست و هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان.

٤- پاراستنی وێژەو کەلتووری نەتەوایەتی و سوود وەرگرتن لە بیری زانستی و رۆشنبیری پێشکەوتنخواز لەجیهان.

٥- بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندکارانی کوردو ئەو دەربەدەرو کرێکارە کوردانەی کە بۆ دەرەوەی کوردستان کۆچیان کردووە یان بەزۆر کۆچیان پێ کراوە.

٦- هەڵسان بەکۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتی و گشتی بۆ خوێندکارانی کوردو ژیاندنەوەی رۆژو یادە مێژوویی و جەژنە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان.

٧- نواندنی چالاکی بۆ پەیداکردنی هاوکاری بۆ گەلی کوردو گەلانی چەوساوەی جیهان.

٨- پەیداکردن و بەرەودان بەپەیوەندی لەگەڵ رێکخراوو دەزگا دەوڵەتییەکان.

٩- ئاگاداری و چاودێری کردنی بارودۆخی خوێندکارانی کورد لەرووی خوێندن و هاندانیان بە بەرەو پێشەوەچوونی رادەی زانست و زانیاریان و گەڕانەوەیان بۆ بەشداری لەخەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان دا.

١٠- دەرکردنی ئۆرگانێکی ناوەندی بەناوی "کوردستان" و هەروەها بلاوکراوەی دیکە بەزمانی کوردی و زمانە بێگانەکان.

١١- پشتگیری کردنی هەموو هەوڵدانێکی زانستیانە بۆ هێنانەکایەی زمان و نووسینی یەکگرتووی کوردی و بلاوکردنەوەی ئەو نووسراوانەی کە لەخزمەتی مێژوو و کەلتووری گەلی کورد دان و دەوڵەمەندی دەکەن[٢١].

بە بەراورد کردنی ئەم خالانە، بەئەرك و ئامانجەکانی ئەو رێکخراوانەی دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لەساڵی ١٩٧٥دا دەستیان بەکارو چالاکی کرد، ئەوەندە جیاوازنین، بەڵکو ئەگەر وەکو یەك نەبن ئەوە یەکتر تەواو دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئامانج و ئەرکەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورپا (KSSE)ی سەر بەحزبی شیوعی عێراق بکەین کە لەکۆنگرەی (١٩)ی نیسانی ١٩٨٧ بڕیاری لێدراوە، دەبینین هەمان شتەو بریتییە لە (١١) خاڵ، بەلام تەنیا لەشێوازو نووسینی خاڵەکاندا پاش و وپێش بەرستەو چەمکەکان کراوە، یاخود چەند خاڵێك روونتر کراوەتەوە یاخود بەپێچەوانەوە.

بەکورتی بەخوێندنەوەی ئامانجەکانی کارو چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپاو رێکخراوە خوێندکارییەکانی دیکە، تێدەگەین کە بۆچی دامەزراون و لەسەر چ بنەمایەك بەرهەمیان پێشکەش کردووە.

## زۆر بەکورتی مێژووی رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان:

بۆ باشتر ناسین و لێدوان و لێکۆڵینەوە لەمێژووی رۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا، من بیروڕام وایە کە ئەو مێژووە بەسەر ئەم چەند قۆناغەدا دابەش بکەین:

**– قۆناغی یەکەم، سەرەتای خەبات (١٩٤٨–١٩٥٦):**

ئەم قۆناغە ساڵی ١٩٤٨ بە کۆبوونەوەی چەند خوێندکارێك دەست پێدەکات بەتایبەتیش کامەران عالی بەدرخان کە بەمەبەستی خزمەتی خوێندکاران و کێشەی نەتەوەکەمان گۆڤارێکیان لەژێر ناوی بولتەن (Bulletin) بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لەهەمان ساڵدا دەرکردو تا ساڵێ ١٩٦١ زیاتر لە پازدە (١٥) ژمارەی لێ دەرچووە، ساڵی ١٩٤٩ گۆڤاری (**دەنگی کوردستان**) (**La Voix Du Kurdistan**) بەزمانی فەرەنسی و کوردی لەلایەن کۆمەڵەی لاوانی[٢٢] دیموکراتی کورد لەئەوروپا لەشاری لۆزان–ی سویسرا لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی و نورەدین زازا بلاوکراوەتەوە، ئەمانە هەنگاوی سەرەتاو یەکەمینی خەباتی خوێندکارانە لەتاراوگە.

**– قۆناغی دووەم، هێزێکی یەکگرتوو ١٩٥٦–١٩٧٥:**

ساڵی ١٩٥٦ کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لەشاری ڤیزبادن–ی ئەڵمانیا دامەزراوەو دەستی بەبلاوکردنەوەی گۆڤاری (**کوردستان**) بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کردووە، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٥٨ دەرچووەو گوایە ژمارە (١٦)، کە لەساڵی ١٩٧٢ دەرچووە، دوا ژمارەیەو لە وڵاتی بەریتانیا دەرچووە، کۆمەڵەی ناوبراو لەنەمسا گۆڤارێکی دیکەی دەرکردووە بەناوی (**پرشنگ**) ژمارە (١) ساڵی ١٩٦٦ و ژمارە (٢) ساڵی ١٩٦٧ بلاوبۆتەوە، ساڵی ١٩٦٣ ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لەئەمریکا[٢٣] دادەمەزرێت و هەمان ساڵ گۆڤارێك لەژێر ناوی (**The Kurdish Journal**) دەردەکات و تا ساڵی ١٩٦٩ بەردەوام دەبێت، ساڵێ ١٩٦٥ لەئەڵمانیا یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەئەورپا (**نوکسە**) دادەمەزرێت، ڕۆژنامەیەك بەناوی (**خوێندی کورد**) بەزمانی کوردی و ڕۆژنامەیەکی دیکە بەناوی (**کوردستان ئینفۆرماسیۆن**)[٢٤] بەزمانی ئەڵمانی بلاودەکاتەوە، هەر لەم قۆناغەدا ١٩٥٦–١٩٧٥ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (**KSSE**) لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لقی کردەوەو زۆربەی لقەکانیش گۆڤارو بلاوکراوەی خۆیان بلاوکردەوە، لقی ئەڵمانیا گۆڤارەکەی بەناوی (**شۆڕشی کورد**) بووەو بەزمانی کوردی و عەرەبی بابەتی بلاوکردۆتەوە و ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٧١ و ژمارە (٢) ساڵی ١٩٧٢دا دەرچووە. ئەمەو گوایە دوای ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ساڵی ١٩٧٢ گۆڤاری (**کوردستان**)ی وەستاند، لەهەمان ساڵدا بەهەمان ناوی (**کوردستان**)[٢٥]، بەڵام بەشێوازێکی دیکە تەنیا بەزمانی ئینگلیزی دەستی بەبلاوکردنەوەی گۆڤارێکی ساڵانە کردۆتەوەو تا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٥ هەژدە ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە، ئەم قۆناغە قۆناغێکی دیاری ڕۆشنی بزوتنەوەی خوێندکاران و ڕەوتی ناساندنی کوردایەتییە بەجیهانی دەرەوە، بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا باسکێکی بەهێزی یەکگرتووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بووە.

**– قۆناغی سێ یەم، پەرتبوون و فرە ڕێکخراوەیی ١٩٧٦–١٩٨٨:**

نسکۆی ١٩٧٥–ی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان لەکوردستانی باشوور کاریگەری لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان جێهێشت و چەندان پرسیاری بێ وەڵامی ڕووبەڕووی مرۆڤی کورد کردەوە، هەرەس لەدەرەوەی کوردستانیش، کوردی سەرگەردان کردو ڕێکخراوی (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا**)شی لێکترازان و پەرتکرد، هەر حزبە ڕێکخراوی خوێندکاریی خۆی دروستکردو هەر یەکێك لەو ڕێکخراوانە گرنگی بەباری ڕۆژنامەگەریی داوەو چەندان بلاوکراوەو گۆڤاریان چاپ و بلاوکردۆتەوە، لەو ڕووەوە دەتوانرێت سەیری بابەتی رابەرێك بۆ ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات ١٩٧٥–١٩٩١ کەلێرەدا بلاوبۆتەوە بکرێت.

**– قۆناغی چوارەم: بەرەی خوێندکارانی کوردستان ١٩٨٨–١٩٩١.**

جاڕدانی بەرەی کوردستانی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بێئومێدییەکانی نەتەوەکەمانی کەمێك ڕۆشن کردەوەو ماڵی

کارەساتباری کوردی کۆکردەوەو لەزۆر ئاستەکاندا بەرەی کوردستانی کارو چالاکی نواند، بەتایبەتیش کار لەسەر یەکریزی و یەکبوون و یەك گوتاری کردبووە خەباتی لەپێشینەی خۆی، هەر زوو لەئاستی دەرەوەی کوردستاندا بەهەمان گوڕو تینی حەفتاکان، بەلام بەشێوازو پێکهاتەی نوێ کاری بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران کردو زۆربەی زۆریان لەرێگای کۆنگرەیەکی یەکگرتنەوەدا کۆکردەوەو لەژێر ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا دەستیان بەچالاکی کردو لەرێگای دەرکردنی چەند بلاوکراوەو گۆڤارێك ئەو ڕێکخراوە پەیامی خۆی گەیاند.

## رابەرێك بۆ ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی ولات ١٩٧٥-١٩٩١

* __بلیسە-هۆلەندا:__

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات (ئەکسا) دەریکردووە، ژمارە (٢) لەنەورۆزی سالی ١٩٧٨ دەرچووە، قەبارەکەی **A4**، بابەتەکانی بەزمانی کوردییەو زیاتر وتاری سیاسی و بابەتی تایبەت بەژیانی ڕێکخراوەیی خوێندکاران بلاوکردۆتەوە.

* __KSSE-چیکۆسلۆفاکیا، ئەلمانیا:__

بلاوکراوەیەکی هەوال بووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریکردووە.




- ژمارە (٢) مانگی ١٩٨١/١١، قەبارە فولسکابە، هەشت لاپەڕەیە.
- ژمارە (٥) سالی ١٩٨٢، قەبارە فولسکابە، سێ لاپەڕەیە.
- ژمارە (١) سالی ١٩٨٣، قەبارە فولسکابە، چوار لاپەڕەیە.
- ژمارە (١) سالی ١٩٨٣، قەبارە فولسکابە، چوار لاپەڕەیە، ئەم ژمارەیە بەزمانی ئینگلیزییە.
- ژمارە (١)ی شوباتی ١٩٨٤، قەبارە فولسکابە، چوار لاپەڕەیە.
- ژمارە (٢)ی ئایاری ١٩٨٤، قەبارە فولسکابە، هەشت لاپەڕەیە.
- ژمارە (٥)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، قەبارە فولسکابە، شەش لاپەڕەیە.
- ژمارە (٧)ی ئابی ١٩٨٦، قەبارە فولسکابە، چوار لاپەڕەیە.
- ژمارە (٦)ی نیسانی ١٩٨٦، قەبارە فولسکابە، حەوت لاپەڕەیە.
- ژمارە (٧)ی حوزەیرانی ١٩٨٧، قەبارە فولسکابە، شەش لاپەڕەیە.
- ژمارە (٨)ی ئەیلولی ١٩٨٧، قەبارە فولسکابە، چوار لاپەڕەیە.
- ژمارە (٩)ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨. قەبارە فولسکابە، شەش لاپەڕەیە.
- ژمارە (١)ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩، قەبارە فولسکابە، چوار لاپەڕەیە.

__سەرنج:__ ئەم بلاوکراوەیە سالانە ژمارەکانی نوێ کراونەتەوە، تەنیا ژمارەکانی (٨)ی ١٩٨٧ و (٩)ی ١٩٨٨ تەواوکەری یەکدین.

* __الوحدة-نەمسا:__

لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات (ئەکسا) بلاوکراوەتەوە، ژمارە (١)ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووەو ناوەناوەش ژمارەی دیکەی لێ بلاوکراوەتەوە، بلاوکراوەکە بەزمانی عەرەبی دەرچووە.

* __نضال الطلبة-هەنگاریا:__

گۆڤارێکی وەرزی بووە، لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات/ لقی

هەنگاریا، بەزمانی عەرەبی دەرچووە، قەبارەکەی نیو A4–ەو زیاتر وتارو دەقی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە، یەکێك بووە لەگۆڤارەکانی (**ئەکسا**).

– ژمارە (١) ئاداری ١٩٨٢، (١٢) لاپەڕەیە.

**سەرنج:** لەسەر بەرگی ئەم ژمارەیە نووسراوە: طبع کردن وبلاوکردنەوەی لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات لقی رۆمانیا.

*** الاتحاد–سويد:**

گۆڤارێکی وەرزی بووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی لەسوید بەزمانی عەرەبی دەریکردووەو ناوبەناویش چەندان بابەتی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، ئەم کۆمەڵەیە لقی یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق بووە، من ژمارە (٥)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١–م




بینیوە.ئەم ژمارەیە (٩٦) لاپەڕەی قەبارە نیو A4–ە، هەواڵ و وتارو دەقی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە.

*** خوێندکاری کورد–ئەڵمانیا–سوید:**

ئۆرگانی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لەئەورووپا بووە (سۆکسە–SOKSE) لەیەك دوو بابەت بترازێ کە بەزمانی عەرەبین، ئەگەرنا هەموو بابەتەکانی دیکەی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، قەبارەکەی (٢١×١٥) سم، رێبازی ئەم گۆڤارە بەشێك بووە لەسیاسەتی پێڕەوکراوی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆك)، بابەتەکانی زیاتر وتاری سیاسی و رەخنەو لێدوانن لەبزاڤی خوێندکارانی کورد.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٢.

– ژمارە (٢) مارتی ١٩٨٣، (٥٨) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٣) مارتی ١٩٨٤، (٥٣) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٤) کانوونی دووەمی ١٩٨٦، (٥٢) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٥) مارتی ١٩٨٦، (٢٧) لاپەڕەیە.




– ژمارە (٦) ئایاری ١٩٨٦، (٣١) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٧) ئابی ١٩٨٦، (٥٦) لاپەڕەیە، تایبەت بە کۆنگرەی پێنجەمی رێکخراوەکەیان.

– ژمارە (٨) تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، (٣٦) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٩) نەورۆزی ١٩٨٧، (٣٦) لاپەڕەیە.

– ژمارە (١٠) ئایاری ١٩٨٧، (٣٢) لاپەڕەیە.

– ژمارە (١١) شوباتی ١٩٨٨، (٣٦) لاپەڕەیە.

– ژمارە (١٢) ئەیلولی ١٩٨٨، (٥٧) لاپەڕەیە.

– ژمارە (١٥) ئەیلولی ١٩٨٩، (٦٢) لاپەڕەیەو تایبەتە بەشەهید ئازاد مستەفا.

– ژمارە (١٦) ئاداری ١٩٩٠.

**سەرنج:** لەژمارە (١١)ەوە، وشەی (ئۆرگان) کراوەتە (گۆڤار)، واتە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نووسراوە: (**گۆڤاری رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لەئەورووپا**) کە پێشتر ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە نووسراوە (**ئۆرگانی رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لەئەورپا**) لەژمارە (٨)ەوە زاراوەی (رێکخراو) بۆ ئەو دەستەواژەیەی پێشەوە زیادکراوە.

*** کورد–ئەمریکا و کەنەدا:**

بڵاوکراوەی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەمریکاو کەنەدا بووە، وەك گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی خۆی ناساندووە، بابەتی بەزمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە.

–ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ گوایە تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ دەرچووە.

*** بانگی کوردستان–هەنگاریا:**

گۆڤارێکی وەرزی بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا–لقی هەنگاریا بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریکردووە، بابەتەکانی بریتییە لە مێژوو و ئەدەب و نووسینی بواری ڕێکخراوەیی، قەبارەکەی نیو **A4**–ە.

–ژمارە (٢)ی تەمموزی ١٩٨٢، چواردە لاپەڕەیە.

– ژمارە (٤)ی نیسانی ١٩٨٣، هەژدە لاپەڕەیە.

– ژمارە (٥)ی تەمموزی ١٩٨٤، یازدە لاپەڕەیە.

*** خەباتی قوتابیان–سوید:**

گۆڤارێك بووە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەریکردووەو (١٢) ژمارەی لێ دەرچووە، گوایە پاشان ناوی ڕێکخراوەکە بۆتە یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان.

–ژمارە(٠) سفر، کانوونی دووەمی ١٩٨٣.

*** کوردستان–ئەڵمانیا:**

ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەئەوروپا بووەو وەرزانە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریکردووە، قەبارەکەی فولسکابە.

– ژمارە (١) نیسانی ١٩٨٣.

*** تریسکە–سوید:**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (KSST) لقی سوید بووە، بابەتی بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوەو قەبارەکەی بریتی یە لەنیو **A4**.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٣.




*** خوێندکاری کورد–یوگسلافیا:**

بڵاوکراوەیەکی خوێندکارانەی ڕۆشنبیری گشتی بووە لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا–لقی یوغسلافیا بڵاوکراوەتەوە، پاش چەند ژمارەیەك ناوی لێنراوە گۆڤار، بابەتی بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، لەچەند ژمارەیەکیشدا بابەتی بەزمانی یوگسلافی بڵاوکردۆتەوە، سەرەتا بەقەبارەی فولسکاب دەرچووە، پاشان قەبارەکەی کراوەتە نیو **A4**.

– ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٨٣، دوازدە لاپەڕەیە.

– ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٤، (٢٨) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٥، (٢٨) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٥، (٢٦) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٨٦، (٣٦) لاپەڕەیە.

*** دەنگی کۆمەڵە–ڕۆمانیا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی ڕۆمانیا (K.SS.E) دەریکردووەو زیاتر هەواڵەکانی خوێندکاران و وتاری سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی بڵاوکردۆتەوە.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٣.




*** دەنگ و باس–یەکێتی سۆڤیەت:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی یەکێتی سۆڤیەت دەریکردووە، وتارو ڕۆشنبیری گشتی و هەواڵەکانی کۆمەڵەی ناوبراوی لەزۆربەی شارەکانی یەکێتی سۆڤیەت بڵاوکردۆتەوە.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٣.

*** دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات–ئەڵمانیا:**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات (ئەکسا)بووە، بەزمانی کوردی

دەرچووەو زیاتر گرنگی بەهەواڵ و چالاکییەکانی خوێندکاران داوەو لەژمارەیێکەوە بۆ ژمارەیێکی دیکە قەبارەکەی گۆڕاوە، بەڵام بەگشتی بەقەبارەی (A4) و (نیو A4) چاپکراوە.

– ژمارە (١–٢) تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ١٩٨٣دا دەرچووەو هەژدە لاپەڕەیە.

– ژمارە (١) ئازاری ١٩٨٧ بیست لاپەڕەیە.

سەرنج: ئەم گۆڤارە ساڵانە لەژمارە (١) ەوە دەستی بەبڵاوکردنەوە کردۆتەوە.

*** کوردستان–چیکۆسلۆفاکیا:**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا (K.SS.E)بووە، بەگوێرەی زانیاری ئێمە ئەم گۆڤارە، گۆڤاری ناوەندی ڕێکخراوی ناوبراو بووەو بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، بەرهەمەکانیش




سیاسی و ڕێکخراوەیی پیشەیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هەواڵی خوێندکارانن، قەبارەی گۆڤارەکەی بریتییە لە نیو **A4**.

– ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٨٣، (٤١) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٨٤، (٤٢) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٥، (٢٤) لاپەڕەیە،

– ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٦.

*** نەورۆز–هەنگاریا**[٢٦]

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا لقی هەنگاریا (K.SS.E) دەریکردووەو کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆری بڵاوکردۆتەوە، ئەم بڵاوکراوەیە بەهاوکاری (ئەکسا) دەرچووە.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٢.

*** نامەی کوردستان–یۆنان:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی یۆنان (K.SS.E) وەك بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی چاپ و بڵاویکردۆتەوە.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٢.

*** دەنگی کۆمەڵە–ئەڵمانیا:**


دەستەی کارگێڕی گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (K.SS.E)[٢٧] بەزمانی عەرەبی دەریکردووە، وتاری سیاسی و مێژوویی و ڕۆشنبیری بڵاوکردۆتەوە، قەبارەکەی نیو **A4** بووە.

– ژمارە (٦) ئەیلولی ١٩٨٤، (١٦) لاپەڕەیە.

– ژمارە (٧) حوزەیرانی ١٩٨٥، (٢٠) لاپەڕەیە[٢٨].

*** پێشڕەو–سوید:**

ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی سوید (KSSE) بووە، بەزمانی کوردی و عەرەبی بابەتی بڵاوکردۆتەوە، بابەتەکانیش زیاتر هەواڵ و وتارن، قەبارەکەی فولسکاب بووە.




– ژمارە (٢)ی ئابی ١٩٨٤، دە لاپەڕەیە.

– ژمارە (٤)ی لەساڵی ١٩٨٥دا دەرچووە.

*** الحرية–هۆڵەندا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی هۆڵەندا (KSSE) دەریکردووەو بابەتەکانی بریتین لەڕۆشنبیری گشتی و دەقی ئەدەبی و هەواڵەکانی خوێندکاران.

– ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٨٥دا دەرچووە.

*** یەکێتی–ئیتاڵیا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی ئیتاڵیا (KSSE) بەزمانی کوردی دەریکردووە، بابەتەکانی بریتین لەبابەتی خوێندکاریی و مێژوویی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری، قەبارەی لە ژمارەیێکەوە بۆ ژمارەیێکی

دیکە گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، کەبریتییە لەم دوو قەبارەیە: نیو A4، فولسکاب.

– ژمارە (٣) ئاداری ١٩٨٤، بیست لاپەڕەیە.

– ژمارە (لێی نەنووسراوە) ساڵی ١٩٨٧، هەشت لاپەڕەیە.

* **کۆڵنەدان–ئینگلتەرا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا لقی ئینگلیستان (K.SS.E) دەریکردووە، ژمارە (١)ی بەعەرەبی بابەتەکانی بلاوکردۆتەوە، بەلام ژمارەکانی دیکە کە من بینیوومە بابەتەکانی بەزمانی کوردین، قەبارەکەی A4، بابەتەکانی وتارو هەواڵن.




– ژمارە (١)ی لەنیسانی ١٩٨٤، هەشت لاپەڕەیە.

– ژمارە (٢)ی لەشوباتی ١٩٨٥، شەش لاپەڕەیە.

– ژمارە (٣)ی لەتەمموزی ١٩٨٥، چوار لاپەڕەیە.

– ژمارە (٤)ی لەمارتی ١٩٨٦، شەش لاپەڕەیە.

– ژمارە (٥)ی لەئایاری ١٩٨٦، شەش لاپەڕەیە.

* **K.S.S.C. A VOICE –ئەمریکا:**

مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (ئەکسا) لەئەمریکا بەزمانی ئینگلیزی دەریکردووە، زیاتر گرنگی بەبابەتی ڕۆشنبیری داوە لەپێناوی ناساندنی کێشەی کوردو کوردستان.

– ژمارە (١)ی لەپایزی ١٩٨٤دا دەرچووە.

**سەرنج:** گوایە تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ دەرچووە.

* **دەنگی خوێندکاران و لاوان–ئینگلتەرا:**

یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەورووپا لقی بەریتانیا بلاویکردۆتەوە، ئەم بلاوکراوەیە هەواڵنامەیەکی خولی ڕۆشنبیری گشتی بووە، بابەتی تەنیا بەزمانی کوردی بلاوکردۆتەوە، قەبارەکەی بریتی بووە لە A4.




– ژمارە (٢)ی لەبەفرانباری ١٩٨٤دا دەرچووە، شەش لاپەڕەیە.

– ژمارە (٨)ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧دا دەرچووە.

* **پرشنگ–نەمسا:**

لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات (ئەکسا) وەك پاشکۆی گۆڤاری (دەنگی خوێندکارانی کوردستان)ی ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات (ئەکسا) بەیارمەتی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا دەرچووە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بووەو بابەتی تەنیا بەزمانی کوردی بلاوکردۆتەوە.

– ژمارە (١) مارتی ١٩٨٥، (٣٦) لاپەڕەیە، (٢١×٣٠) سم.

– ژمارە (٢) تەمموزی ١٩٨٥، (٣٦) لاپەڕەیە، (١٨×٢٦)سم.

– ژمارە (٣) ئابی ١٩٨٦، (٤٠) لاپەڕەیە، (٢٠×٢٨) سم.

**سەرنج:** گوایە تەنیا ئەم سێ ژمارەیە لەگۆڤارەکە دەرچووە.

* **ئاسۆ–ئەڵمانیا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات (ئەکسا) لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەزمانی ئەڵمانی بلاویکردۆتەوە، لەو دوو ژمارەیەی زانیارییان سەبارەت بلاوکراونەتەوە زیاتر بابەتی سیاسی و هەواڵ و نووسینی تایبەت بەخوێندکارانیان بلاوکردۆتەوە.

–ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٤.

– ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٥[٢٩].

*** هێمن–چیکۆسلۆفاکیا:**




بلاّوکراوەیەکی گشتی بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی چیکۆسلۆڤاکیا دەریکردووە، بابەتی بەزمانی کوردی و عەرەبی بلاّوکردۆتەوەو بابەتەکانیش بریتین لە هەواڵ و رۆشنبیری گشتی، قەبارەکەی A4.

– ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٦، چوار لاپەڕەیە.

*** دەنگ–سوید:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی سوید (K.SS.E) دەریکردووە، بابەتی بەزمانی کوردی و عەرەبی بلاّوکردۆتەوەو بابەتەکانیش بریتین لەوتاری سیاسی و تایبەت بەخوێندکاران و رۆشنبیری گشتی و دەقی ئەدەبی، لەسەر قەبارەی (A4) چاپکراوە.




– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٦.

– ژمارە (٢–٣) ساڵی ١٩٨٦.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٧.

**سەرنج:** ئەم گۆڤارە سالآنە، لەژمارە (١)ەوە دەستی بەبلاّوکردنەوە کردۆتەوە.

*** هەنگاو–ئەمریکا:**

ئۆرگانی رێکخراوی خوێندکارانی کوردستانی عێراق لەئەمریکا بووە، من تەنیا ژمارە (١١)م لێ بینیووەو بریتییە لەکۆمەڵێك وتارو دەقی ئەدەبی و چەند هەواڵ و راپۆرتە هەواڵێك.

– ژمارە (١١) نیسانی ١٩٨٧، (١٢) لاپەڕەیە، قەبارە (٢٢×٢٨)سم.

*** کوردستان–پۆلۆنیا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی پۆلۆنیا (K.SS.E) بلاّویکردۆتەوە، وتارو هەواڵی خوێندکاران و بابەتی رۆشنبیری لەخۆوە گرتووە.

– ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٦، (٣٠) لاپەڕەیە، قەبارە فولسکابە.

*** ئاسۆ–سوید:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات لقی سوید (**ئەکسا**) بەزمانی کوردی لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەریکردووەو چەندان ژمارە لێ بلاّوبۆتەوە.

*** Voice of Kurdistan–ئینگلتەرا:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات لقی بەریتانیا (**ئەکسا**) بەزمانی کوردی و ئینگلیزی لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بلاّویکردۆتەوە.

*** کوردستان–ئەڵمانیا:**

دەنگی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەوروپا بووە، بابەتی بەهەردوو رێنووسی سۆرانی و لاتینی تیایە و زیاتریش بابەتی سیاسی و مێژوویی و دەقی ئەدەبی بلاّوکردۆتەوە.

– ژمارە (٣) کانوونی دووەمی ١٩٨٤، (٤٨) لاپەڕەیە، قەبارەی فولسکابە.

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:**

١– بۆ نموونە لەکاتی رووداوی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالە بەدناوەکاندا.

٢– لەم سەرچاوانە ئاماژەی پڕ لەهەڵەو کەموکوڕی بەرۆژنامەگەریی خوێندکاران لەئەوروپا کراوە خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەم بابەتەو بەراوردکردنی بەم سەرچاوانە هەڵەو کەموکوڕییەکانی بۆ دەردەکەوێت:

أ. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا–١٩٧٨.

ب. حەمەساڵح فەرهادی، چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی، بەغدا–١٩٨٨.

ج. ئیسماعیل تەنیا، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥–١٩٩٣، هەولێر–١٩٩٨.

د. د.فەرهاد پیرباڵ، بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لەئەوروپا و ئەمریکا ١٨٩٧–١٩٩٢، سەنتەری برایەتی (**گۆڤار**) ژمارە (٥) ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨ لاپەڕە (١٣٣–١٥٨).

هـ. نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١–١٩٩١، سلێمانی–٢٠٠١.

٣–بۆ زیاتر لەنیوەی بلاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان سوود لەکتێبخانەکەی بەڕێز فەهد گردەوانی وەرگیراوەو چەند بلاوکراوەیەکیش لەبەڕێز جوتیاری حاجی تۆفیق وەرگیراوەو ئەوانیدیکە لەئەرشیفی خۆم–ە.

٤– مەبەستم لە (ئەکسا) و (KSSE) و (سۆکسە) و (یۆکسی)یە.

٥– اضواء علی الحرکة الطلابیة الکردیة في الخارج، من منشورات جمعیة الطلبة الاکراد في اوروبا، پراگ–١٩٦٨.

٦– نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی دا، سلێمانی– ٢٠٠٥ (**نامەی ماجستێر**).

٧– سەیری گۆڤاری (**هاواری نیشتمان**) مەهاباد، ژمارە (١) ساڵی ١٩٤٦.

٨– د.کەمال فوئاد، چەند زانیارییەك لەبارەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران، هاڤیبوون (**گۆڤار**) ژمارە (٢–٣) ئەڵمانیا ١٩٩٨ لاپەڕە (١٠١).

٩– د.فەرهاد پیرباڵ، بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئەورووپاو ئەمریکا ١٨٩٧–١٩٩٢، سەنتەری برایەتی (**گۆڤار**) ژمارە (٥) ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨ لاپەڕەی (١٣٦).

١٠– (**زانستی**) نەك (**ڕۆشنبیری**) دەتوانرێت سەیری سەر بەرگی پێشەوەی ژمارە (١)ی گۆڤاری (**کوردستان**) بکرێت کە کۆمەڵەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٨ دەریکردووە.

١١– هەمان پەراوێزی ژمارە (٨) لاپەڕە(١٠٣).

١٢– مەبەستم لەبەڕێز د.کەمال فوئاد–ە سەیری پەراوێزی ژمارە (١١) لاپەڕە (١٠٥) بکەرەوە.

١٣– د.جەمال نەبەز، بری نەتەوەیی کوردی، سوید–١٩٨٤ لاپەڕە (٢٥٩).

١٤– خوێندکاری کورد (**گۆڤار**) ئۆرگانی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەورووپا، ژمارە (٧) ساڵی (١٩٨٦) لاپەڕە (٤٣).

١٥– دەنگی خوێندکاران و لاوان، هەواڵنامەی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەورووپا لقی بەریتانیا، ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٥، لاپەڕەی (٣).

١٦–

١٧–

١٨–

١٩–

٢٠–

٢١–

٢٢–

٢٣–

٢٤–

٢٥–

٢٦–

٢٧–

٢٨– لەبەشی سەرچاوەکانی ئەم کتێبەدا (**د.شێرکۆ فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطی الکردستانی و حرکة تحرر القومیة الکردیة في العراق ١٩٤٦–١٩٧٥، السلیمانیة–٢٠٠٤**، لاپەڕە ٢٦٢) باس لە (**دەنگی کۆمەڵە**)ی دیکە دەکات.

– ژمارە (٨–٩) کانوونی دووەم شوباتی ١٩٧٤.

– ژمارە (١٠) مارتی ١٩٧٤.

– ژمارە (١٢) کانوونی دووەمی ١٩٧٥.

ئەم (**دەنگی کۆمەڵە**)یە هی کۆمەڵە ئەسڵییەکەی پێش چەند لەتبوونەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا–یە.

٢٩–ئەم زانیارییانە لە گۆڤاری پرشنگ ژمارە (١) ساڵی (١٩٨٥) لاپەڕەی (١٠) وەرگیراوە.

## بەشی دووەم

# هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری

چاپ و چاپخانە، دیزاین، قەبارە، وێنە، ستوون، زمان، هەواڵ، وتار، ئەدەب و هونەر، ڕۆشنبیری گشتی و... هتد، ناوەڕۆك و فۆرمی ڕۆژنامەگەریی پێکدەهێنن، بۆ ئاماژەدان بە ئاستی هونەریی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا، سەرەتا پێم باشە بزانین کێ کاری لەگۆڤارو بلاوکراوەکاندا کردووەونووسینی تێدا بلاوکردونەتەوە لەوانە: (**د. کەمال فوئاد، دارا تۆفیق،سەعدی دزەیی، نەوزاد موفتی، شەوکەت عەقراوی، د. حەمە سابیر، عومەر ڕەمزی، زاهیر حوسێن، فوئاد ڕەشە، سەلاح سەعدوڵلا، مەحمود مەلا عززەت، قادر دیلان، د. نەجمەدین کەریم، شێرزاد قازی، عەبدولموئمین دەشتی، د.فوئاد حوسێن، فوئاد عەلی و دەیان ناوی دیکە**) بەو ناوانە بۆمان دەردەکەوێت کە کەسایەتی و ناوی ناسراو کاریان لەڕێکخراوە خوێندکارییەکان لەدەرەوەدا کردووەو ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لەپشت دەرکردن و بلاوکردنەوەی گۆڤارو بلاوکراوە خوێندکارییەکان بوونە، بەڵام پێش ئەوەی لەبواری هونەرەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە قسەیان لەسەر بکەین هەر لەپێناوی ناساندنی زیاتر سەرناوی (ئیندێکس)ی چەند گۆڤارو بلاوکراوەیەك دەنووسینەوە، تا

بەرچاوڕوونی و زانیاری زیاترمان هەبێت سەبارەت بەناوەڕۆك و ناوی بابەتەکان و جۆروجیاوازی لەنێوان بابەتەکاندا.

## سەرناوی چەند بابەتێك

وەك لیکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی ناونیشان و سەرناوی چەند بابەتێك دەنووسینەوە کە لەرۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان بلاوکراونەتەوەو بۆ ئەوەی بابەتەکەش درێژدادڕی تێنەکەوێت لەهەر بلاوکراوەو گۆڤارێك تەنیا یەك ژمارە وەردەگرین:

* **KSSE**: ژمارە (٢) تشرینی دووەمی ١٩٨١، (٨) لاپەڕەیە.

– سەروتاری ژمارە، ل(١) بەزمانی عەرەبییە.

– سلاو، ل(١).

– لە چالاکییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەکەمان، ل(٢).

– لەچالاکی لقەکانی کۆمەڵە، ل(٢).

– ڕێگای تفەنگ (**شعر**)ی رەفیق سابیر، ل(٢).

– هەواڵ لەکوردستان–ەوە، ل(٨) بەزمانی عەرەبییە.

– لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **نـضال الطلبـة**: العدد (١) ئازاری ١٩٨٢، (١٢) لاپەڕەیە (**هەموو ژمارەکە بەزمانی عەرەبییە**).

– وتەی ژمارە، ل (١).

– ناسینی یەکێتی خوێندکارانی جیهانی، ل(٢) (**وتار**).

– لەمەڕنەتەوەیی و نێونەتەوەیی ل(٣) (**وتار**).

– با کۆنگرەی داهاتوو دوا کۆنگرەی یەکگرتن بێت، ل(٥) (**وتار**).

– هاواری مرۆڤایەتی، شیعری مەحمود دەروێش، ل(٦).

– تورکیا و دیموکراتیەتی ناتۆ، ل(٩) (**وتار**).

– خۆڕاگری پێشمەرگە، ل(١٢) (**پەخشان**).

* **بانگی کوردستان**: ژمارە (٢) تەموزی ١٩٨٢، (١٤) لاپەڕەیە (**هەموو بابەتەکان بەزمانی عەرەبییە**).

– وتەمان، مەشخەڵی کوردستان خامۆش نابێت، ل(٢).

– پیرۆزە یادی شۆڕشی چواردەی تەمموز، ل(٣) (**وتار**).

– شیعرێکی ئاراگۆن دا، لەخۆشەویستی نیشتماندا نیرۆدا گۆرانی دەڵێت، ل(٣) (**شیعر**).

– لەبیرەوەری (٣٥) ساڵەی شەهیدانی کوردستان دا، ل(٥) (**وتار**).

– چی دەربارەی زمانی کوردی دەزانیت؟ ل(٨) (**وتار**).

– شاعیرێك لەکوردستانەوە... بێ کەس، ل (٩) (**وتار**).

– بەیاننامەیەك لەلیژنەی فەڕەنسی دژی تیرۆر لەعێراقدا، ل(١٠).

– لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **خوێندکاری کورد**: ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٣ (١١) لاپەڕەیە (**ئەمە گۆڤاری ksse**)ە

– نەورۆز.. بەیاننامە، ل(٢).

– ٩ قەلادزێ.. ١ قەلادزێ، ل(٣) (**وتار**) بەزمانی عەرەبییە.

– نەورۆز لەنێوان زانست و ئەفسانەدا، ل(٥) لێکۆڵینەوە.

– چەند لایەنێك لەمێژوو و خەباتی گەلی کوردمان لەئێران،. ل (٧) وتارێکە بەزمانی عەرەبی.

–ئاوڕێك لەشانۆو رۆشنبیری لەکوردستاندا، ل(٩) وتار.

– لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **کوردستان**: ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٣ (٤١) لاپەڕەیە.

– لایەنێك لەپێشکەوتنی مێژوویی کۆمەڵگای کورد، د.زوهدی داودی. ل(٣) لێکۆڵینەوەیەکە بەزمانی عەرەبی.

– شانۆی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەت دا، ل(٨) وتارێکە بەزمانی عەرەبی.

– پاپلۆنیرۆدا (شاعیرێك لەشیلی)، ل(١٢) وتارێکە بەزمانی عەرەبی.

- عەبدولواحید نوری، نووسەرو تێکۆشەر، ل(١٥) وتارێکە بەزمانی عەرەبی.
- هونەرمەندێ مێژوو لەبیری چوو.. وێژە خستیە ڕێی نەمران، قادر دیلان، ل(٢٣) وتار.
- عەلی مەردان ئەستێرەیەکی نەکوژاوەی ئاسمانی هونەرە، ل(٢٦) وتار.
- لەگەڵ چەندان بابەتی دیکە.

* **تریسکە**: ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٣، (٥٢) لاپەڕەیە:
- هەڵوێستمان بەرامبەر بەیەکگرتنەوەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، ل (١) وتار.
- لەکتێبی خەبات لەرێجی کوردستانا، نووسینی: ن. أ.خەلفین، و:جەلال تەقی، ل (١٤) لێکۆڵینەوە.
- ئافرەت و کۆمەڵ چەند سەرنجێك، هێڤی، ل(١٨) وتار.
- بارودۆخ لەکوردستاندا، ل(٢٦) وتارێکە بەزمانی عەرەبی.
- لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەدا.

* **خوێندکاری کورد**: ژمارە (٢) مارتی ١٩٨٣، (٥٨) لاپەڕەیە (ئەمە گۆڤاری سۆکسە)یە
- لەپێناوی بەرەیەکی یەکگرتووی هاوسانی خوێندکارانی کوردانەدا، ل(١) (سەروتار).
- لەیادی شێرەکەی بێشەی "بێ شێ" دا هاوبیر کاکەحمەد شەوقی، ل (١٤) وتار.
- کۆچی دوایی مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر، ل(٢٤) وتار.
- کوردستانێکی ئازاد یان فشە ئۆتۆنۆمیەك، ل(٢٦) وتار.
- کەوی بنار، پەخشان، ل(٥٧).
- لەگەڵ چەندان بەیاننامەو بابەتی دیکە.

* **کوردستان**: ژمارە (٣) کانوونی دووەم ١٩٨٤
- خەبات دەکەین لەپێناوی ستاندنی مافی دیارکردنی چارەنووس بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆو یەکگرتوو، مانشێت، (سەربەرگی پێشەوە).
- دۆزی کوردستان، دوێنێ و ئەمڕۆ، بەشێك لەسیمینارێك کە (١٠) لاپەڕەی گرتووە، ل (٣).
- شاری گوڵ، شیعری لەتیف هەڵمەت، ل (١٣).
- قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور، شیعری ڕەزا حەمە فەرەج، ل (١٣).
- مەتەڵ، شیعری شێرکۆ بێکەس، ل (١٤)
- ژوان لەنێوان تاقی کردنەوەو شیعراندندا، جەباری حاجی کەریم، ل (١٧) لێکۆڵینەوە.
- ڕەخنە لەڕەخنە، خاڵە حەمە، ل (٢٣).
- ڕەخنەی بابەتی زانستییانە، یان شەلم کوێرم هیچ نابوێرم، ئەکرەم خامۆش، ل (٢٥).
- ئۆتۆنۆمی، خودموختاری یان مافی چارەنووس و سەربەخۆبوون، بەشێك لە سیمینارێك، ل(٥).
- چەند دەنگ و باسێکی هەڵبژاردە لەسەر دۆزی کوردستان لەئەوروپا، ل (١١).
- لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **یەکێتی**: ژمارە (٣) ئاداری ١٩٨٤، (٢٠) لاپەڕەیە.
- جەژنی نەورۆز.. ئاگری نەورۆز.. ڕاپەڕینی کاوە بەشێکن لەخەبات و مەسەلەی کورد (مانشێت).
- ووتەی ژمارە، بەرگی ناوەوە.
- برێخت و شیعر، وتاری وەرگێڕاو لەئیتالیایەوە، بەهادین، ل(٤).
- چاوگێڕانێك بەڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی کۆن دا، وتاری مێژوویی، ل(٧). ئامادەکردنی: سەرکەوت.
- دەرهێنەری کورد یەڵماز گونای، وتاری سینەمایی، و:تۆلاس، ل(١٠).
- لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **پێشڕەو**: ژمارە (٢) ئابی ١٩٨٤. (١٠) لاپەڕەیە.
- وتاری ژمارە، ل(٢) بەزمانی عەرەبییە.
- کورتەیەك لەبارەی مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا و کۆنگرەکانی، ل(٣).
- بۆ یەکەمین جارە لەمێژوی سویدا دیبلۆماسیەك دەمانچە رادەکێشێ، ل(٤).
- بۆ ئەوەی پەیامەکە بەراستی بگات، ل(٨) بەزمانی عەرەبییە.
- لەگەڵ کۆمەڵێك هەواڵ و نووسینی دیکە.

* **دەنگی کۆمەڵە**: ژمارە (٦) ئەیلولی ١٩٨٤، (١٦) لاپەڕەیە، ئەم ژمارەیە بەزمانی عەرەبییە.
- سڵاو لەبیرەوەری (٢٣) ساڵەی شۆڕشی ئەیلولی پیرۆز، ل(١)

- فاشیەتی تورکیا، ل(٢) وتار.
- چەند دێرێك سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مافی گەلان، ل(٣) وتار
- کوردو مەسەلەی کورد، لازاریف، وەرگێڕانی زوبیر، ل (٨) لێکۆڵینەوە.
- لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **پرشنگ**: ژمارە (١) مارتی ١٩٨٥، (٣٦) لاپەڕەیە.
- وتەی ژمارە، دەستەی ژمارە، ل(٣).
- درزییێ بکە بەخۆتا، جا شوژنێ بەخەڵك، ك-ئاسۆ، وتار، ل(٦)
- **"بانگی هەق"** یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، کەمال فوئاد، لێکۆڵینەوە، ل(١١).
- چەند کۆپلە شیعرێك، زرێڤان، ل(١٩).
- نەورۆز، نەورۆز، م/بایز، پەخشان، ل(٢٢).
- ئەگەر شەکە ماسییەکان مرۆڤ بان، بێر تۆلت برێشت، و:پێشەوا، چیرۆك، ل(٢٦)
- پرشنگ لەئاسۆی دەربەدەریا، شیعری (أ.ف)، ل(٢٩)
- ئەوێ بەجێ ناهێڵن، عبدالمؤمن دەشتی، چیرۆك، ل(٣١)
- لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **کۆڵنەدان**: ژمارە (٣) تەموزی ١٩٨٥، چوار لاپەڕەیە.
- لەپێناوی ئاشتی دۆستایەتی هاوکاری، هەواڵ، ل (١).
- نەورۆز رۆژی تیکۆشان و راپەڕینە، راپۆرتە هەواڵ، ل(١).
- لەچالاکیەکانی دیکەی کۆمەڵەمان، ل(٣).
- نامەیەکی تایبەتی، ل(٤).
- هاوکاری لەگەڵ میللەتەکەمان، ل(٤).

* **هێمن**: ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٦ چوار لاپەڕەیە.
- ئێوارەی پایز، شیعری (هێمن) بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیر لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بلاْوکراوەتەوە.
- ئەم گۆڤارە، بەقەڵەمی (دەستەی نووسەران) لاپەڕەی (١) بەزمانی عەرەبییە.
- هەواڵەکانی کوردستان، ل(١).
- هەوارگەی خاڵی، ل(٢) وتار.
- ئاهەنگی (٣٠) ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵە، ل(٢) وتار.
- بۆ شەهیدانی بولقامیش، رێبوار، ل (٣) وتار.
- لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە.

* **دەنگ**: ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٦، (١٤) لاپەڕەیە.
- لەیادی چل ساڵەی دامەزرندنی کۆماری کوردی دیموکراتی مەهاباد، ل(٣) بەعەرەبییە.
- یادی رۆژنامەگەری کوردی، ل(٥) وتار.
- پشتگیری و هاوکاری قوتابیانی جیهان لەگەڵ گەلانی عیراق و ئێران و کورددا، ل (٦) وتار.
- بێچوە هەڵۆ بەشەهید سەرباز، شیعری **(ئەنوەر قادر محەمەد)** ل(٧).
- بەکورتی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ، ل(٨)وتار، بەعەرەبی.
- نامەیەك لەمنداڵانی (زێوێ) وە، ل(١٠)
- لەگەڵ چەندان هەواڵ و کورتە نووسینی دیکە.

* **دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وولات"ئەکسا"**: ژمارە (١) ئازاری ١٩٨٧، (١٩) لاپەڕەیە.
- وتەی ژمارە، ل(١).
- بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، نەجمەدین کەریم، ل(٣) لێکۆڵینەوە.
- رژێمی جۆنتای رەفتار فاشستی تورکیا جارێکی تریش هەوڵی داگیرکردنی کوردستانی باشوور دەداتەوە، ل(٦) وتار.
- بۆ هەمیشەیی لەبیرو ویژدانی گەلە چەوساوەکەیدا دەمێنێتەوە، وتارێکە بۆ کۆچی **"هێمن"**ی شاعیر نووسراوە ل(٧).
- پایەی مەسەلەی نەتەوایەتی لەروانگەی مارکسیزم-لێنیزمەوە، ل(٩) وتار
- لەوکاتەی شۆڕشی یەمەنی خوارووی رێگای پەرەسەندنی پتەوکردبوو، ئامادەکردنی: نەجمەدین کەریم، ل(١٢) وتار.

– ئەفریقای خواروو، وەریگێڕان و ئامادەكردنی ئەنوەر، ل(١٥) وتار.

* **هەنگاو:** ژمارە (١١) نیسانی ١٩٨٧، (١٢) لاپەڕە.

– رزگاری و سەركەوتن تەنها بەپشت بەستن بەهێزو توانای گەل دێتەدی، مانشێت.

– سەروتار ل(١).

– كۆنگرەی تاران و چارەنووسی گەلی عیراق، ل(١) راپۆرتە هەواڵ و سەرنج.

– كۆنگرەی چوارەم و سەركەوتنێكی دیكە، راپۆرتە هەواڵ، ل(٣).

– زێدەبایی، لێكۆڵینەوە، ل(٥).

– پێ ناكەنم، شیعری عەبدوڵلا پەشێو، ل(٦).

– كوری بابەگوڕگوڕ، شیعری شێركۆ بێكەس، ل(٧).

– لەگەڵ چەند بابەتێكی دیكە.

## ١- چاپ و چاپخانە:

سنووری بابەتەكەمان بریتییە لەساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ ئاست و بواری چاپ و چاپخانە لەئەورووپا و ئەمریكا پێشكەوتنی دیارو بەرچاوی بەخۆوە بینیووەو بە تایبەتیش لەبواری تایپكردن و ئۆفسێتدا، كەیەكێكە لەچاپخانە بەربڵاوەكانی ئەورووپا، كەچی لەنێو دنیای پێشكەوتووی چاپخانەدا چەند بڵاوكراوەو گۆڤارێكی خوێندكاریی كوردی بابەتەكانیان بەدەستخەت نووسراوەتەوەو پاشان كۆپی كراوە، وەك نموونە دەكرێت سەیری بڵاوكراوەی (**بانگی كوردستان**)[٢]ی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لەئەورووپا/ لقی هەنگاریا بكرێت، بەڵام ئەوەی باشە خەت خۆشێك بابەتەكانی نووسیوەتەوە، بەراورد بەدنیای پێشكەوتووی چاپ و چاپخانە لەئەورووپا و ئەمریكادا ئاستی تایپ و چاپكردنیان زۆر لاوازە، بەڕای ئێمەو لەچەند چالاكێكی رێكخراوە خوێندكارییەكانمان پرسیوە ئەو ئاستە نزمە پەیوەندی بەباری دارایی رێكخراوەكانەوە هەبووە، كەزیاتر بەكۆمەكی ئەندامان كارەكان رایی كراون تا هەندێكجار هەموو كارو خەرجییەكان رووبەرووی تەنیا چەند كەسێك بۆتەوە.

بەگشتی بڵاوكراوەو رۆژنامەو گۆڤارەكانی خوێندكاران بابەتەكانیان بەتایپی دەستی یاخود **IBM** و بەرازەر تایپكراون وبەكۆپی راكێشراون و بەڵام هەندێكیان بەئۆفسێت چاپكراون، وەك:

– **پرشنگ:** كەسێكی شارەزا لەبواری تایپدا بابەتەكانی تایپكردووەو بەكۆپی ئۆفسێت راكێشراوە، بەرگەكەی كارتۆنە.

– **خوێندكاری كورد**[٣] **(سۆكسە)** : یەكێكە لە گۆڤارە هەرە رێك و پێكەكانی خوێندكاران و لەبواری تایپ و چاپخانەدا پێشكەوتووەو بەرگەكەی كارتۆنە.

– **یەكێتی:** تایپ و چاپەكەی رێك و پاك و خاوێنە و سەرەڕای ئەوەی كە بەكۆپی راكێشراوە.

– **KSSE:**[٤]یەكێكە لەهەواڵنامە خوێندكارییەكان كە ژمارە دوای ژمارە ئاستی چاپ و چاپكردنی باشتركراوە، بەڵام دوای یەكگرتنەوەی كۆمەڵە خوێندكارییەكان چاپ و چاپخانەكەی زۆر باشتر بووە.

– **كۆڵنەدان:** لەوە دەچێت بە ئۆفسێت (**چاپێكی پێشكەوتوو**) راكێشرابێت، یەكەمین بڵاوكراوە، كە بەرچاوم كەوتبێت و لەلاپەڕەی پێشەوەدا بێجگە لەرەنگی رەش رەنگێكی دیكەی بەكارهێنابێت (**خوێندكاری كورد–سۆكسە**)ش لەچەند ژمارەیەكدا لەبەرگدا دوو رەنگی بەكارهێناوە.

## ٢- دیزاین:

دیزاین بەواتای (**نەخشەسازی، تصمیم**) دێت، چاپخانەو قەبارەو كەرەستەو شارەزایی بنەمای نەخشەی هونەرین لەرۆژنامەگەرییدا، بۆ رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كوردیش لەدەرەوەدا رووبەرووی دیزاینی جیاواز دەبینەوە بەتایبەتیش لەدابەشكردنی ستوون و لاپەڕەكاندا، دانانی هێڵیش خاڵێكی گرنگە بۆ سەركەوتنی دیزاین، هێڵیش لەرووی قەبارەو چۆنیەتی دانانیدا جیاوازە، بۆ روونكردنەوەی رووكاری دیزاینی بڵاوكراوەو گۆڤارەكان چەند نموونەیەك وەردەگرین:

**– کوردستان(KSSE):**[٥] بەرگی ئەم گۆڤارە دابەکشراوە بەسەر دانانی ناوی گۆڤارەکەو دابەزینی وێنەیەکی گەورەو لەخوارەوەش بڵاوکردنەوەی ناونیشانی گۆڤارەکە (بەرگی پێشەوە) بەهەمان شێوە بەرگی دواوەش دابەشی سێ بەشی قەبارە جیاوازکراوە، دانانی دوو ڕەنگی ڕەش و سووریش دیزاینەکەی جوانتر کردووە، دیزاینی ناوەوەی گۆڤارەکەش ئاساییەو بابەتەکان لەسەر یەك ستوون تایپکراون و داندراون، ئەم گۆڤارە زۆربەی ژمارەکانی بەو شێوەیە دیزاینکراوە.

**– دەنگی خوێندکاران کوردستان:** وەك نموونە سەیری ژمارە (١–٢)ی ساڵی ١٩٨٣ دەکەین، کە یەکێکە لەدیزاینە سەرکەوتووەکان و وەك دەردەکەوێت کە کەسێکی شارەزا دیزاینکاریی تێدا کردووە، قەبارەی گۆڤارەکە نیو فولسکابە، ناونیشان و ژمارەو ساڵی دەرچوون لەبەشی سەرەوەیدا داندراوەو یەك لەسەر چواری لاپەڕەکەی بۆ تەرخانکراوە، لاپەڕەکان بەگشتی دابەشی دوو جۆرە دیزاین کراون یان سێ ستوون داندراوە یاخود دووستوون، بۆ ناونیشانی بابەتەکانیش لەپێناوی جوانکردن و دووبارە نەبوونەوەدا جۆرو شێوەی فۆنت دەستکاری کراوە، فۆنتی گەورەو بچووك و مامناوەندی واتە (١٤)و (١٦) و (١٨) و (٢٠) داندراوە.

**–یەکێتی:** گۆڤارێکی خنجیلانەی جوانەو دیزاینێکی ساکارو سەرکەتووی بۆ کراوە، بۆ بەرگەکەی وێنەی فۆتۆگرافی منداڵێکی سەرەنجڕاکێشە لەناوەڕاستی داندراوەو مانشێتی ئەو ژمارەیە لەژێر وێنەکە نووسراوەو ناوو ژمارەو ساڵی گۆڤارەکەش لەسەرەوەی وێنەکە داندراوە، بەرگی دواوەش بەوێنەیەك و ناوی گۆڤارەکە جوانکراوە، بابەتەکانی ناوەوەش بەسەر یەك ستووندا دابەشکراون و ناونیشانی بابەتەکانیش فۆنتی جیاوازن و خۆشنووس نووسیویەتی، ئەوەی زیاتریش لەبارەی دیزایندا گۆڤارەکەی سەرکەوتوو کردووە، دانانی وێنەو هێلکارییە.

**– دەنگوباسی کۆمەڵە (KSSE):** شێوەیەکە لەشێوە سەرکەوتووەکانی دیزاین چونکە وێنەو فۆنتی جیاوازو هێل و ستوونی جیاواز جۆرێك لەهارمۆنیەتی بەلاپەڕەکانی داوە، بابەت و وێنەکان لەسەر دوو ستوونی یاخود سێ ستوونی دابەشکراون، هێلیش زیرەکانە بۆ جیاکردنەوەی بابەتەکان داندراوە.

**– کۆڵنەدان:** شوێنی ناوی بڵاوکراوەکەو کێشانی هێل و ستوونی لاپەڕەکان و فۆنتی بابەتەکان و وێنەو هێلکارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەسێکی شارەزای بواری دیزاین یاخود کەسێکی سەلیقەداری هونەریی ڕۆژنامەگەریی دیزاینکاری بۆ بڵاوکراوەکە کردووە، هێدی سەرووی لاپەڕەکانیش بەلگەیەکی دیکەیە، چونکە یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی کە هێدی لەگشت بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی دیکە جیاوازتر و سەرنج ڕاکێشترە.

بەڵام سەرەڕای ئەو کارانە کەلەبواری دیزاین رایی کراون و ئێمە بەبەرهەمی سەرکەوتوومان لەقەڵەم داون کۆمەڵێك بڵاوکراوەو گۆڤار هەن ئاستی دیزاینیان نزمەو لەوەدەچێت خەڵکی نەشارەزا کاری تێداکردبن.

## ٣- وێنەو هێلکاری:

وێنە بێجگە لەلایەنی جوانکاری، ڕووداو دەگێڕێتەوەو هیچی کەمترنییە لەهەواڵی نووسراو، پێشکەوتنی وێنە بەندە بەپێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای کامێراو پێشکەوتنی چاپخانە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوە بۆ چاپکردن سوودی لەچاپخانەی پێشکەوتوو وەرنەگرتووە، دەبینین وێنەکان تۆن و ناوەڕۆك و فۆڕمی خۆیان نەگەیاندووەو لەدەست داوە، بەڵام هەوڵ هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەو دابەزینی وێنە دەتوانین ئەو هەوڵە بەکاریگەری وێنە بزانین لەرووپەری ڕۆژنامەگەریدا، لەچەندان بڵاوکراوەو گۆڤاریشدا گرنگی بەکێشانی هێلکاری دراوە، ئەمەش بۆ بوون و بەشداری چەند هونەرمەندێکی شێوەکار دێت کەلەکاری دیزاین و دەرکردنی یەك دوو بڵاوکراوەو گۆڤاردا کاریان کردووە، ئەوانەی

لەقەبارەی گۆڤار (نیو A4 یاخود A4 یان بچووکتر) چاپکراون زۆربەیان لەسەر بەرگدا وێنەیان بڵاوکردۆتەوە، وێنەکان بریتین لەواقیعی ئەوسای خەڵکی کوردستان و کورد لەدەرەوەو بزوتنەوەی سیاسی و پێشمەرگایەتی لەکوردستاندا، بۆ باشتر گەیاندنی مەبەست چەند گۆڤارو بڵاوکراوەیەکی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان هەڵدەدەینەوە.

*تریسکە (ژ١)

–لەلاپەڕە (ب) وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە ئەوەندە تەڵخ دەرچووە نازانرێت وێنەی فۆتۆگرافی یە یاخود تابلۆی شێوەکاری، لەلاپەڕە (١٧)دا ئافیشێکی (ملصق)ێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (KSSE) داندراوە.

* بانگی کوردستان: ژمارە (٤)

– ل (٣) وێنەی ئەدیبانی تورکیا لەزیندانی تورکیادا.

– ل (٥) دیمەنێك لەفیلمی یۆل.

– ل (٩) وێنەی نووسەرو دەرهێنەری کورد یەلماز گۆنای.

*یەکێتی: ژمارە (٣)

– وێنەی منداڵە کوردێك لەسەر بەرگی پێشەوەدا.

– ل (٦) هێلکارییەك.

– ل (١٣) کاریکاتێرێك.

– ل (١٥) وێنەی شەهید لەتیف متەشەر.

– ل (١٨) تابلۆیەکی هونەرمەند فوئاد عەلی.

– تابلۆیەکی هونەرمەند فوئاد عەلی لەسەر دوا بەرگدا.

* کوردستان: ژمارە (٤)

– لەسەر بەرگی پێشەوەدا، وێنەی فۆتۆگرافی سێ منداڵی کوردو دوو سەگ، وێنەی ئافیشی (ملصق) جیهان وکۆترو دەستی ئاشتی.

– ل (٢٥) هێلکارییەك.

– لەسەر دوابەرگیشدا هێلکاری خۆری سوور و تەڵبەندی زیندان.

* کۆڵنەدان: ژمارە (٣)

– ل (١) وێنەی لایەنێك لەیەکێك لەکۆڕو کۆبوونەوەکان بەبۆنەی نەورۆزی ١٩٨٥ لەلەندەن.

– ل (٢) دوو وێنەی دیکە بەهەمان بۆنە.

– ل (٣) وێنەیەکی دیکە بەهەمان بۆنە.

– ل (٤) هێلکاری دوو دەست کە گوزارشت لەهاوکاری دەکات.

* خوێندکاری کورد (KSSE): ژمارە (٩)

– بەرگی پێشەوە وێنەی دوو منداڵی کورد بەجل و بەرگی کوردییەوە.

– ل (٤) وێنەی پیرەمێردی شاعیر لەگەڵ تابلۆیەك بەبۆنەی نەورۆز، لەوە دەچێت لەبڵاوکراوە یاخود گۆڤارێك وەرگیرابێت.

– ل (١٠) وێنەیەکی فۆتۆگرافی کە خەڵك چۆن ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.

– ل(١١) وێنەی فۆتۆگرافی کەسێك کە شیعر یاخود دەقێك دەخوێنێتەوە، بەڵام ناوی نەنووسراوە.

– ل(١٣) وێنەی فۆتۆگرافی کچانی کورد لەکاتی هەڵپەڕکێدا.

– ل(١٤) وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستان لەمەهاباد.

– ل(١٥) وێنەیەکی فۆتۆگرافی پێشەوا قازی محەمەد.

– ل(١٦) هێلکارییەکی گۆران–ی شاعیر.

– ل(٢٣) وێنەی فۆتۆگرافی جگەرخوێن–ی شاعیر.

– ل(٢٩) وێنەی هێلکاری مارکس و ئەنجلس و لینین بەپشت سەری کەسێکی کورد هەڵواسراون.

– ل(٣٣) وێنەی فۆتۆگرافی دوو منداڵی کورد پێش ئەوەی یەکتر ماچ بکەن.

– ل(٣٤) وێنەی فۆتۆگرافی چەند پێشمەرگەیەك.

– لە دوابەرگدا هێلکارییەك سەبارەت بەنەورۆز کێشراوە.

* دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وولآت "ئەکسا": ژمارە (١)ی ١٩٨٧.

– سەر بەرگی پێشەوە، وێنەی سەدام حوسێن و کەنعان ئێڤرین.

– ل(٤) وێنەی چەند پێشمەرگەیەك.

– ل(٦) وێنەیەك روون نییە کەچییە؟

– ل(٧) وێنەی هێمن–ی شاعیر.



هەوالنامەی کتێب

- ل(٩) وێنەی لینین و مارکس و ئەویتر دیارنییە ستالین-یان کەسی دیکە.
- ل(١٠) دیارنییە چ وێنەیەکە.
- ل(١٣) وێنەیەکی زۆر تەڵخە نازانرێت چییە؟!
- ل(١٤) دوو وێنەی دیکەی تەڵخە نازانرێت باسی چی دەکەن!
- ل(١٨) ئافیشێکە (ملصق)ە بەبۆنەی یادی (٣٠)ساڵی خەباتی کۆمەڵەی خوێندکاران لەدەرەوەی وڵات.
- ل(١٩) وێنەی منداڵ و دایکێکی کوردە کراوەتە ئافیش.
- سەر دوا بەرگ وێنەی قەناتی کوردۆ-یە بەبۆنەی کۆچی دوایی.

بەڵام ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە هەموو یاخود زۆربەی بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا وێنەیان بڵاوکردبێتەوە، بۆ نموونە لەهەموو ژمارەکانی (**خوێندکاری کورد-سۆکسە**)دا لەچەند وێنەیەك بترازێت ئەگەرنا وێنەی دانەبەزاندووە، هەروەها لە (**نضال الطلبة، ژمارە -١-**) و (**دەنگی کۆمەڵە، ژمارە -٧-**) و (**هەنگاو، ژمارە -١١-**) و (**نشرة اخبارية، ژمارە -١-**)و چەندان ژمارەو چەندان گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکەدا وێنەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ٤- زمان و رێنووس:

ئەگەر بەگشتی زمان هۆیەك بێت بۆ گەیاندن و ئاڵوگۆڕ کردن ئەوە لەبواری رۆژنامەگەریدا ئەرکەکەی وردتریش دەکرێتەوە بۆ گەیاندنی رووداوی هەنووکەیی و سات و رۆژ زمانی رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەدا لەنێوان بڵاوکراوەو بڵاوکراوەیەکی دیکە، گۆڤارو گۆڤارێکی دیکە، رۆژنامەو رۆژنامەیەکی دیکە، هەروەها لەنێوان نووسین و نووسینێکی دیکە جیاوازە، بەڵام زمانی پەخشان و بەتایبەتی زمانی ئەدەب بەسەر زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکان تا بەهەواڵەکانیش دەگات زاڵە با وەك نموونەی زمان و رێنووس لەم نووسینە ورد ببینەوە کە بەناونیشانی:

<u>**با خەباتی راستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران بێ**</u> <u>**بڵاوکراوەتەوە:**</u>

کۆنگرەی ٢٧-ەمینی کۆمەڵەمان لەرۆژی ١٥-١٩٨٦/٨/١٧ لەشاری بەرلینی رۆژئاوا لە ژێر دروشمی "**با خەباتی راستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران بێ**" بەسترا. کۆنگرەمان لەنوێنەرانی لقەکانی کۆمەڵەو نوێنەرانی ئەم رێکخراوانە پێك هاتبوو، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا-ناوەندی پراگ، یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەورووپا-یوکسی، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی لەبەرلین و ئەڵمانیای رۆژئاوا، کۆمەڵەی خوێندکارنی کورد لەئەورووپا-ناوەندی بەرلین، رێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد لەئەورووپا، کوردستان، کۆمەڵی پشتگیری لە نەتەوەکان **Geselschaaft Fur Bedrohte Volker**، جورنالیستی ئیتالی ماریا گالیتی و هەندێ لەدۆستانی ئەکسا.

کۆنگرەمان بەخولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سەرجەم بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی بن دەستی جیهان دەستی پێکرد.

لەپاش بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کۆنگرە ووتاری ئەو رێکخراوانە خوێندرانەوە کە بانگکرابوون. بۆ بەیانی رۆژی دووهەم کۆمیتەیەك هەڵبژێردرا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری کۆنگرە. پاشان راپۆرتی سیاسی لەلایەن .ب.گ.یەوەخوێندرایەوە، بەدەست پێکردنی باری جیهانی و بەستنەوەی بەباری کوردستانەوە وەکو جێگایەکی ستراتیژی بۆ ئیمپریالیزم و پیلانە نوێ و شاراوەکانیان.

رەوشی ژنانی جیهان لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازییەوە شێوەی چەوساندنەوەیان بەجوانی تا ئەمڕۆ دارێژرا، کۆمەڵەکەمان لەو باوەڕەدایە کە ژنان تەنها لەژێر سایەی کۆمەڵگایەکی یەکسانی سۆشیالیستدا لەچەوسانەوە رزگار ئەبن، خاڵی دوای

ئەوە باری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگی دانی وەلاتە سەرمایەدارییەکان بەو ناوچەیە بوو هەروەها کۆنگرە لەهۆو ئامانج و ئەنجامەکانی شەڕی عێراق و ئێران کۆڵییەوە.

پاشان کوردستان بەگشتی و پارچەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا هەروەها کورد لەیەکێتی سۆڤیەت و لوبنان یەك بەیەك بەدرێژی باسکراو بەسترایەوە لەگەڵ تازەترین ڕووداوی ئەمڕۆدا.

لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدا باسی هۆکانی پارچە پارچەبوونی بزوتنەوەی خوێندکاری کراو بڕیاری زیاتر کارکردن بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە درا، ڕاپۆرتەکە بەگشتی لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی کە لەپاش گفتوگۆیەکی زۆر چەسپێنرابوون. وە لەپاشاندا ڕاپۆرتی چالاکی ك.ب.گ و لقەکان خوێندرایەوەو بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ئەوەی شایانی باسە زۆر بڕیاری بەکەڵك بۆ یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران لەدەرەوەی وڵات دراو زۆر پێشنیار و ئامۆژگاری بەکەڵك بۆ ساڵی نوێ پێشکەشکرا.

لەکۆتایی دا ك.ب.گ هەڵبژێردراو کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ کاری یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاری هەڵبژێردراو ئینجا بەسروودی نیشتمانی ی–ئەی ڕەقیب– کۆتایی بەکۆنگرە هێنرا.

**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وەلات –ئەکسا– ١٩٨٦/٨/٢٠**

**سەرچاوە:** دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات (ئەکسا)ژمارە (١) ئازاری ١٩٨٧ لاپەڕە (١).

ئەم نووسینە دەکرێت وەك بابەتێکی سەرکەوتوو لەبارەی زمان و ڕێنووس وەربگیرێت، بەتایبەتیش ئەگەر بەراورد بەچەند نووسین و پارچە نووسینی وەرگێڕدراو وتار بکرێت کە لەوەدەچێت پێشتر بەزمانێکی دیکە بیر لەنووسینەکە کراوەتەوە ئینجا بەکوردی داڕێژراوە، بەلام لەم نووسینەدا دەتوانرا خۆ لەچەند هەڵەی زمانەوانی وەك بەکارهێنانی (وە) و (ولات) نەك (وولات) بۆ (ووتار)یش بەهەمان شێوە (وتار) ڕاسترە، یان بەکارهێنانی پیتە قاڵبی (دە) نەك (ئە) کەلەچەند شوێنێکی وتاری ئاماژەپێدراودا لەجیاتی (دە)(ئە) بەکارهێنراوە. هەروەها سەبارەت بەهەڵەی زمان و ڕێکخستنی ڕستەو فەرامۆشکردنی ڕێزمان و ڕێنووس ئەم چەند دێرە دەنووسینەوە:

"لەسەردەمانێکدا کە ئیمپریالیزمی جیهانی هەموو ڕامیاریەتی دەوڵەتی و نادەوڵەتی پێشێل دەکا! لەڕۆژگارێکدا لەهەر شوێنێکدا بۆی بلوێ بەخورتی لەباری بابەتی یا نابابەتی دا، بەخەڵەتاندنی پڕوپاگەندەی ڕامیاری یا پلانی سەربازی و پارە و پول لەزۆر کاتدا هەموو لەمانە هیکڕا بەکاردێنێ. دەکەونە سەرپەرشتی بە پێشەنگی سپایی ئەمریکای و هاوسەگانی درێغی ناکەن لەلێدان و هەوڵدان بۆ گەمارۆدان و هەڵوشینی هەر بزوتنەوەیی دیموکراسی و پێشکەوتووخوازو وە یا سەرکردایەتی کردنی پلانی دژ بەشۆرش و جەماوەر "بەقەڵەمی (**لیژنەی بەڕێوەبەری گۆڤاری خوێندکاری کورد**) نووسراوەو بریتی یە لە (**وتەی ژمارە**)ی (٦)ی ساڵی ١٩٨٥.

ئەمە دەق وەلامی ئەو بۆچوونەی پێشەوەمان دەداتەوە ئەو نووسینەیان بەعەرەبی نووسراوەو وەرگێڕانی وشە بەوشەی بۆ کراوە یاخود هەر لەبنەمادا بە کوردی بیر نەکراوەتەوە، بەلام بەکوردی داڕێژراوە بۆ زمان و ڕێنووس ئەگەر پلەی بەراورد لەنێوان ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا دابنێین بلاوکراوەو گۆڤارەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات (**ئەکسا**)و گۆڤاری (**خوێندکاری کورد**)ی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد (**سۆکسە**) بەکوردییەکی ڕێك و پێك و زمانزانانە نووسراون و هەوڵیشیان داوە بەیەك ڕێنووسی دیاریکراو بنووسن و بابەت بلاو بکەنەوە، بەلام هیچ کام لەڕێکخراوەکان چوارچێوەیەکی زمانەوانییان نەبووە، بۆ ڕێنووس و بەیەك ڕێنووسی پەیڕەوکراو لەبلاوکراوەو گۆڤارەکانیان پێڕەوی بکەن.

## ٥- هونەری هەواڵ:

هەواڵ هەر تەنیا ئەو ڕووداوە نییە کەلەکاتی دارشتنیدا وەڵامی پرانسیپەکانی چۆنیەتی دارشتنی هەواڵ بداتەوە، بەڵکو زۆر ئاساییە ڕووداوێك بەوتار دابڕێژرێت و باری سەرنجی نووسەریش بنووسرێت. بەکورتی ڕۆژنامە ڕووداو دەگێڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوە نەك ڕۆژنامە (**ڕۆژانە**) بەڵکو هەفتەنامەشی نەبووە بۆیە ئاستی هەواڵ چ وەك ڕووداو چ وەك دابەشکردنی ڕووبەری بڵاوکراوەو گۆڤارەکان ئاستی نزمەو پانتاییەکی کەمی بۆ تەرخانکردووە، بۆ چۆنیەتی دارشتنی هەواڵەکانیش جیاوازی لەرێکخراوێك بۆ رێکخراوێکی دیکە زۆر جیاوازە و تا لەنێوان بڵاوکراوەو گۆڤارێکی دیکە جیاوازترە، لەهەندێك بڵاوکراوەو گۆڤاردا نەزانراوە هونەری هەواڵ و کاریگەریی گرنگی دان بەهەواڵ چییە؟!

ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات بڵاویانکردۆتەوە زیاتر بریتییە لەچالاکی و کۆنگرەی کۆمەڵە خوێندکارییەکان، لەهەواڵەکاندا شێوازی پەخشان بەسەر دارشتنەکاندا دیارو زاڵە، بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستی هەواڵەکان وەك بەڵگە چەند هەواڵێك دەگوازینەوە:

**یەکەمین خەڵاتی جیهانی بۆ هونەرمەندێکی کورد**

لەماوەی ٢٨ی حوزەیران بۆ ٣٠ی تەموزی ١٩٨٧ پێشبڕکێیەکی جیهانی بۆ هونەری هەڵکۆڵین (سمبوزیوم) لەناوچەی سەردینیای شاری بودوزلوی ئیتاڵیا سازکرا کە تیایە هونەرمەندە گەورەکانی هەڵکۆڵین لەیابان، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کەنەدا، شیکاگۆ، ئیتاڵیا، یوگسلافیا و هونەرمەندی کورد (فوئاد عەلی) بەشدارییان کردبوو، خەڵاتی یەکەمی جیهانی بۆ هونەرمەندی هەڵکۆڵین هونەرمەندی گەورەمان (**فوئاد عەلی**) وەریگرت، کە ئەندامی دەستەی کارگێڕی گشتییە لەکۆمەڵەکەماندا، خەڵاتەکەشی لەسەر تابلۆیەك وەرگرت بەناوی (**ئاشتی**).

لەکاتێکدا کە پیرۆزبایی گەرم لەدڵەوە لەهونەرمەند دەکەین بۆ داهێنان و سەرکەوتنەکەی، وای دەبینین کە هونەرمەندی گەورەمان سەلماندی کە هونەرو هونەرمەندانی کورد بەشێکی دانەبڕاوە لەهونەری جیهانی کە خەباتی خۆی تەرخانکردووە لەپێناوی ئاشتی و کێشەکانی مرۆڤایەتی.

**سەرچاوە:** دەنگوباس، ژمارە (٨) لاپەڕە (٣).

**سەرنج:** ئەو هەواڵە بەزمانی عەرەبی نووسراوەو بۆ سەر زمانی کوردیم وەرگێڕاوە.

**دیداری هاوکاری**

لەسەر داخوازی یەکێتی خوێندکارانی جیهان کۆمەڵەکەمان[٦] بەشداری لەکۆبوونەیەکدا کرد کە بۆ شێوازی هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە خوێندکاری و گەلە چەوساوەکان لەماوەی ٣٠-١٩٨٨/١٠/٣١ سازکرابوو، کۆمەڵە کۆمەڵێك پێشنیاری لەو ڕووەوە پێشکەشکرد.

**سەرچاوە:** نشرة اخبارية، ژمارە (١) کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ل(٣).

**سەرنج:** ئەو هەواڵە بەعەرەبی نووسراوە بۆ سەر زمانی کوردیم وەرگێڕاوە.

**لەمۆسکۆ پایتەختی ئاشتی**

دوازدەمین میهرەجانی لاوان و خوێندکاران ساڵی ١٩٨٥ سازدەکرێت خوێندکارانی کورد لەئەورووپا بڕیاری کۆمسمولی لینینی یان بە خۆشحاڵییەوە وەرگرت کە میهرەجانی دوازدەمینی لاوان لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٨٥ بەڕێوەدەچێت، خوێندکاران و لاوانی کورد لەئەورووپا کار بۆ ئەوە دەکەین کە باش و بەیەکگرتوویی بەشداری لەو ڕووداوە گرنگە لەژیانی لاواندا بکەن. سڵاو لەکۆمسمول و سەرکەوتنیش بۆ میهرەجانی دوازدەمینی لاوان.

**سەرچاوە:** نشرة اخبارية، ژمارە (١) شوباتی ١٩٨٤ ل(٣).

**سەرنج:** ئەو هەواڵە بەزمانی عەرەبی نووسراوە، بۆ سەر زمانی کوردیم وەرگێڕا.

**کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ خوێندکارانی بێگانە لەوڵاتانی سەرمایەداری ئەورووپی و ئەمریکای باکوور**

کۆمەڵەمان بەشداری لەکۆنگرەی جیهانی بۆ خوێندکارانی بێگانە کەلە ٣/٢٠ بۆ ١٩٨٧/٣/٢٢

لەیۆنان بەڕێوەچوو لەژێر دروشمی (**دۆزینەوەی چارەسەری پێویست و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکارانی بێگانە لەولاّتانی سەرمایەداری ئەورووپی و ئەمریکای لاتین**)

نوێنەرمان چەندان جار بەشداری لەگفتوگۆکاندا کرد، چەندان دیداری لەگەلّ ڕێکخراوە خوێندکاری یە هاوڕێ و دۆستەکان کرد و (١٨) ڕێکخراوی خوێندکاران یاداشتنامەیەکی هاوکاریان لەگەلّ خەباتی نەتەوەی کوردمان لەپێناوی مافە نەتەوەییە شەرعییەکان ئیمزاکرد.

کۆمەلّەکەمان ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەبوو.

سەرچاوە: KSSE (Bulletin) ژمارە (٧) حوزەیرانی ١٩٨٧ ل(٦)

سەرنج: ئەو هەوالّە بەزمانی عەرەبی نووسراوە، بۆ سەرزمانی کوردیم وەرگێڕا.

## ٦- ناونیشان، مانشێت:

لە ڕۆژنامەدا ناونیشان هەلّێنجراوی ناوەڕۆکی هەوالّ و وتارو ریپۆرتاژە، هەلّبژاردن و دانانی ناونیشان بەندە بەزیرەکی و دنیادیدەیی و خوێندنەوەو دانەبڕان لەگەلّ پرۆسەکانی گۆڕانکاری و شارەزابوون لەبواری ڕۆژنامەگەریی و هەبوونی زانیاری سەبارەت بەپێشقەچوونەکانی ناونیشان و مانشێت. ئەگەرچی کەسی شارەزا لەسیاسەت و خوێندەوارو ڕۆشنبیر لەبواری ڕۆژنامەگەریی خوێندکاران لەدەرەوەی کوردستان کاریان کردووە یاخود چاودێری دەرچوونی بلاّوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بوونە، بەلاّم بۆ دانانی ناونیشان و هەلّبژاردنی مانشێت سەلیقەیان ورد بەکارنەهێناوە، تا هەندێکجار هەستدەکرێت بیرکردنەوەو قولّبوونەوەی تێدا ڕەچاو نەکراوە، هەروەها دەیان ناونیشانی دووبارەو سێ بارە بەکارهێنراوەتەوە کە خوێنەر بۆ بابەتەکان کێش ناکەن تا بیخوێننەوە:

ئێستا چەند ناونیشانێك دەگوازینەوە:

- کوردستان لەسەر کام ئەستێرەیە؟ (**خوێندکاری کورد، ژ ١٠، ئایاری ١٩٨٧ ل٢) هی (سۆکسە)**.
- چاوگێڕانێك لەڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی کۆن دا (**یەکێتی، ژ٣، ئاداری ١٩٨٤، ل٧**)
- ئافرەت و کۆمەلّ چەند سەرنجێك (**تریسکە، ژ١، ١٩٨٣ ل١٨**)
- بۆ هەمیشەیی لەبیرو ویژدانی گەلە چەوساوەکەتدا دەمێنێتەوە. (**دەنگی کۆمەلّەی خوێندکارانی کوردستان، ژ١، ئازاری ١٩٨٧، ل٧**)
- مێژوو لەبیری چوو.. وێژە خستیە ڕێ ی نەمران (**کوردستان، ژ٣، ١٩٨٣، ل٢٣**)
- کۆنگرەی تاران و چارەنووسی گەلی عیراق (**هەنگاو، ژ ١١، نیسانی ١٩٨٧**)
- بەهاری نەورۆز و ئافرەت، ئاشتی و سەرکەوتن- مانشێت (**دەنگ، سالّی سێ یەم، ژ١، ١٩٨٧**)
- نەورۆز ڕۆژی تێکۆشان و ڕاپەڕینە (**کوّلّنەدان**) ژ(٣) تەمموز، ل(١).
- کوردستانیەت لەنێوان نووسین و کرداردا (**پڕشنگ، ژ٢، تەمموزی ١٩٨٥، ل٤**)

لەم ناونیشانانەو بەجارێکی دیکە هەلّدانەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەو بلاّوکراوەکان دەتوانرێت ناونیشانی سەرکەوتوو و ناسەرکەوتوو ئاماژەیان پێبدرێت.

## ٧- هونەری دیکە:

ئەگەر وردتر لەبواری هونەری ڕۆژنامەگەریی بڕوانین و وەك کارێکی پراکتیکی خوێندنەوە بۆ تێکستی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بکەین، دەبینین ئەو هونەرە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ نییەو هەر یەکێك لەو شەش خالّەی پێشەوە لق و بەشی لێ دەبێتەوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی کارەکەی ئێمە پیڕەوی ڕێبازی وەسف- مێژوویی کردووە، بۆیە وردکارانەتر درێژەمان بەخوێندنەوەی هونەرەکان نەدا، بۆ نموونە ریپۆرتاژ هونەرێکی زیندووی ڕۆژنامەگەرییەو ڕووداوێك بەپێڕەوکردنی هونەرکاریی ئامادەکردن و نووسینی ریپۆرتاژ باس دەکات، بەلاّم وەك پەراوێزێکی ئەم چەند دێرەی پێویستە ئاماژە بەئەوە بدەین کە ڕۆژنامەگەریی خوێندکاران لەدەرەوەی کوردستان گرنگی بە بلاّوکردنەوەی ریپۆرتاژ نەداوە، وتاریش

هونـــەرێكی دیكـــەی ڕۆژنامەگەرییەكـــە لەڕووبـــەری ڕۆژنامەگـــەریی خوێنـــدكاران پانتـــایی باشـــی بـــۆ تەرخانكراوە، بەڵام زۆربەی وتارەكان وەك هونـەرێكی ڕۆژنامەگـــەریی دانەڕێـــژراون و ڕەچـــاوی هونـــەری نووسینی وتار بۆ ڕۆژنامە نـەكراوەو پەخـشان بەسـەر نووسینەكاندا زاڵە.

**پەراوێزەكانی بەشی دووەم:**

١- (أ.ف) واتە (ئیحسان فوئاد).
٢- چەندان بلاوكراوەی دیكەش بۆ نموونە (نضال الطلبة) هەمیسان بەدەستخەت نووسراوەتەوە.
٣- (سوكسە) و (KSSE)ی پراگ دوو گۆڤاریان هەبووە، ناوی (خوێندكاری كورد).
٤- دوای یەكگرتنەكەی ساڵی (١٩٨٨) ناوەكە كراوەتە (نشرة الاخبار) و (دەنگ و باس).
٥- (یۆكسی)ش گۆڤارێكی بەهەمان ناو هەبووە.
٦- واتە كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لەدەرەوە.

## بەشی سێیەم و كۆتایی

# هەڵبژاردەی بابەتەكان

كاركردن لەسەر دۆكیومێنت و نووسراوی كۆن پێویستی بەساغكردنەوەی بابەتییانە هەیە تا پرانسیپە زانستییەكان لەدەست نەدرێن، باشترین خاڵی بەڵگەنەویستیش خوێندنەوەو بینین و گواستنەوەو نووسینەوەی ناوەڕۆك و فۆرمی بەڵگەكانە، بۆ لێكۆڵینەوەش لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی كوردی بینینی ئۆرژینالی ئەو ڕۆژنامەو بلاوكراوەو گۆڤارانەیە كە بەمەبەستی توێژینەوە كاریان لەسەر دەكرێت، بۆ ئەوەی گومان لە لایەن خوێنەران دوای خوێندنەوەی بابەتەكان نەمێنن، پێویستە هەم چەند لاپەڕەیەك دەقاودەق وێنەیان لەبەر بگیرێتەوەو بلاوبكرێنەوە هەم چەند بابەتێك بنووسرێنەوەو بگوازرێنەوە.

ساغكردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی پازدە ساڵە (١٩٧٥-١٩٩١)ی خوێندكارانی كورد لەدەرەوەی كوردستان پێویستی بەبەڵگەی زیاترە لەپێناوی دەوڵەمەندكردنی بابەتەكەو لابردنی گومانی خوێنەران، بۆیە پێم گونجاو بوو كەكۆمەڵێك بابەت لەبوارەكانی (**هەواڵ، وتار، ئەدەب، هونەر، فۆلكلۆرو كەلەپوور، مێژوو**) دەقاو دەق بنووسمەوە، تەنیا لە چەند شوێنێكدا سووكە دەستكارییەكی ڕێنووسم كردووە، زیاتریش بۆ باش درككردن بووە بەچەند وشەیێك بەتایبەتیش لەكاتی دانانی سەرو بۆرو ژێردا.

بەخوێندنەوەی بابەتە گوازراوەكان دەكرێت خوێنەران زانیاری فرەتر و وردتر لەمەڕ چالاكییەكان و بارودۆخی ئەوساو كاری پیشەیی خوێندكاران بزانن، هەروەها دەتوانرێت لەئاستی هونەریی ڕۆژنامەگەریی كوردی لەهەندەرانیش بگەن.

## ١-هەواڵ:

ئەم هەواڵانە دەقاودەق لەباری داڕشتن و شێوازدا دەگوازینەوەو دەنووسینەوە، هەواڵەكان بریتین لەچەند دێرو لاپەڕەیێك لەمێژووی نەتەوەكەمان دەكرێت چ وەك مێژوو، سەرچاوە، زانیاری سوودیان لێوەربگیرێت، هەواڵەكان تەنیا لەیەك گۆڤار یاخود بلاوكراوە وەرنەگیراون بەڵكو سەرچاوەی گواستنەوەیان جیاوازە، جیاواز لەساڵ و ڕێكخراوو ژمارەشدا.

**لەچالاكی لقەكانی كۆمەڵە:**

١- لەژێر دروشمی (**یەكیەتی بزوتنەوەی خوێندكارانی پێشكەوتووی كورد خزمەتە بۆ خەباتی میللەتی كوردو هەموو ئاواتەكانی**) كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لقی یەكیەتی سۆڤیەت كۆنگرەی ساڵانەی بەست.

٢- لقی كۆمەڵەكەمان لەیەكیەتی سۆڤیەت محازەرەیەكی بەناوی (**مەسەلەی كورد لەنووسراوەكانی ڕۆژهەڵات زانەكانی**)دا.

٣- سێ یەمین بلاوكراوەی لقەكەمان هەر لەیەكیەتی سۆڤیەت بۆ بیرەوەری كۆچ كردنی شاعیری پێشكەوتنخواز مامۆستا گۆران تەرخان كرا.

٤- لقی كۆمەڵەكەمان لەبولگاریا لەڕۆژی پاڵپشت كردن لەگەڵ خەباتی میللەتی فەلەستینی بەشداربوو.

٥- هەروەها لقی بولگاریان بەشداری كرد لە مسابەقەی سیاسی وە سرودێكی كوردی پێشكەش

کرد، توانی سەرنجی گشت جەماوەرە کوبووەکان بکێشی.

٦- لقەکەمان لە ئیتالیا بەیاننامەیەکی نارەزایی بلاوکردەوە بەهۆی ناسۆری ژیانی کوردەکانی ئێران.

٧- لقەکەمان لەئیتالیا هەروەها بوستەرێکی چاپ کرد دەربارەی خەباتی گەلی کورد.

٨- بەشدار بوونی لقەکەمان لە ئیتالیا لەئاهەنگی ڕۆژنامەی (یۆنیتا).

٩- لقی ئیتالیا هەروەها لەگەڵ یەکیەتی نووسەران و هونەرمەندانی عێراق ئیوارەیەکیان گرت لەگەڵ شیعری شاعیری لاو عەبدوڵلا پەشێو.

١٠- لقی چیکۆسلۆفاکیا بەیانێکی دەرکرد بەبۆنەی یادی (٣٣) ساڵەی بەسێدارەدانی شەهیدانی میللەتی کورد (**عیزەت و خیرالله و قودسی و خۆشناو**).

١١- هەروەها لقی چیکۆسلۆفاکیا بەیانێکی تری بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە.

١٢- هەمان لق ژمارەیەك لەگۆڤاری (**دەنگی کوردستان**)ی دەرکرد بەبۆنەی ڕۆژی منالآنی جیهان.

**سەرچاوە:** (**KSSE**) ژمارە (٢) مانگی ١٩٨١/١١ ل(٢).

* * *

## چالاکییەکانمان لەبواری لیژنەی هەماهەنگی نێوان کۆمەڵەکەمان و (AKSA)[٢]

* ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی کورد، جەژنی نەورۆز بەم شێوەیە:

- بلاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق.
- گەشتێك بەهەمان بۆنە کە چالاکی هونەری و ڕاگەیاندنی تێدا پێشکەشکرا.
- دەرکردنی بلاوکراوەی (نەورۆز) کە پێکهاتبوو لەچەندان بابەتی هەمەڕەنگ.

* بەشداریکردن لە ئاهەنگی یادی (٤٨) ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی بەم شێوەیە:

- ناردنی بروسکە نامەیەك بەو بۆنەیەوە کەتیایدا باس لەخەباتی حزبی شیوعی کرا، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بەکێشەی نەتەوەیی کوردمانەوە لەعێراقدا هەیە.
- پێشکەشکردنی گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی کەبووە جێگای ڕەزامەندی ئامادەبووان.
- بەشداربوون لەئاهەنگی ڕۆژی خاك و پێشکەشکردنی بروسکەو هەڵپەرکێی کوردی.

**سەرچاوە:** بانگی کوردستان، ژمارە (٢) تەمووزی ١٩٨٢ ل (١٣).

* * *

## کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی کورد

لە ١٢بۆ١٩٨٣/١٠/١٤ مەعهەدی لێکۆڵینەوە بۆ میللەتانی چەوساوە (**RIOP**) لە ئەمستەردام- هۆڵەندا هەڵسا بەگێڕانی کۆنگرەیەك دەربارەی (ڕۆڵی لایەنە کولتوورییەکان لەخەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورددا) ئەوانەی ئەم کۆنگرەیان ڕێکخست بریتی بوون لە دکتۆر (**PETER IDENBURG**) دامەزرێنەری مەعهەدەکەو یارمەتی دەرەکەی (**PER VALIN**) لەگەڵ بەڕێز فوئاد محەمەد حوسەین (**ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی گشتی ئەکسا کە سەرۆکی کۆنگرەکە بوو**).

بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسان بەدەعوەت کردنی ڕۆشنبیرانی سیاسی کوردو ئەورووپی ئەمە یەکەم کۆنگرە بوو لەئەورووپا کە شێوەیەکی زانستی گرتبووە بەر سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

لەدوو ڕۆژی یەکەمدا، دکتۆر عصمەت شەریف فانلی، هەجیر تەیموریان (**ڕۆژنامەنووس لەڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی و کارکەر لەئێستگەی BBC**)، دکتۆر کمال فوئاد، دکتۆر مەجید جافر، دکتۆر **GERARD CHALIND** (لەفەڕەنسا هاتبوو)، پرۆفیسۆر **FRANCOIS HOUTARD** سەبارەت بە مەسەلەی کورد قسەیان کرد، دوابەدوای هەر ڕاپۆرتێك گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەسەرئەکرا لەلایەن ئامادەبووانەوە (**کوردەکان، هۆڵەندی یەکان و ئەوانی لەوڵاتانی ئەورووپاوە هاتبوون**).

لەسێهەمین ڕۆژدا دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ ئامادەبوو، دەربارەی بارو زروفی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی ئێران قسەی کرد.

لەهەمان کاتی کۆنگرەدا ئێوارەی کولتوری کوردی دەستی پێ کرد بەپێشکەشکردنی ئاهەنگ و ئاوازی کوردی، خوێندنەوەی شیعر، پیشاندانی هەردوو فیلمی یولماز گونای (SURU, YOL).(٣)

**سەرچاوە:** دەنگی خوێندکارانی کوردستان، ژمارە (١-٢) نۆڤەمبەر، دیسەمبەر ١٩٨٣ ل١.

**هەواڵێك:**

باڵوێزخانەی ڕژێمی عەفلەقی لەپایتەختی ڕۆمانیا هەستا بەکێشانی پەساپۆرتی زیاتر لە (٤٠٠) قوتابی لایەنگرانی ڕژێم، ئەویش لەئەنجامی وەڵام نەدانەوەی ئەو قوتابیانە بۆ بانگەوازی باڵوێزخانە کەداوای وازهێنان لەخوێندن و گەڕانەوە بۆ عێراق بۆ بەشداری کردن لەقادسیەی ریسواکراو...

**سەرچاوە:** یەکێتی، ژمارە (٣) ئاداری ١٩٨٤ ل(١٧).

* * *

**خۆپیشاندانێکی هاوکاری لەگەڵ گەلەکەمان**

لەیەکێك لەسەرمارترین ڕۆژ کەشاری لندن ٤٠ ساڵە بەخۆیەوە نەدیوە، وە لەڕۆژی ٨ی شباط وە بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٣ ساڵ بەسەر کودەتا فاشیەکەی ١٩٦٣، کاردری (**کۆمیتەی دژی قەلاچۆکردن وە بۆ مافی دیموکراتی لەعێراق**)، هەستا بەرێکخستنی خۆپیشاندانێکی زۆر سەرکەتوو کە زیاتر لە (٦٠٠) کەس لە نوێنەرانی نقاباتی بریطانی وە قوتابیانی وە لاوان وە ئافرەتان وە رێکخراوە پێشکەوتوخوازەکان خۆیان وە درووشمەکانیان کۆبوونەوە لە هایدپارك وە بەناوجادەکانی لندن بەرەو سەفارەتی بەعسی فاشی وە بۆ ریسواکردنی تاوانە دڕندانەکانی ئەم ڕژێمە خوێناویە وە پاڵپشتی تێکۆشانی میللەتی عێراق بۆ روخاندنی ئەم ڕژێمە وە هێنانەدی سیستمێکی دیموکراتی کە گەلی کورد تیایا ئۆتۆنۆمی بەدی ئەهێنێت، خۆ پیشاندانەکە نزیکەی ٤ سەعاتی خایاند.

**سەرچاوە:** کۆڵنەدان، ژمارە (٤) مارتی ١٩٨٦ ل(١).

* * *

**لەچالاکیەکانی یەکێتیمان لەساڵی رابووردوودا**

- لە ١٩٨٤/٧/١٤ شەوێکی کوردیمان گێڕا بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیەکەمان دا، کە پێك هاتبوو لەشانۆگەری دەرویشەکان بە دوای راستی دا دەگەڕێن، لەنووسینی مصطفی حلاج، وەرگێڕانی مامۆستا مەحمود(٤)، لەگەڵ چەند گۆرانی و مۆسیقای کوردی و تورکی و فارسی.
- لە ١٩٨٤/٩/١٢ سیمینارێکمان گێڕا بەناوی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی کە زیاد لەپێنج کات ژمێری خایاند.

**سەرچاوە:** دەنگی خوێندکاران و لاوان، ژمارە (٢) بەفرانباری ١٩٨٥، ل(٣).

* * *

**هەواڵێکی خۆش**

پاش زنجیرەیەك لەگفتوگۆ و لێکۆڵینەوەو باس کردن دەربارەی باری ئێستای جیهان و ناوچەکەو تورکیا و کوردستان ئەم پارتانەی تورکیا و کوردستانی تورکیا :

١- پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان
٢- پارتی کرێکارانی تورکیا
٣- پارتی کاری کۆمۆنیست لەتورکیا
٤- پارتی کۆمۆنیستی تورکی
٥- پارتی سۆسیالیستی کوردستان لەتورکیا
٦- پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیا

گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەرنامەیەکی یەکگرتووی خەبات دەست نیشان بکەن کە ئامانجی سەرەکی (**لەپێناوی ئەوەی هێزە دیموکراسیەکان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و ڕژێمی ئێستای فاشستی راماڵن و داخوازییەکانی گەل و رزگاری نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بهێننەدی**) بۆیە هاوکاری و لێك نزیك بوونەوە لەگەڵ هەموو هێزو پارت و رێکخراوە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکانی تورکیا و کوردستان ئەرکی سەرەکی ئەو هێزانەیەو هەنگاوێکی مێژوویە بۆ روخاندنی ڕژێمی فاشستی تورکیا کە رووبەڕووی هەموو ئەو لایانە دەبێتەوە، وە هەر لەم روانگەیەشەوە ئەم پارتانە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە (**ئێمە ئەم پارتانە بریارمان دا کە هێزەکانمان بکەین بەیەك وە یەکگرتنی هێزی چەپ فەرزی دەکا**

**کە هەموو ئەوانەی دژی فاشیزم خەبات دەکەن هێزیان یەکگرن).**

سەرچاوە: پرشنگ، ژمارە (١) مارتی ١٩٨٥، لاپەڕە (٢٣).

## ٢- وتار:

بۆ ئەوەی لەئاستی وتارەکان و ئامانجی کاری بڵاوکراوەو گۆڤارەکان بگەین و بەرنامەی کاروبارەکانیان چۆن بەڕێوەبردووەو ئەو قەڵەمانەی وتارەکانیان نووسیوە چۆن سوودیان لەهونەری رۆژنامەگەریی نووسینی وتار وەرگرتووە چەند سەروتارێك دەنووسینەوە:

کۆنگرەی کۆمەڵەو گرنگیەتی گۆڤارەکەمان

ئەم ساڵیش وەك هەموو ساڵێ، کۆمەڵەکەمان کۆنگرەی گرت، زیاتر لەسێ رۆژ لێدوان و لێکۆڵینەوەی گرنگ سەبارەت بە (**باری سیاسی ئێستای کوردستان و ناوچەکەو جیهان و پەیوەندیان بەسەرجەمی خەبات و شۆڕشی گەلی قارەمانەکەمانەوە، سەبارەت بەئەرك و خەباتی ئیمڕۆی کۆمەڵەکەمان، وەك بەشێکی گرنگ و نەپچڕاو لەخەباتی ڕەوای رزگاریخوازی گەلەکەمان، بەتایبەتی لەم کاتەدا، کەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگۆڕانێکی بەهێزدایەو، رۆڵێکی یەکجار گرنگ لەشۆڕشەکەمان دا دەگێڕێت**) کرا.

یەکێك لەو خاڵە زۆر بەنرخانەی کۆنگرەمان بایەخی پێدا، هەوڵدان بۆ دەرکردن و بەردەوام بوون و پەرەپێدانی گۆڤاری دەنگی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بوو، بەجۆرێ کەبتوانێ جێ ی خۆی لەناو خوێندکاراندا بکاتەوە و ببێتە یەکێك لەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی خەباتی گەلەکەمان و هەواڵەکانی رابگەیەنێت و ببێتە سەرچاوەیەکی رۆشنبیری و لێکۆڵینەوەی باری سیاسی، ئابوری، کولتووری، کۆمەڵایەتی گەلی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بیروڕای پێشکەوتن خوازو بەرپێچ دانەوەی هەموو جۆرە بیروڕایەکی کۆنەپەرستانەو ناسیونالیستی تەسك بین.

ئێمە هەوڵ ئەدەین کە لەرێبازی کۆمەڵەمان بەووردی بکۆڵینەوە لە بارەی دارشتنی بناغەی یەکیەتی و هاوکاری هەموو خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات لەسەر بنچینەی پرنسیپە سەرەکیەکان (**پێشکەوتن خوازی، کوردستان، دیموکراتی، سەربەخۆیی**).

دڵسۆزانە هەموو ئەو بیروڕا بەکەڵکانە بڵاوئەکەینەوە کە ئەبنە یارمەتی دەری لەیەك نزیك بوونەوەی هێزە سیاسیە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان. وە هاوکاری کۆمەڵەکەمان لەهەموو روویەکەوە دووپات ئەکەینەوە بۆ هەموو پارت و رێکخراوە کوردستانیە پێشکەوتن خوازەکان بەبێ جیاوازی و لەسەر بناغەی (**تێکەڵاو نەبوونە ئیش و کاری یەك**).

بێگومان ئەم کارانەش هەوڵدان و ئیشی زۆریان ئەوێت، کە دەستەی نووسەران بەتەنیا ناتوانێ جێ بەجێیان بکات و ئەکەوێتە سەرشانی گشت لایەکمان، زۆر بەدەگمەن یەکێك هەوڵی دابێ بەشێکی بچووك وەك (**نووسین**) یاخود ناردنی (**هەواڵێك**)ی خستبێتە ئەستۆی، سەرەڕای ئەوەش گلەیی زۆر لەباش دەرنەچونی گۆڤارەکە یان دواکەوتنی ئەکرێت، بەهەر جۆرێ بێ گۆڤار گەلێ گرنگە بەلاّم توانای دەرکردنی زۆر گرنگترە، ئەویش مەحاڵە بێ هاوکاری گشت لایەك.

دەستەی نووسەران

سەرچاوە: دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات، ژمارە (١-٢) نۆڤەمبەر، دیسەمبەری ١٩٨٣، لاپەڕە (١).

* * *

بەوێستانی شەڕی عێراق و ئێران شەڕ لە کوردستان گەرم بوو

ئاخریەکەی شەڕی عێراق و ئێران وەستێنرا، بەداخەوە ئێمە نەمانتوانی سوود لە دەرفەتی نێزیکەی هەشت ساڵانی ئەو شەڕە وەربگرین، بزوتنەوەو شۆڕشەکەمان لەپەراوێزی شەڕەکە بەلاتر بەرین، چ وەك تەرەفێکی موعادەلەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و چ وەکو ئەوەی خۆمان بخستایە سەر

بارێ کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و عێراق و ئێران و دەلالأنی (شەڕ ڕاگر) حسێبیان بۆ شەڕی کوردستان و عێراق و شۆڕەکەمان بکردایە..

کەچی رژێمی ئیستیطانی عیراقی راگرتنی شەڕەکەی لەیەکەم رۆژەوە قۆستۆتەوەو بەهەموو هێزی و بەچەکی کیمیاوی و تەقلیدی یەوە پەلاماری کوردستان و بنکەو مەڵبەندەکانی پێشمەرگەی کوردستانی داوە، کە دەیان و سەدان هەزار کوردیان بەم دیواو دیوی سنوردا ئاوارە کردووەو سەدان و هەزاران شەهیدو برینداری کیمیاویان بەبەرچاوی هەموو دنیاوە، لەگەڵە بێ پشتیوانەکەمان خەسار داوە. کارەسات و میحنەتێ بەسەر گەلەکەماندا دێنێ نوسخەیەکی نوێ ترو درندانەتری ئەوەیە بەسەر (**ئەرمەنی**) و (**جوولەکە**)دا هێنراوە، جیاوازییەکی هەبێ ئەوەیە لەکارەساتی (**ئەرمەنی**) و (**جوولەکە**) دا کەم و زۆر دەوڵەت و دەزگا و رێکخراوی نێودەوڵەتی و دنیا هەبوون، بەجۆرێ لە جۆرەکان پشتگیری و کۆمەکیان پێ کردوون و کەم تا کورتێ بۆیان قەرەبوو کردوونەتەوە ئەوە تەنیا چاوی پێشکەوتوو و ئاشتی خوازە بێ شەرەفەکانی دنیا لەئاسماندا نابینێ و پترۆ دۆلار کوێری کردوون و هەراجی بیروباوەڕو دروشمە درۆزنانەکانیان پڕکردوون و گوێی خۆراوای بەدرۆی دیموکراسی و ئازادیی مافی مرۆڤی ڕوو ڕەش ونامەردی لەئاستماندا تەپاندووە، ئینسانیەتی درۆزن و روالەت گەش و ناوەڕۆك چڵکن بیانەوێ و نەیانەوێ بەشداریی ئەو تاوانە بێ سابیقەیەی بەعسیانی داگیر کەرن.

لێرەوە بەخەڵکی کورد، دەبێ وەك رێکخراوو پارتە سیاسی و کۆمەڵەو دەزگا پیشەییەکانی وەك تاکە تاکەو بەکۆمەڵ و دەستە جەمعی راپەڕن و چوارچێوە سواوە تەقلیدییەکەی خەبات بشکێنن، بەوەی دەکرێ چاوەگوێی کوێر و کەڕی ئەم دنیایە بەسەر کارەساتی گەلەکەماندا بکەنەوە، بەوەی دەکرێ و دەستی پێ دا رادەگات بۆ تۆڵەی پیرۆز، تۆڵەی شەرافەت لەو داگیرکەرو هاوکارو بەرژەوەندیانەی هەیانە بکرێتەوە... ئێمە دڵنیاین لەوەی نەتەوەکەمان بەسەر ئەم کۆسپەش دا زاڵ دەبێت هەر وەك لەمێژووی دا بەسەر دەیان کۆسپی وادا زاڵ بووە، لەم کارەساتە گەورەیە ئەوەی دەستکەوتی ئێمەی کورد بێ ئەوەیە:

– ئەو کیانە ئیستعماریانەی کوردستانیان زەوت کردووە دواکەوتووترین و درندەترین رژێمی ئیستیعماریانەی سەردەمن. ئەوانە داگیرکەرانی کوردستانن و دەبێ خەباتی گەلی کورد بۆ هەڵتەکاندن و لەبەین بردنی ئەو کیانە سیاسی یە ئیستیعماریانە بێت.

– ئیستیعماری ئیستیطانی عیراقی درندەترین شێوەی ئیستعیماری کۆن و نوێ یە، عیراق بەکیان و ئالا، سنوورو بوونێکی هەیەتی دژو دوژمن بە کوردەو هەرگیز ئێمە ناتوانین لەهیچ بارێك دا لەچوارچێوەیەکی وادا هەڵبکەین.

– هەموو دەنگ و رەنگێکی عیراقچێتی لەژێر هەر ناوو دروشمێك دا بێت ریسواکەین و مەسەلەکەمان وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی بن دەست و داگیرکراوو ئیستیعمارکراو بخەینە روو و مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین.

– بەتەمای کەس نەبین و بەدروشم و بانگەشەی سەوزو سوورو زەردو چڵکنی کەس بڕوا نەکەین. کەی پترۆو دۆلاری درزاوی کوردستان کەوتەوە بن دەستی خۆمان ئەوانەی کە ئیمڕۆ درزێ بەرومان دا ناکەنەوە، وەك سەگ بۆ ئێسك لەبەر دەرگامان دا هەڵدەتوتێن!

– رۆژی ئەوە هاتووە بیری جدی و کوردانە لەپاشەڕۆژی خۆمان و نەتەوەکەمان بکەینەوە، هەموانمان هەرچی هەین و نین، سەر بەهەر بیرو ئایدۆلۆجیەت و فەلسەفەو جیهان بینی یەکین بۆ سوودو بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان دەست بەکاربین (پێش ئەوەی هەر شتێ بین، باکوردبین بۆ کوردبین)..

– ئەورۆژە سەختانەش لەبیر نەکەین!...

**دەستەی نووسەران**

<u>سەرچاوە:</u> خوێندکاری کورد، ژمارە (١٢) ئەیلولی ١٩٨٨ لاپەڕە (٢).

* * *

بزوتنەوەی خوێندکاران وەك هەر بزوتنەوەیەکی تری جەماوەی، لەگەڵ رووداوە رامیاری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵدا وا لەگۆڕان و گەشەکردندا. بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردستانیش وەك هەر بزوتنەوەیەکی تری خوێندکاری رۆڵێکی کاریگەری بینیوەو ئەبینێ لەتوندو تیژکردنی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵدا لەووڵاتەکەماندا.

کێشەی نەتەوایەتی ئەمڕۆی گەلەکەمان پتر لە هەر کاتێکی پێشوو گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوەو ئەبینێ، لەلایەك پێشکەوتنی خەباتی چینایەتی و بەئاگابوونی چینە چەوساوەکانی گەل و لەلایەکی دیکەوە یەکگرتنی بورژوازی کورد لەیەکخستنی بەرنامەیاندا بۆ چەواشەکردنی ئەو بزوتنەوە جەماوەریەو بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و گەورەکانیان بەگەرم کردنی گۆڕەپانی خەبات بەشەڕێکی ناڕاست و سەر لێ شێوانی دانیشتوان تا بتوانن بەزۆرەملێ بەرنامەی خۆیان بسەپێنن بەسەر خەڵکیدا.

بۆیە بزوتنەوەی خوێندکاری گەلەکەمان ئەمڕۆ لەهەر کاتێك پترتر پێویستی بەیەکگرتن و پەرەپێدانی خەباتی هەیە بۆ روون کردنەوەی راستی و چونە گژی بەرنامەو نەخشەکانی بورژوازیداو رۆڵی خۆی ببینی لەپێشخستنی خەباتی چینایەتی چینە چەوساوەکانی گەلەکەماندا و ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنی لەخەباتی دژ بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستدا کە تەنها رێگای رزگاری گەلەکەمانە لەچەوسانەوەو ستەم و رزگاری ولاتەکەمان لە دەستی رژێمی فاشی بەعس و هێنانە سەرکاری رژێمێکی گەلی و بنیاتنانی سۆشیالیزم و شادبوون بەژیانێکی یەکسان و ئاسایش لەووڵاتەکەماندا و گەیشتنی گەلی کوردمان بەمافی چارەنووسی خۆی.

**سەرچاوە:** هەنگاو، ژمارە (١١) نیسانی ١٩٨٧ لاپەڕە (١).

* * *

## یادی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

لەگەڵ گەرمەی خەباتی رەوای میللەتی کورد بۆ بەدی هێنانی ژیانێکی سەربەست و کامەران لەوەدەست هێنانی خواستە نەتەوایەتیە رەواکانی وەك و هەموو میللەتانی جیهان، دەستەیەك خوێندکاری کورد کەلەچەند ووڵاتێکی ئەوروپا دەیانخوێند دەرکیان بەپێویستی بوونی رێکخراوێکی قوتابیانە کرد بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەکی راگەیاندن و کانگایەکی بەتین بۆ ناساندنی میللەتی کوردو کێشەکانی نەتەوایەتی و چینایەتی و جۆرەکانی چەوسانەوەی کورد کە دووچاری بووە، وە داواکردن لە گەلانی جیهان بۆ کۆمەك کردن لەگەڵ خەباتی رەوای دا، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٥٦ دا هەڵسان بەپێك هێنانی کۆمەڵەیەکی دیموکراسی بۆ خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی ووڵات بۆ ئەوەی ببێت بەبنکەیەك بۆ هاندانی خوێندکارانی کورد ۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و ئەکادیمی پێویست.

هەر لەدامەزراندنیەوە ئەو کۆمەڵەیە ناوی نرا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد[٥] لە ئەوروپا، کە زۆربەی خوێندکارانی دەرەوەی ولات لەخۆی گردکردبووە. ئەو پرۆگرامەی دەستەی دامەزرێنەر ئامادەی کردبوو بۆ کۆنگرەی یەکەم تەواو دەگونجا لەگەڵ خواستی خوێندکارانی کورد لەهەمو بواری نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی و ئەکادیمی دا ئیتر بەشێوەیەکی دیموکراتیانەو بەبێ رەچاوکردنی بیرو رای رامیاری قوتابیانی کوردی لەخۆی گردکردبووەوە، کە ئەم راستیە لە هەڵبژاردنی دەستەکانی کارگێڕی بەتەواوی دەرکەوت و کۆمەڵە بوو بە شانۆیەکی واقیعی و رەنگدانەوەی خەباتی کورد لەگشت پارچەکانی کوردستان، ئیتر دەوری کۆمەڵە بەشێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ دەرکەوت لەپشتگیری کردنی خەباتی میللەتی کورد لەکوردستاندا وە بەتایبەتی شۆڕشەکەی کوردستانی عێراق، وە لەنێو دەستەکانی کارگێڕێ گشتی و لقەکاندا نوێنەری خوێندکارانی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو (تورکیا-ئێران-عێراق-سوریا) ئەوە بوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد رۆڵێکی باڵای بینی لەناساندنی خەباتی میللەتی کورد و مێژوو و رۆشنبیری و خوورەوشتی کورد بەگەلانی ئەوروپا لەرێگای بلاوکراوەو کۆبوونەوەو سیمینارەکان و ...هتد. بەلام شکستی و لادانی

بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد لـەڕێبازە پێـشکەوتن خوازەکەیـدا، ڕاسـتەوخۆ کـاری کـردە سـەر ڕەوتـی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد و ئـەوەش بـووە هـۆی نوشـستی هێنـانی چـالاکیەکانی کۆمەڵـە بۆماوەیـەکی درێژ، لەلایەکی تریشەوە بـووە هـۆی دروسـت بـوونی پتر لەناوەندێك بۆ خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، بەڵام ئـەو واقیعـە تاڵـەی کـە ئێـستا کوردسـتان و میللـەتی کورد پێدا تێپەردەبێ، خوێندکارانی کـوردی خـستۆتە بـەر هەسـت کـردن بـەڵێ پرسـینەوەو خـەبات کـردن و هـەوڵ دان بـۆ لابردنـی ئـەو تەگەرانـەی کەهاتبوونـە بـەردەم ڕەوتـی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد. وە مەسـەلەی یەکگرتنـەوەو هەوڵـدانی گـشت قوتابیـانی کورد لەڕێکخراوێکی خوێندکارانـدا بۆتـە مەسـەلەیەکی گرنگ و پێویست.

**دەستەی نووسەران**

**سەرچاوە:** دەنگ، ژمارە (٢-٣) ساڵی ١٩٨٦ لاپـەڕە (٢).

* * *

**ئەدەب:**

ڕۆژنامەگـەریی خوێنـدکارانی کـورد گرنگـی دیـاری بەبڵاوەکردنـەوەی دەقـی خۆمـاڵی داوە بەتایبـەتیش شیعر، زیاتریش شیعری شـاعیرە ناسـراوو دیارەکـانی وەك شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵلا پەشـێو، یـان بڵاوکردۆتـەوە، زۆربـەی شـیعرەکان دووبـارە و چەند بارە بڵاوکراونەتەوە هەر بۆ نموونـە وەك بەڵگـە چەند شیعرێك دەنووسینەوە:

**ڕوخسارت**

ڕوخسارت وەك ئاسۆ دەنوێنێ
ڕوخسارت وەك سەراب
وەك ونبون
وەك دەریا دەنوێنێ
ڕوخسارت.. شەپۆلی هەتاوە
لەکێڵگەی گەردوونا
دەمچێنێ
ڕوخسارت.. دووڕیانی مردن و ژینە
نەء گیانە
دووڕیانی مردن و مردنە
لەبەردەم نهێنی و
سەرسامی و
سووتانا ڕام دەگرێ و
بەشێتم دەچوێنێ

**ڕەفیق سابیر**

**سەرچـاوە:** کوردسـتان، ژمـارە (٤) سـاڵی ١٩٨٤، لاپەڕە (٣٢)

* * *

**مەل**

خۆڵ و دۆیان کرد بەسەری
باخچەیەکی "ئەسمەرە" داو
بەپشتاو پشت
گولەکانیان
سواری پشتی چڵەکان
دارەکانی دارستانیان شاربەدەر کرد
هەردوو چاوی ئاویان کوێر کرد
لەبەر ئەوەی مەلەکانی ئەو باخچەیە
بەیەکەوە هەڵ ئەفرین و قوڵ لەقوڵدا
بۆجێ ژوان.. ئەڕۆیشتن
پێکیشەوە لەمەیدانی گەورەی شاردا
بەمندالآن ئەگەیشتن
لەبەر ئەوەی مەلەکانی ئەو باخچەیە
ئەچوونە سەر... هەورەبانی
ماڵی پاشا ئەیانخوێند و
هەڵ ئەنیشتن

**شێرکۆ بێکەس**

**سەرچاوە:** کوردسـتان، ژمـارە (٣) کـانوونی دووەم-١٩٨٤، لاپەڕە (١٤).

* * *

**بۆ قەرەجێك**

ئاسمانی تۆر سەری لووتە!
چاوت شۆڕکە
ملت کەچ کە
چاو مەگێڕە بۆ ئاسمان و

ئەستێرەو خوا
ئەوەی بستێك خاكی نەبێ
خواو
ئەستێرەو
ئاسمانی
کوا؟!

**عەبدوڵلا پەشێو**

**سەرچاوە:** خوێندکاری کورد، ژمارە (٦) ئایاری ١٩٨٦ ل(٢٤).

*  *  *

**بۆرژوازی**

بۆرژوازی لەدەستی دێ
هەموو کارێك ئەنجام بدا
دەتوانێ زۆرترین خەڵك لەناوببا
پێ ی دەکرێ بەشەڕ هەڵگیرسان،
وڵاتان تێك و پێك بدا
لەدەستی دێ ئابرووی کچی خەڵکی ببا
توانای هەیە رۆڵە زۆرەکانی خەڵك
لەشەڕی بەرژەوەندی دا، بەکوشت بدا
لەدەستی دێ بەگەڵێ کاری گێلانە
مردنی خۆی نزیك بکا
هەم دەتوانێ مردنەکەی وەدوا بخا
بەڵام قەت و قەت ناتوانێ
خۆی لەمردنی مسۆگەر رزگار بکا

**أ. خۆشناو**(٦)

**سەرچاوە:** دەنگ، ژمارە (١) ساڵی سێیەم ١٩٨٧، لاپەرە (٩).

*  *  *

**سکاڵای دڵ**

تاقە ئەستێرەی ئاواتی شەوم
بۆچی نایەیتە مێوانی خەوم
شەوگاری دڵم بێ بزەی لێوت
بێ کولمی سووری وەك شەکرپێوت
بێ چاوی رەشی نەختێ خەواڵووت
بێ فەریك مەمی تازە پشکووتووت
بێ زەردەخەنەی دەمی شیرینت
بێ پرچی خاوی ئاوریشمی چینت
بێ لەنجەو لاری ئەندامی جوانت
بێ ناڵە ناڵ و نازی شەوانت
بێ گڕی گەرمی دەروونی کەیلت
بێ خورپە خورپی دڵی پڕ مەیلت
خەمبارو بێ خەو چۆڵ و وێرانە
خەوی من تەنها بۆتۆیە گیانە
تاقە ئەستێرەی ئاواتی شەوم
بۆچی نایەیتە مێوانی خەوم

**هـ/ کافرۆشی**

**سەرچاوە:** پرشنگ، ژمارە (١) مارتی ١٩٨٥، لاپەرە (٣٠).

*  *  *

دەقی ئەدەبی نێو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی خوێندکارانی کورد هەر تەنیا شیعر نین، بەڵکو چەندان دەقی چیرۆکی خۆماڵیشیان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەم چیرۆکە یەکێکە لەچیرۆکەکان:-

**رەشەبا**

وێنەی چ تابلۆیەك بکێشم و بەرووی ئەم دیوارەوە هەڵواسم؟ کاتێ کە خۆم کوشت دەرگا دەکرێتەوە، سەیری تابلۆکە دەکەن و سەریان سوور دەمێنێ! چاکترە هەر ئێستا خۆم بکوژم، ئەوا گوریسەکە لەگەردنم گیردەکەم و شەقێکیش لەمێزەکەی ژێر پێم دەدەم و بەیەکجاری ماڵاوایی لەکوێرەوەریم دەکەم، نهێنیەك جێ بهێڵم؟.. نا.. دیوارەکە رووتەو تا ئێستا تابلۆیەکم پێدا هەڵنەواسیوە، جا بۆ تابلۆکانی ئەمڕۆ تەعبیر لەچی دەکەن؟! با خۆم تابلۆیەك بکێشم و دوارۆژی خۆم بەدەرروونی ژمرۆڤانێکەوە وا بەستە بکەم کە ناتوانن نهێنی یەکان لای یەك بدرکێنن!.. بەڵام پاش ئەوەی کە خۆم دەکوژم تابلۆکەشم دەستوویێنن! مەبەستم ناگاتە ئەو مرۆڤانەی کە دەروونیان لەگەڵمدایە، چاکتر وایە هەر خۆم بکوژم، بۆخۆم بە تابلۆیەکەوە ماندوو بکەم؟!... نا، تابلۆیەك دەکێشم با ژوورەکە لێم تێ بگا، بەڵام

ژووری مادەی رەق و تەق؟ ژوور دەنگیان دەرنایا مرۆڤی ئەمرۆش هەر بەم جۆرەن، کەواتە خۆ کوشتنەکەم باشترین چارەسەرە.

ئەمە فایلێکی سپی یە، تابلۆیەکی جوانی لەسەر دەکێشرێ و فڵچەکەشم وا بەدەستەوەیە. دووخەت دەکێشم، بێ مانایە! دەزانم، بەلام فەیلسووفەکان، دوای خۆکوشتنەکەم دێن و لەو دوو هێڵە دەکۆڵنەوەو لەخەڵکی دەکەن بەئەفسانەیەك و بڕوایان پێ دێنن.

خۆم دەکوژم، جا چاوەڕوانی چیی دەکەی؟! بەلام دوایی دیوارەکە لەنهێنی یەکەم دەگات تابلۆ؟.!

دروست دەکەم و بەدیوارەکەتەوە هەڵدەواسم، دەست پێ دەکەم.

**(ئەم هێڵە زەوییە.. ئەم مرۆڤانەش لەسەری دەژین، بەلام هەموویان ناپەسەندو دزێوو مشەخۆرەکانی ئەم زەمینەن، کەواتە کەس تیایدا لەمرۆڤی راستگۆ ناچێ بەلای چەپی تابلۆکەدا، مرۆڤێکی لاوازو بچووك كە تا چاك تێی نەنواڕێ نایبینی و نایدۆزیتەوە، خاڵێکی بچووکەو دەبزوێ، مێشکی تیشکی زێڕینی راستگۆیی پێوە دیارە، نابێ ژێر زەوی یەکە هەر وا بەهاسانی جێ بهێڵم! چونکە لەوێش کۆمەڵێ مرۆڤ، سپی و سوور و زەردو و رەش پێکەوە دەژین، دەیانەوێ بەسەر زەوی دا هەڵگەڕێن، بەلام جارێ خەریکی دروستکردنی پەیژەن!)**

تابلۆکە کۆتایی پێ هات، بەدیوارەکەوەم چەسپاندو دوو هەنگاوی لێ دوور کەوتمەوەو تێم روانی، زەوی یەك کۆمەڵێ مرۆڤی دڕندەی تێدا دەژین، لە ژێر زەوی یەکەش کۆمەڵێ مرۆڤی تر تێدەکۆشن، دەیانەوێ وەکو بورکان لەناخی زەوی یەوە درزێ بدۆزنەوەو بتەقێنەوە! لەنێوان هەردوکیاندا نوێنەرێ دەژێ و دەبزوێ، کون و قوژبنی شارەکان دەپشکنێ تا پەیژەیەك پەیدا بکا.

ئەمەش تابلۆیەکە دە ئەنجا خۆت بکوژە!

چوومە سەر مێزەکەو ئاوڕێکم لەتابلۆکە دایەوە، هەروا دەمێنێ یان دەگۆڕێ؟ کەواتە بۆخۆم بکوژم؟ با دەرگا بکەمەوەو هاوار بکەم، خۆم ناکوژم! بەلام گۆڕانی تابلۆکە چەند ساڵێکی پێ دەوێ، خۆ کوشتنەکەم باشترە چونکە ناتوانم ئەم هەموو ساڵانە چاوەڕوان بم، ئێستا وا لەسەر مێزەکەم بەهەر دوو دەستم گوریسەکەم لەملم ئاڵاند، دەبا شەقێکیش لە مێزەکەی ژێر پێم هەڵدەم و ماڵاوایی بکەم، ماڵاوا ئەی ژوورە پڕ لەئارامی و ماتەمینەکەم، دواجار ئاوڕێك لەتۆ دەدەمەوە ئەی تابلۆ نەمرەکەم! ئەوە ئەو مرۆڤە لەنێوتا دەبزوێ؟ پەیژەی بەدەستەوەیە؟! من ئەو پەیژەیەم نەکێشاوە! ئەوە لەکوێوە هات؟! دەبێ کەس لەم ژوورە هەبێ و پێم نەزانیبێ؟!

بەپەلە لەسەر مێزەکە دابەزی و دەرگای لەخۆی واڵاکرد، لەپڕ رەشەبایەکی بەهێز تەوژمی هێناو ئەمی خستە سەر زەوی هەستایە سەرپێ و بینی مێزو فڵچەو گوریس و تەپڵەك و شووشە شەرابەکەی بەژوورەکەدا کرد.. تابلۆکەش سەرەو خوار کرابوو!..

خەندەیەك هاتە سەر لێوی و لەژوورەکە دەرپەڕی.

**بەختیار قادر**

<u>سەرچاوە</u>: خوێندکاری کورد، ژمارە (١٠)ی ئایاری ١٩٨٧، لاپەڕە (٣٠)

* * *

<u>مێژوو</u>

چەندان بابەتی مێژوویی نووسراوو وەرگێڕدراو لەدووتوێی بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی خوێندکارانی کورد بڵاوکراونەتەوەو ناکرێت زۆربەی بابەتەکان بنووسینەوەو هەر بۆ نموونە بۆ ئەرشیف و بۆ یادکردنەوە ئەم بابەتە دەگوازینەوە:

<u>**بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان**</u>

بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بزوتنەوەیەکی بابەتی و مێژوو کردەو رەنگدانەوەی واقعی ویستەکانی پتر لەبیست ملیۆن گەلی کوردستانی یە، ئەو گەلەی هەر لەزووەوە لەپێناوی رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی داو گەیشتن بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا لەباروذۆخێکی سەخت دا خەباتی بۆ دەکات.

گەلی کوردستان پێویستە وەك سەرجەم گەلانی تری دنیا بەمافی چارەنووسی خۆی بگات بۆ ئەوەی

بەئاسایی بشتوانێت ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خۆی دیاری بکات.

بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەشمان، ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرەو پێشەوە چوون و فراوانی و پتەوبوونی ڕۆڵی خۆی لەپرۆسەی شۆڕشگێڕی ناوچەکەو جیهانی دا دەبینێتەوەو تا دێت وەك بوویەکی بابەتی و واقعیش معامەلەی لەگەڵدا دەکرێت.

مێژووی رابەردووی دوورو نزیکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان، پڕن لەئەزموون و وانەی راپەڕین و شۆڕش، کەوا هەمیشە گەلەکەمان وە بەتایبەتی خەڵکی چەوساوەی گەلەکەمان درێغیان لە ئامادەبوون و قوربانی دان و بەشداریکردن لەو راپەڕین و شۆڕشانەدا نەکردووە، لەپێناوی گەیشتن بەئامانجە رەوا دیموکراسیەکانی تەڤگەرەکە لەسەربەخۆیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا.

ئەگەرچی سەرجەم راپەڕین و شۆڕشەکانی رابردوو نەیان توانیوە بەئامانجەکانی خۆیان بگەن و زۆربەیان بەئاگرو ئاسن لەنێو گۆمی خوێنی رژێمە کۆنەپەرست و شۆڤێنیەکان و ئیمپریالیزمدا نقوم بوون و تێکشکێنراون یاخود تێکشاون.. کە ئەمەش بەندە بە رەنگدانەوەی گەلێ لایەنی ئەو ریزە بابەتی و خۆییانە کە بزوتنەوەکە لەهەردوو بوارەوە دووچاری بووە.

**لەباری بابەتییەوە (مەوزوعیەوە)**

کوردستان، وڵاتێکە و لەباری جیوسیاسی و دەوڵەمەندیی ئابووریەوە شوێنێکی گرنگی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا گرتۆتەوەو یەکێکە لەدراوسێکانی یەکێتی سۆڤیەتیش.

هەر بۆیە لەزووەوە ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستانی ناوچەکە بەچاوێکی گران بەها تیّ ی دەڕوانن و بێوچانیش لەپیلان نانەوەدان لەدژی تەڤگەرە رزگاریخوازەکەی راوەستاون.

دابەشکردنی کوردستان بۆ جاری دووەم لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئیمپریالیزمیەوە وەلام دانەوەیەك بوو بۆ ئەم واقیعە... و لەوساکەوە کوردستان وەك لەشێکی زامدارو لەژێر چەپۆکی شۆڤێنیست و داگیرکەرەکان و ئیمپریالیزم دەناڵێنێت و لەو زەمەنە و مێژوویشەوە چۆنیەتی خەباتی بزوتنەوەی گەلی کوردستان بەبارێکی تردا داشکایەوەو جارێك گەمارۆدرایە بەردەوامیش..

ئەو رژێمە پاشکۆیانەی ئیمپریالیزم هەوڵی گەمارۆدان و لەناوبردنی بەهاوبەشی کوردستانیان داوەو لەدژی تەڤگەرە رزگاریخوازەکەی راوەستاون و بەردەوامیش هەرچی گۆشەیەکی لاوەکی خۆیان هەبووبێت لەو رووەوە وەلایان ناوەو ویستویانە یەکتر لەنێو چاڵی نقوم بووندا رزگاربکەن.

هەر بۆیە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەبارودۆخێکی سەخت و دژواردا بەرەو پێشەوە دەڕوات.

**لەبارەی خۆییەوە(ذاتیەوە)**

شتێکی ئاشکرایە، کە کۆمەڵی کوردستان وەك هەر کۆمەڵێکی تری مرۆڤایەتی بەندە بەکۆمەڵیّ یاسای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و چەند قۆناغێکی جیاوازی مێژوویی یەوە وەك قۆناغی سەرەتای مرۆڤایەتی و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و لەدایك بوون وپەرەسەندنی پێوەندی یەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یەوە.. و لەچەندان چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاجیای دژ بەیەکەیش پێکهاتوون.. وەك:

* دەرەبەگەکان
* جوتیارەکان
* بۆرژوازی گەورە
* وردە بۆرژوازی
* چینی جوتیار

هەر بۆیە بیرکردنەوەی کۆمەڵەکەمان بریتی نیە تەنیا لەیەك بیرکردنەوەی ئیدیۆلۆژیەوە بەڵکو هەر چینەو خاوەنی ئیدیۆلۆژیەتی تایبەت بەخۆیەتی و هەڵوێست و بیرکردنەوەی جیاوازیش بۆ چارەنووسی گەلەکەمان بەدی دەکرێت و هەر چینەی لەئاست بەرژەوەندیە چینایەتی یەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە لایەنەکانی کۆمەڵ و دوارۆژی پەیوەندی یەکانی بەرهەمهێنانی

ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردستان لە قۆناغێکی گواستنەوە (انتقالی) لەقۆناغی دەرەبەگایەتی یەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری بەولاوە زیاتر نییە، یانی قۆناغێکە کە پێوەندی یەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تیا نەشونمای کردووەو لەلای تریشەوە هێشتا بەپاشماوەی پێوەندی یەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی یەوە بەندە.

مادام، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوویەکی بابەتی یەو هەڵقولاوی ئەو واقعەیەو بریتی یە لەئەلقەیەکی شۆڕشگێڕی هەرگیز نەپچڕاوی ناو زنجیرەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی یەکانی گەلانی تازە پێگەیشتوو لەپێناوی سەربەخۆیی و نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا خەبات دەکات.. پێویستە لەدژی ئیمپریالیزمی جیهانی و زایۆنیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوە بەتوندی ڕابوەستێت و بەهیچ شێوەیەك لەدۆست و هاوپەیمانە ڕاستەکانی گەلی کوردستان و بزوتنەوەکەی دوور نەکەوێتەوە، یانی لەولاتانی سۆسیالیزم و بەتایبەتی لەیەکێتی سۆڤیەتی دۆست و سەرجەم هێزی شۆڕشگێڕی ناوچەکەو جیهانیەوە دوور نەکەوێتەوە کە خۆیان لەهەرسێ باڵەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهانی دا دەبینێتەوە وەك: بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانیەکان و بزوتنەوەی کرێکاری لەوولاتانی سەرمایەداری و ولاتانی سۆسیالیزم بەپێشەنگی یەکێتی سۆڤیەت، کەواتە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دژ بەبیری شۆڕشی دیموکراتی نیشتمانی کوردستان سەر هەڵبدات.. پێچەوانەی بیری شۆڕشگێڕی هاوچەرخی بزوتنەوەکەمانەو لەئەنجامیشدا هەر تووشی شکستی و سەرنەکەوتن دێت.. هەروەك و چۆن ئەزموونی ڕاپەڕینی بزوتنەوەکانی مێژووی دوورونزیکی گەلەکەمان لەژێر سەرکردایەتی بیر و دەسەلاتی عەشیرەتگەری و بۆرژوازیدا ئەوەیان سەلماند.

هەروەها مێژووی نوێ ی هاوچەرخی گەلانی تازە پێگەیشتوو و تەڤگەری گەلەکەمان ئەوەیان سەلماند کەبیرو هێزی ووردە بۆرژوازی کوردستانیش ناتوانێت سەرکردایەتی تەڤگەرەکەمان بکات. لەبەر سروشتی چینایەتی و ئاسۆی داخراوی مێژووی یەوە، بەڵکو تاقە هێزی هەتا سەر شۆڕشگێڕو پێشڕەوی بزوتنەوەکەمان خۆی لەبیر و سەرکردایەتی چینی کرێکارانی تازە پێگەیشتووی کوردستاندا دەبینێتەوەو خاوەنی ئاسۆی دوارۆژێکی کراوەو گەشی مێژوویی یە.

جا بۆیە ئەم هێزە تازە پێگەیشتووە لەکۆمەڵی کوردستاندا وەك پێویستیەکی بابەتی و مێژوویی یەوەو دەبێت خاوەنی ڕێکخراوی سیاسی پێشڕەوی خۆی بێت و بەهێزی ئەویش لەسەربەخۆیی ئیدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی دا دەبینێتەوە.. چونکە تەنیا هەر ئەو چینەیە بەهاوبەشی سەرجەم زەحمەتکێشانی تر دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕادیکالیانە ئامانج و ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتیکی کوردستانی بهێنێتە دی و کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم و وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆی بەرێت.

شتێکی ئاشکرایە، کە پاش ڕێککەوتنە خیانی یە کۆنەپەرستەکەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان ڕژێمی کۆنەپەرستی عێراقی و ئێرانی لەژێر چەتری ئیمپریالیزمی جیهانی داو تێکشکانی شۆڕشی گەلەکەمان لە کوردستانی خوارووا، زامێکی گەورەی لەلەشی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا جێهێشت و... دوژمنانی داگیرکەر و ئیمپریالیزمی جیهانی دژ بەتەڤگەری ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، لەو بڕوایەدابوون کە جارێکی تر یا هەر هیچ نەبێت لەداهاتوویەکی نزیکدا ڕاپەڕین و شۆڕشی نیشتمانی گەلەکەمان سەر هەڵنادات و ئیتر چووەتە گۆڕێ، بەلام نەیانزانی کەتەنیا تێکشکانی سەرکردایەتی عەشیرەتگەری بۆرژوازی کوردستانی بوو، هەر بۆیە زوو بەزوو دوای یەك ساڵ جارێکی تریش ناڕەزایی گەلەکەمان لەکوردستانی خوارووا بەشێوەو نەوعیەتێکی نوێ بەرزبۆوەوە، کەبەڕاستی بۆ دوژمنان و دۆستانمان ڕووداوێکی کتوپڕ بوو.. هەروەها دوای سێ ساڵی تر بزوتنەوی چەکداری لەکوردستانی ڕۆژهەلاتیشدا سەری هەڵداو

بزوتنەوەیەکی فراوانی ڕزگاریخوزانەو پێشکەوتنخوازانەش لەکوردستانی سەروو و ڕۆژئاوا پێگەیشت و لەبەرو پێشەوە چوونە..

تێکشکانەکەی شۆڕش لە ١٩٧٥دا برینێکی مەزنی لەلەشی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا جێهێشت، بەلاَم لەراستی دا ناڕاستەوخۆ زەمینەیەکی واقعی فراوانی بۆ لەدایك بوون و گەشەکردنی بیری پێشڕەوایەتی، بیری سۆسیالیزمی زانستی و ئینتەرناسیونالیزمی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان خۆشکرد.. کە چاوەنواڕی دوارۆژێکی گەشی تیا بەدی دەکرێت بۆ بزوتنەوەکەو خەڵکی چەوساوەی میللەتەکەمان.

**نەجمەددینی کەریم**

**سەرچاوە:** دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولاَت، ژمارە (١) ئازاری ١٩٨٧، لاپەڕە (٣).

* * *

**فۆلکلۆر و کەلەپوور**

زۆربەی بلاَوکراوەو گۆڤارەکان فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردییان فەرامۆش نەکردووەو بەگوێرەی دەرفەت بەرهەمیان بلاَوکردۆتەوە، دەتوانرێت سەیری ئەم چەند نموونەیە بکرێت:

قەسەم بەو بالاَی چین چینت
بەم ئەگریجەی ژێر پۆشینت
کافربووم هاتمە سەر دینت
شیرنێ لەیلانێ لەیلانێ

***

چاوی ڕەشت بەخومارەوە
خوا پێ ی داوی مەی شارەوە
شیرنێ با بچینە سەیرانێ

***

جووتێ ساقی گوارە زێرن
مەی لەمەیخانێ دەگێڕن
عاشقان لەدین وەردەگێڕن
شیرنێ بابچینە سەیرانێ

***

قوربانت بم ئەی بای شەوێ
خەوبێ لەچاوم ناکەوێ
دڵ مەجنونەو لەیلای دەوێ
شیرنێ بابچینە سەیرانێ

**سەرچاوە:** پرشنگ، ژمارە (١) مارتی ١٩٨٥، لاپەڕە (٢٤)

* * *

هونەرمەندی ناسراویش (**قادر دیلان**)ی رەحمەتی ئەم چەند پەندی پێشینانەی کۆکردۆتەوە:

- باران باری ترێی ڕەش خۆش بوو.
- لەهەموو هەورێ باران ناباری.
- هەوری سوور بارانی دوور تەقلە تەنوور لەشارەزوور.
- گۆم هەتا قوولَ بێ مەلەی خۆشە.
- لەسەد ئاو ئەدا قولە پێی تەڕ نابێ.
- سەرێکی هەیەو هەزار سەودا.
- دۆست ئەوەیە ئەت گریەنێ، دوژمن ئەوەیە ئەت کەنینێ.
- نان ئەو نانە ئەمرۆ لەخوانە.
- سواربوون یەك شەرمەزاری، دابەزین دوو.
- بەگولێ بەهار نایێ.
- ئەڵێی هات هاتەکەی ڕۆمە.
- سالَ بەسالَ خۆزگەم بەپار.
- هەر دەوەنە دەبێ دار.
- پلاَوو بامێ قوبولَیو تاس کەبابی.

**سەرچاوە:** کوردستان، ژمارە (٤) سالَی ١٩٨٤، لاپەڕە (٣٨).

* * *

**دوو حیکایەت:**

لەحاتەمی تەیان پرسی: کەست لەخۆت بەتواناترو نانبدەیی تر دیوە، یان ناوت بیستووە؟ گوتی: بەڵێ دیومە (ڕۆژێ چل حوشترم کردە قوربانی لەهەموو پاشای عارەبانم گێڕایەوە، لەهەموو لایەکی بیابانەوە هاتە مێوانداریم، تەنیا یەك دارکەرم بینی نەهاتبووە سەرداوەتەکەم، پێم گوت: ئەوە چۆنە تۆ نەهاتویتە سەرخوانی حاتەم، خەڵك هەموو هاتوون؟

کابرا گوتی:
کێ بەرەنجی شان نانی پەیدا بکات
حەز لەمنەتی مام حاتەم ناکات
ئەو کەسەیە کەلەمن جوامێر ترو بەتواناترە.
دوو برا هەبوون، یەکێ خزمەتکاری سوڵتان بوو، بەڵام ئەوەی دی بەرەنجی شانی خۆی دەژیا، ئەوەی خزمەتکاری سوڵتان بوو بەبراکەی دی گوت کە دەرویش بوو: بۆ وەکو من نابی بەخزمەتکار تا لەم ئەزیەتە رزگار بیت؟
– ئەی تۆ بۆ تێ ناکۆشیت تا لەم ژێر چەپۆکیە رزگار بیت؟
گوتویانە: نانی خۆی بخۆی و دابنیشی لەوە باشترە کە مل کەچی بی و پشدێنی زێڕ ببەستی.
ئاسن گەرم کەی بیکەی بەهەویر
نەك دەست درێژکەی بۆ خوانی ئەمیر
**ئامادەکردنی: سەرکەوت**
سەرچاوە: یەکێتی، ژمارە (٣) ئاداری ١٩٨٤، لاپەرە (١٢).

*   *   *

**هونەر**

بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی خوێندکاران بەپێ ی پێویست و ویستی خوێندکاران گرنگی یان بە بابەتی هونەری نەداوە، بەڵام وە نەبێت بەدەربێت لەبابەتی هونەری و وەك نموونە ئەم دوو بابەتە دەنووسینەوە:

**هونەرو ئەمڕۆی کورد**

زۆر جێ ی دڵ خۆشیەکە زۆر هونەرمەندی کوردی لاوو بەهەموو توانای هونەری خۆیان بەتەواوی تەرخان کرد بۆ ئەوەی کە بتوانێ بڵێ کەمیللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتەهای جیهان هونەری هەیەو دەتوانێ بەو زوبانە لەگەڵ میللەتانی جیهان دا گفتوگۆ بکات، زۆر لەو هونەرمەندانە قیروسیایان کردووە لەئارەزوو، لەژیانی رۆژانە یا زیاتر لەوە دەربەدەریان باش ترە لەوەی کە هونەرەکەیان بکەنە جۆگەیەك کە تۆوی دوژمنانی پێ ئاودەن.. جا لەم بارەیەوە هەریەکێ لەم هونەرمەندانە رێ و شوێنێکی تایبەتی گرتوە، جار جار ئەو لەرێ بەتەنها دەڕوا وە لەگەڵ دوو ئاواتەکانی تر تێکەڵاو نابێ...
مەبەستم چیە لەمە؟
مەبەستم دوو راستیە..
یەکەمیان ئەوە کە جۆری ژیانی سەختی میللەتی کورد کە زۆر دەمێکە لەشۆرش دایە بۆ هێنانەدی مافە رەواکانی زۆر لێ کردووە کە چەند بیروباوەرێك هاتبێتە کایەوە هەریەکێ لەو بیروباوەرانە بەخۆی بەراست تر دا ئەنێ بۆ ئامانجی برینی ژاناوی میللەتی کورد، وە بۆ هێنانەدی ئامانج و مافە نەتەوەییەکانی.
هەموو ئەم جۆرە بیروباوەرانە ئاراستەیە بۆ یەك مەبەست دەبێ بژین، بژین وەك گەلانی تر بژین بەسەربەستی بژین بەئاشتی، بژین بەکامەرانی..
دووهەمیان ئەوەیە کە هونەرمەندانی کورد بۆ ئەوەی زیاتر لەجیهانی بگەن یاخود زیاتر هونەری کورد بەو شێوەیەی کە خۆیان بڕوایان پێ یە بی خەنە بەردەس هونەر خۆشەویستان، لەبەر ئەم هۆیە رێی لاسایی زۆر زیاتر دەگرن لەوەی کە پێویست بکات بۆ ئەم رۆی هونەر بۆ خزمەتی کوردو کوردستان، وە هەرە چەندە ئەو هونەرمەندە خۆشەویستانە لەو بڕوایەدان کە بەم شێوەیە ئەوپەڕی یارمەتی پلەی ژیانی ئەمڕۆی کوردەواری دەدەن.
یەکێ لەو لاساییانە ئەوەیە کە هونەری کوردی بەتەواوی پاك بکرێتەوە لەسازوئاوازی بێگانەی تێکەڵ (**مەبەستم بەتایبەتی لەهونەری ئەو میللەتانە کەبەهەر جۆرێ بێ یا بەزۆر ئێمە لەگەڵیاندا دژین**)
ئەم راکردنە لەراستی توشی پلەیەکی بێگانە پەرستی ترمان دەکات وە بەتایبەتی کە زۆربەی هونەرمەندانی لاوی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا لەبەرئەوەی کە هیچ توانایەکی زانیاری و فێربونیان بۆ تەرخان نەکراوە یاخود لێ یان قەدەغە کراوە کەبەشێوەیەکی راستەقینەو زانستی گەشە بەهونەریان بدەن لەبەر ئەوە وادەزانن کە جۆری ئاوازی بازاڕی رۆژئاوا ئەگەر بهاردرێ باتێکەڵ کرێ لەگەڵ چەند ئاوازێکی تازەی هونەرمەندانی کورد،

قالبێكی ڕاست دروست دەكات یاخود نیشانەیەك دەبێ بۆ بەرزیەتی و نەشئەی هونەری كورد.. لێرەدا دەڵێم بە بیرو بڕوای من پێویستی هەموو هونەرمەندانی سازو ئاوازە، وە بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی كە ئاوازی نوێ ساز دەكەن، تەواوەتی پەنابەرنە بەر سامانی نەتەوایەتی میللەتی كورد.. ئاوازی هەڵپەڕكێ كان، ئاوازەكانی لادێ، ناو خێڵەكان وە بەهرە وەرگرن بۆ موسیقەیەكی ڕاست و ڕەوان و ڕێك و پێكی كوردی.

**قادر دیلان**

**سەرچاوە:** كوردستان، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٣، لاپەڕە (٣١).

* * *

**گوتوزۆ.. ماڵ ئاوایی هونەرمەندێك**

(ئازیزم گوتوزۆ.. هەواڵی ماڵ ئاوایت چاومی پڕ لە فرمێسك كرد هاوڕێیەتی ئێمە وەكو برایەتی بووە، هەر بەم هەستەش خوت و نەخشەكانت لەیادم دەمێنێن/ مانزو)

ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٨ لەكۆنگرەی یەكێتی نووسەران و ڕۆژنامەگەران و هونەرمەندانی دیموكراتی عێراقی چەندەها پیرۆزبایی و سلاوی هونەرمەندان و ئەدیبانی ئیتالی خوێندرایەوە، یەكێك لەو نامانەی كە ئاراستە كرابوو لەلایەن هونەرمەندی مەزنی ئیتالی ڕێناتۆ گوتوزۆ بوو، كە پیرۆزبایی وە خۆشحاڵی و سەركەوتنی كۆنگرەی تیا دەربڕیبوو.. لە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هەواڵێكی غەمناكمان پێ گەیی ئەویش ماڵ ئاوایی هونەرمەندی ناوبراو بوو.

گوتوزۆ یەكێك لەو هونەرمەندە جیهانیانەیە كەتوانی بەهۆی كارەكانی شوێنی خۆی بچەسپێنێ لەمێژووی هونەری تەشكیلی.

هەر لەپاش جەنگی جیهانی دووەم تا دوارۆژی ژیانی گوتوزۆ بێ ووچان خەریكی كاری هونەری و ڕامیاری بوو لەپێناو ڕاژەی مرۆڤایەتی و نیشتمانەكەی وە یەكێك بوو لەسەركردەكانی پارتی كۆمۆنیست و نوێنەری (سیناتۆر) كۆماری ئیتالی.. گوتوزۆ ئەو پەنجا ساڵەی ژیانی دوایی وەكو هونەرمەندێكی بەجەرگ و خەباتكارێكی چاو نەترس تێدەكۆشا دژی فاشیزم شان بەشانی شۆڕشگێڕان بۆ بەدی هێنانی ئیتالیای نوێ و دیموكراتی. هەر ئەم هەڵوێستانەی بووە هۆی ئەنجام هێنانی چەند تابلۆیەكی هونەری گرنگ وەكو تابلۆی بەناوبانگی (كوشتن) كە دیاری كرد بەگیانی گارسیا لۆركا هەروەها تابلۆی (ماچ) كە مرۆڤێكی ئاسایی لەشێوەی مەسیح دەنوێنێ بێ گومان زۆر ڕەخنەی لێ گیرا دەربارەی نەگونجانی ناوەڕۆكی تابلۆیەكە لەگەڵ بیروڕای ئایدۆلۆژی هونەرمەند.

جا خۆی مانگێك بەرمردنی ئەم تابلۆیەی لەگەڵ دە تابلۆی تر دیاری میری كرد.

**ئامادەكردنی: فوئاد عەلی**[٧]

**سەرچاوە:** یەكێتی، ساڵی ١٩٨٧، لاپەڕە (٢).

**سەرنج:** ئەم بابەتە لەم چەند دێرە درێژتر بوو، بەڵام بەپێویستمان نەزانی هەمووی بڵاوبكەینەوە.

* * *

**پەراوێزەكانی بەشی سێ یەم:**

١- (ل) واتە لاپەڕە.

٢- ئەو چەند هەواڵە بەزمانی عەرەبی نووسراون من وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی.

٣- ئەو ڕاپۆرتە هێشتا بە بەری ماوە، بەڵام من تەنیا ئەو چەند دێرەم لێ گواستەوە.

٤- واتە مامۆستا (مەحمود مەلا عززەت)ی ڕەحمەتی.

٥- لەدامەزراندنییەوە ناوی لێنرا (**كۆمەڵەی زانستی خوێندكارانی كورد لەئەوروپا**).

٦- (**أ.خۆشناو**) ئیمزای (**ئەبوبەكر خۆشناو**)ی شاعیرو نووسەرو وەرگێڕە.

٧- هونەرمەندێكی شێوەكاری داهێنەری كوردەو خەڵكی هەولێرەو ساڵانێكە لە ئیتالیا دەژی.

# ڕەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال
# لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕاپەڕیندا
# ۱۹۹۱-۲۰۰۱



د.هیمدادی حوسێن*

## ناوەڕۆك


پێشەکی

۱-۱: دەنگدانەوەو ناساندنی (ئەنفال).

۱-۲: ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی (ئەنفال) لەسەر کۆمەڵی کوردەواری.

۲-۱: ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی لە ناساندنی کارەساتی ئەنفالدا.

۲-۲: ئەدەبیاتی (ئەنفال) لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا.

أ- ئەنفال و شیعری کوردی

ب- ئەنفال و چیرۆکی کوردی

پ- ئەنفال و هونەری وتار

ئەنجام

سەرچاوەکان


## پێشەکی

کارەساتی جەرگبڕی (ئەنفال) برینێکی هێند بە سوێیە، تا چەندین نەوەی دیکە لە دەروونی مرۆڤی کورد دا ساڕێژ نابێت، باسکردن و لێکۆڵینەوە و خستنە ڕووی ئەو تاوانە ئەرکێکی نەتەوەییە. ڕۆژنامەنووسیی کوردییش، کە بەشداری ژیانی سیاسیی و کۆمە ڵایەتی و کلتووری کوردی لە هەموو هەوارو سەردەمێکدا کردووە، لە خستنە ڕوو و دەرخستنی ئەو تاوانەی ڕژێمی بەغدا دا بەشداری کردووە، کە بە پێی نەخشە و پلانێکی دیاریکراو بۆ لە ناو بردنی کۆمەڵی کوردەواری لە ساڵی ۱۹۸۸ دا کردی.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

بێگومان بەو پێیەی ڕژێمی عێراق لە کوردستانی باشوور ئەنجامیداوە و ڕەشەکوژی و ڕاگواستن و وێرانکردنی زێدو مەڵبەندی ناوچەکانی قەرەداخ و گەرمیان و دەشتی کۆیەو هەولێرو بادینانی گرتەوە، بۆیە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەش لە ڕووی شوێنەوە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، لە ڕووی کاتیشەوە ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕاپەڕین (۱۹۹۱-۲۰۰۰) م بە نموونە وەرگرتووە، چونکە لە دوای ڕاپەڕین زەمینەیەکی بەرفراوان بۆ ڕۆژنامەوانیی کوردی هاتە کایەوە و بارودۆخی نێودەوڵەتیش لەباربوو بۆ دیار خستنی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

بە پلەی یەکەم گرفتەکە لەوەدایە زانیاری وردو دروست لە بارەی تاوانەکانی (**ئەنفال**)و هۆکارو ئەنجامەکانی لەبەر دەستدا نییە، هەروەها ڕۆژنامەنووسیی کوردییش بەهۆی پەرت و بڵاوی و نەبوونی بیبلیۆگرافیای پێویست کە کاری لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵەر ئاسان دەکات لەبەر دەستدا نەبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین بەرهەمی ئەدەبی لەشیعرو چیرۆك و ڕۆمان و لابەلایی لەپاڵ تاوانەکانی دیکەدا باس لە ئەنجام و هۆکارە مەرگەساتەکانی (**ئەنفال**) دەکەن.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازێکی ئەدەبی مێژوویی شیکاریی لەبەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش هۆکارە سیاسیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەر چاو گیراون و کراونەتە هەوێنی بۆچوون و ڕامانەکان، بۆئەوەی شێوەیەکی ئەکادیمی وەربگرێت.

**بنیادی لێکۆڵینەوەکە:**

بریتییە لە پێشەکییەك و دوو فەسڵ وئەنجام و سەرچاوەکان. فەسڵی یەکەم دوو باسی لە خۆوە گرتووە،باسی یەکەم بریتییە لە ناساندنی (**ئەنفال**) و دەنگدانەوەی کارەساتی (**ئەنفال**)، کە تیایدا (**ئەنفال**) لە دیدی ئاییني ئیسلام و یاسای نێو دەوڵەتی و کات و ژمارەی ئەنفالەکان و ناوچەکانەوە دیار خراوە، لەباسی دووەمدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی (**ئەنفال**) بەبارە خراپەکەیەوە پیشاندراوە.

فەسڵی دووەم، دوو باسی بەخۆوە گرتووە، باسی یەکەم، سەبارەت بە دروست کردنی (**ڕای گشتی**) لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدایە و دەوری لە خستنە ڕووی شاڵاوی ئەنفالدا، باسی دووەمیش، ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتەیە لە بەرهەمی ئەدەبیدا، بە تایبەتی لە شیعرو چیرۆك و هونەری وتاردا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## ١-١: ناساندن و مەبەستی ئەنفال:

لەبنچینەدا ناونانی پەلامارەکانی حکومەتی عێراق بۆسەر گوندەکانی کوردستان بە (**ئەنفال**) لە سورەتی هەشتەمی قورئانەوە وەرگیراوە، کە مەبەست و ناوەڕۆکی سورەتەکە گوزارشت لەوە دەکات کەموڵك وسەروەت و سامانی کافران بۆ موسڵمانان لەڕووی شەرعییەوە حەڵاڵە، بەڵام چەمك و واتای وشەکە، کە (**تاڵان، دەستکەوتە**)[1]، بەتەواوی گۆڕاوەو تێکەڵ بە سیاسەت بووە، لە بەرانبەر هێرشی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا ، کە حکومەتی عێراق بەتەواوی دەستی بەسەریاندا نەدەشکا و لە ژێردەستی پێشمەرگەدا بوون، پەلامارێکی فراوانی بە چەند قۆناغێك ئەنجامدا بۆ پاکتاوکردن و وێران کردنی گوندەکانی سەر سنوور و پاشان فراوان کردنەوەی جوغزە جوگرافییەکەی تا فراوانترین ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. ئەو پەلاماردانە هەروا ڕەمەکیو لەناکاو نەبوو، بەڵکو کارێکی نەخشە بۆ کێشراوی پێشتری سەردەمی جەنگی عێراق– ئێران بوو، بەڵام سەرقاڵی سوپای عێراق بە شەڕی ئێران وای کردبوو پەلامارەکان بە تەواوی ئەنجام نەپێکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامەکان ئەوە دەردەخەن هەندێ ناوچەی کوردستان بەر لە شاڵاوی (**ئەنفال**) بە چەکی قەدەغەکراو و گازی ژەهراوی بۆردوومان کراون و خەڵکی بێ گوناه بوونەتە قوربانی.

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیونال ئەوەی ئاشکراکردووە: (..**ئێمە ڕایدەگەنین کە کوشتنی هەزاران کورد لەو ساڵانەدا بریتییە لە پرۆژەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی حکومەتی عێراق بۆ لەناوبردنی هەرچی زۆرتری کوردەکان**)[2].

ئەم نەخشەو پلانەی ڕێکخراوی ناوبراو ئاماژەی بۆ کردووە، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەچێتە خانەی (**جینۆساید– ڕەشەکوژی**)[3] یەوە ئەمە

لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە هەرلەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەپێی پەیمان و بڕیارەکانی (UN)مافی چارەی خۆنووسین بریتییە لە مافێکی زیندووی هەموو گەلان بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەك)[٤]، کەواتە لەم ڕووەوە خەباتی چەکداریی کورد بۆ ڕزگاری و مافی چارەی خۆنووسین خەباتێکی ڕەوایە و مافێکی خۆیەتی، کەچی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی خۆی هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی گشتی پەسەند کردووە و دانی پێداناوە بە شێوەیەکی تیۆری، بەڵام لە پراکتیکدا سەرپێچی کردووە.

پەلاماری(**ئەنفال**) نزیکەی شەش مانگێکی خایاندو بەچەند قۆناغێك پلانەکە ئەنجامدرا،کە بەم شێوەیە بوو:

**ئەنفالی یەکەم: ٢٣ی شوبات–١٩ی مارتی ١٩٨٨ بۆ سەر دۆڵی جافایەتی.**

**ئەنفالی دووەم: ٢٢ی مارت–١ی نیسانی ١٩٨٨ بۆ سەر قەرەداخ.**

**ئەنفالی سێیەم: ٧–٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ بۆ سەر گەرمیان.**

**ئەنفالی چوارەم: دۆڵی زێی بچووك (ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە) ٣–٨ی مایسی ١٩٨٨.**

**ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم: ١٥ی مایس–٢٦ی ئابی ١٩٨٨ بۆ سەر چیاکانی ڕەواندز–شەقڵاوە.**

**ئەنفالی کۆتایی: ٢٥ی ئاب–٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەی بادینان[٥].**

لە ئەنجامی پەلامارەکانی (**ئەنفال**)، ڕاستەوخۆ لەلایەن (**عەلی حەسەن مەجید**)ی ئامۆزای (**سەدام حسێن**) کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرابوو، ئەنجامدرا، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ( Middle East Watch)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان زیان و قوربانی ئەنفالەکان لەنێوان (٥٠ ـ١٠٠) هەزار کەس دەبن، کەتیایاندا ژمارەیەکی زۆر منداڵ و ئافرەتی تێدایە و ژمارەیەکی زۆریش لە پیر و پەککەوتەی بە خۆوە گرتووە، ئەمە سەرباری زیانی ماددی و خاپوور کردن و وێران کردنی (٢٠٠٠) گوندی کوردستان و ڕاگواستنی هەزاران خێزان لەزێد و مەفتەنی خۆیان[٦].

کارەساتی پەلامارەکانی (**ئەنفال**) نموونەیەکی زیندووی ڕەشەکوژی سەدەی بیستەمە، کەدوابەدوای کارەساتی (**هۆلۆکۆست**) دێت، کە لە ماوەی دووەمین جەنگی گێتیدا (**نازیزم**) هەوڵی قڕکردنی جولەکەکانی ئەورووپای داوە و نزیکەی شەش ملیۆن جوولەکەیان بە شێوەیەکی دڕندانە سووتاندووە، ئەو شێوە قڕکردنەی جوولەکە هەروەکو ڕاوڵ هیلبێرگ ( Raul hiberg) لە کتێبی (**قڕکردنی جوولەکەکانی ئەورووپا**) ئاماژەی بۆ کردووە، بەسێ قۆناغ ئەنجامدراوە، هەمان ئەو شێوازە لە ئەنفالیشدا کاری پێ کراوە، کە بەم شێوەیە:

دەستنیشانکردن

↓

کۆکردنەوە (یان گرتن)

↓

لەناو بردن[٧]

سەرەتا بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ئەو خەڵکانە دەست نیشان کران، کە لەناوچە قەدەغەکراوەکان یان ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگەدا دەژیان و خزم و کەس و کاریان دەسگیرکران، پاشان بەناوی پشتێنەی ئەمنییەوەو پاراستنی سنوورو بەهانەی چالاکی پێشمەرگەوە لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا کۆکرانەوەو دواجار پرۆسەی بەکۆمەڵکوژیو قڕکردنی گشتییان دەرهەق کرا وجارێکی دی تاوانی جینۆساید جێبەجێ کرا.

## ٢-١: ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەنفال لەسەر کۆمەڵی کوردەواری

یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی شاڵاوی (**ئەنفال**) ئەوە بوو، کە بتوانێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە برینێکی قووڵ لە دڵی مرۆڤی کورددا بەجێ بێڵێ، کە تا چەند نەوەیەکی دیکەش سارێژ نەبێ بە تێکدانی پێوەندی خێزان و لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی

پێوەندی کۆمەڵایەتی هۆزو تیرەو عەشایریی کورد، کە وەکو بنیادێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵی کوردەواری لەسەر دامەزراوە، ڕاگواستن و قڕکردنی خەڵکی گوندەکان لەسەر زێدی باو باپیرانیان بووە هۆی شێواندنی کەلتوری کوردی و داب و نەریت و ڕەوشت و ئاکاری ئەو خەڵکە سادە پەروەردە بە خزمایەتی و دۆستی و هەستی کوردایەتی. ئەم شاڵاوە بووە هۆی ئەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی لە پاش خۆی لە دەروونی کەسانی ڕزگار بوو و خزم و کەس و کاری ئەنفالکراوەکاندا دروست ببێت ، کە تا ئێستاش پێوەی دەناڵێنن، لەنەخۆشی خەمۆکی و دڵە ڕاوکێ و ترس و شێت بوون[٨]. ئەمە بێجگە لەوەی ئەوانەی کە ڕزگاریشیان بووە بەئازاد کردن یان بە ڕاکردن تووشی چەندین کارەساتی وەکو جەستە شکان و کەم ئەندامیی بوون وەکو بێ دەست و قاچ بوون، کە ئێستا بەهۆیەوە تووشی نەهامەتی هاتوون.

لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، دووبارە یەکێ لە ئامانجەکانی (ئەنفال)جێبەجێ کردنی تیۆری (مالتۆس) بوو، بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان با بەکۆمەڵکوژی و قڕکردنیش بێت، بەبەڵگەی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەنفالکراوەکان منداڵی ساواو هەرزەکارو ژن و کیژی عازەب و پیرو پەککەوتەی تیابووە، تەنیا بۆ لەناوبردن و کەمکردنەوەی ژمارەی خەڵکی کورد بووە.

لەڕووی ئابووریشەوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، کە ئەو خەڵکانەی لە بەرهەم هێنەوە کرد بەخەڵکێکی بەکاربەر و زەبرێکی کوشندە بوو بۆ داتەپینی ئابووری کۆمەڵی کوردەواری کە زۆربەیان بە کشتوکاڵ و مەڕدارییەوە خەریک بوون، کە تاوەکو ئێستاش زۆریان لەکۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا بێ کار و کاسبی ماونەتەوەو لەژیان و گوزەرانێکی مەمرەو مەژیدا دەژین، بە تایبەتی ئەو گوندانەی سەر بە پارێزگای کەرکووکن، چونکە هەروەکو دەزانین زیانی زۆرو پلە یەکی (ئەنفال) ناوچەی گەرمیانی گرتەوە. وێرانکردنی نزیکەی (٢٠٠٠) دووهەزار گوند و سووتاندنی ڕەز و باخ و دەغڵ و دانی خەڵکی ئەو گوندانە زیانێکی دیار و بەرچاوە.

لە ڕووی سیاسییەوە، لەسەردەمی خۆیدا، ژمارەیەك خەڵکی لەخەباتی سیاسی و چەکداری سارد کردەوەو جۆرێك لە بێ بڕوایی و ورە دابەزینی لەریزی کۆمەڵدا دروست کرد و خەباتی چەکداری کزو لاواز کرد. ئەمە بێجگە لەوەی بۆ ڕاکردن لە خزمەتی سەربازی و ترس و تۆقاندنی ڕژێمی بەعس خەڵکانێك ڕوویان لە فەوجە خەفیفەکان دەکرد بۆ ناو نووسین بۆ (جاش)ایەتی، بەمەش ئامانجێکی سیاسی (ئەنفال) بەدی دەهات، کە کوشتن و قڕکردنی کورد بە کورد و هەستی قێزەوەری لە دەروونی کەسیەتی تاکی کورد دا گەورە دەکرد، هەروەها وەکو هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژەی بۆ دەکەن، ژمارەیەکیش لەوانەی لە ترسی پەلاماری(ئەنفال) ڕایان کرد وکوردستانیان بەجێهێشت لە ئێران و تورکیا و پاشان بەرەو ئەورووپا کۆچیان کرد[٩].

ئەگەرچی لەسەردەمی تاوانەکەدا (١٩٨٨)، لەسیاسەتی دنیای ئەوێ ڕۆژێدا ئەوەندە بەپەرۆشەوە لە میدیاکانی جیهاندا نەبووە جێگەی باس، بەڵام ئەمرۆ لە دوای ڕاپەڕین، بۆتە مەسەلەیەکی زیندوو و بووە بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەربنچینەی یاسایی و سیاسیی و سیستمی نوێی جیهانیدا بیکەنە پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچەوانی ڕژێمی عێراق و داوای دادگایی ئەنجامدەرانی بکەن، کە لە ڕووی سیاسییەوە لە خزمەتی دۆزی کورددایە.

## ٢-١: ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی لە ناساندنی کارەساتی ئەنفالدا

ڕۆژنامەوانیی وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندن، لە پاڵ کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت... ڕۆڵێکی کاریگەر لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا دەگێڕێ.ئەمرۆ زەمینەی زانستەکان ئەوەندە فراوان بۆتەوە، لە توانای مرۆڤدا نییە پەی بە نهێنی ئەو هەموو تیۆرو داهێنانە نوێیانە ببات، کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن و دێنەکایەوە.

ئەو هەموو کێشەو گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ڕۆژانە لە پارچە و کون و کەلەبەرەکانی دنیایێ ڕوو دەدەن بە ئاسانی بەهۆی (**هۆیەکانی پێوەندی جەماوەری**)بە ئێمە دەگات و جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە جیهان لە سایەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆتە (**گوندێکی بچووك**).

ڕۆژنامەوانیی دەتوانێت لەدروستکردنی (**ڕای گشتی**)دا دەورێکی چالاکانە ببینێ، بەوپێیەی ڕای گشتی حەز و ئارەزوو و یەکخستنی دەروونی و ویستی تاکەکانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی دیموکراسی بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵ[10].ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی فیکرییە– بەواتایەکی دی ڕۆژنامەوانیی ئەرك وپەیامێکی سیاسی کۆمەڵایەتییەو دەتوانێ بە گەیاندنی هەواڵ و ڕاستییەکان بۆ جەماوەر پلەی زانیاریان بەرزبکاتەوە و ئاسوودەیان بکات و پرۆسەیەکە لەڕووی دەروونییەوە وەکو (**وشیارکەرەوە**) وایە کە چاوەڕوانی (**وەلأمدانەوە**) دەکات، لە دروستکردنی کەسیەتی تاکدا بەشدار دەبێت.

لە ڕووی سیاسییەوە، ڕۆژنامە گەیاندنی بیروباوەڕی دەستەڵاتە و ئاراستەکردنی خەڵکە بۆ گوێگرتن و جێ بەجێ کردنی دەستەڵاتە یاسادانەر و ڕاپەڕێنەر و دادوەرییەکان، بە پێچەوانەشەوە،ئەگەر باوەڕمان بە دیمۆکراسی بێت، لەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی،کە ڕێکخراوەکان بە دامەزراو(**مؤسسات**)بکرێن، ڕۆژنامەوانیی (**دەستەڵاتی چوارەم**)[11]. دەبێت، بۆ وشیارکردنەوەی دەستەڵاتی سیاسی لە داواکارییەکانی گەل بە تایبەتی لەڕێگەی ڕیفراندۆم بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ویستی ئەندامانی کۆمەڵ.

لەکۆمەڵی کوردەواریدا، تا ئێستا ڕۆژنامەوانیی نەیتوانیوە ئەو دەستەڵاتەی هەبێت و ئازاد بێت،چونکە (**ئازادیی ڕۆژنامەوانیی**)و(**ڕۆژنامەوانیی ئازاد**)نەبووە،بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەوانیی ئێمە پابەندی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بووە،کە خاوەنی ئیمکانیاتی ماددی بوونە،ئەمە بێجگە لەوەی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری جاریێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیڕەوی مەدەنیەتی نەکردوە و دەستەڵاتی دیمۆکراسی،کەبەرهەمی کۆمەڵێکی ئازاد و دیمۆکراسییە فەراهەم نەبووە، بەڵام نکۆڵی لەوەیش ناکرێت، کە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، چ بە نهێنی و چ بە شێوەیەکی ئاشکرا و فراوان، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، ڕێگە بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ئاوەڵا بوو بۆ زیاتر پێوەندی کردن بە جەماوەرەوە،بوونی ژمارەیەك ڕۆژنامە و کەناڵێ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوەخۆ و تەنانەت ئێستا بوونی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردیی ئەو ڕاستییە جێگیر دەکەن[12].

هەڵدانەوەی لاپەڕەی هەر کامێك لە ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە گرنگییەکی زۆریان بە بلأوکردنەوەی ئەو ڕووداو و کارەسات و لیستانەوە داوە، کە لەبابەت چەکی بەکۆمەڵکوژ و کیمیایی و تاوانی جینۆساید لە پەلاماری ئەنفالەکاندا بەکارهاتووە،نەوەکو هەر پیشاندانێکی ڕووتی کارەساتەکان بەتەنیا لە پاڵیدا داوای دادگایی کردنی ئەنجامدەران و هێنانەوەی بەڵگەی بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو پاڵپشتێك بۆ مەبەستی وروژاندنی هەستی خەڵك لەڕووی سایکۆلۆژیاوە و خستنە ڕووی کارەساتەکان بۆبەرچاوی ڕای گشتیی جیهانی و دروست کردنی ڕایگشتیی لە کۆمەڵدا و ڕق ئەستوورکردنی خەڵك لە بەرانبەر تاوانەکانی ڕژێمدا.لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسییەوە دەتوانین بڵێین وەکو (**مانشێت**)ی سەرەکی یان (**سەروتار**)یان (**وتار**) هەواڵەکان جێگەیان گرتووە.هەروا سوود لەچەندین(**وێنەی ڕۆژنامەنووسیی**) وەرگیراوە بۆ گەورەکردنەوە و تەقاندنەوەی ناخی خوێنەر،تەنانەت ڕۆژنامەنووسیی حیزبی ئەوەندە ڕۆڵی گێڕاوە چەندین مانگرتن و ڕێپێوانی هێمنانەی بۆ بەردەم بارەگای نووسینگەی

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و (UN) ڕێکخستووە و لە ورووژاندن و یەکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا سەرقافلە بووە[١٣].

هەوڵ دەدەین ئاماژە بە نووسین و مانشێتی هەندێ لە ڕۆژنامەکانی کوردستان لە دوای (ڕاپەڕین)دا بدەین:

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:

ئەم ڕۆژنامەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕۆژانە دەریدەکات[١٤]. بەرهەمی زۆری لەسەر ئەنفال بلاوکردۆتەوە، ڕەنگە هۆیەکەیشی بەپلەی یەکەم لەوەوە بێت، کە پەلامارەکانی ئەنفال بەشێوەیەکی بەرفراوان ناوچەکانی ژێردەستی (ی.ن.ك) ی گرتەوە،بەتایبەتی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، تەنانەت ڕژێم ئەوەندە بە پەرۆشەوە بوو، بەیاننامەی تایبەتی بەم بۆنەیەوە دەرکرد. وا هەندێ لە ناونیشانی بابەتە بلاوکراوەکانی نێو ڕۆژنامەکە دەخەمە ڕوو:

– ڕواندوز وکفری یادی هەشتەمین ساڵرۆژی کارەساتی ئەنفال دەکەنەوە، (هەواڵ) ژ ١٢٦٤ ].
– ئەنفالەکان..کێشەی ژمارە(١)،(ڕیپۆرتاژ)،[ ژ١٢٦٤، ١٩٩٦/٤/١٦].
– شێخ محمد شاکەلی لەبارەی ئەنفالەکانەوە دەدوێ، (چاوپێکەوتن)، [ژ١٢٦٤].
– ئەنفال ئامانج، پەندو هەڵوێست ...! (لێکۆڵینەوە)[ ژ١٢٦٧,٥/١٩٩٦/٥] .
– ئەنفالی سێ لە گەرمیان، (وتار)، [ژ١٢٧٥، ١٩٩٦/٥/٣ ].
– ڕاپۆرتێك دەربارەی ئەنفالکراوەکان، (ڕاپۆرت)، [ژ١٢٦٤، ١٦ /١٩٩٦/٤].
– ئەنفال !(لێکۆڵینەوە)، [ژ١٢٦٤,١٦/١٩٩٦/٤].
–کیمیا باران.. ئەنفال و نوگرە سەلمان، (وتار)، [ژ٢١٨١,٢٥ / ٦ / ٢٠٠٠].

## ڕۆژنامەی برایەتی:

ڕۆژنامەی (برایەتی) پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات[١٦]، لە دوای ڕاپەڕینەوە بە شێوەیەکی




ڕۆژانە دەردەچێت، هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە ڕووداوو پێشهاتە سیاسییەکانی ڕۆژ دەردەبڕێ، بەو پێیەی کە ڕۆژنامەیەکی حیزبییە، ڕوانینی حیزبەکە دەردەبڕێ، لە ساڵانی سەرەتای هەوەڵی ڕاپەڕین چەندین وتارو سەروتارو ڕیپۆرتاژو چاوپێکەوتن و هەواڵی تایبەت بەکارەساتی ئەنفالی بلاوکردۆتەوە، بەمەش ڕۆژنامەکە ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆژنامەوانی خۆی بەجێ گەیاندووە، لەوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، ئەمە هەندێك لە مانشێت و سەروتارو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی ڕۆژنامەی (برایەتی) یە لە بابەت پەلامارەکانی (ئەنفال)ەوە:

– برایەتی لەگیروگرفتی ئەنفالەکان دەکۆڵێتەوە،(ڕیپۆرتاژ)، [ژ١٦١٨، ١٩٩٣/٣/٢٣ ].
– ڕژێم بێ شەرمانە شانازی بە ئەنفالەوە دەکات، (مانشێت)،[ژ١٦٠٤، ١٩٩٣/٣/٢٧ ].
– ئەنفال ڕۆژە هەرە تاڵەکەی سەحراوی،(وتار)، [ژ١٦٤٩، ١٩٩٣/٥/٢٠ ].
– ژنەکا ئەنفالکری چیروکا خو ڤەدگێڕیتەڤە، (چاوپێکەوتن)، [ژ١٥٩٧، ١٩٩٣/٣/١٦].
– هەڵەبجەو ئەنفال و کۆڕەو لە پانۆرامایەکدا، (وتار)، [ژ٢٨٠٣,١٤/ ٤/ ١٩٩٩].
– ئەنفال جینۆسایدێکی بێ وێنەیە،(وتار)، [ژ ٢٨١٣، ١٤ / ٤ / ١٩٩٩ ].

**ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان:**

ڕۆژنامـەی (**ڕێگـای کوردسـتان**)(١٧) کـە ڕۆژنامـەی حیزبـی شـیوعی کوردسـتانە، بەشـێکی مانـشێت و سەروتارو ڕیپۆرتاژو چاو پێکەوتن و جارجـار گۆشـەی تایبەتی بۆ دەرخستنی مەینەتی خەڵکی ئـەنفالکراو و کەس وکاری ئەنفالیان ومەینـەتی ئـەو ناوچـانەی بـەر چـەکی بەکۆمـەڵکوژو گـازی کیمیـایی کـەوتوون تـەرخانکراوە. بێگومـان ئـەو مانـشێتانەو سـەروتاری ڕۆژنامەکە گوزارشت لە بۆچوونی ڕۆژنامەکـە دەکـەن، کە ڕۆژنامەیەکی حیزبیـە. ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێـشێ زۆر بـە دەگمـەن و جارجـار وەکـو (**مانـشێت**)ی ڕۆژنامەکە ئیبرازی کارەساتی ئەنفالکراوە، ئـەگینا لـە دووتـوێی هـەواڵ و چـالاکی حکـومی و ڕیپۆرتـاژی ڕۆژنامەنووسـییدا جێگـەی کراوەتـەوە.(سـەروتار) مەگـەر تـاك و لـۆق تایبـەت کرابێـت بـۆ یـادی ئـەو کارەسـاتە دژ بەمرۆڤایەتـسیە و شـیکردنەوەی پێویستیـشی بـۆ کرابـێ، دیـارە ئـەم سـەرنجانە ڕۆژنامەکانی دیکەش دەگرێتەوە، وەنـەبێ هـەر تـەنیا بـۆ ئـەم ڕۆژنامەیـە بـن. (**چـاوپێکەوتن**) و (**ڕیپۆرتاژ**)ەکانیش زیاتر یادەوەری ئەو کەسانەن، کە ڕزگارییان بووە لە هەڵمەتەکە، کەمتر بارودۆخی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییـەکانی ئەو خەڵکانە باسیان لێوە کراوە.(**هەواڵ**) زیاتر لایەنی سیاسی و پێویستی و یارمـەتی کوردستان لـە لایـەن ڕێکخـراوە خێرخوازەکـان و دادگـایی کردنـی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەیان گرتۆتەوە.هەندێ جاریش هەواڵەکان تایبەتن بە یادکردنەوەی ئەو کارەساتە لـە لایـەن حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان و تیپـە هونەرییـەکانی کوردسـتان لـە شـارەکاندا، لـە پێشکەشکردنی چالاکی شانۆیی و گۆرانی و سروودو کاری هونەریدا. سـەرنجی ئـەم مانشێت و ناونیشانە ڕۆژنامەنووسیانە بدەن:

**– ئـاوارەو ئـەنفال لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کێـشە ئیدارییەکاندا، (ڕیپۆرتاژ)،[ ژ٥،١٨٤/١٢/١٩٩٥] .**

**-یادی ئـەنفالیش ئـەم ساڵ بـوو بـەدوو.، (گۆشـەی تایبەت (ژ١٩٩)، [٢/٤/١٩٩٦ ]**

**– ئەو ڕۆژانەی (ئەنفال) گەیشتە ناوچـەی قـەرەداغ، (وتار)، [ژ ٢٠٠، ٩/٤/١٩٩٦ ].**

**– ڤیـستیڤاڵی یادکردنـەوەی ئەنفالـە بـەدناوەکان، (هەواڵ)، [ژ٢٠٢، ٢٣/٤/١٩٩٦ ].**

**– یەك ڕیزی گەل و هێزە سیاسییەکانی، وەفادارییە بـۆ قوربانییـەکانی ئـەنفال، (مانـشێنت)، [٢١٧، ١٣/٨/١٩٩٦].**

**– تراژیدیای لەبیرکراو سەرە قەڵەمێك بۆخوێندنەوەی ئاکامەخراپـەکانی ئـەنفال،(وتـار)، ژ٣١٥ ٢٦ /٨ / ١٩٩٨.**

**– قوربانیانی ئەنفال دوو ڕەهەندی مرۆیی و سیاسین نابێ بێ چارەسەر بمێننەوە، (سەروتار)، ژ ٣٤٧، ١٤ /٤ /١٩٩٩.**

## ٢-٢: ئـەدەبیاتی ئـەنفال لـە ڕۆژنامـەوانیی کوردیدا

مەبەست لە (**ئەدەبیاتی ئەنفال**) ئەو ئەدەبەیە کە لەناوەرۆکەکەیدا گوزارشت لە کارەسات و تـاوانی ئـەو زنجـیرە پەلامارەیـە کـە ڕژێمـی عێـراق لـە ٢٣ی شـوبات– ٦ی ئـەیلولی ١٩٨٨ کردیـە سـەر خـەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، کـە تیایدا بـە چـەکی قورس و گازی کیمیـایی قەدەغـەکراو خـەڵکێکی زۆری کوشت و زیاتر لە(١٠٠) هەزار خەڵکی بێ تاوانیش تێدا بێ سـەرو شـوێن کـرد. ئـەو تاوانـە هەسـتی ئـەدیبی کوردی لە ناخەوە هەژاندو کۆمەڵێ بەرهـەمی ئـەدەبی لە شیعرو چیرۆك و وتار لـە دایك بـوون. هەوڵـدەدەین چەند نموونەیەك وەربگرین، چونکە بیبلیۆگرافیایەکی تەواو بۆ هەموو بەرهەمەکان قوورسەو لە ئەستۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نییە.

### أ- ئەنفال و شیعری کوردی

شـیعر، پانتاییـەکی گـەورەی لـە تۆپۆگرافیـای ئەدەبی کوریدا داگیرکردووە، هەمیشە لەگـەڵ ڕۆحـی کورد ئاشنا بـووە و لـە هـەموو سـەردەمەکاندا بەشـی زۆرینەی خیتـابی ڕۆشـنبیری کوردی بووەو لـە گـەڵ هەست و سۆزو ئەندێشە مامەڵـەی کـردووە. شـاعیری کورد لە کێشەو گرفتەکانی سـەردەمی خۆیدا دەسـتە

پاچە نەبووەو هەوڵیداوە یادەوەری راپردوو لە ئێستادا زیندوو بکاتەوە و زۆر جاریش لە(ئێستا) دا بۆ ئایندە بڕوانێ. (ئەنفال) شاعیری بۆ زەمەنی راپردوو بردووەو لە مێشکی خۆیدا ئەو سروودو گۆرانییانەی ساڵەها مێشکی ئازاردراوە هەڵبوەشێنێتەوە و ئاراستەیەکی پێچەوانەی بداتێ،ئەگەر جاران قافڵە بۆ عەجەم بەڕێ دەکەوت و (پاوانەی یار)بە زرنگ و هۆڕی خەڵکی سەرسام دەکردو حەپەساوی دەکردن، ئێستا پاوانەکان نەك هەر قافڵە ناگەڕێننەوە، بەڵکو نائومیدێ و دڵەڕاوکێش دەخەنە دەروونەوە:

**پاوانەکانی موحیبەت، گەر ئەمجارە، زرنگەیان لێوە بێ،**
**قافڵە لەڕێی عەجەمەوە، ناگەڕێتەوە،...**
**کوڵوانەو گۆزەی شکاو و قۆریە چای بەجێماوی**
**هێشتا گەرمی ئێوەیان پێ یە ....**
**هۆرەی کوژراوو، ڕەشماڵی بێ نازو،**
**فەقیانەی تەڕو خوێناوی ئێوەیان، هەڵگرتووە ...**
**قافڵەکان لە عەرعەرەوە دێنەوە ...!**
**پووزەوانەی بێ قاچ و،چاوەزاری شکاوی**
**سەردەرگای فیردەوسە رووخاوەکانیان بارکردووە**[18].

ئەو قافڵەیەی، کە هەرگیز ناگەڕێتەوە، هەموو شتە جوانەکانی ماددیو مەعنەوی خەڵکی ئەنفالکراویان هەڵگرتووە،کوڵوانەو گۆزەو پووزەوانەو چاوەزارو هەموو ئەو شتانەی بوونەتە بەشێك لە ژیانیان. ئەم مەرگە ساتە مەسیح ڕادەچڵەکێنێو هێمایەکە، ئەگەر سوورەتی (ئەنفال) دەروەست نەهات، با مەسیحی ئاشتی بتەزێنێ و لە خاچی خۆی دابگرێ:

**بەناوی ئێوەوە،**
**لەپێشەکیی چاپی دەیەمی ئینجیلدا، مەسیح، نووسیبووی:**
**کێ (ئەنفال) م بۆ دەخاتە ڕستەوە**
**لە خاچەکەم دێمە خوارێ و**
**سەری خۆمی پێ دەبەخشم**[19].

(شێرکۆ بێکەس) دەستی نزا بۆ مەلەك تاوس بەرز دەکاتەوە لەگەڵ سروودەکانی ڕۆحی پاکدا لە لووتکەی کێوی لالشدا هەروەکو دەروێش و فەقیرو قەواڵەکانی خۆی لە (جیلوە) یەکدا ئاهو حەسرەتی کیمیایی (هەڵەبجە) و گوندە ویرانکراوەکانی گەرمیان و خۆشەویستی نیشتمان ویارو پیرۆزی خۆی هەمووی پێکەوە تێکەڵ بەیەك بکات:

**ئەی فریشتەی ڕۆحی سپی!**
**ئەی (مەلەك تاوس)ی ڕەنگین**
**بە ڕەنگەکانی وڵات و بە ڕەنگەکانی قوربانییم**
**باڵ لێکدەو سەرکەوە سەر کەلی**
**ژاڵەیی جەستەی من**
**بە دەنووك لە تۆوی ڕووناکیی شیعرم و**
**ریشاڵی ئەنگۆرەی "هەڵەبجە"م هەڵگرەو**
**بیبەوە "لالش"**
**بارانی ئەم ڕەنگەیش موتوربەی ئاسمانی**
**"مەسحەفا"و ناو خۆڵی "جیلوە" کە**
**با گوڵی هەتاوێ لەم شەوی لەشەدا بڕسکێ**
**نەبینراو، با قوڕی "بەراتە"و ئەموستی وەریوی "گەرمێن"و**
**چەند پەڕێ لەتێلی تاوست و چەند تاڵێ لە قژی**
**یارەکەم، هەر هەموو، پێکەوە بشێلین،**
**بۆ ئەوەی لەم جەستە نوێیەدا، لە جەستەی**
**"قەوال و فەقیر"دا لە کەنار شەوێکی زیوییندا،**
**ڕۆحێکی تازەتر لەبەردا بڕوێنین، بۆ ئەوەی**
**بەردەوام پێکەوە لەگیانی شەوێکی سپیدا هەڵفڕین**[20].

(ئیسماعیل بەرزنجی) لە (دژە دیمەنەکان) دا، هەموو وردو درشتی کارەسات و پاڵەوانیەتی و شکستەکانی شۆڕش وراپەڕینەکانی کورد لەبۆتەی دوو وشەدا کۆ دەکاتەوە کە مەدلوولی ئەو دوو وشەیە پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەیان پێکەوە هەیەو سەر جەمسەری دوو یادەوەرین، کە ئامادەیی بەردەوامیان لە زەمینی تاکی کورددا داگیر کردووە وئەوانیش ئەنفال و کیمیا بارانن، کە دوو تاوانی سەدەی بیستەمن:

**مێژوو**
**نە نووسراوەکانی توینبی یە**
**نەچەند بەرگەکەی عەبدولرەزاق حسەنی یە**
**نەکیفاحی هیتلەرە**
**نەچەند کتێبەکانی کەمال مەزهەرە**

**مێژوو دوو وشەیە**

**١–ئەنفال**

**٢– کیمیا باران**[٢١]

لای کـــەژاڵ ئەحمـــەد (ئـــەنفال) هاوشـــێوەی (هۆلۆکۆســـت)ی جوولەکـــەکانی ئەورووپایـــەو ئـــەو قڕکردنەی لە سەردەمی دووەمین جـەنگی گێتیدا لـە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵیکێشان و بوون بە سووتووی ڕق و قینی درێژبووەوەی پێش خۆیان و تێڕوانینی نازیزم بـوو بـۆ پارێزگـاری لـە(بـوون) ی سـەردەمی خـۆی. ئـــەنفال لەدیـــدی کـــەژاڵ ووشـــك بوونـــەوەو لـــەبن هەڵکێشانی گوڵە جوانـەکانی ڕۆحـە و ئیدی بـەهاکان چی دەبەخشن ! میللەتێ دەسڕێتەوە.

**کە بردیانن، لە دوا کەلی ئاوا بوونا**

**ئەو کاتانەی دەرفەتی ئاوڕدانەوەیەکیش نەبوو وتیان ماڵئاوا**

**ماڵئاوا ئەی ماڵە وێران بووەکە، ئاوایی نائاوەدان**

**گوندە بچکۆلانەکەمان ماڵئاوا،**

**ئەنفال جوگرافیای شوێنەکانی هەڵوەشاند**

**تا بیابانمان پێ بناسێنێ و**

**تراژیدیایکی هاوبەش**

**لە رۆحە گوڵە کوژراوەکانی ئێمەو**

**جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخولقێنێ**

**ئەنفال ویستی:**

**بڵێ ئا ئەم گەردەلوولە ئیماندارانە دەتوانن**

**تەواوی نەوەیەك بە ناخی زەمیندا ببەن و**

**بڵێن ماڵئاوا.. میللەتە بێ ماڵەکان !**

**بیابان تۆ دەلیلم بە**

**ئەم شەو و ڕێگا غوربەتە پێم و دەمێکە**

**چرای شیعرم کۆکردە**

**–کە بردیانن هەموو شتێ بەرەو کاڵ بوونەوە دەچوو.**

**شۆڕش، ڕەوشت، جوانی**

**قەسیدە وەك ملی ئەوان**

**بەلادا کەوت**

**ئەو مێژووە**

**توانەوەی شەکری ڕووناکی بوو لەناو**

**ژەهراوی تاریکستاندا**

**تەسلیم بوونی گوڵەباغ بوو بەدڕکەزێ**

**حیکایەتی سەربڕاوی میللەتێ بوو**

**زوو شتی لە یاد دەچێ**[٢٢].

یادەوەرییـــەکان لـــە ئاهەنگـــسازیی ئێـــستادا دەردەکەونـەوە،مێـژوو بـە ڕوانینـی بەعـسیان یـەك ئاراستەی هەیە ئەویش ڕابردوو بۆ ئێستایەکی ئـەوتۆ، کـە سـەرکەوتن و گـەورەیی خۆیـان پیـشان بـدا لـە زاڵبـــوون بەســـەر میللـــەتانی دی لـــە ژێرپـــەردەی ئاییندا.بەختیار عەلی دەڵێ:

**(ئەنفال درێژکراوەی سەرەتای جیهادی ئیسلامییە، سـەددام حوسـێن خـۆی درێـژکراوەی پەیامبـەرە. گەمژەییـە و اتێبگـەین کـە ئـەمجۆرە مامەڵەکردنـە لەگەڵ مێژوودا تەنها سیستمێکی ڕەمزیانەیەو هیـچی تر: ئەم شوبهاندنە ڕۆحـی مامەڵـەکردنی بەعسیانەو جەوهەری سەیرکردنێتی بۆ زەمەن)**[٢٣].

## ب- ئەنفال و چیرۆکی کوردی

لـە ئـەنجامی خوێندنـەوەی ژمارەیـەك چـیرۆکی کـوردی بڵاوکـراوە لەڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا هـەردوو چـــــیرۆکی (ئاهـــەنگی ئـــەنفال)[٢٤] و (ســـەعاتە وەستاوەکان)[٢٥] م بە نموونە هەڵبژارد، کە ناوەرۆك و تەکنیکەکانیان شـایانی لێکۆڵینـەوەن، ڕاسـتەوخۆش دەربڕی دیمەنێکی ئەو کارەساتەن.

بـەکورتی بـاس لـە گفتوگـۆی نێـوان ئـاوو قـوڕ دەکات، چیرۆکەکە لە جیهانی فانتیازیا بـەو مانایـەی دەرچوون لە شتە باوەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ شتە بـێ گیانـەکان و بـە قسە هێنانیـان بـۆ مەسـەلەیەکی هونەری جوانناسی.

پاڵـەوانێکی سـەرەکی دیـار نییـە، بەشـێوەی کـۆ پاڵـــەوان نووســـراوە، ڕاســـتە، لـــە هـــەموویان زیـــاتر گفتوگـۆی (دیـالۆگی) ئەفـسەرەکە زاڵـەو هـەروەکو خۆی دەڵێ:

(ئـەو کاتـەی بەڕێوەبـەری ئاسایشی شـاری **X** بووم، هاوڕێ حیزبییە کوردەکانم ژن و خوشك و کیژی خۆیانیان دەهێنـان و بۆمـان هەڵدەپـەڕین.. سـەمایان دەکرد، سترییپان دەکرد..)بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هــەر ( ٣٠١) کــچەکە لــە جووڵــەو ( پیمــە)کــەدا بەشدارن، لـە گـۆرانی مـەرگ و سـەمای خۆکوشـتن و

نووزەی جاویدانیدا، ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی ڕووداني کارەساتەکەدا هاوئاهەنگن، کە کارەساتێکی بە کۆمەڵکوژو بەکۆمەڵ هەتك کردن و بەکۆمەڵ زیندە بە چاڵ و ڕاگواستن بووە. ئەو ئاهەنگسازییە زیندووکردنەوەی وێنەی سەرکەوتنەکانی ڕابردووی میللەتێکی داگیر کەرە، کە لە ژێر پەردەی مەزهەبدا کلتووری ئێمەی شێواندووە و فەوتاندووە.


برایەتی
BIRAYETI
بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی دوازدەوە
زماریەکی دیکە بروسکەی پیرۆزبایی گەیشتنە سەرکردایەتی پارتیمان
بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی (١٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەفسەرەکە خۆی بە(هارونە ڕەشید)ەکەی جارانی بەغدا دەزانێ، ئەمڕۆ ئەویش حەزو ئالۆشە خەفەکراوەکانی بە پاکیزەی کورد دادەمرکێنێتەوە، ئەویش دەرهەق بە نەتەوەی ئێمە هارونە ڕەشیدێکەو بکەر و بەکرێگیراوی هەمان سیاسەت و سیستمی میللەتی پیرۆزە.

خاڵێکی دیکە، کە سەرکەوتوویی و وردیی چیرۆکنووس پیشان دەدات، سازکردنی ئیقاعێکی ناڕێکە، ناڕێکی لە ڕووداني ڕووداوەکان، دەنا ئەو نەشازیی ئیقاعە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکە، کە پەشێوی و تێکچڕژانی (ئەنفال)و شێواوی جووڵەو کارو دەروونی گشتییە ئەوەندە گونجاوە، خوێنەریش دەخاتە هەمان حەپەساوی و تراژیدیاکەو بەمەش ڕێك لەگەڵ ئەرکی تراژیدیا لە ڕوانگەی (ئەرستۆ) وە دەردەخات، کە پاککردنەوەی دەروونە لەترس و بەزەییو خوێنەریش دەبێتە یەکەیەکی ئەو فانتازیایە. ئەم ڕستانە نائاساییـن و ڕۆڵیان لەو ئیقاعە نەشازەدا هەیە،کە بۆ جوانکاری چیرۆکەکە بەکارهاتوون:

**– پەڵە هەورەکان بەبێ بەرنامەو ڕێرەوی دیار پێکدا دەهاتن، تێکەڵ دەبوون و دادەبڕان و جارێکی دی تێکەڵ دەبوونەوە.**

**– بایەکی توند لە هەموو لاوە هەڵیکرد بوو.**

**– دارەکان بەهەموو لایەکدا دەشکانەوە.**

**– ئەفسەرەکە خۆی دەستی بە چەپڵە کوتان کرد، بەڵام لەگەڵ ئاوەزەکەدا یەك نەدەهاتەوە.**

**– دڵۆپە بارانەکانیش نائاسایی بوون.**

بوونی پەیکەرێکی لە قوڕ دروستکراو لە چیرۆکەکەدا وەکو شاهیدێك پاشتر لە دووتێی سیمبۆلێکدا مانای شاراوەییمان بۆ دەردەکەوێت، کە گەڕانەوەیەکە بۆ هەمان یادەوەریی ئەفسەرەکە، ئەویش سیمبولی سیستمێکی سیاسی دروستکراوی ئایینیە، تەنانەت ئاماژە بۆ ئایەتی **(کما خلقنی ربی...)** هیچ شك و گومان ناهێڵێتەوە.

کۆتایی چیرۆکەکە، دەربڕی ناونیشانی ئەو ئاهەنگە تراژیدییە، کە (٣٠١) کیژ دەبنە ئیقاعی پچڕ پچڕو نەشاز تیایدا و دوای هەتك کردنیان دەبنە خۆراکی مەرگ. ئەو ئاهەنگسازییە بە هۆیهای قوڕو ئاوو سەرجەم مرۆڤایەتی کۆتایی دێت.

جەلیل کاکەوەیس لە چیرۆکی **(سەعاتە وەستاوەکان)**دا دنیای دابڕان و تەنیایی پاڵەوانی چیرۆکەکە وەها بەرجەستە دەکات:

**(عەیامێکە ترسی تەنیایی دەمهاڕێت، هەر ئەوەندە تاك یەکەوەوە قەراییەك بە لێڵی خۆیم پیشان دەدات، لێم دەبێتە کەسێکی زرپ و زیندوو..)**، پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ترس و سامێکی سەیردا دەژی، لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و کەسێکە هێندە ترساوو مارانگەستەیە، گومانی لە هەموو شتەکانی دەوروبەریەتی، زۆربەی کات مۆتەکەیەکی قسەکەر لەگەڵیا و لە ڕووی دەروونییەوە تووشی شیزۆفرێنیا بووە ئەو مۆتەکەیی پیاسەی لەگەڵدا دەکات و لە گەڵیدا پاکەت دەکڕی و دەخەوێ و لە نێو دێری خوێندنەوەی کتێبدا سەرەتاتکی دەکات، زۆرجاریش

بە چپە شتی پێدەڵێ، پاڵەوان دەڵێ: **(لێم نزیک دەبێتەوەو بە چپە شتهایەکم پێ دەڵێت ...).**

کەشوهەوای چیرۆکەکە جیهانێکی سامناک و لە هەمان کاتدا فانتازی بۆ خوێنەر دەخولقێنێ وەکو لە بەرانبەر بینینی فلیمێکی ترسناکدا نیشتبێت وایە ئەو مۆتەکەیە، کە پاشتر دەردەکەوێ مرۆڤێکی ئەنفالکراوی ئەو گەرمیانەیە.

(سەرحەد) دەچێتە ناو شووشەی پەرداخ، کە ئەوەش بۆخۆی هێمایەکە بۆ شوێنی ئەوان کە لەو بیابانی سەماوەیە کارگەی شووشەی لێیە، دەچێتە ناو شەکردان و هەموو شتەکانی ترەوە، پاڵەوان تایەیەکی گەرمیەتی و ئارەقەی کردووە و زیندە خەونان دەبینێ و لە تاو دەردی خۆی وڕینە دەکات، رۆڵی مۆتەکە (سەرحەد) دەردەکەوێتەوە و وەها خۆی دەناسێنێ: **(.. بەو ئاسانییە نامناسیتەوە، من ئافەریدەیەکی دەستی خۆتم و هەرکە کەوتمە سەرپێ خۆت بە خودانم نەکرد..)**، لێرەوە هاوکێشەیەك دەخاتە روو کە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە تاوەکو ئەمڕۆ بنچینەی (بوون) و بیر و فەلسەفەکانی دنیای لەسەردامەزراوە:

**خولقێنەر ------------ خولقاو**

**خودا ------------ شەیتان**

ئەگەر خولقێنەر لە خولقاو بترسێت، دەبێ چ خولقێنەرێك بێت و خولقانەکەی لە پای چی؟!

لە رووی سیاسییەوە چیرۆکنووس رەخنە لە دەسەڵاتی کوردیی سەردەم دەگرێت، تەنانەت لە ئاست ئەو کارەساتە تراژیدییەی (ئەنفال)دا دەترسێت و زمان بەستەیە و دەیەوێ خۆی لێ بشارێتەوە، کە پاڵەوان دەڵێت: **(ئەمێستاش لەوەی پتر نیم کە تەنیا وەك ترسێکی کوشندە هەستم پێ دەکەیت، هەر لەو ترسەوە دەتەوێ بەندم بکەیت و لەبەرچاوی خەڵکی بزرم بکەیت..)**

ئەو تارماییە داستان و هەقایەتی زۆری لە سینەی خۆیدا حەشارداوە، هەروەکو دەڵێت:

**(باسی ئەو گۆماوە بیابانیانەت بۆ دەگێڕمەوە کە ئاوەکەیان هەمیشە سورخنە و لە رۆخەکانیشیاندا ئەو درەختانە دەڕوێن کە شێوەیان لە ریشووی جەمەدانی و سەری منداڵ و مرۆی گەنم رەنگ و گۆچانی پیرەمێرد و مەمکی کچان دەچێت.)**

ئەم قسەو باسانە داستانی هەزاران منداڵ و پیرەمێرد و کچ و ژنی هەتك کراوی کرد لەو بیابانە گەرمانەدا بەناوی (ئەنفال) ەوە دەگێڕێتەوە، کە بوونە خۆراکی سەگەکانی بیابانەکانی نوگرە سەلمان و عەرعەر و سەماوە و چەندین شوێنی نادیاری دی.

لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە (تانوپۆ)کەی دەگۆڕێ، ئەمجارە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، وردە وردە ترس و سامی پاڵەوان دەڕەوێتەوە و خۆی بە پەرۆشەوە بەدوای (سەرحەد) ی تارماییدا دەگەڕێ، ئاراستە جیاوازەکانی پێشتری تێکدەکەنەوە، پاڵەوان و تارمایی دەبنەوە بە یەك: **(.. جاری وا هەیە لە شێوەی مێشەنگدا بەسەر گوڵێکەوە دەیبینم، هەندێ جار قەڵەمەکەی دەستم لەخۆڕا دەبێتە سەرحەد..)**، لێرەوە گەڕانی پاڵەوان زیاد دەبێت و دینامیکیەت و خێرایی رووداو زیاد دەبێت و لە شوێنە سیخناخەکاندا بۆی دەگەڕێت، چونکە جارێکیان **(بەخۆی و دەستەیەك سەعاتی وەستاوەوە لە بەردەممدا چەشنی دۆمەڵان هەڵزۆپاو بە چپەوە پێی وتم: بۆ یەکێك لەم سەعاتانە ناکڕیت؟)** کات وەك چۆن لای سەرحەد وەستاوە و بەهاکانی ژیان تازە هیچ جوانییەکیان نەماوە، مەرگ هەموو ئاواتەکانی ناشت، هەر خۆی نا بەڵکو دەڵێ:

**(.. سەد و هەشتاو دوو هەزار دانەم لەم سەعاتانە هەیە، هەرپڕاج سەعاتی وەستاو و ...)** سەرحەد و پاڵەوانی چیرۆك کە بە راناوی کەسی یەکەم قسە دەکا دووبارە دەنگی خۆی لەگەڵ ئەودا یەك دەخاتەوە وەدەچێتە رۆح و دەنگی ئەوەوە.

## پ- ئەنفال و وتاری ئەدەبی

(وتار) بەشی زۆری جەستەی رۆژنامەنووسیی داپۆشیووە، هیچ رۆژنامەیەك نییە بتوانێ دەسبەرداری وتار بێت، رۆژنامەنووسیی کوردیش هەر لە سەرەتاوە کە لە لایەن ئەدیب و شاعیرانەوە بەڕێوەچووە،بەهزری وردو وشەو دەستەواژەی ناسك

و ئەندێشەو خەیاڵئامێز چەندین وتاری ئەدەبییان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی و ئابووریو کۆمەلایەتی یاداشت کردووە، (ئەنفال) یش ویژدانی زۆر ئەدیب و نووسەرو رۆژنامەنووسی هەژاندووە و بەقەڵەمی بەبرشتی خۆیان ساتە سەرابیەکان بوونەتە هەوێن. (مستەفا ساڵح کەریم) لە وتارێکی کوردتدا وەها دادەرژێ:

**ئەنفال کراوەکان بەم زووانە دەگەڕێنەوە !**

نووسەری جەزائیری (طاهر وطار) لە چیرۆکێکی کورتدا بەناونیشانی (شەهیدەکان ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە) زۆر بە ووردی باری دەروونی ئەو خەڵکە دەخاتە روو کە مەترسی یان لەوەدایە ئەو شەهیدانە بگەڕێنەوەو هەموو نهێنیەکانیان ئاشکرا بکەن. چەندین سەرکردەی پێدەشکێو چەند ئازا دەبێتە ترسنۆك، نهێنی سەنگەرەکان و کارە تایبەتەکان و پلان و نەخشەکان بۆ خەڵکی روون دەبنەوە، تاوای لێدێ برا حەز بەوە ناکات برا شەهیدەکەی بگەڕێتەوە.. هەڤاڵی دێرینی هەندێ لەو شەهیدانە کە روژگاری سەختیان پێکەوە بە سەر بردووە، بکەوێتە دڵەراوکە کە لە گەڕانەوەی ئەو شەهیدانە کە شایەتی سەردەمن و هەموو حەقیقەتەکانیان لە لایە ...

لەم رۆژانەدا کە یادی ۱۸۲۰۰۰ ئینسانی کوردی ئەنفالکراو دەکەینەوە، ئەو چیرۆکەی (طاهر وطار) م بەبیر هاتەوە، جلەوم بۆ خەیاڵم شل کرد، خۆزگەو ئاواتم خواست کە ئەگەر هەر هیچ نەبێ چەند هەزاری لەو بێ سەرو شوێنانەمان بگەڕانایەوە، ئاخۆ چی روویەدا وچیمان بۆ دەردەکەوت، ئێمە ئێستا ئەوە دەزانین کە رژێمی عێراق بە بڕیارێکی دوور لە هەموو پەیڕەوێکی مرۆڤایەتی-کوردقڕانی- کردو هەزاران کەسی لە بیاباندا زیندە بەچاڵ کرد، بەشایەتی (تەیمور) ی تەمەن نۆ ساڵان و تاك تاکە خەڵکێ لەوانە دەزانین کە چۆن چاویان بەستراوەتەوەو گوللە باران کراون و خراونەتە چاڵی گەورەو بە شۆفڵ لەتەك زەویدا تەخت کراون.

بەلام ئاخ خۆزگە دەگەڕانەوەو بۆیان دەگێڕاینەوە تا بمانزانیایە بێجگە لەو کارە چەپەڵەی رژێم (پوان) ەکەی ناوخۆمان چی بووەو چۆن بووە ؟ ئەوانەی چەکیان بۆ رژێم هەلگرتبوو، چ جۆرە ئازایەتیەکیان بەسەر ئەو ژن و منالانەدا نواندوە ؟ چونکە بەیاننامەیەکی ئەوسای رژێم و نووسینەکانی رۆژنامەکان شان بە شانی سوپا فەوجەکانی (بەرگری) یان بە هاوبەشێکی کاریگەر لە عەمەلیاتی ئەنفالدا ناودەبرد... تێیان دابوو شانازیان بەکورد قڕانەوە دەکردو ئێستا وەك بەرزەکی بانان لێی دەرچوون و خۆیان بەپێشرەوی تێکۆشەران دەزانن _ ئەگەر چاویان بە قوربانیەکانیان بکەوێتەوەو رووبەڕووبینەوە ئاخۆ بە چ زمانێك بدوێن ... ئەوانەی بە کەش وفشەوە (ذکریات) ی قارەمانێتی خۆیان دەگێڕایەوە و ئێستا پاکانەی لێدەکەن، ئەی ئەگەر بە ئەنفال کراوەکانمان بگەڕێنەوە چی دەلێن..؟

بریا ئاواتەکەی (طاهر وطار) بۆ ئێمە بهاتایە دی تا بمان زانیایە ئەو رۆڵانەمان بە چ دەردێك براون و چۆن ئابرووی مێژوو لە مەزاتخانەی بەعسی عێراقدا هەراج دەکرا

چۆن سەرکردەی ولاتێك بڕیاری کۆمەڵکوژی گەلێکی دەدا کە بەپێی هەموو یاسایەك مەسئولە لە پاراستنی ژیانیان..

ئاخ خۆزگە دەگەڕانەوە و لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دەبوونە شایەت لە سەر هەموو ئەو کەسانەی لەو تاوانە هەرە گەورەیەدا بەشداربوون[٢٦].

*** *** ***

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە ناوەرۆك و شێوازی ئەم وتارەدا هەندێ خاڵ گەلاڵە دەبێت. ئەم وتارە چیرۆك ئامێزە لەرووی ناوەرۆکەوە تاوانێکی گەورەی وەکو (ئەنفال) دەورووژێنێ، کە لە فەسڵی یەکەمدا لێی دواوین، بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە، نووسەر دەیەوێ بۆ ئاشکراکردن و رووی راستی ئەم تاوانە پشت بە شایەدی (تەیموور) ی مندال ببەستێ، کە چەندین راپۆرتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە

دەرەوەی کوردستان و نزیکەی چوارده تەن لە بەڵگەنامە و دوکیۆمێنتی تاوانەکان و ڕۆژنامەو بەیاننامەکانی حیزبی بەعس ئەم تاوانەیان نەشاردۆتەوە و بە شانازییەوە یادی دەکەنەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بارودۆخی سیاسی ڕێگە خۆشکەر بێت، هەموو ڕاستییەکان ئەوە دەردەخەن، کە دەبێ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانی جینۆسایدە دەبێ بدرێنە دادگاو بەسزای خۆیان بگەن. پاشان (**سەرکردەی وڵاتێك**)، هەرگیز سەرکردەیەکی هەڵبژێردراوی گەل نەبووەو نییەو لەناو زەلکاوی نەتەوەخوازییەکی سەرەڕۆییدا مامەڵەی لە گەڵ مێژوودا کردووە.

لەڕووی شێوازە ئەدەبییەکەیەوە بە زمانێکی ئەدەبی نووسراوە و لە ڕووی سەرەتاو ناوەندو کۆتایی و چڕیو کورتیدا سەرکەوتووە و ئەو نموونەیەی ڕۆماننووسی جەزائیری لە سەر شۆڕشی گەلی جەزائیر و ئەنجامی شۆڕشەکەیان، کە وەکو کورد قوربانی زۆریان داوەو تووشی شەڕی براکوژی هاتوون لە جێی خۆیەتی و ناوەڕۆکەکەی بەهێزکردووەو نووسەر بیروڕای خۆی دەخاتە ڕوو ودژی ئەو تاوانەیە، کە مێژووی بەعسیانی پێ شەرمەزارە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەتوانین بڵێین: کارەساتی (**ئەنفال**) برینێکی قووڵی بەسەر جەستەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتیدا بەجێهێشتووە، بۆیە هەوێنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی داهێنەری لێ ساز دەکرێت، کە ئەدەبی بەرەنگاریی کوردی دەوڵەمەند دەکەن، نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە و چەندانی دی ڕووی ڕاستی ئەم مەسەلەیە دەردەخەن.

ڕەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پەلامارەکانی (**ئەنفال**) کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە، ئەمەش پرۆسەیەکی لەناکاو نەبوو، بەڵکو دەچێتە خانەی جینۆساید بەهەموو ڕووخسارەکانییەوەو پێشتر لە زەین و ستراتیژی بەعسدا نەخشەی بۆ کێشراوە و زیندووکردنەوەی پاڵەوانیەتی ڕابردووە لە ئێستادا.

ڕۆژنامەوانیی، کەسەرچاوەی پلە یەکی کلتووری کوردی بووە لە ڕابردوودا،بەهۆی نەبوونی چاپ و چاپەمەنی پێشکەوتوو وفروان بۆ چاپی کتێب، (ڕۆژنامە) زادی ڕووناکبیران بووە، بێگومان لەناساندن و خستنە ڕووی مەسەلەیەکی تراژیدی وەکو (**ئەنفال**)، کە هەوڵدانێك بوو بۆ سڕینەوەی شوینەواری کوردو قڕکردنی، ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی بینیووە، ئەگەر چی ئەو ڕۆڵە لە دوای ڕاپەڕیندا، لە دوای سەربەستی و ئازادی ڕۆژنامەنووسیدا زیاتر دەردەکەوێت.

* **زانکۆی سەلاحەددین– کۆلێژی پەروەردە– بەشی کوردی**

**پەراوێزەکان:**

(١) المنجد في اللغة، ط ٣٥، ص ٨٢٨.

(٢) سیاسەتی دەوڵی (گۆڤار)، ژ ٣، ١٩٩٢، ل ١٣.

(٣) جینۆساید، بەڕای پرۆفیسۆر (ڕافایل لێمکین) بریتییە لە (لەناوبردنی گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی)، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان وەها پێناسەی جینۆساید دەکات: بریتییە لەو کارانەی ئەنجام دەدرێن، بە مەبەستی لە ناوبردنی یەکجارەکی یان ناتەواوی گروپێکی نەتەوەیی،ئەتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینی). بڕوانە: کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ ٢٢٦٩، ٥/١٠/٢٠٠٠،ل١٠

(٤) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (گۆڤار)، ژ ٤، ١٩٩٦، ل٦.

(٥) جینۆساید لە عێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد،ل ٦٠٠.

(٦) ئەو ژمارەی قوربانیانی ئەنفال لە میدیاکانی کوردیدا بە (١٨٢٠٠٠) کەس ناودەبرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەکە هەر بە مەزەندەیە و وردو تەواو نییە. ژمارەی گوندەکانیش هەندێ کەس بە (٤٥٠٠) گوندی دادەنێن، بڕوانە: کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ ٤٢١، ٢٥/٦/١٩٩٣، ل٣.

**(7) Genocid in Iraq,The Anfal Campaign Against The Kurds, Middle East Watch, P. 8.**

(٨) بە پێی ئامارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی لە نامەیەکی ئەکادیمیدا ڕێژەی شێت بوون و هەندێ نەخۆشی دەروونی وا دیاریی دەکات:

– دڵتەنگی لە ئەنجامی شاڵاوەکان ٢١,٢٪.
– شێتی ١٤,٨٪.
– لەبیرچوونەوەو دڵەڕاوکێو تووڕەبوون ٨,٥٪.
– ترس و خەمۆکی ٢١,٢٪.

بڕوانە: یوسف مەعروف محەمەد دزەیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ل١٦٤.

(٩) یوسف مەعروف محەمەد دزەیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ل ١٧٩.

(١٠) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی (ڕای گشتی) بڕوانە:

– د.عبد اللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص١٦– ٣٤.

– د. احمد بدر واخرون، الصحافة الكويتية، ص ١١–٢٠.

– ا.د.عدنان ابو الفخر، الصحافة السورية بين النظرية والتطبيق، ص ٤١–٥٩.

(١١) لە بارەی ئەم زاراوەیە (دەستەڵاتی چوارەم) بڕوانە: کەمال سەعدی، دەستەڵاتی چوارەم، هەولێر، ١٩٩٨.

(١٢) لە دوای ڕاپەڕینەوە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاوبۆتەوە بە پێی ئەو بیبلیۆگرافیایەی عەبدوڵلا زەنگەنە ڕێکیخستووە تا ساڵی ١٩٩٧ دەگاتە (٥٢٩).

بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، ل ٣٤١–٣٦٠.، ژمارەی تەلەفزیۆنەکان بە پێی حیزبەکان هەردەم لە (٧–٨) کەناڵی ناوخۆیی کەمتر نەبووە، ئێستاش چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی لە سەتەلایت، (kurd sat) و (kurdistan Tv)و (ZAGROS),(metv) (ROJ tv) پەخش دەبن، کە حیزبە کوردستانییەکان بەڕێوەی دەبەن.

(١٣) بۆ ئەو ڕێپێوانەو هاندانی خەڵك و وروژاندنیان بڕوانە: ئەم هەواڵەی ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان):

(ڕۆژی ٤/١٤ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شاری هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەیی و پارێزگاری هەولێر و ڕێکخەری UN و ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی، کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان لەبەردەم پارێزگای هەولێر ساز کرد:) بڕوانە: ژ ٢٠٢، ٢٣/٤/١٩٩٦.

(١٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (سفر) ی بە هەشت لاپەرە لە ١٢/١/١٩٩٢ دا دەرچووەوە تا ئێستاش وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەردەوامە.

(١٥) پەلامارەکانی ئەنفال لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمی بەغدا بە شانازییەوە باسی لێوەکراوە، بۆنموونە بڕوانە مانشێت و هەواڵەکانی ڕۆژنامەی (الیورە)ی زمانحاڵی حیزبی بەعس لەڕۆژی ٢٠/٣/١٩٨٨و لەژمارە ٦٥٠٨ دا نووسراوە:

احتلال مقر الخيانه بقتال باسل وپأرى.

عملية (أنفال) تتوج جبالنا الحبيبة بنصر عراقى مؤزر.

تظاهرات واسعة ابتهاجا بالنصر فرحة غامرة بالقضاء على وكر الخيانة والعمالة.

هەروەها لەگۆڤاری (الف باء) ی ڕژێم لە ژمارە (١٠٤٣) ی ڕۆژی٢١/٩/١٩٨٨ دا (عدنان خیراللە)ی وەزیری بەرگری ئەوکاتەی عێراق نکوڵی لە بەکارهێنانی گازی کیمیایی دەکات و دەربارەی گرتن و کوشتنی خەڵکی کوردستان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا دان بەوە دادەنێت کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە بەرەو سنوورەکانی ئێران وتورکیا ڕایانکردووە لە بەر ئەوەی ئێمە نایانناسین و هەموویان جلی کوردییان لەبەردایە.هەروەها دەڵێ بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پەلامارەکان لە٥/٩/١٩٨٨دا حکومەت بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ کوردان دەرکردووە.

(١٦) ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (سفر) ی لە ١/١/١٩٧٤ دا دەرچووە، لە دوای ڕاپەڕین دووبارە تێهەڵچۆتەوەو لە٢/٣/١٩٩٣ داو بە ژمارە ١٥٨٥ دەستی پێکردۆتەوەو ڕۆژانە دەردەچێت و بەردەوامە.

(١٧) ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)،ژمارە یەکی لە ١/٦/١٩٩١ دا بەچوار لاپەڕەی قەوارە بچوك دەرچووەو تائێستاش بەردەوامە.

(١٨) جەمال غەمبار،وەرزە ئاڵەکانی عەدەم، ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ٢٠٢، ٢٠/٦/١ ١٩٩٦.

(١٩) هەر ئەوێ.

(٢٠) شێرکۆ بێکەس، سروودەکانی مەلەك تاوس، ئاییندە (گۆڤار)، ژ ١٦، ١٩٩٨، ل ١٦٣.

(٢١) ئیسماعیل بەرزنجی، دژە دیمەن، ئێستا (گۆڤار)، ژ ١٥، ١٩٩٨، ل٢١٥.

(٢٢) کەژاڵ ئەحمەد، هۆلۆکۆست، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ١٢٧٤، ٢٨/٤/١٩٩٦.

بێجگە لەو شیعرانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر نموونەی دیکە هەبن، وەکو:

– فاتیح سەلام، پانۆرامای ڕاگوێزان و سووتماکی خاك، ئێستا (گۆڤار)، ژ ١٦، ١٩٩٨.

– کەریم کاکە، دەقی ئەنفال حوجرەی کچان، ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ ٢٨٩، ١٨ / ٢ / ١٩٩٨.

(٢٣) بەختیار عەلی، یادەوەری و زەمەن، ڕەهەند (گۆڤار)، ژ٦، ل٣٠.

(٢٤) حەکیم کاکە وەیس، ئاهەنگی ئەنفال، ڕامان (گۆڤار)، ژ ٤٧، ل ١٩٩– ٢٠١.

(٢٥) جەلیل کاکە وەیس، سەعاتە وەستاوەکان، ڕامان (گۆڤار)، ژ ٤٧، ٢٠٠٠،

بێجگە لەم چیرۆکانە، چیرۆکی دیکەش بە شێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە، بۆیە نەکەوتوونەتە ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەکو:حەکیم عەبدوڵلا کاکە وەیس، چیرۆکی سەبییە شێت، ڕامان (گۆڤار)، ژ٤٣، ٢٠٠٠، ل١٨٢–١٨٥.

– حەسەن مەحمود حەمە کەریم، چیرۆکی دایە مەنیج، رامان (گۆڤار)، ژ ٥٠، ٢٠٠٠، ل ٢١٥–٢١٨.

– محەمەد رەشید فەتاح، رۆمانی ئەنفال، سلێمانی، ١٩٩٧.

حسێن عارف، رۆمانی هێلانە، سلێمانی، ١٩٩٩.

هەروەها لە کاری هونەرییشدا بەتایبەتی فیلمی (ئەنفال) لە سیناریۆو دەرهێنانی هونەرمەند کامەران رەفیق لە سالی ١٩٩٩ لە شاری سلێمانی پێشکەشکرا، بروانە: محمد حمە صالح توفیق، فیلمی ئەنفال چۆن مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ئەنفالدا دەکات، ئاییندە (گۆڤار)، ژ ٣، ١٩٩٩، ل ٤٢– ٥٤.

(٢٦) مستەفا سالح کەریم، ئەنفالکراوەکان بەم زووانە دەگەڕێنەوە، کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژ ١٢٦٤، ١٦ / ٤ / ١٩٩٦.

## سەرچاوەکان:

١– بە زمانی کوردی

أ– نامەی ئەکادیمی: یوسف مەعروف محەمەد دزەیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، (نامەی ماجستێر)، ئاداب، هەولێر، ٢٠٠٠.

ب– کتێب:

– عەبدوڵلا زەنگنە، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، هەولێر، ١٩٩٨.

– کەمال سەعدی، دەستەڵاتی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– هەولێر، ١٩٩٨.

پ– رۆژنامەو گۆڤار:

– ئالین دیستێخ، کورتەیەك سەبارەت بە جینۆساید، وەرگێڕانی شێرزاد عارف سالح، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ٢٢٦٩، س٩,٥، ٢٠٠٠/١٠/٩.

– ئیسماعیل بەرزنجی، دژە دیمەن، ئێستا (گۆڤار)، ژ١٥، سلێمانی، ١٩٩٨.

– بەختیار عەلی، یادەوەریو زەمەن، ڕەهەند (گۆڤار)، سوید، ١٩٩٨.

– باوکی ناز، ئەنفال و کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی گەلی کورد، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ٤٢١، س٢، ٢٥/٦/١٩٩٣.

– جەلیل کاکەوەیس، سەعاتە وەستاوەکان، رامان (گۆڤار)، ژ٤٧، ٢٠٠٠.

– جەمال غەمبار، وەرزە ئاڵەکانی عەدەم، ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ٢٠٢,٢٣/٤/١٩٩٦.

– د.جاسم تۆفیق، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیی نییە، سیاسەتی دەولی، ژ٣، ١٩٩٢.

– د.جاسم تۆفیق، خەباتی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی یەوە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٤، س٤، ١٩٩٦.

– حەکیم کاکە وەیس، ئاهەنگی ئەنفال، ڕامان (گۆڤار)، ژ٤٧، مایسی ٢٠٠٠.

– برایەتی (ڕۆژنامە)، ژ١٥٩٧,١٦/٣/١٩٩٣، ژ ١٦٠٤، ٢٧/٣/١٩٩٣، ژ ١٦١٨، ١٢/٤/١٩٩٣، ژ ١٦٤٩,٢٠/٥/١٩٩٣.

– ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ١٨٤، ٥/١٢/١٩٩٥، ژ١٩٩، ٢/٤/١٩٩٦، ژ٢٠٠، ٩/٤/١٩٩٦، ژ ٢٠٢، ٢٣/٤/١٩٩٦، ژ ٢١٧، ١٣/٨/١٩٩٦، ژ ٣١٥، ٢٦ / ٦ /١٩٩٨، ژ٢٨٩، ١٨ / ٢ / ١٩٩٨، ژ ٣٤٧,١٤ / ٤ / ١٩٩٩.

– کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ ١٢٦٤، ١٦/٤/١٩٩٦، ژ ١٢٧٥، ٣/٥/١٩٩٦، ژ ١٢٧٦، ٥/٥/١٩٩٦، ژ٢١٨١، ٢٥ / ٦ / ٢٠٠٠.

– شێرکۆ بێکەس، سرووەدەکانی مەلەك تاوس، گ ئێستا، ژ ١٦، ١٩٩٨.

– فاتح سەلام، پانۆرامای راگوێزان و سووتماکی خاك، ئێستا (گۆڤار)، ژ١٦، ١٩٩٨.

– کەژاڵ ئەحمەد، هۆلۆکۆست، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژ ١٢٧٤، ٢٨/٤/١٩٩٦.

– مستەفا سالح کەریم، ئەنفالکراوەکان بەم زووانە دەگەڕێنەوە، کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژ١٢٦٤، ١٦/٤/١٩٩٦.

٢– بەزمانی عەرەبی:

ا– کتێب:

– القران الكريم.

– د.احمد بدر واخرون، الصحافة الكويتية، مؤسسة الصباح، الكويت، ١٩٧٩.

– د.عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ط٤، دار الفكر العربي، ١٩٦٨.

– د.عدنان ابو الفخر، الصحافة السورية بين النظريةو التطبيق، دار الكاتب العربي، دمشق، ١٩٨٥.

المنجد في اللغة، ط٣٥، دارالمشرق، بيروت، ١٩٩٦.


ب– ڕۆژنامەو گۆڤار:

– جريدة الثورة، ع ٦٥٠٨، ٢٠/٣/١٩٨٨.

– مجلة الف باء، ع١٠٤٣، ٢١/٩/١٩٨٨.

٣– بە زمانی ئینگلیزی:

**- Middle East Watch, Ginocid in Iraq, The Anfal Campaign Against The Kurds, New York,1993.**



# حسێن ناظم

## ژیان و رۆڵی لەبزاڤی رۆژنامەگەریی و مێژوونووسیی کوری دا

## ١٨٧٢-١٩٣٢

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

ژیان عەبدولغەفور ئەحمەد

### پێشەکی

بێگومان یەکێك لەو کەسێتییە رۆشنفیکرو هەڵکەوتەیەی کورد کە لەسەردەمی شێخ مەحموودا رۆڵێ هەبووە **(حسێن ناظم)**ە، حسێن ناظم بەهۆی وردبینی و جیهانبینی خۆی لەرووی دەسەڵاتەوە لای **(شێخ مەحموود)** کرایە راوێژکار، لەهەمان سەردەمدا بەشێوەیەکی بەرجەستەیی لەرۆژنامەکانی **(رۆژ کوردستان)**، **(ئومێد ئیستیقلال)**، **(ژیان)** رۆڵی کارای هەبووە، وتارە بڵاوکراوەکانیشی شایەتحاڵی راستییە فیکرییەکانی ئەم کەسایەتییەن. هۆشی مێژوو نووسینەوەکەشی کەم و زۆر لە **(مێژووی بابان)**دا بەرجەستە بووبوو. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە بنەماکانی میتۆدی زانستی و مێژوویی پیادەبکەین تۆژینەوەکە لەپێشەکی و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە دووباس پێك هاتووە، لەباسی یەکەمدا باسمان لە ژیانی ئەم کەسایەتییە کردووە، لەباسی دووەمدا تیشکمان خستۆتە سەر کەسێتی حسێن ناظم و رۆڵی لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودا، بەشی دووەم، لەسێ باس پێکهاتووە، لەباسی یەکەمدا رۆڵی **(حسێن ناظم)**مان خستۆتە روو، لەرۆژنامەی رۆژی کوردستاندا، لەباسی دووەمدا باسی بەکارو وتارەکانی حسێن ناظم کراوە لەرۆژنامەی **(ئومێدی-ئیستقلال)**دا، کە لەژمارەکانی (١٤-١٦)دا سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەرو سەرنووسەری رۆژنامەکە بووە، بەسێ وتاری کۆمەڵایەتی بەشداری کردووە. لەباسی سێیەمدا، رۆڵی **(حسێن ناظم)**مان باس کردووە لەرۆژنامەی **(ژیان)**دا بەچەند بەڵگەو نموونەیەك لەوتارەکانی باسەکەمان دەوڵەمەند کردووە. لەبەشی سێیەمدا هەوڵمان داوە **(حسێن ناظم)** وەك مێژوونووسێك بناسێنین و خوێندنەوەیەك بۆ بەرهەمە مێژووییەکانی بکەین.

لەباسی یەکەمدا دەفتەرەکەی **(حسێن ناظم)**مان خستۆتەڕوو، لەباسی دووەمیشدا هەوڵمانداوە **(مێژووی بابان)** بەتەواوی بسەلمێنین. لەباسی سێیەمدا باسمان لەمێژووی ماوەت کردووە. لەکۆتایی بەشەکاندا هەوڵمانداوە کورتەی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێك بخەینە روو، پاشان بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەو تێگەیشتنی زیاتر هەندێك لەوتارەکانی، لەهەرسێ رۆژنامەکەدا، وەك پاشکۆیەك دابەزێنراوە. ئاشکرایە لەکاتی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێك ئاستەنگ و کێشەو گرفت هاتۆتە رێمان، ئەوانیش نەبوونی توێژینەوەی زانستی و سەرچاوەی رەسەن و دەستنووس کە راستەوخۆ لەم کەسێتییە بدوێ، سەرباری دەست نەکەوتنی هەندێ لەبەرهەمە مێژووییەکانی بەتایبەت **(مێژووی ماوەت)** کە تا ئێستا بەنادیاری ماوەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پاش

ماندووبوونێکی زۆر توانیمان تۆژینەوەکە لەم بوارەدا، بەپشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەئەنجام بگەیەنین، زیاتر لەکتێب و گۆڤار و رۆژنامەو دیداری تایبەتدا خۆیان دەبینیەوە، هەریەك لەو سەرچاوانەش بەپێی سوودو کەڵکی خۆی توانیومانە توێژینەوەکەی پێ دەوڵەمەند بکەین. لەو سەرچاوانەش (**ئەحمەد خواجە، محەمەد رەسوڵ هاوار، کەمال رەئووف محەمەد، رەفیق سالح ئەحمەد...**) لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، بێگومان توێژینەوەکەمان لەهەڵەو کەم و کورتی بەدوور نییە، چونکە کاری ئادەمیزاد و مرۆڤ بێ کەم و کورتی نییە، هیوادارم ئەم هەوڵەی من بەشدارییەکی بچووك بێت لەباس کردنی تەقەلاو زیندووکردنەوەی یادو ناوی کەسێکی ون بووی مێژووی میللەتەکەمان کە لەقۆناغێکی دیاری کراوی مێژوویدا لەخەباتکردندا بەشداری کردووە، بەڵام ئێستا گومناوە.

هیواشم وایە کەلێنێکی لەکتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوەو لە ئەنجامیشدا سوود و قازانجی بۆ نەوەکانی داهاتووی میللەتەکەمان هەبێت.

## بەشی یەکەم

### ژیاننامەو کەسێتی حسێن ناظم

**باسی یەکەم: ژیاننامەی حسێن ناظم**

حسێن کوڕی عەبدول فەتاحی کوڕی وەستا ئەحمەد (**باش خەیات**)[1] ە ساڵی ١٨٧٢ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە[١]، دایکی ناوی (**عەدلە**) کچی ئەحمەد ئاغای کوڕی قادر ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغای بادەشور کوڕی گرون ئاغایە[2]، لەبنەماڵەی (**فەرخەیە**)[3] یە[٢].

بەرلەوەی تەمەنی شەش ساڵان تەواو بکات، باوکی کۆچی دوایی دەکات، پەروەردەکردنی دەکەوێتە ئەستۆی مامی (**ئەمین یومینی**)[4] باپیری وەستا ئەحمەدی باش خەیات[٣]. خوێندنی حوجرەی لای (**خواجا فەندی**) خوێندووە، لەبەرئەوەی منداڵێکی زیرەك بووە خواجا فەندی بایەخێکی زۆری پێداوە تا خوێندەوارێکی باشی لێ دەربچێت[٤]، پاش حوجرە خوێندنی (**روشدیە**)[5]ی لەسلێمانی تەواو کردووە[٥].

کاتێك لەنێو رووناکبیرانی شاری سلێمانیدا ناوبانگی پەیداکرد بوو بەیەکێ لەمنەوەرانی کورد، لەو سەردەمەدا ئەو جۆرە کەسانە نازناوی تایبەتییان بۆخۆیان داناوە بۆ نموونە، وەهبی، حیلمی، زەکی.. ئەمیش لەلایەن ئەمین یومینی مامییەوە نازناوی (**ناظم**)ی پێ بەخشراوە[٦]. لەبەر ئەوەی لەکارو فەرمانیدا کەسێکی راستگۆ بووەو کاری ئەمڕۆی نەخستۆتە سبەینێ[٧].

کاتێك پێدەگاو گەورەدەبێت لەگەڵێك پۆستی میریدا بەشدار دەبێت، لەوانەش مودیر ناحیەو قایمقامی چەندین قەزا[٨].

حسێن ناظم بەرۆشنایی بەڵگەنامەی رەسمی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیدا ئەم پۆستانەی بینیوە:

ساڵی ١٨٩٢لە دادگای بیدائی سلێمانی نووسەر بووە، ساڵی ١٨٩٣ نووسەری دووەمی دادگای شەرعی سلێمانی بووە، هەر لەهەمان ساڵدا نووسەری باجی (**دەبێك**)[6]ی ناوچەی سورداش بووە، ساڵی ١٨٩٤ جێگری تەحریراتی قەزای بازیان (**چەمچەماڵ**)بووە[٩]، لەتەمەنی ٢٤-٢٦ ساڵیدا لەنێوان ساڵانی (١٨٩٦-١٨٩٨) ژنی یەکەمی هێناوە بەناوی (**رەحمە**) تەنیا سێ منداڵی هەبووە، ئەوانیش ناویان (**شەفیقە**) هەر بەمنداڵی لەتەمەنی (١٤-١٥) ساڵیدا مردووە، (**رەعنا**) لە ١٩٧٧/١٠/٣١ مردووە، سێیەمینیان ناوی (**تۆفیق**) بووە ساڵی ١٩٧٥ لە تورکیا کۆچی دوایی کردووە، لەوکاتەدا حسێن ناظم نووسەری دووەمی قەزای بازیان بووە، لەهەمان کاتدا نووسەری یەکەمی دادگای قەزای شاربازێریش بووە[١٠].

ساڵی ١٨٩٨ نووسەری یەکەمی دادگای (**مەعمورەی حەمیدییە**)[7] بووە، هەر لەهەمان ساڵدا نووسەری یەکەمی دادگای بیدائی شاربازێر بووە، لەم پۆستەدا تا ساڵی (١٩٠٥) بەردەوام بووە، پاشتر بۆ جاری دووەم لەساڵی (١٩٠٥)ەوە تا ٨ی مارتی ١٩١٠ نووسەری یەکەمی دادگای بیدائی ئاوەدانی حەمیدییە

(قەلأدزە) بووە. لەکاتی وەرگرتنی ئەم پۆستەدا ژنی دووەمی هێناوە بەناوی (نەشمیل عبدالله)[8].

ساڵی ١٩١١ بوە بە مودیر ناحیەی قەلأسێوکە، لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩١١ تا ٢٩ مارتی ١٩١٢ نووسەری تەحریری قەزای گوڵعەنبەر (خورماڵ) بووە، ساڵی ١٩١٤ بۆ جاری دووەم بووە بە مودیر ناحیەی خورماڵ[١١].

دوا پلەو پایەی لەدەوڵەتی عوسمانیدا بەڕێوەبەری ناحیەی (چەمچەماڵ) بووە[١٢]. لەو مێژووە تا دەست پێکردنی بزووتنەوەکەی (شێخ مەحموود بەرزنجی) هیچ پۆستێکی ناسراوی وەرنەگرتووە[١٣].

حسێن ناظم ساڵی ١٩١٩ یەکێك بووە لەراوێژکارە باوەڕ پێکراوەکانی شێخ مەحموود[١٤]، بەهۆی شکستی یەکەم حکومەتی شێخ، پاش شەڕی (دەربەندی بازیان) لەگەڵ چەند کەسێکی ناودارو بنەماڵەی شێخ مەحموود سلێمانی بەجێ دەهێڵن و روودەکەنە رۆژهەلأتی کوردستان و ماوەیەك بەسەردان لای (مەحموود خانی دزڵی)[9] دەمێنێتەوە[١٥]، کاتێك بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە زۆر لەئاوارەکان دەگەڕێنەوە سلێمانی (حسێن ناظم)یش بێگومان یەکێك بووە لەو ئاوارانە[١٦].

حسێن ناظم زۆر رقی لە (مێجەرسۆن)[10] بووە، لەیاداشتیا (مێجەرسۆن) دووری خستۆتەوە لەسلێمانی، لەکۆتایی ساڵی ١٩١٩و سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ بۆ چەند مانگێك دانراوە بە مودیر ناحیەی (سرۆچك) کە مەڵبەندەکەی گوندی (گێڵدەرە) بووە، ساڵی ١٩٢١ لەجێگەی (جەمال عیرفان) کراوە بەمودیر ناحیەی مەرگە[١٧].

پاشان گوێزرایەوە بۆ ماوەت، بەپێچەوانەی جارانەوە ئەم ناوچەیەی پێ دڵگیرو خۆشتر بوو لەبەر ئەوەی ماڵی پوورێکی لێرەبوو[١٨].

لەو ماوەیەدا لەماوەت ژیاوە، هەوڵی دەرخستنی تواناکانی خۆی داوەو دەستی کردووە بەنووسینی مێژووی (ماوەت) کە یەکێکە لەدەستنووسە بەکەڵکەکانی، بەلأم هەتا ئێستا نادیارو وونە[١٩].

حسێن ناظم لەبواری رۆژنامەنووسیی دا رۆڵی گێڕاوە، بۆ نموونە لەرۆژنامەی (رۆژ کوردستان)[11] بەوتارێك بەشداری کردووە، لەم رێکەوتە بیری سیاسی و نەتەوەیی فراوان بووە[٢٠].

لەماوەی ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٣) بەڕێوەبەرو بەرپرس و سەنووسەری سێ ژمارە (١٤-١٦)ی رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)[12] بووە[٢١].

پاش کۆتایی هێنان بەحکومەتەکەی شێخ مەحموود لەلایەن ئینگلیزەوە لەساڵی ١٩٢٤، شاری سلێمانی بەجێ هێشتووەو لەتورکیا نیشتەجێ بووە[٢٢]. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك پۆستی بینیوە، ساڵانی نێوان ١٩٢٥-١٩٢٦ قایمقامی قەزای (شەمزینان)ی ناوچەی هەکاری بووە، لە دوای ئەو مێژووەوە دەرکراوە، ساڵی ١٩٢٧ کراوە بەقایمقامی قەزای (سەرا) لەناوچەی وان، لەم پۆستەدا بەپێی ئەو ئەرزو حاڵنامەیەیی بە دەستخەتی خۆی بەزمانی تورکی لە ١٩٣١/٦/٢٠ رووبەڕووی سەرۆك وەزیرانی عێراقی کردۆتەوە، ئەوەی خستۆتە روو ماوەی چوار ساڵە لەم پۆستەدا ماوەتەوە، بەلأم بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی و منداڵەکانی خانەنشین بوونی لەم پۆستە پێ شیاوتر بووە، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری پێشکەش کردووە بۆ بڕینەوەی مووچەی خانەنیشی، بەرۆشنایی ئەم ئەرزوحاڵنامەو وردبوونەوە لێی تێ دەگەین هەتا خۆی لەژیاندا بووە مووچەی خانەنشینی بۆ نەبڕاوەتەوە، بەڵکو لەپاش مردنی ساڵی ١٩٣٣ بڕی (٣٥) روپیە بۆ خێزان و منداڵەکانی بڕاوەتەوە، پاش گۆڕینی (روپیە) بۆ دینار مووچەکە گەیشتە (٨) دینار، کچی گەورەی (رەعنا) تا مردنی ١٩٧٧ وەریگرتووە[٢٣].

لەئەنجامی تەنگ پێهەڵچنین و راوەدوونانی رۆشنبیر و نیشتمانپەروەرەکانی کورد لەلایەن حکومەتی تورکیاوە[٢٤]، تووشی بێزاری دەبێت و لەمانگی نیسانی ١٩٣٠ بەخێزان و منداڵەکانییەوە، جگە لە (تۆفیق تەیفور) لەتورکیا ماوەتەوە، هەموویان هاتوونەتەوە سلێمانی[٢٥].

هەواڵنامەی کتێب

لێرەوە ڕۆژنامەی **(ژیان)**[13] دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانگەی شارەوانی سلێمانی، بە (١٠) وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشداری کردووە، بەردەوام خزمەتی ئەم ڕۆژنامەیەی کردووە تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کردووە[٢٦].

ئەوەی شایەنی باس بێت حسێن ناظم سەرەڕای ئەوەی لەبواری ڕۆژنامەوانیی نیشتمانیدا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، بەیەکێك لەمێژوونووسەکانی کوردیش لەقەڵەم دەدرێت، لەگرنگترین دانراوەکانی دەستنووسێکی تورکییە بەناوی **(دەفتەرەکەی حسێن ناظم)** باس لەمێژووی بابان دەکات، مێژووی **(ماوەت)**یش هەروەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد[٢٧].

پاش تەمەنێکی پڕ لە خزمەت، لەشەوی هەینی ٦/٥-٥-١٩٣٢ لەتەمەنی ٦٠ساڵیدا لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە[٢٨].

**باسی دووەم: کەسێتی حسێن ناظم**

حسێن ناظم کەسێتییەکی بەرزو سەرکەوتووی لەبواری سیاسی و ڕۆشنبیری و مێژووییدا هەبوو هەمیشە خەمخۆری کوردو کوردستانەکەی بووە، زیرەکی و ڕووناکبیری دەگەڕێتەوە بۆ باوەگەورەی **(وەستا ئەحمەدی باش خەیات)** و **(ئەمین یومینی)** مامی کەشاعیر و ڕۆشنبیرو فارسی زان بووە [٢٩].

سەرباری زمانی دایك، زۆر بەچاکی زمانی فارسی و تورکی دەزانی[٣٠]، ڕاستی و پاکی حسێن ناظم ئەوەندە بەناو خەڵکا بلاْوبووەوە، هەتا مێجەرسۆن دەیووت: **(بەرامبەر بەحسێن ناظم خراپەکردن خراپەیە بەرامبەر زانیاری)**[٣١].

پێش ئەوە وەك ڕۆژنامەنووسێك کاربکات لەکاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیدا لەفەرمانبەرێکی بچووکەوە پێگەیشتووە، وەك نووسەرو باجگر لەقەزاکان، پاشان وەك بەڕێوەبەری ناحیەو قائیمقام کۆمەڵێك پۆستی بینیوە[٣٢] هەستێکی نەتەوەیی ڕاستگۆی هەبوو بەرانبەر بەنیشتمانەکەی و هەموو نووسین و کارەکانی شایەتحاڵی ئەو هەستەین. مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت: **(حسێن ناظم وەك ڕووناکبیرێکی خوێن گەرمی کوردپەروەر، بۆ سەرفرازی و ڕزگاری کورد تێکەڵ بەو دەستەو کۆمەڵانە بووە کەلەدەوری شێخ مەحمودی حەفید گرد بووبوونەوە)**[٣٣]

حسێن ناظم لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە هاوکارێکی دڵسۆزی شێخ مەحموود بووە[٣٤]، دوای ئەوەی (وڵسن)ی حاکمی گشتی عێراق بەناوی خۆیەوە میجەرنوئیل)[14]ی بەڕاسپێری تایبەتی نارد بۆ سلێمانی. (مێجەر نوئیل) ڕۆژی ١٩١٨/١١/١٧ لەبەر دەرگای سەرا کۆبوونەوەیەکی گەورەی ڕێکخست[٣٥]، لەژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارو سەرۆك عەشیرەتەکانی جاف و هەمەوەندو پشدەر و ئاکۆو بلْباس.،. هەموو دەستەو تاقمەکانی تری سلێمانی، بەناوی حکومەتی بەریتانیا و حاکمی گشتی عێراقەوە، بەزمانی فارسی ووتارێکی خوێندەوەو ڕایگەیاند **(شێخ مەحموود حوکمداری کوردستانە)**[٣٦].

حسێن ناظم یەکێك بوو لەو کەسانەی ئەو ئێوارەیە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەپیاوماقوڵانی شار لەماڵی شێخ مەحموود ئامادەیی پەیمان دان بوو بەشێخ[٣٧].

کاتێك شێخ مەحموود بەحوکمداری کوردستان قبوڵ کرا، ئەویش پەیوەندی کرد بەکۆمەڵێك کەسایەتی ئەو سەردەمە لەوانەیش **(طاهر ئەفەندی، حسێن ناظم، حەمەڕەشید جوامێری هەمەوەند، طاهر ئەمین ئەفەندی، کاکە حەمەئەمین عطار، حاجی سەید حسن، عزت تۆپچی)** و بیروڕای وەرگرتوون زۆربەیان حوکمداری شێخ مەحموودیان پێ قبووڵ بووە، واتە **(حسین ناظم)** ڕووناکبیر و باوەڕپێکراوی شێخ بووە، چونکە بیروڕای وەرگرتووەو بێگومان ئەویش بەحوکمداری شێخ ڕازی بووە، کە لەلایەن ئینگلیزەوە بڕیاری لەسەر درابوو[٣٨] شێخ مەحموود بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، دەستی کرد بەنووسینی مەزبەتە بەخەڵکی عەشائیر و ئەهالی ناوچەکە، ڕەفیق حیلمی نووسەری ئەو مەزبەتەو **(نامە)** تایبەتیانە بووە کەنێراوە بۆ شەریف پاشا[٣٩]، **(سەید ئەحمەد بەرزنجی)** و **(ڕەشید زەکی کابان)** ئەو

دوو نێراوە بوون بەفەرمانی باوەڕ پێکراوەکانی بەریتانیا گەیشتە (حەڵەب)، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی (مەزبەتە) کە بگاتە دەست کۆنگرەی ئاشتی و شەریف پاشا، لای ئینگلیزەکان لەبەغداد مایەوە، ئەمەش هیچ ئەنجامێکی نەبوو[٤٠].

شێخ رەئووف شێخ مەحموود لەیاداشتەکانیدا دەربارەی نەگەیشتنی ئەو مەزبەتانە دەڵێت: (وەکو **سەید ئەحمەد بەرزنجی و حسێن ناظم بەگ بۆیان باس کردم کە شەریف پاشا پەیوەندی بە شێخ مەحموودەوە هەبووەو داوای لەشێخ مەحموود کردبوو کەماف و دەسەڵاتی ئەوەی بدرێتێ بەناوی کوردەوە لەکۆنگرەی ئاشتی دا لە پاریس قسەبکات. حسێن ناظم شێوەو جۆری دارشتنی مەزبەتەکەی بۆ باس کردم کەخۆی بەدەستی خۆی بەتورکی یان بەفارسی... ئامادەی کردبوو، چونکە لەو رۆژانەدا کەسێکی وانەبوو ئینگلیزی یان فەرەنسی یەکی باس بزانێت، دوور نییە دارشتن و شێوەی ناوەڕۆکەکەی حسێن ناظم ئامادەی کردبێ و لەدوایدا بەدەست خەتی رەفیق حیلمی پاکژ کرابێت)**[٤١].

لە ١٩١٩/١/٢٥ شۆڕش و بزووتنەوەی کوردی بەپێشەوایەتی شێخ لەگەشەسەندندا بوو، بێگومان (**حسێن ناظم**)یش وەك دڵسۆزێك بەخاك و نیشتمانەکەی لەناوشاردا هانی خەڵکی دەدا بۆ پشتگیری شۆڕشەکە[٤٢] پاش جەنگی خوێناوی (**دەربەندی بازیان**) و شکستی بەرهەمی یەکەمین حوکمداریتی کوردستان، ئەنجامەکەی بەبریندار بوونی شێخ مەحموودو شەهیدبوونی چەندین کەسی ناسراوی وەك (**حاجی سەید حەسەن، تایەر ئەفەندی**) بەڕێوەبەری پۆلیسی شێخ مەحموودو ئاوارەبوونی کۆمەڵێك کەس و بنەماڵەی ناوداری سلێمانی کۆتایی هات[٤٣].

(**حسێن ناظم**)یش یەکێك بووە لەو ناودارانەی شاری سلێمانی بەرتاڵان و ماڵوێرانی ئینگلیزەکان کەوتووەو ناچار لەگەڵ (**شێخ رەئووف و کوڕانی شێخ و مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، سەید عەبدوڵڵا، کاکە حەمە**) روویان کردۆتە ناوچەی مەریوان، لەلایەن مەحموود خانی کانی سانان و کەیخوسرەو خانی بەڕێوەئەبرا، مەحموودخان پێشوازی گەرمی لێ کردن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە مەریوان لەلایەن کەیخوسرەوخان رێگایان لێ گیرا، لەبەرئەوەی لەگەڵ مەحموودخانی کانی سانان ناکۆکیان هەبوو کاتێك (**حسێن ناظم**) وەڵامی کەیخوسرەوخانی بیست خۆی گەیاندە پێنجوێن وای دەبینی خەڵکەکە وەکو جاران دۆستایەتی دەکەن کە خۆی مودیر ناحیەی پێنجوین بووە، بەڵام هەر لەدوورەوە داوای کرد کە بڕۆن گەیشتنە دێی (نژمار).

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت حسێن ناظم یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لەرۆژانی تەنگانەدا پشتی ماڵی حوکمداری بەرنەداوەو دڵسۆزی راستەقینەی بنەماڵەی شێخ مەحموود بووە[٤٤]. لەگەڵیاندا تووشی تاڵانی و برسێتی و لەسەرکار لابردن و دەربەدەریی و ئاوارەیی بووە[٤٥].

حسێن ناظم پاش هێوربوونەوەی بارودۆخەکە گەڕایەوە سلێمانی، بەڵام (مێجەرسۆن) شارەزای سلێمانی و هەڵس و کەوتی خەڵکەکەبوو مەبەستی بوو بەناوی بەخشینی پۆست و پلەو پایە کەسە رووناکبیرو شارەزاکانی شاری سلێمانی دوور بخاتەوە بۆ ناحیەو قەزاکان، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریدا حسێن ناظم بکات بەمودیر ناحیەی (**سرۆچك**) راشی گەیاند: ئەگەر ئەم پۆستە قبوڵ نەکات نابێت لەسلێمانی دابنیشێت، بەڵام ئەو دوور خستنەوەیە تووشی بێزاری کردوو تەنها ساڵێك لەم ناوچەیە مایەوە، بێ پرس گەڕایەوە سلێمانی[٤٦].

لەهەمان کاتدا لە ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٢١ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی شارەوانی لەناوپالآوتەکاندا ناوی دیارە، پالاوتەکانیش ئەم ناسراوانەی سلێمانی بوون: عیزەت بەگی وەسمان پاشا ٧ دەنگ، عەبدولحەمید ئەفەندی ١٠ دەنگ، حەمەئاغای عبدالرحمن ئاغا ٨ دەنگ، رەمزی ئەفەندی ٤ دەنگ، حسێن ناظم ٣٣ دەنگ، مەحموود ئەفەندی ٣٨ دەنگ، پاشتر دەنگی یانزە کەسی دیکەش

وەرگیراوە، مەحموود ئەفەندی ٤٦ دەنگ و حسێن ناظم ٣٥ دەنگی پێ براوەو پلەی دووەمی بەدەست هێناوە(٤٧).

بەهۆی بەخشینی ئەو دەنگە زۆرانە لەشوباتی هەمان ساڵدا بە مودیر ناحیەی (مەرگە) ناسرا(٤٨).

حسێن ناظم وەك مرۆڤێكی كوردپەروەرو رۆژنامەنووس و نووسەرێكی كورد(٤٩)، لەسەرەتای ساڵانی بیستەكاندا چەند جارێك نووسەرو سەرنووسەری رۆژنامەكانی سەردەمی شێخ مەحموود بووە، بەهەر سێ زمانی كوردی و فارسی و توركی ووتاری نووسیوە(٥٠). تەنیا وتارێكی بەزمانی توركی لەرۆژنامەی (**رۆژی كوردستان**)دا بڵاوكردۆتەوە، تاڕادەیەك شێوازێكی نیمچە كلاسیك و زانستیانە زاڵ بووە بەسەریدا و وتارەكانیشی لەگەڵ قورسی زمانەكەی مانابەخش و كورت و پەند ئامێز بووە.

وتارە بڵاوكراوەكانیشی ئەم راستییە دەسەلمێنن(٥١).

لەدوو سەردەمی جیاوازدا تواناكانی لەبواری رۆژنامەنووسی كوردیدا خستۆتە گەڕ، لەسەردەمی یەكەمدا بەڕێوەبەر و بەرپرسی رۆژنامەی (**ئومێدی ئیستقلال**)ی بۆیە گرتۆتە ئەستۆ تا باری شڵەژاوی رۆژنامەكە بەهۆی نالەباری باری سیاسی و كۆمەڵایەتی سەردەمەكەوە بوو، هێور بكاتەوە(٥٢).

لێرەدا دەگەینە ئەو راستیەی زۆربەی وتارەكانی پڕ لەزاراوەی بێگانەن و لەبەر ئەوەی داڕشتن و نووسینی كوردی لەقۆناغی سەرەتایی دا بووە، هەروەها شیكاری بارودۆخی كۆمەڵایەتی كردووە بۆ بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگاو گەشەپێدانی بەها مرۆیی و ئەخلاقییەكان.

رۆژی ٢٣ی مایسی ١٩٢٤ فڕۆكەی ئینگلیز دەستی كرد بەگەڕان و هاتووچۆو هەڕەشە، ئاژاوەو ناكۆكی خستە ناو وڵات و بەیاننامەی بڵاوەكردەوە لەناو شاری سلێمانی(٥٣).

حسێن ناظم بەپێی نزیكی لەشێخ و كاركردنی لەدام و دەزگای راگەیاندنی حكومەتی كوردستان ژیانی كەوتە مەترسییەوە، ناچار بۆ رزگار كردنی خۆی و منداڵەكانی، لاگیرەی زێڕی خێزانەكەی خستە بارمتەی (٢٠٠) روپیەوە تابتوانێت كرێی سەفەرو پێداویستیەكانی خێزانەكەی پێ دابین بكات، رێی دووریان گرتە بەرو لەم دێ بۆ ئەو دێ رۆیشتن تا گەیشتنە توركیا(٥٤). لەتوركیا بەهۆی زیرەكی خۆی و شارەزایی لەزمانی توركیدا لەلایەك و لەلایەكی دیكەوە كاركردنی لەپێشتری لەكاروباری میریدا(٥٥)، هەلی بۆ رەخساند بە قائیمقامی شەمزینان دیاری بكرێت، هەرلەوێ بەقائیمقامی (**ماردین-باش قەڵا-دیاربەكر**) هەڵبژێرا، بەڵام بەهۆی لەسێدارەدانی سەركردەو نیشتمانپەروەرەكانی كورد لەوكاتەدا، كاریگەری خراپی هەبوو لەسەری و رێگەی سلێمانی گرتەبەرو گەڕایەوە(٥٦).

دوای راپەڕینی (**٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠**)[15] بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری تەواو سەخت بوو، لەم ساتەوەختەدا رۆژنامەی (ژیان) هاتە دنیای رۆژنامەگەریی كوردییەوە.

كەمال رەئووف محەمەد دەڵێت: (**ئەگەرێكی ژیر و دڵسۆزو هەناسە درێژی وەك ئەو نەهاتایە پێشەوە، رەنگ هەبوو ئەو چرا تاقانەی سلێمانی بكەوتیایە بەر شاڵاوی نەووس و رق و كینەی نەزان و هەڵ پەرستێكەوە زامی خەڵك و رۆشنبیری كوردیش قوڵتربووایە**)(٥٧).

وێڕای سەركەوتنی حسێن ناظم لەكاروباری میری دا و خزمەت كردنی لەم بوارەدا، رەوتی رۆژنامەگەری سەردەمی شێخ مەحموود بەم كەسێتییەوە پڕشنگدارەو شوێن پەنجەی بەپێشكەوتنی ئەو رۆژنامانەوە دیارو ئاشكرایە. لەنووسینەوەی مێژووی نەتەوەكەشیدا بەدوو بەرهەمی دانسقە كتێبخانەی كوردی دەوڵەمەند كردووە، هەروەك لەباسی یەكەمدا ئاماژەمان بۆ كرد.لەم بارەیەوە مستەفا ساڵح كەریم دەڵێت: (**كە دەبێ ئەم پیاوە.. مەبەستم -حسێن ناظم-ە كەڵە پیاوێكی شارەزاو رووناك بیرو مێژووزان و ورد بین بووبێ، بۆیە توانیویەتی ئەو لاپەڕە شاراوانەی مێژووی ئەم خاك و نەتەوەیە بخاتە دوو توێی دەفتەرێكی قەبارە گەورەوە، بەوردیش بچێتە بنج و بناوانی رووداوەكان و رەچەڵەكی ئەو ناودارانەی كە دەربارەی نووسیون**)(٥٨)

سەرەڕای چالاکیە سیاسی و مێژوویی و ڕۆژنامەوانییەکانی لەو سەردەمەدا دەستپێشخەری خۆی نواندووە، لەهەڵسەنگاندن و باس کردنی یەکێك لەو شانۆگەرییانەی لەودەمەدا نیشان دراوە ئەویش شانۆگەری (نیرون)ە.

محەمەد بەکر تەیمور لەیەکێك لەوتارەکانیدا دەربارەی دراو ڕەخنە دەدوێت و حسێن ناظمی بەیەکەم ڕەخنەگری شانۆی کوردی لەقەڵەم داوە کەبەهەست و نەستێکی ڕەخنەیی خاڵەکانی پرۆگرامی خۆپیشاندانێکی شانۆیی قوتابخانەی زانستی کچانی بڵاوکردۆتەوە، ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە بینەری شانۆییەکە ئافرەت بوون و دوو ڕۆژیش بەردەوام بووە[٥٩].

حسێن ناظم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی زۆر ڕێك و پێکی لەگەڵ کەسوکاری خزمانی خۆی هەبوو، دۆستی نزیکی شێخ مەحموودو بنەماڵەکەی بووە هەمیشە بەتەنگ کێشەکانیانەوە بووە[٦٠].

پەیوەندی لەگەڵ ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە زۆر پتەوبووە، بۆ نموونە لەگەڵ (پیرەمێرد)[16]ی شاعیر، دوای ئەوەی ٦/٥/١٩٣٢ هاوڕێ و خۆشەویستی حسێن ناظم کۆچی دوایی دەکات، زۆر دڵتەنگ دەبێت و چاپخانەو ڕۆژنامەکە بێ خاوەن دەبێت، لەبەر ئەوەی پیرەمێرد ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا دەبێت و ماوەیەکیش لەنزیکەوە پەیوەندی هەبووە بەڕۆژنامەو چاپخانەکە ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بەردەوامی دەدات بەڕۆژنامەکە[٦١].

پیرەمێرد لەڕۆژی ١٩ی مایسی ١٩٣٢ زۆر بەدڵ تەنگی و خەمناکییەوە لەڕۆژنامەی (ژیان)دا وتارێکی لەژێر ناونیشانی (ڕازی برادەری) دەنووسێت و تیایدا دەڵێت: **(زۆر دڵ شکستم بەکۆچ کردنی هامەردێکی وەك حسێن ناظم بەگ، گەرچە منیش ڕێبوارم و نزیك بەبوارم، بەلام هێشتا هیوادارم، (ژیان)مان نزیك بوو بەنەمان چونکە ئیتر بەلەدیە هیچی پێ خەرج نەدەکرا. ناچار منیش لەگۆشەنشینی هاتمە دەرێ دەست دایە داوینی (ژیان)...)**[٦٠].

## پەراوێزەکان:

(1) نازناوی (**باش خەیات**)ی لێ نراوە، چونکە بەرگدرووی تایبەتی بابانەکان بووە، لەوکاتەی فەرمانڕەوایی سلێمانییان کردووە. (**چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ سامی حسێن ناظم لە ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی**).

(١) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، لەسەر نووسینی: سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١١.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

(3) (**فەرخە**) ئەم بنەماڵەیە لەبنچینەدا لەعەشیرەتی (**گروس**)ن، فەرخا یەکێك بووە لەسەرۆکەکانی (**گروس**) بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ برایەکیدا ئەم ناوچەیە بەجێدەهێڵێ و ڕوودەکاتە قەڵاچوالان، دوای دروست کردنی شاری سلێمانی لەقەڵاچوالانەوە دێتە سلێمانی، کوڕەکانی بریتی بوون لە (**ئەحمەد ئاغا، حمە کلیەچی، عوسمان ئاغا**)، بڕوانە: (جەمال بابان و ئەوانی دیکە: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێ یەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٨٠)

(٢) چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ سامی حسێن ناظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.

(4) (**ئەمین یومینی**) ساڵی ١٨٤٥ لەسلێمانی لەدایك بووە، زمانی تورکی و فارسی باش زانیوە، فەرەنسیش فێربووە. بڕوانە: (**میر بەسری، ناودارانی کورد، و: عەبدو خالق عەلائەدین، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٢**) کوڕی وەستا ئەحمەدی باش خەیاتە شاعیر و ئەدیبێکی بەناوبانگ بووە، دیوانەکەی بەناوی (**الجزیة العشق**)ەوەیە، بڕوانە: (غەریب زێوەر: چمکێك لەمێژووی کورد (**حسێن** )، هاوکاری، ژمارە (١٠٩٣) بەغداد، ١٩٩٠.

(٣) مستەفا ساڵح کەریم: (**حسێن ناظم**)ی نووسەرو مێژوونووس و ڕۆژنامەوان، پەیڤین، ژمارە (١١-١٢)، سلێمانی، ل٥٢.

(٤) مستەفا ساڵح کەریم: (**حسێن ناظم**)ی خزمەت گوزارانی کورد، کاروان، ژمارە (٧٨) هەولێر، ١٩٨٩، ل١٤.

(5) (**ڕوشدیە**) ڕوشدیەی عەسکەری قوتابخانەیەکی بەناوبانگ بووە، ساڵی ١٨٩٢ دامەزراوە، تەنیا لەشاری سلێمانی و بەغداد هەبووە، بەمەبەستی پێگەیاندنی ئەندامەکانی بۆ کاروباری میری، بڕوانە: (**ئەکرەمی مەحموودی ساڵحە ڕەشە: شاری سلێمانی، ئا. عزەدین مستەفا ڕەسول، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەغداد، ١٩٨٧، ل٤٤٥**).

(٥) کەمال ڕەئوف محەمەد: بەبەڵگەوە خوێندنەوەیەکی ڕاستی ڕۆژنامەوان حسێن ناظم، نڤار، ژمارە (٢) سلێمانی، ١٩٩٧، ل٣٧.

(٦) مستەفا ساڵح کەریم: (**حسێن ناظم**)ی نووسەرو مێژوو...، ل٥٢.

(٧) غەریب زێوەر: چمکێك لەمێژووی کورد... .

(٨) جمال بابان: اعلام الکرد، التأخی، ژمارەکەی نادیارە، بەغداد، ١٩٧١.

(6) (**باجی دەیێک**) ئـەم باجـە لـە سـەرەتادا لەسـەردەمی ئومەوییەکاندا دەبوایە خـەڵکانی ناموسـڵمان بیـان دایـە، وەک بـاجی کارکردنیـان کـە بڕەکـەی ١٠/١ی بەرهەمـەکانیان بـوو. بڕوانە: (**د.تۆفیق سلطان الیوزبکی : دراسات في النظم العربیة الاسلامیة، ط٣، مکتبة الوطنیة، بغداد، ١٩٩٨، ل١٦١**) بەخەراج دانانرێت و بەموسڵمان بـوونی خاوەنەکـەی لادەبرێـت، بڕوانـە: (**د.حسن ابراهیم حسن، تـاریخ الاسـلامیة للـسیاسی والـدینی والثقـافی والاجتمـاعی، ط١٥، دارالجمیـل، بـیروت، ١٤٢٢ ه، ٢٠٠١، ل٣٧٨**). بـەڵام لەسـەردەمی عوسمانیـدا لـەزەوی ئـەو موسڵمانانە دەسەندرا کە بەئیجار نەدرابون، دەیەکی داهاتیـان یـاخود شـتێك کـەمتریان لێ وەردەگـیرا. بڕوانـە: (مـارتن ڤـان برونەسـن: ئاغـاو شـێخ و دەوڵـەت، وەرگێڕانی لەئەڵمانیـەوە دکتۆر کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧).

(٩) کەمال ڕەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(7) (**مەعمورەی حەمیدیە**) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان (**عەبدولحەمید**) دا بەسەر ناوچەی پشدەردا دابڕابوو کە قـەڵای قەڵادزەی ئێستایە. بڕوانە: (کەمال ڕەئووف محەمـەد، هـەمان سەرچاوە، ل٤٤).

(8) (**نەشمیل عبـدالله**) خێزانـی دووەمـی حسێن نـاظم، سـاڵی ١٨٩٤ لەسلێمانی لەدایك بووە، ١٩٦٨ کۆچـی دوایـی کـردووە، دوو کوڕ و دوو کچی هەبووە، ئەوانیش ناویان (**عەلی**) بەمنـداڵی مردووە، مامۆستا (**سامی**) ماوەیـەك بەڕێوەبـەری پـەروەردەی سلێمانی بووە تا ساڵ ١٩٧٤ ئێستا لەژیاندا ماوە، کچەکانیشی ناویـان (**سـەعدییە–صـەبرییە)یـە، چـاوپێکەوتنی خوێنـدکار لەگەڵ سامی حسێن ناظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی**).

(١٠) کەمال ڕەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧–٣٨.

(١١) چـاوپێکەوتنی خوێنـدکار لەگـەڵ سـامی حـسێن نـاظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.

(١٢) کەمال ڕەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(١٣) ئومێد ئاشنا: دەربارەی ئەدەب و مێـژوو، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢٨.

(9) (**مەحموود خانی دزڵی**) کـوڕی عـەزیز خـانی کـوڕی بـارام بەگە، ساڵی ١٨٧٠ لەئاوایی (**دزلی**) ناوچـەی هـەورامانی تـەخت لەدایك بووە، بڕوانـە: (**عومـەر مـەعروف بـەرزنجی، مـەحموود خانی دزلی شۆڕش گێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣١٩**): یەکێك بووە لەڕۆڵە ئازاو شۆڕشگێڕ و ناودارەکانی کـورد لـەڕێی کـوردو کوردسـتاندا ئـەوەی بوویێت بەخـشیویەتی. بڕوانـە: (**شـێخ لـەتیفی حەفیـد: یاداشـتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، ئامادەکردنی کەمال نوری مـەعروف، چـاپی یەکـەم، دهۆك، ١٩٩٥**.)

(١٤) عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(١٥) کەمال ڕەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(10) **مێجەرسـۆن**: پیـاوێکی سیاسـی و زیـرەك بـوو، زمـانی فارسی و کوردی بـاش دەزانـی، بـەناوی (**مـیرزا غـلام حـسێن**) لەهەڵەبجـەو سـلێمانی ماوەیـەکی زۆر ژیـاوە، دوای (**مێجـەر نوئێل**) بڕیاردرا بکرێ بـە ڕاوێـژکاری شـێخ مـەحموود، بڕوانـە: (**ئەحمەد خواجـە: چـیم دی، بـەرگی یەکـەم، بەشـی یەکـەم، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٦٨، ل٣٠–٦٧**)، یەکەم کەسە فـەرمانی دا لەسـلێمانی بـەکوردی ڕۆژنامـە دەربـچێت، بـەهۆی ڕۆژنامەی پێشکەوتنەوە کە مێجەرسۆن بەڕێوەی دەبرد زمـانی کوردی بووە، زمـانی نووسـین و خوێندنـەوە. بڕوانـە: (**ڕەفیـق حیلمی: یاداشت، بـەرگی دووەم، بەشـی یەکـەم، چـاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٨**).

(١٦) کەمال ڕەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(١٧) کەمال ڕەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(١٨) مستەفا ساڵح کەریم: (**حسێن ناظم**)ی خزمەت...، ل١٦.

(11) ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کوردسـتان) ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی و ئـەدەبی کۆمەڵایـەتی بـووە، هەفتـەی جارێـك لەسـلێمانی دەرچووە. بڕوانە: (**حەمە سەعید حەمە کەریم: یادی هەشتاو یەك ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٢٤**)، خـاوەن و لێپرسـراوی م.نـوری بـووە، ژمـارە یـەکی لـە ١٥ی تـشرینی دووەمـی ١٩٢٢ دەرچـووە. بڕوانـە: (**حەمـە سـاڵح فەرهادی: چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٨، ل٣١**).

(١٩) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەکانی سەردەمی...، ل٦.

(12) (**ئومێدی ئیستقلال**) ڕۆژنامەیەکی سیاسـی و وێـژەیی و کۆمەڵایـەتی بـووە، هەفتـەی جارێـك لەسـلێمانی دەرچـووە. بڕوانە: (**جەمال بابان، سلێمانی شارە...، ل١١**)، (٢٥) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە یەکی لـە ٢٠ی ئـەیلولی ١٩٣٢ لەلایـەن (**ئەحمەد صەبری**)یەوە سەرپەرشتی کراوە، بڕوانە: (**عبدالجبار محمد جباری: مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سـلێمانی، ١٩٧٠، ل٦٨**) زمانحـاڵی بزوتنەوەکـەی شـێخ مـەحموود بـووە، بڕوانـە: (**برایمـی مـەلا: ڕۆژنامەگـەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانیەوە تـا چـەرخی نوێکـاری، ژ٤٨، هەولێر، ١٩٩٨، ل٧٨**).

(٢٠) میر بەسری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٢١) جمال بابان: اعلام الکرد.

(٢٢) کەمال ڕەئوف ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠–٥١.

(٢٣) جمال بابان: اعلام الکرد.

(٢٤) مستەفا ساڵح کەریم: (**حسێن ناظم**)ی نووسەرو...، ل٥٤.

(13) ڕۆژنامـەی (**ژیـان**) ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی و وێـژەیی و کۆمەڵایـەتی بـووە، لەچـاپخنەی شـارەوانی هەفتـەی جارێـك لەچاپ دراوە. بڕوانە: (**کەمال مەزهـەر ئەحمـەد: تێگەیـشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـداد، ١٩٧٨، ل٢٢١**)، ٥٥٣ ژمـارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، یەکەم ژمارەی لە ٨ی کانوونی دووەمـی ١٩٢٦ لەلایـەن (**جـەمیل سـائیب**)ەوە سەرپەرشـتی کـراوە، لـەژمارە (٢٦٠–٣٢٠) حـسێن خـاوەنی بـووە. بڕوانـە: (**ڕەفیـق سـاڵح ئەحمـەد: بیبلیۆگرافیـای ڕۆژنامەنووسـی کـوردی لەشـاری سلێمانی (١٩٢٠–١٩٩٠) پێشەکی بۆ نووسینی مەحموود مەلا عزەت، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٦**).

(٢٥) عوسمان سەید قادر باخچەیی: ژیاننامەی مێژوونووسانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، ٢٠٠١، ل١١٢.

(٢٦) غەریب زێوەر: چمکێك لەمێژووی کورد... .

(٢٧) چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ سامی حسێن ناظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.

(٢٨) عوسمان سەید قادر باخچەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

(٢٩) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

(٣٠) غەریب زێوەر: حسێن ناظم..، ل٢٩.

(٣١) کەمال رەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

(٣٢) **(حسێن ناظم)**ی نووسەرو مێژوونووس و ....، ل٥٢.

(٣٣) رەفیق ساڵح، رۆژنامەکانی سەردەمی... ، ل١١.

(14) **(مێجەرنۆئێل)** ناوی تەواوی **(ئەدوارد چارلز ولیام نوئێل)**ە بڕوانە: **(مێجەرنوئێل: سەرنج دانێکی بارودۆخی کورد، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسف و.سدیق ساڵح، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥)**. (ئەکادیمیای سەربازی لە ئینگلترە تەواو کردووە لەدام و دەزگای سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەهندستان کاری کردووە، بڕوانە: **(مێجەر نوئێل: یادداشتەکانی مێجەرنوئێل لەکوردستان، و.حسێن احمد،.. ئەوانی دیکە، بغداد، ١٩٨٤، ل٩)**

(٣٤) رەفیق حیلمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٣٥) ئەحمەد خواجە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠-٢١.

(٣٦) مستەفا ساڵح کەریم: **(حسێن ناظم)**ی خزمەت گوزارانی...، ل١٤.

(٣٧) رەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٧١، ل٢١٩-٢٢٠.

(٣٨) رەفیق حیلمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

(٣٩) ئەحمەد خواجە: سەرچاوەی پێششو، ل٢٢.

(٤٠) محەمەد رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١، ل١٢.

(٤١) مستەفا ساڵح کەریم: **(حسێن ناظم)**ی نووسەرو مێژوونووس و ....،ل٥٢.

(٤٢) رەفیق حیلمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤-١٢٦.

(٤٣) عوسمان سەید قادر باخچەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠-١١١.

(٤٤) ئومێد ئاشنا: دەربارەی ئەدەب و مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١. ل١٢٨.

(٤٥) مستەفا ساڵح کەریم: **(حسێن ناظم)**ی نووسەرو مێژوونووس..، ل٥٣.

(٤٦) پێشکەوتن، ژمارە (٣٧)، ١٩٢١/١/٦.

(٤٧) پێشکەوتن: ژمارە (٤٣)، ١٩٢١/٢/١٧.

(٤٨) ئەرشیفی خاك TV: بەرنامەی تێکستی خاك، ٢٠٠٤/٥/٥، سلێمانی.

(٤٩) نەوشیروان مستەفا ئەمین: میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕوم و عەجەم دا، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٥.

(٥٠) کەمال رەئوف محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

(٥١) کەمال رەئوف محەمەد: هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

(٥٢) ئەحمەد خواجە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٥٣) مستەفا ساڵح کەریم: **(حسێن ناظم)**ی خزمەت گوزارانی..، ل١٧.

(٥٤) مستەفا ساڵح کەریم: **(حسێن ناظم)**ی نووسەرو مێژوونووس..، ل٥٤.

(٥٥) غەریب زێوەر: **(حسێن ناظم)** چمکێك لەمێژووی... .

(15) **(ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلول)** بۆ یەکەم جار ئەم ڕاپەڕینە لەمێژووی بزاڤی کوردایەتیدا لەسلێمانی ڕوویدا. بڕوانە: **(ئاکۆ عبدالکریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٣٩)**، خۆ پیشاندانەکە سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆ دەستی پێکرد، هاندەری سەرەکی فایەق بێکەس و کۆمەڵەی زانستی بوون هەزاران کەس بەشداربوون بەدەیانیان کوژران و برینداركران و بەدەیانی تریان گیران و سزادران. بڕوانە: **(نەوشێروان مسەفا ئەمین: کوردستانی عێراق لەسەردەمی قەڵەم و موراجەعات، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦١-٦٢)**. ماکی ڕێگە خۆشکردن و گیانی خۆبەخت کردن دژی پەیمانی ١٩٣٠ و هەڵبژاردنە ساختەکەی نوری سەعید بوو). بڕوانە: **(غفوری میرزا کەریم: کۆمەڵەی زانستی، مطبعة دار الجاحظ-بەغداد، ١٩٨٥، ل١٣٢)**.

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠-٤١.

(٥٧) **(حسێن ناظم)**، خزمەت گوزارانی، ...، ل١٠-١١.

(٥٨) کاروان، ژمارە (٤١) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەیە، چاپخانەی الادیب البغدادیة، هەولێر، ١٩٨٦، ل٦٨.

(٥٩) چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ سامی حسێن ناظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.

(16) **(پیرەمێرد)** ناوی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای مەسرەفە، ساڵی ١٨٧٦ز لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، ساڵی ١٩٠٧ یەکێك بووە لەو ١٠ئەندامە سەرەکییەی کۆمەڵەیەکی کوردیان لەئەستەمبوڵ دروست کرد، ڕۆژنامەیەکیان بەناوی **(کورد)**ەوە دەرکردو ئیمتیازەکەی بەپیرەمێرد سپێردرا. بڕوانە: **(عەلائەدین سوجادی: یادی پیرەمێرد، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٥١، ل١١-١٢)**، دوای کۆچی حسێن ناظم ڕۆژنامەی **(ژیان)** کەوتە ئەستۆی، لەحوزەیرانی ١٩٥٠ لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لەگردی مامەیارە نێژراوە، بڕوانە: **(محەمەد رەسول هاوار: دیوانی پیرەمێرد، چاپخانەی الحالی، بەغداد، ١٩٧٠، ل١٩)**.

(٦٠) فایەق هۆشیار...ئەوانی دیکە: دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٩٠، ل.

(٦١) ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (٣٢٢) ١٩ی مایسی ١٩٣٢.

## بەشی دووەم

### چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی حسێن ناظم

**باسی یەکەم: حسێن و ڕۆژنامەی (ڕۆژ کوردستان):**

ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی دووەمین حکومەتی کوردستان بووە[١]، یەکەم ژمارەی لەڕۆژی چوارشەممەی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، پانزە ڕۆژی دوای ڕۆژنامەی (**بانگ کوردستان**)[1] دەرچووە[٢].

(**ڕۆژ کوردستان**) بەروخسار بچووك بووە، بەچوار لاپەڕەی قەبارە (١,٥×٣٤ سم) و (**تێکست** ٢٨,٥×١٧سم) بوو، بەڵام لەناوەڕۆکدا گەورە بوو هیواو ئامانجەکانی نەتەوەیی کوردی تیادا بەرجەستە بوو بوو[٣].

لەژمارە (١١)ی ڕۆژنامەکە کە لە٣ی شوباتی ساڵی ١٩٢٣ دەرچووە تا دوایین ژمارەی (١٥)[2]ی لەسێی ئاداری ١٩٢٣ هەموو شەممەیەك بڵاوکراوەتەوە[٤].

(**جەمال خەزنەدار**) لەڕۆژی کوردستاندا دەڵێت: (**یەکێکە لەڕۆژنامە هەفتەیی یە هەرە گرنگەکان کە بەزمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە**)[٥].

هەرچەندە ڕۆژنامەکە هەفتانە بووە، بەڵام ژمارە (١١)ی ١٠ ڕۆژ دواکەوتووە، لەگەڵ ئەمانەشدا مێژووی کۆچی دەرچوونیشی هەڵەی تێداکراوە، بۆ نموونە لەژمارە (٦ تا ١٠) دوو ڕۆژ زیاتریان خراوەتە سەر ژمارە (١١)ەش دەبوو (١٢)ی جماد الاخری لەسەر بێت کراوەتەوە (١٤) ی جماد الاخر[٦].

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لەلایەك و سەرەتای ڕۆژنامەگەریی کوردی و زمانی نووسین لەلایەکی تر، جگە لەکۆمەڵێك هۆکاری بابەتی و خودی تر فاکتەری سەرەکی بوون کە وتارەکانی ڕۆژنامەی (**ڕۆژی کوردستان**) بەزمانێکی کوردی سادەو ساکار بنووسرێت و وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی تێکەڵ بکرێت[٧].

بێگومان دەستەیەك لەشاعیر و نووسەرو ڕۆشنبیری، لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەیان بە بەرهەمەکانیان دەوڵەمەندکردبوو، لەوانەش: (**عارف سائیب، م.نوری شێخ ساڵح، عەلی کەمال، ئەحمەد فەوزی، نوری بابە عەلی، زێوەر، حسێن ناظم، نوری بابەعەلی، سەید زەکی، ئەحمەد موختار جاف، خواجە فەندی زادە، محەمەد ئەمین...**)[٨].

هەر لەسەرەتاوە ڕۆژنامەکە وەك ئەرکێکی نەتەوەییانەی خۆی بەرگری و داکۆکی لەمافەکانی گەلی کورد کردووە. کەوتبووە وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی بەغداد[٩]، بۆ نموونە لەژمارە (١)دا وەڵامی ئەو وتارەی دایەوە، کەلە ڕۆژنامەی (**العراق**) بڵاوکرابۆوە، سلێمانی بەلیوایەکی عێراق لەقەڵەم دابوو، وەڵامەکەشی لەناوەڕۆکدا ئاستێکی بەرزی کوردانەی ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی دەردەخست[١٠].

لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و دبلۆماسی بووە، تێکڕای هەواڵ و بەیاننامەیەکی ڕەسمی حکومەت بەتایبەت کاروچالاکییەکانی شێخ مەحموود لەسەر لاپەڕەکانی باس کراوەو بڵاوکراوەتەوە[١١].

جگە لەهەواڵی ناوخۆ دەنگ و باسی دەرەوەشی پشتگوێ نەخستبوو، بۆ نموونە لەلاپەڕە (٣)ی ژمارە (١)دا لەژێر ناونیشانی (**یونانییەکان لەتورکیا دەچنە دەرەوە**) وتارێك بڵاودەکاتەوە، راپۆرتە هەواڵیش بەشێکی گرنگی دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بووە، بەتایبەت لەدوا لاپەڕەی ژمارە (٨)دا باسی هاتنی (**سمکۆی شکاك**)[3] دەکات بۆ سلێمانی[١٢].

ڕۆژی کوردستان سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووە، کۆمەڵێك وتاری کۆمەڵایەتیشی دەربارەی ژیانی گەلی کورد بەمۆرکێکی سیاسی بڵاوکردۆتەوە، بوارێکی زۆریشی بۆ ئەدەبی کوردی تەرخان کردبوو زۆربەی ئەو پارچە شیعرانەش بڵاوکراونەتەوە بەشیعری سیاسی دەژمێردرێت کەلەو سەردەمەدا باوبووە[١٣].

(**جەمال خەزنەدار**) دەڵێت: (**چاپ کردنەوەی ژمارەکانی "ڕۆژی کوردستان" و ئامادەکردنی سەرچاوەیەکی ئەدەب و مێژووی گرنگە بۆ ژیانی ئەو سەردەمەی کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی**)[١٤].

هەروەك لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد رۆژنامەکە ئۆرگانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود بووە، بۆیە ئامانج و مەبەستی زۆر روون و ئاشکرابووە بۆ وەدیهێنانی خواستە رەواکانی میللەتی کورد، زۆر بەگەرمیشەوە هەست و سۆزی بەختەوەری خۆی لەسایەیی حکومەتەکەی شێخ مەحموودا دەردەبڕێ، وای دەبینی هەر وشەیەکی گوزارشت لەوەدەکات بۆ رزگاربوون لەدەست بێگانە[١٥].

ئەم رۆژنامەیە توانی، لەو ماوە کورتەی تەمەنی خۆیدا، خزمەتێکی زۆر لەبوارەکانی مێژوویی و سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکات، بەلام سەد مەخابن بەهۆی فشاری ئینگلیزو ئەو تەنگو چەڵەمە زۆری هاتبووە رێی شێخ مەحموودو خەڵکی سلێمانی، شێخ ناچاربوو سلێمانی بەجێ بهێڵێ و چاپخانەکەی شاریشی گواستەوە بۆ ئەشکەوتی (جاسەنە)، بەم شێوەیەش رۆژنامەکە لەدەرچوون وەستاو نەیتوانی بەردەوام بێت[١٧].

ئەگەر بەوردی سەیری لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە بکەین، بەرروونی بۆمان دەردەکەوێت (وتار) رووبەرێکی فراوانی زیاتر لەبابەتەکانی تر داگیرکردبوو، تێکرای ئەو وتارانەش سیمای سیاسی و نەتەوەیی زاڵ بووە بەسەریانداو لەستوونی یەکەمی لاپەڕەکانیەوە بلاوکراونەتەوە[١٨].

ئەوەی شایەنی باس بێت لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە بێ بەش نییە لەخامەی رەنگینی (حسێن ناظم)، ئەگەرچی بەتەنیا وتارێك بەزمانی (تورکی)[4] بەشداری کردووە، وەك رووناکبیرێك و رۆشنبیرێکی ئەو سەردەمە ئەم وتارەی رووبەرووی رۆژنامەکانی بەغداد کردۆتەوە بۆ رەت کردنەوەی راوبۆچوونەکانیان و بەرگری کردن لەداخوازییەکانی میللەتی کورد وەك سەرەتاییترین مافی نەتەوایەتی.

بەم شێوەیە نووسیویەتی: **(گەلی کورد وەك هەموو گەلانی تری جیهان مافی رەوای خۆیەتی، داوای جێ بەجێ کردنی مافی نەتەوەیی بکات بۆ ئەم مەبەستەش بەدرێژایی مێژوو هەموو رێگایەکی گرتۆتە بەر چ لەرێگای ئاشتی و گفت و گۆکردن بێت، یاخود بەهەلگیرساندنی شۆرشە چەکداریەکانی)**[١٩].

حسێن ناظم لەبەشێکی تری ووتارەکەیدا دەڵێت: **(ئێستاش پاش لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، پێویستە پێش هەموو شتێك داخوازییەکانی گەلی کورد لەبەدیهێنانی جۆرە سەربەخۆییەك لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق کە ئینگلیز وەك بەڵێن بەکوردی دابوو جێ بەجێ بکرێت، بەلام بە پێچەوانەوە بەستنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی عێراقەوەو فەرامۆش کردنی مافەکانی گەلی کورد رۆژ بەرۆژ کێشەی زیاتری کورد خولقاند.. بۆیە لەبەرژەوەندی هەموو لایەکە مافی نەتەوایەتی هیچ لایەك فەرامۆش نەکرێت، ئەمەش بەبنەمایەك دەژمێردرێت بۆ بەردەوام بوونی ژیان لەدەوڵەتی عێراق دا، لەم سۆنگەیەوە پێویستە بەهەموو جۆرێك لەرێگای گفتوگۆکردن و رەزامەندی هەموو لایەنەکان هەنگاو بنرێت بۆ مانەوەی هەموو پێکهاتەکانی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق)**[٢٠].

لەکۆتاییدا دەڵێت: **(شتێکی ئاشکرایە هەر لەسەرەتای مێژووەوە گەلی کورد خەسڵەتی ئازایەتی و سەربەرزی و بڵندی تیادا بەدی کراوە، هیچ کاتێك رازی نەبووە بچێتە ژێر رکێفی نەتەوەیەکی تر کارکردن بە گفت و گۆکردن و رێکەوتنی هەردوو گەلی عێراق مەرجی سەرەکی یە بۆ دابین کردنی هێمنی و ئاسایش لەناوچەکەدا)**[٢١][5].

لەراستیدا پاش خوێندنەوەی وتارەکە ئەوەمان لەلا گەلاڵە دەبێت، مێژووی هەندێ جار خۆی دووبارە دەکاتەوە وەك دەبینین لەم سەردەمەش بۆ جێبەجێ کردنی مافی گەلی کورد، سیستمی فیدراڵییەت لەئارادایە بەرێگای گفتوگۆ کردن و پەنابردنە بەر بیروباوەڕێکی گشتگیر لەسەر رەزامەندی هەموو لایەك ئەمەش بیروبۆچوونی رووناکبیرێکی کوردە پێش (٨٣) ساڵ لەمەوبەر پەنجەی بۆ ئەو خاڵە راکێشاوە.

**باسی دووەم: حسێن و ڕۆژنامەی (ئومێد ئیستقلال):**

ڕۆژنامەیەکی کوردی هەفتەیی ئەدەبی سیاسی کۆمەڵایەتی بێلایەن بووە، لەشوێنی (**بانگی حەق**)[6] دەرچووە، ئۆرگانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە[٢٢].

ژمارەی یەکەمی لە (٢٠)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٣ لەسلێمانی دەرچووە (**ئەحمەد صەبری**) لەسەرەتادا سەرپەرشتی کردووە پاشان لەژمارە (٤-١٤) رەفیق حیلمی ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ[٢٣]. (**حسێن ناظم**) لەژمارە (١٤)ەوە تا ژمارە ١٧ی بەرێوەبەرو بەرپرس و سەرنووسەری بووە، لەو ژمارەیەوە تا دوا ژمارەی کە (٢٥)ە نەزانراوە کێ بەرێوەی بردووە[٢٤].

سەرجەم ژمارەکانی لەرۆژانی ,پێنج شەممە بەقەبارەی ٤ لاپەڕەو پێوانەی فولسکاب بڵاوبۆتەوە، جگە لەژمارە (١٧)ی نەبێت بە (٥) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە[٢٥].

سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەکە هەفتانەبووە، بەڵام چەند ژمارەیەکی لەکاتی خۆیدا دەرنەچووە، بۆ نموونە ژمارە (١٥)ی دوای (٣٥) ڕۆژ، ژمارە (١٧)ی دوای (٢١) ڕۆژ، ژمارە (١٨)ی دوا (١٦) ڕۆژ[٢٦].

ڕۆژنامەی (**ئومێدی ئیستقلال**) لەژمارە یەکەوە تا ژمارە (نۆ) لەژێر ناوەکەی خۆیدا دوو بەیتە شیعری (**شێخ نوری شێخ ساڵح**)ی بڵاوکردۆتەوە[٢٧][7].

پاش ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٣ سلێمانی یان بەجێ هێشت، شۆڕشگێڕان بەهاوکاری و پشتیوانی شێخ مەحموود توانیان سلێمانی بگرنەوە[٢٨]، لەگەڵ ئەوەش دا ئینگلیزەکان نەیان توانی چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان دا ببەن، بەڵام میلێکیان لێ دەرهێنا تا چاپخانەکە نەخرێتەر کار، شێخ داوای کرد هەرچۆنێك بێت چاپخانەکە چاك بکرێت، وەستا (**ساڵحی سلێمانی جەژنی**) بەم کارە هەستاو لەماوەی دوو ڕۆژدا میلێکی بۆ دروست کردو توانی بەردەوامی پێ بدات، بۆ ئەم مەبەستە شێخ مەحموود وەك خەڵاتێك بڕی (٢٠٠) روپیەی پێشکەش کرد[٢٩].

کاتێك بارودۆخەکە هێور بۆوە بیر لەدەرکردنی ڕۆژنامەیەك کرایەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش لێژنەیەك پێکهێنرا ئەندامەکانی بریتی بوون لە: (**ئەحمەد خواجە، ماجید مستەفا، عادل شێخ سەلام، سەید ئەحمەد بەزرنجی،صەبری کاکەرەش**) لەماڵی (**عزەت بەگ**) کۆبوونەوەیەکیان کرد[٣٠]، چەند ناوێکیان پێشنیار کرد وەك (**کورد، کوردستان، تۆڵە، دەنگی کورد، ڕۆژی کورد، هیوا، گۆیژە، ئومێدی ئیستقلال، پەیمان**) لەپاش راکێشانی ناوەکان (**ئومێد ئیستقلال**) بووە ناوی ڕۆژنامەکە[٣١].

بەم شێوەیە لەئەیلولی ١٩٢٣ ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال لاپەڕەیەك پرشنگدارو پڕ لەبەهای لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆ تۆمار کردین[٣٢].

ئەم ڕۆژنامەیە توانیەتی کۆمەڵێك نووسەرو رۆشنبیر و خوێندەوار لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە لەوانەش: (**ئەحمەد صەبری، ئەحمەد فەوزی، رەفیق حیلمی، زێوەر، ئەحمەد فائز، عارف عورفی، حسێن ناظم، بێخود، رەشید زەکی، عادل ئەفەندی**)[٣٣].

لەپێناو گەیاندنی ئامانجەکانی بەشێوەیەکی فراوان بایەخی دەدا بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و کورتە بەدواداچوون و هەروەها چالاکی و ئاگادارییەکانی شێخ مەحموود لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەواڵەکانی دەرەوەشی بەپێی پێویست گرنگی پێدەدا و بەتایبەت تورکیاو ئێران و عێراق و بەریتانیا، لەهەمان کاتدا بایەخێکی تەواو بێ لایانانەی بەکێشەی ویلایەتی موصڵ داوە.

زمانی ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی گشتی کوردی بووە، بەڵام لەژمارە چوارەوە کاتێك (**حسێن ناظم**) ڕۆژنامەکەی بەرێوەدەبرد، دووبەشی تایبەت بۆ زمانی تورکی و فارسی تەرخان کردبوو[٣٥].

(**ئەحمەد خواجە**) لەبەرگی دووەمی (**چیم دی**)دا دەڵێت: (**لەبازیان مامەوە ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال کەوتە دەست نووسەری مێژووی بابان حسێن ناظم کەیەکێك بوو لەداناو زاناکانی سلێمانی زمانی فارسی و تورکی ئاوێتەی نووسینی کوردیەکەش کرا**)[٣٦].

حسێن ناظم نووسەرو ڕۆژنامەنووسێكی بەتوانابوو لەو ڕۆژگارەدا ڕۆڵی گرنگی بینی و تەنانەت كەس وەك ئەو نەیدەتوانی بنووسێ، پلەو پایەكی باڵای هەبوو لەناو ڕووناكبیراندا، بەحوكمی ئەوەی ماوەیەكی لەڕۆژنامەكە دوركەوتەوە كاتێك شێخ مەحموود بەم هەواڵەی زانی گلەیی لێ كردو ناردی بەشوێنیدا تابزانێ بۆچی ڕۆژنامەكەی وەلاناوە(٣٧). پاش شكستی دووەمین حكومەتی كوردستان و بزوتنەوەكەی شێخ مەحموود، ڕۆژنامەكەش ڕووی لەكۆتایی كردو جارێكی دی نەیتوانی بێتەوە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری و بەتەواوی ڕووی لەنەمان كرد(٣٨).

لەم سۆنگەیەوە بۆمان دەردەكەوێت، حسێن ناظم لەو سەردەمەدا هاوكارو یارمەتیدەرێكی بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری كوردی بووە، بەهۆی ئەوەی لاپەڕەكانی **(ئومێدی ئیستقلال)** دەروازەیەكی گرنگ بوون بۆی و توانی لەم ڕێگاوە چەندین وتاری بەپێزو بەپرشت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی خۆی و نەتەوەكەی بخاتە گەڕ.

ئەوەی شایەنی باس بێت بەڕێوەبەری نووسین و كاروباری دەرچوونی ڕۆژنامەی **(ئومێدی ئیستقلال)** لەسەر فەرمانی شێخ مەحموود لەژمارە (١٤)وە بەحسێن ناظم سپێردرا، لەسەرەتادا بەوتارێك لەژێر ناونیشانی **(ئیفادەی مەخصوصە)** دەست پێ دەكات. لەم وتارەدا ئەوەی ڕوون كردۆتەوە، بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆژنامەیەی بۆیە گرتۆتە ئەستۆ تا ڕێگەیەكی ئاشتی و ئارامی فەراهەم بهێنێت و دەڵێت: **(مجرد بۆ امەی كەڕێگەیەكی سالم و بیطرفی و ازادە لەشوائب مقاصد وما آرب شخصی تعقیب بكری بەناوی منافع و سلامت وطنیە درعهدەم كرد)**(٣٩).

ئاماژەشی بۆ ئەوە كردووە، مەبەستی لەنووسین بەزمانی توركی و فارسی لەپێناو بەدەست هێنانی پەیوەندی و دۆستایەتی دراوسێكانێتی داواش لەكەسانی بەتوانا دەكات لەزمانی عەرەبی دا وە دەڵێت: **(واقعا بندە خۆم قدرت تحرریە عربیەم نیە، فقط ام غزتە راجع بە ارباب مقتدرەی خۆی اكم كە بناوی خزدمت و وطنیە، دریغ مساعدە بفرمون)**(٤٠).

لەهەمان ڕۆژنامەدا وتارێكی كۆمەڵایەتی بەناوی **(بەد ئەخلاقی باعث بێ ئیش و كارییە)** بڵاوكردۆتەوە لەم وتارەدا هێمای بۆ ئەوە كردووە سەرچاوەی هەموو بەدرەوشتی و خراپی یەك بێ ئیش و كارییە، بەم شێوەیە دەڵێت: **(أمە علتیكی اخلاقیە، بسببی ئەم علتەش بێ كاروبارییە)**(٤١).

دركی بەو ڕاستیەش كردووە، فاكتەرێكی تری بێ ئیش و كاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر یەك لەئێمە چاومان بڕیوەتە پارەی حكومەت تەنیا ڕێگایەك بۆ چارەسەركردنی ئەم نەخۆشیەش، دابین كردنی كارو نەمانی بێكارییە بۆیە دەڵێت: **(بناو علیە چارە أم أحوالە هەر مشخولیت و تامین استغلالە)**(٤٢)(8).

حسێن ناظم سێیەمنی وتاری بەم ناونیشانە بڵاوكردۆتەوە:

**(زمان غەفڵەت ڕوی وقت انتبا و تبصرە)**، لەم وتارەدا باس لەوە دەكات كە ئێمە نەتەوەیەكین چاومان لەئیسراحەتەوەیە، هیچ تاكێكی مرۆیی نییە تا بەتەواوی زەحمەت كێشی نەكردبێت نەیتوانیوە ژیانێكی پڕ لە ڕەفاهیەت بۆ خۆی دابین بكات. بەم شێوەیە دەڵێت: **(ایمە بە اعتبار اساس قومێكی تأریخین هەر چند خومان سلیقە اجدادیەمان ون كردووە فقط حیات تأریخیە موقعێكی عالی بۆ تأمین كردوون بو ایمە لازمە كە لەدائرە أم معالیەدا شرف قومیە مان محافظ بكین امەش متوقفە بە اتحاد و محبتێكی متقابلە یعنی محاسدە منافسە ترك بكین بە محبتیكی متقابلە یعنی محاسدە منافسە ترك بكین)**(٤٣)، دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ حەسودی و كێبڕكێی بێ بەرنامەو نەتوانینی ڕێكخستنی كاروبارەكانی ژیانی ڕۆژانەمان، فاكتەری سەرەكین بۆ ئەوەی كۆمەڵگەكەمان بەدواكەوتوویی و زەحمەت دار بمێنێتەوە.

لەهەمان ڕۆژنامەدا لەبەشی فارسیدا وتارێكی بەزمانی فارسی بەبێ ناونیشان بڵاوكردۆتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات دەڵێت: **(ئەگەر سەیری تۆماری ڕابردووی كاروباری ژیان و ڕابردووی مێژوویمان بكەین جێگایەكی بەرزی هەبووە،** بەڵام ئێستا لەگەڵ

رابردوودا تەواو پێچەوانەیە، چونکە ئەمان توانیوە لەسەر ئەو ڕێڕەوەی ئەوان بەردەوام بین..)[٤٤][9].

**باسی سێیەم: حسێن ناظم و ڕۆژنامەی (ژیان)**

ڕۆژنامەی ژیان شوێنی (ژیانەوە)[10]ی گرتەوە[٤٥]، هەفتەی جارێك لەچاپخانەی شارەوانی، سلێمانی دەردەچوو[٤٦]. چەند کەسێك بەرودوا بەڕێوەیان بردووە، ئەگەرچی هەموویان لەچوارچێوەی بەرنامەو سیاسەتێکی دیاریکراوی کاردا کۆکراونەتەوە، بەڵام چەند شەقڵێکی جیاجیان پێ بەخشیبوو، لەژمارە (١-٨١) جەمیل سائیب و لەژمارە (٨٢-٢٥٩) عەلی عیرفان، خاوەن و بەرپرسی بوون[٤٧].

سێهەم دەورەی ژیان لەژمارە (٢٦٠-٣٢٠) هەر لەسەرەتاوە نەزانراوە کێ جێگەی (عەلی عیرفان)ی بەڕێوەبەری چاپخانەی شارەوانی سلێمانی گرتۆتەوە[٤٨]، بەڵام حسێن ناظم لەهەمان ژمارەوە (٢٦٠)ەوە ئەم ڕۆژنامەیەی دەبرد بەڕێوە، پاشتر پیرەمێردی نەمر لەژمارە (٣٢١-٥٥٣) بووە بە بەرپرس و خاوەنی[٤٩] سەرجەم ژمارەکانی (٥٥٣)یە دوا ژمارەی لە ١٩٣٨/٣/١٠ دەرچووە، لەرووی مێژووییەوە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی لەقەڵەم دەدرێت کەتوانیویەتی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ زیاتر بەردەوام بێت[٥٠].

لەڕووی پێوانەوە ڕۆژنامەی (ژیان) (٣٢ × ٢٠ سم)ە، هەر ژمارەیەکی (٤) لاپەڕە بووە[٥١]. یەکەمین ژمارەی ئەو دەورەی (حسێن ناظم) سەرپەرشتیاری کردووە لەژمارە (٢٦٠)دا، بەهۆی شەری بەردەرکی سەرای سلێمانی لەلایەك و دانانی بەڕێوەبەری تازە لەلایەکی دیکەوە، زیاتر لەهەفتەیەك دواکەوتووە[٥٢]، لەو ماوەیەدا ژیان ئەو نەختە ئازادیەی هەیبوو نەی مابوو[٥٣].

(ژیان) تا ژمارە (٢٧٣) هەفتەی دووجار دەرچووە، بەڵام لەژمارە (٢٧٤)ەوە بووە بەهەفتانە، بەشێکی ژمارەکانی دووشەممە، ئەوانی دیکەیشی لەرۆژانی پێنج شەممە دەرچووە، ڕۆژنامەکە بەم ناڕێك و پێکی دەرنەچوونەی خۆی روون نەکردووتەوە[٥٤].

ڕەفیق سالح ئەحمەد هۆی ئەم دواکەوتنەی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێنێتەوە:

١- مەکینەی چاپەکە، دوای ١٠ ساڵ ئیش کردن و لەچاپدانی ڕۆژنامە ماندوو بووبوو.

٢- کێشەی کەم بابەتی، نووسەرانی کەمتر بەوتار بەشدارییان دەکرد.

٣- دوای ئەوەی (محەمەد ذهنی) لەدوای ٦ی ئەیلوول ١٩٣٠، چاپخانەکەی بەجێ هێشت، کارمەندێکی شارەزای خۆی لەدەستدا، سەرەڕای فاکتەری دارایش[٥٥].

بەرهەمەکانی کۆمەڵێك شاعیر و نووسەرو ڕۆشنبیر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی دەوڵەمەند کردبوو، ئەوانیش: (**عەلی کەمال باپیر ئاغا-ئەحمەد موختار جاف-مەحموود جەودەت-م.نوری شێخ سالح- سەعید فەوزی-زێوەر-مەعروف چیاوك-شەوقی-مستەفا سائیب-ڕەشید نەجیب-بێکەس-حەسەن کوردستانی**)[٥٦].لەهەمان کاتدا لەو دەورەی (**حسێن ناظم**) خاوەنی ڕۆژنامەکەبووە، نووسەرەکانی بریتی بوون لە: (**ئەحمەد بەگی ساحێب قران (حەمدی)، تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا (پیرەمێرد)، حسێن ناظم، عبدالله بەگی سلێمانی بەگ (گۆران)، عەلی عارف ئاغا، فائیق بێکەس، مەلا مەحموودی بێخود، مستەفا کاك عەولا، ...**)[٥٧].

دەتوانین سیماو ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەی (ژیان) لەوەدا بخوێنینەوە پاشەکشێی گەورەی لەسیاسەت و هەواڵی سیاسی چ لەناوخۆ یان دەرەوە کردووە، پانتای زۆری بۆ ئەدەب و زانست تەرخان کردبوو[٥٨] بۆ نموونە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژی ١٩٢٦/٤/١٢ وەك موژدەیەکی خۆش بەبۆنەی دامەزراندنی (**کۆمەڵەی زانستی**)[9] ئاگاداری بڵاوکردۆتەوە[٥٩].

سەرەڕای ئەو بابەتە زانستییانەش ڕۆژنامەکە بێبەش نەبووە لەوتاری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو بۆنەو ڕێورەسمانەی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا هەن و دەوڵەمەندکردنی ڕۆژنامەکە بەکۆمەڵێك هۆنراوەی کلاسیکی لەنووسینی شاعیرە کۆن و نوێکان[٦٠].

بەشێکی رۆژنامەکە تەرخان کرابوو بۆ هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ، سلێمانی و پاشان دەرەوە، بەڵام عێراق کەمترین رێژەی پێك دەهێنا[٦١]، بەپێچەوانەوە ئەو ماوەیەی سەردەمی (حسێن ناظم) بەهۆی تێکشکاندنی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان و سلێمانی بەتایبەتی هەواڵی ناوخۆ کەمتر گرنگی پێدراوە، رووداوەکانی رۆژی ٦ی ئەیلوول رێی نەدراوە بڵاوبکرێتەوە، ئەمەش فاکتەری سەرەکی بووە، هەواڵی دەرەوە زیاتر بڵاوکراوەتەوە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم دەورەیە بەتاریکترین رۆژانی رۆژنامەکە لەقەڵەم بدەین، بەجۆرێك حکومەتیش ئامادەنەبووە خەرجی بکێشێ[٦٢].

کەمال رەئووف محەمەد دەڵێت: (**حسێن ناظم لەمەودای تەمەنی رۆژنامەنووسی کوردی سالآنی ١٩٢٠–١٩٣٠ز دا یێکەمین کەسە کە قەڵەمەکەی بەهیچ جۆرێ بەستایش کردن، یاخود بە تانووت لێدانەوە رووی لە هیچ کەس و لایەنێك و کاربەدەستێ نەکردووە... ئەقڵ و زانستی بەسەرمایەی گەورە داناوە کە هەرگیز بێ پەروایی، تەمەڵی، خۆپەرستی، ناکۆکی، پەسەند ناکات**)[٦٣].

ئەوەی شایەنی باس بێت، حسێن ناظم هەرچەندە لەژمارە (٢٦٠–٣٢٠)ەوە بەرێوەبەر و سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو، بەڵام بە (١٠) وتاری بێ ناونیشان بەشداری کردووە[11]، ئامانجی گەیاندنی پەیامێکی کۆمەڵایەتی بووە بەمەبەستی وروژاندنی هەست و هۆشی خەڵکی و بەئاگا هێنانەوەیان لەژیانێك پڕ بێت لەنەزانی و رابواردن.

لەم بارەیەوە لەیەکەم وتاریدا بەناونیشانی (**معنای ژیان چییە؟**) باس لەمانای گرنگی ژیان دەکات و دەڵێت: (**غزتەکەمان مادامکی ناوی "ژیان"ە لازمە ایمە زیاتر بحث لە اوضاعی ژیان بکەین، چونکە ژیان هی رابواردنی عمر نی یە ژیان معنادارە و هەمو اوضاعی حیات**)[٦٤].

لەهەمان وتاردا پەنجەی بۆ دوو خاڵی گرنگ راکێشاوە، ئەوانیش (خوێندن–پەروەردەیە) نەزانی بەنەخۆشییەکی مەترسیدار بۆ کۆمەڵگەی کوردی لێك داوەتەوەو تیادا دەڵێت: (**عقلی تسفیە نەکراو تمثللی جهالتە، زادە جهالت بو حیات مصیبت و فلاکتە. مطلقا ژیانی حقیقی و اسودکی متوقفە بە تربیەو تصفیە عقل... ژیان و جهالت معنایەکی متضادیە دو تضادیش لە حالیکا قبولی اجتماع ناکەن**)[٦٥].

حسێن ناظم وتارێکی کۆمەڵایەتی لەژێر ناونیشانی (**صنعت و کسابت**) نووسیوە، لەم وتارەدا هێمای بۆ ئەوە کردووە، نابێت هەریەك لەئێمە چاوەڕوانی مووچەی حکومەت و (**بەتابووتی نانی دراوسێ بین**) پێویستە یەکەم هەنگاو لەژیانمان لەدوای تێپەڕبوونی تەمەنی منداڵی هەڵبژاردنی رێگایەك و دارشتنی بەرنامەیەك بێت بۆ کارکردن، تا دڵنیابین لەبژێوی ژیانمان و دەڵێت: (**رێگای معیشت زورە سنعت و کسابت چاکترینی هموو رێگای ژیانە...**)[٦٦].

پاشان دەڵێت: (**خۆش رابواردنی حقیقی لای اربابی صنعت و کسابتە، چونکە مزن، سربستن، حاکمی حیات، آسودە ژیان و سر آزادی رفاهیتن...**)[٦٧][12].

لەهەمان رۆژنامەدا بایەخێکی گرنگی بەمەسەلەی خوێندن و خوێندەواری داوە، وتارێکی بەناونیشانی (**خوێندەواری و نەخوێندەواری**) نووسیوە، خوێندنی بەپێوانەی چاکە ناوزەد کردووە، پێی وایە مایەی چاوکرانەوەیی و هۆشیارییە و دەڵێت: (**بەواسطەی خوێندەوارییەوە کە انسان تربیەی انسانی– طرزی موعاشەرەتی ئیجتیماعی، تهذیبی اخلاقی حاصل اکات.. سر بلندی جامعەی اجتماعی ابی، رهروی رێگای جهالت و مصیبت نابی**)[٦٨].

بەڵام نەخوێندەواری بەنەزانی و بێئاگایی لەژیان لێك داوەتەوە: (**اما نەخوێندنەواری وکو محروم لەحواسی خمسیە، لە کل عقل تناسبی نابی، بصریتی بەدائیم کویرە، ادرکی محدودە، خبرداری حیات و چکونکی کائنات نابێ**)[٦٩] [13].

لەیەکێك لەوتارەکانی دیکەیدا داوای کردنەوەی قوتابخانەی پیشەسازی کردوە، تا لاوان و گەنجەکانمان بێبەش نەبن لەپیشە جیاجیاکان و وتارەکەی بەناونیشانی (**مەکتەبی صەنایع**) و تیایدا

دەڵێت: **(ئەمڕسو ئیحتیاجی قەطعی ئەم مەملەكەتە، مەكتەبێكی صەنایعە، چونكە ئەوی تەئمین و تەطمینی وەضعی حالی ئەم مەملەكەتە بێ هەر مەكتەبێكی صەنایعە)**(٧٠).

حسێن ناظم لەهەمان ڕۆژنامەدا وتارێكی كۆمەڵایەتی دیكەی نووسیوە بەناوی **(معاشرت و معیشت)** جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە هەوڵ و تێكۆشان و خۆماندووكردن یەكێكە لەپێداویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەمان لەهەمان كاتدا بەستنی پەیوەندییەكان بۆ دابین كردنی گوزەرانێكی پڕ لەرەفاهیەت و خۆش ژیاندن تەواوكەری یەكدین و دەڵێت: **(ژیان بۆ انسان متوفقە بە دوو شت. یەكێكیان معاشرت و دومیان معیشت، معاشرت زانست و تألیف محبت لە كل كفائت جنسیە و خوش رابواردن لە كل همو ابنای نوعیەیە، امەش زیاتر عەلاقەدارە بە تربیەی نظریە، معیشت تدارك كردن حوایج حیاتیەو ئیستغنا لەمعاونت غیرەیەیە، امانە بو انسان احتیاجێكی مهم و مبرمە هیچ كس لەكسب و تعلمی ام دو شتە مستغنی نیە محرومیت لەمانەصرف مالویرانیە)**(٧١).

لەشیكاری زۆربەی وتارەكانیدا ئەوەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت كە زۆربەی وتارەكانی كۆمەڵایەتییەو پەیامێكی مرۆڤانەی لەئامێز گرتووەو **(هەوڵ و تێكۆشان-پیشەوكار-خۆشەویستی-هاوكاری)** بوونەتە هەوێنی ووتارەكانی، بۆیە دەبینین لەژمارە (٢٧٦)دا وتارێكی لەژێر ناونیشانی **(غرب چون تفوقی كردووە بەسەر شرقا)** نووسیوەو دیسانەوە خاڵی سەرەكی وتارەكەی بریتی بووە لەهەوڵ و تێكۆشان كە ڕۆژئاوا لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی ئاستێكی بەرزتر لەڕۆژهەڵات تێپەڕێت و دەڵێت: **(طەبیعی، ئینسان هەموو قیاسێكی حیاتی لەقومیتی خۆی موزانە أكا، بە اعتبار قومیت هیچ فرقێكی تری قومیە و حیاتیە كەلایقی تقدیر بی ا ایمە درا نابینرێ.. ایمە كە ملتی شرقین وشرق كە مطلع انوار كائناتە لازم اهات لەهمو خصوسێكەوە شرف شرقیتی خۆمان محافظە بكردایە كچی امرو قبلەی ترقیان كوتیە غربە بە واسیطە جهد وسعی خوینەوە موقیات كردووە بەسەر شرقا شرقیش امرو احیاكردەوەی غربە...)**(٧٢).

هەروەها وتارێكی دیكەی لەژێر سەردێری **(مەحرومیت لەصنایعی تازە)** بێ شك پێی وایە سەدەیەك لەگەڵ سەدەیەكی تر جیاوازی هەیە داب و نەریت و پیشەش لەگۆڕان دایە، ئێمە سەرەڕای ئەوەی لەبوارەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی لایەنەكانی دیكەی ئابووری دواكەوتووین، بەڵام تەمبەڵی و بێ توانایی خۆشمان بۆتە دەردێكی كوشندە و تیایدا دەڵێت: **(انسان تابعی زمانە، بەكورەی زمان اخلاق و عادات و تبدل همو تبدل اكا، سیلی انقلاب حیاتیە، خصوصات عادات و صنعات كونەی سرنگون كردوە، باشكە وتنی ایجابات وقت محویت فردی و قومیە، منظفریت لەساحەی حیات دستو برد كردنە لە ایجابتی تازە داهاتوو)**(٧٣).

حسێن ناظم لەشیكاری وتارێكی سیاسیدا، ڕۆژئاوای بەنموونەیەكی گونجاو هێناوەتەوەو باس لەناكۆكی نێوان ئینگلیزو روسیا دەكات لەسەر ڕۆژهەڵات، بەبەڵگەی ئەو وتارەی بەناونیشانی **(سیاسەتی امروی اوروپا زور مشوشە)** وە دەڵێت: **(مسئلەی حاكمیت و رقابیتی اسیا لەم روژانەدا لەبینی ام دوو حكومەتەدا زور گەرم بووە، دلیلی امەش امەتە كەسیاسەتی روس لەچیندا زیاتر ارینی فرقیكی قومرنشینی تیاتشكیل كردوون...)**(٧٤)(14).

حسێن ناظم وتارێكی دیكەی لەژێر ناونیشانی (مردنی تۆماس ئەدیسۆن) بڵاوكردۆتەوە، لەم وتارەدا بەستایشەوە باسی داهێنانی ئەو زانایەی كردووەو ئەو مرۆڤە زۆر بەگەورە دەزانێت كەپاش مردنی كارێكی وا بكات جێگەی ڕێزلێنان بێت و سوودی بۆ كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەبێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: **(حبقتینا ادیسونیش بە فرط فضیلت، اثلری مخترعەی فنیە لایق بم احترامات و غیوبتی ابدیتی سراواری الم و تأثیراتی عمومیە چونكە عالم شربت ممنونی خوارمی دماغیە و مسفیدی فوائدی احترامیە ام زاتە گران قیمتەیە)**(٧٥).

کۆتـا وتـاری لـەژێر ناونیـشانی (خـۆش رابـواردنی **حیات متوفقه به صوفمنصر لەطماع)** پێی وایە یەکێك لەفاکتـــەرەکانی هەڵوەشـــاندنەوەی پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان تـــەماع و چاوچـنۆکییەو دەڵێـت: **(شرارتی مفسیەدەی بکەویتـە هـر عائیلـە و یـاقوم و ملتیك سرنکرلی ادبارو اضحلال اکا..)**(٧٦)(15).

**پەراوێزەکان:**

(١) فـەرهاد عـەونی: کورتـە باسـێك دەربـارەی مێـژووی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراق دا، رۆژنامەڤانی، ژمارە (١) هەولێر، ٢٠٠٠، ل٣٠.

(1) (**بـانگ کوردسـتان**) رۆژنامەیـەکی ئـەدەبی زانـستی کۆمەڵایەتی سەربەستی میللـی بـوو، هەفتـەی جارێك بـەزمانی کـوردی بـەناوی (**جمعیـەتی کوردسـتان**) لەسـلێمانی بلاوکراوەتـەوە، خـاوەن ئیمتیـازی مـستەفا پاشـای یـامولکی بووە، دەستەی نووسەرانی (**رەفیـق حیلمـی و عـەلی کـەمال و م.نـوری شـێخ سـالح**) بـوون یەکـەم ژمـارەی لـەرۆژی چوارشـەممەی ٢ی ١٩٢٢/٨ دەرچـووە. بڕوانـە: (**جـەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان، چاپخانەی دار الحریة، بەغداد، ١٩٧٤، ل١٣–١٦**).

(٢) جەمال بابان و ئەوانی دیکە: سلێمانی شارە...، ل١١١.

(٣) جەمال خەزنەدار: رۆژی کوردستان ١٩٢٢–١٩٢٣، بەغداد، ١٩٧٣، ل١.

(2) لەراسـتیدا سـەرجەم ژمارەکـانی (١٦)ەیـە، ژمـارە (٣)ی دووجار دەرچووە، یەکـەمیان لـە ١٩٢٢/١١/٢٩، ئـەویتریان لـە ١٩٢٢/١٢/٦، بەبێ ئـەوەی ئـەو هەڵەیـە لەرۆژنامەکـە ئامـاژەی پـێ بکرێـت. بڕوانـە: (**رەفیـق سـاڵح ئەحمـەد: رۆژنامـەکانی سەردەمی...، ل٣٣**).

(٤) فاروق عەلی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩–٩٠.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

(٦) رەفیق ساڵح ئەحمەد: رۆژنامەکانی سەردەمی...، ل٦.

(٧) حامیـد محەمـەد عـەلی: کورتەیـەك لەهونـەرەکانی رۆژنامەگەری، رۆژنامەڤانی، ژمارە (١)، هـەولێر، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠، ل٦٤.

(٨) رەفیق ساڵح ئەحمەد: رۆژنامەکانی سەردەمی...، ل٦.

(٩) وریـا جـاف: کـاروانی رۆژنامەگـەری کـوردی، ڤـەرجینیا، ١٩٩٨، ل٣٧.

(١٠) ئاکۆ عبدالکریم شوانی: شـاری سـلێمانی ١٩١٨–١٩٣٢، لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی– سیاسـییە، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦٠.

(١١) جەمال خەزنەدار: سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(3) (**سمکـۆی شـکاک**) سـاڵی ١٨٧٥ لەبنەماڵەیـەکی کـوردی لەدایك بووە، کوڕی محەمەد ئاغای شکاك بـووە لەعەشـیرەتی (**عەبـدوێ**) ئـەم عەشـیرەتە لەبنـەڕەت دا یـەکێك بـووە لـە عەشیرەتەکانی (**میلانی**) کە لەدیاربەکر هاتبوون، سـاڵی ١٩٣٠ کۆچی دوایی کردووە.*٢١ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لەلایـەن رژێمی پەهلەوی داوی بـۆ دانرایـەوەو غـافلکوژرا. بڕوانـە: (**عەلائـەدین سوجادی: شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق، چاپی یەکـەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٢٤٦–٢٤٨**).

(١٢) حامید محەمەد عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

(١٣) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(١٤) رابـەری رۆژنامەگـەری کـوردی، وەزارەتـی راگەیانـدن، ١٩٧٣، ل١٢.

(١٥) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(١٦) کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد: تێگەیـشتنی راسـتی و.... ، ل٢٢٠.

(١٧) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

(١٨) حامید محەمەد عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤–٦٥.

(4) لەراسـتیدا لەبـەر تێگەیـشتنی خوێنـەر وتارەکـەمان وەرگێڕاپە سـەر زمـانی کـوردی بـەهۆی گرنگـی وتارەکـەش، بەشـێکی وتارەکـە بـەوەرگێڕدراوی وەك خـۆی ئامـاژەی پێدەکەین.

(١٩) حسێن ناظم: رۆژی کوردستان، ژمارە (٣) سـاڵی یەکـەم، سلێمانی، ١٩٢٢، ل١.

(٢٠) حسێن ناظم: سەرچاوەی پێشوو.

(٢١) حسێن ناظم: هەمان سەرچاوە.

(5) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(6) رۆژنامەی (**بانگی حەق**) رۆژنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی هەفتـەیی بـوو، بەهەردـوو زمـانی فارسـی و کـوردی و تـورکی لەسلێمانی دەرچـووە، خـاوەن و ئیمتیـازی (**مـصطفی پاشـا یـامولکی**)بـووە، یەکـەمین ژمارە لـە ١٩٢٢/٨/٢ دەرچـووە. بڕوانـە: (**فـەرهاد عـەونی: کورتـە باسـێك دەربـارەی مێـژووی رۆژنامەگەری لەکوردستانی عێراقدا، رۆژنامەڤانی، ژمارە (١)، هەولێر ٢٠٠٠، ل٧٠**) لەکاتێکدا دەرچووە پەیوەندی نێوان شێخ مـەحموود و ئینگلیـز خـراپ بـووە، بەتـەنیا سـێ ژمـارەی لەئەشـکەوتی (جاسـەنە) دەرچـووە. بڕوانـە: (**وریـا جـاف: سەرچاوە پێشوو، ل٣٩**).

(٢٢) عەلائەدین سوجادی: مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، بـەرگی یەکـەم، چـاپی دووەم، چـاپخانەی معـارف، بەغـداد، ١٩٧١، ل٦١٢.

(٢٣) جبار محمد جباری: تأریخ الصحافة الکردیة، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥. ل٣٥.

(٢٤) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٢٥) رەفیق ساڵح ئەحمەد: رۆژنامەکانی سەردەمی... ل٧.

(٢٦) رەفیق ساڵح ئەحمەد: رۆژنامەکانی سەردەمی...، ل٧.

(7) خودایا بەسیە ئیتر لابرێ دەیجوری ئیز میحلال
تلوعی پێ بکە خورشیدی رۆژی پاکی ئیتقبال
لەگەڵ خولیای هیجرەت بەسەرچوو عومری شیرینم
جا نۆبەی ویساڵە ئاه.. ئومێدی ئیسقلال

(٢٧) فاروق عەلی عومەر:: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

(٢٨) نەوشێروان مستەفا ئـەمین: چـەند لاپەڕەیـەك لەمێـژووی رۆژنامەوانی ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢١.

(٢٩) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیة، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٥٨.
(٣٠) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە...، ل١٥٨.
(٣١) ئەحمەد خواجە: چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەفیق، ١٩٦٨، ل٥٠.
(٣٢) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە...، ل١٥٨-١٥٩.
(٣٣) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەکانی سەردەمی...، ل٧.
(٣٤) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩-١٠٠.
(٣٥) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩-١٠٠.
(٣٦) ل٥٧..
(٣٧) غەریب زێوەر: چمکێك لەمێژووی کورد... .
(٣٨) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
(٣٩) حسێن ناظم: ئیفادەی مەخصوصە، ئومێد ئیستقلال، ژمارە (١٤)، سلێمانی ١٩٢٣.
(٤٠) حسێن ناظم: هەمان سەرچاوە.
(٤١) حسێن ناظم: بەد ئەخلاقی بی ئیش و کارییە، ئومێد ئیستقلال، ژمارە(١٥) سلێمانی، ١٩٢٣.
(٤٢) حسێن ناظم: بەد ئەخلاقی باعث... .
(٤٣) حسێن ناظم: زمان غەفڵدن روی وقت انتباه و تبصره، ئومێدئیستقلال، ژمارە (١٦) سلێمانی، ١٩٢٣.
(8) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)
(9) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).
(10) **(ژیانەوە)** ڕۆژنامەیەکی حکومی بووە لەسەرەتادا، بەڵام لەژمارە (١٨)ەوە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بووە، هەفتەی جارێك لەسلێمانی دەرچووە. بڕوانە: (**عەبدوڵڵا زەنگەنە: ژیانەوە شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، پێشەکی .د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٠، ل٢٩**)، یەکەم ژمارەی لە ١٨ی ئابی ١٩٢٤ دەرچووە، تا ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦، (٥٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: (**عەلائەدین سوجادی: مێژووی ئەدەبی...، ل٦١٢**).
(٤٤) حسێن ناظم: بێ ناونیشان، ئومێد ئیستقلال، ژمارە (١٦) سلێمانی، ١٩٢٣.
(٤٥) وریا جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
(٤٦) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسی...، ل٢٦.
(٤٥) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥.
(٤٨) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: هەمان سەرچاوە، ل٢٨.
(٤٩) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی یەکەم، ل٥.
(٥٠) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی و ...، ل٢٢١.
(٥١) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێ یەم، ل٦.

(٥٢) نەوشێروان مستەفا ئەمین: (ژیان) بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (١٩٢٦-١٩٣٨)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٤.
(٥٣) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێ یەم، ل٦.
(٥٤) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێ یەم، ل٦.
(٥٥) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێ یەم، ل٦.
(٥٦) عەبدوڵڵا زەنگەنە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
(٥٧) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێ یەم، ل٨-٩.
(٥٨) فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.
(11) **(کۆمەڵەی زانستی)** خوێندنگەیەکی میللی بوو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بەکۆمەك و دارایی خەڵکی سلێمانی پێك هێنرا. بڕوانە: (**کەریم زەند: گەشتی زەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٤٦**)، لەڕۆژی ٢٤/٢/١٩٢٦ بەپێی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٢٥٧١) دامەزرا، دەستەی دامەزرێنەری بریتی بوون لە (**جەمال بەگ بابان، ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، شێخ مستەفا قەراخی، غەفور ئاغا، ڕەمزی قەزاز، پیرەمێرد... هتد**). بڕوانە: (**کەریم زەند، خرمان-شارا، چاپەمەنی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧٩**) دروشمی سەرەکییان داگیرساندنی چرای زانستی و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بوو، دوای ڕاپەڕینی بەردەرکی سەراو داخستنی ڕۆژنامەی ژیان، بارەگای کۆمەڵەش داخرا. بڕوان: (**غەفور میرزا کەریم: کۆمەڵەی زانستی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٥، ل١١١-١٣٧**).
(٥٩) فاروق عەلی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.
(٦٠) جبار جباری: تأریخ الصحافة..، ل٣٧.
(٦١) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێ یەم، ل١٩.
(٦٢) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد: هەمان سەرچاوە، ل١٠.
(٦٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
(٦٤) حسێن ناظم: مەعنای ژیان چی یە؟، ژیان، ژمارە (٢٦٥) سلێمانی، ١٩٣٠.
(٦٥) حسێن ناظم: (**مەعنای ژیان چی یە؟**).
(٦٦) حسێن ناظم: (**صنعت و کسابت**)، ژیان، ژمارە (٢٦٦)، سلێمانی، ١٩٣٠.
(12) بەهۆی ناڵەباری و شڵەژاوی بارودۆخی ئەوکاتەی سلێمانی و شەڕی بەردەرکی سەرا تاڕادەیەك کاریگەری هەبووە لەسەر ڕووناکبیران و نووسەران، نەیان توانیوە بەئاشکراو بەناوی خۆیانەوە وتار بڵاوبکەنەوە، بەڵکو بەناوی خوازراو یان بێ ناو نووسیویانە.
(٦٧) حسێن ناظم: هەمان سەرچاوە.
(٦٨) حسێن ناظم: (**خوێندەواری و نەخوێندەواری**)، ژیان، ژمارە (٢٦٨)، سلێمانی، ١٩٣٠.
(٦٩) حسێن ناظم: (**خوێندەواری و نەخوێندەواری**).

(13) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).
(٧٠) حسێن ناظم: (**مەکتەبی صنایع**)، ژیان، ژمارە (٢٦٩)، سلێمانی، ١٩٣٠.
(٧١) حسێن ناظم: (**معاشرت و معیشت**)، ژیان، ژمارە (٢٧٣)، سلێمانی، ١٩٣١.
(٧٢) حسێن ناظم: (**غرب چون تفوقی کردووە بەسەر شرقا**)، ژیان، ژمارە (٢٧٦)، سلێمانی، ١٩٣١.
(٧٣) حسێن ناظم: (**محرومت لە صنایعی تازە**)، ژیان، ژمارە (٢٨٩) سلێمانی، ١٩٣١.
(٧٤) حسێن ناظم: (**سیاسەتی امروی اوروپا زور مشوشە**)، ژیان، ژمارە (٢٩٠)، سلێمانی، ١٩٣١.
(14) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).
(٧٥) حسێن ناظم: (**مردنی توماس ئەدیسۆن**)، ژیان، ژمارە (٢٩٩)، سلێمانی، ١٩٣١.
(٧٦) حسێن ناظم: (**خۆش ڕابواردنی حیات متوقفە ب صرفنضر لە طماع**)، ژیان، ژمارە (٣٥٠)، سلێمانی ١٩٣١.
(15) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

## بەشی سێیەم

### ڕۆڵی حسێن ناظم لە نووسینەوەی مێژووی کوردو تێڕوانینی ڕۆشنبیریدا

**باسی یەکەم:** دەفتەر (دەستنووس)ەکەی حسێن ناظم

سەرەڕای ئەوەی حسێن ناظم لەشۆڕشەکانی (**شێخ مەحموود**)دا کۆمەڵێك چالاکی سیاسی بینیوە، لاپەڕەکانی مێژووش شاهیدی ئەم ڕاستیەن لەهەمان کاتدا لەبواری ڕۆژنامەوانیشدا لەو سەردەمەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە شوێن دەستی بەڕۆژنامەکانی (**ڕۆژی کوردستان-ئومێدی ئیستقلال**) بەئاشکرا دیارە. بەهەمان شێوە هەوڵیداوە لاپەڕە ونبووەکانی مێژووی نەتەوەکەی بخاتە سەرپەڕە، تا نەوەکانی پاش خۆی لەڕووداوەکانی ڕابردووی میللەتەکەیان بێ ئاگا نەبن[١].

ئاشکرایە یەکێك لەو بەرهەمە دانسقەو مێژوویانەی بەزمانی تورکی لەمەڕ مێژووی بنەماڵەی بابان نووسیویەتی، دەستنووسە بەنرخەکەیەتی کەتاوەکو کۆچی دوایی خۆی لەساڵی (١٩٣٢ز)دا لە کتێبخانەکەی بینراوەو پارێزراو بووە.

ئەگەرچی ئەم نووسراوە نایاب و دەگمەنە تاچەند ساڵێك لەمەوبەر ڕووناکی نەیدبوو، بەڵام خۆشبەختانە ببووە سەرچاوەیەك بۆ زۆر لەمێژوونووس و نووسەران، بۆ نموونە: مێژوونووسی کورد (**ئەمین زەکی بەگ**) لەکتێبی (**تأریخی سلێمانی و ولاتی**) ساڵی ١٩٣٩ بڵاوکردۆتەوە زۆر ڕووداوو بەسەرهاتی لەدەستنووسەکەی (**حسێن ناظم**) وەرگرتووە[٢].

زیاتر لە (٣٠) جار لەناوەڕۆك و لەپەراوێزدا ئاماژەی بەناوی کردووەو[٣] بەڕێزەوە ناوی ناوە(دەفتەرەکەی **"حسێن ناظم"** بەم کارەشی سەلماندوویەتی تا چ رادەیەك سوودی لەم دەستنووسە وەرگرتووە[٤].

پاش ئەم هەنگاوە گەورەیە بۆ زیندووکردنەوەی دەست نووسەکەو ناوی خاوەنەکەی ماوەیەکی زۆر فەرامۆش کرا، بەڵام پاش چەندین ساڵ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا گەلێك وتار لەبارەی ئەم دەست نووسەوە لەلایەن کۆمەڵێك نووسەری خەمخۆر بەناوی (**دەفتەرەون بووەکەی حسێن ناظم**) بڵاوکرایەوە[٥].

جەمیل ڕۆژبەیانی لەم بارەیەوە یەکەمین هەنگاوی ناوە، بۆ ئاشکراکردنی ئەم دەست نووسە، لەوتارێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کاتێك لەساڵی (١٩٥١-١٩٥٢) هەوڵی وەرگێڕانی بەرهەمەکەی (**ئەمین زەکی بەگ**) (**تأریخی سلێمانی و ولاتی**) بۆ زمانی عەرەبی داوە، ئەم دەستنووسەی (**حسێن ناظم**) سەرنجی ڕاکێشاوەو داوای لێ کردووە ڕەنووسێکی لەبەر بگرێتەوە،ئەمین زەکی بەگ لەوەڵامدا و پێی ڕاگەیاندووە کە کەسێك بەئەمانەت لێی وەرگرتووەو بەڵام بەداخەوە بۆی نەهێناوەتەوە[٦].

لەوتارێکی دیکەیدا کە لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات لەمەندەلی بووە، لەساڵانی (١٩٥٧-١٩٥٨) لەسەردانێکیدا بۆ ماڵی (**جەلال بابان**) لەدانیشتنێکیدا ناوی دەفتەرەکەی (**حسێن ناظم**) براوە، داوای لێ کردووە بەئەمانەت لێی وەربگرێت و ڕەنووسێکی لەبەر بگرێتەوە لەو شارۆچکەیەدا لەلایەن کەسێکەوە کە

توركییەكی باشی زانیوەو خۆشنووس بووە، بۆی نووسیوەتەوە، پاشتر دەستنووسەكەی گەڕاندۆتەوە بۆ (**جەلال بابان**)، بەڵام كاتێك لەكەركووك نیشتەجێ بووە، لەساڵی ١٩٥٩ كتێبخانەكەی بەر شاڵاوی تاڵان دەكەوێت و گەلێك لەبەرهەمەكانی و لەگەڵ دەستنووسەكەی (**حسێن ناظم**) بەتوركی و بەكوردی كە خۆی وەریگێڕابوو بەر ئەو تاڵانەكەوت[٧].

جەمیل ڕۆژبەیانی ساڵی ١٩٦٠ وتارێكی دیكەی نووسیوە وەك موژدەیەك بۆ مێژوونووسان و تیایدا دەڵێت: (**ئێستە نوسراوێكی مێژوویتان دەخەمە بەردەست، گومانم وایە ئەو نامەیە بێ كە خوالێخۆشبوو"ئەمین زەكی بەگ" ناوی ناوە دەفتەكەری حسێن ناظم**)..

ئەم نووسراوە بەتوركی یەكی زۆر ئەدەبی نووسراوە، مێژووی "بابان"ەكانە، لای پێشەوەی چەند لاپەڕەیەكی ناتەواوە، لای دوایشەوە گەیشتبووە ئەنجام، تەنها ڕەنووسێكی شڕی لای **"جەلال بابان" هەیە**[٨].

بۆ جاری چوارەم خوالێخۆشبوو جەمیل ڕۆژبەیانی لە وتارێكی دیكەدا بەناوی **"مندلی فی تأریخ"** هێمای بۆ ئەوە كردووە وێنەیەكی دەستنووسەكەی (**حسێن ناظم**) بەدەست و خەتی خۆی لەكتێبخانەكەی خۆی پاراستووە[٩].

بەهەمان شێوەش لەیەكێك لەبەرهەمەكانی (**شێخ محەمەدی خاڵ**)دا كاتێك باسی لەدروست كردنی شاری سلێمانی دەكات سوودی لە دەستنووسەكە حسێن ناظم وەرگرتووە زۆر بەروونی ئاماژەی بەناوی (**حسێن ناظم**) كردووە[١٠].

طاهیر ئەحمەد حەوێزی لەكتێبی (**مێژووی كۆیە**)دا هێمای بەناوی حسێن ناظم كردووە لەباسی (**محەمەد پاشای ڕەواندز**)دا ئەگەرچی ئەم نووسراوەی لە (**تأریخی سلێمانی و ولاتی**) ئەمین زەكی بەگ وەرگرتووە[١١].

لەراستیدا خوالێخۆشبوو (**تۆفیق قەفتان**)یش لەبەرهەمی (**مێژووی حوكمدارانی بابان لەقەڵاچوالان**) بەروونی دەردەكەوێت ڕاستەوخۆ لەباسكردنی مێژووی (**ماوەت**)دا سوودی لەو دەفتەرە وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی لەبەرهەمەكەی ئەمین زەكی بەگی وەرگرتبێ.

جەختی لەسەر ئەوەش كردۆتەوە، ئەم دەستنووسەی حسێن ناظم زۆر بەنرخەو زۆر لەمێژوونووسان كەلەسەر مێژووی بنەماڵەی بابان نووسیویانە سوودیان لەم دەستنووسە بینیوە[١٢].

لێرەدا دەگەینە گەواهی ئەو ڕاستیەیەی ئەم دەفتەرەی (**حسێن ناظم**) تا ساڵانی ١٩٦٩ ڕەنووسێكی لای (**تۆفیق قەفتان**) هەبوویێت[١٣].

ناوی (**حسێن ناظم**)ی بردووە، بەڵام لەكلاوڕۆژنەی نووسینەكانی (ئەمین زەكی بەگ)ەوە زۆر بەرێزو مەزنییەوە تەماشای كارەكانی كردووە[١٤].

بەهەمان شێوە لە یەكێك لەوتارەكانیدا لەگۆڤاری (**گولان**)ی عەرەبی بڵاوی كردۆتەوە، باس لەوە دەكات ئەم دەستنووسەی لەیەكێك لەسووچەكانی كتێبخانەی (**جەلال بابان**) تیاچووە، بۆیە دەڵێت ئەمە فاكتەرێكی سەرەكییەو لەسەردەمە بەدواداچوونێك بكەم لەمەڕ ئەم دەستنووس، بەتایبەت پاش كۆچی دوایی (**جەلال بابان**)[١٥].

لەراستیدا باسكردنی دوو حسێن ناظم لەناو زۆر لەمێژوونووس و نووسەراندا بوونی هەبووە، هەندێكیان بەو (**حسێن ناظم**)ەیان لەقەڵەم نەداوە كەلەسەردەمی شێخ مەحموودا راوێژكاری بووەو لەهەمان كاتدا سەرنووسەرو خاوەنی هەندێ لەرۆژنامەكانی ئەو رۆژگارە بووە.

بەڵام ئەو بیروبۆچوونانە زۆر دەمێكە پووچەڵ كراونەتەوە، ئەو كەسانەش بەبەڵگەی نووسراو دانیان بەهەڵەی خۆیاندا ناوە، لەم رووەوە (**د.عزەددین مستەفا رەسول**) لەوتارێكدا پێی وابووە لەسلێمانی (**دوو حسێن ناظم**) هەبووە، نەزانراوە خاوەنی دەستنووسەكە كێیە [١٦]؟

سەرەئەنجام لەچاوخشاندن بەسەرچاوە مێژووییەكان و وەرگرتنی هەندێ زانیاری كەلە (**سامی حسێن ناظم**)ی وەرگرتووە، وتارێكی لەژێر ناونیشانی (**یەك حسێن ناظم**) بڵاوكردۆتەوە، ئەوەی خستۆتە روو ئەم (**حسێن ناظم**)ە هەمان حسێن ناظمی

رۆژنامەی (**ئومێدی ئیستقلال**)ەو خزمەت و هەوڵ و رەنجی دیارە[17].

لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا نووسیویەتی: **(هیوام وایە–کەسانی تر بکەونە خۆیان و دەربارەی کاروکردەوەی ئەم زاتەی کە بەڕاستی نەوەی پێش ئێمە هەمیشە بەرێزەوە باسیان دەکرد، شتێك بنووسن)**[18].

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەستنووسەکەی (**حسێن ناظم**) تەنیا یەك رەنووسی نەبووە، بەڵکو زیاتر لەچەند ژمارەیەکی هەبووە، بۆیە پێدەچێت رەنووسێکی لەکتێبخانەی (**ئەمین زەکی بەگ**) هەبووبێت، چونکە لەبەرهەمەکەی خۆیدا سوودێکی زۆری لێ وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا بەپێی بۆچوونەکانی (**جەمیل رۆژبەیانی**) رەنووسێکی پەرپووت و شڕی لەماڵی (**جەلال بابان**) بینیوە[19].

هەروەك لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد تا ساڵی ١٩٦٩ رەنووسێکی دیکە لای (**تۆفیق قەفتان**) هەبووە، لەهەمان کاتدا ئەگەر مامۆستا (**عەلائەدین سوجادی**) لەرەنووسەکەی (**ئەمین زەکی بەگ**) سوودی وەرنەگرتبێ، دەبێت ئەمیش رەنووسێکی لەلا هەبووبێت، بەلام تارادەیەك گومان لەبوونی ئەم بۆچوونە هەیە.

بێگومان (**جەمال بابان**)یش ئەو باسانەی لە (**تأریخی سلێمانی و ولاتی**) ئەمین زەکی بەگ وەرگرتووە، ئەگەر بیزانیایە لەکتێبخانەکەی (**جەلال بابان**) پارێزراوە ئەوا هەر زوو لێی وەرئەگرت[20].

سەرەڕای ئەوەی جەمیل رۆژبەیانی باسی ئەو چەند رەنووسەی (**حسێن ناظم**) ی کرووە، بەلام ئەوەی ئاشکرا نەکردووە کە رەنووسێکی بەدەست خەتی خۆی هەبووە، هەروەك لە (**مندلی فی تأریخ قدیما حدیثا**) دا ئاماژەی بۆ کردووە.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامە راستەقینەیەی کەتەنیا یەك رەنووسی شڕی ئەم دەفتەرەی (**حسێن ناظم**) لەکتێبخانەی (**جەلال بابان**) دا هەبووە[21].

حەفتا ساڵ پاش فەرامۆش کردنی ئەم دەست نووسە، خۆش بەختانە ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن (**محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس**) و (**شوکر مستەفا**) لەزمانی تورکییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی و بەناوی (**التأریخ الامارة بابان**) لەلایەن دەزگاکانی چاپەمەنی لەهەولێر بلاوکرایەوە، ئەمەش بوو بەمایەی خۆشحاڵی رۆشنبیران و مێژوونووسان[22].

مامۆستا (**محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس**) هێمای بۆ ئەوە کردووە لەکۆتایی هەفتاکاندا لەلایەن برادەرێکییەوە ئەم نووسراوەی رووبەڕوو کراوەتەوە، بەبێ ئاشکراکردنی ناوەکەی، لەهەمان کاتدا مامۆستا (**شوکر مستەفا**) کەماوەی دوو ساڵ هاوکاری کردووە بۆ وەرگێڕانی بەجۆرێکی دیکە ئاماژەی پێ کردووە، گوایە ئەم دەستنووسەی لە شارۆچکەی (**خان**)ی سەر بەکوردستانی ئێران دۆزراوەتەوە بێگومان ئەم دوو بۆچوونەش تەواو پێچەوانەی یەکدین، هێشتا نەیان سەلماندووە ئەو (**حسێن ناظم**)ە هەمان (**حسێن ناظم**)ی رۆژنامەی (**ژیان و ئومێدی ئیستیقلال**)ە[23].

## باسی دووەم: حسێن ناظم و مێژووی بابانەکان

ئەم کتێبەی (**حسێن ناظم**) ساڵی ٢٠٠١ لەچاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لەهەولێر بەقەبارەی (٣٨٠) لاپەڕە بەچاپ گەیەندراوە.

(**حسێن ناظم**) لەو دەمەی هاتە مەیدانی مێژوونووسینەوە بیری لەنووسینی بوارێکی مێژوویی کورد کردووە، کەپێشتر کەسێکی دیکە کاری تێدا نەکردبوو[24].

بەو پێیەی خۆی خەڵکی سلێمانی بوو، باووباپیرانی پێش دروست کردنی شاری سلێمانی لەقەلاچوالان نیشتەجێ بوون، بنەماڵەی (**بابان**)یش لەوکاتەدا حوکمڕانی ئەو ناوچەیان دەکرد، پەیوەندی نێوانیان زۆر ڕێك و پێك بوو، تەنانەت باپیری (**وەستا ئەحمەد باش خەیات**) بەرگ درووی تایبەتی بابانەکانی بووە[25].

لەم سۆنگەیەوە هەولێداوە مێژووی یەکێك لەمیرنشینە کوردییەکان کەلەو ناوچەیەدا بوون

بەزیندوویی بهێڵێتەوە، ئەویش مێژووی بنەماڵەی **(میرنشینی بابان)**ەکانە.

ئەم کتێبە پێش وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی، هەروەك لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد بەشێوەی دەستنووس بووە، حسێن ناظم بەزمانی تورکی نووسیویەتی، بەڵام پاش مردنی نووسەر نەزانراوە ئەم دەستنووسە دەست کێ کەوتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێك نووسەرو مێژوونووس و ڕۆشنبیر دەربارەی ئەم دەستنووسە لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا وتاریان بڵاوکردۆتەوە[٢٦].

خۆش بەختانە ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن **(محەمەدی مەلا عبدالکریمی مودەریس)** و **(شوکر مستەفا)** وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، بوو بە یەکێك لەکتێبە گرنگ و پڕ زانیارییەکان لەبواری مێژووی بابانەکاندا[٢٧].

نووسەر لەسەرەتای کتێبەکەدا زۆر بەوردی چۆتە بنج و بناوانی رەچەڵەکی ناودارانی بابان و وەك مێژوونووسێکی زۆر وردبین و کارامە لاپەڕە شاراوەکانی ئەو سەردەمەی بەشێوەیەکی زانستیانە پاراستووە. توانیویەتی یەك لەدوای یەك ژیان و کەسایەتی میرەکانی باس کردووە.

لەناوەڕۆکی کتێبەکەیدا ئەوەمان لەلا گەڵانە دەبێت کە چۆن ئەم میرنشینە کەوتبووە نێوان دوو دوژمنی خاوەن دەسەڵات، دەوڵەتی عوسمانی **(سوننی مەزهەب)** و دەوڵەتی صەفەوی ئێرانی **(شیعە مەزهەب)**، بەهۆی هاومەزهەبی میرنشینی بابان و دەوڵەتی عوسمانی تارادەیەکی زۆر پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی کراوەبووە، میرەکانی بابان چووبوونە ژێر سایەو سێبەری ئەم دەوڵەتە.

بەڵام بەهۆی چاو چنۆکی و تەماحکاری لەناو خودی میرنشینەکەدا بووە مایەی کێشمەکێشی سیاسی و پێشبڕکێی خۆویستانە لەپێناو دەسەڵاتدا، ئەمەش کڵۆڵی هەرە گەورەی میللەتی کورد دەردەخات لە سەردەمی ئەم میرنشینەدا، هەریەك لەمیرەکان بۆ ڕازیکردنی ئەو حکومەتەی باڵی بەسەردا کێشابوو پەلاماری براو مامەکانی خۆی ئەداو برابرای ئەکوشت و مام برازا[٢٨].

یەکێکی دی لەو خاڵە گرنگانەی لەخوێندنەوەی ئەم کتێبەدا بۆمان روون دەبێتەوە، مەسەلەی ئازایەتی و دلێری میرەکانی ئەم میرنشینەیە، کە بوونەتە فاکتەرێك بۆ سەرکەوتنەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بەدوژمنەکانی، بۆیە هەرکاتێك گیروگرفتێك رووبەروویان بووبیایەتەوە پەنایان دەبردە بەر میرەکانی بابان بۆ یارمەتی دانیان، بۆ نموونە کاتێك لەساڵی (١٨٠٤-١٨٠٥ز) عوسمانییەکان تێکشکان لەبەرانبەر **(وەهابییەکان)** لەهەردوو قەڵای **(المیزن)**، **(هخوف)**ی ناوچەی **(الاحساء)**، ناچار بەوپەڕی نائومێدییەوە، ڕێگەیەکی تریان هەڵبژارد بۆ رزگاربوون لەو بارودۆخە شڵەژاوو نائارامە[٢٩].

**(عەلی پاشا)**ی والی بەغداد ئەم ئەرکەی خستە سەرشانی **(عبدالرحمن پاشای بابان)**، عبدالرحمن پاشای بابانیش بەخۆی و قارەمانە نەبەردەکانی روویان کردە بەغداد، پاش ئەو سەرکەوتنەی بە دەستی هێنا، بوو بەجێگەی سەرسوڕمانی والی بەغداد.

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی بەهۆی ئەم کەسایەتییەوە تۆمارکرا، **(عەلی پاشا)** هیچ بایەخ و گرنگییەکی بەرانبەری پیشان نەداو هەمووی لەبیرچووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێك هەلی بۆ هەڵکەوتبایە ملی دەقرتاند.

ئەگەرچی ئەم بەرهەمە بێ هەڵەو کەم کورتی نییە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە کارێکی ناوازەو دەگمەنە، نووسەر بەم کارەی مێژوونووسی خۆی سەلماندووە، سەروەرییەکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمارکردووە، چونکە بێگومان بەرهەمەکەی مۆرکێکی ئەکادیمیانەی پێوە دیارەو ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی چەند سەرچاوەیەکی بەکارهێناوە، بۆ نموونە **(ذیل گلشن خلفاء)** **(حاوی الکرکوکی)** لەچەند لاپەڕەیەکدا ئاماژەی پێ کردووە، لەهەمان کاتدا بەچاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی خۆیان لەناو ئەو رووداوانەدا بوون و ئەو بیرەوەرییانەیان لەیاد بووە.

بەچاوخشاندن بەلاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی نووسەر رووێکی ئاینی زاڵ بووە بەسەریدا، چونکە تارادەیەك میرنشینەکە میرنشینێکی ئایینی بووە.

لەگەڵ هەموو ئەو کارانەیدا توانیویەتی هەڵوێستی هەندێ کەسی فۆلکلۆرو ناوداری ئەو سەردەمەی میرنشینەکە لەکۆتایی باسەکانیدا بخاتە روو، وەك هەستی جوامێرانەی نەتەوایەتی (مامەیارە).

لەکۆتایی دەتوانین ئەم کتێبەی **(حسێن ناظم)**بە بەڵگەیەك لەقەڵەم بدەین بۆ بوونی هەستی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا بەگیانێکی نیشتمان پەروەرانە توانیویەتی کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە، وەرچەرخانی باش بەمێژووی نەتەوەیی کوردی بدات[٣٠].

**باسی سێیەم: حسێن ناظم و مێژووی ماوەت**

حسێن ناظم، وەك مێژوونووسێکی ئەو سەردەمە، ئەوەندەی لەتوانادا بوویێت لەنووسینی مێژووی نەتەوەکەی دریغی نەکردووە پێدەچێت لەو سالانەی کە لە (ماوەت) وەك (مودیر ناحیە) رۆڵی بینیوە لەسالانی ١٩٢١، بەهۆی کاریگەری ئەو ناوچەیە لەسەر ژیانی دەستی کردبێتەنووسینی مێژووی (ماوەت). لەم بارەیەو کوڕی خۆی (سامی حسێن ناظم) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: **(تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کردووە، ئەم دەستنووسە لەکتێبخانەکەی بینراوە، ئەوانەی هاتووچۆیان کردووەو نزیکی بوون وەك "مەلا مستەفای کوردی" بۆی گێڕاومەتەوە کەوا دوو دەستنووسی بەدەست خەتی خۆی هەبووە، یەکێکیان بەناوی "مێژووی بابان" و ئەوی دیان بەناوی "مێژووی ماوەت")**[٣١].

هەرچۆنێك بێت تا ئێستا بەڵگەی دیارو ئاشکرامان لەبەردەست نییە سەبارەت بەم دەست نووسە، لەمیانەی ئەو گەڕان و چاوپێکەوتنانەمان لەگەڵ کۆمەڵێك کەسێتی دیارو مێژوونووس و رۆشنبیری شاری سلێمانی، هیچ دەستنووس و چاپکراوێکمان لەبارەی نووسینی مێژووی (ماوەت)ەوە دەست نەکەوت.

ئەوەی شایەنی باس بێت، بەپشت بەستن بەکۆمەڵێك سەرچاوە، دەگەینە ئەو دەرەئەنجامەی **(حسێن ناظم)** دەستنووسێکی لەم شێوەی هەبووە، بەلام کۆچی دوایی خۆی نەزانراوە چی لێ بەسەر هاتووە.

یەکێك لەو سەرچاوانەی هێما بەنووسین ئەم مێژووی دەکات (غریب زێوەر)ە ئەوەی روون کردۆتەوە (حسێن ناظم) خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەو نایاب بووە، گەلێك نووسراوی بایەخداری تیادابووە، بەلام بەداخەوە بەتالانی براوە، لەو دەستنووسانەش **(مێژووی بابان)** و **(مێژووی ماوەت)**ە، تەنانەت باس لەوەش دەکات مێژووی (بناغەی شاری سلێمانی) بەدەست خەت هەبووە[٣٢].

(عومەر مەعروف بەرزنجی)یش هەمان بۆچوونی هەیە کەبەرهەمێکی مێژوویی هەبووە بەناوی **(مێژووی ماوەت)** بەلام فەوتاوە[٣٣].

مامۆستا **(جەمال بابان)**یش وتارێکی لەرۆژنامەی **(التآخی)** نووسیوەو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە حسێن ناظم کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، چەندین پەڕاوی چاپ نەکراوی لەخۆگرتووە، پاش مردنی دابەش کراوە بەسەر دۆست و برادەرەکانیدا.

**باسی چوارەم: حسێن ناظم لەدیدی رۆشنبیراندا**

**– میر بەسری:**

میر بەسری دەڵێت: **(لەسەردەمی خۆیدا بەرزترین پیاوانی رۆشنبیری کورد بووە، بەدەست خەت مێژووی نووسیوەتەوە، بۆتە سەرچاوەیەك بۆ محەمەد ئەمین زەکی و مێژوونووسانی تر، بەرهەمەکانی بە "دەفتەرەکانی حسێن ناظم" بەناوبانگە)**[٣٤].

**– عومەر مەعروف بەرزنجی:**

عومەر مەعروف بەرزنجی دەڵێت: **(حسێن ناظم لەریزی پێشەوەی رووناکبیرە بەدیمەنەکانی کوردە، سەرەڕای کاری نیشتمانی و رۆژنامەنووسی، یەکێکە لەمێژوونووسە پێشڕەوەکانی دەستەی یەکەمی مێژوونووسانی کوردو کۆمەڵی بەرهەمی دانسقەی وەك**

هەواڵنامەی کتێب

**"مێژووی بابان" و "مێژووی ماوەت"ی نووسیوە، بەڵام بەداخەوە زۆری بابەتەکانی فەوتاون)**[٣٥].

- **ڕەفیق ساڵح:**

ڕەفیق ساڵح ئەحمەد دەڵێت: (**حسێن ناظم، ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی گەورەی سەردەمی خۆی بووە)**[٣٦].

- **عوسمان سەید قادر باخچەیی:**

عوسمان سەید قادر باخچەیی دەڵێت: (**حسێن ناظم، یەکێکە لەدەستەی دووەمی مێژوونووسانی کورد، مێژوونووسێکی هەڵکەوتەی سەردەمی خۆی بووە)**[٣٧].

- **کەریم زەند:**

کەریم زەند دەڵێت: (**حسێن ناظم، لەریزی نووسەرو ڕۆشنبیری کوردا لەپلەو پایەکی بالآدایە، بەدەستەی دووەمی مێژوونووسانی کورد دەژمێدرێت، تاڕادەیەکی زۆر ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی میللەت و نەتەوەکەی)**[٣٨].

- **جەمال بابان:**

جەمال بابان دەڵێت: (**خوالێخۆشبوو پیاوێکی زیرەك و لێکۆڵەرەوەیەکی بەتواناو مێژوونووسێکی وردبین بووە، چەند لاپەڕەی پڕشنگداری لەڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود بەزمانی کوردی و فارسی و تورکی نەخشاندووە)**[٣٩].

- **سدیق ساڵح ئەحمەد:**

سدیق ساڵح ئەحمەد دەڵێت: (**حسێن ناظم، یەکەم کورد بووە، زۆر بەروونی و فراوانی مێژووی میرنشینی بابانی نووسیوەتەوە،توانیویەتی ڕاستی یەکانی ئەو سەردەمە بپارێزێ، بۆیە مێژوونووسێکی کوردی دووەم وەچەی دوای شەرەفخان لەقەڵەم دەدرێت)**[٤٠].

## دەرئەنجام

پاش شیکارو لێکۆڵینەوەم دەربارەی حسێن ناظم و ڕۆڵی لەبزاڤی ڕۆژنامەگەریی و مێژوونووسی کوردیدا گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی خوارەوە:

١- بەچاوگێڕانەوە بەژیاننامەو کارنامەی ئەم کەڵەپیاوەدا، ئەوەمان لەلا روون دەبێتەوە، کە ئەم کەسایەتییە پیاوێکە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دامەزراوەو خاوەن ئەزمون و هەڵگری پەیامێکی بەرزی مرۆڤ دۆستانە بووە.

٢- حسێن ناظم لەرایەڵەی پەیوەندیکردن بەبزوتنەوەو شۆڕشەکانی شێخ، هاتە مەیدانی سیاسییەوە، وەك مرۆڤێکی راستگۆو خاوەن هەستێکی نەتەوەییانەی بەرچاو ڕۆشن مێژوویەکی پاکی بۆ کوردو کوردستانەکەی تۆمار کردووە.

٣-لەرووی ڕۆشنبیرییەوە، سەرەتا لەڕێگەی ڕۆژنامەی (**ڕۆژی کوردستان**) هاتە نێو دنیای ڕۆژنامەوانی و پاشتر وەك خوێندەوارێکی شارەزاو پڕ زانیاری لەڕۆژنامەی (**ئومێد ئیستقلال و ژیان**) دا هونەری گەورەی خۆی نواند، بەشێوازێکی جیاواز لەوانەی پێش خۆی.

٤- ئەو باسانەی حسێن ناظم کردوونی بەکەرەسەی نووسینەکانی، زۆربەیان بۆ یەکەم جا لەسەریان نووسراوە، چەمکەکانی (**خۆشەویستی**) و (**کاروپیشە**) و (**هاوکاری و هاوئامانجی**) بەپێویستی زانیوون بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و پێشکەوتوو.

٥- بەیەکێك لە ڕێبەرانی نووسینی مێژووی نەتەوەکەی ناوزەد دەکرێت، زۆر بەوردی توانیویەتی ڕووداوەکانی یەکێك لەسەردەمە مێژووییەکان بەدەست خەت بنووسێتەوە، ئەویش بێگومان مێژووی بنەماڵەی بابانەکانە.

٦- حسێن ناظم بەیەکێك لەنووسەرانی دەستەی دووەمی مێژوونووسانی کورد لەقەڵەم دەدرێت.

٧- گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە تا ئێستاش ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی ئەم کەسایەتییە ون و نادیارە، تەنانەت زۆر لەڕۆشنبیرانی میللەتەکەمان پێی ئاشنا نین، فاکتەری سەرەکی ئەمەش دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی کە کارو کارنامەی ئەم کەسێتییە خراوەتە ژێر لێوەو فەرامۆش کراوە.

٨- تا ڕادەیەك توانیویەتی لەکاتی بەکارهێنانی زانیاری میتۆدی زانستی بپارێزێت.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە.
(٢) جەمیل رۆژبەیانی: من و دەفتەرەکەی حسێن ناظم، هاوکاری، ژمارە (١٠٢٨)، بەغداد، ١٩٨٨.
(٣) سدیق ساڵح: کتێبی (**تاریخ الامارة البابانیة**) هەر دەفتەرەکەی حسێن ناظم بەگە، بەشی یەکەم، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٧٩٩)، سلێمانی، ٢٠٠٢.
(٤) غەریب زێوەر: حسێن ناظم، ل٣٠.
(٥) سامی حسێن ناظم: مێژووی بابان و حسێن ناظم، هاوڵاتی، ژمارە (١٣٩).
(٦) وەڵامێك بۆ کاك غەریب زێوەر: هاوکاری، ژمارە ١٢٠٠، بەغداد، ١٩٩٠.
(٧) جەمیل رۆژبەیانی: من و دەفتەرەکەی حسێن ناظم بەگ، هاوکاری، ژمارە (١٠٢٨)، بەغداد، ١٩٨٨.
(٨) دەفتەرەکەی حسێن ناظم، رۆژی نوێ، ژمارە (٤)، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٣٧-٣٨.
(٩) مجلة المجمع العلمی العراقی، العدد (٧)، بغداد، ١٩٨٠.
(١٠) شێخ معروفی نودێ، دار المطبعة التمدن، بغداد، ل٦١.
(١١) بەرگی یەکەم، ١٩٦٢، ل٩٤-٩٥.
(١٢) د.کاوس قەفتان، چاپخانەی سلمانی الاعظمی، بەغداد، ١٩٦٩، ل٤-٥، ١٦.
(١٣) سامی حسێن ناظم: سەرچاوەی پێشوو.
(١٤) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم، بەغداد، دار الحریة للطباعة، ١٩٩٢، ل٩٦-٩٧.
(١٥) جەمال عبدالقادر بابان: کتاب تأریخ الاماره البابانیة تقیم وتعلیق، العدد (٧٦)، ٢٠٠٠، ل١٢٩.
(١٦) ئەمین زەکی وئەدەب، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٩، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٢.
(١٧) هاوکاری، ژمارە ١٠١٩، بەغداد، ١٩٩٨.
(١٨) هەمان سەرچاوە.
(١٩) جەمیل رۆژبەیانی: وەڵامێك بۆ کاك غەریب زێوەر، هاوکاری، ژمارە (١٢٠٠)، بەغداد، ١٩٩٠.
(٢٠) هەمان سەرچاوە.
(٢١) سامی حسێن ناظم: سەرچاوەی پێشوو.
(٢٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (حسێن ناظم بگ: تأریخ الامارة البابانیة، ترجمة، شکور مصطفی، محمد ملا عبدالکریم المدرس،، الطبعة الاول، هەولێر، ٢٠٠١.
(٢٣) سامی حسێن ناظم: سەرچاوەی پێشوو.
(٢٤) حسێن ناظم بگ: تأریخ البابانیة، ترجمة، شکور مصطفی، محمد ملا عبدالکریم المدرس، ط (١)، هەولێر، ٢٠٠١.
(٢٥) چاوپێکەوتن: لەگەڵ سامی حسێن ناظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.
(٢٦) چاوپێکەوتن: لەگەڵ سامی حسێن ناظم، ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.
(٢٧) حسێن ناظم بگ: تأریخ الامارة الامارة البابانیة: الترجمة، شکور مصطفی، محمد الملا عبدالکریم المدرس، ط(١)، ٢٠٠١، هەولێر.
(٢٨) حسێن ناظم بگ، هەمان سەرچاوە.
(٢٩) بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە لاپەڕە (١٨٣).
(٣٠) حسێن ناظم بگ: تأریخ الامارة البابانیة، الترجمة: شکور مصطفی، محمد الملا عبدالکریم المدرس، ط(١)، هەولێر، ٢٠٠١.
(٣١) چاوپێکەوتن لەرێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٥.
(٣٢) گۆڤاری سلێمانی، ل٢٦.
(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.
(٣٤) سەرچاوەی پێشوو.
(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.
(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.
(٣٧) چاوپێکەوتن لەرێکەوتی ٢٠٠٥/٣/١٩، سلێمانی.
(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.
(٣٩) چاوپێکەوتن لەرێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١١، سلێمانی.
(٤٠) چاوپێکەوتن لەرێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٢٨، سلێمانی.
(٤١) چاوپێکەوتن لەرێکەوتی ٢٠٠٥/٣/٢٩.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ کتێبە کوردییەکان:


**ئەحمەد خواجە:-**
١- چیم دی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٦٨.
٢- چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەفیق، بەغداد ١٩٦٨.
**ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە:-**
٣- شاری سلێمانی بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەغداد، ١٩٨٧.
**ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی:-**
٤- شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
**ئومێد ئاشنا:-**
٥-دەربارەی ئەدەب و مێژووی، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.
**برایمی مەلا:-**
٦- رۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تا چەرخی نوێکاری، هەولێر، ١٩٩٨.
**تۆفیق قەفتان:-**
٧-مێژووی حوکمدارانی بابان لەقەلاچوالان تا دروست کردنی شاری سلێمانی، چاپخانەی (**سلیمان الاعظمی**) بەغداد، ١٩٦٩.
جەمال بابان.. و ئەوانی دیکە:-
٨- سلێمانی شارە گەشاوەکەم،بەرگی سێ یەم، چاپ و ئۆفسێتی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
**جەمال خەزنەدار:-**
٩- بانگی کوردستان، چاپخانەی دار الحریة، بەغداد، ١٩٧٤.
١٠- رابەری رۆژنامەگەری کوردی، وەزارەتی راگەیاندن، ١٩٧٣.

١١- ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣، چاپخانەی دار الحریة، بەغداد، ١٩٧٣.
**حەمە سەعید حەمە کەریم:-**
١٢- یادی هەشتاو یەك ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی، سلێمانی ١٩٧٩.
**حەمە ساڵح فەرهادی:-**
١٣- چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد ١٩٨٩.
**حسێن ناظم بەگ:-**
١٤- تأریخ الامارة البابانیة، ترجمة: شکور مصطفی، محمد مەلا عبدالکریم المدرس، الطبعة الاولی، هەولێر، ٢٠٠١.
**ڕەفیق حیلمی:-**
١٥- یاداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان، هەولێر ١٩٩٨.
**ڕەفیق ساڵح ئەحمەد:-**
١٦- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسی کوردی لەشاری سلێمانی(١٩٢٠-١٩٩٠)، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٧- ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، لەسەر نووسینی سدیق ساڵح، چاپ و ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٨- ڕۆژنامەی ژیان، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، بەرگی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
١٩- ڕۆژنامەی ژیان، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، بەرگی سێ یەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٤.
**ڕەمزی قەزاز:-**
٢٠- بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەوە تا چەرخی بیست، سلێمانی، ١٩٧٠.
**طاهر ئەحمەد حەوێزی:-**
٢١- مێژووی کۆیە: بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٦٢.
**عەلائەدین سوجادی:-**
٢٢- شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق، چاپخانەی مەعاریف بەغداد، ١٩٥٩.
٢٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧١.
**عەبدوڵلا زەنگەنە:-**
٢٤- ژیانەوە شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤-١٩٢٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.
**عەبدولجەبار محمد جەباری:-**
٢٥- مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٧٠.
**مەلا عەبدوڵلا زێوەر:-**
٢٦- گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم (چاپخانەی الادیب البغدادیة)، بەغداد، ١٩٨٥.
**عوسمان سەید قادر باخچەیی:-**
٢٧- ژیاننامەی مێژوونووسانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
**عومەر مەعروف بەزرنجی:-**
٢٨- مەحموود خانی دزلی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
**غەفوری میرزا کەریم:-**
٢٩- کۆمەڵەی زانستی ١٩٢٦، چاپخانەی دار الحریة، بەغداد، ١٩٨٥.
**فاروق عەلی عومەر:-**
٣٠- ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا بەرابیەکان ١٩١٤-١٩٣٩، وەرگێڕانی تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
**کەریم زەند:-**
٣١- خەرمان-شارا، تۆماری تەمەن، ئەرشیفی (٣) چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣٢- گەشتی زەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
**کەمال مەزهەر ئەحمەد:-**
٣٣- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨.
٣٤- چەند لایەنێکی لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیە، بەغداد، ١٩٨٥.
**محەمەد ڕەسول هاوار:-**
٣٥-شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١.
٣٦- پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی العانی، بەغداد، ١٩٧٠.
**مێجەر نوئێل:-**
٣٧- سەرنج دانێکی بارودۆخی کورد، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسف، و.سدیق ساڵح، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی ، ٢٠٠١.
٣٨- یاداشتەکانی مێجەر نوئێل لەکوردستان، وەرگێڕانی: حسێن ئەحمەد... ئەوانی دیکە، بەغداد، ١٩٨٤.
٣٩- ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
**٤٠- مارتن فان برنەسین:-**
ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە، د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
**نەوشێروان مستەفا ئەمین:-**
٤١- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی لەساڵانی هەردوو جەنگی جیهانی (١٩١٨-١٩٣٨)، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٤٢- کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت، ١٩٢٨-١٩٣١، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.
٤٣- میراتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

**وریا جاف:-**
٤٤- کـاروانی ڕۆژنامەگـەری کـوردی، ولآتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکا، (ڤەرجینیا)، ١٩٩٩.

**دووەم: کتێبە عەرەبییەکان:**

**عبدالجبار محمد الجباری:-**
٤٥- تاريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥.

**محمد خال:-**
٤٦- الشيخ معروف النودهي البرزنجي، دار الطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١.

**سێ یەم/ گۆڤارە کوردییەکان:-**

**جەمیل ڕۆژبەیانی:-**
٤٧- دەفتەرەکەی حسێن ناظم، ڕۆژی نوێ، ژمارە (٤)، چاپخانەی کامەران، سلێمانی- ١٩٦٠.

**عیزەدین مستەفا رەسول (دکتۆر):-**
٤٨- ئەمین زەکی و ئەدەب، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٩)، سلێمانی، ١٩٩٨.

**غەریب زێوەر:-**
٤٩- حسێن ناظم، سلێمانی، ژمارە (١١) سلێمانی، ١٩٦٩.

**فەرهاد عەونی:-**
٥٠- کورتە باسێك دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی لەکوردستانی عێراقدا، ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (١)، سلێمانی، ٢٠٠٠.

**کەمال ڕەئوف محەمەد:-**
٥١- بەبەڵگەوە خوێندنەوەیەکی ڕاستی ڕۆژنامەوان حسێن ناظم، نڤار، ژمارە (٢)، سلێمانی، ١٩٩٨.

**مستەفا ساڵح کەریم:-**
٥٢- حسێن ناظم خزمەت گوزارانی کورد، کاروان، ژمارە (٧٨)، هەولێر، ١٩٨٩.
٥٣- (حسێن ناظم)ی سەرنووسەرو مێژوونووس و ڕۆژنامەوان، پەیڤین، ژمارە (١١-١٢)، سلێمانی، ٢٠٠١.

**چوارەم/ گۆڤارە عەرەبییەکان:-**

**جمیل ڕوژبەیانی:-**
٥٤- مندلی في التاريخ، مجلة المجمع العلمي العراقي، العدد (٧)، ١٩٨٠.

**جمال عبدالقادر بابان:-**
٥٥- كتاب تأريخ الامارة البابانية تقديم و تعليق، گولان، العدد (٧٦)، ٢٠٠٠.

**پێنجەم/ ڕۆژنامە کوردییەکان:-**

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)
(٥٦) پێشکەوتن، ژمارە (٣٧)، ١٩٢٠/١/٦.
(٥٧) پێشکەوتن، ژمارە (٤٣)، ١٩٢٠/٢/١٧.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)
(٥٨) ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٣)، ١٩٢٢/١١/١٥.

ڕۆژنامەی (ئومێد ئیستقلال)
(٥٩) ئومێدی ئیسقلال، ژمارە (١٥)، / /١٩٢٣.
(٦٠) ئومێدی ئیستقلال، ژمارە (١٦)، / /١٩٢٣.
(٦١) ئومێدی ئیستقلال، ژمارە (١٧)، / /١٩٢٣.

ڕۆژنامەی (ژیان)
(٦٢) ژیان، ژمارە (٢٦٥)، ١٩٣٠/١٢/٢٢.
(٦٣) ژیان، ژمارە (٢٦٦)، ١٩٣٠/١/١.
(٦٤) ژیان، ژمارە (٢٦٨)، ١٩٣٠/١/١٥.
(٦٥) ژیان، ژمارە (٢٦٩)، ١٩٣٠/١/٢٦.
(٦٦) ژیان، ژمارە (٢٧٣)، ١٩٣١/٣/٥.
(٦٧) ژیان، ژمارە (٢٧٦)، ١٩٣١/٣/٢٦.
(٦٨) ژیان، ژمارە (٢٨٩)، ١٩٣١/٧/١٦.
(٦٩) ژیان، ژمارە (٢٩٠)، ١٩٣١/٨/٦.
(٧٠) ژیان، ژمارە (٢٩٩)، ١٩٣١/١١/٩.
(٧١) ژیان، ژمارە (٣٠٥)، ١٩٣١/١٢/٢٤.

**جەمیل ڕۆژبەیانی:-**
(٧٢) من و دەفتەرەکەی حسێن ناظم بەگ، هاوکاری، ژمارە (١٠٢٨) بەغداد، ١٩٨٨.
(٧٣) وەڵامێك بۆ کاك غەریب زێوەر، هاوکاری، ژمارە (١٢٠٠)، بەغداد،. ١٩٩٠.

**سامی حسێن ناظم:-**
(٧٤) مێژووی بابان و حسێن ناظم، هاوڵاتی، ژمارە (١٣٩)، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**سدیق ساڵح:-**
(٧٥) کتێبی **(تأريخ الامارة البابانية)** هەر دەفتەرە ونەکەی حسێن ناظم بەگە، بەشی یەکەم، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٧٩٩)، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**عزەددین مستەفا رەسول (دکتۆر):-**
(٧٦) بەگ حسێن ناظم: هاوکاری، ژمارە(١٣٩)، بەغداد، ١٩٨٨.

**غەریب زێوەر:-**
(٧٧) چەمکێك لەمێژووی کورد **(حسێن ناظم)** هاوکاری، ژمارە (١٠٩٢)، بغداد، ١٩٩٠.

**شەشەم/ ڕۆژنامە عەرەبییەکان:-**
(٧٨) الاعلام الكرد، التآخي، ژمارەکەی نادیارە، بغداد، ١٩٧١.

**حەوتەم/ چاوپێکەوتنەکان:-**
(٧٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ **(ڕەفیق ساڵح ئەحمەد)** لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/٣/١٩، سلێمانی.
(٨٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ **(کەریم زەند)**، لەڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١١، سلێمانی.
(٨١) چاوپێکەوتن لەگەڵ **(سامی حسێن ناظم)** لەڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٥، سلێمانی.
(٨٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ **(جەمال بابان)** لەڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٢٨، سلێمانی.
(٨٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ **(سدیق ساڵح)** لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/٣/٢٩، سلێمانی.

**هەشتەم/ ئەرشیفی خاك T.V :-**
(٨٤) بەرنامەی تێکستی خاك، ٢٠٠٤/٥/٥، سلێمانی.


AlayAzadi
ئالای ئازادی

# دیدی سیاسیی لە هەفتەنامەی ( ئالای ئازادی )دا ١٩٩٤-١٩٩٧

## خوێندنەوەیەکی رەخنەیی


ئامادەکردنی:

رەنج شوکری تۆفیق


## دەستپێك

سەرۆکی ئەمریکی جێفەرسۆن دەڵێ: **"رۆژنامە هۆکارێکی باشە بۆ رۆشنکردنەوەی عەقڵی مرۆڤ، بۆ پێشکەوتنی وەك کائینێکی عاقڵی ئیتیکی و کۆمەڵایەتی".**[١] ئەم بۆچوونەی جێفەرسۆن سەداسەد بۆچوونێکی لۆژیکی و پڕمانایە لە بەرانبەر چەمکی رۆژنامەدا. هەمیشە سەرنج لەوە دەدەین کە ئایا رۆژنامە بەو پێیەی ئۆرگانی کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراوە ئیتر ئەو کۆمەڵە ئینستیتوتێکی بێلایەن بێ یاخود حیزبێك یان ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی؟ بە چ رێگەیەك ئەو مانایە دەپێکن؟ چونکە رۆژنامە دواجار بەلایەنێکی سلبیدا خۆی دەنوێنێت ئەگەر لەمانا راستەقینەکەی، خۆ دەرباز بکات.

لێرەوە حزب یەکێکە لەو دەسەڵاتانەی کە دەبێتە ئۆرگانی رۆژنامەو بۆ هەر حزبێکیش جۆرێك لە سیاسەت هەیە، ئەم سیاسەتی حزب وا دەکات کە هەڵوێستەیەك هەبێت یان بە پێچەوانەوە حەقیقەتەکان بکوژێت و رێڕەوی سەرەکی بگۆڕێت... ئەوەی دێتە وتن ئەوەیە کە سیاسەتی حزب لە رۆژنامەدا بە زۆر شێوە خۆی دەردەکەوێت، بەڵام دۆزینەوەی ئەو شێوانە کارێکی سانا نییە و گەڕانێکی وردی دەوێت.

هەر بۆیە (سەروتار) یان هەر ستوونێکی دیکە لە شێوەی سەروتاردا دەروازەی یەکەمەو دەکرێت بڵێین داردەستی حزبە لە رۆژنامەدا، هەمیشەش رۆژنامە هەوڵی ئەوە دەدات لە رێگەی سەروتارەوە تایبەتمەندییەکی سیاسی بدات بەخۆی، تایبەتمەندی یەکەمی رۆژنامەش بریتییەلە پێداگرتنی لەسەر سیاسەتی رۆژنامەکە.[٢] بەواتای پێداگرتن لەسەر سیاسەتی حزب بەوپێیەی کە ئەو رێنوێنی رۆژنامەکە دەکات. (ئالای ئازادی) وەك ئەوەی بە رۆژنامەیەکی سیاسیی ناسراوە لە مەیدانی رۆژنامەوانیی کوردیدا، کە تاڕادەیەکی زۆر سنوور بۆ کێشراوە یاخود بەشێوەی موتڵەقیەتێکی ناهەمیشەیی هەڵوێستەی بەرانبەر گۆڕانکاری و کێشە سیاسییەکان هەبووە بەتایبەت لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٧)کە گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورە لە ناوچەکەدا رووی دا.

ئەم توێژینەوەیە گەڕانێکی خێرایە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی سیاسەت و ڕۆژنامە.

هەیکەل دەڵێت: ئەو پەیوەندییەی لەنێوان سیاسەت و ڕۆژنامەدایە، بوونێکی ئاڵۆزی هەیە لە هەموو جیهاندا بەتایبەت لە جیهانی ئێمەدا، جیهانی سێیەم، کە ئاڵۆزترە، چونکە زانستی نوێ لە زۆربەی وڵاتانی ئێمەدا شتێکی گوازراوەیە، تازەگەریش سیمایەکی خوازراوە لەبەر ئەوەی بە ڕۆژئاواییکردن بەلاسایی کردنەوە ئاسانەو تازەگەری ڕاستەقینەش کارێکی گرانە هەروەها هۆکاری ڕۆشنکردنەوەی دەتوانرێ بگۆڕێ بۆ کەرەستەی تاریککەرەوە.[٣]

ئەم توێژینەوەیەش لەو سێ ئاستەدا کە کاری تیا کراوە ڕەنگە شتێکی وای تیابەدی بکرێت، دواجاریش وەك لەوەڵامی پرسیارێك بۆ (ئاڵای ئازادی) کە لە کتێبی (چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی)دا هاتووە، (ئاڵا) تاڕادەی لە ٥٠٪گرنگی بو ڕۆشنبیری حزبایەتی دەدات.[٤] ئەمەش دەروازەیەکی فراوانە بۆ چەسپاندنی بیری سیاسی حزب، ئەوەشی کە زیاتر هەستی پێ دەکرێت لە میانی دەساڵی دوای ڕاپەڕین ئەوەیە کە (ئاڵای ئازادی) دەیەوێ باسی ئایدۆلۆژیەتی چەپ و نەتەوایەتی بکات، کە ئەم دوانەش لەگەڵ سیاسەتی (ح.ز.ك)دا دەگونجێ.[٥]

لەکۆتاییدا دەخوام کە لە هیچ شوێنێکدا بە هەڵە نەچووبم، چونکە ئەوەی ئێمە نامانەوی... دەبێت، وەك ئەوەی لە کتێبی (ئازادی لە ڕۆژنامەگەریی حزبیدا) هاتووە: سەیر نییە کە حزبەکان کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنیان کۆنترۆڵ کردووە و تاڕادەیەکی زۆر بۆ ئامانجەکانی خۆیان و هەندێ جار بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاری دەبەن.[٦]

## بەشی یەکەم

**هەڵوێستی سیاسی حزب لە واقعی ڕۆژنامەدا...**

**ا-سەرەتای پێش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (سەرەتای ١٩٩٤):-**

سەرەتای ساڵی (١٩٩٤) سەرەتای دەستپێکردنی کۆمەڵێك نەهامەتی بوو بۆ کورد، سەرەتایەك بوو بۆ شەڕی ناوخۆ.

تیرۆر و بڵاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆر، یەکەمین شتێك بوو کە گۆمی وەستاوی شڵەقاند و بارە ئاساییەکەی گۆڕی بۆ بارێکی جوڵاو. **(ئاڵای ئازادی)** زمانی خۆی لێرە بەم شێوەیە دەرخست کە (ح.ز.ك) دژی هەموو کارێکی تیرۆریستیانەیەو دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە. ئەگەرچی ئەمە شیاوە لەبەردەم چەمکی تیرۆر و سەرهەڵدانی لەنێوەندەکەدا، بەڵام وەڵام لەبەردەم کام پرسیاری نادیاردا؟ "بەهەر هۆیەکی قوول یان کردەیەك کە شێوەیەکی ئابووری و سیاسیی لە پشتەوەبێت، نەشیاوە بۆ هیچ کەسێك نەفی دیاردەیەکی وەکو تیرۆر نەکات کە لەم ڕۆژەدا بۆتە دیاردەیەکی ترسناك، و نەشیاوە پشتگیری لێبکرێ لە ڕووی دروستبوونەوەو پێویستی بەلادانە لەبووندا"[١١]

دواجار ئەم باسە درێژەی دەبێت و لە ژمارەیەکی دیکە دا نووسراوە **(جێی داخە هەرکەسێك دەمی دەکاتەوە زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت ئەو دیاردەیە خۆمانین و خۆمان لەپشتەوە وەستاوین بەتایبەتیش لێپرسراوانی هەردوو حزبی سەرەکی لە کوردستان).**

بارودۆخەکە هەر بەوەوە ناوەستێت بەڵکو دواجار دەیەها کێشەی دیکە سەرهەڵدەدات ئەمەو دەیان وتاری دی دەبینرێت کە هەڵوێستەی بارودۆخەکەیەو نەکراوە سیاسەتی حزبی لێی بێدەنگ بێت.

لێرەوە جۆرێك لە بێموبالاتی حزبە دەسەڵاتدارەکان سەر هەڵدەدات بە پشتگوێ خستنی هەردوو چەمکی **(فرە حزبی)** و **(دیموکراسی)** کە وەك دوانەیەکی لێك دانەبڕاو هەن، لەوەدا وەك چەمك ئامادەییان هەیە کە لە وتار و سیاسەتی حزبەکاندا باسیان لێوەکراوە، بەڵام لەلایەنی کارپێکردنێکی جدیانەو وەرگرتنی ڕایە جیاوازەکان شتێکی دیکەیە.

فرە حزبی کە یەکێکە لە شێوەکانی فەرمانڕەوایی لەنێو کۆمەڵە مرۆییە شارستانییەکاندا سەری هەڵداوە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەنگ و ڕیشانەی کە مێژوویەکی دێرینیان هەیە، فرە حزبی تازەترین شێوەی جۆری ئەو دەسەڵاتەیە کە دەوڵەت

هەڵدەسوڕێنێ و کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی بەڕێوەدەبات.[١٢]

لە رووی دیموکراسیشەوە **(ئاڵای ئازادی)** دەڵێت **(دیموکراسی واتە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی)**. یان بەوتەی **(کلیۆن)**ی سیاسەتمەداری یۆنانی کە دەڵێت دیموکراسیەت دەسەڵاتی گەلەو لەلایەن گەل و لەپێناوی گەلدایە. هەبۆیەشە ئەم دەسەڵاتە فەرمانڕەوایە دەکرێت بڵێین دەسەڵاتی گەلە.[١٣]

دواجار ئەو هەڵوێستە لە مەحکومکردنی هەردوو حزبی دەسەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە:

نابێ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار کە کلیلی وەزعیان بەدەستە گیروگرفتی وەزعەکە پشتگوێ بخەن.

لە کتێبی (گرفتە سەرەکیەکانی کورد)دا هاتووە کە:- **(هێندێ ساویلکە هەن، تاوانی ئەم جەنگەی نێو خۆی نێوان پارتی و یەکێتی، لە ئەستۆی داگیرکەرانی کوردستان، ئەمریکاو دەوڵەتەکانی خۆرئاواوە دەئاڵێنن؟ نازانم بۆ؟ بەڵگەیان بۆ ئەوە چییە؟ بۆ ئەوان بەتاوانباری یەکەم دادەنێن؟ بە چ شێوەیەك ئەوان توانیان ئەو جەنگە نێوخۆییەی نێوان رێکخراوەکانی کوردستان هەڵگیرسێنن؟ گریمان ئەوان هەڵیان گیرساند، ئەدی سەرانی کورد خۆیان چی بوون؟ بۆ گوێیان لە فەرمانەکانی ئەوان راگرت؟)**[١٤].. ئەمە وەڵامێکە بۆ هەموو ئەو رایانەی کە شەڕی نێوخۆ لە ئەستۆی وڵاتانی دەرەوە دادەنێن، (ح.ز.ك) و (ئاڵای ئازادی)ش هەر لەو روانگەیەوە تاوانی گرفتەکانیان داوەتە پاڵ هەردوو حزب خۆیان.

دواجار (ئاڵا) لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ: **(سیاسەتی چەوتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار)** و رەفزی سیاسەتی **(پەنجا بە پەنجا)** دەکات.

رۆچوونی بەردەوامی **(ئاڵای ئازادی)** و وێناکردنی ئەو دیاردە ترسناکە (شەڕی ناوخۆ)، ئەوە دەردەخات کە حزب لە روانگەی تایبەتی خۆیەوە هەمیشە بە هەڵوێستەو بێدەنگ نییە لە ئاست ئەو دیاردانەدا، هەروەك خوێندنەوەی خێرایی بۆ شتەکان کردووە، (ئاڵا) لە خوێندنەوەی دیاردەی تیرۆردا نووسیوێتی:-

(٤)جۆر تیرۆر هەیە:-

تیرۆری کارمەندی (UN)، کە لە ئەستۆی رژێمی بەغداو وڵاتانی دەوروبەرە.

تیرۆری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، کە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە.

تیرۆری ژنان، ئەویش بەبیانووی دەرچوون لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.

گەرچی دەنگی حزب و هەڵوێستی هیچ حزبێکی دیکە نەیتوانی ئەو گرفتانەی نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکان کپ بکات، هەربۆیە لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٩٤ دا شەڕی ناوخۆ وەك **(ئاڵای ئازادی)** ناوی دەبات بە **(شەڕی خۆکوژی)** دەستی پێکرد.

**ب- دەستپێکردنی شەڕ و ئاگربەس (لە ئایاری ١٩٩٤)ەوە**

لە ئایاری (١٩٩٤)ەوە کاتێك شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد، گشت حزبە سیاسییەکان و جەماوەر دەنگی خۆیان دژی شەڕ بەرز کردەوە، فاکتەرەکانی شەڕی ناوخۆ بە خوێندنەوەیەکی چڕ زۆرن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەم شەڕە لە میانی زاڵبوون و دەست بەسەراگرتنی نفوزێکی گەورەیە بۆ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار.

هەوڵەکانی (ح.ز.ك) وەك یەکێك لە حزبە کوردییەکان و هەڵوێستەکانی ئەو حزبە لە (ئاڵای ئازادی) قورس دەکەوتنەوە، حزب بەرەخنەی توندی دادەبەزییە سەر ئەو شەڕە و بە زۆر لەم شێوانە ئاماژەی پێداوە:-

* ئەم شەڕە شەڕی خۆکوژییە.
* لەدەستدانی دەستکەوتەکانی راپەڕینە.
* لەدەستدانی مسداقیەتی حزبیە.
* گەڕانەوەیە بەرەو دوا.
* لەپێناوی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتییە.

**لە نێو ئەم قسانەشدا بەشێك لەو پێشنیارانەش کە حزب داوێتی بەم شێوەیە بووە:-**

* بە دیموکراسی دەکرێت شەڕی ناوخۆ بنەبڕ بێ.
* ئەگەر شەڕ رابگیرێ ئەوا هیچ کۆسپ و بەربەستێك لە ئارادا نییە.

* بەراگرتنی شەڕ کێشەکان تەواو دەبن.

* زەرورەتی ئاشتی بۆ ئێستای کوردستان گرنگە.

* دەکرێ هەردوو حزب کۆببنەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو وەزعە.

بەهەر شێوەیەك بوو حزبە دەسەڵاتدارەکان ئەمەیان لە هیچ کاك لەو حزبانەی دیکە وەرنەگرت، بەڵکو شەڕ بەردەوام بوو تا کۆبوونەوەی یەکەمی **(پارتی و یەکێتی)** لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عێراق (I.N.C) لە (٢٠/٥/١٩٩٤)داو دەستپێکردنی ئاگربەس، دەکرێ وێناکردنی ئاگربەستیش بەشێوەی (نەشەڕ نە ئاشتی) بێت، چونکە لەم ماوەیەدا هەردوو حزب بە جۆرێکی دیکە ئامانجی سیاسی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە.

ماوەی **(شەڕ و ئاگربەس)** خاڵێکی جەوهەری گرنگە گەر قسەی لەسەر بکرێ، هەر لەم ماوەیەشدا **(پارتی و یەکێتی)** بە مەبەستی رێککەوتننامەیەك لە **(دبلن)** چەند جارێك دانیشتن، رێککەوتننامەی **(دبلن)**یش هەر سەرنەکەوتوو بوو، دیارە **(ئاڵای ئازادی)** لەم کارە بێدەنگ نەبوو هەموو خاڵە نێگەتیڤ و ترسناکەکانی خستۆتە روو.

هەر لەم ماوەیەدا (ئاڵا) بەتوندی ئیدانەی چەند شتێکی دیکە دەکات و بەشێوەیەك لە شێوەکان دەیوروژێنێت:

*هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عێراق و مەحکومی ئەو سیاسەتەی **(تانسۆچیلەر)**.

*جموجوڵی سەربازی رژێمی عێراق بۆ سەر هەندێك لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان.

-گرنگترین ئەو مەنهەجیەتانەی کە **(ئاڵای ئازادی)** لەم ماوەیەدا هەیەتی بۆ دروست بوونی ستانداردێك لە هەڵوێست:-

***(ئاڵای ئازادی)** ویستویەتی بەهەر شێوەیەك بێت شەڕی ناوخۆ کپ بکات، دیارە ئەمە بەپێی پلانێکی پێشینەی حزب.

* **(ئاڵای ئازادی)** بۆ وشیارکردنەوەی جەماوەر کۆمەڵێك گوتاری سیاسی گەورە ئاراستەی ئەوان دەکات.

* وێناکردنێکی دژێوی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار.

* سەپاندن و قسەکردن لەسەر چەمکی دیموکراسی وەك یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

دواجار ئاڵا پێشبینی کردووە گەر شەڕ بەردەوام بوو ئەوا ئەزموونەکەمان لەدەست دەدەین و دوژمن بەخۆمان فێر دەکەین و... هتد، بەپێچەوانەشەوە گەر ئاشتی بێت ئەوا کێشەکان چارەسەر دەبن و دەکرێ چی و چی بکەین، ئەمە دەقاودەق ئەو پێناسەیەیە کە **(هارت لاسۆیل)** دەڵێت: "ئەرکی سیاسەت ئەوە نییە گرفتەکان چارەسەر بکات، بەڵکو ئەرکی سیاسەت ئەوەیە کە نەهێڵێت گرفتەکان سەر هەڵبدەن". لێرەوە دەبێت بزانین سیاسەت چ ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆدایە. کەواتە دەبێ سیاسەتمەدارەکان پێشبینی ئەوە بکەن کە لە داهاتوودا چ گرفتێك روو دەدات بۆ ئەوەی لە ئێستاوە نەهێڵن روو بدات و، بەم پێیە سیاسەت بریتییە لە بەرژەوەندی گشتی هاوولاتیانی میللەتەکە".[١٥]

بەپێچەوانەشەوە (ئاڵا) هەندێك (سینتاکس)ی وای بەکاربردووە کە دەلالەت لە نەبوونێکی رابردوو دەکات بۆ نموونە: (گەر پێشتر ئەوەمان هەبوایە، ئەوا وادەبوو) یان (دەبوو پێشتر ئەم کارەمان بکردبا).

هەڵوێستی سیاسی حزب لە **(ئاڵای ئازادی)**دا بەم شێوەیە خۆی نواندووە کە دوا ژمارەی (ئاڵا) لەشەڕی ناوخۆدا پێش رووداوی (٣١/ئاب) (٢٢٢)ی (١٥/٨/١٩٩٦)بووە.

ئەوە بوو (ئاڵا) لەدوای ئەمەوە بۆ ماوەی (١٤٣)رۆژ وەستا کە دەکاتە نزیکەی چوار مانگ و نیو بەڵام ئەم رووداوە بارەسیاسییەکەی بە تەواوی گۆڕیوو لە دوای ئەوەوە دۆخێکی دیکە هاتە ئارا کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پێشوودا هەبوو.

## بەشی دووەم

**رەنگدانەوەی چەپڕەوی وەك چەمکێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژی:**

چەپڕەوی وەك **(نۆربرتۆ بۆ بیۆ)** دەڵێت: چەمکێکی دژە لە بەرانبەر چەمکی راستڕەویدا،

سەرەتای ئەم دژ بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدە لەمەوبەر (**لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی فەرەنسا**)دا ئەم، دوو چەمکە وەك ئایدۆلۆژیا و بزووتنەوە دابەش بوونەتە سەر مومارەسەو فكری سیاسی کە هەرگیز ناکرێت لەیەك کاتدا کۆ بکرێنەوە.(١٦)

دواتر شۆڕشی تەممووزی (١٨٣٠)یش لەخودی فەرەنسادا هەردوو زاراوەی جوڵانەوەی (**ڕاست و چەپی**)ی هێنایە بوون کە هاوکات بوو لەگەڵ لەدایك بوونی کۆمەڵێ چەمك و زاراوەی دیکە، وەك (سۆسیالیزم، بۆرژوازی، پرۆلیتاریا) لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەمدا، لەو سەردەمەدا هەردوو زاراوەی (**ڕاست و چەپ**) بوونە ناسنامەی ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیاو بزاوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، لە دوو دەیەی ڕابردووداو دوابەدوای بانگەشەی (**مەرگی ئایدۆلۆژیا**) و شکستی یەکێتی شۆرەوی پاشەکشەیەکی سیاسی و فكری بە چەپ و بزاوتە سیاسییەکەی کراو گومانەکان لە بارەی سەرلەنوێ هەستانەوەی چەپ پەیدا بوون، بەڵام ئەو واقیعیەتەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بووەوە لەدوو دەیەی ڕابردوودا بەتایبەتی لەدەیەی نەوەتەکاندا کە سەرمایەداری نەك هەر خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی و ئازادی و ماڤی مرۆڤی پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەکرد، بەڵکو نایەکسانی و ناعەدالەتی و جەنگ و کوشتار و لێسەندنەوەی دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی لە جاران زیاتر پەرەی سەند، چەپ بە بزووتنەوەیەك ناسراوە کە هەڵگری پەیامی یەکسانی و خۆشگوزەرانییەو لەم پێناوەشدا خەباتێکی دوور و درێژی هەیە، و ئایدۆلۆژیای چەپیش نایەکسانی و جیاوازی چینایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە قابیلی چارەسەر دەزانێت بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ڕاست کە هەمیشە هەوڵ دەدات ئەو دیاردانە بە ئەزەلیی نیشان بدات، خەباتی مرۆڤایەتی بۆ یەکسانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی خەباتێکی دوور و درێژە سەرەڕای ئیدیعاکانی (**کۆتایی مێژوو**)ی بیریارە بۆرژوازییەکانیش هەر درێژەی هەیەو جوڵانەوەی دژە جیهانگیریش کە چەپ کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئەو جوڵانەوەیە پێکدەهێنێت و ئەو چالاکیانەی لە ستایل و جەنەواو داڤۆس... هتد بەرپاکرا دژی سەرمایەداری ئەوەی سەلماند کە ئەگەرچی چەپ و بزووتنەوەی عەدالەتخوازی و پێشکەوتنخوازی بۆ قۆناغێك پاشەکشەی کرد، بەڵام ئەمڕۆ بە بەرگێکی نوێوەو لە جوڵانەوەیەکی نوێدا خەریکی ڕووبەڕووبوونەوەو خۆ ئامادەکردنە بۆ خەباتێکی نوێ دژی سەرمایەداریی.(١٧)


ئاشتیەکی ڕاستەقینە تەنها بەتەحریم کردنی
شەڕو هاوکاری نەکردنی داگیرکەران دێتەدی
ALAY AZADI
ئاڵای ئازادی
Freedom Banner Weekly Newspaper Issued By Kurdistan Toilers' Party

**أ–سەربەخۆیی:**

لە سروشتی خەبات و ئامانجەکانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی (ح.ز.ك)دا هاتووە کە حزب بە جێگەیاندنی خەباتی گەلی کوردستان لە ڕزگاری و سەربەخۆیی و نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی بە ئەرکی بنچینەیی خۆی دادەنێت، ئەگەرچی لە هەل و مەرجی ئێستادا فیدرالیزم بە هەنگاوێك دەزانێت لەو پێناوەدا.

جەبری جیۆپۆلەتیك و بەرژەوەندی زلهێزەکان وایکردووە کوردستانێکی سەربەخۆ خەونێکی ڕەنگاوڕەنگی ئێمە بێت، بەڵام پێویستە ئەو خەونە وەك خەیاڵگەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو زیهنی تاکەکانی ئێمەدا قەوارە ببەستێ، تاکە لەحزبەیەکی مێژوویی

دێتە ئاراوە بۆ واقیع بوونی، بۆیە لە ئێستادا بڕیاردانێك لەنێوان كوردستانێكی سەربەخۆ و مانەوە لەژێر سایەی دەوڵەتی عێراقدا پابەندە بەو هەل و مەرجە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە كە كاریگەرییان لەسەر ئێستا و ئایندەی كورد هەیە لەبەر ئەوە بڕیاردانێكی لەو جۆرە پێویستە لەژێر چاودێری لۆژیكی عەقڵدا بێت نەك كاریگەریی سۆز و ڕەهەندە ڕواڵەتییەكان.[18]

هەر ئەمەش وایكردووە سیستەمی بیركردنەوەی ئێمە لەنێو فەزایەكی پڕ چەمكدا تاوتوێی حەقیقەتەكانی پێنەكرێت. لە سەروبنی ئەم بۆچوونانەدا **(ئاڵای ئازادی)**دا ڕێبازی گەیشتن بە فیدرالیزمی وەك بەدیلێك لە بەرانبەر چەمكی سەربەخۆییدا گرتۆتە بەر، دیارە ئەمەش وەكو هەنگاوی یەكەم بۆ كورد و لەسەر بنەمای ڕێككەوتنی حزبە سیاسییەكان بەردەوامی خۆی وەرگرتووە.

چەمكی **(سەربەخۆیی)** لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كە پارچەكانی كوردستان بەنێوی **(یەكگرتنەوە)**وە كوردستانی گەورە پێكبهێنن كە دواجار ئەم سەربەخۆییە دادەبەزێتە سەر ئاستی (سەربەخۆیی ڕۆشنبیری، سەربەخۆیی ئابووری، سەربەخۆیی سیاسی، سەربەخۆیی زمان....) سەرەنجامیش دروستبوونی دەوڵەتی كوردی لەپاش تێپەڕبوونی بە قۆناغی (فیدراڵی)دا، دیارە ئەمەش بەهۆی ئامادەیی ڕژێمێكی دیكتاتۆری ڕەهاوە.

(میكافیلی) پێی وابوو كە باشترین سیستەم بۆ یەكێتی **(ئیتاڵیا)** بریتییە لەو ڕژێمەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتێكی مەركەزی دیكتاتۆری ڕەهاو بەهێز، كە هیچ هێزێكی دینی و دنیایی و ئەخلاقی لە پێناویدا نەوەستن.[19] بەراوردی ئەم ڕژێمەی میكافیلی و ڕژێمی بەعس وەك **(بەختیار عەلی)** دەڵێت **(ناوەند و ئاوێنە)**[20] واتە بەعس وەك ناوەند و لە ڕەهەندەكانیشیدا ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی هەن كە دەكرێت بڵێین دەسەڵاتێكی فرە ڕەهەندە، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە بەشێكی سیستەمی بەعس هەمان ئەو تیۆرانەیە كە **(میكافیلی)** پێش پێنج سەدە بۆ ئەمیری بەرهەمهێنابوو. كەواتە لەبەردەم ڕژێمێكی دەسەڵات ڕەهادا بەكاربردنی بیرۆكەی پلەیی **(فیدراڵیزم–سەربەخۆیی)** بۆ بەدەستهێنانی ویست و ئامانجەكان نۆرماڵێكی سەركەوتووەو **(ئاڵای ئازادی)** و (ح.ز.ك)یش، بەم شێوەیە دەتوانین ئەو نۆرماڵەیان تیا بەدی بكەین.

**ب– یەكگرتنەوە:**

یەكێك لە هۆكارەكانی دەركردنی ڕۆژنامەی **(كورد تعاون و تەرەقی غەزەتەسی)** ئەوە بوو كە پارچەكانی كوردستان یەك بگرن، وەك ئەوەی لە جێگایەكی ڕۆژنامەكەدا هاتووە "ئەوەی لازمە بۆ تەرەقی قەومی نەجیبی كورد هەمووی ڕێكبخەین. مەعاریفیان، حاڵی خۆشیان، ڕێكەوتنی ناوخۆیان، ئاشتبوونەوەی لەگەڵ هاو وەتەنیان".[21] لە ڕاستیدا ئەمە دیكۆمێنتێكە لە لاپەڕەكانی مێژوو كە كورد هەمیشە لە هەوڵی **(یەكگرتن)**دا بووە بۆ دروستكردنی خاكێكی یەك پارچە و كوردستانێكی گەورە، گەرچی گەلێك هۆكار و كۆسپی گەورە بوون لەبەردەم دروستبوونی قەوارەی گەورەی كوردیدا.

بەهەمان ئەو ڕۆحیەتە دروشمی دووەمی (ح.ز.ك)یش بریتییە لە یەكگرتنەوەی هەر چوار پارچەكەی كوردستان، كە حزب لە پێناو سەربەخۆیی و یەكگرتنەوەی كوردستان و دیموكراسی و بنیاتنانی سۆسیالیزمدا خەبات دەكات.[22]

ئەم چەمكە لە دوور نمای سیاسی حزبدا ئەو بەرنامە پێشینەیەی، كە هەرچەندە ڕەوتێكی چەپ و ماركسیانەی هەیە، بەڵام بەبێ جیاوازی بیروڕای ئاینی، ئەم ئایدیایە دێنێتە گۆڕێ. تەنانەت (ئاڵای ئازادی) لە زۆربەی ئەو وتارانەشیدا كە لە گۆشەی (هەڵوێستمان)دا دایبەزاندووە، پێی وایە شەڕی ناوخۆ فاكتەرێكی بەهێزە بۆ لەدەستدانی ئەو زەمینەیەی بانگهێشتی (یەكگرتنەوە)ی پێدەكرێت.

گەرچی ئەم دروشمانە سەرەتاكەیان سانا نییە كە چۆن و بە چ شێوەیەك دانراون...؟! بەڵام لەوێدا تێگەیشتنمان ئاسان دەبێت گەر هەلومەرجی بوونە دەوڵەتی كوردی لە یەكێتی سۆڤیەتدا ببینینەوە...

یەکگرتنــەوەی پارچــەکانی یــەکێتی ســۆڤیەت و ســەربەخۆبوونیان لــە هــەر لایــەکی دی و دواجــاریش بەکاربردنی سیستمی سۆسیالیستی،[٢٣] دیسان لـەو دروشمانــە دەکــات کــە (ح.ز.ك) هەڵگریــەتی، بــەڵام وەنــــەبێت ئەمــــە بــــەس بێــــت، چــونکە گوتـــاری ناسیۆنالیستی عەرەب و تـورك و فـارس ئەڵتـەرناتیڤی یەکگرتنــەوەی پارچــەکانی کوردســتانیانە هەیــە و سەرەنجامیش سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەت.

ج- **سۆسیالیزم:**

سۆســـیالیزم یەکــەمین قۆنــاغی ســەردەمێکی (کۆمەڵایەتی-ئابووری)ی، کۆمەڵگایەکە بـەپێی یاسا مادییەکان گەشەکردنی کۆمـەڵ لـە جێگـای سیستمی سەرمایەداری جێگیردەکات، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٢٨ دا بەلایەنگرانی (**رابرت ئاون**)یـان دەگـوت، لـە ساڵی ١٨٣٢دا لـە بڵاوکـراوەی ئۆرگـانی لایـەنگرانی (سان سیمۆن)دا بە مانای بیروباوەڕی (سان سیمۆن) گـوتراوە، دوای ئــەوەش لــە فەرەنـساو بــەریتانیاو ئــەڵمانیاو ئــەمریکادا ئــەم زاراوەیــە بــە زۆری لــە چاپەمەنییەکاندا بڵاو دەکرایەوە.[٢٤]

(مشیل عفلق) دەڵێت گەر پرسیاری ئەوەم لێبکەن بۆچــــی تامــــەزرۆییت هەیــــە بــــەلای سیــــستمی سۆسیالیزمدا، ئەوا دەڵێم ئەوەی من چاوم لەسـەرێتی و حەزی پێدەکەم زیـادبوونی سـامانێکی مـادی نییـە، بەڵکو سامانێکە بۆ ژیان، هیچ بە خەیاڵمدا نایـەت کـە خـەڵکی یەکسان بـن لـە وەرگرتنی خۆراکـدا، بـەڵکو مەبەستمە هەموو تاکێك لە کۆمەڵدا مەوهیبە و توانـای بخاتەڕوو.[٢٥]

دواجاریش دەڵێت گەر داوای سۆسیالیزمم کرد، بۆ ئەوەیــە کــە ژیــان لــەو کەســانە حــەرام نــەبێت کــە ویــستێکی شــاراوەیان هەیــە، گــەر ڕۆژێــك لــە ڕۆژان تەماشای سۆسیالیزمم کرد ئەوە هۆیەکە بۆ تێربـوونی برسییەکان و داپۆشینی رووتەکان.[٢٦]

ئەو مەبەستانەی (**عفلق**) هەیەتی، مەبەستگەلێکن کە مرۆڤایـەتی چـاوەڕوانی دەکـەن، بـەڵام بـەعس لـە دەسـەڵاتی رەهـادا هــەرگیز سـیمبوولەکانی سۆسیالیزمی بەهیچ کام لەم شێوانە تیـا نابینرێتـەوە هــەر بۆیەشــە هەمیــشە بــەعس دژی سیاســەتی حزبــە سۆسیالیــستییەکان وەســتاوە کــە رەنگــە یــەکێك لــەو فاکتەرانەی حزبە کوردییەکانیش کە بەدرێژایی ساڵانی حــەفتاو هەشــتاکان داوای سیــستمی سۆسیالیــستیان کردووە ئەوەبووبێت، یاخود سۆسیالیزم دەسەڵاتێکی نەرمە و پێچەوانەی دەسەڵاتی بەعسە، بۆیـە (ح.ز.ك) وا دەخوازێ کە:-

١- دەرکردنی یاسـایێکی پێـشکەو خوازانـەی کـار بـۆ کرێکــــاران و دابینکردنـــــی مافــــــە ئـــــابووری و کۆمەڵایەتییەکان و خانەنشینی.

٢- پەرەپێدانی یاسای لەشساغی کـار و تەندروسـتی پیشەسازی.

٣- دیـاریکردنی (٣٥) سـەعات کـار لـە هەفتەیەکـدا و بەرزکردنەوەی کرێ بەپێی پێداویستی رۆژانە.

٤- نەهێشتنی بێکاری لە رێی ئیشپێکردنی هـەموان بەپێی توانای جەسـتەیی و کارامـەییان و پەرەپێـدانی نەخشەی ئـابووری و بەگەڕخستنەوەی پیشەسازی و کشتوکاڵ.

٥- دانـی بیمـەی بێکـاری بـۆ هـەموو کەسـێك بـەپێی رێژەیەکی گونجاو بۆ بژێوی خێزانێك.

٦- دابینکردنی بەشداری کرێکـاران لـە بـەڕێوەبردنی کارگە و دەوڵەت و کۆمەڵدا.

٧- مـافی خـۆ رێکخـستن و بەشدارییان لـە نەخـشە و پلانی کارگە و بەڕێوەبردنی ئابووری وڵات.

٨- دابینکردنــی مــافی خۆپیــشاندان و مــانگرتن بــۆ کرێکاران بەبێ بڕینی کرێیان.

٩- یەکـسانی کرێــی ئــافرەت و پیــاو و دابینکردنــی دایەنگــە (حـضانە) و قەدەغــەکردنی کــاری قــورس و شــەوکاری و کــارپێکردنی لــە شــوێنە پیــشەسازییە زیانبەخشەکان.

١٠- بەرزکردنــەوەی ئاســتی هونــەرییان لــە رێگــەی کردنەوەی خولی فێرکردن و مەشق.

١١- کـــارپێکردنی منـــداڵان لـــە کارگـــە و شـــوێنە گشتییەکان قەدەغەبکرێ.[٢٧]

هەر بەم شێوەیەش لە (**ئـاڵای ئـازادی**)دا دەبیـنن کـە حزب بۆ برەوپێدانی ئـەو ویستە سۆسیالیستییە لـە

جەژنی کرێکاراندا کە (ای ئایار) دەکات هەموو ساڵێك بەرەخنە و پێشنیاری تازەوە دادەبەزێت، بۆ نموونە: لە ژمارە (١٢٠)ی (١/٥/١٩٩٤)دا نووسیویێتی:-

**(کێشەی کرێکاران و زەحمەتکێشان چارەسەر نەکراوە، لە بەر نەبوونی دیموکراسی و زەمانەتی کۆمەڵایەتی).**

* **(ای ئایار)**، ڕۆژی نیشاندانی یەکریزی کرێکارانە.
* با **(ای ئایار)** بکرێ بە ڕۆژی ڕێکخستنی زیاتری ریزەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەرزکردنەوەی ئیعتراز و داخوازییەکانی کرێکاران لەپێناو:

١- هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی پێشوو.

٢- دەرکردنی یاسایەکی کاری دیموکراسیانە.

٣- بوونی بیمە و زەمانەتی کۆمەیەتی بۆ کرێکاران.

٤- بوونی سەندیکایەکی سەربەخۆ و ڕەسەنەتی کرێکاران.

٥- کەمکردنەوەی گرانی.

دیارە ئەم خاڵانە ڕاستەوخۆ هەندێ لەو خاڵانەی پێشترن کە لەبەرنامەی (حزب)دا هاتووە: واتە دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی ڕاستەوخۆی حزبە لە ڕۆژنامەدا.

نوێنەرانی دەوڵەتانی سۆسیالیستی وایدەبینن کە ڕاگەیاندن بەو دیدەی ئەوان شۆڕشێکی ڕۆشنبیرییە دژی هەژاری و سەرمایەداری، لەباوەڕیاندایە کە کارکردنیان لەگەڵ ئاژانسی نیشتمانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم فاکتەرێکە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ڕاستەقینە و ئازادی ڕاگەیاندن.[٢٨]

ئەمەش خاڵێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان بۆچوونی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا، چونکە مارکس و ئەنجلس تەنیا لەسەرەتادا باوەڕیان بەسۆسیالیزم هەبووە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە قۆناغی کۆمۆنیزم و لەوێوە سەرجەم شێوەکانی سۆسیالیزمیان ڕەت کردۆتەوە **(سۆسیالیزمی بۆرجوازی بچووك، سۆسیالیزمی پارێزگاریی، سۆسیالیزمی تەوباوی)**.[٢٩]

هەر بۆیە ئەگەری هاتنە ئارای کۆمۆنیزم هەیە لە دوای تێپەڕبوون بە قۆناغی سۆسیالیزمدا، کە (ح.ز.ك) بەردەوام بە دروشمێکی سەرەکی دادەنێت و بەردەوامیش قسەی لەسەر دەکات کە ئەمەش لە پانتایی هەڵوێستی (ئاڵا)دا بە ڕوونی دیارەو هەنووکەش خاڵێکی جەوهەرییە لەو هەڵوێستەدا.

## بەشی سێیەم

### دەسەڵاتی ڕۆژنامە

#### أ- ئاراستە حزبیەکان:

ڕەنگە یەکێك لەو دەستە گەورانەی کە ڕۆژنامەی حزبی پەیڕەوی دەکات بریتی بێت لە ئاراستە حزبییەکان، یان با بڵێین بۆ هەر حزبە و دۆزینەوەی ئەو خاڵەی کە مەبەستییەتی و وەك دەرئەنجامێك دەیپشکنێ.

کاتێك کە **(مارکس)** بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەی **(نوێیە راینیشە سایتۆنگ)**ی دا کە سەنتەری سیاسی ڕابەرایەتی حزبی پرۆلیتاری لە ئەڵمانیاو ناوەندی سیاسی یەکێتی کۆمۆنیستی ئەندام بوون تیایدا، بەپێی یەکێك لە بۆچوونەکانی **(مارکس)** ڕایگەیاندبوو کە هەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی چاپەمەنی لە یەکێتییەکەدا، شتێکی زیادە.[٣٠] ئەم ڕایانەی مارکس لەو شوێنەوە سەخت دەبن کە ئازادی وەك چەمکێك ڕەفزدەکات و هەمان شت لەو یەکێتییەدا سنورێك دادەنێ و هەموو حەقیقەتێك بچووك دەکاتەوە بۆ مەبەستی سیاسی و وەرگرتنی ئەو ئاراستەیەی کە حزب دەگەیەنێتە دوا مەنزڵ.

گەڕانەوەی تەواو بۆ ئەو حاڵەتە تێکشکانی ئەو قودسیەتەیە کە ناوی خۆی ناوە **(ئاڵای ئازادی)**: هەڵگرتنی وشەی ئازادی ئەو دڵەڕاوکێ گەورەیە دروست دەکات کە ئازادی تا چ ڕادەیەك یان بە چ پێوەرێك؟

بەڕای زۆربەی فەیلەسووفەکان شتێك نییە ناوی **(ئازادی ڕەها)**بێت، واتە ئازادی لەخوار ڕەهاییەوە دەبێت بە بەردەوامی و بەشێکی ئەو بۆشاییەش بە هێڵێك پڕ دەکرێتەوە و ئەو پانتاییە داگیر دەکات کە حزب بۆ مەبەستی خۆی بەکاریدێنێ و ئەم ئاراستەیەش دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کۆبکرێتەوە:-

١- لایەنگیری هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەسەرەتادا.

هەواڵنامەی کتێب

٢– ئارامكردنـه‌وه‌ی بـارودۆخی ناهـه‌موار و پێـداگرتن له‌سه زه‌روره‌تی ئاشتی.

٣– سه‌رجه‌می ئـه‌و دێڕانـه‌ی كـه پێـشیان بـه **(حزبـی ئێمه)** یان (ح.ز.ك) گیراوه.

٤– ئـه‌و داواكاریانـه‌ی كـه بـۆ چـه‌مكی **(فره‌حزبـی)** هاتوونه‌ته ئاراوه.

٥– لایـه‌نگیریی یـه‌كێك لـه حزبـه ده‌سـه‌ڵاته‌كان لـه دواجاردا.

گه‌ڕانه‌وه‌و چاوپیاخـشانی ئـه‌و خاڵانـه‌ی سـه‌ره‌وه ئـه‌و وه‌ڵامـه‌مان ده‌داتـێ كـه لـه خـودی ده‌سـه‌ڵاتی رۆژنامـه‌دا ده‌سـه‌ڵاتێكی گـه‌وره‌تر هه‌یـه كـه هـه‌ڵگری وتاری حزبه و ئه‌و ئاراسته‌یه‌ش ئه‌وه دیاری ده‌كات، به‌هه‌ر نرخێكیش بێت رۆژنامه‌ی سیاسـیی بریتییـه لـه ده‌سـه‌ڵاتێكی فراوانـی حـزب و ده‌كرێـت بـه ئاسـانی گه‌مه‌ی تیا ئه‌نجام بدرێت، یان حـزب سـه‌رجه‌می ئـه‌و بیره‌ی له‌سه‌ر ئه‌وه بنیاد ده‌نێت كـه **(بـارێكی گـۆڕاو)** بۆ هه‌ر ژماره‌یه‌ك دیـاری بكـات. له‌پـشت هـه‌موو ئـه‌م وتارانه‌وه ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ ئه‌و بڕیارانه‌ی كه ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌وه ده‌یسه‌پێنێ، جارێك حزب بـه‌م شـێوه‌یه كـار ده‌كات و ئه‌مجاره به‌شـێوه‌یه‌كی دی، جـه‌خت له‌سـه‌ر هـه‌موو ئـه‌و مه‌تریالانـه ده‌كـات بـه جۆرێـك قـازانجی خۆیی تیـا ببینێتـه‌وه، ئـیتر ناكرێـت ئـه‌و هێڵـه پـشت گوێ بخرێ كه سه‌رئه‌نجام بیری ته‌سك و بیری فـراوان و بـیری مـۆدێرن و بـیری پێـشكه‌وتنخواز و... له‌وێـدا رێچكه ده‌سه‌بتن.

(لیـنین) ده‌ڵێـت: **(رۆژنامه‌یـه‌كم بـه‌رێ حزبێكـت ئـه‌ده‌مێ)**.[٣١] ئـه‌و جیاوازییـه زۆره‌ی كـه لـه‌نێوان چه‌مكی حزب وه‌ك حزب و رۆژنامه وه‌ك رۆژنامه‌یـه‌كی ئاسـایی، ده‌كرێـت پێـشینه ئـه‌و هه‌وڵانـه‌مان چـنگ بكه‌وێ كه **(لینین)** ئاراسته‌ی كردوون، له‌پشت گرنگـی رۆژنامه‌وه ئـه‌و بـاره قورسـه ده‌دۆزینـه‌وه كـه گیـانی خوێنه‌رانی رۆژنامه‌كه‌ی تیا نقوم بووه.

ئه‌گـــه‌ر ئـــه‌م په‌یوه‌ندییـــه دابه‌زێنینـــه ســـه‌ر رۆژنامه‌یه‌كی حزبی بـه حزبێـك، ئـه‌وا هاوكێشه‌كه‌مان راسته‌وانه‌یه و وته‌كه‌ی لینینیش له جێـی خـۆی دایـه، له‌هه‌مان كاتیشدا ئه‌م ئاراسته‌یه‌ی كـه باسـی ده‌كـه‌ین كۆمـه‌ڵگا بـه‌ره‌و گرفتێكـی سیاسـیی ده‌بـات، چـونكه كۆمه‌ڵگای سیاسیی بریتییه لـه ئـه‌نجامی ده‌سـه‌ڵات و بـه‌كارهێنانی ئـه‌و ده‌سـه‌ڵاته لـه بـواری په‌یوه‌ندییـه سیاسییه‌كان و سوڵته‌ی سیاسیی و توانای سیاسـیدا، بـــه‌ڵام كۆمـــه‌ڵگای مـــه‌ده‌نی بـــه په‌یوه‌ندییـــه به‌رانبـه‌ره‌كانی نێـوان تـاك و گروپـه‌كانی لـه‌جیاتی شێوه‌ی ده‌سه‌ڵاتی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌به‌رانبـه‌ر ده‌سـه‌ڵاتی سیاسی دا ده‌گوترێ، كۆمـه‌ڵگای مـه‌ده‌نی په‌یوه‌نـدی به‌بواری گشتی و ئامـانجی گشتییه‌وه هه‌یـه نـه‌ك بـه ده‌ســـتهێنانی ده‌ســـه‌ڵاتی سیاســـیی.[٣٢] ئـــه‌م په‌یوه‌ندییه پێچه‌وانه‌یه‌ی نێوان كۆمـه‌ڵگای مـه‌ده‌نی و كۆمه‌ڵگای سیاسیی بـۆ خـۆی دوو شـتی جیـاوازن كـه ئیتر حـزب ناتوانێت له‌گـه‌ڵ یه‌كدیدا رێكیـان بخـات و سه‌رجه‌می ئه‌و داوایانه‌ش كـه بـۆ كۆمـه‌ڵگای مـه‌ده‌نی ده‌كرێت، ته‌نیا كه‌لێنێكه به مانایـه‌ك لـه ماناكـان یـان چه‌قبه‌ستوویی ئه‌و هه‌موو بیره تێكه‌ڵه‌یه كه حـزب لـه خودی خۆیدا رۆژنامه‌ی پێ داگیر ده‌كات و هیچ گومان له‌وه‌ناكه‌م كه فره حزبی له جۆرێك نـارێكی ده‌سـه‌ڵات زیاتر هیچی تر ناپێكێ، چونكه ئه‌وكاته‌ی **(فره حزبی)** وه‌ك چـه‌مك كـاری پێكـرا هـه‌رگیزاو هـه‌رگیز ئـه‌و ده‌سه‌ڵاته بچووكانه رێك ناكه‌ون و كارێكی سـته‌مه بـۆ دروست بوونی ئه‌و قه‌واره مه‌ده‌نییه یان نارێكی حزب و رێككه‌وتنی حزب ده‌بێتـه فاكتـه‌رێك بـۆ رووخانـدنی چـــه‌مكی مه‌ده‌نیـــه‌ت، (ح.ز.ك) ســـه‌ره‌تا به‌دیـــدی سیاسیی خۆیـه‌وه هـه‌ردوو حزبـی ده‌سـه‌ڵاتدار له‌یـه‌ك ئاسـتدا ده‌بینێـت كـه دیـاره ئه‌مـه‌ش بـه دوو دیـدی جیـــاواز، دیـــدێكیان لایه‌نگیرییـــه‌و درێژه‌دانـــه بـــه‌و هـــه‌نگاوه‌ی كـــه ئـــه‌مان ناویانـــه، هه‌رچـــی دیـــدی دووه‌میشیانه ره‌خنه‌یه‌كی گشتگیره بۆ هه‌ردوو حزب.

به‌ڵام دوابه‌دوای هه‌ڵگیرساندنی شه‌ڕی نـاوخۆ ئـه‌م دیده ته‌واو پێچه‌وانه‌یه‌و (ح.ز.ك) ده‌داتـه پـاڵ یـه‌كێك له حزبـه ده‌سـه‌ڵاتداره‌كان و ده‌بێـت بـه هاوپـه‌یمانی، ئیـدی ئـه‌و ده‌سـه‌ڵاته نارێكـه بـه‌دی ده‌كـه‌ین كـه ئاراسـته‌ی حـزب لـه **(ئـاڵای ئـازادی)**دا كۆتاییـه‌كانی خۆیـان نادۆزنـه‌وه لـه پانتـایی لاپـه‌ڕه‌كانی ئـه‌و رۆژنامه‌یه‌دا له نێوان ساڵانی (١٩٩٤–١٩٩٧)دا.

**ب-هێڵ و ئاراستە جیاوازەکانی ڕۆژنامەوانیی:**

کاتێک کە باس لە هێڵی گشتی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەیەکی سیاسیی وەک **(ئاڵای ئازادی)** دەکەین، هەمان ئەو ئاراستە حزبییە دەبینین کە خولقێنەری کۆمەڵێک ئایدیای جیاوازە. بەڵام گەر بڕوانین بۆ هێڵ و ئاراستە جیاوازەکانی ڕۆژنامە، دواجار سێ جۆر ئاراستە دەبینینەوە کە هەر ڕۆژنامەو بەپێی ئەو پلانە پێشینانەی کە لە پشتییەوە کار دەکەن، بەکاریان دێنێت.

١) **ڕۆژنامەی پشت بە خۆبەستوو:** یان ئەو ڕۆژنامەیەی کە رای کۆمەڵە کەسێکەو تەرخانکراوە بۆ خزمەتکردنی میتۆدێکی سیاسیی یان ئاینی دیاری کراو یان بۆ هەر شتێکی دیکە کە مەبەستێکی تایبەتی لەو دیویەوە ئامادەیی هەبێت، بەو مانایەی کە خزمەت بەو ڕێبازە بکات، ئەمەش دژی داگیرکەرێکە یان ڕژێمێکی ستەمکار یان دژ بە گەندەڵی بەڕێوەبردنی دەوڵەت یان زیادەڕەوی کۆمەڵگایە، یان لە پێناو بەرگرییەکی بوێرانە بۆ دروستکردنی رای گشتی، ئەم جۆرە ڕۆژنامەیەدا کار بۆ مەسەبتێکی ماددی ناکات...ئەمەش بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ حزبێک یان ستافێک کە توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مادییەیان هەبێت.

٢) **ڕۆژنامەی دوو لایەنە:** یان **"ڕۆژنامەی گەل"** کە مەبەستی سەرەکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بەبێ ئاراستەکردنی هیچ **"تەعلیق"**ێك یان قسەیەك لەپاڵ ئەو هەواڵەدا. خزمەت کردنێك لەپێناو حەقیقەتدا، کە گومانی تیادا نییە ئەم جۆرە ڕۆژنامانە فاکتەرێکی باشی پەروەردەیین. هەروەها گەیاندنی حەقیقەتە رووتەکان بۆ خوێنەر و جێهێشتنیان تاوەکو شیکردنەوەی تایبەتی خۆیانی بۆ بکەن.

ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە باوەڕی بەوە هەیە کە هەواڵەکان وەك خۆی دابەزێنێت و خوێنەریش بەپێی ئایدیای فەلسەفی و مەعریفی شیکردنەوەیەکی نێگەتیڤانە یان پۆزەتیڤانەی بۆ بکەن، گەرچی ئەمە جۆرێکە لە ئازاردانی خوێنەر، بەڵام هەمان کات دیدێکی دابڕاوی هەیە لە کێشە هاوچەرخ و کاروبارەکانی دیکەی کۆمەڵگا.

٣) **ڕۆژنامەی دەوڵەت:** ئەو جۆرە ڕۆژنامەیەیە کە دەوڵەت دەریدەکات بەهێڵی دیاری کراوی خۆی و سەرجەم پێداویستییەکانی لە رووی شوێن و بابەت و داراییەوە بۆ دابین دەکات.

ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە بەشێوەیەکی گشتی لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا هەیە یان ئەو دەوڵەتانەی کە یەك حزبیان تیادابێت وەك دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان، دەکرێت ڕۆژنامەی دەوڵەت بە جۆرێکی تایبەت لە ڕۆژنامەی (را) بژمێردرێت کە ئەویش رای ستاف دەسەڵات یان حزبی دەسەڵاتە.. لەم جۆرە ڕۆژنامەیەدا پلان و یاساکانی دەوڵەت و دانیشتنەکانی پەرلەمان و دەرکردەکانی دەوڵەت بڵاودەکرێنەوە.[٣٣]

بەشێوەیەکی خێرا ئەم سێ جۆرە ئاراستەیەی ڕۆژنامەکە هەریەك لە بنیادی ناوەکی خۆیدا قەبارەیەکی سنووورداری لە دنیای ڕۆژنامەوانی دا هەیە، روونتر بڵێین جۆرێك ڕۆژنامە هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ستافێك لە پێگەی ستافێکی گەورەتر لەخۆی، جۆرێکی دیکەیش کە ناوەڕۆکێکی رووتیان هەیەو گشتگیرن، دوا جاریش شێوەیەکی دیکە بەدی دەکەین کە دەسەڵاتێکی فراوانەو بەپێی ویستی خۆی مەترياڵەکان ئاراستە دەکات.

**(ئاڵای ئازادی)** کە تایبەتمەندییەکانی ئاراستەی یەکەمی لەخۆ گرتووە وەك ئەوەی کار بۆ میتۆدێکی سیاسی دەکات و حزبێك لەو دیویەوە هەیە؟ ئەو حزبەش دواجار لەواقعێکی فرە حزبی رەهادایەو ستافێکە لە ستافێکی گەورەتردا، بۆیە زۆر سانایە دۆزینەوەی ئەو هێڵە سیاسییەی کە رەنگدانەوەی یەکەمی **(ئاراستەی حزب)**ە.

حزب چەند بڕیارێکی تایبەت دەخاتە روو ئاراستەی دەکات، کە ڕاستەوخۆ ئەم ئاراستە کردنە دەگاتە خاڵی یەکەمی هێڵی گشتی ڕۆژنامەوانیی کە هێڵێکی ڕاستەوخۆ بە هەمان ئاراستەی حزب دەڕوات،

بەواتای درێژە بە ملدانی حزب دەداو سەرجەمی ئەم بیرە بە هێڵی رۆژنامەوانیدا پەخش دەکات.

دەکرێت ئاراستەی حزب بدات لە خاڵێکی نێوەندی هێڵە رۆژنامەوانییەکە، کە ئیتر ئەو بیرە پێشینەی هێڵێك و پاشینەی هەمان هێڵ درێژەی پێدەدەن.

* ئەو سیمبولانەی کە دەشێت بەو هێڵەیان دیاری بکەین لە رۆژنامەی **(ئاڵای ئازادی)**دا کە دەگەڕێتەوە بۆ حزبێکی چەپ:-

١) بیری پێشینەی حزب.

٢) بیری پاشینەی حزب.

٣) پێشینەو پاشینەی حزبەکانی دیکە.

٤) زەمینە خۆشکردن بۆ هەموو بیرێکی نوێ.

٥) درێژەدان بە فەزای بیرە نوێیەکە.

٦) خستنەگەڕی سیستەمی بەراوردکاریی.

٧) دروستکردنی وێنەیەکی پۆزەتیڤانە بۆ بیرەکە.

لە ساڵانی نێوان (١٩٩٤-١٩٩٧)دا ئەم هێڵە گشتییە هەمیشە لە گۆڕاندا بووە بەو پێیەی کە ئاراستە حزبییەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە...لەو سەردەمەوە کە دیاردەی تیرۆر هەردوو حزبی دەسەڵاتداری گرتەوەو بارێك تا دەبوو بەرەو تێکشکانی پەیوەندی حزبیی دەڕۆیشت، پاشانیش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە **(ئایاری/١٩٩٤)**داو بەردەوامی ئەم شەڕە تا **(٣١/ئاب/١٩٩٦)**کە سەرەنجام هێڵێك بەرەو سڕینەوەی بەرانبەر دەڕوات.

**ج- پێداویستییە کەلتوورییەکان:**

یەکێك لەو رێگایانەی دیکە کە حزب بۆ دروستکردنی تەقسی ئاسایی و بگرە راکێشانی جەماوەر بەلای خۆیدا بەکاریدێنێ، بریتییە لە هەموو ئەو پێداویستییە کەلتورییانەی لە ئاستی حزب و سیاسەت دەردەچێ، دیارە ئەم مەتریالیی کە لە پانتایی رۆژنامەدا بەرچاو دەکەوێت، هەمان شت بریتییە لە دەسەڵاتی رۆژنامە بۆ بەدەستهێنانی بەشێك لەو جەماوەرەی کە پێویستە لە دەوری رۆژنامەکەدا هەبن.

- کۆمەڵناسی ئەمریکی (سمنر) وا دەبینێت کە کەلتور کۆمەڵە ئێتێك و رسومات و پێویستییە کە بریتییە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی.[٣٤]

- لە فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژیادا پێناسەی کەلتوور بەم شێوەیە کراوە: بریتییە لە هەموو ئەوەی کە بۆ کۆمەڵگە بە جێماوە لە سیستم و بەهاو بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و فیکری و ئایینی، شێوازی رەفتار، سەلیقەی هونەریی، کە بە هۆیانەوە بەسەر ژینگەدا زاڵ دەبێت و خۆی دەگونجێنێت لەگەڵیدا، هەروەها بە هۆیانەوە پێویستییە ژیانی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەستەبەر دەکات.[٣٥]

- یان کەلتوور سیستمێکە لە تێڕوانین و بەهاو زانستەکان کە بەشێوەیەکی فراوان لەنێو خەڵکیدایەو شتێکی هاوبەشەو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەپێی تێپەڕبوونی مێژوو دەگوێزرێتەوە.[٣٦]

لێرەدا پاش تێگەیشتنمان بۆ چەمکی کەلتوور و بنەماکانی، دەڕوانینە ئەو خاڵانەی کە کەلتوور بەرهەمی هێناوە لە هزری تاکی **(کورد)**داو **(ئاڵای ئازادی)**ش بەشێکی دەگێڕێتەوە لە پێناو گونجاندنی لەگەڵ ئایدیای ئەو تاکانەو هێشتنەوەیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا، دیارە ئەم هەوڵە خێرایەی کە **(ئاڵا)** بۆ پتەوکردنی نێوانی حزب و جەماوەر بەکاری بردووە، هیچ دوور نییە لە سەرجەم ئەو هەوڵانەی دیکەیش کە حزبە سیاسییەکانی دیکەدا بەکاریان بردووە بۆ هەمان مەبەست.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ڕاستیدا بەشێك لە خوێندنەوەی کەلتوور بریتییە لە مانەوەی ئەو بارە جێگیرە لە عەقڵی تاکدا بۆ خوێندنەوەی دەوروبەر، دەنا ئەم خاڵانە سەرجەم ئەو کەلتوورەنین کە پێشتر بەرهەم هاتووە، بەڵکو خوێندنەوەیانن لە عەقڵیەتی تاکی کوردیدا کە زۆر جاران شتێکی دی پێ قبووڵ نییە.

هەرچەندە ئەم گۆڕەپانە فراوانەی کەلتوور بەبێ ویستی خۆمان بووە جێگەیەکی قێزەون کە تیایدا کەلتووری وڵاتانی غەربی تێکەڵاو بوون بە هەموو رەنگە جیاوازەکانیانەوە، دیارە ئەمەش بەهۆی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بە پلەی یەکەم. ئەگەر تەماشایەکی گۆڕەپانی راگەیاندنی عەرەبی بکەین،

دەبینین (٥)جۆر کەلتوور تیایدا دەسوڕێنەوە: کەلتووری عەرەبی، ئەورووپی، ئەمریکی، سۆسیالیستی و کەلتووری نوێ (بەرهەمهاتوو).[٣٧] کە دەکرێت ئەوە بۆ کوردیش هەر راست بێت بە بیانووی دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەنترۆپۆلۆژیای تازە خاوەنی گەلێك دەستکەوتی گرنگە بۆ گەلانی وەك ئێمە کە لە دەرەوەی ژیاری رۆژئاواین، یەك جار پڕبایەخە، بەڵام هەڵوێست لەو دەستکەوتانەی هەر لە سەرەتاوە دەبێت روون و ئاشکرابێت، گرنگترینی ئەو دەستکەوتانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە گەلانی وەك ئێمەوە هەیە لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆ دەبێتەوە:

١- پێویستە سەیرکردنمان بۆ ئەو کەلتوورانەی جیاوازن لە ئێمە، سەیرکردنێکی پڕ لە رێز و دان پیانان بێت، چونکە تەنیا لە دیدێکی وا یەکسانخوازەوە دەتوانین هەم لەو کلتوورە نزیك بینەوەو هەم سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرین.

٢- رێگای جیاواز بۆ چوونە ناو کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. مەرج نییە تەنیا ئەو کۆمەڵگایانەی مەدەنی بن کە بەهەمان قۆناغی پەرەسەندن و گەشەکردنی رۆژئاوادا تێپەڕبوون، رەنگە ئەم خاڵەی دواییان لە زۆر رووەوە وتووێژ ئامێزبێت و بە ئاسانی تێنەپەڕێت.[٣٨]

**دواجار گرنگترین ئەرکەکانی کلتوریش بریتییە لە:**

١) بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان.

٢) فێرکردن و پەروەردەکردن.

٣) بەهاکان: راست و هەڵە.

٤) چاودێری کۆمەڵایەتی.

٥) نۆرماڵەکان و داب و نەریت.

٦) بیروباوەڕ و باوەڕپێکراوەکان.

٧) سیستمی ژیانی خێزانی.[٣٩]

هەریەك لەم ئەرکانەی کەلتوور بۆ خۆی بەهایەکە لە سیاقی پانتایی رۆژنامەوە بە ئێمە دەگات، بەڵام ئایا خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەو خاڵانە چۆنە؟

١- بەردەوام لەگەڵ ئەو بەها کەلتوریانەی هەڵبدەبژێرێ زیاتر تاکەکان بە سیاسیی دەکات لە دەروازەیەکی کۆمەڵایەتییەوە.

٢- لە رووی پەروەردەوە، پەروەردەیەکی سۆسیالیستی تاك دەکات.

٣- بەهاکان لە رووی راستی و ناڕاستییەوە بەپێی سیاسەتی حزب دەخرێتەڕوو.

٤-چاودێری کۆمەڵایەتی ورد و شیاوکراوە.

٥- خاسیەتی زۆر ماڵ و داب و نەریت و ئیتیکی تاك و کۆمەڵ پارێزراوە.

٦- لە رووی بیروباوەڕەوە تێکەڵییەك هەیە، چونکە (ح.ز.ك) بۆ خۆی حزبێکی چەپە، گەرچی بۆنە ئاینییەکانی تەقدیس کردووە.

سەرەنجام، کلتور وەك بەشێك لە ئاڵاو ئاڵاش وەك بەشێك لە کلتوور دەستکەوتێکی ئێجگار فراوانی هەبووە بۆ حزب کە ئەویش مانەوەی تاکە لەمیانی خوێندنەوەی ئەو سیاسەتە.

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە دەگەینە ئەوەی کە:

١- (ئاڵای ئازادی) وەك رۆژنامەیەکی حزبی بەردەوام بیری سیاسیی لە چوارچێوەی سیاسەتی حزبدا نمایش دەکات.

٢- (ئاڵای ئازادی) بەگشتی دیدێکی بێ لایەنانەی هەیە لە کێشەکاندا.

٣- (ئاڵای ئازادی) وەك رۆژنامەی حزبێکی چەپ دەورێکی کاریگەری هەیە لە بڵاوکردنەوەی بیری چەپڕەوی دا.

٤- (ئاڵای ئازادی) تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ویستانەی کە هەیەتی بەگشتی بیانپێکێ.

٥- (ئاڵای ئازادی) یەکێك بووە لە رۆژنامە کاریگەرانەی کە لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا هەڵوێستێکی گەورەی نواندووە.

٦- (ئاڵای ئازادی) رەوتی مەسەلەکانی بەپێی ویستی حزب بەلادا خستووە.

٧- **(ئـاڵای ئـازادی)** ئاراسـتەیەکی چـەپ و بیرێکـی سیاسی یەك لایەنەی هەیە.

٨- **(ئـاڵای ئـازادی)** جێگایـەکی تایبـەتی هەیـە لـە زیندووکردنەوەی کەلتووری کوردی دا.

٩- **(ئاڵای ئازادی)** لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کـار دەکـات و دژ بـە ڕێبـازی کۆنەپەرسـتی و هــەموو شێوەکانی دیکە.

١٠- **(ئاڵای ئازادی)** لە شێوەی ئەو دەسەڵاتەدایە کـە سنوورێکی بۆ ئازادی داناوە.

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**أ- هەندێك زانیاری دەربارەی (ئاڵای ئازادی):**

١- ژمـارەی (١)ی (ئـاڵای ئـازادی) خـولی یەکـەم لـە ئازاری (١٩٨٦) دا دەرچووە.

٢- ئۆرگـــانی ناوەنـــدی (حزبـــی سۆسیالیـــستی کوردستان- ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) بـووە، پاشان ناوی حزب بـووە بـە **(حزبـی زەحمەتکێشانی کوردستان)**.

٣- دواژمارەی خولی یەکەم کە دەکاتە ژمارە (٢٠) لە **(حوزەیرانی ١٩٨٨)** دەرچووە.[٧]

٤- سەرپەرشـــتیاری گـــشتی ڕۆژنامەکـــە **(ئاســـۆ حەسەن)**.[٨]

٥- **(ئــاڵای ئــازادی)** وەك ڕۆژنامەیـەکی سـەربەخۆ بـەزمانی عـەرەبی لـە سوریاو بـە زمـانی رووسـی لـە روسیاو لەنێوان سالانی (١٩٨٦-١٩٩١) دەرچووە.[٩]

٦- خـولی دووەمـی (ئـاڵای ئـازادی) لـە **(تـەمووزی ١٩٩١)**ەوە دەستپێدەکا و ژمارە (١)دەرچوو.

٧- ژمـارە (١-٧)قەبارەکـەی (٢٥×٣٥سـم)بـوو، بـە (٨)لاپەڕە.

٨- ژمـــــارە (٠٠٠٠٧) قـــــەبارەکانی زیـــــادی (٣٣×٤٩سـم)ەو بـە (٨)لاپـەڕەیی، لەگـەڵ ئـەوەی هەندێك جار لـە بۆنـە و یادەکاندا لاپـەڕەکانی زیـادی کردووە یان بە پێچەوانەوە.[١٠]

٩- ڕەنگی ڕۆژنامەکە ڕەش و سوورە، بـەڵام هەنـدێك جار لە یادی کارەساتەکاندا بۆتە ڕەش بە تەنیا.

١٠- شـوێنی دەرچـوونی ڕۆژنامەکـە لـە ژمـارە (١)ی خـولی دووەم تـاوەکو ژمـارە (٢٢٢)ی ڕۆژی پێـنج لـە هەولێر بووە.

١١- شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٢٢٣)وە تا ئێستا لە سلێمانییە.

١٢- ڕۆژنامەیـەکی هەفتانەیـەو لـە سـەرەتادا ڕۆژانـی یـەك شـەممان دەرچـووەو بـەڵام ئێـستا ڕۆژانـی دوو شەممان دەردەچێت.

١٣- لــە ژمــارە (٦٦)ی لــە ڕۆژی یــەك شــەممە (١٩٩٣/٣/٢١)وە ناوی (خاوەنی ئیمتیاز/ عەبدولخالق زەنگەنە، سەرنووسەر غازی حەسـەن)ی چۆتە سـەر. ئەمـە بـەردەوام بـوو تـا ژمـارە (٢٢٢)ی ڕۆژی پێـنج شەممە ١٩٩٦/٨/١٥.

١٤- لــە ژمــارە (٢٢٤)تــا ژمــارە (٢٩٧) ڕۆژی دوو شەممە (١٩٩٩/٢/١) نـاوی **(خـاوەن ئیمتیـاز/ یاسین عەبـدولقادر، سەرنووسـەر/ گـۆران جـەلال)**ی چـۆتە سەر.

١٥- لە ژمارە (٢٩٨) ڕۆژی دوو شەممە ١٩٩٩/٢/٨ تا ژمـارە (٤٢٧)ی ڕۆژی دوو شـەممە ٢٠٠١/٨/١٣ نـاوی (سەرنووسەر/ شازاد ئەنوەر) بووە.

١٦- لە ژمارە (٤٢٨) ڕۆژی دوو چەممە ٢٠٠١/٨/٢٠وە تا ئێستا ناوەکان بەم شێوەیەی لێهاتووە:

(سەرنووســـەر: دڵـــشاد قـــادر هـــەینی، جێگـــری سەرنووسەر: ئیدریس شەیداهۆ، بەڕێوەبەری نووسین: سۆزان مامە).

١٧- سایتی (ئاڵای ئازادی) لەسەر ئینتەرنێت سەرەتا **:WWW.zahmatkishan.dk**

ئێستا. **www.KTP.NU**

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**ب- چەند مانشێتێکی سـەرەکی هەڵبـژێردراو لـەنێو ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٧)**

* هەموو هەولێك لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی دەستکەوتەکانی راپەڕین (ژ١٠٤) ٩/١/١٩٩٤.

* هەموو هەولێك لە خستەگەڕی تواناکان بۆ رووخاندنی، رژێمی دیکتاتۆری (ژ١٠٨)٦/٢/١٩٩٤.

* دەبێ تیرۆر سنورێکی بۆ دابنرێت (ژ١١٧) ١٠/٤/١٩٩٤.

* بەهەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی هەموو لایەك شەڕ و پێکدادانەکان کۆتاییان پێهات (ژ١٢٢) ١٥/٥/١٩٩٤.

* هەرگیز ناتوانین لە بەرامبەر بەفیڕۆدانی دەستکەوتی دەیان ساڵەی نەتەوەکەمان بێدەنگ بین (ژ١٢٤) ٥/٦/١٩٩٤.

* کۆنگرەی نیشتمانی دەبێت کۆنگرەیەکی خاوەن بڕیار و دەسەڵات بێت (ژ١٣٠) ١٧/٨/١٩٩٤.

* پەلەکردن لە ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و سەقامگیرکردنی ئاشتییەکی هەمیشەییە لە کوردستاندا (ژ١٣٣) ٧/٨/١٩٩٤.

١٨- سەرەنجام هەوڵەکانی ئاشتی سەرکەوت (ژ١٣٧) ٤/٩/١٩٩٤.

* بەرەو دانانی بنەمایەکی شارستانی لە حکومڕانی کوردستاندا (ژ١٤٢) ٩/١٠/١٩٩٤.

* رژێم لە پەلەقاژەی مەرگدا (ژ١٤٣) ١٦/١٠/١٩٩٤.

* رووداوەکان هەڕەشە لە ئاڵۆزکردنەوەی دۆخەکە دەکەن (ژ١٤٦) ٦/١١/١٩٩٤.

* پەیمانی تەحریمکردنی شەڕی خۆکوژی چی بەسەرهات (ژ١٥٣) ٢٥/١٢/١٩٩٤.

* بۆ ئەوەی ئاگر بەست بکرێت بە ئاشتییەکی سەرتاسەری (ژ١٥٥) ٨/١/١٩٩٥.

* درێژەدان بەشەڕ، سوکایەتییە بە ئیرادەی گەلی کورد و دۆستەکانی (ژ١٥٩)٥/٢/١٩٩٥.

* با تفەنگەکان هەموو ئاراستەی رژێمی داگیرکەری بەغدا بکرێت (ژ١٦٣) ١٢/٣/١٩٩٥.

* بەرەو راگرتنی بەپەلەی شەڕ و ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە (ژ١٦٥) ٩/٤/١٩٩٥.

* دەست بەسەراگرتنی قوتی خەڵك، هەموو سنورێکی بەزاندووە (ژ١٦٩) ٧/٥/١٩٩٥.

* ئاگربەست بۆ مانگ و نیوێکی تر درێژکرایەوە (ژ١٧٢) ٤/٦/١٩٩٥.

* خۆ دزینەوە لە ئاشتی، نزیك بوونەوەیە لەشەڕ (ژ١٧٣) ١١/٦/١٩٩٥.

* درێژەکێشانی شەڕ، دابەشکردنی کوردستانە لە نێوان دوو دەسەڵاتدا (ژ١٧٧) ٩/٧/١٩٩٥.

* پارتی و یەکێتی ئیرادەی گەلەکەمان پێشێل دەکەن (ژ١٧٨) ١٦/٧/١٩٩٥.

* ئیرادەی گەلانی عێراق لە سەرووی هەموو شتێکی ترە (ژ١٨٤) ٢٧/٨/١٩٩٥.

* رێگەی دیموکراسی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا (ژ١٨٦) ١٠/٩/١٩٩٥.

* (دبلن) بەهۆی دانانی بەرژەوەندی حزبایەتی تەسك لە سەرووی بەرژەوەندی گشتیدا فەشەلی هێنا (ژ١٨٨) ٢٤/٩/١٩٩٥.

* دواکەوتنی پرۆسەی ئاشتی گەورە بوونی زیاتری مەینەتی گەلەکەمانە (ژ١٩٠) ٨/١٠/١٩٩٥.

* با جەماوەر لە دەوری لیژنەی هاریکاری نیشتمانی کۆ ببنەوە (ژ١٩٥) ١٢/١١/١٩٩٥.

* هەولی ئەمجارە، نیازی ئاشتیخوازانەی هەردوو لا لە مەحەك دەدات (ژ١٩٨) ٣/١٢/١٩٩٥.

**پەراوێزەکان:-**

تەماشاکردنی هەموو ژمارەکانی **(ئاڵای ئازادی)** لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٧)واتا لە ژمارە (١٠٤-٢٢٢).

(١) أديب مروة، الصحافة العربية نشأتها وتطورها. منشورات دار مكتبة الحياة، (بيروت١٩٦١،ط)ل١٨.

(٢) هەڤاڵ ابوبکر، راگەیاندن، رۆژنامەنووسی...چ٢،ل٦٩.

(٣) هيكل، محمد حسنين، بين الصحافة و السياسة. شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، (بيروت ١٩٨٤،ط٥)ل٧.

(٤) حەمەساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسی. وەزارەتی رۆشنبیری (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٨)ل٢٨.

(٥) بەناز کوێستانی، کاریگەری هونەری ریپۆرتاژ لە رۆژنامە کوردییەکاندا. بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، (سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،٢٠٠٢)ل٨٤.

(٦) کاروان عەلی، ئازادی لە رۆژنامەگەری حیزبیدا، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، (سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،٢٠٠٢)ل١٠٢.

(٧) نه‌وزاد عه‌لی ئه‌حمه‌د، رابه‌ری رۆژنامه‌گه‌ری نهێنی. به‌ڕێوه‌به‌رێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنه‌وه، (سلێمانی ٢٠٠١)لا٩٧.
(٨) به‌ناز کوێستانی، کاریگه‌ری هونه‌ری...لا٧٦.
(٩) نه‌وزاد عه‌لی ئه‌حمه‌د، رابه‌ری رۆژنامه‌گه‌ری نهێنی...لا٩٧.
(١٠) عه‌بدوڵڵا زه‌نگه‌نه، رۆژنامه‌نووسیی کوردی له کوردستانی دوای راپه‌ڕین. وه‌زاره‌تی رۆشنبیری، (هه‌ولێر١٩٩٨)لا٢٠.
(١١) کاسترو، فيدل کوبا ضد الحرب وضد الارهاب، مجلة النهج. مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، (دمشق ٢٠٠١،ع٦٤)ل٢٣٢.
(١٢) بڕوانه: نۆ وتار له‌سه‌ر دیموکراسیه‌ت، بنکه‌ی هاوکاری و شیره‌تکاری قانونی (لارک).دژوار شه‌وکه‌ت تاهیر (١٩٩٧)لا٨.
(١٣) هه‌مان سه‌رچاوه...ل١١.
(١٤) حوسێن محه‌مه‌د عه‌زیز، گرفته سه‌ره‌کییه‌کانی کورد. له بڵاوکراوه‌کانی ده‌زگای دیموکراسی، (سلێمانی ، ٢٠٠٠)ل٥٣.
(١٥) حه‌مه‌که‌ریم عارف، راگه‌یاندن له په‌راوێزی ده‌سه‌ڵاتدا. ده‌زگای چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی موکریانی، (هه‌ولێر، چاپخانه‌ی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده، ٢٠٠١،چ١)ل١٥.
(١٦) كامل شياع، اليسار و مثال المساواة، مجلة الثقافة الغربية. (دمشق،٢٠٠٠،ع٢٩٣)ل٥٣.
(١٧) بڕوانه: حسن سه‌ید محمد، چه‌پ له جیهانی گۆڕاودا، ئاڵای ئازادی. (سلێمانی،٢٠٠١/١١/٢٦،ژ٤٤٢)ل٥.
(١٨) بڕوانه: حه‌سه‌ن بارام–سه‌ڵاح گه‌رمیانی، کورد له‌نێوان خواستی فیدراڵی و سه‌ربه‌خۆییدا، ئاڵای ئازادی. (سلێمانی،٢٠٠٢/٣/٤،ژ٤٥٤)ل٦.
(١٩) كمال مظهر احمد، ميكافيلي و الميكافيلية. دائرة الشؤون الثقافية والنشر، (بغداد، مطبعة دار الحرية للطباعة، ١٩٨٤)ل٢٧.
(٢٠) **(ناوه‌ندو ئاوێنه)** به‌راوردێکه به سیستمی به‌عس که (به‌ختیار عه‌لی) له کۆڕێکدا ده‌رباره‌ی به‌عس و ئه‌نفال ساڵی ١٩٩٧ باسی لێکرد.
(٢١) نه‌وشیروان مسته‌فا ئه‌مین، چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌ك له مێژووی رۆژنامه‌وانی کوردی. ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م، (سلێمانی، چاپ و ئۆفسێتی ده‌زگای سه‌رده‌م، به‌رگی یه‌که‌م، ٢٠٠١)لا٧٩.
(٢٢) بڕوانه: (ماده‌ی چوار) له په‌یڕه‌وی ناوخۆی (ح.ز.ك).
(٢٣) سانتياغ كاريللو،الاوروشيوعية والدولة، ت:د.سعاد محمد خضر. منشورات مجلة الثقافة، (بغداد، مطبعة دار الجاحظ، ١٩٧٨)ل١٦٤.
(٢٤) برهان قانع، فه‌رهه‌نگی نوێ. (به‌غدا،چ١، ١٩٨٥)لا١٠٧.
(٢٥) عفلق، ميشيل، البعث والاشتراكية، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، تموز١٩٧٣)ل٨.
(٢٦) هه‌مان سه‌رچاوه..ل١٠.
(٢٧) بڕوانه: مه‌سه‌له‌ی کرێکاران له په‌ڕه‌وی ناوخۆی (ح.ز.ك)دا.
(٢٨) د.مصطفى المصمودي، النظام الاعلامي الجديد. المجس الوطني للثقافة والآداب والفنون، (الكويت،١٩٨٥)ل٨٧.
(٢٩) توني اندرياني، الاشتراكية ام الشيوعية، مجلة النهج. مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، (دمشق ١٩٩٨،ع٥٠)ل١٢٩.
(٣٠) مۆنتی جانستۆن، مارکس– ئه‌نجلس چه‌مکی حزب و/شاهین که‌ریمی. زنجیره‌ی بڵاوکراوه سۆسیالیستیه‌کان، (سلێمانی٢٠٠٠،چ١)ل١٥.
(٣١)ئه‌م قسه‌یه‌م له زمانی **(م.نه‌وشیروان مسته‌فا)**وه وه‌رگرتووه، جێی خۆیه‌تی ئاماژه‌ی پێ بده‌م.
(٣٢) بڕوانه: گۆڤاری نڤار.. کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی بۆچی؟ خلیل الله سه‌ردار ابادی، و/ محمد که‌ریم (ژ١، به‌هاری ٩٨)ل٨٨.
(٣٣) اديب مروة، الصحافة العربية نشأتها وتطورها. منشورات دار مكتبة الحياة، (بيروت ١٩٦١،ط). ل٢٩.
(٣٤) د.منوچهر محسنی، مقدمات جامعه شناسی. نشر دوران، (تهران ١٣٧٦،چ٤)ل٨١.
(٣٥) د.شاكر مصطفى سليم،قاموس الانثروپولوجيا،١٩٨١،ط١)ل٢٢٨.
(٣٦) رونالد ئینگلهارد، تحول فرهنگی درجامعه پیشرفته صنعتی، ت/ولیم وتر باهمکاری (وزارتی فرهنگ و إرشاد إسلامی، تهرات ١٣٧٣)ل١٩.
(٣٧) عواطف عبدالرحمن، الاعلام العربي وتحديات العولمة، مجلة النهج. مركز ابحاث ودراسات إشتراكية في العالم العربي، (دمشق ١٩٩٨،ع٥٠)ل٨٦.
(٣٨) رێبین احمد هه‌ردی، کۆمه‌ڵگا له‌به‌رده‌م هه‌ڕه‌شه‌ی حزب دا، گه‌ڕانێك به‌دوای ماناکانی کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی، گۆڤاری گه‌لاوێژی نوێ. بنکه‌ی ئه‌ده‌بی و روناکبیری گه‌لاوێژ، (سلێمان٢٠٠٠،ژ١٧)ل٧٧.
(٣٩) د.منوچهر محسنی، کلتوور و کۆمه‌ڵگا، و/تحسین ته‌ها، گۆڤاری ژیار.سه‌نته‌ری لێکۆڵینه‌وه‌ی فیکری ژیار، (هه‌ولێر،٢٠٠٠،ژه)ل٥٨.

# دیداری

# ڕۆژنامەنووسیی...



د.فاروق عەلی عومەر

و: هیوا سالّح ئەحمەد

د.فاروق عەلی عومەر، کە لەژمارەی پێشووی گۆڤارەکەماندا هەواڵی کۆچی دوایی و جوانەمەرگ بوونیمان بلاّوکردۆتەوە، هێشتا لەژیاندابوو بابەتێکمان بەناونیشانی (راپۆرتە هەواڵ) لەلاپەرە (٩٩-١٣٨)ی (ڕۆژنامەنووس)دا بۆ بلاّوکردەوە، دیارە ئەو بابەتە بەشێك بووە لەکتێبێك بەناونیشانی (کلیلی دەسەلاّتی چوارەم) بەداخەوە تەمەن ڕێی نەدا خۆی سەرپەرشتی چاپەکەی بکات، زۆریشی حەزدەکرد هەرچوار بەشەکەی ئەم کتێبە لەسەر لاپەڕەکانی (ڕۆژنامەنووس) دا شوێنی خۆیان بکەنەوە، ئەمەی ئێستا لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی سێیەمی کتێبەکەیەتی کە بەناونیشانی (دیداری ڕۆژنامەنووسیی)بووە، ئومێدەوارین لەژمارەی داهاتوودا هەردوو بەشەکەی دیکە بخوێنینەوەو ڕۆژێ لەڕۆژانیش تەواوی کتێبەکە بەسەریەکەوە بکەوێتە دەست خوێنەرو توێژەران.

## دیداری ڕۆژنامەنووسیی

دەکرێ بلّێین دیداری ڕۆژنامەنووسیی گرنگترین هونەری ڕۆژنامەنووسییە، ئەوە ڕۆژنامەنووسیی وریاو بە سەلیقەیە دەتوانێ هەر زانیارییەکی دەست بکەوێت کە پێویستی پێی بێت، هەروەها پێوەندی باش لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا ببەستێ. زۆر لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسیی گەر هەمووی نەڵێین بەشێکی بە دیدارو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی جێبەجێ دەبێت، چونکە دەستخستنی هەواڵ و زانیاری و بیروڕاو نووسینی ڕیپۆرتاژ بە دیدارو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی دەبێت. نووسەری بە تواناو لێهاتوو لەم بوارەدا مەرجە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانیاری هەبێت و بە ئاگا بێت، ئەو توانایەی هەبێ لە بەرانبەرەکەی بگات و پرسیاری گونجاو بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان دابرێژێ، هەروەها چۆن وتووێژ دەکات و باش گوێ قولاّغ بێ و چاودێری هەر جولّەیەکی بەرانبەرەکەی بکات و بە باشی وەلاّم بداتەوە و هەر شتێك پێویست بکات لای خۆی تۆماری بکات... هەر لەبەر ئەوەیشە تا چەند دیداری ڕۆژنامەنووسیی کارێکی دژوارو سەختەو ئەوەندەیش پێویست بە پلاندانان و ڕاوتەگبیر بۆ کردن دەکات، بە جۆرێ لەوانەیە زۆر ڕۆژنامەنووس دەڕۆستی نەیەن و نەتوانن بچنە ژێر ئەو بارەوە.

دیداری ڕۆژنامەنووسیی لەوانەیە بە **(وتوێژی ڕۆژنامەنووسی)** یا **(چاوپێکەوتن)**و... ناوببرێ... بەلاّم لە هەموو بارێکدا هونەرێکی ڕۆژنامەنووسییەو

بریتییە لە دیالۆگ و وتووێژی نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسێك. پێدەچێ دیالۆگەکە بە مەبەستی دەستکەوتنی هەواڵ یا زانیاری نوێ بێ یا ڕاڤەکردنی تێڕوانینێکی دیاریکراو بێ، یا وێنەگرتنی لایەنێکی نائاسایی یا نامۆ یا خۆش و بە کەیفی ژیانی ئەو کەسەبێ. سەرەڕای ئەوەی کە دیداری ڕۆژنامەنووسیی خۆی لە خۆیدا هونەرێکی سەربەخۆیە، بەڵام هاوکات ئامرازێکی دەستخستنی هەواڵ یا بەشێکی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیی دەبێ، سەرباری جیاوازی ڕوون و ئاشکرای نێوان ئەو دیدارەی بەم مەبەستە سازدەکرێ و ئەو دیدارەی هەر تەنها بە مەبەستی دیالۆگە... لە باری یەکەمدا زیاتر چاو دەبڕدرێتە ناوەڕۆکی ڕووداوەکەو لە حاڵەتی دووەمیشدا لە هۆکارەکانی ڕووداو دەکۆڵرێتەوە.

## جۆرەکانی دیدار

زۆربەی توێژەرەوان لە سەر ئەوە کۆکن کە دیداری ڕۆژنامەنووسیی بۆ ئەم جۆرانەی لای خوارەوە دابەش دەکرێ:

١- **وتووێژی هەواڵ (یا ڕاستیەکان)**: ئەم جۆرە دیدارە پشت بەستوە بە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە بارەی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە، زۆرجاریش هەر بە شایەتحاڵی یا بە شداربووانی ڕووداوەکە سازدەکرێ... ماوەیەکەو زۆرجار لە ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخدا وەك شێوازێکی نووسەری هەواڵ باس لە (**شایەتحاڵ**) دەکرێ. ئەویش وەك قەرەبووکردنەوەی ئامادەنەبوونیەتی لە شوێن و ساتی قەوماندنی ڕووداوەکەدا، تا لە ڕێی گەیاندنی هەواڵەکەوە لە دەمی ئەو کەسانەی تێیدا بەشدار بوون یا نزیك بوون لە شوێن و ساتی قەوماندنیدا ڕاستگۆیی هەواڵەکە بسەلمێنێ.

٢- **وتووێژی ڕا**: ئەم جۆرەیان سەرباری ئەرك و وەزیفەی ڕاگەیاندن ئەرکی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەو ڕێنوێنی کردنە بەمجۆرە سورە لە سەر بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی لە گەڵ بنیاتنانی ڕای گشتیدا... بەم دواییانە بایەخی ئەم جۆرە وتووێژەی ڕۆژنامەنووسیی زیاتر بووە چونکە خوێنەران لەبەر لێشاوی هەواڵدا پێویستیان بەوە هەیە لە ڕووداوەکانی دەورووبەریان تێ بگەن و لە ڕای ئەو کەسایەتییە دەرکەوتووانەوە، کە جێی متمانەیانە، ڕایەکیان لەو بارەوە هەبێ.

٣- **وتووێژی زانیاری و سەرگەرمی و کەیف و ڕابواردن**: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێزو تین و توان و بایەخ و ڕووبەری سەرگەرمی و کەیف و خۆشی و ئاسوودەیی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا زیاتر دەبێ، مرۆڤی هاوچەرخ پێویستی زۆری بە ئاسوودەیی و خۆشییە کە لە کۆمەڵگادا ڕووبەرووی فشاری زۆر دەبێتەوە، هەروەها مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕووی لە ئاسانکاری و چێژوەرگرتنە ئەمەیش وای لێ دەکات داوای هەرچی زیاتری ئاسودەیی و سەرگەرمی و خۆشی و کەیف بکات، بەمجۆرە خوێنەران مەیلیان زیاتر بەرەو لای ئەو بابەتانەیە کە سادەو ساکارو مایەی هێوربوونەوەو ئاشنایەتی و هۆگریین و لە گیروگرفت و کێشەکان و لە هەست کردن بە نائارامی دووریان دەخاتەوە، لە جۆرە دیدارانەدا گرنگترین خاڵ (**چۆن وتراوە**) نەك (**چی وتراوە**).

٤- **وتووێژی کەسایەتی**: ئەم جۆرە دیدارانە دەبنە مایەی ڕۆشنبیرکردن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و خستنە بەرچاوی نموونەو پێشەنگی باش، پێدەچێ قسەکردن لە گەڵ ئەو کەسایەتییەدا لەبارەی کەسایەتی دیکەوە قسەی دیکەی بە دوودا بێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە سووربین و هەوڵ بدەین پێوەندییەکە بە زیندوویی لە نێوان کەسایەتییەکەو بزاوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگاو بە جیهانی خەڵکیشەوە بپارێزین...هەر وەك دکتۆر عەبدولعەزیز شەریف دەڵێ: (**بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ وا لە خوێنەر بکات هاوسۆزی ویژدانی ئەو کەسایەتییەبێت کە وتوێژی لەگەڵ دەکرێ، مەرجە کەسایەتییەکە لە ڕێڕەوی هەڵسەنگاندیدا لە دەربڕین و دیالۆگدا کەسایەتییەکی مەنگ نەبێ، خوێنەر پێی باشە کەسایەتییەکی هەردەم بزێوی لەبەر چاو بێت، کاتێ قسەدەکات گوێی لێ بگرێ و بە چاوەکانی خۆیشی بیانبینێ**).

**٦ـ وتووێژی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی:** لەم جۆرە دیدارانەدا کەسایەتییەکی دەستنیشانکراو چاوی بە چەند ڕۆژنامەنووس دەکەوێت و هەر یەکەیان پرسیارێك یا زیاتر دەکات، گشت ڕۆژنامەنووسان دەتوانن تەواوی پرسیارو وەڵامەکان لای خۆیان تۆماربکەن و دواتر، وەك لێدوانی ڕۆژنامەنووسیی، بە شێوەی پرسیارو وەڵام یا بە شێوەی ڕاپۆرتە هەواڵ بڵاوی بکەنەوە.

## کەسایەتی دیدار

ئەو ڕۆژنامەنووسەی دیدار سازدەکات و دەکەوێتە دیالۆگەوە ڕووبەڕووی جۆرەها کەسایەتی دەبێتەوەو... مەرجە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ هەر شێوازێکی ئەو کەسایەتییانەدا لێهاتوو بێت بە جۆرێ بتوانێ زانیاری و بیروڕای لێ بیچڕێ... شێوازی ئەو کەسایەتییانەی دیداریان لەگەڵدا دەکرێ لە ڕووی ئامادەبیانەوە بۆ قسەکردن و دەربڕینی بیروڕاو مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسییدا بۆ ئەم شێوازانە دابەش دەکرێن:

**١ــ کەسایەتی چەنەبازو زۆربڵێ:** ئەم جۆرە کەسایەتییە ئارەزوویەتی لە ڕۆژنامەنووسییدا دەربکەوێت و کاتێ داوای چاوپێکەوتنی لێ دەکرێ هەست بە بایەخی خۆی دەکات. ئەگەر چی ئەم جۆرە کەسایەتییانە هاوکارن بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئارەزویان بە خۆدەرخستنەو دەیانەوێ لە ڕۆژنامەدا دەربکەون و چۆن بیەوێ ئاوا بدوێ، لەوانەیە لە تەوەری گفتوگۆکان لابدات و بکەوێتە وێزەی مەسەلە لاوەکییەکان و لەوانە شەخسی، هەر لەبەر ئەوەیە ڕۆژنامەنووس ئەوەندەی ئاسوودەیە بە دواندنی و زانیاری لێ وەردەگرێ و شارەزایی ڕای دەبێ، پێویستە لە قسەکانی زۆر بە ئاگابێ و پێوەندی بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە هەبێ، قسەیەك نەکات دوور لە باسەکەی بێ، ڕۆژنامەنوس هەر کات هەستی کرد قسە لە باسێك دەکات لە مەبەستی دیدارەکە دەرچووە دەبێ بە ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە قسەی پێ ببڕێ و بیگێڕێتەوە سەر ئەسڵی باسەکە... بە کورتی: ڕۆژنامەنووس مەرجە لێهاتووبێ و بە وریاییەوە بیدوێنێ، ڕێگە نەدات کەسایەتییەکە جڵەوی دیدارەکەی لە دەست وەربگرێ و چۆن بیەوێ و بە مەبەستی خۆی ڕووی قسەو باسەکان وەربگێڕێ.

**٢ـ کەسایەتی ڕاڕاو دوودڵ:** ئەم کەسایەتییە ڕازییە بۆ ڕۆژنامەنووس بدوێ، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت دوودڵ و ڕاڕایە. ڕۆژنامەنووس دەبێ ئاشکرای بکات بۆچی ڕاڕایە، بۆ نموونە گەر ئەو کەسایەتییە لە ڕۆژنامەنوسێکی دیکەوەو لە ڕۆژنامەیەکی دیکەوەو لە بۆنەیەکی دیکەداو بە هۆی گۆڕینی قسەکانییەوە تووشی بەلاو گیروگرفت هاتبوو یا لەو بڕوایەدا بوو قسەکانی ئەوئین و شێوێنراون، دەبێ ڕازی بکرێ کە ئەزمونێکی ئاوا تاڵ دووبارە نابێتەوە... گەر کەسایەتییەکە لەوە دەترسا قسەیەك بکات و ئەو مافەی نەبێ و تەنها سەرۆکەکان ئەو مافەیان هەیە، بە هەر شێوەیەك بووە گەر ڕەزامەندی سەرووێشی پێویست بێ مەرجە ڕەزامەندیان وەربگیرێ، لە هەموو بارێکدا، بە تایبەتی گەر هۆگری ڕۆژنامەنووس بێ، دەبێ پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەو کەسایەتییەدا هەبێ و ئاگاداری بکاتەوە کە قسەکانی چەند بە بایەخن.

**٣ــ کەسایەتی هەڵاتوو:** سەختترین جۆری کەسایەتییەو مەرجە ڕۆژنامەنووس بەوپەڕی دان بە خۆداگرتن و زیرەکییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی کە ئەو جۆرە کەسایەتییانە متمانە بە کەس ناکەن و هەروا لە خۆرا ورتە لە دەمیان نایەت، ڕۆژنامەنووس دەبێ لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆو پەلکێشی بکات تا بکەوێتە قسەکردن، ئەگەرچی ناچار بێت بیوروژێنێ یا نێوەنێوەی بدات یا تەنانەت فێڵیشی لێ بکات، لەم کاتەدا لەوانەیە بێ سوود نابێ گەر کەسی سێیەم بکەوێتە نێوانەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لێوەی نزیکن و دەتوانن کاری تێ بکەن. ڕۆژنامەنووس نابێ لەگەڵ ئەم جۆرە کەسایەتییانەدا کۆڵ بدات و وەڕزببێ، بەڵکو مەرجە بەردەوام بە دوویەوە بێت و هەر کات بۆی لوا بە گیری بهێنێ و ناچاری قسەکردنی بکات.

هەواڵنامەی کتێب

## ١٠ ئامۆژگاری بۆ ڕۆژنامەنووس

گەر بە نیازی دیدارو چاوپێکەوتن بوویت: دەبێ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی هونەرێکەو پێدەچێ هەموو ڕۆژنامەنووسێك بەهرەیەکی وای نەبێ، بەلاّم لەوانەیە ئەم چەند ئامۆژگارییە، بۆ ئەو کەسانەی لەم بەهرەیە بێ بەشن، سوودێکی هەبێ:

**١- ئەوپەڕی پێملبوون بە وادەی دیاریکراوەوە:** زۆر کەسایەتی هەن وا خۆیان پێشان دەدەن بە کات و وادەوە پابەندن، هەر بۆیە پێملّ بوونی ڕۆژنامەنووس بە وادەوە بۆ پەیوەندی بەستنی کەسایەتییەکانەوە بایەخی دەبێ.

**٢ـ ڕازیکردن:** پێویستە کەسایەتییەکە بە بیانووی دیدارو چاوپێکەوتنەکەو پێویستی سازدانییەوە ڕازی بکات، دەکرێ هێندێ زانیاری بۆ باس بکەیت و هانی بدەیت تا قسەت بۆ بکات، زانیارییەك دووبارە مەکەرەوە کەسایتیەکە لێی بە ئاگا بێت.

٣ـ دەکرێ بە چەند پرسیارێکی گشتی و هەمەلایەنە دەست بێ بکەیت، ئەمەش ئەو دەرفەتە بە ڕۆژنامەنووس دەدات هەلومەرج و کەسایەتییەکە هەڵ بسەنگێنێ و بیرکردنەوەی خۆی ڕێك بخات.

٤ـ وا باشە ڕۆژنامەنووس هەرگیز قسە بە کەسایەتییەکە نەبڕێت، مەگەر زانیارییەکی دەستکەوت بێ کە ویستوویەتی، یا کەسایەتییەکە لە باسەکە دەرچووبێ یا پێوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەکە بۆ جۆرێك لە هاوڕێیەتی گۆڕاوە.

٥ـ هێندێ جار دەکرێ ڕۆژنامەنووس ڕێ بە کەسایەتییەکە بدات لە بارەی خێزانەکەی یا هەر شتێ خۆی ئارەزووی لێ بێت بدوێت، بەلاّم بە مەرجێ بەو باسانەی لە بابەتەکە هەڵنەیەت.

٦ـ ڕۆژنامەنووس مەرجە ناو بە ناو ڕووخۆشی و ڕوو بە پێکەنینی خۆی دەربخات، چونکە کەسایەتییەکە لەوانەیە مەبەستی بێ هەندێ جار سەرنج لە کاردانەوەی ئەو زانیارییە ترسناکانە بدات کە ئاشکرای دەکات، هەر بە تۆمارکردنی قسەکانی لە سەر کاسێت دڵی ئاو ناخواتەوە.

٧ـ مەرجە ڕۆژنامەنووس جڵەوی هەست و سۆزی خۆی بکات، بە تایبەتی کاتێ لەگەڵ کەسێکدا دەدوێت ڕقی لە بیرکردنەوەیەتی یا ئارەزووی ناکات. ئەمەیش مەرجێکە بۆ تەواوکردنی دیدارو چاوپێکەوتنەکە.

> **ڕۆژنامەنووس دەبێ باش بزانێت چۆن گوێ بۆ بەرانبەرەکەی هەڵدەخات، باش گوێ هەڵخستن وا لە بەرانبەر دەکات هەست بە بایەخی خۆی بکات**

٨ـ ڕۆژنامەنووس دەبێ باش بزانێت چۆن گوێ بۆ بەرانبەرەکەی هەڵدەخات، باش گوێ هەڵخستن وا لە بەرانبەر دەکات هەست بە بایەخی خۆی بکات، هەروەها بە گوێ هەڵخستن ڕۆژنامەنووس دەتوانێ بە ڕێکوپێکی گفتوگۆی خۆی بکات و زیاتر بیر لە خاڵە گرنگەکان بکاتەوە.

٩ـ ڕۆژنامەنووس لێ نەگەڕێ تا تەواو دڵنیادەبێ لە مەسەلە بنچینەییەکانی وەك چۆنیەتی گۆکردن (التلفظ) یا نووسینی ناوە کەسایەتییەکەو پلەوپایەی فرمانەکەی یا تەمەنەکەی یا ژمارەو هێندێ زاراوە.

١٠ـ لەگەڵ کەسایەتییەکەدا هاوسۆز بێ ،هەوڵ بدات لێی تێ بگات و لێی نزیك ببێتەوە.

## بەڕێوەبردنی دیدار

ڕۆژنامەنوس دەبێ لەسەر کاغەز دایالۆگەکە بە قەڵەم بنووسێتەوە، یا لەسەر کاسێت تۆماری بەکات، بەلاّم هەر یەك لەم دوو شێوازە خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە. والای خوارەوە خاڵە گرنگەکان دەنووسینەوە لە کاتی بەکارهێنانی قەڵەم و کاغەزدا دەبێ وریایان بین:

١ـ ڕۆژنامەنووس ئەوەندەی بتوانێ دەبێ بە خێرایی و دوورو درێژی وتەکان بنوسێتەوە، کەم ڕۆژنامەنووس هەیە شارەزای شێوازی کورتکردنەوە (الاختزال)ی نووسین بێ، کەواتە پێویستە ڕۆژنامەنووس مەشق لەسەر نووسینی بە پەلە بکات.

٢ـ نووسەر لە نووسینەوەدا دەبێ پەنا بباتە بەر ئاوەزو دەستی، گەر کەسایەتییەکە قسەیەکی بێ

بایەخی کرد مەرج نییە بینووسێتەوە، لەم بارەدا گوێ هەڵخستن زۆر گرنگە تا لە قسەکان تێ بگات.

٣ـ نووسەر مەرجە لەوە بە ئاگا بێت کە کاغەزەکانی هەر بە تەنها سەری قسەکان و دەستەواژەی تێدا دەنووسێتەوە، نەك هەر بۆ رستە بێت، دواتر هەوڵ بدات بە ووردی ئەو ووشەو دەستەواژانە لە یەك بدات و رستەی پڕ مانای لێ پێك بهێنێ، چونکە ناتوانێ هەموو قسەکان بنووسێتەوە.

٤ـ نووسەر دەبێ زانیارییە تایبەتییەکانی وەك ناوی کەسایەتییەکە و بەرواری چاوپێکەوتن و... لای سەرووی لاپەڕەکەوە بنووسێ. لەوانەیە دواتر هێندێ لە مەسەلەکان تێکەڵ بە یەکدی بن.

٥ـ وا باشترە نووسینەکان لە دەفتەرێکدا بێت تا هیچ لاپەڕەیەکی لێ بزر نەبێت و بە باشی هەڵبگیرێت، رۆژنامەنووس ناوو ناونیشانی خۆی لەسەر بنوسێ گەر لێی وون بوو بتوانرێ بگەیەنرێتەوە دەستی.

٦ـ وا باشترە نووسەر دەستبەجێ پاش کۆتایی دیدارەکەو بە جێهێشتنی کەسایەتییەکە بکەوێتە نووسینەوەی دیالۆگەکەی، چونکە بە دواخستنی نووسینەوە دەشێ بە تێپەر بوونی کات نووسەر بەشێکی زانیارییەکانی لە بیربچێتەوە کە تەنها سەری قسەکانی نووسیونەتەوە، هەروەها ئەو کەش و هەوایەی دیدارەکەی تێدا سازکراوەو کاردانەوەی کەسایەتییەکەیشی لە بیردەچێتەوە.

رۆژنامەنووسی دیکەیش هەن، بە تایبەتی لە دیدارو چاوپێکەوتنی دووروودرێژدا، قسەکان لەسەر کاسێت تۆماردەکەن،ئەوە ئاسانترەو زیاتر جێی متمانەیە، رۆژنامەنووس کەمتر بە تۆمارکردنی قسەکانەوە سەرقاڵ دەبێ... خاسیەتەکانی تۆمارکردن لەسەر کاسێت ئەمانەن:

١ـ وشە بە وشەی دیالۆگەکە تۆماردەکرێ، ئەگەر چی کەسایەتی زۆر بە خێرایش قسەبکات و لەو بارەدا پێ رانەگەیت بە دەست بینوسێتەوە... گەر قسەکان زیاتر هەستیار بوون کابرا ناکرێ خۆی لێ بدزێتەوەو هەر چی لە زاری دەردەچێ تۆماردەکرێ.

٢ـ تۆمارکردنی سەر کاسێت ئەو دەرفەتە بۆ رۆژنامەنووس دەخوڵقێنێ بە وردی پێیدا بچێتەوە، لەگەڵ ئەمانەیشدا چەند خاسیەتی خراپی هەن، لەوانە:

١ـ کەسایەتییەکە دەبێ ڕازی بێ قسەکانی لەسەر کاسێت تۆمار بکرێ، چونکە کەسانێك هەن ترسیان لەوە هەیە.

٢ـ مەرجە ناو بە ناو ئامێرەکەت تاقی بکەیتەوە تەنانەت لە کاتی دیالۆگەکەیشداو پیل و کاسێتی زیادەت لە لا هەبێت.

٣ـ کاسێت گشت ووتەیەکی لە سەر تۆماردەکرێ هەر بۆیە پێدەچێ بۆ زۆر بڵێی بەدەر لە باسەکەمان دەستەوسان دابمێنین.

٤ـ کاری ڕاگواستنی زانیارییەکان لە کاسێتەوە بۆ سەر کاغەز ماوەیەکی درێژی گەرەکە، زیاتر لەو ماوەیەی کە چەند بابەتی تێدا دەنووسرێتەوە.

## سازدانی دیدار

کاتێ رۆژنامەنووس لەگەڵ کەسایەتییەکدا رێك دەکەوێت لە وادەیەکی دیاریکراودا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازبکات (**مەرجە بکەوێتە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لە بارەی بابەتەکەوە کە قسەوباسی لەبارەوە دەکرێ، هەروەها لە بارەی خودی کەسایەتییەکەیشەوە، دوای ئەوە پرسیارەکان ئامادە دەکرێن کە نووسەر لە کەسایەتییەکەی دەکات**)... پێویستە بزانرێ بە پێی چۆنیەتی سازدانی دیدارو پرسیارکردن بە دووجۆر سازدەکرێ:

١ـ **پرسیاری لەوەو پێش ئامادەکراو:** دیدارو چاوپێکەوتنی لەم جۆرە وشك و بێ گیانە و رۆحی لەبەردا نییە، بەلأم بۆ ئەو کەسایەتییانە ڕازی نابن رووبەڕوو دیداریان لەگەڵ بکرێ یان هەر لە بنەرەتەوە دەرفەتی چاوپێکەوتنی نییە زۆر پێویستە.

٢ـ **پرسیار لە ماوەی دیدارەکەدا ئامادە دەکرێ:**

ئەم جۆرە دیدارانە سەرنجراکێشن، نووسەر بەو زانیارییەی پێیەتی و بە پێی بەدوواداچون و بە

ئاگــابوونی لـــە بابـــەتی دیدارەکـــە بـــەرەو ڕووی کەسـایەتییەك دەبێتـەوە، هــەر لــەكاتی دیداەکــەدا پرسیارەکان دادەڕێژێ و لە وەڵامی کەسایەتییەکەوە پرسیاری دیکەی لێ دەکات کە پێوەندی بە گەوهــەری بابەتەکەوە هەبێ، هاوکات دیالۆگەکەیش دینامیکی و زیندوو دەبێ.

**٣ ـ پێشتر چەند پرسیاری سەرەکی و دواتر پرسیاری نوێ ئامادە دەکرێ:**

لەم جۆرە دیدارانەدا نووسـەر بـە چـەند پرسـیاری گرنگـی کەمـەوە ڕوو لـە کەسایەتییەکە دەکـات، کـە یاریدەی دەدات پێی بچێتە ناو باسەکەوەو دواتر هـەر لـە قـسەکانی کەسـایەتییەکەوە پرسـیاری دیکـەی ئامادە دەکات.

## نووسینی دیداری ڕۆژنامەنووسیی

دیـــداری ڕۆژنامەنوســـیی بـــە دوو شـــێواز دەنووسرێتەوە، شێواز کۆن سائیدی قـاڵبی هـەرەمی هەڵگەراوە یا ڕێك بێ وبە پێشەکی دەست پێ دەکـات و دواتـر دەق و کۆتاییەکـەی ... بـەجۆرێ دەکـرێ پێشەکی وەسفێك یا خستنە ڕووی ڕایەك یا زانیاریـەك یا ...بێ، بەڵام دەق پرسیارو وەڵام، کۆتاییەکەیـشی دوا ڕا یـا بۆچـوون دەبـێ . بـەڵام شـێوازی دووەم کـە ئێـستا زۆرتـر پێـڕەوی لێ دەکـرێ، بـەجۆرێ پێـی نووسـینەوەی ڕاپۆرتـە هـەواڵ دیدارەکـە بـە قـاڵبی هەرەمی سەربەرەو خـوار دەنووسـرێتەوە، بە جـۆرێ گـرنکترین قـسەی کەسـایەتییەکە لـە تـەوەرەکانی دیدارەکەدا هەر وەك خۆی دەنووسرێتەوە، یا بەقاڵبی دیکـەی وەك قـاڵبی گێرانـەوە یـا تەشـویق پێـدان و ...دەنوسرێتەوە.

**چۆن پرسیار دادەڕێژیت؟**

**چۆن پرسیار دەکەیت؟**

ئەوەنــدەی پێوەنــدی بــە ســەرلەبەری دیــداری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە دووجۆر پرسیار هەن: جۆری یەکـەمیان مـردووەو جـۆری دووەمیـشیان زینـدووە، پرسیاری مردوو پێشتر نووسەر ئامـادەی کـردوون... بە جۆرێ دیداری لەم جـۆرە زۆرجـار ڕووبـەڕوو نابێـت بەڵکو پرسیارەکان کە لـە بـارەی کێشەیەکەوەیە یـا چــەند کێـشەیەکەوەیە دەدرێ بــە کەســایەتییەکە، بەمجۆرە کەسایەتییەکە ئەو ماوەیـەی دەبـێ وەڵامـی بداتـــەوەو بـــە ئامـــادەکراوی بـــۆ نووســـەرەکەی بگەڕێنێتـەوە، لێـرەدا کەسایەتییەکە سـەبارەت بـە چـۆنیەتی سـازکردنی دیدارەکـە بـیروڕای خـۆی دەســـەپێنێ، چـــونکە لـــە ڕووی دەروونـــی یـــا ڕۆشـنبیرییەوە ئامـادە نییـە ڕووبـەڕوو چـاوی بـە نووسەرەکە بکەوێت، پێدەچێ دیدارەکە خۆیشی هـەر مردوو بێـت، چـونکە ڕۆژنامـەنووس ئەوەنـدە لێهـاتوو نییـە بکەوێتـە گفتوگـۆو دیـالۆك، بـەمجۆرە ڕوو لـە شـوێنی چـاوپێکەوتن دەکـات و چـەند پرسـیاری ئامـادەکردوون و لێـی لا نـادات چـونکە ئـەو توانایـەی نییە پرسیاری نوێ دابڕێژێت بە هۆی کەمی زانیاری یا کـەمتوانایی و متمانـە نـەکردنی بـە خۆیـەوە، یـا کەسانێك هەن لە داڕشتنی پرسـیارەکاندا هاوکارییـان کردووە، لەوانەیە هێندێ جار ڕوویدات سەرنووسەر یا بەرپرسـی دیدارو چاوپێکەوتن چـەند پرسـیار بخەنـە بەردەسـتی نووســەرێکی تــازە کــە ئــەوە هــەموو زەخیرەیەکی دیدارەکەیەتی.

بــە هــەرحاڵ، ئــەم جــۆرە پرســیارانە هــەرگیز سەرنجراکێش نـابن، مایـەی وەڕزی دەبـن سـا مەگـەر بکەوێتـــە وێـــزەی کێـــشەیەکی گەرماوگـــەرم یـــا گرنگەوە... نموونەی ئەم جۆرە پرسیارانە دەکرێ بۆ بەرپرسـێکی ئێرانـی دابڕێــژرێ کــە بــە مەبەســتی گفتوگۆکردن لەسەر ئاسەواری جەنگی هەشت ساڵەی سـاڵانی هەشـتای سـەدەی بیـست سـەردانی بەغـداد دەکات.

**ـ مەبەستی سەردانەکەتان چییە؟**

**ـ لەم سەردانەتان چاوتان بـە کـێ دەکـەوێت وباسـی چی لەگەڵ دەکەن؟**

**ـ لە ئەرکەکەتاندا هیچ دژواریەك دەبینیتەوە؟ تا چەند لە هەوڵەکەتاندا سەرکەوتوو دەبن؟**

**ـ ئایا ئەم سەردانە بەشێکی سیاسـەتی نـوێی ئێرانـە بەرانبەر عێراق یا تـەنها بـاس لـە ئاسـەواری جـەنگ دەکەن؟**

**ـــ ئایا پێتان وایە تارمایی جەنگ زۆر دوورکەوتووەتەوە یا هێشتا لە شوێنێکدا خۆی مەڵاس داوە؟**

**- ئایا پێتان وایە هەر دوو وڵات سوودیان لە ئەزموونی جەنگ وەرگرتبێ؟**

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە پشت بەستووە بە رۆشنبیریی و کەسایەتی بەرپرسی ئێرانی میوان، رادەی بە دەنگەوەچوونی لەگەڵ رۆژنامەنووس و پێش ئەوەی بەرەو بەغداد بکەوێتە رێ تا چەند رێی پێدراوە قسان بکات. بەڵام رۆژنامەنووس هەر لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا پرسیاری زیندوو دەکات، کە رووبەڕووی رۆحی کەسایەتییەکەی تێدایە، دایالۆگی رۆژنامەنووسیی گەرماوگەرم بە پرسیارو وەڵامی بەرێوەدەچێ کە زیاتر لە هەوڵی رۆژنامەنووسەوە نزیکە، بە مەبەستی دواندنی کەسایەتییەکەو دەرهێنانی زانیاری و رای نهێنی و ورووژێنەر لێی، سەرباری ئامادەیی بۆ چاوپێکەوتن بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری لە کتێبخانەو ئەرشیف و پێداچونەوەی هەواڵو لێدوان و زانیاری تایبەت بە بابەتی دایالۆگەکەوە، دارشتنی ئەم جۆرە پرسیارانەیش پشت بە رۆشنبیریی و زیرەکی و لێهاتوویی رۆژنامەنووس دەبەستێت، هەر بۆیە ئەمجۆرە دیدارانە کاتێ سەرکەوتوو دەبێ گەر رۆژنامەنووس لێهاتوو بێ کەسایەتییەکەیش ناسراوو کاریگەر بێت، هەروەها گەر بابەتی چاوپێکەوتنەکەیش لای جەماوەر ورووژێنرابێ و زیاد لە هەر لایەنێکی دیکە مایەی بایەخ پێدان بێ... سەرەرای ئەوەی زۆربەی پرسیارەکان لە ماوەی دایالۆگەکەدا دێنە پێش، بەڵام رۆژنامەنووس کاتێ بەرەو شوێنی دیدارەکە دەکەوێتەرێ مەرجە چەند

**رۆژنامەنووس کاتێ بەرەو شوێنی دیدارەکە دەکەوێتەرێ مەرجە چەند پرسیارێکی ورووژێنەرو جدیی لای خۆی گەڵاڵە کردبێ کە دەبێتە سەرەتای دیدارەکەو تەوەرەی ئەو بابەتەیش کە گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێ**

پرسیارێکی ورووژێنەرو جدیی لای خۆی گەڵاڵە کردبێ کە دەبێتە سەرەتای دیدارەکەو تەوەرەی ئەو بابەتەیش کە گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێ بە دڵنیاییەوە پێشەکی ئەم جۆرە دیدارو چاوپێکەوتنانە هەر دەبێ سەرنجراکێش و پرشەوق بن لە بەر چاو بێ.

پێشەکی نووسینی جۆری یەکەم... هەروەها پرسیارەکانیش بە هەمان شێوە جۆرێ لە بۆن و بەرامەی مرۆڤایەتی لێ بێ کە دایالۆگەکەی پێ سەرنجراکێش دەبێ... با وای دابنێین چاوپێکەوتنی بەرپرسەکەی پێشوو بەمجۆرە پرسیارانە دەست پێ دەکات:

**١ـ کە گەیشتیتە بەغدا، ئایا پێشتر سەردانی بەرەکانی جەنگی پێشوو و ئەو سەنگەرانەت کردووە کە زۆر سەرباز تێیاندا گیانیان لە دەستداوە، رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی سوتماك کە هێشتا ئێسك و پروسکی لێك بڵاوی تێدا بە جێماوە؟... گەر سەردانت نەکردووە ، ئایا ناکرێ سەردانێکی هاوبەشی لەم جۆرە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق رێکبخرێ تا سەبارەت بە ئاسەوارەکانی ئەو جەنگە بە توندی تەکانێك بە تووێژەکانتانەوە بدەن؟!**

**٢ ـ ئایا بیرتان لەوە نەکردووەتەوە ئازارەکانی دوێنێ لە بیربەرنەوە تا پێکەوە بەرەو ئاسۆیەکی نوێ بکەونە کاری هاوبەشی بێ هیچ دوودڵی یا نیازێکی خراپ رێز لە یەکدی بنێن؟... مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوە دەکرێ و ئاسانە یا پێویست بە کارو ماوەی درێژتر دەکات؟!**

**٣ ـ باس لە ئاسەواری جەنگ دەکەن... ئایا باسی پێویستییەکانی ئاشتی لە پێشترنیە؟.. یا هێشتا جەنگ کۆتایی پێ نەهاتووەو هێشتا ماوە تا پێکەوە بەرەو ئاشتی هەنگاو هەڵ بێنینەوە؟**

سەرەتای هەر وەڵامێکی ئەو بەرپرسە لە بارەی هەر یەك لەو سێ پرسیارەوە، دەکرێ بەرەو پرسیاری ورووژێنەرترو پرشەوق تر ببرێ، پرسیارێکن رۆشنایی دەخەنە سەر سروشت و شێوازی بیرکردنەوەی زەینی ئەو بەرپرسەو هاورێکانی. رۆژنامەنووسی لێهاتوو

دەتوانێ دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی ئاوا بکاتە دادگایەك یا چیرۆکێکی وروژێنەر... ئەمەیش ئەو دوو قالبەیە سەرنجی خوێنەرێکی زۆر ڕادەکێشێ، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە یادەوەریەکی هەست و سۆز یا دەروونی یا بەو بابەتەوە هەیە.

بەپێی وەڵامی کەسایەتییەکە پرسیار بە دوو جۆر دەکرێ کەبریتین لە پرسیاری داخراو و پرسیاری کراوە... یەکەمیان وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکراو دیاریکراوەو پێویست بەوە ناکات زۆری لە بارەوە بگوترێت... وەك ناوت چییە؟ تەمەنت چەندە؟ لە کوێ لە دایك بوویت؟ چەند قاتە جلت هەیە؟... بەڵام پرسیاری کراوە ئەو جۆرە پرسیارانەیە کە هەر دەبێ بە درێژی وەڵام بدرێتەوە... سا ئیدی پێویست بە زانیاری زۆر بکات یا ئەو ڕایانەی لە بارەیەوە پێویست بە بیانووهێنانەوەو پاڵنەرو هۆکاری دیکەی جۆراوجۆرە... هەر پرسیاری کراوەیشە کە تەوەرەی سەرەکی هەر دیدارێکە، لە کاتێکدا پرسیاری داخراو چوارچێوەی دیدارەو دایدەپۆشێت، کە زۆر مەسەلەی شەخسی وەك تەمەن و لایەنگری حزب و ئایدۆلۆژییە دیاریکراوەکان و پەیوەندی هەست و سۆزی بە شارێکی دەست نیشانکراوەوە یا کاریگەری هێندێ شت لە سەری ڕوون دەکاتەوە.

کاتێ ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە داڕشتنی پرسیارەکانی مەرجە سەرەتا دەستنیشانی ئەوە بکات چی دەوێت ؟.... دەیەوێت چ جۆرە زانیارییەکی دەست بکەوێت؟... لەو باوەڕەدایە کەسایەتییەکە چ ڕایەکی دەبێ و چۆن بە کەڵکی باسەکەیی و خوێنەرانیشی دێت؟!... هەر کەسایەتی هەڵبژاردەی دیدارەکەیەتی کلیل و سەرچاوەی قسەکانیەتی کە بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکەی پێك دەهێنێت، ڕۆژنامەیش دەیخاتە بەرچاوی خوێنەران، مەرجە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە کەسایەتییەکە بخوێندرێتەوە تا بگەینە ئەوەی چۆن بە شێوەیەکی نموونەیی مامەڵەی لە تەکدا بکەین، دەکرێ بە هۆی کۆکردنەوەی زانیارییەوە لە ژیاننامەو (**بایۆگرافی**)ی کەسایەتییەکە بکۆڵینەوە، سا ئیدی لەو دەزگایانەی کاری تێداکراوە یا لە کتێبی بەردەست یا دیداری بڵاوکراوە، یا ئەو کەسانەی لەگەڵیدا کاردەکەن یا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پێشتر چاویان پێی کەوتووە یا تەنانەت لە ساتی چاوپێکەوتنیدا بە دووی هەڵسوکەوتی یا هێمای دەست و چاوییەوە بین، بێگومان ئەم جۆرە زانیارییانە لە داڕشتنی پرسیارەکانداو هەروەها لە ڕەوتی چاوپێکەوتنداو لە هەڵهێنجانی پرسیاری نوێدا بە کەڵکی ڕۆژنامەنووس دێن. بەڵکو لە ساتی پرسیارکردن و چاوەڕوانی کاردانەوەی و هەروەها جڵەوکردنی هەلومەرجی دیدارەکەدا بە جۆرێك بە شێوەیەکی ئاسان و بە بێ نێوەنێودانی کتوپڕ بەڕێوەبچێ، تا ئەو ڕادەیەی کەسایەتییەکە چیدی ئامادەی هاوکاری کردن نەبێ، زانیاری شەخسی دیدارەکە پڕشەوق دەکەن و پاشان هەتاوەکو ململانێی شێوازی پرسیارەکان و ئاراستەکردنیان و بە دوواداچوونی خوێنەران بۆ لایەنی دراماتیکی لە میانەی سازکردنی دیدارەکەدا مۆرکێکی دینامیکی پێ دەبەخشێ و لە سستی و بێ جووڵەیی و تەقلیدی دووری دەخەنەوە، گریمان کەسایەتییەکە ڕای گەیاند ڕازی نییە هیچ جۆرە باجێك بخرێتە سەر ئەو هاووڵاتیانەی داهاتیان کەمە. کاتێ ڕۆژنامەنووس بیری کەسایەتییەکەی بهێنێتەوە کە کۆڵنەدەرانە لە پەرلەماندا بەرگری دەکرد تا بە یەکسانی باج بخرێتە سەر هەمووان بە هەژارو دەوڵەمەندەوە بیهێنە پێش چاوت بەم بیرهێنانەوەیە کاردانەوەی چۆن دەبێ.

زانیاری زیندوو لە بارەی ژیانی کەسایەتییەکەوە هەر بە تەنها لە ناسین و تێگەیشتنی کەسایەتییەکەو شارەزابوونی ئارەزوو و مەیل و بیروباوەڕی بە سوود نابێت، بەڵکو تا ڕادەیەك بابەتی ڕۆژنامەنووسییەکە شەفافترو واقیعیترو خۆشتر دەکات... بە هەر حاڵ ئاسانە ژیاننامەی کەسایەتییەکەمان دەست بکەوێت، بەڵام زانینی هەڵسوکەوت و خوخدەو سروشتی سایکۆلۆجی پێویستی بە زیرەکی زیاتری ڕۆژنامەنووسە، لەمەیشدا ڕۆژنامەنووسیی لێهاتوو و بەتوانا دەردەکەوێ و دەکەوێتە بەر چاوان.

هەڵسوکەوتی زیرەکانەی نووسەر دەبێتە مایەی سەرکەوتنی دیدارەکە، گەر ڕوویدا کەسایەتییەك بە سووك لە ڕۆژنامەنووسی ڕوانی و پێی وابوو شایەنی ئەوە نییە بە دیداری بگات، ئەوا هەر گەنجینەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەنووس و توانای دارشتنی پرسیارەکە جۆرێ لە فشارو تەنگەتاوکردنی تێدایەو لەو چەڵەمەیەدا بە فریای ڕۆژنامەنووس دەکەون. هەروەها دەتوانی تێی بگەیەنێ کە بێدەنگ بوونی دەبێتە هەواڵیکی وروژێنەرو خوێنەر لەو هەڵوێستەی تێدەگات و لەبەر ڕۆشنایی هەلاَتن و خۆدزینەوەی بە دەرئەنجامی تایبەت بە خۆیان دەگەن، لە هەموو بارێکدا مەرجە لە دیدارو چاوپێکەوتنی کەسایەتی دەرکەوتووی دەوڵەتدا ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو و بەرچاو بەو ئەرکە بسپێرن... مەرجە ڕۆژنامەنووس کەسایەتییەکە خاترجەم بکاتەوە کە پێملی ئەمانەت و وردەکاری دەبێت و بەو جۆرەی خۆی پێی خۆش بێت قسەکانی بە خوێنەر دەگەیەنێت. بێگومان دیداری سەرکەوتوو لە کەشوهەوایەکی سروشتی و دۆستانە داو لە هەستکردنی توند بە متمانەکردن و ڕەزامەندی و کەمەندکێش بوونی هەر دوو لادا بەڕێوەدەچێ، کاتێ کەشوهەوای دیدارەکە ئەوپەڕی ڕەسمی دەبێ، ئەوا دەکرێ ڕۆژنامەنووس پەنا بباتە بەر ئەو شێوازەی لە جیهاندایە (**شکاندنی سەهۆڵ**) ناسراوەو بە جۆرێ ڕۆژنامەنووس بە مەبەستی پاراوکردنی کەشوهەواکەو خولقاندنی هەستی دۆستایەتی لە سەرەتای چوونە شوێنی دیدارەکەو دانیشتنی لەگەڵ کەسایەتییەکەدا هەر بە ئارەزوو پرسیارێکی زیندوو پەیوەست بە ساتی دیدارەکەی لێ دەکات، وەك ستایشکردنی زەوقی کەسایەتییەکە لە ڕێکخستنی ژوورەکەدا یا ئالوودەبوونی بە کۆکردنەوەی ئەنتیکە یا تابلۆی هونەری یا هەبوونی بالەکۆنەیەك بە سەر دیمەنێکی قەشەنگدا بڕوانێ یا... بە مەرجێ ڕۆژنامەنووس بە ئەدەبەوەو لە سنووری خۆی دەرنەچێت، هەر وەك ئەوەی بیەوێ لە بارەی وێنەیەکی خێزانییەوە بدوێ بە لایەوە نەگونجاو بێ لەسەر مێزی کەسایەتییەکە دانرابێ یا لەوانەیە یادەوەرییەکی دڵتەنگی لە بارەوە هەبێ، ڕۆژنامەنووس وکەسایەتییەکە بەم (**شکاندنی سەهۆڵ**)ە زیاتر لە یەك نزیك دەبنەوە، بە جۆرێ کەسایەتییەکە وا هەست بکات ڕۆژنامەنووس مەبەستێکی خراپی نەبێ یا بیەوێ ئاژاوەو پشێوی بنێتەوە یا ببێتە مایەی ئابڕووچوونی، بەڵکو هاتنی لە پێناوی ڕوونکردنەوەو گەیاندنی ڕاستییەکاندا بێ، شێوازی پرسیاری یاریدەدەر هەیەو لەم شێوازەوە نزیکە، ڕۆژنامەنووس پێشتر زیرەکانە پرسیاری ئامادەکردووە یا هەر لە ماوەی دیدارەکەدا دەیوروژێنێ وەك شێوازێکی تاکتیکی لە هەڵسوڕاندنی ڕەوتی دیدارەکە یاریدەی دەدات گەر کەسایەتییەکە ویستی لە بابەتەکە لابدات و بچێتە سەر باسی لاوەکی و نەیەوێت ڕاستەوخۆ وەلاَم بداتەوە، ئەو پرسیارە یاریدەدەرانە دەبنە مایەی هەرچی ئاسانترکردنی دیدارەکەو هەستی کەسایەتییەکەی پێ بریندار نابێ، بەڵکو وای لێدەکات هەست بە جۆرێ لە دڵنیایی و متمانە بکات لەوەی دیدارەکە نابێتە مایەی سەر ئێشەو نارەحەتی بۆی، چونکە وەلاَمی ئەم پرسیارانە لە هاوتای وەلاَمی پرسیارەکانی دیکەدا دەوەستنەوەو هەر وەك هۆکارێکی هاوسەنگ بوون دەبێ و ئاساییە، باشترین پرسیار ئەوەیە وەلاَمەکەی هەر بە ڕستەیەك بدرێتەوە سەرەڕای ئەوەی هێندێ جار وا پێویست دەکات پرسیارێك بکەین وەلاَمەکە یەکێ لەم دوو ووشەیە بێت.. بەڵێ یا نەخێر... بەلاَم پێویستە پرسیار ڕاستەوخۆو بە بێ پێچ و پەنابێت، گەر بە ڕستەی وەك: ڕات چییە؟ چ بڕوایەکت هەیە دەست پێ بکەین بە دڵنیاییەوە باشتر دەبێ لەوەی گەر بە ڕستەی وەك: ببورە تەنیا دەمانەوێت ڕاتان لە بارەی... وە بزانین؟... هەروەك لە حاڵەتی پێویستدا پرسیاری تەنگەتاوکردن و نێوەنێوەدان بە شێوەیەك بەرانبەری پێ بریندار نەبێ دەکرێن و، وا باشترە ڕۆژنامەنووس هەوڵ نەدات هەموو زانیارییەکانی ئاشکرا بکات مەگەر هەست بکات کەسایەتییەکە بە نیازە لە وەلاَمدانەوەی خۆی بدزێتەوە چونکە ترسی هەیە کاتێ لەو بڕوایەدا

بێت کە زانیارییەکن و هەست بکات کە زانیاری زیاتری پێیەو لەو شارەزاترو لێهاتووترەو لە ژیانی رۆژانەو وەزیفەیشدا لە پێشترە، چونکە رۆژنامەنووس بەو کارەی خۆی دووچاری دەرکردن و سووکایەتی پێکردن دەکاتەوە.

داڕشتنی پرسیار بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە جۆرو مەبەست لە سازدانی دیدارەکە دەبەستی... دیدارو چاوپێکەوتن سێ جۆری هەیە:

**١ــ دیداری زانیاری (لە بارەی رووداوێکی دیاریکراوەوەو لە بوارێکی دیاریکراوی ژیان یا زانستی).**

**٢ــ دیداری ڕاو هەڵوێست (لە بارەی رووداو یا کێشەیەکەوە دەبێ زۆرجار سیاسییە یا شوێنەواری کۆمەڵایەتی یا ئابووری یا تەنانەت فیکری هەیە).**

**٣ـ دیداری وەسفکردن و سەرگەرمی (ئەم جۆرەیان زیاتر لە دیدارو چاوپێکەوتنی هونەری یا ئەوەی لەگەڵ وەرزشەوان و ئەستێرەکانی کۆمەڵگادا سازدەکرێن).**

رۆژنامەنووس لە دیداری کەسایەتییەکی هونەریدا، سەرەتا لە بارەی فیلمی تازەوە دەپرسێ کە بەشداری قارەمانێتییەکەی کردووە، یا پرۆژەی کاری داهاتووی، بەڵام لە جۆری دووەمدا دەیەوێت ڕای بەرانبەرەکەی لە بارەی شەپۆلی فیلمی نوێ و نەوەی گەنجانەوە بزانێ کە تازە دەردەکەون. بەڵام لە جۆری سێیەمدا لە هەڵبژاردنی جلوبەرگیدا لێی دەپرسێ کام ڕەنگی بەلاوە پەسەندە، پێوەندی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی و بە چێشتخانەو هاوسێکانییەوە چۆنە؟.... پێدەچێ هەر سێ جۆرەکەی دیدار پێکەوە لە چاوپێکەوتنی کەسایەتی ئەستێرەکانی کۆمەڵگا دا. وەك هونەرمەندان و وەرزشەوانان بکرێن، بەڵام ئاسابیە کە جەماوەر گوێ نادەن بە زانینی خووڕەوشت و نەریت و ئارەزووی نموونەکانی دیکەی وەك سیاسەتمەدارو ئابووریناسان و مامۆستایانی زانکۆو فەیلوسوف و... یا مەگەر لە ئەستێرەکانی کۆمەڵگا بن.

بە هەرحاڵ، کاتێ پرسیاری خۆت دەکەیت لە بیرت نەچێت تا متمانەت پێ بکەن تێگەیشتوانەو دیبلۆماسیانە پرسیاربکەیت و ئەمینداری و کەسایەتیت بە هێزبێ و لە بارەی کاروبارو بابەتی دیدارەکەوە زانیاری تەواوت هەبێ، با جلوبەرگت گونجاو بێ و بە وادەی دیدارەکەوە پابەند بەو هەموو پێویستییەکی خۆت لە کاغەز و قەڵەم و... ت پێ بێت.

بەڵام کەسایەتیت لە پرسیارەکانتداو چۆنیەتی داڕشتنەوەی و پرسیارکردندا ڕەنگ دەداتەوە... بێ ڕیاکاری و بێ ئابڕووبییەوە ئازاو بوێرو خۆڕاگر بە بە بێ توندوتیژو ڕەقی و... سادەو ساکار بەو لاواز مەبە. باشترین ئامۆژگاری بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی بە پرسیار بەرانبەرەکەی تەنگەتاو دەکەن کە بۆ کەمەندکێش کردنی خوێنەرو سەرنجراکێشانی بەلای دیدارەکەوە زۆر پێویستە، ئەوەیە چاوەڕێ بن و بۆ (٥) خولەکی کۆتایی دیدارەکە پرسیاری تەنگەتاوکردن هەڵبگرن. گەر کەسایەتییەکە کاتەکەی دیاری نەکردبێ، ڕێ بە کەسایەتییەکە بدە بدوێ و فێربە چۆن گوێی بۆ هەڵدەخەیت زیاتر خەیاڵ و بیرو زەینت هەر لای قسەکانی بێ نەك لەو قسانەی کە دەتەوێ لێی بپرسی، باشترە زیاتر لەو پرسیارانە (بۆچی؟)و (چۆن؟) وردببیتەوە کە دوا ڕستەی کەسایەتییەکە دەبێ، گەر وەڵامی پرسیارێکتی نەدایەوە سەرلەنوێ بە شێوەیەکی جیاواز دای بڕێژەرەوە، گەر هەر سوودی نەبوو لە کاتێکی دیکەی دیدارەکەدا ئەو پرسیارەی لێ بکەرەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەمووان دەخوازن وێنەی خۆیان بە جوانی و بە باشی بخەنە بەرچاوی خەڵك، هەر بۆیە گرنگە رۆژنامەنووس سەرچاوەکانی دیکەی زانیارییەکان و لە

> **ڕێ بە کەسایەتییەکە بدە بدوێ و فێربە چۆن گوێی بۆ هەڵدەخەیت زیاتر خەیاڵ و بیرو زەینت هەر لای قسەکانی بێ نەك لەو قسانەی کە دەتەوێ لێی بپرسی**

تێڕوانینـــی جیـــاوازەوە لێیـــان وردبێتـــەوەو لێیـــان دڵنیابێت.

رۆژنامـــەنووس کـاتێ چـاوی بـە کەسـایەتییەکی گشتی دەکەوێت، سا بەرپرسێك بێ یا ئەستێرەیەکی کۆمەڵگا، مەرجە لە پرسیاری نوێ و پەسەند بگەڕێ، چـونکە ئـەو کەسـایەتییانە لەسـەر زۆری دیـدار چـاوپێکەوتن و بیـستنی زۆری پرسـیاری هاوشـێوە راهـاتوون، کـاتێ بزانـێ پرسـیارەکان دووبـارەن لەوانەیشە رازی نەبێت چاوی پێت بکەوێت، دەکرێ نەخـــشەیەکی مـــاقوڵ و پەســـەندکراوی لیـــستی پرسـیارەکان بخرێتـە بـەر زەیـن هـەر وەك لـە کتێبـی (**نووسینی هەواڵ و راپۆرتی رۆژنامەنووسی**) دا کورت و پوخت کراوە، بەم جۆرەیە:

١ـ بۆ دیداری یەکەم جاری کەسێك رێ خۆشکەر بە، یا کاتێ دەتەوێ لـە هەڵوێـستێکی گـرژەوە قوتاربیـت پێویست بەوە دەکات پەنا ببەیتە بەر هێمن کردنەوەو خاوکردنـەوە، وەك ئـەوەی کـاتێ چـاوت بـە وێنـەی پاریس دەکـەوێ بـە دیـواری ژووری کەسـایەتییەکەوە هەڵواسـراوە، رات لـە بـارەی ئـەو شـارەوە چۆنە لـە بارەیەوە بدوێ یا لە بارەی رووداوێکی خۆشەوە کە لـەو شـارەدا بـە سـەرتدا هـاتووە کـاتێ سـەردانیت کردووە بدوێ... هەروەها:

٢ـ پرسیارێك بکە بە لای کەسایەتییەکەوە خۆش بێ و مایەی بایەخ پێدانی بێ بە تایبەتی لە جۆری شـەش پرسـیارە بنەڕەتییەکـە: (کـێ)و (چـی)و (کـەی)و (**کوێ**)و (**بۆچی**)و (**چۆن**)... پاشان ئەوەیشی بخەرە سەر (**دواتر چی**)...

٣ــ پرسـیاری بـە دووداچـوونی لێ بکـە وەك (**بۆچـی**)و (**چۆن**)... پێدەچـێ پێویـست بـە نموونـەی دیکـەیش بکات... یا داوای روونکردنەوەی لێ بکە...

٤ـــ بگـەڕێوە سـەر ئـەو پرسـیارانەی پێـشتر کەسـایەتییەکە خـۆی لێ دزیونەتـەوەو وەڵامـی نەداونەتـەوە، بـەڵام بـە جـۆرێکی دیکـە پرسـیار بکەرەوە.

٥ـ لە بارەی پێشینەی بابەتەکەوە کە قسەوباسی لە بارەوە دەکەن پرسیاربکە؟...

پاشان لـە بـارەی داهـاتووەوە پرسـیاربکەو پـاش ئەوەی بەرەو پێش دەچێ چی بە سەردا دێت.

٦ ـ خۆت بخەرە شوێنی خوێنەرو ئەو پرسیارانە بکە کە لە زەینی خوێنەراندان.

٧ ـ لـە بـارەی باشـی و خراپـی بابەتەکـەو لایەنـە جیاوازەکانی و کاردانەوەی لە بارەیانەوە بپرسە.

٨ ـ داوای پێناسـەی هـەر شـتێك بکـە بـە لای خوێنــەرەوە نەناســراوبێ، دەســتەواژەو زاراوەی قسەکانی پێ روون بکەرەوە.

**ئەمەیش چەند رێنوێنیە بۆ کاتی پرسیارکردن:**

١ــ لـە زانیارییـەکان بکۆڵـەرەوەو لـە نـاوو پلەوپایـەو بەروارەکان دڵنیا بە.

٢ـ کاتێ کەسایەتییەکە لە باسەکە لادەدات یا درێژەی پێ دەدات، قسەی پێ مەبڕە بەڵکو چاوەڕێ بـە تـا بێدەنگ دەبێ و بیگێڕێتەوە سەر ئەسڵی قسەکان.

٣ــ پـاش هـەموو وەڵامێکـی کەسـایەتییەکە چـەند چرکەیەك چاوەڕێ بـە پـێش ئـەوەی پرسـیاری دیکـە بکەیت لەوانەیە درێژە بە قسە بدات یا شتێکی گرنگی بیر بکەوێتەوە.

٤ـ کاتێ بە پرسیار تەنگەتاوی دەکەیت پەنا بەرە بەر سەرزەنشتی کەسانی دیکە، نەیارانی کەسایەتییەکەن کە بە هێندێ تاوانی ناشیرین تاوانباری دەکـەن، نـەك تۆ.

٥ـ خۆت لە پرسیاری پڕوپوچ و بێ مانا بە دوور بگـرە وەك: (**بـە مردنـی کوڕەکـەت هەسـت بـە چـی دەکەیت؟**)... بە تێگەیشتووییەوە پرسیاری هەست و سـۆز بکـە، وەك: لـە کـاتی پێکـدانی سـەیارەکەدا هەستت بە چی دەکرد؟

٦ـ با پرسیارەکان کورت و پوخت بن و پێشەکی درێـژ بـێ سـەر لـە کەسـایەتییەکە دەشـێوێنێ، هـەوڵ بـدە پرسیاری بێ بایـەخیش، یـا داوای لێ بکـە زیـاتر بـۆت بدوێ کە پێویستیشت پێی نەبێ. ئەمانـە لـە کاتێکدا دەبـێ کـە بـە نووسـینەوەوە سـەرقاڵیت و دەتـەوێ بیرکردنەوەت چڕ بکەیتەوە... گرنگ ئەوەیە گوێ لـە کەسایەتییەکە بگری و سـەیری بکـەیت، نیـشانەی بـە دەنگەوەچوون و کاریگەری لە ماوەی قسەکردنیدا بـە رووخسارتەوە دیاربێ.

٧- داوا لە کەسایەتییەکە بکە گەر ئارەزووی بێ خۆی پرسیار هەڵبژێرێ، دواجار سوپاسی بکەو داوایشی لێ بکە، گەر بیەوێت، پێیدا بچێتەوەو کاتێ پرسیاری دیکەت دەبێ، گەر ڕازی بوو داوای هەر هۆکارێکی ئاسانی پێوەندیکردنی لێ بکە وەك ژمارەی تەلەفۆن و مۆبایل، یا ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی (ئی مەیل).

## دیداری ڕۆژنامەنووسیی لە نێوان ڕۆژنامەنووسی و کەناڵە گەردوونییە تەلەفزیۆنییەکاندا

پاش ئەوەی کەناڵە گەردوونییە ڕاستەوخۆکان سەریان هەڵدا، ئاسۆی نوێی فراوانبوون و شەوق و شۆڕو سەرنجراکێشان لە بەردەم هونەری دیداری ڕۆژنامەنووسیدا ئاوالەبوو، ئەمەیش بە هۆی پێویستیی کەناڵەکانی هەواڵ بۆ پڕکردنەوەی رووبەرێکی بەرفراوانی ماوەی پەخشکردنی بەرنامەکانی، هەروەها لێدوان و لێکدانەوەی هەواڵ و نزیك خستنەوەی دەسەڵات و پێشینەکانی لە جەماوەرو هەڵخراندنی بە مەبەستی پێشوازی کردن لە هەر بەرەو پێشچوونێکی چاوەڕوانکراو لەبەر ڕۆشنایی زانیاری بەردەست و ڕای کەسایەتییە بەئاگاو پسپۆڕەکان، بەلام کەناڵە مۆسیقاییەکان و ڕەنگاوڕەنگەکان سەرباری پێویستی پەخشکردنی بەردەوام و بێ پسانەوەی ئەم جۆرە بەرنامانە بە درێژایی شەوو ڕۆژ پەنایان بردووەتە بەر چاوپێکەوتنی هونەرمەندانی ئەستێرە تا بەرنامەیەکی پڕ شەوق و خۆشی و کەیف پێشکەش بە جەماوەرەکەیان بکات، دەکرێ بگوترێ کە بایەخی هونەری دیداری ڕۆژنامەنووسیی لە سەردەمی کەناڵە گەردوونییە ڕاستەوخۆکاندا شێوازو چۆنیەتی دەرهێنانی و پێشکەشکردنی بە جەماوەر زیاتر بووە، بەڵکو چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسان و کەسایەتییەکانیش، بە جۆرێ تەنانەت لە ساتی پەخشکردنی هەواڵەکانیشدا بە مەبەستی لێدوان یا لێکدانەوەی هەواڵێکی گرنگ دیداری بۆ ساز دەکرێ، بەلام بەرنامەکانی چاوپێکەوتن هێندێکیان بە پشتبەستن بە ماددەی ئەرشیفی و دیداری لابەلا لەگەڵ کەسایەتی دیکەدا تا زانیاری زیادە لە بارەی کەسایەتییەکەو قسەکانییەوە بدەن بە چەند ئەڵقە پێشکەش دەکرێ ، لەچەند حاڵەتیشدا لەوانەیە پەخشکار (مەبەستمان لە **ڕۆژنامەنووسی تەلەفزیۆنییە**) لە یەك کاتدا هەر لە ستۆدیۆ یا لە ڕێی مانگی دەستکردەوە چاوی بە چەند کەس بکەوێت، پەخشکار هەر لەم دیدارانەدا پرسیارەکان دادەڕێژێ و لە ساتی گونجاوداو بەبەرچاوی جەماوەرەوە پرسیاردەکات و، پەخشکار لە دیداری دیکەیشدا بە چەند پرسیارێکەوە خۆی بۆ سازدەکات، بەلام بە شێوەیەکی گشتی دیداری تەلەفزیۆنی پەخشکارێکی گەرەکە ڕۆشنبیر بێ و بە دووداچوونی بەرفراوان و نوێی لە بابەتەکەدا هەبێ کە لەگەڵ کەسایەتییەکەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکات زیاتر لەوەی کە پێی دەگات، هەروەها کەسایەتییەکی دیبلۆماسی بە دەموزمان و بە هێزی هەبێ سەرباری ڕوخساری دیکەی تەلەفزیۆنی، هەمیشە دەبێ لە یادی بێ ئەو لەبری بینەران پرسیار دەکات و دەکەوێتە ورووژاندنی کێشەکان و بە ڕاستییە مۆرکراوەکان کەسایەتییەکە بە گیردەهێنن، لە حاڵەتی دیداری تەلەفزیۆنیدا پەخشکار مەرجە ئاگای لە ئاڕاستەکانی ڕای گشتی هەبێ و تیایاندا شارەزا بێ و هەوڵ نەدات بکەوێتە نێوەنێودانی ڕای بینەران یا لە بەرانبەر زۆرینەی خەڵکی دا دژە هەڵوێستی هەبێ سەرەڕای ئەوەی کە یەکەمین ئەرکی ئەو هەر گەڕانە بە دووی ڕاستیداو ئاشکراکردنیەتی.

هێندێ جار ڕوودەدات پەخشکارێك چاوی بە کەسایەتییەکی زۆر هەڵکەوتوو دەکەوێت، سەبارەت بە کێشەیەك کە ڕای گشتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە لە گەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆوە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە دەستپێشخەری دەکات و دیدار لەگەڵ پەخشکارەکەیدا سازدەکات، پێدەچێ ڕۆژنامەیش هەمان کاربکات و، لەبارەی ڕەوشی دیدارو بۆچوونی کەسایەتییەکەوە پرسیاری لێ دەکرێ... لە کۆتایی ساڵی(١٩٩٠)دا چەند ڕۆژ پێش هێرشی فڕۆکە ئەمریکاییەکان بۆ سەر بەغداد لە (١٩٩٠/١/١٧)داو بە دوای ئەو کێشەیەی لەبارەی کوێتەوە خولقابوو،

(پیتەر جەنگیز)ی بێژەری رایەڵەی تەلەفزیۆنی (ABC)ی ئەمریکایی، چاوی بە سەدام حسێنی سەرۆکی عیراق کەوت بوو... لە کاتی پەخشکردنەوەی دیدارە تەلەفزیۆنییەکەدا (دیانا سویری) پێشکەشکاری بەرنامەی هەواڵەکانی رایەڵەکە دیدارێکی لەگەڵ (جەنگیز)دا سازدابوو، پرسیاری لەم تەرزەی لێ کردبوو:

- دەکرێ هێندێ لە وردەکارییەکانی ئەو دیدارەمان بۆ باس بکەن، ئایا لە نیوەشەودا بانگ هێشت کرابوون؟ ئایا لیی پرسیت دابنیشەو پێشوەخت بۆی باس بکەیت لە دیدارەکەدا چی روودەدات؟

- ئایا توورەو هەڵچوو بوو؟ مەبەستم لە ماوەی نێوان پرسیارکردنەکانت و گۆڕینی کاسێت؟ ئایا پرسیاری تایبەتی لێ کردیت، ئایا سەرنجی تایبەتیی خۆی دەردەبڕی؟

– بە وردی پێمان بڵێ لە یەکەمین رۆژدا چی پێ گوتیت. ئێمە هەمیشە ئەوەمان لە بارەوە بیستووە پیاوێکە هەرگیز نازانێ خۆ بە دەستەوەدان چییە؟ ئایا ئەوە حیکمەتێکی تەقلیدی خۆیەتی یا ئەمجارەیان ئەم حیکمەتە بە هەڵە کەوتەوە؟ ئایا بە راستی ئەوەی ئەمرۆکە بیستم بە نیازی وتووێژەو دەیەوێ قەیرانەکە رابگرێ؟ ئایا ئەمە مەسەلەیەکە رووکەشە یا لە ترساندایە بە قورسی بکەوێتە گەرمەی جەنگەوە؟

- پێت وایە چی روودەدات؟ ئایا سزا ئابوورییەکان کەوتووەتە ئەوەی کاریگەری هەبێ یا هۆی ئەوە ناردنی سەدەهەزار سەربازی ئەمریکی دیکەیە بۆ ناوچەکە؟ ئاشکرایە ئەم دیدارە لە نێوان دوو پەخشکاردا لە بارەی دیدارەکەی سەرۆکەوە چەندین هۆکاری پڕشەوق و سەرنجراکێشان و کەمەندکێشی و بە دووداچوونی لە خۆگرتووە.

بەهانە هێنانەوەو مشتومڕ ئەو داوە دەزوویە کە دیداری تەلەفزیۆنی بە بینەرانەوە دەبەستێتەوە، چونکە زۆربەی ئەو دیدارانە راستەوخۆن و لە سەر رەزامەندی کەسایەتییەکە دەبێ، بەو مەبەستەی هەڵوێستەکە بۆ بینەران روون بکرێتەوە دەکەونە وێزەی کێشە ئاڵۆزو پێکداچووەکان و بیروراکانیان لێ نزیک بخرێتەوە، هەر بۆیە لێرەدا رادەی تەنگەتاوکردن و نێوەنێودان لە چاو دیداری رۆژنامەنووسیدا بەرزترو بەهێزترە، چونکە هەر پاشگەزبوونەوەیەکی کەسایەتییەکە لەبەر چاوی بینەراندا بە زیانی خۆی دەشکێتەوەو، مادامێکی رازی بووە لە بەرچاوی بینەراندا دەربکەوێ و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە بهێنێ هەر دەبێ تا کۆتایی ئارام بگرێ و وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، چونکە تا کۆتایی هێنان بە چاوپێکەوتن پشتی دەشکێنێ، بە هۆی پێویستی راستەوخۆی کەناڵە تەلەفزیۆنییە گەردوونییەکان بە دیدارو چاوپێکەوتن و سروشتی ئەو دیدارانەیش بە جۆرێکە رووبەرێکی بەرفراوانی سەربەستی تێدایەو رۆژنامەنووس جگە لە حوکمی جەماوەر ترسی لە راگرتنی دیدارەکەی و هەر ئەنجامێکی دیکە نییەو، دەتوانێ کەسایەتییەکە تەنگەتاو بکات و نێوەنێوی بدات ئەمەیش وای کردووە دیدار هونەرێکی دیموکراتی داواکراوو هونەرێکی رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو سەرنجراکێش بێت... بێگومان پەخشکار پارێزگاری لە رەوشتی پیشەکەو هەڵسوکەوت و رێساو سیاسەتی داودەزگاکەی دەکات.

بەڵام بنەمای سەرەکی لە دیداری تەلەفزیۆنیدا دەستخستنی زانیارییەو ئەوەندەی بکرێ لە کەسایەتییەکەی دەربکێشێ، سا ئیدی زانیاری یا را بێ، بێگومان بە شێوازێکی دراماتیکی دەبێ بینەر بەرەو لای خۆی کێش بکات.

## نموونەی دیداری رۆژنامەنووسی

ئەم دیدارەی لای خوارەوە چاوپێکەوتنێکی سیاسیانەیەو نموونەیەکی ئەو جۆرە دیدارانەیە کە مەبەستییەتی راو بیانووی راستی ئەو رایەی تێدا بە دەست بهێنرێ و لەبارەیەوە روون بکرێتەوە.

دیدارەکە گۆڤاری (الشباب)ی عێراقی لە ژمارەی مانگی ئایاری ساڵی(١٩٩٨)بڵاوی کردووەتەوە، بە



هەولێرنامەی کتێب

هۆی ئەو بوێرییە ئاشکرایەی هەی بوو لە خستنەڕووی ڕادا سەرکەوتووانە دەنگی دایەوە، چونکە ئەوە ڕای کەسێکی سیاسەتمەدارو فیکری و ئەکادیمی عێراقیی بەرچاو بوو، لەوەیش گرنگتر کەسایەتییەکی ناسراوە بە خەبات و بیرکردنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی، لە کاتێکدا ڕای بوێرو مەردانەی دیدارەکە لە بەرژەوەندی نەتەوەیەکی دیکەدایە بە هۆی ململانێی سیاسی نێوان هەردوو نەتەوەکەوە لە بارێکی مۆلەقدا دەژی، لەو کاتەوە کە دەستکەوتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە نێو سەرکەوتواندا دابەشکرا ئەمەیش ململانێیەکی بەمیرات بەجێماوە، گەرچی لە ئاستی گەلێریدا پێوەندییەکی دۆستانەی باش لە نێوان هەر دوو نەتەوەکەدا هەیە. با پێکەوە دیدارەکە بخوێنینەوەو دواتر تێبینییەکانمان لە بارەیەوە بنووسینەوە:

گوتارەکەی دکتۆر (وەمیز جەمال عومەر نەزمی) کە لە ڕۆژنامەی (القدس)دا و لە هەر دوو ژمارەی ڕۆژانی ١٩٩٦/١٢/٢٧ و جووتە ژمارەی ٢٨-٢٩/١٢/١٩٩٦ دا بلاوی کردەوەو گفتوگۆی زۆری لە بارەوە کرا، پێدەچێ تا ئێستایش هەر درێژەی هەبێ، ئەم پیاوە لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەدەر لە گوتارەکەی یا ڕوونکردنەوەی قسەکانی یان تەنانەت وەلامدانەوەیەك لە بارەی ڕووداوەکەوە دەرفەتی نەبووە لەو بارەوە بدوێ، هەر بۆیە (الشباب) پێی باش بوو میوانداری دکتۆر وەمیچ بکات و سەبارەت بە ڕاو بۆچوونی لە بارەی یەکێتیی نیشتیمانیی عێراقی یەوە لەگەلیدا بدوێ کە لەو گوتارەیدا هاتووە:

* پێش ئەوەی گوتارەکە بلاوببێتەوە چاوەڕوانی ئەو وەلامە توندوتیژو تووڕانەو ئەو هەموو گفتوگۆیەت دەکرد؟!

لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ئەو هەموو وەلامدانەوانەم دەکرد سائیدی لە لایەنی ڕەسمی عێراقی یەوە بێت یا لە لایەنی کوردییەوە بێ، چونکە گوتارەکە سەرەڕای پاکی زمانەکەی و مەیلی ئەکادیمی بوون و بابەتییانەی، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەخنەی لە حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی گرتبوو لە ڕووی بەردەوام نەبوونی لە وتوویژی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی باکوری عێراق سا نەتەوەیی بووبن یا نە، ڕەخنەی دووەم لە ڕووی پراکتیکییەوە پووچەلکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی بوو لە ناوەڕۆکی خۆی، ئەمەش بە هۆی سەروەری بیری تاقە حیزب کە لەم حالەتەی ئێمەدا حیزبێکی عەرەبییە، هەروەها گوتارەکە داوای نوێ کردنەوەی دایالۆگ دەکات و بەو پێیە تاقە شێوازێکی چارەسەری کێشەکانی نێوانی عەرەب و کوردە لە عێراقدا. بەلام لە بارەی سەرکردە کوردەکانەوە ڕەخنەیان لێ گیراوە لە ڕووی ناکۆکی نێوان هەر دوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەمەیش نەك هەر لە کوردستاندا بەلکو لە هەموو عێراقدا خراپ بەسەر هزرو جێبەجێکردنی دیموکراتیدا شکاوەتەوە. هەروەها ڕەخنە لە هاوپەیمانێتی بێ بیروباوەڕانەی سەرکردایەتی کوردی کردویانەو دەیکەن، بەو بیانووەی دوژمنی دوژمنم دۆستمەو (مەبەست پاکانە بۆ شێواز دەکات) ئاساییە کە هێندێ کەس لە کوردستان بەم ڕەخنانە قایل نەبن، چونکە ئێمە تا ئێستا فێری زمانی دایالۆگ و پێویستی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن نەبووین و دان بە هەلەدا نانێین تا دووبارەی نەکەینەوە، تا ئێستا هێندێ سەرکردەی کورد پشت بەم جۆرە هاوپەیمانێتییە دەبەستن. بە گشتی خالێکم ورووژاندووە ئەویش مافی کوردە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بە مافی سەربەخۆیشەوە. ئەم مافە بڕوام پێیەتی و لە دروشمی ئۆتۆنۆمی یەکەی حیزبی بەعس لە عێراقدا و هەروەها لە دروشمی یەکێتی فیدراڵی یەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقیش تێدەپەڕێنێ. وەك ئەرکێکی بە پەلەو خێرا ئەم دروشمەم نەهێناوەتە گۆڕێ، بەلام وەك مافێکی ڕەواو بابەتی هەر دەبێ دانی پێدابنرێ، بەلام چاوەڕێ ی لایەنگیری یەکی زیاترم دەکرد چونکە ئومێدی چارەسەرکردنی هەموو ناکۆکییەکی نێوان عەرەب و کورد بەڕێگای ئاشتیانەو دیموکراتییانە کورد و عەرەب وەك یەك بەدەنگییەوە دەچن.

* لەو بڕوایەدای ناکۆکی کوردی عەرەبی هەبێ؟!

ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە منەوە هەیە لەو بڕوایەدا نیم ناکۆکی کوردی عەرەبی هەبێ، بەڵکو من لەو کەسانەم لە چوارچێوەیەکی بەرفراواندا بانگەوازی هاوپەیمانێتی عەرەبی کوردی دەکەن، نەك هەر لە عێراقدا بەڵکو لە هەموو ناوچەکەدا، لە گوتارەکەمدا داوام لە هێزە سیاسییە عێراقییەکان کردووە لەوانەیش حیزبی بەعس (گەر ئارەزوو بکات) هەڵمەتێك بکەن بۆ ڕۆشنبیرکردنی سەرکردە سیاسی یەکان لە تورکیا و ئێران بە دادپەروەری مەسەلەی کوردی لە تورکیا و ئێران، داوام کردووە زمانی دیالۆگ بکەوێتە نێوان گەلانی عەرەبی و کوردی و تورکی و، بە دیالۆگ هەموو کێشە ڕاستەقینەو وەهمی یەکان چارەسەربکرێن، ئێستا ئازار دەچێژم کاتێ دەبینم چەند سەرکردەی سیاسی تورکیاو هەڵسوکەوت دەکەن هەروەك گەلی کورد دوژمنی بەرژەوەندی یەکانی تورکیا بێت و تورکیا وزەیەکی زۆری مرۆیی و ماددی (کە هێشتا هەر وڵاتێکی هەژارە) لە شەڕی دژ بە کورددا بە فیڕۆدەدات، ئەمەیش لە گەشەسەندن و ئاشتی و ئارامی و سەروەری دیموکراسیدا زیان بە بەرژەوەندی خودی گەلی تورکی دەگەیەنێت.

* ئایا هزرو بیرو بۆچوونت خەونێکی ڕۆمانسی نین زیاتر پشت بەست و بێت بە توێژینەوەی ئەکادیمی واقعی؟!

لە سایەی هەلومەرجی ئێستادا دەکرێ تاوانبار بکرێم بەوەی ڕۆمانسیم، بەڵام با لە مەسەلەکە وردبینەوەو بزانین کێ ڕۆمانسی یەو کێ واقعییە. ساڵی ١٩٩٥ کاتێ هێزەکانی تورکیا بەو بیانووەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو دەبات باکوری عێراقیان داگیرکردو ماوەیەك لەوێدا مایەوەو پێنج ملیار دۆلاریان لەو کارەدا خەرج کرد. تورکیا بە بێکاری و هەلاوسانەوە گرفتارەو پێویستی بە هەموو سەنتێکە بۆ گەشەسەندنی و لەگەڵ ئەوەیشدا پارتی کرێکارانی کوردستان نەبڕایەوەو تورکیا ناچار بوو هەڵمەتەکەی لە ١٩٩٦ و ١٩٩٧ یشدا هەروا درێژە پێبدات، لە کاتێکدا ئۆتۆنۆمی کوردستانی تورکیا پشتگیری یەکێتیی نیشتیمانی دەکات بە تایبەتی کە هەردوو گەل موسڵمانن و بە دەست دواکەوتویی یەوە دەناڵێنن.

گەر بێینەوە سەر عێراق دەبینین ئەو وتووێژەی جەلال تاڵەبانی لە بەهاری ١٩٩١ دا دەستی پێکردو بەڕێز مەسعود بارزانیش لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە سەری بەردەوام بوو، لەو بڕوایەدام و بەپێ ی ئەو زانیارییانەی دەماودەم دەگێڕرێتەوە هەر دوولا لەسەر زۆربەی خاڵەکان ڕێککەوتبوون بە تایبەتی پاش وتووێژی دووردرێژی بارزانی، دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ کوردستان تا لەبەرەی پارتە کوردستانییەکاندا ڕاوێژ بە هاوڕێکانی بکات هێندێك ناڕازی بوون لەبەر چەند هۆ لە قسەکانمدا باسی دەکەم، دواتر لەسەر هەڵبژاردن ڕێك کەوتن تا بڕیار بدرێ کێ زۆرینەیەو کێش کەمایەتی و واتا هەر دوولا بگەڕێنەوە بۆ گەلی کوردو وتووێژی پێ بسپێرن، بەپێی زانیارییەکان هەر دوولا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان بە ڕێژەی ٥٠٪ بۆ هەر یەکەیان بەش کرد، گەر لەو هەلومەرجە سەختەدا نیوەی کورد بە ڕێکەوتن ڕازی بێت ئایا پێویستی نەدەکرد ئەو ڕێکەوتنە جێ بەجێ بکرایەو مۆرکی یاسایی وەرگرتبایە؟ بەڵام ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێك نەکەوتبوون مەسەلەی کەرکوك و خانەقین بوو بە عەرەب و کوردەکەیەوە دەگەڕێنرێتەوە بۆ لای گەلی عێراقی تا حوکمی لە بارەیەوە بدات ... تێ ناگەم چۆن لەسەر ١٠ خاڵ ڕێبکەوین و لەسەر چوار خاڵیش ناکۆك بین دواتر شەڕیش بەردەوام بێت. لەڕێی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی یاسادانانەوە کە عەرەب و کورد بنوێنێ ناکۆکی ئەو چوارخاڵە چارەسەر دەکرێن و، ناکرێت ڕای لایەك بەسەر لایەکی دیکەدا بسەپێنرێ. هەر بۆیە تێناگەم بۆچی کوردو عەرەبی عێراق لێك دابڕان، بە تایبەتی سەرکردایەتی هەر دوولا لەسەر لایەنی کەمی ١٠ خاڵ لە کۆی چواردە خاڵ ڕێکەوتوون، گەر دەرگای گفتوگۆ بۆ ڕۆشنبیرانی

عێراقــی غــەیرە بەعــسی یــا ناسیۆنالیــستی کــورد بخرایەتــە ســـەر پــشت، ئـــەوا مەســـەلەکە وەك چارەسـەرێکی قۆناغەکـە دەخرایـە ڕوو، بـە جۆرێـك کــەرکوك بــە کــوردو عــەرەب و تورکمانەکەیــەوە ئۆتۆنۆمی یەکی تایبەتی هـەبێ و بەشـێك لـە نـەوتی عێـراق پـاش کۆتـایی هـاتنی گـەمارۆی ئـابووری بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان تـەرخان بکـرێ. لـەو بڕوایەدام شێوازێکی بەم جۆرە دەکرێ ئەنجام بدرێ و ڕۆمانسیش نییە.

* لەو بڕوایەدان لایەنی پەیوەست بـە مەسـەلەکەوە لەم بۆچونانەت بێ ئاگابن؟!

لەو بڕوایەدانیم لایەنی پەیوەسـت بـە مەسـەلەکەوە لەم بیرو بۆچوون و ڕایانە بێ ئاگابن، بەلأم پێم وایـە ئێمە هەموومان لـە ڕۆژهـەلأت بـە عـەرەب و کـورد و تــورك و فارســـەوە هێــشتا بــە دەســت نــەبوونی دیموکراسی و دابونـەریتی دایالۆگـەوە دەنـاڵێنین... ترس لە جیابوونەوەی کوردستان بە توندی ئێرانـی یـەکان و تورکـەکانی نارەحـەت کـردووە، کـەرتێکی فراوانی عەرەبیشی هەراسـان کـردووە. هـەروەها لـە دەوڵەتانی ڕۆژهەلأتدا لە سیاسەتدا نەخۆشی خراپمان گرتووە کاتێ بە ڕاستی بێت یان بە فشە بەهێزبووین لایەنەکەی دیکەمان بەلاوە سووکەو کاتێك لە پەلوپۆ دەکەوین ئەوکاتە قبوڵمانە بکەوینە گفتوگۆو دایالۆگ. داوادەکەم دایالۆگ تاکە زمـانی بنـەڕەتی بێـت و بـە هەموو شێوازێك شەڕو تارمایی جەنگ دووربخەینـەوە وەك هـاووڵاتی لەسـەر پـێ بـین و مامەڵـە بکـەین بـە چاوپۆشی لـەوەی ئێستاکە کـێ بـەهێزە یـا لاوازە، کاتێك گەلەکانمان دەگەنە ئاستی ئاوهای هۆشیاری و نوخبەی سیاسی سەرکردایەتیمان درك بەم ڕاستیانە دەکـەن، ئەوسـا دەگـەینـە واقعییـەتی ڕاسـتەقینە و ئاشـتی و گەشەسـەندن و ئـارامی و لـە لاوازکردنـی بەرانبـەرەکانمان دووردەکەوینـەوە یـا پاڵیـان پێـوە بنێین بکەونە هاوپەیمانێتی یەك کە هەر لە بنەڕەتەوە لەوانەیە پێی ڕازی نەبن.

* گوتتان هەنـدێ کـەس ترسـیان لـە جیابوونـەوەی کورد هەیە... ئێوە لەوە ناترسن؟

یەکەم گەر کوردەکان بیانەوێ جیاببنەوە ئەوە مافی خۆیانە، بەلأم بۆ ئەوە هانیان نادەم لە گوتارەکەمدا شایەتەکانم بە خودای گەورە هێناوە وەك وەلأمم بۆ ئەوانەی دووبارەو چەند بارە لەگەڵمدا نـین. خـودای گەورە ڕێی لە مافی تەلأق نـەگرتووە بـەلأم هانیـشی نەداوەو لای خودا بێزراوترین حەلأڵە. گەر هاووڵاتیانی عێراق و تورکیا و ئێران بە یەکسانی و دادپەروەرانـە مامەڵـەیان لەگەڵـدا کـراو بـە پێـی یاسـا لـە مافـە نەتەوایەتی یەکانیان بێ بـەش نـەبوون بۆچـی داوای (تەلأق) دەکەن؟! پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە: تـرس (لــەجوداخوازیی کــوردی) لەوانەیــە ببێتــە مایــەی پارێزگـاری و دڵنیانـەبوون یـا تەنانـەت گرتنەبـەری شێوازی سـەرکوتکەرانە لـە مامەڵـەکردنی کوردانـدا. ئەمــەیش دەبێتــە مایــەی چـالاکبوونەوەی فیکـری جووداخوازی . عەرەبی عێراق و سووریاو میسر بـە سەرکردایەتی سـەلاحەدینی ئـەیووبی کـە کـوردە تـا ئێستایش بە دەرکەوتووترین سەرکردەی (نەتەوەی) عەرەبی ئیسلامی دادەنرێ. گەر توانیمان ژیان بە بەر ئەو هاوپەیمانێتی یەو ئەو دادپەروەری و یەکسانی یەدا بکەینەوە ئیدی بۆچی لە جیابەنەوە بترسین؟ بە پێچەوانەوە یەکێتی یەکی خۆبەخشانەی سـەقامگیر بـەدی دەهێـنین کـە سیاسـەت و هەڕەشـەی هـەموو دەوڵەتە زلهێزەکان کاری تێ نەکات.

* بۆچـــی گوتارەکـــەتان لـــە دەرەوەی عێـــراق بلأوکراوەتەوە؟!

چـونکە لــەو قەناعەتــەدام ڕاگەیانــدنی عێراقــی و ڕۆژنامـەکانی نەگەیشتونەتە قۆنـاغی لـێ بـووردن و ڕازیبــوون بــە ڕاو ڕای بەرانبــەرو، بـۆ بلأوکردنــەوەی گوتارەکەشم زۆر سوپاستان دەکەم گـەر هەوڵبـدەن گوتارەکــەم لــە هـــەر ڕۆژنامەیـــەکی عێراقیـــدا بلأوبکەنەوەو بە سنگێکی فراوانەوە هەموو ڕەخنەیەك یا هێرشێك بۆ سەر گوتارەکـەم لـە هـەر کەسـێکەوە بێـت قبـوڵ دەکـەم، لـە بەرانبـەر ئـەو مەترسـیانەی هەڕەشــە لــە ولأتەکــەمان دەکــەن بــە عــەرەب و کـوردەوە، نەمویـست هـەروا بێـدەنگ دانیـشم و لـە ڕۆژنامەیەکی عەرەبیدا گوتارەکـەم بلأوکـردەوە کـە

لەگەڵ خەمخۆری و مەینەتی یەکانی عێراقە و کورد و عەرەب تێیدا دەنوسن و، بە شێوەیەکی بەرفراوان گوتارەکە خوێنرایەوەو، بە تایبەتی ڕۆژنامەی (الاتحاد) کە لە سلێمانی دەردەچێ تەواوی گوتارەکەی بلاوکردۆتەوەو، هەق بڵێم ڕۆژنامەی (الاتحاد) هیچ ڕستەو ووشەیەکی لێ لانەبردووەو بە تەواوەتی بلاوی کردۆتەوە، دەرگای گفتوگۆشی بۆ خستۆتە سەر گازەرای پشت.

* هێشتا سەرباری وەلامدانەوەو گفتوگۆکان لەسەر هەمان ڕای خۆتی؟.

سەرباری بلاوکردنەوەی لە عێراقدا هێشتا لەو بڕوایەدام لەسەر هەمان ڕام و سەرەرای هێندێ وەلامی چەند برای کورد، گوتارەکە لە بنەڕەتەوە وانەیەك بوو لە ئەیلولی ١٩٩٦ دا و پاش ڕووداوەکانی ئاب (چوونە ناو هەولێری هێزەکانی عێراق) لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی (ئۆتۆنۆمی) گوتومەتەوە. ئەوەی بەلامەوە مایەی سەرسوڕمان بوو جەماوەری عەرەبی و ژمارەیەکی زۆری بەعسی یەکانیش بەم تێڕوانینانە ڕازی بوون هیچ شتێك لە دژی من نەکرا، بەڵکو سەرنجم دا نێوەندی کوردەکانی بەغداش بە لایانەوە باشەو پەسەندە، ئەمەیش مەسەلەیەکەو تێ ی دەگەین و، بەلام بە هەمان شێوە بە لای عەرەبی بەغداوە هەر پەسەند بوو، ئەمەش هانی دام پاش داڕشتنەوەی لە ڕۆژنامەی (القدس)دا بلاوی بکەمەوە، بە جۆرێك پێزانین و ڕێزی ئاشکراوە ڕۆژنامەی (الاتحاد) لە سلێمانی بلاوی کردەوەو، هێندێ وەلامدانەوەی برایانی باکور بە هەمان بابەتی بوونەوە نەنوسرابوون، بەلأم لەڕێی وەلأمی ئەو کەسەوە حوکم بەسەر بزووتنەوەی سیاسی باکوری عێراق نادەم تەنانەت گەر کاردانەوەکەشی هەلچوونی پێوەبێ. هەر دوێنێ چەند ڕۆژنامەی کوردیم بە دەست گەیشت کە لە هەولێرو سلێمانی دەردەچن و، زۆر خۆشحالبووم کە چەند لێدوان و تێڕوانینم خوێندەوە لەگەل تێڕوانینی گشتی خۆم گونجاو بوو. کاتێ قەیرانی ئەم دوواییەی نێوان عێراق و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووی دا، ئێزگەی مۆنتی کارلۆ ڕاستەو خۆ لەگەل بەڕێز فواد مەعصومی نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانی و کەسێکی دیکەی نوێنەری پارتی دیموکراتیی کوردستان دەدوا، قسەی ئەو دوو بەڕێزە تێگەیشتووانەو باش بوو، ڕەنگدانەوەی ڕۆحی هاوولاتی بوون و سووربوون لەسەر زیان نەگەیاندن بە گەل و نیشتیمانی عێراقی بوو.

ئەو مافە بە خەلکی دەدەم وەك من بیر نەکاتەوە، جۆرێکی دیکە بیر بکاتەوە، لەو بڕوایەدام تا دایالۆگەکە قوڵتر ببێتەوە، زیاتر مەرجەکانی لە زمان پاکی و ڕێزگرتنی یەکدی جێ بەجێ دەکەین.

* لەو بڕوایەدایت بیرو بۆچونەکانت چارەبکرێن و ئەو ماوەیەیش چەندە کە دەستنیشانی دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە واقیع؟

ناتوانم پێشبینی داهاتوو بکەم، ناتوانم کارێك بکەم مەسەلەکان بە پێی ئارەزووی من جێ بەجێ ببن، ناتوانم بڕیاربدەم و ببڕمەوە بەوەی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی پرنسیپ و پیادەکردنی وەرچەرخانی دیموکراتی قبول بکات، ببڕمەوەو کۆتایی بە شەڕی براکوژی لە باکوری عێراق بهێنم، بەلام لە پێناو ئالۆگۆری دیموکراتی لە عێراقداو لە پێناو هاوپەیمانێتی مێژوویی نێوان کوردو عەرەب خەبات دەکەم و، بڕیاری تەواوەتی دەدەم کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا یا ئیستیعماری ئینگلیزی چارەی چارەنوسی مێژوویی کێشەی کوردی ناکەن، بەلکو کاتێ هۆشیاری هاوبەشی خەباتگێڕانی کوردو عەرەب دەگاتە ئاستی پێویستی کۆتایی هێنان بە شەڕ و سەرلەنوێ کەوتنەوە وتووێژ، بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوو گەل لە چارەسەری ئاشتی یانەی دیموکراتیدا دەتوانن بەدی بهێنن.

تێبینی:

١ـ هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم دیدارە لەوەدایە کە ئاماژە بە پێویستیی هەبوونی بابەتێکی گرنگ و هەستیاری لای خوێنەر دەکات و، لەگەل کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرو زیرەك و قسەکەر بە ئامادەیی ڕۆژنامەنوسێك ئامانجەکانی دەستنیشان دەکات و لە ڕێرەوێکی زنجیرەیی مشتومڕی جددی دا پرسیارەکانی ڕێك دەخات.

٢ـ پێشەكییەكەی كورتەو جەخت لەسەر هۆی دیدارەكەو بایەخی بابەتەكە دەكاتەوە. پێدەچێت لە دیدارو چاوپێكەوتندا پێشەكی بایەخێكی بەدەرو هاوێردەی نییەو، بەمجۆرە ناكرێ درێژەی پێ بدرێت.

٣ـ پێدەچێ ڕۆژنامەنووس پێش دیدارەكە هەر یەكەم پرسیاری ئامادەكردبێت و پرسیارەكانی دیكەیش كورت و پوخت و ئاشكران و لە ڕەوتی قسەكانی كەسایەتیەكەوەو لە میانەی مشتومڕێكی دراماتیكیدا سەریان هەڵداوە.

٤ـ پرسیارەكان لە جۆری ڕوونكردنەوەن و بە مەبەستی وەرگرتنی زیاتری زانیارین و مۆركی بە دوواچوونیان پێوەیە وەك (دوای ئەوە چی دیكە)، (ئەوە چۆنە)، ( تۆ لەو بڕوایەدایت)و ...

٥ـ وا دیارە ڕۆژنامەنووس بە خوێندنەوەی گوتاری كەسایەتییەكە كە لە ڕۆژنامەیەكی دیكەدا بڵاوكراوەتەوەو لە بارەی هەمان بابەتەوەیە خۆی بۆ دیدارەكە سازو تەیاركردووە، سەرباری بە ئاگابوونی لەو هەموو گفتوگۆیانەی لە بارەی ئەو گوتارەوە كراون، پێدەچێ ڕۆژنامەنووس ئاگاداری هێندێ لە بیرو بۆچوونی كەسایەتییەكەیش بووبێت و، بە دووی كێشەكەیشدا چووە كە لە بارەیەوە گفتوگۆ كراوە.

٦ـ دیدارەكە بە شێوازی پێشەكی كورت و پاشان پرسیارو وەڵام، بە بێ دەستێوەردانە كاردانەوەی كەسایەتییەكە یا وێنەگرتنی شوێن و ڕەوشی دیدارەكە نوسراوە، ئاشكرایە ئامانج هەر هەڵوێست و ڕای شەخسییە.

٧ـ ئاشكرایە پرسیاری ڕۆژنامەنووس تەرەفگیرەو بە ئەندازەی قسەكانی كەسایەتییەكە بوێری تێدا بەدی ناكرێت، بەڵام لایەنی باشی پرسیارەكان لە دەركێشانی ڕاو زانیاریدایە، پاشان پرسیارەكان دیدارەكەی كردووەتە ماددەیەكی دراماتیكی و پڕشەوقی دوور لە وشكی و سستی.

**سەركەوتنی دیدار لەوەدایە كە جەخت لەسەر پێویستی بەردەوام ڕۆشنبیركردن و بە دوواچوونی هەمیشەیی ڕۆژنامەنووس دەكاتەوە تا ڕادەیەك شارەزای ئەو بابەتەیش بێت كە لە بارەیەوە چاوی بە كەسایەتییەكە دەكەوێت**

٨ـ سەركەوتنی دیدارەكە لەوەدایە كە جەخت لەسەر پێویستی بەردەوام ڕۆشنبیركردن و بە دوواچوونی هەمیشەیی ڕۆژنامەنووس دەكاتەوە تا ڕادەیەك شارەزای ئەو بابەتەیش بێت كە لە بارەیەوە چاوی بە كەسایەتییەكە دەكەوێت، پێش ئەوەی ڕوو بكاتە شوێنی دیدارەكە هەر شتێك پێوەندی بە كەسایەتییەكەو بابەتەكەوە هەبێت خوێندبێتییەوەو پێوەندی دۆستانەو باشی لەگەڵ كەسایەتییەكەدا هەبێت تا هۆگری بێت.

بەڵام ئەم دیدارەی لای خوارەوە لە ژمارە (١٦ی٨ی نیسانی ٢٠٠١)ی گۆڤاری (الصدى)ی ئیماراتیدا بڵاوكراوەتەوەو، لەو جۆرە دیدارانەیە زانیاری لێ بەدەست دەهێنرێت و لە بارەی بابەتێكەوەیە لای خوێنەر ئاشنایەو ڕۆشنایی دەخاتە سەر هێندێ ڕاستی و گرنگتر ئەوەیە لەگەڵ یەكێك لە ئەستێرەكانی كۆمەڵگادا سازكراوە كە بەرنامەیەكی جەماوەری سەركەوتوو پێشكەش دەكات .... با پێكەوە بیخوێنینەوە:

**" بە ئامادەبوونی خۆسەپێنی و هاوسەنگییەكەی و هەمیشە دەم بەپێكەنینی و، هەروەها مامەڵكردنی زیرەكانەی لەگەڵ خەڵكیدا سەركەوتنێكی بێوێنەی لە نێو بینەرانی عەرەبدا بۆ جۆرج قەرداحی پەخشكارو ژورنالیست (اعلامی) لە ڕێی بەرنامەی (من سیربح الملیون)ەوە لە كەناڵی (mbc)یەوە بە دەست هێناوە. سەرەڕای ڕای زۆرینەی جەماوەر لە سەركەوتوویی و ئاستی بەرزی بەرنامەكە، بەڵام هێندێ دەنگ بە توندی هێرشیان بردە سەر. لەم چاوپێكەوتنەدا جۆرج قەرداحی لە بارەی بەرنامەكەوە بۆ (میرڤەت غانم)ی هاوڕێمان دەدوێ و وەڵامی نەیارانی دەداتەوە:**

*** هزری بەرنامەكە هی كێ یە؟**

**هزری بەرنامەكە جیهانی یەو بە زمانی ئینگلیزی دەستی پێكردو بەرهەمی كۆمپانیایەكی جیهانی تایبەتی یە ماوەی سێ ساڵێكە لە ئینگلتەرا**

سەرکەوتنی گەورەی بەخۆوە دیوە، ئەمەیش پاڵی بە کۆمپانیاکانی تەلەفیزیۆنی ڕۆژئاواوە لە ئەمەریکاو فەرەنسا ناوە تا هەڵپەی بۆ بکەن و بیکڕنەوەو ئەمیش لە ئەڵمانیا و ئیسپانیا و هیندستان و ئوستراليا ڕووی دا بەو مەرجەی لە دەرهێنان و دیکۆرو بنەماکانی بەرهەمی کاری جیهانی لەم ئاستەدا پارێزگاری لە ڕوحیەتی بەرنامەکە بکرێ ... لە دەوڵەتانی عەرەبی (ئێم بی سی ) مافەکەی کڕییەوە.

* ئاسانە بێژەرێکی عەرەبی هزرێکی جیهانی پێشکەش بکات؟

لای خۆمەوە کەسایەتی تایبەتی خۆم یا شێوازی تایبەتیم لە کاردا وەك بێژەرو پێشکەشکارو بێژەری عەرەبی بخەمە سەرو، پارێزگاری بنەماکان بکرێو دوور بکەوێتەوە لە لاسایی کردنەوەو، تایبەتمەندی کەلتووری کۆمەڵایەتی عەرەبی لەبەرچاو بگیرێ. بەو جۆرە بەرنامەکە مۆرکێکی پێبەخشرا لەگەڵ ئەو نەریتانەدا گونجاوبوو.

سەرکەوتن و یەکەم دەرکەوتن

ئەزمونێکی تا ڕادەیەك کورت و ئەنجامەکەیشی بەرنامەیەك بوو ڕەواجێکی باشی هەبوو، لە ماوەی ڕابردوودا ڕێژەی ژمارەی بینەرانتان دەزانن؟

بەرنامەکە هەر لە یەکەمین دەرکەوتنی خۆیەوە لای بینەرانی نیشتیمانی عەرەبی بە جیاوازی ڕەگەزو تەمەنیان جێی خۆی کردەوە، ئەمەیش هەڵسوڕێنەرانی بەرنامەکەو منیشیان سەرسام کرد. لە ڕاپرسییەکی کۆمپانیایەکی ئینگلیزی دا کە بێ لایەنە لە بەرژەوەندی کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکەی لە بارەی کاریگەری بەرنامەکە لای بینەری عەرەب دەرکەوت ٨٠٪ ی بینەران بە دڵیانە.

* لە میانەی گەڕان بە دووی پرنسیپی جیاوازبووندا لەو هەموو بەرنامە عەرەبی یەی هەمان هزریان هەن پشتیان بە چی بەستووە؟

ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ! بە مەبەستەوە بە دوای ئەم کاریگەری یەدا نەگەڕاوین و پشتمان بە پرەنسیپێکی ئاوها نەبەستووە، ئەوەی بە دەستیشمان هێناوە بە شێوەیەکی سروشتی و لە خۆوە هاتۆتە پێش. شێلگیرانە دەڵێ: پێدەچێ هۆی کەمەندکێشکردنی ئەو ژمارەیەی بینەران بۆ چەند فاکتەر بگەڕێتەوە لەوانە بایەخدانی بینەر بە گەورەیی بەرهەمەکەو کەشوهەوای هۆلیۆدی کە لە بەرنامەکەدا پارێزراوەو تەشویق پێدان و دراما لە پێشکەشکردنی برگەکانیدا، بە زیندوویی لە دایك بوو، تەڕو پاراوەو سەرباری مۆسیقاو ڕووناکی و جوڵەی کامێراو تا بە دەرهێنان دەگات.

* ئەمە لە ڕووی تەکنیکی یەوە سەرنجی بینەرانی تەمەن مام ناوەنجی ڕادەکێشێ، ئەی بینەرانی تەمەن بچوکتر؟

بەرنامەکە لە سەرەتادا بەپرسیاری سادەو ئاسان دەست پێ دەکات و بینەرانی تەمەن بچوکتر دەتوانن وەڵامی بدەنەوە. وردەوردە پرسیارەکان قورستر دەبن و سەرنجی لاوان بە کێش دەکەن، بەم جۆرە دەگەینە پرسیاری قورس کە ئاساییە بینەرانی تەمەن مام ناوەنجی ئەوانی ڕۆشنبیرن و زانیاریان پێیە گرنگی پێدەدەن..هەموو ئەوە بە شێوازێکی سادەو خۆش دەبێ و کار لە هەمووان دەکات. دراماش برگەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە کە گەورەو بچوك پێیان خۆش دەبێ. بەڵام نایشارمەوەو بە شێوەیەکی پڕ شەوق و پێڕەوی لە شێوازی (دەماری دەگرم) دەکەم کە بەشداربووان پێیان خۆشە. بەڵام توند نیم و لە فشاری دەروونی بۆ سەر بینەرو بەشداربوو دووردەکەومەوە. بەم جۆرە هەست دەکەن لایەنگیریانم و دەمەوێ قازانج بکەن و هەوڵ نادەم بینەر بخەمە هەڵە یا فێڵی لێ بکەم ...بەڕاستی نا ئومێد دەبم گەر کەسێك لێهاتوو بێ بدۆڕێ، بڕی نەچێ پاداشتەکە گەورەیەو دەگاتە ٣٠٠ هەزار دۆلارو ئەمەیش وەك پاداشت گەورەترین بڕە پارەیە لە نیشتیمانی عەرەبیدا خەرج بکرێ .

* ئەی سەبارەت بە ئەگەری گزی کردن و چەندو چون کردن؟

بەرنامەکە پشت بە زانیاری گشتی دەبەستێت و بەشداربووان لەڕێی تەلەفونەوە هەوڵی زانینی وەڵامە

ڕاستەکان دەدەن و گەر دەرچوون ئەوا کۆمپیوتەر کوێرانە ژمارەیەکیان هەڵدەبژێرێ و تیمەکەشمان پەیوەندی پێوەدەکات و پێنج پرسیاری لێدەکەن و پاشان باشترین هەشت کەسیان بۆ بەشداری کردن لێ جیادەکاتەوە........ بەڕێوەبەرێتی بەرنامەکەیش پاش ئەوەی پاسپۆرت و ڤیزەیان جێبەجێ دەبێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە لەندەن میوانداری ئەو کەسانە دەکات. لەو بڕوایەدام دەرفەت بۆ ( )و( ) نامێنێتەوەو ئێمەیش لەسەر پەیڕەوکردنی یاساکانی بەرنامەکە ئەوپەڕی سووردەبین، بە هزرو ڕۆحی بەرنامەکەیش پێمل دەبین، بەتایبەتی کە کۆمپانیای بەرهەمهێنەری بەرنامەکە بە چەند لایەنێکی فرۆشتووە لە جیهاندا، ئەویش سوورە لەسەر دەستەبەرکردنی ڕاستگۆیی بەرنامەکە.

ژاوەژاو و پرسیارو جۆ

بەم دواییانە میوانداری بەشداربوویەکتان لە میرنشینی ئەبووزەبی، لەدوا قۆناغەکاندا پێشکەشی کردو ژاوەژاوێکی زۆری لێکەوتەوە وەڵامت بۆ ئەو کەسانە چی دەبێ کە ڕەخنەیان لێ گرتووی؟

لە تووڕەبوونی برایانی " ابوظبی " سەرم سوڕماوە. بە ڕاستی ئەوە رووی داوەو سەرباری ئەوەی رووخۆش بووم و یاریدەی بەشداربووەکەیشم دا تا گەیشتە قۆناغێکی دیاریکراوی بەرنامەکەو بڕێک پارەی دەستکەوت و گەیشتە ١٦ هەزار.. چەندین جار هەوڵمدا قووتاری بکەم، بەڵام ئەوانە لە ڕەخنەگرتنم پشتیان بە چی بەستبوو یا بەڵگەیانت چی بوو؟ لە کوێدا ناڕاستگۆیی بەرنامەکە دەرکەوت بوو؟ لە شێوازی بێژەریدا یا لە سروشتی پرسیارەکاندایە؟

* بەڵام ئەکرێ لە کارەکانتدا بکەونە هەڵەوە؟

تەنانەت کۆمپیوتەریش هەڵەدەکات.. ئەمەیش لەگەڵ یەکێ لە بەشداربواندا ڕوویداو پاش ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی دایەوەو لە کۆمپیوتەردا بە هەڵە تۆمارکرابوو وەڵامی بەشداربوویش ڕاست بوو، بڕی پارەکەیشی گەیشتبووە ٦٤ هەزار ڕیاڵ، کەسیش داوای لێنەکرد پارەکە بگەڕێنێتەوەو ئەمەیش ڕاستگۆییەو لە وەڵامی بەدگومانەکانیشدا دەڵێم لە هەڵسوکەوتێکی ئاوهادا کوا سازش کراوە؟ ئەوانە ناتوانن تانەو تەشەر لە بەرنامەکەمان بدەن بە تایبەتی کە بەرنامەکە خۆی ڕوون و ئاشکرا و بێ پەردەیە .بەڵێن دەدەم کە پارێزگاری ڕاستگۆیی بەرنامەکە بکەین.

هەروەها دەڵێ: ئەمە یەکەمین جارە گوێم لە قسەیەکی ئاوها دەبێ، بە تایبەتی کە زۆر سوورم لەسەر ئەوەی شتێك لە ئێمەوە دەرنەچێ کار لە ڕاستگۆییمان بکات. نایشارمەوە سەرەتا لە پرسیارە ئاسانەکاندا بە ئەنقەست دەمەوێ یارمەتی بەشداربوو بدەم، بەڵام کاتێ قۆناغی یەکەم دەبڕی دەگەڕێمەوە سەر بنەماکانی خۆم زۆر بە توندی پێڕەو لە سیستەمی بەرنامەکە دەکەم و ڕێ بە خۆیشم نادەم لێی تێبپەڕێنم ، ئەوە مافی من نییەو پارەکەیش هەر هی من نییە.

* چۆن لە بەرنامەکانی پێشبڕکێ دەڕوانیت کە کەناڵە عەرەبییەکان پێشکەشی دەکەن؟

ڕێم بدە واقعییانە بم... زۆر بەرنامەی عەرەبی سەرکەوتوومان هەیە، بەڵکو هەر زۆریش سەرکەوتوون و ناتوانین هێرشیان بەرینە سەر. زۆربەیان پێش بەرنامەکەی ئێمە لە میرنشینی ئەبوزەبی و شانشینی عەرەبی سعودی و لوبنان و میسرو سوریاو... پێشکەش کراون. بەرهەمی تەلەفیزیۆنین و ڕەنگدانەوەی واقعی عەرەبییە پاش توێژینەوەی، ئەم بەرنامانە توانیویانە سەرنجی بینەری عەرەب بەلای خۆیاندا بە کێش بکەن و ئەوەی بینەری عەرەبی حەزی پێدەکات و دەیەوێ پێشکەشی بکەن، بەڵام ئومێدم وایە لە بەرنامەی دۆبلاژکراو ڕزگاربین کە ڕەنگدانەوەی کەلتوری ئێمە نییە. لە بیرمان نەچێت ڕۆژئاوا لە بواری تەلەفیزیۆنیدا ٤٠ ساڵ پێش ئێمە کەوتوون.

بەڕێوەبەری گشتیی ئیزگەی ( ئێم بی سی )ن و بارەگاکەشی لە لەندەنە.... چۆن لە واقعی ڕاگەیاندنی بیستراوی دەوڵەتە عەرەبییەکانمان دەڕوانن؟

**لە رێگەی ئیزگەی (ئێم بی سی) یەوە توانیومانە بگەینە گوێگرانمان لە زۆر وڵاتی عەرەبی لە شانشینی عەرەبی سعودی و بەحرەین و قەتەرو کوێت و لە پلەی یەکەمدا بین، بەڵام بە داخەوە ماوەی چوار ساڵە رێ لە پەخشی ئیزگەکەمان دەگیرێ، لە ئیمارات ماوەی پەنجا ساڵێکە ئیزگە کەسایەتییەکی بۆ خۆی پێك هێناوەو متمانەی گوێگرانی لە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیدا بەدەست هێناوە، نازناوی (ئیزگەی یەکەم) مان بەپێی هەموو ئەو ئامارانەی پێمان گەیشتوون بە دەست هێناوە هەوڵمان داوە بەرنامەکانمان پێشەنگ و نوێ و مۆسیقی و هونەری جۆراوجۆر و رەنگاڵەیی بن ... ئەمەیش بەڵگەی پێشکەوتنی راگەیاندنی بیستراوە لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا ، من لەو بروایەدام راگەیاندنێك نییە راگەیاندنێکی دیکە رەت بکاتەوە... کاتێ راگەیاندنی بینراو گەیشتە لامان راگەیاندنی بیستراوی نەسڕییەوە بەڵکو پشتگیری لێکرد، بە رای من هەموو کارێکی سەرکەوتووی توێژراوە دەگاتە مەبەست گەر بزانرێ چۆن مامەڵە لەگەڵ پێویستی یەکانی خەڵکی و داواکاری یەکانیان دەکات.**

**تێبینی:**

١- پێشەکییەکی کورت و پوخت، ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە دیدارو چاوپێکەوتنەکان لە هەوڵی ئەوەدان سەربکەون مەرج نییە بە پێشەکی دوورودرێژ یا ئاڵۆز خۆ بخەینە مەترسییەوەو سەرچڵی بکەین، بەڵکو لەبەر رۆشنایی بایەخی بابەتەکەو گرنگی کەسایەتییەکەو دیدارەکەی پێدەچێت هۆکاری دیدارەکەیش بە پێشەکییەك بەس بێت.

٢- پرسیارەکان کورت و روون و ئاشکران، بەڵام عەیبەکەی لەوەدایە سەرباری هەلی زیندوویتی مەیلی بەلای سستی و وشکییەوەیە، هەروەها لە رێی ئاماژەدان بە بوونی ململانێ یا کێشەیەکی گەرماوگەرمەوە نایەوێ مشتومڕی لە بارەوە بکرێ و خەتێکی دراماتیکی بکێشێت، بەڵکو هەر وەك دیارە مەبەستی پرسیارەکان هەر زانیاری پێدان و تێگەیاندن و روونکردنەوەو لێکدانەوەیە.

٣- تەوەری بابەتەکە لەبارەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنییەوەیە کەسایەتییەکە پێشکەشی دەکات، بەڵام رۆژنامەنووس لە کۆتاییدا دوو پرسیاری کەمێ جیاواز دەکات، یەکەمیان هەر لەبارەی بەرنامەی لەو شێوەیەیە لە کەناڵەکانی دیکەدا، پاشان بەراوردکردنیان و، دووەمیان سەبارەت بە رای کەسایەتییەکەیە لە بارەی ئەو نێوەندی راگەیاندنەی کاری تێدا دەکات.

٤- رۆژنامەنووس لە میانەی پرسیارو وەڵامەکاندا ناونیشانی لاوەکی و کورتی داناون.

ئەم دیدارەی لای خوارەوە رۆژی ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٢ لە رۆژنامەی (**الجمهورية**)ی عێراقیدا بڵاوکراوەتەوە، بەو پرسیارو وەڵامانەی لە خۆی گرتووە شێوازێکی دیکەیە لە گێڕانەوەی دیداردا... با پێکەوە بیخوێنینەوە:

کەمال مەزهەری مێژوونوس و بیرمەندو زاناو ناسراو، وا راهاتووە هەموو بەیانی یەك پێش بانگ لەخەو هەڵسێت،... ئەوەم بە دڵدا چووبوو، ئومێدم خواست منیش ئاوابم.

گوتی: ( **ئەزانی... هەموو بەیانی یەك گوێم لە بانگ دەبێت...**) ئارەزووم بوو (**مێزگردی شەممە**)ی ئەم هەفتەیە دەرفەتێك بێت تا کەمێ لە ئاکارە نەبینراوەکانی کەمال مەزهەر ئەحمەدی داهێنەری عێراقی هەڵکەوتوو و گەشاوە بزانین.

*** پرسیم: پاشان بەچی یەوە خەریك دەبیت؟!**

وەڵامی دامەوە: دوای ئەوە، ژیانی رۆژانەم دەست پێدەکات، گرنگترینیان وەرزشی سەرلەبەیانیان و رۆیشتن - پزیشکان باس لە سودەکانی دەکەن - دواتر بایەخدانە بە باخچە کە بە درێژای رۆژانی ساڵ گوڵ و گەڵا و سەوزایی لێ نابڕێ.

*** پاشان لەوانە بە بایەختر؟**

- وەرزش بەشێکی ژیانمەو پاشان رۆژێك رانابورێ ماوەیەك بە رێکخستن و هەڵپاچین و ئاودانی باخچە رێك و پێك و - بە هاوکاری باخەوانێك - جوان و رازاوەکەم بەسەر ئەبەم..... پاش ئیلهامی نووسینم بۆ دێ بە جۆرێ لە رەوشێکی دەروونی و بەدەنی وا دام بتوانم بکەومە ئەم کارە سەختە.

*** چۆن دەنوسن؟**

ــ پێم خۆشە بەیانیان لە بێدەنگی و کەشێکی فریشتەیدا بکەومە نووسین... لەوانەیە لە هەر هەلومەرج و کاتێکدا بنووسم، بەلام زیاتر لە چێشتخانەدا چێژ لە نووسین دەبینم کە بووەتە کتێبخانەی دووەمم. بە جۆرێ پڕیەتی لە کتێب و لەگەڵ تەباخ و کەوانتەر و قاپ و قاچاخدا..

*** ئیش و کاری ژنەکەت لە چێشتخانە ... تووڕەت ناکات؟**

–هەر لەوێشدا ژنەکەم دادەنیشێ و دەکەوێتە ئیش و نزیکی دڵم دێت و دەچێت بۆ ئیلهامی نووسین بارگەی زیاترم دەداتێ، بە نەریتی من ڕاهاتووەو بەلایەوە گرنگە ڕازیم بکات. منیش زۆر بەمەی دەزانم.

*** ئەی پەیوەندی یە کۆمەلأیەتی و پێویستییەکانی میوانداری و پێشوازی میوان؟!**

ــ من کەسێکی کۆمەلأیەتیم... بۆ نمونە زەنگی تەلەفون بێدەنگ نابێت ڕۆژێکم بەسەردا تێ ناپەڕێ بە بێ میوان و بە خۆشەویستی و ڕەزامەندییەوە خۆم لە پێشوازیاندا دەبم ـ هەروەك دەبینی ـ هەر بە ڕاستی دەبینم هەر خۆت گورجوگۆڵ و چالاکانەو بە زەردەخەنەیەکی پاکو ڕاستگۆوە لە خزمەتی هەمووانداین.

ـ خەڵکیم خۆشدەوێت و دڵنیاشم ئەوانیش هەروان... سەرباری سەرقاڵی زۆرم بە نووسین و سەرپەرشتیکردنی خوێندکارانی ماستەرو دکتۆراوە.

*** باشە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

ـ دەرفەتم هەبێ بە خوێندنەوەی دەرەکییەوە خەریك دەبم. خوێندنەوەم کەمەو بە خێرایش دەخوێنمەوە، لە خاڵێکدا هەڵوێستە دەکەم گەر بەلامەوە شایەنی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە بێت هەر بۆیە کەسانێك هەن ئەوە پێیان وایە لەمبارەوە کەمتەرخەمن؟

ـ بەڵێ... خەڵکانێك و داودەزگایش هەن لەو بارەوە لۆمەم دەکەن. پاشان ئاواتم ئەوەیە لە هەموو چاپکراو گۆڤارێکدا گوتارێکم هەبێ. بەلأم بڕوا بکە ئەوپەڕی سەرقاڵم، ژوورەکەم لە کۆلیج بەردەوام بە میوان و خوێندکاران جمەی دێ زۆریان ڕاوێژم پێدەکەن یاداوای پلانی توێژینەوەم لێدەکەن یاتەنانەت داوای وەرگێڕانم لێدەکەن... پاشان پێت بڵێم هەفتانەو بۆ ماوەی سێ ڕۆژی لەسەر یەك لە کۆلیژی بەرگری نیشتیمانی زانکۆی بەکر وانەم لە بارەی ئالۆزو نوێ وە گوتووەتەوەو سەرچاوەی تەواویش لە بارەی پێوەندی ئێران بە کۆمارەکانی ئاسیای نێوەندەوە لەبەردەستدا نەبوون... دواتر لە مانگی حوزەیراندا لەگەڵ پێنج خوێندکاری خوێندنی بالأ دەکەومە گفتوگۆ و... هەموو ئەوانە هەوڵ و کۆشش و خوێندنەوەو کاتی دەوێ ... بە جۆرێك مەرجە لە هەوڵ و کارەکانمداڕاستگۆو دەستپاك بم.

*** بۆچی نازناوی دکتۆر ڕەت دەکەیتەوە، سەرباری ئەوەی لەبەرزترین و باشترین زانکۆی سەنگیندا دوو بڕوانامەی دکتۆراتان هەیە؟**

ــ چونکە ئەم نازناوە هیچی بۆم زیاد نەکردووەو بەڵکو لە تواناو بەهای من کەم دەکاتەوە. ڕازی نابم خۆم بە باشترو زاناترو بەرزتر لە کەس دابنێم، هەروەها لە کەسی قبوڵ ناکەم خۆی لە من بەزاناترو باشتر دابنێ.

*** باشە زوو دەخەون و زوویش لە خەو هەڵدەستن؟!**

ــ سەرباری هەموو ئەو قسانەی کردوومە. هەموو شتێك تەنانەت وادەی خەوتنیشم هەڵدەوەشێنمەوە تا سەیری زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی بکەم کە بهێنێ سەیر بکرێ. چەندە لە سەیرکردنی زنجیرەی **(ئەبو حەنیفەی نوعمان)** چێژم وەردەگرت کە پەندو وانەی گەورەی تێدا بوو، شایەنی ئەوەن چاویان لێ بکرێ.

*** چی دیکەش؟**

ــ زۆر موعجیبیم بە ئاسار حەکیمی هونەرمەند... بەلأم دلگرانی کردم چونکە لە یەکێ لە زنجیرەکانی وشەی **(تستکردنی)** دووبارەکردەوە. کە لە بنەڕەتدا بۆ سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی دەگەڕێتەوە کە لە عەرەبی و میسری حاڵی نەدەبوون.

*** ئەوە هەموو پەیوەندییەکتە بە دنیای دەرەوە؟**

ــ هەرگیز... ئارەزوومە هەمیشە لە ناو جەرگەی کۆمەڵدا بژیم و ئاگام لە هەموو ڕووداوەکان بێت ... ئێواران سەعات ٩ سەیری تەلەفیزیۆنی بەغدا دەکەم

گوێ لـه هەواڵـەکانیش دەگـرم... هـەموو بەیانییـەك گوێ لە هەواڵەکانی جیهان دەگرم.

کـەمال مەزهـەری مـرۆڤ و زانـا بـەجێ دەهـێڵێن، کتێبـەکانی دەخاتـە بـن هـەنگڵی و ڕازی نابێـت بـۆی هەڵگرم، بە باڵایەکی بـەرزو دڵنیـا لـە هـەنگاوەکانی و زەردەخەنـەی هەمیـشەی سـەر لێوەکـانی هـەنگاو دەنێت.

**تێبینی:**

١ـ پێشەکییەکی کورت، لەمەوە تێدەگەین کە ئامانجی دیدارەکـە هـەر سـەرگەرمی و ئاشـنابوون بـە لایەنـە نـەبینراوەکانی ژیـانی یـەکێك لـە ئەسـتێرەکانی کۆمـەڵگاو بایـەخی زانینـی سـروتەکانی داهێنـەرێکی گەورەیـە لـە بایـەخی کەسـایەتی و نێوبانگییـەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە.

٢ـ دەکرێ هەست بـە ئامادەیی و دەنگ و لەوانەیە کەسایەتی ڕۆژنامەنووس بکرێ، سەرەڕای ئـەوەی کـە هەر بۆ گـەورە ڕۆژنامەنووسـان نـەبێت هـەروا ئاسـان نییە، بەڵام لەم دیدارەدا بـە شـێوەیەکی سـووك و لـە نێو ڕەوتـی چیرۆك ئاسـای دراماتیکی وا هـاتووە کـە هەر دەبێت لە نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەکەدا وا بکەوێتەوە.

٣ـ پرسیارەکان بە ڕەوتێکی ڕێکوپێك و یـەك بـەدوای یەکـدا هـاتوون و لـە بەرژەوەنـدی ئامـانجی دیدارەکـەدان، بـەڵام سـەرباری پرسـیار ڕسـتەو دەسـتەواژەیش هـەن لـە نێـوان ڕۆژنامـەنووس و کەسایەتییەکەدا بە مەبەستی بەردەوامی یا لە پێناوی سـەلماندنی قـسەکانی کەسـایەتییەکەیە بـۆ خوێنەران.

٤ــ پرسـیارەکانی کۆتـایی پێدەچێ لەو جۆرە پرسیارانە بـن کـە ڕۆژنامـەنووس داوا لـە کەسـایەتییەکە دەکـات هـەر خـۆی هـەڵیان ببـژێرێ و وەڵامیـان بداتـەوە وەك ئارەزوویـەکی خـستنەڕووی فیکرەیەك یا کێشەیەك.

٥ـ دیدارەکە کۆتاییـەکی هەیـە زیـاتر وێنـەی کەسـایەتییەکی تێدا گێراوەو وەسفکراوە.

**کەمال مەزهەری مرۆڤ و زانـا، کتێبـەکانی دەخاتە بـن هـەنگڵی و ڕازی نابێـت بـۆی هەڵگرم، بە باڵایـەکی بـەرزو دڵنیـا لـە هـەنگاوەکانی و زەردەخەنەی هەمیشەی سەر لێوەکانی هـەنگاو دەنێت**

٦ــ ئـەو قاڵبـەی دیدارەکـەی تێـدا نووسـراوەتەوە سـەرباری پاراسـتنی شـێوازی پرسـیارو وەڵام لـە گێڕانەوەی چیرۆك ئاساوە نێزیکترە، ئاماژەیەکە بـە تـوانی پێشخـستنی قـاڵبی تەقلیـدی دیدارەکـەو تێکەڵکردنیـەتی لەگـەڵ هونـەری ڕاپـۆرتی ڕۆژنامەنووسیی و هونـەری گێڕانـەوەی چیرۆك ئاساو پەنا بردنەبەر بەکارهێنانی زمـانێکی ڕۆژنامەنووسـیی سادەو ڕوون و پاراوە.

# ئۆریژناڵەکانی یەکەمین رۆژنامەی کوردی

عەبدوڵڵا زەنگەنە

پێشکەشە بە:

**د.کەمال فوئاد، د.جەلیلێ جەلیل، مالمیسانژ**

لەساڵی ٢٠٠٢دابوو دەستم بەم پرۆژەیەم کرد، ئەوەبوو ٩ ژمارەی بەرایی لە ١-١١، هەموویم بەرێنووس نوێ و ٣ ژمارەی ٨، ٩، ١١ لەتەك رێنووسی نوێی دەقە ئەسڵیەکە بە زاراوەی کرمانجی خواروو لەژمارە (٨) **"ژمارەی تایبەت"** ی گۆڤاری رۆژنامەڤانی بلاْوکرایەوە، ئەو ژمارەی گۆڤارەکەو ئەو پرۆژەیەش سەرنجی زۆر کەسی راکێشا، ئەوەبوو دوای هاندانی د.کەمال فوئادو تۆژەرانی دیکە ژمارە (١٣، ١٤، ١٥، ١٦)ی **(کوردستان)**م لە ژمارە (١١، ١٢)ی هەمان گۆڤاردا بلاْوکردەوە، دواتر لەبەر هەندێ گرفتی زمانەوانی و سەرقاڵی خۆم بەهەندێ ئیشی لابەلاوە ئەم پرۆژەیەم ماوەیەکی دیکە پەکی کەوت. لەڤیستیڤاڵی بەدرخان کاتێ د. جەلیلێ جەلیل هەردوو ژمارە ونبووەکەی (١٠، ١٢)ی کردە دیاری بۆ میللەتی کورد، منیش هەر لە رۆژانی بەرایی کارم لەسەر ئەوانیش کردو ئەم دوو ژمارەیەشم هێنایە سەر رێنووسی باو، بۆ دڵنیابوون ناردمە لای کاك مسەدەق تۆڤی لەدهۆك تاوەکو پێیدا بچێتەوە، ئەویش دیاربوو، لەچەند وردە هەڵەیەکی سەر کۆمپیوتەر هیچی ئەوتۆی تێدا نەدۆزیبۆوە، بۆیە دەبا وەك **"دیاری ژمارە"** لەلاپەڕەکانی بەرایی ژمارە (٥)ی گۆڤاری **"رۆژنامەنووس"** لەگەڵ کۆپی هەردوو ژمارە ئۆریژناڵەکە بلاْوبکرابووایەوە، بەلاْم خوا تەمەنی **"حەمید ئەبوبەکر"**مان بۆ درێژکات، هەر ئەمڕۆ سبەی پێ کردم و کۆپیە ئۆریژناڵەکەی هەر بۆ نەهێنام، منیش نەمدەویست لەسەر ئەو کۆپیە دووبارە بلاْوی بکەمەوە، کە ئەو پێشتر لەگەڵ رۆژنامەی بەدرخان لەڤیستیڤاڵەکە بلاْوی کردبۆوەو باکگراوندێکی بەناوی دەزگای "بەدرخان"ەوە بۆ کردبوو، بۆیە بلاْوم نەکردەوەوکەوتمە وەرگێڕانی ئەو دەقە تورکیانەش کە لەژمارە (١٧، ١٨)ی رۆژنامەکە بلاْوکرابۆوە، دیارە دەقە تورکیەکەی ژمارە (١٧) لەلایەن برادەرێکی تورکمان بەناوی نیاز قایەچی بۆ سەر زمانی عەرەبی بووەو ئازاد عوبێد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و من خۆم پێیدا چوومەتەوەو لەگەڵ ئەسڵیەکە پێکم گرتوون، هەرچی دەقەکانی ژمارە (١٨)ەیە ئەوە لەلایەن برادەرێکی دیکە لەتورکی عوسمانییەوە کراوەتە کوردی، تاوەکو ئێستا نەمانناسیوەو ناوەکەیمان نەزانیوە ئەو چ کەسێك بووە، چونکە لەبەر سەرقاڵی خۆی و کاك نیاز قایەچی ئەم کارەی پێ سپێردرابوو، ئومێدەوارین لەژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەماندا ئەویش هاریکارمان بێ و ناوەکەیشی بۆ خوێنەران ئاشکرا بکەین.

دیارە کاری ئەو چوار ژمارەیەی رۆژنامەکە جێی خۆشحاڵی د.جەلیلێ جەلیل بوو، کە لەم چەند رۆژانەی دوایی ماوەیەك رۆژانە لەهەولێر سەردانیم دەکردو لەدوا ماڵئاوایی هەندێ قسەی بۆ کردم و بەڵێنی ئەوەشی پێداوم کۆپیەکی جوانی هەموو ژمارەکانم بۆ بنێرێتەوە کوردستان، ئینجا بەر لەگەڕانەوەی وەکو باوك یان برایەکی گەورەی خۆشەویست باوەشی پیاکردم و خواحافیزی کرد.. هەرچی گۆڕینی رێنووسی ژمارە (١٧، ١٨)ەکەیە ئەوە زۆر جێی خۆشحاڵی مالمیسانژ بوو، ئەویش لەم دوو سێ مانگەی دواییدا ماوەیەك بە کوردستانی زێدی خۆی شاد ببۆوەو دوای کۆتایی ڤیستیڤاڵی دهۆك ئەویشم لەنزیکەوە ناسی و بەیەکەوەش سەفەری سلێمانیمان کرد، لەرۆژانی ڤیستیڤاڵی

گەلاوێژ–یش جارێکی دیکە سەردانی کوردستانی کردو چەند رۆژێکی دیکەمان بەیەکەوە بەسەربرد.

کە ئەو رۆژانەی رابردووم بیر دەکەوێتەوەو وێنەی ئەو بەرێزانەم دەکەوێتەوە پێشچاوان، هەست دەکەم لەلایەنی رۆشنبیرییەوە بەوانەوە دەوڵەمەندترین و بەختەوەرترین کەسم. فەرموون ئەوەش دەقی ئەو دووانەیە کە لەدوادانیشتنم لەگەڵ د. جەلیلێ جەلیل بەقەڵەمەکەی خۆی تۆمارم کردوون و دواتر بۆیم خوێندۆتەوە:

لەساڵی ١٩٩٤–١٩٩٨دا لێکۆڵینەوەی زانستیم لە **(ئەکادیمیا زانستیا دەوڵەتا نەمسا)** دەکرد.

ئەوسا نیازی من ئەوەبوو بزانم ئەرشیفی دەوڵەتی نەمسا لەسەر کوردان چی هەیە؟ بۆیە چوومە بیبلۆتێکا قەیسەری لەوێ کۆمەڵێك دەستخەتم دۆزیەوە، یەك لەوانە دەستخەتێکی کتێبەکەی شێخ مارفی نۆدێی، بەناوی ئەحمەدیە بوو، کە پاشان لەزانکۆ کارم کرد، لەبیبلۆتێکا (مخی تاریا) کە هی ئەرمەنیان بوو و کتێبخانەیەکی رێك و پێك و سەربەخۆ بوو، لەوێش زۆر شتم دۆزییەوە، لەکاتی گەڕانم دەستخەتێکی ئەحمەدی خانی و شەرەفنامەم دۆزییەوە، لەگەڵ ئەوانەش کۆمەڵێك رۆژنامەی کوردستانم دۆزییەوە لەبەرگێك دانرابوو.

لەناو ئەو بەرگەی رۆژنامەکاندا، دوو ژمارە کێمن، پێم وایە ئەوانیش ژمارە (١٩ ، ٢٠) بوون کە ١٩ەکە تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە و ئەو ژمارەکانی دیکە هەموو لەدەستی کوردان دا هەیە، من هەموو ژمارەکانم کۆپی کردن، نیازم وابوو هەموو ژمارەکان چاپ بکەمەوە، بەلأم کاتی ڤیستیڤالی بەدرخان لەدهۆك چێ بوو، ناوی منیش بەبێ ئەوەی لە ڤیستیڤاڵەکە هەبێ و میوانداری کرابم، لەخۆمەوە هاتم، ئەوەبوو بەحەمید ئەبوبەکرم گوت هەموو ژمارەکانی بەدرخان لەجەم من هەیە، ئەوسا کەیفی زۆرهات، کاك **(کەمال فوئاد)**یش کاتێ ئەو هەواڵەی بیست گەلەك کەیفی وی هات، بەتایبەتی بۆ ئەو هەردوو ژمارەی (١٠ ، ١٢) کە کۆپیەکەیم لەگەڵ خۆ ئانی بوو.

ئەز کەیف خۆش و شاناز بووم کو وان هەردوو هەژمارا کو من ب خۆرا ئانی و وەك دیاری پێشکەش بە ڤیستیڤاڵ کرد خزمەتا منا بچووك ژی د دیرۆکا رۆژنامەڤانیا کوردی چی بوو.

راستی کو من دبینم رۆشەنبیرێن کوردێ ئیراقێ گەلەك بەهوشیاری و دلگەرمی نیزیکی پەیداکرن و جاردن ژیاندارکرنا رۆژنامەو گۆڤارێن کوردی یین کەڤن دێن، ئیدی چەند گۆڤارو رۆژناما ب هەموو هەژمارا وا جاردن چاپ بوونە وەکو:

کوردستان، رۆژی کورد، رۆژ کوردستان، بانگی کوردستان، زاری کرمانجی، رووناکی، نزار، ژیان، ، ژیانەوە جاردن چاپ کرنەوە، ئەوەی شایانی باسە لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلی لەگەڵدا دەکەن، ئەوە خزمەتێکی مەزنە لەم مەیدانەدا، بەتایبەتی دبێ ئەم سپاس دارین کوردناسێن ب ناڤ و دەنگ و زانا د.کەمال فوئاد ، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. مارف خەزنەدار، بۆز ئارسلان، د. کوردستان موکریانی، رەفیق و سدیق سالح، عەبدوڵلا زەنگەنە، د. فەرهاد پیربال، مرات جەوەری، مالمیسانژ، گەلیکی دیکە کە ناوی وان نایی بیرا من.

ئەو خزمەتا مەزنا کو هاتیە کرن زەنگینی رەوشەنبیریا مەزن ژمەرا بنگە کرنە، داخوازا منە ئەو کارە هێشتا بەردەوام بێ، بەلکی ئەو رۆژنامەو گۆڤارێن تاکو ئێستا حەوجەنە ببینرێن چارەکی دی بێن چاپ کرن، ب تایبەتی چاپەمەنییەکانی حوسێن حوزنی موکریانی و پیرەمێرد، بەتایبی حوسێن حوزنی رۆژنامەنووسێکی پروفیشنال و مرۆڤێکی گەلەك مەزن بووە، خۆی چاپخانەی هانیوەو کارەکانی دیکەی کردووە، لای منیش وای بۆ دەچم کە کارەکانی ئەو هێشتا بە گەورەیی خۆی نەهاتیە نرخاندن لەبەر ئەوە دوو پێشنیارێ من هەنە:

١– کونفراسەکی پر مەزن بۆ ئەو رەوشەنبیرەو خزمەتکاری چاندا کوردیا ئەو نڤیسارو لیکولار بێت ئامادەکرن.

٢– خراپ نەبا هەموو گۆڤارو رۆژنامەیێن چاپ بوونە و چاپ نەبوونە، بە زنجیرەیەك جارێکی دیکە چاپ بکرێنەوە، واتە بە پلان و رێك و پێك لەگەڵ لێکۆڵینەوە، چاپ بکرێنەوە.

عدد ١٠ — ﴿سالا عەوولی﴾ — رووپەر ١

# کردستان

١٣١٥

حەجی ڤی کاغدەکی رێکە
ژمرە دقێ سەرکاغدێ وەها
بنڤیسە :
بحضرە نجل المرحوم بدرخان
پاشا عبدالرحمن بك
❁ ❁ ❁
هەر جار دوو هەزار
جەریدەیا، نەزێ رێکەم
کوردستانێ دا بەلاش بدەن
خەلکی

(پازدە رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردییە)
کوردلرە تحصیل علوم وفنونە تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی
(اوزن بش کوندە بر نشر اولنور کردجە غزتەدر)
غزتەنك مسلکنە موافق عربیە ترکجە فارسیجە مکتوبلر کردجەیە بالترجمە نشر اولنور

عنوان
جنوەدە (کردستان) غزتەسی
صاحب و محرر بدرخان پاشا زادە
عبدالرحمن
هر طبعدە ٢٠٠٠ نسخە
کردستان ولات عظامنە ارسال و
وساطتلریلە
قرا وقصباتە نشر وتعمیم
اولنەجقدر
❁ ❁ ❁
کردستان خارجندە هر بر ایچون
سنەلك ابونە بدلی ٨٠ غروشدر
کردستان داخلندە خصوصی
ابستیانلرە مجانا گوندریلور

﴿رۆژا ئەینیدە ٢٠ شەعبان ١٣١٦ جمعة في ٢٤ كانون اول سنة ١٣١٤﴾

## سکاڵام بۆ
## حەزرەتی سوڵتان عەبدولحەمید خانی دووەم

**پادشام...**

بە بەڵێندان و گفت، لێم دەخوازن بگەڕێمەوە پایتەخت، من لەبەر کارەکەمە لە ئەوروپام، کەچی ئەوان پێیان خۆش نییەو لایان وایە بە دژی خواستی ئەوانە، لە بنەڕەتیشدا من هەقی کارێکی تر و مووچەیەکی زۆرترم هەیە، چونکە من نیشتمان و فرمانەکەم لە ئاکامی ستەمی ئەوانە جێهێشت کە هەندێ کەس لە وڵات بەدەستەبەر نەکردنی ماف گشتی ئەنجامیان دەدا. جا بۆیە ئەو بەڵێن و گفتانەی پێشتر پێم دران لای من هیچ بایەخێکیان نییە، ئەوەتا من لەم سکاڵایەم هۆیەکانی دەخەمە بەرچاو:

**یەکەم:** هەروەکو لە هەردوو ژمارە شەش و حەوتی ڕۆژنامەکەمدا هاتووە، ئەبوهودا، کە لە پیاوە دیارەکانی قیبتیەکانی حەلەبە، بەم دەسەڵاتەی هەیەتی کار بۆ پووچکردنەوەی دەوڵەت و میللەت دەکات و زۆر کاری بەد دەکات، بۆ ئەوەی بەر لەم کارە بەدانەی بگیرێت و مافە پیرۆزەکانی خەلافەت بپارێزرێت وا پێویست دەکات لە دەسەڵات وەلابنرێت.

**دووەم:** سێیەکی گیراوو دەستبەسەرەکان بەستەم و جەور لێ کردن ڕاگیرکراون. هەیانە سێ یان چوار ساڵە دەستبەسەر کراوە، تەنانەت هۆی گیران و نەناردنی مامەڵەکەی بۆ دادگاش نازانێ.

شەفیق ئەفەندی حەلەبیش، کە کارگێڕی لێکۆڵینەوەیە، دەستی لەم ڕووداوانە هەیە، کەوا پێویست دەکات کاری یاسایی پێویستی لە هەق بکرێت. (شێخ سادقی دەرکەوانی ئەبولهوداش کە لە نێو گیراوەکاندایە) چونکە شاهیدی یەکێ لەکارە بەدەکانی ئەبولهودا بووەو هەواڵەکەی بردۆتە دەرەوە. ئەوەبوو بە هەماهەنگی لەگەڵ شەفیق ئەفەندی حەلەبی دەستبەسەر کرا، زۆر خزمەتکار و دەرکەوانی دیکەش هەن، دوور خراونەتەوە.

**سێیەم:** وا پێویست دەکات کاری یاسایی، بەبێ هەڵاوێردن، لەگەڵ ئەو بەرپرسە گەورانەش بکرێت کە ستەمیان کردووە، ئەوەتا لەکاتژمێر دەو نیوی تەواوی ڕۆژی یەکشەممەی هەشتی ئایاری رابردوو (رومیێ) ئەمین بەگ لە بەندەری (قازی کۆی)، لەلایەن چەند بەرەڵڵا و سەرسەرییەك، دووچاری کاری دڕندانەو دەستدرێژی کرایەوە.

فەریق عوسمانی خزمەتکاری بەڕێزیشتان ملی بۆ ویستی خراپە داو ئەو بەرەڵایانەی، کە دەبوو دوو ساڵ بەند بکرێن، لە حوکم دان بوارد. هەرچەندە بە ئاشکرا لەبەردەم ئەو خەڵکەی، کە لە بنکەی پۆلیسی (قازی کۆی) لە دەوریان بوون دانیان بە تاوانەکانیان

نابوو، عوسمانی ناوبراویش لەسەر ئەو بەدکارییەی هیچی لەگەڵ نەکراو لێی نەپرسرایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەردوو ڕۆژ دواتر پلەی لە لیواوە بۆ فەریقی بەرزتر کرایەوە، ئەوەش تەواوی خەڵکی ئەستەمبوڵ و هەموو ئەورووپای تووڕە و دڵ پڕ لە کینە کرد.

وا ئەمڕۆش ئەو بەرەڵایانە دەیانەوێت دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەستەمبوڵدا بڕبن. ئەوانە وا خەریکن دەرهەق بەبراکەم، هەرچەندە لێشیان خوێندراوەو زمانیان لێ دراوە، بەڵام ئەوەندە بایەخ بە ڕووداوەکە نەدراوە، واپێویست دەکات ئەو بەرەڵایانەو هاوبەشی کردارە دڕندانەکانیان کە عوسمانی ناوبراوە بدرێنە دادگا.

**چوارەم:** وا پێویست دەکات ئەو کردەوانەی کە تەواوی مافی موسوڵمانانی تێدا پێشێل دەکرێت چاك بکرێت، ئەو خراپەکاریانەی هەندێ لە فەرمانبەران کە سەروکاریان بەو خەڵکانەوە هەیە کە هاموشۆیان دەکەن، هۆیەکە بۆ پووچ کردنەوەو نەهێشتنی شکۆی خەلافەتی عوسمانی.

**پێنجەم:** لەبەر ئەوەی لەبەگزادەکانی کوردم، دەمەوێ خۆم ژیانی خۆم بەڕێگای دروست دابین بکەم، بۆیە نامەوێ بەشەکەی خۆم بە ئەوەی بەیتولمال بگۆڕمەوە، ماوەیەکیشە ئەز خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)م، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەم ودم (ئیمتیاز)ـەکەی بەناوی خۆمەوە بکات تا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەخشی بکەم.

**پادشام:** لەمیانەی ئەوەی خستمە بەرچاو دەخوازم ببمە برادەر و خوازیاری خێر بۆ میللەت بۆیە دەمەوێ خیانەتکار و ستەمکاران، ئەوانەی دەکۆشن درزێك بخەنە بناغەی دەوڵەتی پایەداری عوسمانی، لەقاو بدەم. بە پاڵپشتی فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەر (**الامام مسئول علی الناس عن رعیته**) ئەوا بەرپرسیاریەتی ئەو ستەمەی بەردەوامەو هەر بەتەنیا ناکەوێتە ئەستۆی تاوانکاران بۆیە لە شوێنێك لە شوێنەکانی برادەرایەتی خۆم ناچار دەبینم ئەو قەوماوانە کە ڕوو دەدەن بیانخەمە بەرگوێی پایە بەرزتان.

* * *

## بسم الله الرحمن الرحيم

ئینسان مەخلوقەك وەیە کو نکارە تەنێ عومر بکە. ئینسان هەر دڤێ عومرێ خوە رە بە. هەکەر وە نەبت ئینسان وەك حەیوانا دمینە. مرۆڤ تەنێ بسەرێ خوە نەکارە لەوازماتێ خوە پەیدا بکەت. ئەو جل و جاوی ئەم وەردگرن. ئەو تشتێ ئەم دخون. ئەو چەکی ئەم دعەملینن ئەو خانیێ ئەم لێ ڕوو دنن حاصلی حەوقاس ئەشیایێن ژ مەرە لازم یەك مرۆ توجارا توجیا نکارە ژ خوەرە حاصل بکە. لەوما هەکەر مرۆڤ بڤێ تەنێ عومر بکە دڤێ دەرەجا حەیوانیێ رازی ببە. ژ غەیری ڤی مرۆڤ هەر موحتاجی هەڤالیا نەوعێ خوەیە، سەر ڤێ خەبەرێیە کو ئینسانا هەر خوە دایە هەڤ، توجارا وەك حەیوانا تەنێ سەرێ چیادا، نەوالادە، بەڕیادا تەنێ نەمایا، هەر ب جەمعیەت عومر کریە. لاکین نەقابیل ئینکارە کو ئینسانا ڕە جەمعیەت چاوە ئیلزامە حەوقاس ژی جەمعیەت موحتاجێ رەئیسە.

بێ سەرەك تو جەمعیەت توجیا لتو دەرا حاصل نابە، لەوما کودەرێ کو جەمعیەتەك هەیە مرۆڤ دبینە کو وی جەمعیەتی رەئیسەك هەیە، وەکی ئەم دکەڤن مالەکی ئەم دبینن کو وی مالیدە بابەك دایکەك زارۆ هەنە، ناڤ ڤان نفوسێن وی مالێدە ئەم دبینن کو باب رەئیسێ حەمیایە، چکو باب مرۆڤەك عاقلە یەعنی ژ حەمیا لایقترە رەئیسی ئەوە، وەکی باب نەمینە چکو دایك ژ زارۆیێن خوە عومر ترە کەلکترە تەجرەبە کارە سەردە هاتیە رەئیس ئەوە، وەکی دایك ژی نەبت رەئیسی وی مالی برایێ مەزنە. توجارە خوە نابە رەئیسی چونکە مر ژ ژنا عاقلتر قوەتر حاصلی بهەر صورەت قەنجترن، هەر برایێ مەزن دبە رەئیسی چونکە علی الاکثر برایێ مەزن ژێی گچکتر زێدەتر ددنێ دیتیە سەردە هاتیە. دە ڤێجا ئەم دبینن کو

مالەكیرە رەئیسەك هەر لازمە، لەو مالەك دوو مرۆڤ بە ژی سەرەكەك وێ هەیە، ئەو هەر یێ ژ حەمیا لایقتر چاتر دبە سەرەك، هەكەر نەمرۆڤێن وێ مالێ ژ هەڤ بەلا دبن سڤیل و بەدبەخت دبن لاكین ئەڤ ریاسەت مەحدودە، بڤێ ریاسەتێ ئینسان نكارە خدمەتا سەعادەتا خوە بكە. ئەڤ ئانجق ژ حەوالێن مالێرە كفایەت دكە، لاكین مرۆڤا خاریج مالێدە ژی معامەلە هەنە، لەوما كەلەك عەیالا خوە دانە هەڤ بینە جەمعیەتەك مەزنتر.

ڤێجا وەكی سەعادەتا عەیالەكی موحتاجی ریاسەت بە معەیەن جەمعیەتەك مەزنتر زێدەتر موحتاجی ریاسەتێ یە، سەرڤێ خەبەرێیە كو هەر جەمعیەتێن مەزن دە رەئیسەك هەیە حەمی ئیتاعەتێ ژ وی رە دكن، ڤێجا بنسبەتا فوت و پریا وێ جەمعیەتێ رەئیسێ وێ نامەك هەیە هەكەر گچكە بە ناڤێ وی ئاغایە، هەكەر مەزنتر بە ناڤێ وی بەگە، هەكەر هێ مەزنتر بە ناڤێ وی پادشاهە. دە ڤێجا هەر جەمعیەتەك موحتاج رەئیسە، لاكین دڤێ ئەو رەئیس لایقێ وی مەقامێ خوەبت، چاوە مالەكێ هەرێ ژ حەمویا چاتر دبە سەرەك ئەو حەمی ئیطاعەتێ ژ ویرە دكن جەمعیەتەك مەزندە ژی یێ ببە سەرەك دڤێ ژ حەموویا زیدەتر خوەی عەقل و ئیدراك خوەی ئەخلاق و عەدالەت بە، وەكی سەرەكی مالەكی مرۆڤە بێ ئەخلاق بە مرۆڤێن ڤی مالی بەدبەخت و پەرێشان دبن. زارۆیێن وی مالی موحتاج بیانیا دبن عومرێ خوە بسەفالەت دبورینن، عەینەن هۆلی وەكی رەئیسی جەمعیەتەك مەزن مرۆڤەك بەدئەخلاق بە ئەفرادو ئەعضاییێن وی جەمعیەتی حەمی فەقیر و سڤیل دبن، هەكەر ئەڤ حال دەوام بكە نەیار وی وەلاتی ضە بط دكە. تو تشت دەست ئەفرادی جەمعیەتێ دە نامینە حەتا دینێ وانژی دەست وان دەردكەڤە تو ناموس و حەیثیەت ژوانرە نامینە مرن ژ وی عومری گەلەك قەنجترە. لەوما ئەفرادێن جەمعیەتەكی وەكی دبینن كو سەرەكی وان مرۆڤەك خراپە دڤێ فیلحال تفاق بكن وی مرۆڤی ژ مەقامی ریاسەتێ باڤێژن هەكە وە نەكن ئەو حەمێ یێ بەدبەخت ببن پەریشانیا ژن و زارۆیێن وان ژ وان مەسئولە.

چاوە بابەك ئان دایكەك مالا خوەدە زارۆیین خوە برەحم و شەفەقەت خودان دكە، پادشاهەك ژی دڤێ بوی نەزەری فكرەت بی بن دەست خوەدە، ئەو مرۆڤی كو دبە رئیسی جەمعیەتی خوەی قەدر و ئیعتیبارە شایان ئیتاعەتە، لاكین بوی شەرتی كو هەكەر ئەو مرۆڤ ئەفرادێن بن دەست خوە رە بعەدالەت معامەلە بكە، یێ ئەو مرۆڤ كرین پادشا ئەو ئەفرادێن وێ جەمعیەتێنە، یێ وی پادشاهی خودان دكن، ئەفرادێن بن دەستی ویدەنە، جەمعیەتەك موحتاج رەئیسە لاكین ئەو رەئیسی یەعنی ئەو پادشاه زیدەتر موحتاجی ئەفرادێن بن دەست خوە دەیە. هەكەر ئەو ئەفراد خوە ژی بدن ئالیەكی دەست وی پادشاهیدە تو فوت نامینە ئەو ژی دبە مرۆڤەك عادی تو ئیعتیبارا وی نامینە، لاكین ئەفراد موحتاج رەئیس ئەو رەئیس موحجتاج ئەفرادە رەئیس دڤێ توجا ژ عەدالەتی جودا نەبت، هەكە نەجاوە بابەك فكری مالا خوە ژن و زارۆیێن وی پەرێشان دبن وەلی هەكەر رەئیس بتونە ئەو جەمعیەت پەرێشان دبە.

دە ڤێجا نهۆ رەئیس جەمعیەتا مە "عەبدولحەمید"ە، ئەڤە بیست و دوو سالە پادشاهیێ دكە یەعنی بیست و دوو سالە رەئیسێ ڤێ جەمعیەتا موسولمانایە. هنكا هاتی سەرتەختێ حەتا نهۆ دەولەتا مە هەر رۆژ زەعیفتر دبە.

هنكا بەری بیست سالا بی شەری دەولەتا روسیایێ ئەو دەولەتا مە ئەم ژ رووس نەكێمتر بین، لاكین خونكار بمە بێ سەبەب حەوقاس موسولمان رییا بۆشدە هاتن كوژتن ئەو ئەم مەغلوبی روس بین، بەری بیست سالا قوەتا دەولەتا مە سەر بەحرێ گەلەك زێدەبی، ئیرۆ ژ وێ قوەتێ تو تشت نەمایە، وەلاتێن دیێن دوور مە فەلا حەمی مەعمور و ئابادان یە وەلاتێ مە خەرابە رارە. حكومەتێن وی حەمی دەولەمەندبین مرۆڤێن جەمعیەتا مە حەمی ژارو فەقیر بینە ئانجەق ئەو متربێن دور خونكار تەنێ

دەولەمەندو مەسعودبن لاکین سەعادەتا وان ناگەهی زارۆیێن وان، چونکە بڤی حال زەمانەك هندکدە نەیارێن بێن ڤی وەلاتی ژ دەست مە بستینن. بەری دووسالا بێ شەرێ دەولەتامە ئەو یونانی، یۆنانستان ژ کوردستانی گەلەك گچکترە حەتا چەند سالەکی أو دەر حەمی بن دەستێ دەولەتا مە دەبی، لاکین چکو رەئیس دەولەتا مە، یەعنی خونکار، ژ عەدالەتێ ژ ریا خودێ و پێغەمبەر نیشان کری خودا خودانی ئەو زولم ل افرادێن جەمعیەتا خوە دکە. دەولەتا مە هەر زەعیف بی حەتا کو یونانیا دەست بەر خوە هلانی، خونکار ترسا هنك عەسکەر رێکە سەر وان تەئدیب بکە، لەوما ولات حەمی دا وان ڤێجا ئەو یونانێن بەری چەند سالەکی بن دەست مەدە ئیستیقلالیا خوە ژی ئیکتیڤا نەکرن، رابین ژ دەولەتا مە هن عەردێن دی خوەست، خونکار دیسا نەدڤیا عەسکەری رێکە سەروان ڤێ هن عەردی دی بدە وان، لاکین ژ غیرەتا مللەتی خوە ترسا، گەلەك عەسکەر ڤێکدا رێکر سەر حدودێ، لاکین ئەمر کر کو بلا شەڕی نەکن، یونانیا حدودێن خوە تەجاوز کرین و تۆپ و تفەنگێن خوە داڤێتن سەر عەسکەرێ مە، عەسکر دهات کوژتن. ئەو فیلە هندە ژن و زارۆ هیڤیا وان قوربانا زولما خونکار دبین لاکین نەدکارین دەست بەرخوە هلینن، چونکە قوماندانێ وان ئەمر نەدکر، چونکە قوماندانێ وان یەعنی پاشایێن وان وەلی ئەمر ژ خونکار ستاندبین ئەو پاشا ژی دزانین کو ئەڤ زولمە لاکین سەر ئیقبالا خوەدا خونکار پاشی نیشان و روتبا بدە وان زولما خونکار ئەمری رەئیسی ئیجرا دکرن.

یونانیا گەلەك ژ مە کوژت حەتا کو بدی عەسکەری هو صەبر کر دەست بەر خوە هلانی نیهایەت خونکار چار ناچار شەری رازی بی. هەیڤەکیدە یونان مەغلوب بی. ئەمان خوەست عەسکەرێ مە شەریدە گەلەك شکست لاکین چکو بێ چادر بێ جل و جاو بێ خاو بێ نان و ئاڤ بین گەلەك نەساغ بین حەتا کو پێ نەساغێی چل و پێنج هەزار شەهید بین پاشی ئەو عەردێ عەسکەرێ مە پی شیری خوە ژ یونان ستاندی خونکار دیسا دا یونانی، چونکی مروڤێن دور خونکار گەلەك رشوەت ژ حکومەتا ستاندن. ئەوان ژی سەر ڤی خەبەری گوتن خونکار کو هەکەر تو ڤان عەردی مە ستاندی نەدی یونانیا پاشی دەولەتێن دی وێ بێن سەرمە تەختی تە ژ دەست تە بستینن، خونکار ترسا هات خاپاندن گوە دا وان شەوا تاری دور خوە ئەو عەردی پێ هندە خونا شەهیدا هاتی ستاندن بەلاش بێ زەحمەت دیسا دا یونانیا، حاصلی پاش حەوقاس زەحمەت زیان و شەهیدا مە تو فەیدە نەدید. سەبەبا ڤی حەمی ژ خرابیا رەئیسە، یەعنی حەتا خونکارێ مە عەبدولحەمیدە دەولەتا مەیێ هەر گچکتر هەر خەرابتر ببە. هەکەر ئەڤ حال دەوام بکە پاش چەند سالەکی نە دەولەت نەدین نە نامووس دمینە. چکو ترك ڤی حالی دزانن گەلەك ژ وان ژ ئەستانبولێ دەرکەتنە هاتنە وەلاتێن عەرەبیا پێ جەریدەیان نەسیحەتان ددەن مللەتێن خوە، ئەڤژی پێ جەریدەیێ ژ کوردا رە دنڤیسم، هەکەر کورد دەست بەرخوە هلینن گورد دی بکەڤن دەست روسیایی، تو دین و ناموس ژ کوردا رە نامینە، لەوما ئەز هێڤی دکم میرو ئاغاو عولەما حەمی بلا خوە بدن هەڤ فکرن چارا سەرێ خوە وان مەئمورێن زالم ژ سەرخوە راکن، وان ژ وەلاتێن خوە دەرێخن هەر دور نیە عەدالەتێ بێت و هەڵەی چاپ بێت بخوازن، خوەدێ ژی هۆ ئەمر دکە، هەکە نە ئون دنێ و ئاخیرەتێ مەسئولن.

*     *     *

## میر محەمەد بن بەدر بەگ

پاش وەفاتا بەدر بەگێ لاوێ وی میر محەمەد بی حاکم. سالا نەهسەد و هەشتێ و دووادە وەکی سولتان مراد ثالث و ربەری خوە مستەفا پاشا رێکر سەر گورجستانێ و شێروانێ. عەجەما شەرەکیدە هجوم سەر مستەفا پاشا کرین، مستەفا پاشا عەسکەری خوە ڤە گەلەك تەهلوکەیێ دە مانی لاکین میر محەمەد گەلەك کوردا ڤەگیها هاوارا وی شەرەك خوەش عەجەما رە کر چار هەزار ژوان کوژت، وەزیر

مستەفا پاشا ژ تەهلوکەیی خەلاس کر لاکین ئەو خوە شەهید بی.

ئەڤ هیمەت و غیرەتا میر محەمەد گەلەك قەنج بی، د ڤیٚ هەر مسلمان بە ئەفرادێن جەمعیەتا خوەرە هولی بە تفاقی معاوەنەت و غیرەت بکن، چونکی سعادەتا مرۆڤەکی دبە موجب سعادەتا مرۆڤەك دییٚ، ژ ویٚ جەمعیەتیٚ. لەوما ئەو حەرەکەتا میر محەمەد مستەحسەنە، چونکی وی دەمی خونکار عادل بی، مەئمورێن دهاتن سەر کوردستانیٚ ژ عەدالەتیٚ جودا نەدبین، لاکین حەیف صەد حەیف کو نهو حال نەهویە، نهو خنکار زالمە، مەئمورێن ئەو رێدکە سەر مللەتیٚ خوە ژ وی زالمترن، سەرا ویدە مرۆڤەك خوەییٚ ئەهل و نەجابەت نینە، لیٚ بەد ئەصلن هنك ژی وەك ئەبولهودا قیبتی ئەلنەسەبن، خونکار بە ئەمریٚ موتربا حەرەکەت دکە، ئەو مەئمورێن دچن کوردستانیٚ ئەکسەر ژی ئەبولهودایی موترب ئینتیخاب دکە دە ڤێجا ئامرێن تێن سەروە بە ئینتیخابا موتربا بت معەیەن وەلاتی وەیی زمانەکە هندکدە خراب و پەریشان ببە حەیفا من تێت وان میر و ئاغایێن کوردا رە کو بشەفاعەت غیرەت مەشهوری دنیایێنە ئەو نهو بحیلە بن ئەمریٚ موتربا دە مانە.

*       *       *

**فەهرەستی سەر ئاغازیٚ کیتابی ئەخبار و ئەشعار و نەعتیٚ ئەلقاب و ئاسار**

**د صورەتی ئیعتیراف و ئیقرارا ب عەجزو ئینکیساریٚ دگەل ئیعتیذار گوفتاری**

سـاقی بکـە جـامی ئاسمـانی

مەسـتانە بکـە ژ نـوو مـودامی

راحـا وەکـو روحـی جاویـدانی

مومکین کـو ژ فـەیضی بیٚ نیهایـەت

دا ئـەم بکـرین دەمـاغی جـان تـەر

یـەك قـەطـرە ببـت ل مـن عینایـەت

یـەك لـەحزە ب راحـی روح پـەروەر

نەشـئا قـەدەما مـەیا مـورەوەق

سـاقی تـو برێـژە جـامیٚ مینـا

کـەیفا عەنـەبا رەزیٚ ب رەونـەق

ئاڤـا کـو دکـەت زەمـیری بینـا

ئـەو رەنگـە بکـەت د نەفسیٚ تـەئثیر

شـادئاب بگێـرە قـەلبیٚ مـەحزوون

حاصـل بـبتن د قـەلبیٚ تەشـویر

مـەدهۆش بگێـرە عـەقلی مـەجنون

یـەعنی بکەڤیتـە جـانیٚ شـەوقەك

سـاقی بکـە کاسـیا مجەوهـەر

حـەتا بگەهیتـە قـەلبی ذەوقـەك

ویٚ شـیری موعەصـەرا مـوطـەهـەر

تـەئـثیریٚ نـەفس ببـت ژ بـۆمن

یـاقوتیٚ مـوذاب ولـەعلیٚ سـەییال

تەشـریحی نـەفس ببـت ژ بـومن

ویٚ دوڕیٚ خۆشاب و خـەمریٚ طـەلـلال

تەصـفیەی دل ببـت مـە حاصـل

دوڕدانـەی خـوەی برێـژە نـاڤیٚ

هەڤـدەنگ بـبم دگـەل عـەنادل

یـەعنی عـەرەقا وەکـو گـولاڤیٚ

مـورغی دلیٚ مـوردە بێتـە پـەراوز

دەم دەم بدە دەستیٚ مـەی پەرستان

بـیٚ پـەردە ببـت تەرانـە پـەرواز

خـەلقیٚ کـو هنـەك ژ دل د دەسـتان

دەم شـوهبەتیٚ بلـبلان بنالـت

داجـامیٚ دلان ببـت مورەصـەع

گـەه شـوبهیٚ عـەنادلان بکالـت

بـەزما طـەرەبـیٚ ببـت موصـەنەع

ئاهـان کـوفریٚ بکـەت سـەحەرگاه

ڤـیٚ مەجلسیٚ مـەیخۆران مـودامی

هـەموارە دگـەل نەسـیمیٚ هـەمراه

سەد خونچەیی دل ژبەر بکر بن
سووسن بزبان و باخەبەر بن
بشکوژ بپشکڤن ژ خاران
خوێنرێژ ببن دەمێ هەزاران
سۆرگولێ بگرین ب ئەشکێ شەبنم
بلبل بکەنن ل رەغمێ هەمدەم
ساقی بدە من شەرابی گولگون
بێ دەنگێ دەف و صەدای قانون
داشەخنەو موحتەسب نەبینن
شاهی بجڤن چو غەم نەمینن
تەشویش بچن ژ قەلبی مەحزون
دیسان ببم ئەز ژ نوو دگەرگون
مەخموور ببم بکرمە لافان
سەرخوش ببم بکم گوزاڤان
بێ کێف نەشیم چو ئەز ببێژم
دیوانە ببم دوران برێژم
بەدحال ببم سەران بدەردم
بێ قال ژ باطنی خەبەردم

تەشبیهێ نەیێ بکم تەرەننوم
طوطی صفەت ئەز بکم تەکەلوم
دا کەشف ببن ژ من کەرامات
مەشهود ببن لمن مەقامات
شوعبە ژ مەقامێ دل بەئاواز
گول گەشت بکن گوەشت و شەهناز
بێ دەنگ ژ عەورێ دل بەئاهەنگ
سەد رەنگ صەدا بدم وەکی چەنگ
ماننددێ رەبابی بێ کەمانجە
دەنگی بێ ژ دەفامە بێ تەبانچە
زەهرە بەبهت نەوای عوشاق
رەقاصی ببت ل ئەوج نەطاق
سازی دلێ کول زیرو بەم بت
سازندەیی عیشق زین و مەم بت
شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە
زینێ و مەمێ بکم بەهانە

---

مەطبەعا تفاق و قەنجیا موسلمانا طەبع بیە

هەولێرنامەی کتێب



عدد ١٢

﴿سالا عەوولی﴾

رووپەر ١

کردستان

١٣١٥

حەجی ڤی کاغدەکی رێکە
زمرە دڤێ سەرکاغدێ وەها
بنڤیسە :
بمرە لجل المرحوم بدرخان
پاشا عبدالرحمن بك
* * *
هەر جار دوو هەزار
جەریدەیا، نەزێ رێکەم
کوردستانێ دا بەلاش بدەن
خەلکی

(پازدە رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردی‌یە)
کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی
(اون بش گوندە بر نشر اولنور کردجه غزتەدر)
غزتەنك مسلکنه موافق عربیه ترکجه فارسیجه مکتوبلر کردجەیه بالترجمه نشر اولنور

عنوان
جریدە (کردستان) غزتەسی
صاحب و محرر بدرخان پاشا زادە
عبدالرحمن
هر طبعدە ٢٠٠٠ نسخه
کردستان ولات عظامنه ارسال و
وساطتلریله
قرا وقصباته نشر وتعمیم
اولنەجقدر
* * *
کردستان خارجندە هر یر ایچون
سنەلك ابونه بدلی ٨٠ غروشدر
کردستان داخلندە خصوصی
ایستیانلرە مجانا گوندریلور

﴿رۆژا دوشمبیدە ١٨ شوال سنه ١٣١٦ فی ١٨ شباط سنه ١٣١٤﴾

**بسم الله الرحمن الرحیم**

ئەزێ ڤی جەریدا خوەدە بەحسا ئالایێن حەمیدیە بکم. من بەری چەند رۆژەکی جەریدەکێدە خوەند کو هن ئالایێن حەمیدیە سەر شوغلەکی چوونە ئورفەیێ، خەلقێن ئورفەیێ نەڤینە وان و ئەسپێن وان خودان بکن. کوردا گۆتیە کو ئەم عەسکەرێ دەولەتێنە ئەم سەر شوغلەکی دەولەتێ هاتینە هەرە، لەوما دڤێ خوارنا مە جهێ ئەسپێن مە ترکێن هەرە بدن. ترکا دیسا گوە نەدایە وان، کوردا ژی هنەك خەلقێن ئۆرفەیی دانە بەر شیر و تڤەنگا.

گەلی کوردینۆ: هەکەر ئۆن عەسکەری دەولەتێنە چرە دەولەت وە خوەدان ناکە.

عەسکەرێن ئەستانبۆلی دۆری خونکار پێ گوشتێ مریشکا تێن خوەدان کرن. ما دەوڵەت نکارە وە خوەدان بکە. ما ژ وەرە نەفهێتە ئۆن دچن سەر مالێ خەلقی نان و جهێ ژ وان دخوازن، هەکەر ئون نکارن خوە خودان بکن ئون چرە ژ مالا خوە دەردکەڤن، هەکەر خونکار نکارە وەخودان بکە چرە وە ژ وەلاتێ وە رادکە رێدکە وەلاتێن دی. عەسکەرێ ئەستانبولی یێ دۆر سەراوی هندە نازو نعەم پەروەردە دبت. ئون چرە نانەکی نکارن ژ خونکار بستینن. ژ کوردا را نەفهێتە دچن نانی خوە ژ بیانیا دخوازن. کورد پ ڤی حالێ مەنفور عالەم دبن. دنێ حەمی سەببا وان دکە. مەقسەدا دەولەتی ژی ئەوە کو دڤێ ب وی حالی ل سەر دنێ قەدر و ئیعتبارا کوردا کەم بکە.

میرو ئاغایێن کوردا ڤی حالی دبینن لسەر ئیقبالا خوە دەنگی خوە ناکن، لاکین ئەڤ ئیقبال قەریبولزەواله. کوردی زەمانەك هندکدە وی ئیقبالیرە ناموسا خوە ژی وندا بکن، ئەز هەر دبێژم، ئەڤە دیسا تکرار دکم ئەڤ وەزیفا محافەظا کوردا لسەر عالم و بەگانە، یێن بن دەست وان مەعزورو موعافن.

و راعـي الـشاة يحمـي الـذئب عنهـا
فكيـــف اذا الرعـــاة لهـــا ذئـــاب

شاعر ڤی بەیتا عەرەبیدە دبێژە شڤان دڤی پەز و دەوارێ خوە ژ گوری محافەظە بکە لاکین هەکەر ئەو شڤانن ناڤ کەرییێدە هەریەکی گوریەك بە حالی وی کەرییێ چاوە بە.

گەلی کوردینو: حکومەت سەر مللەتیدا وەك شڤانەکییە لاکین ئەڤ شڤان پەزی خوە محافەظە ناکە. ژ حەمی جییا حکومەتێن نەیار هجومی مە دکن هەریەکی هەر رۆژ تشتەکی ژ ڤی کری یێ هلدینە حکومەت بوی ژێ ئیکتیفا ناکە. مەئمورین وە رێدکە

سەر ئەقوامێن ڤـی مللـەتی کـو هـەرییێکی ژ گوریـەکی زێدەتر زەرەری ئیرات دکە.

ڤێجا دڤیٚ کورد خوە شاریا خـوە بکـن هەکـەر نـە زەمانەك هندکە دەست کـوردا دە نـەدین دمینـە نـە ناموس.

خـوەدیٚ تـەعالا کتێبـا خـوە دە فـەرمان کریـە: (اطیعو الله واطیعو الرسول واولی الامر منکم) بەلیٚ دڤیٚ مرۆڤ خوەرە پێغەمبەر دە موطیـع بـە پـاش خونکار رە ژی موطیع بـە لاکـین ب وی شـەرطی کـو خونکار عـادل بـە. توجـارا خـوەدیٚ نابێـژە ئیطـاعـەتیٚ ژ خونکاری زالم رە بکن. چونکی ئەڤ ئیطاعـەت موجب فەلاکـەتا مللـەتی دبـە. عەدالـەتا خـوەدی وی حـالی قبـول ناکـە. پادشـاهەك وی دەمـی دبـە (اولـی الامـر) هەکەر ب عەدالەت بە.

هەکەر پادشاە ظالم بە دڤی مللـەت وی پادشـاهی بهـەر صـورەت ژ سـەر خـوە باڤێـژە. ئـەڤ حەقیقـەت ئاشـکارە عـالمێن کـوردان وی حەقیقـەتی بیٚ شـوبهە فەهم دکن، لاکـین سـەر دوو سـەبەبا کـەتم دکـن، یـەك سەبەب ئەوە کو ژ کەتما وی حەقیقەتی ئیقبـالا خـوە رە خدمـەت دکـن، سـەبەبا دی ژی ترسـە. لاکـین (استعیذ بالله) ب هەردوو صورەت زێدە خـەطا دکـن. چونکی عالەم قەنج دزانن کو خوەدیٚ تـەعالا گۆتیـە! "وان عذابي هو العذاب الأليم" ئەو عالمێن ژ ترسـا وی حەقیقـەتی کـەتم دکـن چـاوە ترسـا خـوەدی تـەعالا تەخەطور ناکن. مەئمورێن سەر کـوردا حـەمی عـاجزن هەکەر ئەوان هنەك قوەت و ئیقتیدار هەیە، ئەو ژی ب مەسکەنەتا کوردا حاصل دبە، هەکەر نـە ئـەو توجـارا تو نفوذی نکـارن. ل سـەر کـوردا ئیجـرا بکـن. لاکـین خوەدیٚ تـەعالا عـالم و قـادرە بیـەك ئـەمری پادشـاها دڤیٚ حەمی ییٚ سەروبن دکە لەوما شـونا کـوردیی ڤـیٚ حەقیقەتی ژ ترسا مەئمورا کەتم دکن، بلا ترسا خالیق موطلەق بینن بیرا خوەو ئەمرێن وی پادشاهی عالەمی ئیجرا بکن وی ب دنیٚ و ئـاخرەت مەسعود و کامـەران بین، ئیقبال ژی تەحسیلا رەضـا خـوەدیٚ دە ئیقبـالا حـەقیقی ئـەوە وەئـیللا حـالێن دی فەلاکـەت و موصیبەتن.

*        *        *

## رەمەزان

موسـولمان حـەمی دزانـن کـو رەمـەزان ژ حـەمی هـەیڤێن دی قـەدرترە و چـقا موسـولمان هەنـە وی هەیڤێـدە رۆژی دگـرن و ژ مـەنهیاتا ئیجتینـاب دکـن، ئەزیٚ ڤی جەریدەیێدە هنەك بەحسا سەرا خونکار بکم ڤیٚ هەیڤێدە چە ئەحوالێن غەریب دبورین.

دۆر سەرا خونکـار موحافـەظا نەفسا وی رە سـیٚ هـەزار عەسـکەر هەنـە وەکـی بـی رەمـەزان هـەر رۆژ دەمـی ئیفطـاریٚ هـەزار عەسـکەر یـەعنی تـابوورەك زابتێن خوەڤـە دچـن سـەراییٚ ئیفطـار دکـن، خونکـار ژوان رە سەلاما رێدکە و هەر یەکی زێرەك ئان دوو زێر حاصلی ب روتبا خوە ئیحسان دستینە. گەلی کوردنۆ وەکی وە ئەڤ رێـزێن هـا خوەنـد حـالیٚ خـوە فـەقیریا کوردسـتانیٚ و نـان و جـەه خوەسـتنا عەسـکەریٚ حەمیدیەییٚ ژ خەلقیٚ ئورفەییٚ بینن بـیرا خـوە. ئـەڤ عەسکەریٚ خونکار سەر موحافەظا خـوە دۆر سـەراییٚ جـەمع کـری ژ مـیرو ئاغـاییێن وە چـاتر دخـون و وەردگرن. عەسـکەریٚ ل سـەر حـدوودی سـنکی خـوە دیدە بەر تۆپ و تڤـەنگێن دوژمـنی ژ برجـا ژ سـەرما ژ بیٚ چادرییٚ نەساغ دبن، گەلەك ژ وان غەرییێدە دمرن، لاکین ملیٚ دی عەسکەریٚ سەراییٚ سـعادەتێدە پویـان دبە چونکی ئەو عەسـکەر مـەئموری موحافـەزا روحـیٚ خونکارە. خونکـار نەفـسا خـوە تـەرجیحی حـەوقاس سەد هەزار موسڵمانا دکە، ئەڤ مللـەت حـەمی قوربانـا جەبانەتا وی دبە.

غـەیری وی عەسـکەری سـەرا خونکـار دە میقـدار پێنج هەزار یاوەر و تڤەنگچی و غـولام و حـەرەمی وی هەنە، خونکار ژ مـەطبـەخـا خـوە مـالا وان حـەمیا رە خـوارنیٚ رێدکـە و هەریـەك ژ وان رەمـەزانیٚ سـەد دوو سەد سیٚ سەد زێرەکی ئیحسان ژ خونکار دستینن.

ئەستانبۆلێدە حـەوقاس وەزیـر هەنـە هـەر هـەیڤ چهار سەد زیرا دسـتینن حـەوقاس دەوڵەتمەنـدێن کـو نزانن پەریٚ خوە لکو سەرف بکن مەعـە مـافیهی ئـەڤ

وەزیرێن هاژی هـەر رەمـەزان دچـن ئیفطـارا خونکـار، خونکار پاش ئیفطاریٚ هـەر یـەکیٚ رە پێنجسەد زیـرا رێدکە.

گەلی کوردنۆ: خونکار حەوقاس پـەرێن زێـدە ددە وان مرۆڤا نەچکو ئـەو خدمەتـەکی ژ مللـەتی رە دکن لاکین چکو ئەوا مرۆڤێن دۆرا وی مـرۆڤێن وە لـە ئـیمن هەر نەوع خدمەتا دنیٚ ژ خونکاری خوە رە ئیفا دکن، خونکار دەست واندە عاجز مایە، ئیقتیـدار وی حـەمی کەتیـە دەسـت مـوطربـێن دۆرا وی، نـاڤ هنـدە هـەزار مرۆڤێن دۆر وی یەك ئەصیلەك نەجیبەك نینە، حـەمی وەك (ابـو الهـودا) نەسـەب مـوطربن، هنـدە پـەرێن هەیڤەکیٚ ل چەند هەزار موطربـەکی سـەرڤ دبـن ئـون دزانن ژ کو تێن. ئەز بێژم وە ئـەڤ ئـەو پەرەنـە ئـەوی مەئمورێن حکومەتی تێن خەراجی ژ وە دخـوازن ئـون دبێژن ئەم فەقیرن مە پەرە نینن و یاخود ئون دبێـژن بەری دوو رۆژا ضە بطیەك هـات مـە خـەراجا خـوە دا وی تـو پـەریٚ دی نـەمان ژ وی ئـەو مـەئموریٚ زالمـیٚ حکومەت رێکری سەر وە دەست داڤێژە سـتۆییٚ ژن و کەچا وە پـەریٚ سـتۆیی وانـدە هلدکـە ئـان سـتیلا وە دفرۆشە پەریٚ خەراجیٚ ژیٚ هلتینە. پـەرەیێن خونکـار ددە وان موطربا هۆلیٚ تەحصیل بینە. دەڤێجا پیچەك مولاحەزە بکن ئون چاوە دکارن ڤـی حـالی تەحـەمول بکن، عاجز و جاهلێن کوردا نکـارن ڤـی حـالیٚ تەقـدیر بکن لاکین گەلی عولەمانۆ ئۆن چرە دەنگ ناکن، ئـون چرە تەهلوکا ل دەواما ڤی حالیدە کـوردا رە نابیـژن، ما ئون نزانن کو هەکەر ئەڤ حـال دەوام بکـە رۆژەکـیٚ عەسکەریٚ موسقوف ژی تیٚ دەست باڤێژە ستۆییٚ ژن و کەچـێن کـوردا. ئیحتیمـال ئـون ژ وان مـەئموورێن ظالمێن سەروە دترسن لەوما دەنگیٚ خوە دەرناینن ما ئون نزانن ژ حەمیا عەظیمتر خوەدیٚ هەیـە و خـوەدیٚ تەعلیم و تەربیا جـاهلا تـەحمیل عالمـا کریـە. هەکـەر عالم وی وەزیفەییٚ ئیفا نەکن خوەدیٚ جـەزاییٚن مـەزن وەعد کریە و بیلعەکس هەکەر وی وەزیفەییٚ ئیفا بکـن خوەدیٚ نیعەم و سەعادەتێن مەزن وەعد کریـە. چـرە دوو رۆژ ئیقبالا ڤی دنیاییٚ وان حەقیقـەتا لبـەر چـاڤیٚ وە وندا دکە.

* * *

## خەرقەی سەعادەت

خونکار پازدەیی رەمەزانیٚ دچە زیارەتـا خەرقـەی سـەعادەت. ئـەڤ زیـارەت سـالیٚ جـارەکی ل وی رە بەلاکی مەزنە، چونکی خونکار گەلـەك ژ کوژتنـا خـوە دترسە، ئەو خوە قەنج دزانـە کـو سـەر سـەیئاتێن وی مللەت ژی نەرازییە. هەر ویٚ وەهمێدەیە کـو رۆژەکـی یەکی دەربەکی لیٚ بدە. لـەوما توجـارا ژ سـەرا خـوە دەرناکەڤە سەر مێژا رۆژا ئەینی جامعـەك کـچك لـپێش مقابلیٚ سەرا خوەدا بینا کرن، مێـژا ئـەینی لـویٚ ئـەدا دکـە، لاکـین ژ دەریٚ سـەرا وی حـەتا دەری جـامعی بیست سیە گاڤـەك هەنـە ئـەو ژی ب دە پـازدە هـەزار عەسکەرێن سەرا وی دە تیٚ محافەظە کرن.

نەممکنـە توکـەس شـکلی وی ببینـە وەکـی دچـە جامعیٚ حەتا مێژا خوە خەلاس دکـە روح لـیٚ نامینـە. مـــوطربـــێن دۆر وی ژ وەهمـــا وی وەکـــی جـــامعیٚ ئیستیفادە دکن هـەر ترسـا دیـدەنی ب وی صـورەتی گەلـەك پـەرا ژیٚ دسـتینن وەقتـا کـو دبـە پـازدەییٚ رەمەزانیٚ زیارەتـا خەرقـەی سـەعادەت ئیجـاب دکـە، لاکـین خەرقـەی سـەعادەت دووری سـەراێیە ریـا نـیم سەعەتەکی هەیە. هەر رەمەزان وەکی دەمی زیـارەتیٚ هات خونکـار مـەجبوورە بـچە وێـدەریٚ. ئـەڤ زیـارەت بەلاکە مەزنە. بەری دە رۆژا کـاری تـەدارەکا محافـەزا خوە دکە گەلەك زێـدە پـەرا ئیحسانا ددە خەفیـەیێن خوە. ژ سەرا وی حەتا محەل خەرقەی سەعادەت چار پێنج ریٚ هەنە. رییا تێرە بچە هـەر کـەتم دکـە پاشـی عـەرەبا خـوە رێکـیرە رێدکـە ئـەو خـوە رێکـە دی رە دیـچە، ویٚ رۆژێ سـی هـەزار عەسـکەری سـەرا خـوە حەمیا لناڤ ئەستەنبۆلیٚ بەلا دکە حەوقاس تـەدبیر ژی تێـرا ویٚ نـاکن، گەلـەك جـارا (معـاذلله تعـالی) قـەراردا خەرقەی سەعادەت بینە لسەرایی لاکـین عولـەما ئـەو حال بهیست حەمی رابین قیامەت راست کـرن لـەوما ژ ترسا خوە ژ ویٚ قەراریٚ بوری.

گەلی کوردنو: خونکارێن بـەری هـەر لنـاڤ وەلاتـێن خوەدە گەشتوگوزار دکرن، ئەحوالیٚ مللەتی دپرسین،

گوهێ خوه ددان شکایەتی وان سعادەتا مللەتی رە خواب و راحەتا خوه تەرك دکرن.. شەرێ دە لپێشیا عەسکەرێ خوه بین تەوسیع مەمالیك رە هەر حەیاتا خوه تەرك دکرن تەهلوکەیێدە. لاکین ڤی خونکاری گەلەك موطرب دانە دۆر خوه ژ شیرەتێن وان دەرناکەڤە. نەفسا خوه زێدەتر تو تشت نەبەر چاڤە. مللەت لنك وی نەجائزێ ئەهمیەتە.

لەوما هنەکی هاتی سەر تەختی هەرچەند سالەکیدە ژ ملکێ قسمەکی دکەڤە دەست نەیارادە، نەیار لسەر ترکا گەلەك غالب بینە دەست دراژیێ لسەر ژنی موسلمانا دکن. بەری چەند رۆژەکی لەوەلاتێ ئەرناودا چار مێرێ فەلە جلێ ژنی موسلمانا وەرگرتن و کەتن مالەکی موسلمانادە. چەند مێرین ئارناوودا ئەڤ دید ژ حەمیەتا وان قەبول نەکر، ئەڤ چار بلغار گرتن بکوژن. قائمقام ئەو حال بهیست گو ئارناوودا وان مرۆڤ تەسلیمی حکومەتێ بکن، حکومەتێ جەزا وان بدە، ئەوانژی ئیعتیماد ل وی خەبەرا قائیمقام کر و ئەو مرۆڤ تەسلیم حکومەتێ کرن، لاکین قائیمقام (الناس علی دین ملوکهم) لوێرێ وان مرۆڤ مەجازات دکە ئەو مرۆڤ بەردان عەفوکر. ئارناوودا ئەڤ حال بهیست حەمیا دەست ئاڤێت چەکێن خوە دۆرا حکومەتی گرتن ئەو مرۆڤ ژ حکومەتی خوەستن، لاکین قائیمقام ئەو چار بلغار کربی ناڤ جلێ عەسکەری ترکا دە، رێکر بی قشلا عەسکەری، ئارناوودا یەك ژوان ناڤ باژێر دیت گرتن و کوژتن. ئەڤ حال یەعنی ئەڤ خیانەت و رەزالەتا حکومەتا مە مەسموعی حەمی ئارناوودا بی، سەد هەزار ئارناوود ژ ئەتراف هجوم محەل وەقعە کرن.

متەسەرف و قائمقام حەمی چوون دۆر وان رەجاو ئیسترحام کرن گەلەك ئیحسان و ئیکرامێن خونکار لمیر و ئاغایێن وان رە کرن، لاکین ئارناوودی صاحیب حەمییەت و غیرەتن متەسەرف و ئیحسان وەعدێن خونکار تەحقیرکرن، ژ فکر و نییەتا خوە نەبورین گهان محەل وەقعەیی، محەل وەقعە ژی مەتر و پیچەیە نهۆ لوێدەرێ سەد هەزار ئارناوود خوەیی پڕ چەك لبەر دەری حکومەتێ سەکەنیە هەرسێ بولغاری دێ دخوازن، ئافەرین سەد ئافەرین ئارناوودا رە ئەمی کەنگی کوردا ژی هۆلی غەیورو ساحب حەمیەت ببینن، هەکەر کورد هشیاریا خوە نەکن بەلایێ هۆلێ ژ وانرە حازر بن، بلا مونتەزر بن، میسالەك موکەمەل ژوەرە بێژم:

جەریدەیێن بەریدە من بەحسا کریدێ کربی ئەڤە ئیرۆ کرێد ئێکجاری ژ دەستی حکومەتامە دەرکەت، کورێ خونکارێ یۆنانستانێ بی والیێ وێدەرێ. بەری چەند رۆژەکی والی چوو رسمویێ چقاس فەلەیێن ویدەرێ هەنە والی ئیستیقبال کرن. لاکین ئەڤ ئیستیقبال بتحەقیرا موسلمانیێ تەزیین کرن. یەعنی کوم و شاشکێن سەرێ موسلمانادە هلتانین دقەتاندن و داڤێتن عەردی ناڤ باژێرێدە بدەنگی بلند موسولمان و پێغەمبەری مە (علیه الصلاة والسلام) سەب شەتم کرن. هن دەرکێن مالێن موسلمانا بکونکی شکیناندن کەتن ناڤ مالا دە دەست ئاڤێتن ژن و زارویێن وان، موسلمان ئەو تێن عەردی رەمەزانێدە شەراب رێتن دەڤێ وان. حاصلی هنگی خونکاری مەیێ جەبین و مسکین عەسکەرێ خوە ژ وێدەرێ هلانی، حەقارەت و رەزالەتا فلەیێن کریدێ لموسولمانا دکن تەعریف و تەوسیف نابە. تو ویجدان تەحەمول ناکن. لاکین فسبحان الله خونکار قەتعیەن موتەئەسیر نابە، ئیرۆ کرێد هۆبی، پاش چەند سالەك دی ویلایەتێن سلانیك و مناستری ژی هۆ ببە، ئیرۆ ڤە دەست پێ کریە گەلی کوردینۆ: ئەڤ حەمی ژ وە رە دەرس و عیبرەتن، موحەقەق بزانبن کو هەکەر ئەڤ مەسکەنەتا وە دەوام بکە یا ئیرۆ فلەیێن کرێدێ لموسولمانێن، ویدەری دکن، عەسکەرێ موسقوف ژی ل وەدکە.

* * *

## ئەمیر شەرەف ئیبن خان ئەبدال

پاش میر محەمەد لاوێ مامێ وی ئەمیر ئەشرەف سالا ١٠٥٥ دە بی حاکمی جزیرێ.

ناڤ تاریخێن مەوجود دە بەحسا حوکامێن جزیرێ حەتا سالا هەزار و پێنجی و پێنجی هەیە.

ژ وی تاریخیٚ حەتا زەمانی بەدرخان بەگی وقوعات و ئەسامییٚ وان نەمەعلومە. من بهیست کو کوردستانیٚ نك جوانمەردەکی کتێبەك هەیە ل وی کتێبێدە حەمی سلسلە مەذکورە، من ئەو کتێب خوەست وەکی کەت دەست من انشاءالله ئەز ویٚ هنگی جەریدا خوەدە وقوعات و ئەسامییٚ پاشی ١٠٥٥یٚ ژی ذکر بکم. ئەزی جەریدا خوەیا پاش ڤێدە بەحسا بابیٚ خوە بەدرخان بەگی بنڤسم، ئەڤ سلسلەییٚ حوکام بە بەدرخان بەگی خیتام دبت لپاش وی جزیریٚ توکەسی حاکمی نەکر.

* * *

**مەبدەئی مەقالە د نەعتا حاکمیٚ بوهتانیٚ خوەدانیٚ ئیقبال ئەمیر زینەدین ئیبنی ئەمیر ئەبدال دگەل وەصفا هەردوو هەمشیرەی دوسی ساحب جەمال زین و ستی ییٚد بیٚ میسال**

نەقاشیٚ صەحیفەی حیکایەت
مەغلوبیٚ شەجاعەتا وی رۆستەم

نەقادیٚ سەبیکەی ریوایەت
حاتەم ژ کەمالیٚ هیمەتا وی

کێشا ب ڤی تەرحی رەسم و ئایین
تۆماریٚ سەخاوەتا خوە کر طەی

لێدا ب ڤی تەرزی دەرب و تەزیین
عەقل و هونەر و سەخاو مەیدان

گۆ پادشاهەك زەمانیٚ سابیق
ضەبط و نەسق و نیظام و دیوان

رابوو د حکومەتا خوە فائق
دینداری و دەولەت و دیانەت

ئەجناسیٚ میللەل موطیع و مونقاد
سەرداری و صەوڵەت و صییانەت

نەسلا وی عەرەب، ئەمیریٚ ئەکراد
مەشحون ژ هەر یەکی خەزینەك

تەختیٚ وی جزیر و بەختی مەسعود
مەکنون ژ هەر یەکی دەفینەك

طالع قەوی و مەقامیٚ مەحمود
بیٚ عەسر ژ بۆ وی را مویەسەر

رۆم و عەرەب و عەجەم د فەرمان
بیٚ خوسر ژبو وی رامقەدەر

مەشهوور ب ناڤی میریٚ بۆهتان
ئەنواعی نەوادر و جەواهر

ئابائی عظام و جەد و والید
ئەلوانی نەفائس و زەواهر

مەنسوب مسەلسەلید خالید
مەجموعەی مومکینات مەقصود

جەبباریٚ فەلەك ژ وی حەزرکار
واجب کربوون لنك وی مەوجود

مەسلول ژ نەسلیٚ تەیب جەبار
حاصل بوی مودەعا و مەطلوب

زینبەندئیٚ ملك زەینیٚ دین بوو
واصل ب وی موشتەهاو مەحبوب

ناڤیٚ وی ئەمیری زێندین بوو
صەحنا حەرەمیٚ ژنازە نینان

میری ژ وی را ب زین موەصەف
جەنەت تژی بوو ژ حۆری عەینان

زینەت ژ وی را ب دین موعەڕەف
حۆری وی د جەنەتی گەلەك بوون

ئاثاریٚ شەجاعەتا وی شاهی
غیلمان وی د حەزرەتی مەلەك بوون

داگرتی ژ ماهی تا ب ماهی
لیٚ زادەئیٚ دو دەمانیٚ دەوڵەت

ماهیەتیٚ وی مەداریٚ دنیا
نوو بادەییٚ بوستانی نیعمەت

شاهیەتی وی شیعاری عوقبا
شەهزادە دوبوون لنك شاهی

موحتاجیٚ سەخاوەتا وی حاتەم
خورشید دوبوون لنك وی ماهی

یەعنی کو ژوی نەژاد عالی
هەمشیره دبوون دلا ئوبالی
یەك سەروی ریاضی راستی بوو
ویٚ ناڤیٚ ب راستی ستی بوو
یا دی ژ دل و هەناڤ میر بوو
وی ناڤ ژ نصفیٚ ناڤ میر بوو
راوی وەها گۆتە من موعەمما
ئەو حۆری ب ناڤیٚ زین موسەمما
یەك زێدە شیرین، زیادە مەحبووب
یەك روحیٚ قلوب و حۆری مەقلوب
یەك ئەسمەر و یا دویٚ زەری بوو
یەك حۆری و یا دویٚ پەری بوو
ئەو حۆری و پەری دبیٚ بەدەل بوون
لەورا کو ژ نووریٚ لەم یەزەل بوون
حوسنا روخی وان چوکەس نەدی بوو
زیرا ژ جەمالیٚ سەرمەدی بوو
لەب لەعل و سەمەن عوذاری گولرەخ

رەونەق شکەنیٚ بتانیٚ خولوخ
زولفێن میثالیٚ تایێ سونبول
خەدێن ژ رەنگیٚ روویی سۆرگول
ئەو سۆرگول و سونبولێد ئازاد
پشکفتی ل قەددیٚ سەرو شمشاد
سۆرگول ژ خوەدا ل سەر رەهستی
سنبل ب خوە پێکڤە داهەرستی
حوسنا خەتیٚ روخ ژ خەتی یاقوت
چاها زەقەنیٚ ژ سحریٚ هاروت
گۆیا کربوو ژ مشکیٚ بیزی
رەمالیٚ فەلەك، نوقاط ریزی
خال نوقەط، بەیاض و حەمره
بەیت و حەجەر و طەواف و عومره
ئەبرۆ ژ کەمانیٚ قەوسیٚ ئەفلاك
موژگان بیٚ گومان ژ سەهمی سەمماك

مەطبەعا جەمعیەتا تفاق و قەنجیا موسلمانا طەبع بی.



عدد ١٧ ﴿سالا عەوولی﴾ روویەر ١

کردستان ١٣١٠

حەچی ڤی کاغدەکی رێکە
زمنرە دڤیّ سەر کاغدێ وەها
بنڤیسە :
بجنرە نجل المرحوم بدرخان
پاشا عبدالرحمن بك
* * *
هەر جار دوو هەزار
جەریدەیا، ئەزێ رێکەم
کوردستانێ دا بەلاش بدەن
خەلکی

عنوان
جنوەدە (کردستان) غزتەسی
صاحب و محرر بدرخان پاشا زادە
عبدالرحمن
هر طبعدە ٢٠٠٠ نسخە
کردستان ولات عظامنە ارسال و
وساطتلریلە
قرا وقصباتە نشر وتعمیم
اولنەجقدر
* * *
کردستان خارجندە هر بر ایچون
سنەلك ابونە بدلی ٨٠ غروشدر
کردستان داخلندە خصوصی
ایستیانلرە مجانا گوندریلور

(یازدە رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردییە)
کردلری تحصیل علوم وفنونە تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی
(اون بش گوندە بر نشر اولنور کردجە غزتەدر)
KURDISTAN
Adesse:Rue de Carouge, n°, GENÊVE(Suisse)
غزتەنك مسلکنە موافق عربجە ترکجە فارسیجە مکتوبلر کردجەیە بالترجمە نشر اولنور

﴿روژا پنجشنبه ٨ ربیع الاخر ١٣١٧فی ١٥ اغستوس سنه ١٣١٥﴾

ناڤ جەریدەیێن بەرێ دە مـن ژ وەرە نڤیسی کو وەك جەریدا من گەلەك جەریدەیێن تورکی ژی هەنە کو ل هر، ل مسرێ و ل هـن وەلاتێن دی دەردکەڤن. ئەڤ جەریدەیێن هـا حـەمی سـەر سـەعادەتا مللـەتی دخەبتن، جاسووسێن عەبدولحەمید د دەست کـێ دە وان جەریدا ببینن حـەپس دکن، نـەفی دکن، داڤێژن بەحرێ، بێ نام و نیشان دکن، لاکین عەبدولحەمید ب هندە ظولما خوە، ب هنـدە ئیستیبداد و شـەوکەتا خوە دیسا نکارە غەلەبە بکە. واقیعەن ئـەو مرۆڤێن سـەر ئیستیقبالا مللـەتی دخـەبتن عـاجزن، فـەقیرن، زەعیفن لاکین موستەقیمن حـەق ددەستێ وان دەیە، لەوما عەبدولحەمید نکارە وان خەلاصی بکە. ئینسان ناڤێ بن دەستێ پادشاهێ ظالم بسەکنە. ئینسان ژ پادشاهێ ظالم درەڤە، عەلەلخسوس وەکی صاحیب غیرەت و حەمیەت بە. عەبدولحەمید هندە پەرا ددە جاسووسێن خوە، ذهنا خوە هـەر ل ئیفنـایێ مرۆڤێن غیرەت، دیسا نکارە مووەفەق ببـە، حـەتتا بیلعـەکس هەر رۆژ ئەڤ مورووەت مەندان تەزایود دکن.

ئـەم حـەمی دزانـن کـو لـە حـەمی شـوعبەیێن حکومەتا مەدە سەفالەت، پەرێشانی گەلەك زێدەیە. عەسکەر برچییە، تازییە، عەبدولحەمید مەعاشێن گەلەك زێدە ددە موشیرا ددە پاشایا، لاکین زابتێن کچك، عەسکەر ژ بێ پـەرەتیێ گەلـەك ژار و رەبـەنن. مـن بهیست کـو ل ئیشقۆدرەیێ زابتـەکی نـامێ وی فوئـاد بـەگ ژ پەرێـشانیا عەسـکەری خـوە گەلـەك موتەئەسر بی، چوو نك موشیر گلی کر لـەوازماتێن عەسکەری ژ موشیر خوەست، لاکین موشیر واریداتێن عەسکەری نیڤـێ ئـەو دخوە، نیڤی رێدکـە خونکار، لەوما شکاتا زابت ئیستیماع نەکر. لاکین فوئاد بـەگی ئەو سـەفالەتا ژ روویـێ ئیحتیکار و ئیرتیکابا موشیر تەوەلود دکە تەحەممول نەکر، لەوما تەلـەبا خـوە دە ئیـصرار کـر. موشـیر ژی ڤـێ غیرەتـا زابـتی گەلـەك عـەنری، لـەوما ڤـی وی نـەفی و حـەپس بکـە. لاکـین ئەفرادێ مەعیەتا وی ژ شەفەقەت و غیرەتا وی گەلەك موتەحەسس و موتەشەکر بین لەوما بیلئیتیفاق زابتێن خوە موحافەزە کرن. دەست ئاڤێتن چەکا. موشیر ڤی وان حەمیا حەپس بکە لاکین ئـەو ژی گەلـەك بـین، ب شـیددەت مودافەعـە کـرن. موشـیر ترسـا کـو ئـەڤ عەصیانا عەسکەری تـەعمیم بکـە نییـەت کربـی کـو عەسکەری رێکە سەر عەسکەرێ بن دەستێ وی زابتی

و ب قووەتا تابوورەك دی، تابوورا بن دەستێ بیکباشی دە ئیتلاف بکە. لاکین موشیر ترسا کو ئەو عەسکەرێ کو رێکە ژی وانێ دی رە ئیتیفاق بکە، چونکی دزانی کو ئەو خوە ظالمەو دڤێ ب ظلما خوە حەقیێ ئیبطال بکە، لەوما نکاری وێ تەدبیرا خوە ئیجرا بکە. لەوما ژ جەزا وان حەمییا صەرف کر، نهو نییەتا وی، دڤێ پاش چەند زەمانەکی یەك و یەك زابتی تابوورا وی ڤە هەریەکی دەرەکێ ڤە نەفی و تەبعید بکە. لاکین عەبدولحەمید خەلەتە و مووەفەق نابە چونکی یێن دەعوایێ عەدالەتێ دکن نە یەکە نە دودویە. نە تابوورەکە نە دوو تابوورن: حەمی مللەتە. غەیری چەند هەزار جاسووسێن وی حەمی ژی نە رازی نە. حەمی ژی موتەنەففر و موشتەکینە. چونکی ئینسان حەژ ظولمێ ناکە، چونکی موحتاجێ عەدالەتە.

* * *

**ئیرۆ دەولەتا مەدە، چقاس خرابی مومکنە حەمی ئیجرا دبن. وەکی ئەم زارۆکی تەربییە ببینن، ئەم حوکم دکن کو باب و دیا وی زارۆکی مرۆڤێن تەربیێنە.**

وەکی ئەم مەعیەتا مرۆڤەکی صاحیب ئەخلاق ببینن، ئەم حوکم دکن کو ئەففەندیێ وی مەعییەتی مرۆڤەك قەنجە. دە ڤێجا وەکی مە مللەتەك بێئەخلاق دیت. تەبیعی دڤێ ئەم حوکم بکن کو سەبەبا وی حالی رەئیسێ وێ حکومەتییە، هنگی عەبدولحەمید هاتی سەر تەختی ئەڤە بیست و سێ سالە بێئەخلاقیا مللەتێ هاتییە وی حالی کو تو مرۆڤێن صاحب حەمییەت نکارە ببینە. عەبدولحەمید. قاسێ دەستێ وی تێت پەرا ژ مللەتێ ڤێك ددە. مللەت ژ برچا دنالە، مللەت تازی مایە. کەچێن موسلمانا جاوەکی نابینن سەترێ عەورەت بکن. دەولەتمەندێن مە ژی یەکجار مسلمانی بەردانە، ئەتوارێن فەرەنگا تەقلید دکن. ئادابێ ئیسلامی مەتروك مایە. گەلۆ سەبەبا ڤان حالا کییە؟ موعەیەن رەئیسێ ڤێ حکومەتێ ڤی مللەتی کی بە ئەوە، یەعنی عەبدولحەمیدە. حەتا ئەڤ هۆیە. متربێن دۆر خونکار هەر وێ سەفاهەت و ئیرتکابا خوەدە دەوام بکن. چکو ئەففەندیێ وان ژی وی حالی دەیە، نکارە مەعییەتا خوە ئیصلاح بکی. نەهەما خەلقێن سەرا خوەدا لاکین چقاس مەئموورێن مە هەنە ئەکسەر ئەخلاقێ خونکارێ خوە دەنە. حەمی دزیێ دکن، حەمی قەنج دخون، قەنج دخون، قەنج ڤەدخون، قەنج وەردگرن. حەمی سەفاهەتێ دکن، مەنبەعا واریداتا وان ژی مللەتا رەبەنە. دز شەڤ دزیێ دکن، مەئموورێن عەبدولحەمید رۆژ دزیێ دکن. چونکی ئیزنا خوە ژ خونکار ستاندنە، ژ کەسی ناترسن. حاصل عەبدولحەمید حەمی مەئموورێن خوەڤە سەر ڤی مللەتی بەلایە. دائیما مال و منالێ ڤی مللەتی ژێ دستینە. خەزینەیێن خوە تژی دکە. مللەتا رەبەن شەڤ و رۆژ دخەبتە، دشوغلە، حەمی قووەت و ئیقتدارا خوە سەرف دکە. باب، شوونا زارۆیێ خوە رێکە مەکتەبێ، وەك خودێ و پێغەمبەر ئەمر کری تەعلیم و تەربیە بکە، خوەرە دبە بەر جۆت، چونکی قووەتا وی تەنێ تێرێ ناکە. ئەو ب ژن و زارۆیێن خوەڤە دخەبتە. تاحرس و تەمەعا خونکار و عەوەنەیێن وی رە خدمەت بکە. غەیری ڤێ بەلایێ چفتیجیێن مە ژ دەخلێن خوە ژی نە ئەمینن. گەلەك جارا ئەشقیا تەئدیب نابن، چونکی مەئمورێن حکومەتێ خەباثەتا خوەڤە مەشغولن ئەو خوە ژی شەقی نە. حاصلی ژ هەر کەنارا مللەتا رەبەن ناڤ شەقییا دە مایە. ژ هەر کەنارا بەلا دبارە. حەوقاس ملیۆن نفووس پەرێشان دبن، سەبەبا ڤێ بەلایێ ژی حەمی یەك مرۆڤە!...

* * *

ئەز پچەکی بەحسا حالێ سەرا خونکار بکم: سەرا خونکار دە وەك حەمی سەرایا خزمەتکارێن خونکار هەنە. هنەك مرۆڤ ئینتیسا ب وان خزمەتکارا دکن. مەسەلا مرۆڤەك دبە ئەحبابێ ئیبریقدار پاشێ ئەو مرۆڤ تشتەکی دنڤیسە، دبێژە فلان ئەففەندی حەژ خونکار ناکە. ئیبریقدار وێ کاغزێ دچە ددە خونکار

عەبدولحەمید سەر ڤیێ خەبەریێ گەلەك پەرا ددە مرۆڤیێ خوە ویێ ئەو کاغز نڤیسی، دکە موتەسەرِف ئان والی. ئو ئەوکاغز دەرحەقیێ کی دە بە وی نەفی دکە. ئەویێ نەفی دبە، هاژ تشتەکی تونینە. سەبەبا نەفیا خوە نزانە. رەبەن پەریشان دبە، ژن و زارۆیێن وی سەفیل دبن، دیا وی ژ قەهرا تەلەف دبە. خونکار وان حالا حەمییا دبهیسە، تو جار مەرحەمەت ناکە. ئەو مرۆڤیێ ژ وی روویێ بی مەئموور بیلطەبع مرۆڤەك زالم و خەبیسە. لەوما بچە کو ئەوەلو ئاخر نییەتا وی ئەوە کو خەلقیێ بن دەستیێ خوە دە ب روشوەتا بشەلینە. ئەو مرۆڤیێ سەر مەئموریەتا خوە ئیفتیراك ل مرۆڤەکی کری عائیلا وی پەریشان کری، موعەیەن تو مەرحەمەتیێ، توشەفەقەتیێ ناکە. لەوما بچە کیشك وەلاتی نییەتا وی نە خزمەتە، غەیریێ ڤێکدانا پەریێ ناحەلال تو ئەمەلیێ ناکە. خونکار وان حالا دزانە، دلیێ وی ژی نەمللەتیێ ڤەیە. مەقصەدا وی موحافەزا روحیێ وییە. مەئموورەك مەسەلا هەیڤیێ دە هەزار قوروشی دستینە، موقابلی وان پەرا ئەو مەئموور موکەلەفە کو گەلەك خزمەتیێ وی وەلاتی ئیفا بکە لاکین خزمەتیێ ناکەو غەیریێ مەعاشیێ رەسمی هەر هەیڤ بیست سی هەزار قوروشا ژ روشوەت دستینە. حاصل جەمعەن هەیڤیێ سی چل هەزار قوروشا دستینە، ئەڤ پەرە حەمی ژ پشتا مللەتیێ هلدبە و مللەت دەستیێ وان مەئموورێن شەقی زارو ئەسیرە.

* * *

جریدا عثمانلی دبت عیناً هره درج دکم

(عثمانلی) غزته‌سندن مقتبسدر:

اجزای [ وعدیات ] دن

پاریسه مراسلت

تعریض ایدنجه حقه بیداد شهریاری.

اولدی بزه فرانسه منفای اختیاری.

دوشدك جدا وطندن. لکن وطن یولنده

بر جوش‌در کوکلده سودای جانسپاری.

بجزو عزدر اینمك احکام شرعی انفاذ.

مقصودمزدر احیا بر عصر افتخاری.

اسندك فدای آرام غدر زمانه قارشی

احضار قیلماق اوزره بر شانلی کیرو داری.

هر لحظه باشمزده اولمش ایکن بلاریز

جانی تاجدارك ساطور خون نثاری.

کوردك حیاتی ناچیز میل حیاته رغماً.

تعقیب ایلەمکده بر فکر حق مداری.

ایلر بزه دمادم تلقین رزم وشدت

بیك قهر ایله وطنده خلقك انین وزاری.

منقارنده جوشان شبان عزمی قومك

مقبرلرنده لرزان اجداد ذی وقاری.

خسرانکه امین اول ای سنکه ایستیورسین

زنجیرلرله قیلماق اجرای حکمداری.

بوشدر بو جبر حقی دست قدرده بوقدر

جوش وخروش فکری توقیف اقتداری.

اندیشه‌مزده اولماز حزن وسرور مقرون

افسرده روزکارك احکام بی قراری. [*]

کوش ایتدیه جهانده آوازهٔ تحکم

عد ایلەرز مرجع خاموشیٔ مزاری.

عمرك دیمکدر عمری احرار بر شبانك

حریت، ای مقدس، جاوید روح ساری اول.

۱۰ اغستوس ۱۸۹۷ پاریس

[*] لم یجد فی ملتی واعتقادی:
نوح باك ولا ترنم شاد.
— ابوالعلاء المعری —

* * *

## کرێد

من جەریدەیێن بەری ڤیێ دە هنەك جارا بەحسا حالیێ کریدیێ کربی، ئاخر ئەو وەلاتیێ هندە خوەش ژ دەستیێ مە دەرکەت. لاویێ پادشاهیێ یونان بی والییێ وێدەریێ. حکومەت ظولمیێ موسلمانا دکە. موسولمان هەو دکارن وێدەریێ بسەکنن، هەر رۆژ هجرەت دکن. خونکار وان مهاجرا رێدکە دەرێن، هەوا وخێم دا حەمی یەك و یەك ژ نەساخییێ تەلەف ببن. چونکی ژ سەفالەتا وان دترسە کو ئیتیفاقەکە ل عەلەیها وی دە حاصل ببە. گریدیێ هەر رۆژ یونانی زێدە دبن.

يۆنانستان عەسکەرێ رێدکە وێدەرێ. فلەيێن وێدەرێ ئێزهارێ شادمانی دکن. موسلمان ژی هەر رۆژ ماتەمێ دەنە. هەر رۆژ ئەو ئاخا ئەجدادێن وان و زارووێن وان ل سەر پەروەردە بین تەرك دكن. رووسیایێ دڤێ سێ هەزار ئەرمەنییا رێکە وێدەرێ، سەر ئەرازیێن موسلمانێن مایین وێدەرێ ئیسکان بکە، مالێ موسلمانا هوولێ تەهلکەیی دەیە.

نەفسا وان رە ژی ئەمنیەت نەمایە. گەلەك جارا وەکی مسلمان تەنی دچن سەر جۆت تێن کوژتن. قاتلێن وان دەردەست دبن لاکین حکومەت جەزاکی گەلەك سڤك ددە وان.

کەچێن موسلمانا ژی ل موحافەزا عەرزا خوە عاجز مانە. هن مێرێن فلا جەمع دبن، کەچەکە موسلمانا درەڤینن دبن دێرێ، دینێ وێ رەسمەن دگوهورن، مێرەکی فلە نیکاح دکن. دێ بابێ موراجەعەت حکومەتی دکن، حکومەت شکایەتا وان ئیستیماع ناکە. موراجەعەتی عەبدولحەمید دکن، ئەو یەکجار ئەهمیەت نادە.

**گەلی کوردینۆ:** ئەڤ حالێن ها حەمی ژ وەرە میسالێ عیبرەتن. ئیرۆ کوردستان گەلەك تەهلوکەیێدەیە. نیهایەتی ئون ژی وەك خەلقێ کرێدێ بێن وەئیلا دەست بەر خوە هلینن. حورییەتێ، عەدالەتێ بخوازن، ئەڤ ئەسارەتا وە یا بن دەستێ مەئموورێن عەبدولحەمید دە نیهایەت وێ وە بکە ئەسیرێ مۆسقۆف. نامووسا وە یێ بن سما ئەسپێ عەسکەرێ مۆسقۆف دە بمینە. هنگێ عەبدولحەمید هاتی سەر تەختێ، هندە وەلاتێن مەزن کەتن دەستێ نەیارا دە. هندە قەبائیل ژ دەستێ مە دەرکەتن. هەگەر ئون هشیاریا خوە نەکن موعەیین، رێزیێ بێ وە ژی.

**فاعتبروا يا اولي الابصار.**

* * *

## ئەمە وێنەی نامەیەکە
## لە کوردستانەوە بۆم هاتووە

**ئەڤ کاغد من ژ وەلات ستاند ئەز عەینەن هرە درج دکم**

جگە لەیەك ژمارە، سەرجەم ژمارەکانی دیکەی رۆژنامەی کوردستانم یەك لەدوای یەك بەووردی خوێندۆتەوە، ئەم پێشکەوتنە رۆشنبیرییە بەسایەی ئەو خۆراگری و تێکۆشانە لەرادە بەدەر کە میللەتێکتان بە ئەلفبای سەرنجدان و ووردبوونەوە ئاشناکردووەوە، بەراستی ئەم هەنگاوەتان شایانی دەست خۆشی و پیرۆزبایی لێکردنە.

بەپێی ووردبینی و خوێندنەوەکانم نەتەوەی کورد لەهەموو نەتەوەکانی دیکەی ئاسیا زیرەکترو ئازاترو بەبەهرەترە، ئەم قسەیەشم **(ئیتنۆغرافیا) (مێژووی بەشارستانێتی بوون)** دەیسەلمێنێت.

لەوانەیە ناحەزانتان بڵێن رۆژنامەیەك بەزمانی نەتەوەیەك دەرکرێت چی لێ دەردەکەوێت کە ڕاددەی خوێندەواریی بەرێژەی لەهەزار یەك بێت.

ئەوانەی ئەم جۆرە بەرهەڵستکارییە ئەخەنە ناوەوە نازانن ووریایی لەحەد بەدەریی میللەتە، زۆرجار قەرزداری یەك دوو کەس دەبێت، بەتایبەتی لەناو نەتەوەی کورددا شاعیرێکی وەك فزولی و ئەفسەرێکی وەك (صلاح الدين)ی ئەیوبی پێگەیشتبێت ئیتر بۆچی رووناکبیرانی نەبنە رووناك کەرەوەی ئاسۆی عیرفانی حیزبێکی بچووك.

لەجیهاندا هیچ شتێك وون نابێت. هەروەکوو چۆن لەناوبردن و سڕینەوەی بەشێکی مرۆڤ کەوجودی خۆی لەگۆرەپانی ژیاندا سەلماندبێت مەحاڵە. هەروەهایش وون کردنی بنەبڕی باوەڕێك کە لەجیهان گەیاندربێت زۆر مەحاڵە.

هەروەکو چۆن کەئەندامێکی لەش زەبری پێ دەکەوێت گۆڕانێکی بەسەردا دێت و نیشانەیەکی ئەو لێدانەی پێوە دیار دەبێت، بیرو بۆچوونێکیش کە بەرمێشك بکەوێت مەحاڵە ئاسەوارێك جێ نەهێڵێت، ئێوەش هەڵبژاردەی ئەو نەتەوەیەی ئاشناکردنی میللەتەکەتان بەمافە سروشتی و سیاسییەکانی لێ فێربکرێت ئەوە ئەرکی چەند کەسێکی خاوەن ویژدانی وەك تۆیە.

ئەمرۆ خەڵك بەئاگا هاتۆتەوە توانای ئەوەی هەیە ئەو دەستی مەرحەمەت و هاوڕێیەتیەی کە بۆی درێژدەکرێت لەدەستی خوێناوی جەللادێك یان زۆردارێکی خوێن رێژ کەماڵ و حالی زەوت ئەکات و جگەر پارەکانی لەناوئەبات جیابکاتەوە.

دڵنیام بۆ بینینی بەرهەمی هەوڵ و کۆششە مەردانەکانتان نەئەمرۆ نە سبەینێ ئێوە **(دورای عزم مرحلەی قرب و بعدنیست)** بیر لەدووری کەعبەی ئومێدەکانیشتان ناکەنەوە.

بەڵام داخەکەم کوردەکان تا ئێستا نەیان دەزانی **(خەلیفە)** چییە، ئای تێگەیاندنیان چەند هیممەتێکی گەورەیە.

کوردەکان وایان دەزانی حکومەت هەرچیەك بکات هەقی خۆیەتی و هەموو ئیشەکانی پاشا چاکەو یارمەتیە. ئێوە لەکوردەکانتان گەیاند کە ئەو بۆچوونە وانییە هەرکەسەو خاوەنی مافێکی دیاری کراوی خۆیەتی. ئێوە ئەم شەڕەی بەقەڵەم دەیکەن غەزایەکی زۆر گەورەو پیرۆزە.

پێ دەچێت ئەم خەباتە قەڵەمیە زۆر بخایەنێت و ئێوە بەبەر ئەنجامەکەی نەگەن، بەڵام هەردوو چاوەکەم عبدالرحمن بگ ئەمین بە مەیوەی زانست و زانین بەرەکەتی سروشتی تێگەیشتن لەبەرەکەتە پرشنگ دارەکانی مێشکی مرۆڤە، ئەو زانستە بەرزەی ئێوە هەردەم دەبێتە یاریدەدەرو هاندەری غیرەتتان، خوابکات عەزیمەتتان لاواز نەبێت و تەندروستیتان تێکنەچێت بەیارمەتی خوا سەرکەوتن هی ئێوەیە.

تاکو ئێستا زوڵم و زۆرداریی حوکمڕان بوو لەمەودوا حوکمڕانی هی دادپەروەری و رووناکی دەبێ.

زمانی حاڵ دەڵێت **(زۆر دەمێك بوو لەنێو گومان دابووین ئێستا پێویستە بزانین)** بەپێی توانامان راستییە سیاسی و مێژوویییەکان، ئەوەندەی پێمای بکرێت هەموو راستییەکان لەکوردو تورك و عەرەب و چەرکەس و لازەکان بگەیەنین و هەموو مرۆڤەکان فێربکەن. دەرخستنی راستی هیچ کاتێك زیان بەخش نابێت کاربکەن ئەی برا شەرەف مەندەکانم.

**ایام ماگذشت بفریت ولی چەغم**
**اسراق شرق شد اثر اغتراب ما**

**کوردێك**

* * *

**مورەخەسبوونا وشاقان ب گولگەشتا سەرسالێ، رەغبەت گەڕا وانە ب بارا حوسن و جەمالێ**

قەندیلێ مونیرێ دەیرێ ئەزرەق
میشکاتێ حەمەل کو کر مورەووەق
سەرسال کو بوو ژ نووڤە مەعموور
میر دایە کوڕێ د تازە دەستوور
دەستوور کو بوو ژبۆ وشاقان
رابوون هەمی شبهەتێ عوشاقان
تێکچوونە ب مەعرەضا مەزادێ
دلدا دەیێ مەقصەد و مرادێ
ئیللا کو تەنێ مەمۆ و تاجدین
وان دانە خوە دوختەرانە تەزیین
یەعنی د دەما کو بوویە تەحویل
ئەو هەر دوو برا د جامە تەبدیل
ئیستەبرەق و سوندوسن دبەر دا
چەند مەعجەر و مەقرەمە ب سەردا
کاکول کربوونە طورە بەرسو
پەرچەم کربوونە زولف و گیسوو
وان لەو کربوو لیباسی تەصریف
دا قەت نەبتن ل وان چو تەکلیف
پووشیدە لیباسی دلبەرانی
سەیران دکرن ب سەرگرانی
مولاقیبوونا تاجدین و مەمێ بەستی و
زینێ موستەغریقا وانە د بەحرا
عەشق و ئەڤینێ
وان هەردوو کوڕێ د جامە تەبدیل

وەقـتێ دکـرن د شـەهرێ تـەحویل
ناگــــاه عەجاییـــــەك نومـــــا وان
یەك جوزئێ ژ عـەقلێ قـەت نـەما وان
دیـــــتن د مەحەللــــە و زکاکـــــان
هــەر کوچــە و غورفــە و شــباکان
سـەد تـازە جـوان ژ رەنگـێ سـەروان
دیباحـــــەریر و خــــز دبـــــەر وان
پانــــسەد ژ کــــچ و کـــــور و والان
ئـەو چـەندە ژ قـسمێ پـیرو کـالان
ئــەنواعێ موزەککــەر و موئەننـــەس
هنــدەك د برەهنــە هــن مولەبیــەس
هنــــدەك ئــــەعالی و ئــــەکابر
هنــــدەك د ئــــەدانی و ئەســـــاغیر
پێخـواس هنـەك، هنـەك دسـر کـۆل
کاشـۆ ژ پیـان و سـەر وەکـی هـۆل
سەرمەست هنـەك، هنـەك سـەرخوەش
دەمبەستە هنـەك، هنـەك د دەمگـەش
گوویەنـدە هنـەك، هنـەك د خـامووش
پوویەنـدە هنـەك، هنـەك د مـەدهووش
هـن جامەدرێـدە هـن د سـەرخوەش
هـن عـەقل رمێـدە هـن موشـەوەش

هنـــدان دکـــرن فغـــان و فـــەریاد
هـن بـوویی ژ قەیـدێ عـەقلێ ئـازاد
هەریــەك د مەقامــەکی دگــەر گــوون
هەریــەك ب جەفایــەکی جگــەرخوون
ئەو هەردوو دەمـەك ڤـەمان تەحـەییور
بـوون غەرقـەیێ لوجـەیێ تەفـەککور
تاجــدین ســەکنی و پرســیار کــر
پرسـا خـوە ب یـەکێ ئـەختیار کـر
گــۆ: ئــەی خــزری رە هیدایــەت
بیـژا ئـەڤ چـە بەلایـە بـێ نیهایـەت
وی گۆتێ: دوو شـەهلەوەندێ شـەدداد
ئـیرۆ ل ڤـی خـەلقێ بوونـە جـەللاد
هەرچـی کـو دبیـنن ئـەو سـەرخوەش
فیلحــال دکــن وەهــا موشــەوەش
وان گۆ: تە نەدی کو ئەو چ رەنگن؟
وی گـۆ: دو کـوڕن، زییـادە شـەنگن
وان گۆ کو! ب شیرو شەش پەڕن ئـەو
یان نە ب خەدەنگ و خەنجەرن ئـەو؟
وی گـۆ کـو: ب غـەمزەو بـە ئـاور
خــەلقێ دکــوژن وەکــی ب کێــبر"

مەطبەعا جەمعییەتا تفاق و قەنجیا مسلمانا طەبع بییە



عدد ١٨

﴿سالا عەوولی﴾

رووپەر ١

کردستان

١٣١٠

حەچی فی کاغدەکی رێکە
زمنرە دقیٚ سمرکاغدێی وەها
بنقیسە :
بجنوە نجل المرحوم بدرخان
پاشا عبدالرحمن بك
* * *
همر جار دوو هەزار
جەریدەیا، ئەزێ رێکەم
کوردستانێ دا بەلاش بدەن
خەلکی

عنوان
جنوەدە (کردستان) غزتەسی
صاحب و محرر بدرخان پاشا زادە
عبدالرحمن
هر طبعەدە ٢٠٠٠ نسخە
کردستان ولات عظامنە ارسال و
وساطتلریلە
قرا وقصباتە نشر وتعمیم
اولنەجقدر
* * *
کردستان خارجندە هر بیر ایچون
سنەلك ابونە بدلی ٨٠ غروشدر
کردستان داخلندە خصوصی
ایستیانلرە مجانا گوندریلور

(پازدە رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردییە)
کردلری تحصیل علوم وفنونە تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی
(اون بش گوندە بر نشر اولنور کردجە غزتەدر)

KURDISTAN

Adesse:Rue de Carouge, n°, GENÊVE(Suisse)

غزتەنك مسلکنە موافق عربجە ترکجە فارسیجە مکتوبلر کردجەیە بالترجمە نشر اولنور

﴿روژا پنجشنبە ١جمادي الآخر سنە ١٣١٧في ٢١ ایلول سنە ١٣١٥﴾

## تەبلیغ

گەلەك مرۆڤا ژ من رە نڤیسین کو نزانن کرمانجی بخوینن لەوما قسمەك ترکی جەریدا من دا دخوازن. سەر تەلەبا وان ب ئیزنیلا ئەزێ پاش نهو نیمێ جەریدا خوە، ب ئینزیمامێ غیرەتا خوارزایێ خوە فەوزی بەگی، ترکی طەبع بکم. خوارزایی من فەوزی بەگ سەر ئۆردیێ زابت بی لاکین پەریشانیا ناڤ عەسکەر، ظولم و ئیستیبدادا فەریق و موشیرا، رەبەنییا نەفرەتا ئەو موتەئەلم دکر حەتا کو هەو کاری سەبر بکە، ئەو ژی رابی هات دیارێ غەریب حوریەت و تەرەقیا مللەتێ رە بخەبتە.

*      *      *

## تەبلیغ مەخسووس

بۆ رزگارکردنی ئەم میللەتە بێچارەیە لەزۆرداریی و ستەمی عەبدولحەمید و پاڵەپەستۆی حکومەت وەکو خوێنەرانی رۆژنامەکەمان پێی ئاگادارن، پاش روو لە وولاتە بیانییەکان کردنمان کە لانکەی ئازادی بوون، ماوەیەکە بە مەبەستی بووژانەوەو بەئاگاهێنانەوەی ئەم میللەتە لەرێگای چاپەمەنییەوەو دۆزینەوەی چارەیەك بۆ گرفتەکانی چەند رۆژنامەیەك بەزمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئارنائودی بلاّوکراونەتەوە. منیش لەم ماوەیەدا کە بینیم نەتەوەی کورد لەسەرجەم میللەتە مەزلومەکانی دیکەی جیهان بێ زانست و دواکەوتووترەو لەژێر باری تواندنەوەدایە. بەئومێدی زیندووکردنەوە، ئەوە ساڵێکە رۆژنامەیەکم بەناوی کوردستان بەزمانی کوردی چاپ و بلاّوکردۆتەوە، لەم دواییانەدا زۆر کەس داوایان لێ کردووم کەوا پێویستە بەزمانی تورکیش، کەزمانی رەسمییە، بەشێکی بلاّوبکەمەوە، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم داوایانە بڕیارمدا بەهاوکاری خوارزای خۆم (فەوزی بەگ)، کەلەم رۆژانەدا بەهۆی ئەو ستەم و زۆرداریيانەی لەسوپاکەیدا هەبوو، هەلاّتووەو پەنای هێناوەتە ولاّتی سەربەستی، نیوەی رۆژنامەکەم بەزمانی تورکی بلاّدەکرێتەوە.

*      *      *

## ئیجمال

ئەڤە دوو هەزار سالا زێدەترە کو کورد ڤێ مەوقعا خوە دە، یەعنێ ل کوردستانێ موتەوەطن بینە، وی حەوالی دە ژ وی زەمانی ڤە ژی ب شەجاعەت و

قوەتا خوە وە مللەتەك نامدار بی کو جیرانێ وان قەومێ عەجەم ب هندە شەوکەت و عەزەمەتا خوەیا وی زەمانی لەفزێ کورد ب مەعنا شەجاعەت و دلاوەری قەبوول کر، و سەر وی ئەخلاقێ وان کەیخوسرەو گەلەك زەبتێ مەمالك رە، ناڤ عەسکەری خوە کورد ئیستیخدام دکر.

لاکن تو جارا کوردا تەئسیسا حکومەتەك موستەقیل تو جارا تەئەمول نەکر لەوما هەر بازیچەیێ خزمەتا جیرانێ خوە دە مان. پاش ئینقیرازا عەجەم، کورد کەتن بندەستێ سکەندەر، پاشێ کەتن بندەستێ ئەشکانیان و ساسانییان. نیهایەت وەقتا کو وەقعا قادسیەیێ عەرەبا کوردستان فەتح کر، کورد وێ هنگێ ڤە موسلمان بین، پاشێ زەمانێ سولتان سەلیمێ ئەووەل، طەوعەن ئیلتحاقێ دەولەتا عوسمانی کرن. وی زەمانی ڤە کوردا حکوومەتێ دە گەلەك خزمەت کر. حەتا نهۆ ژی بێ مەسرەف گەلەك ب ئاسانی سەد ئالایێ سواری تەهییە بی لاکین کورد پاشە رۆژا خوە نابینن بیرا خوە. ڤی زەمانێ تو وەلات نەمایە کو موستەغرەقێ نووری مەعارف بینە، ئەز هرە وەلاتێ ئەجنەبییا دە کەس نابینم کو خوەندن و نڤیساندنێ نزانە، ژن، مێر، زارۆ حەمی دخوینن، دنڤیسن، حەمی مللەت ب هەر واسیتا موحافەزا ئەمنییەت و ئاسایشا وەلاتێ خوەرە دخەبتن. ئارناوود ژی چاوا کورد ل قطعا ئاسیایێ ئاورووپایێدا جاهل مابین لاکین ئەڤە ئەیامەکە ئەو دخەبتن، گەلەك مەکتەب وەلاتێ خوە دە وان ئینشاکرن. گەلەك ژ وان دیارێن بیانیا دە جەریدە طەبع دکن، رێ دکن وەلات، مللەتێ خوە ئیقاظ دکن، خزمەتا کوردا ژ ڤێ حکوومەتێ رە کری، ژ یا ئارناوودا گەلەکترە. چ رە کورد حەقێ خوە ژ حکوومەتێ ناخوازن؟ ئیرۆ ئەو رۆژە کو نە مللەتەك حەتتا شەخسەك سەرێ خوە حەقێ خوە ژ حکوومەتێ دخوازە، حەقێ خوە ل نك پادیشاه ناهێلە، ئەز هرە دبینم دەولەتێن بیانیا دە وەکی حکوومەتێ حەقێ یەك مرۆڤی غەصب دکە مللەت حەمی حەقێ وی مرۆڤی دەعوا دکە، ب وی صووورەتی هەر عەدالەت دەوام دکە. خودێ و پێغەمبەر ژی ژ وە رە ڤی حالی ئەمر دکە لاکین سەر پچەك مەنفەعەتا خوە وە ئەڤ حەقیقەت تەرك کریە ئون بینە ئەسیرێ ظولمەیێ مەئموورێن عەبدولحەمید رێ دکە سەر وە.

* * *

## حەوادیس

عەبدولحەمید ژ نەشریاتا ئەربابێ حەمییەت دترسە. گەلەك پەرا، روتبا نیشانا ژ وان جوانێن وەلاتێن خوە تەرك کری هاتن هرە جەریدا دەردێختن وەعد دکە دا ژ فکرا خوە ببوورن. لاکین ئەم حەمی زەحمەتا خوەیا ب نامووسا تەرجیحێ سەعادەتا مەشئوما خونکار دکن. لەوما حەمی حەرەکەتێن خونکار ڤێ رێ دە عەقیم دمینە. حەتا بەری هەیڤەکێ یاوەرێ خوە ئەحمەد جەلالەدین پاشا رێکر هرە، ئەوی گەلەك ئیحسان و ئینعامێن خونکار ژ مە حەمیا رە وەعد کر لاکن لەهولحەمد نکاری مە کەسی ئیغفال بکە، مەئیوسەن ڤەگەرا ئەستانبۆلی چو جەواب یەئس دا خونکارێ خوە، خودێ صاحب غیرەتا ژ مللەتی کێم نەکەت.

* * *

بسم الله الرحمن الرحیم

## پوختەی سەربردەم لەئەنجامی خراپەکارییەکانی حکومەتدا

کاتێك ئەفسەرێك لە ژێر ستەمی حکومەتێکدا، کە هاووڵاتییەکانی لەژێر زوڵم و ستەمی ئیدارە ئاساییەکەی بناڵێنێت تووشی ئێش و ئازارێکی گران بووبێت، ئەوکاتە برین و ئێش و ئازارەکانی ئەو ئەفسەرە لە چوارچێوەی راژە سوپاییەکەی پەرێشانتری دەکات.

سیفەتی ئەفسەرێك کە ئەقڵ و نامووسی لە جێیی خۆیەتی بیر لە خزمەتە پیرۆزەکان و بوونی فەرماندەییێك لەنێو ئەم خراپیانە بکاتەوە، رزگاربوونی لەم کارانە کە دەگاتە پلەی ئاوات، هەر هیچ نەبێ بە جێهێشتنی ئەم بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆی دایە، بە

هەواڵنامەی کتێب

هەرحاڵ ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی چارەیەك، بە کورتی ئەم بارودۆخەی کە تێیدا بویمە، نەك ئەم ئێش و ئازارە بێ ویژدانیە بەڵکو کاتێ رووداوەکانی بە بیرم دێنەوە ژان دەمگرێ، ئەم شانۆیە بە فەلاکەت کۆتایی پێهات و مەیدانی ئوتسالیا چۆڵ کراو لەوێشەوە بۆ ئەدیرنە دوور خرامەوە، پاشان بە ئەرکێك نێردرامە ئیستانبۆڵ، لەوێ پۆلیسی نهێنی ئابلۆقەیان دام، نەمزانی لەبەرچی بوو و گوناهم چی بوو شەوو رۆژ بەدوامەوە بوون..! هەرچەندە دڵی ساف هی وەکو ئێمە لە حیکمەتی حکومەت ناگەین !! بەڵام دەتوانم ئەوەندە بڵێم شتێکم لەخۆم شك نەدەبرد کە ئاوەها شایانی چاودێری و لێکۆڵینەوەی پێویست بێت.

ئەو پارەیەی کە لەنینۆك و گۆشتی ئەو میللەتە ئازیزە دەکرایەوە، دەبوایە لەپێناو خۆشی و گوزەرانی میللەتدا خەرج بکرێت، سەرەڕای مووچەکانیان بۆ ئەوەی لەکەمترین کەیف و رابواردن بێبەش نەبن، بەرامبەر ئەو راپۆرتە درۆیانەی کە هەموو ئێوارەیەك دژی هاو ولاتیانی بێ تاوان پێشکەش بەسەروو خۆیانیان دەکرد دەدرا بەو سیخوڕانە.

ئەو جرۆجانەوەرانە لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ جۆرە کارامەییەکیان نەبوو، لەدین و دنیایش بێ ئاگابوون.

زۆرینەیشیان خوێندەوار نەبوون، تەنانەت لەخوو رەوشتیشدا وەکو ئاژەڵێکی باشیش نەبوون، کەچی بەخزمەتکاری موڵك و میللەت و دڵسۆزی پاشا لەقەڵەم درابوون.

رێزیشیان گەلێك لەرێزی ئەوانە گەلێك زیاتربوو کە لەدایك و باوکێکی دیارو ناسراون و چواردە ساڵ بۆ خۆئامادەکردن بۆ خزمەتکردنی ولاتەکەیان و پەروەردەکردن و فێرکردنی رۆڵەکانی نیشتمانەکەیان دابین کردنی سەلامەتی دەوڵەت و میللەت تەمەنی خۆیان لەسەر کورسی و مێزی قوتابخانەکاندا رزاندبوو، کەچی کرابوون بەسیخوڕ بەسەر ئەو ئەفسەرانەوە کە هەموو کاتێك چاوەڕوانی ئیشارەتێك بوون بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانی سەرشانیان و خۆبەختکردن لەپێناو سەلامەتی خاکی نیشتمانەکەیاندا.

ئایا ئەم جۆرە کردارانە نابێتە هۆی بێتاقەتی و بێزاری، کارناکاتە سەر دەروون و قەدەری ئەو خەڵکە و پاڵ بەمرۆڤەوە نانێت بۆ ئەنجامدانی کارێك کە هیچ کاتێك بەبیریدا نەهاتبێت...!

نازانم ئایا ئەمەشیان حیکمەتی حکومەتە؟

ئەوەش نەیویستبێا بیکات. ئەو کارانەی شایستەی ووردبینی و لێکۆڵینەوە بێت، پێویست بەباسکردنی بێت لەنووسینەکانی داهاتوومدا باسی دەکەم باجارێ لەم پوختەیە کۆتایی بەم نووسینەم بێنم:

بەو شێوەیە ماوەی سێ چوار مانگێك بەڕەسمی لەژێر چاودێریدا بووم، دوواجار ئەو کارە سەیرەی حکومەت کە دۆست ئەگریێنێت و دوژمن دڵخۆش دەکات، ئەوەبوو بەبەندکراوی و سەرپەرشتی فەرمانبەری تایبەت رەوانەی (**ئەدرنە**) کرام، لەوێش دوای هەندێ کاری کۆمیدی و درامایی پێکەنین هێنەر بڕیارمدا فیراربکەم، چونکە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کارکردنی قەڵەمێك بۆ ئازادی لەشمشێرێکی خراپەکاری پەککەوتوی هەڵواسراو کاریگەرترە.

ئەمڕۆ خراپەی ئەو حکومەتە گەیشتۆتە رادەیەکی زۆر بەرزی خراپەکاری، تەنانەت خەریکە ئەبێتە هۆی لەناوچوونی گشتی، بۆ نموونە ئەفسەرێکی نەخۆش لەچوارچێوەی مافی رەوای خۆیدا بۆ گۆڕینی هەوا، بەو ئومێدەی ئەو گۆڕینی هەوایە ببێتە چارەسەرێکی نەخۆشیەکەی، لەسکالآنامەکەیدا کە پێشکەشی کردووە داوای گواستنەوەی کردووە بۆ گوندێك لەهەرچی ناوچەیەکەدا بێت سکالآنامەکەی رەوانەی (ادارة مصلحت) کراوە، بەڵام بێ ئەنجام ماوەتەوەو هیچ وەڵامێکی نەدراوەتەوە، لەئەنجامی ئەوەدا پاڵپشتی بەحوکمی ئیدارەی نایاسایی ژیانی لەدەست دەدات، ئەو سەربازانەی کە بەو شێوەیە ژیانیان لەدەست داوە، ئەوەندە زۆرن لەژمارە نایەن. چونکە خاوەن و پارێزەریان نییە. بەڕێوەبەرایەتی کاروبارەکان چ لەرووی نەزانی بێت و چ لەهەست نەکردن بە بەرپرسیاری بێت ئەبنە هۆکاری ئەو جۆرە رووداوانە.

لەبەرئەوەی لێپرسراوان لەخۆیان بەولاوە بیر لەهیچ کەسێك ناکەنەوە، لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، عەقڵ و ویژدان و هەموو هەستێکی مرۆڤایەتیان دۆڕاندووە، لەبەرئەوەی نەفرەتی ئیدارە گەیشتۆتە بەرزترین پلە، لەهیچ شتێك ئاگادارنین، گەر ئاگاداریش بن بواری بیرکردنەوەیان نییە، بۆیە دەبنە هۆی لەناوچوونی ژێر دەستە بێچارەکانیان، بەتایبەتی ئەو سەربازانەی لەپێناو ژیانی گشتیدا ژیانی خۆیان فیدا دەکەن، ئەبنە قوربانی ئەو کارە ئەندێشەدارانەی ئیدارەیەکی بێ سەروبەر.

بڕواناکەم هیچ موسڵمانێکی خاوەن عەقڵێکی ساغ و سەلیم و خاوەن ویژدان هەبێت پشتگیری فیرارکردنم و هاوارەکانم نەکات. کێ حەز بەهاوبەشی کردنی خۆش و ناخۆشی نیشتمان و میللەت و حکومەتەکەی ناکات کە هەموو تێیدا هاوبەشن.

کێ حەز دەکات لەئەفسەرە برادەرەکانی دووربکەوێتەوە کە لەبرا راستەقینەکانی خۆشەویسترو پیرۆزترن، ئۆبالی من و ئەوانەی وەکو من وان لەئەستۆی ئەو لێپرسراوە بێ ئاگایانەدا بێت کەبوونەتە هۆکاری هەموو رووداوێکی ناخۆش، هەر ئەوانن کە خەڵکی ناچاری هەڵهاتن ئەکەن.

نازانم ئیتر کێ شکات و داوای ماف لەکێ بکات.

ئیتر کاتی چاوەڕوانی بەسەر چووە.، لەمەودوا بەدوای خاوەندا مەگەڕێن خۆتان چارەسەری خۆتان بکەن. منیش بێدەسەلاتانە داوای سەرکەوتن لەیەزدان ئەکەم، لەمصر بۆ هەوڵەکانی تیماری بیروبۆچوونەکان، بۆ ئارامی ویژدان لەبلاوکراوەکانم هەوڵی دەرخستنی راستییەکان ئەدەم، سەرکەوتنیش لەخوداوەندەوەیە.

* * *

## لەرێگای ( جنوە )دا

بەئاوڕدانەوە لەو میللەتە ئاسۆ فراوانەی کە خاکەکەی بەخوێن و فرمێسکی هەتیو و بێ تاوانان ئاڵ کراوە، ئەو دەوروبەرەی کەتینوی دادپەروەری و ئاسوودەییە، کە ماڵئاواییم لەنیشتمانەکەم کرد، یەکەم هەنگاوم بۆ ئەو وولاتە بوو کە تاکو ماوەیەك لەمەوبەر لەژێر باڵی ئێمەدابوو ئێستاش وا بەزەبری چەکی سەربەخۆیی و سەربەستی لێمان جیابۆتەوەو لەسەر ئالآیەکی پتەوی دادپەروەری و سەربەستی دەوڵەتێکی دامەزراندووە. هەر لەیەکەم ساتی دامەزراندنییەوە دەستی کردووە بەهەنگاونان بەرەو پێشەوە ئەوەندە پێشمان کەوتووە ئێمەی لەدواوە جێ هێشتووە، ئەویش ئەو حکومەتی بولغارستانەیە کەوا بۆتە نموونەی عیبرەت و ئاسەوارەکانی بەرزێتی بۆ جێهێشتوون، ئەوەی من لەم حکومەتەم بینیوە هەموو باسەکانی لەرۆژنامەیەکی وا بچوکدا جێی نابێتەوە، بۆیە لەداهاتووشدا بەشەکانی دیکەی ئەم باسە بلاودەکەینەوە.

لەم ژمارەی رۆژنامەکەمان باس لەهەندێ دیاردە دەکەین کە بۆتە نیشانەی بەرزی هەستی مرۆڤایەتییان، تەنیا ئەو کارەی فەرمانبەری گوندێکی بچووك بەئەنجامی دەگەیەنێت، بۆ دروست بوونی بیرۆکەیەك بەسە، کە نەچوومە دیدەنی قائیمقامی (بورغاس) (خرستوف پروتوپوپوڤ) قائیمقام و جێگری قائیمقامی (یانبولی) کارەکانی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیدا زۆر گونجاوبوو، هەروەها مرۆڤێکی ماف و سیاسەت و نەزاکەت شوناس بوو، شمشێرەکەی لەتەنیشت خۆی و یاسای لەبەردەم خۆیدا دانابوو، ئامادەی پێشکەشکردنی هەموو جۆرە خزمەتێك بوو، ئەم جۆرە فەرمانبەرە حەمیەتمەندانە کە جیهانی مرۆڤایەتی پێی گەیاندوون، حکومەتی بولغاریاش کاریان پێبەڕێوە دەبات شایەنی هەموو جۆرە پیرۆزبایی و ستایشێکن حکومەتێکی خاوەنی ئەم جۆرە فەرمانبەرە لاوە بەبیروباوەڕو نیشتمان پەروەرانە بێت بەئاسانی پشتی لە ئەرز نادرێت هەموو راستی پەروەرێکی بینایی لەبارەی ئێستاو داهاتووی ئەو حکومەتە بیروبۆچوونێکی راست دەستەبەر ئەکات، بەڕاستی ئەوەی لەهەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی گوندێکدا بەدیم کرد نموونەیەکی بەرزی نیشتمان و میللەتپەروەری بوو.

هەموو فەرمانبەرێك بەیانیان لەکاتی دیاریکراودا بەبێ دواکەوتن دەچێتە سەر کارەکەی خۆی و بەدوای خاوەن بەرژەوەندییەکاندا دەگەڕێت، بۆ راپەڕاندنی داواکارییەکانی بەزووترین کات هەر جەندرمەیەکی بچووك کەتووشی دەبێت خوێندەوارەو لەئەوپەڕی رەوشت و خوو چاکیدایە، لەبواری کارەکەیدا سیاسییە، لەپێناو بەرزکردنەوەی ناوی حکومەتەکەیدا خۆی بەخت دەکات و دوا ناکەوێت، رۆژێکیان لەویستگەی (یانبولی) فریای سواربوونی شەمەندەفەر نەکەوتم و لەو چۆڵەوانییەی دووری شاردا مابوومەوە، تومەز جەندرمەیەکی بنکەکە هەستی بەحاڵم کردبوو زانیبووشی کەبیانیم هاتە لام و تاکوو نیوەشەو لەگەڵمدا مایەوەو زۆر یارمەتی دام، دووایی یەکێك لەفەرمانبەرانی بێتەلی ویستگەکەی شەمەندەفەر کە لاوێکی حەمیەتمەند بوو پێخەفەکەی خۆی دامێ، ئەوەشی نەك هەر بۆ ئەوەبوو بەئارامی تیایدا بخەوم بەڵکو نیشاندانی نموونەیەکی پیاوەتی بوو.

تاکو بەیانی بیرم لەو میللەتە دەکردەوە کە تاکو دوێنێ پێکەوە هاوحاڵ بووین ئەمڕۆکەش وانەی پیاوەتی و ئاگاییمان پێشکەش دەکەن، ئەو میللەتەی لەشەش سەدەی پێشوو لەژێر سایەی حکومەتێکی گەورەی رەگ داکوتاوی زۆرداردا بوو ئێستا وا لەچیمەنگای سەربەخۆیی و ئازادیدا هەناسە دەدا، بەئاوی عیرفان و حیکمەت ئاو ئەدرێن ئاخۆ دەبێ چ جۆرە نەشو نمایەك بکەن، هەر لەبیرکردنەوەکەمدا کاتێ بەراوردێکم لەنێوان حکومەتی شکۆداری رابردووی عوسمانی و بولغارستانی ئایندەدا کرد نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك و لەسەر سووڕمانێکی قووڵدا مامەوە.

* * *

وان پرس دکر کو گەر ببینن
دا بۆ خوە ب مەردی دەست هلینن
هەردوو د وی کار بوون کو ناگاه
دیتن کو ژ مەعضی قودرەتوڵلا
ئەو هەردوو پسەر وەکی دوو پەیکەر
تابەندا ب شکلێ شاهێ ئەختەر
یەك هەیئەت و شکل یەك لباسن
ئەمما دوی شەهری رەنگ نەناسن
سیرەت مەلەکن سوورەت پەرینە
نە بایعن ئەو نە مشتەرینە
ڤان هەردوو بران کو ئەو دوو ئەوباش
دیتن دل و جان وە دان ب شاباش
ئەو رەنگ گەریان جنوون و والە
ئیدی قە نەبون ژ عەقلێ ئاگەه
نە فەهم و غیرەد نەعەقل و نەهووش
گێر بوون ل سەر زمینێ مەدهووش
فیلجوملە ژ عەقل و جانێ تێر بوون
فیلحال ژ دوور ڤە هەردوو گێر بوون

وان هەردوو فریشتەیێ د کوببار
دیتن دوو مەلەك زیادە دلدار
دپارەنە لێکن ئافتابن
دلدارە نەلێ جگەر کەبابن
تەشبیهێ ب صەیدێ نیم بسمل
بێ شبهە گیهانە حالی مشکل
ناچار بەزینە سەر شکاران
فکرینە روخێ د وان نگاران
زانین کو نە صەیدێ سەرسەرینە
سەر خەیلێ سباهێ دلبەرینە
وەستان و نەزەر کرن ب دیقەت
وان هاتە ب قەلبێ رەحم و ریقەت
ئەلقصە ژ حوسنێ وان غەزالان
رەحمەت کەتە قەلبێ وان روواڵان
سڕا دلێ کر ب هەڤ تەعەلوق
نوورا روحی وان ب هەڤ تەعەشوق
مەکشووف تەریقێ ئاشنایی
رووحان قە نەکر ژ هەڤ جودایی

يەك رەنگى صەرف عالەمى غەيب
ظاهر دكر ئيتيحادێ لارەيب
حوببێ وەكرن ب هەڤ گريفتار
حوسنێ وە كرن ب هەڤ طەلەبكار
تەدگۆ كو چە قالب و چە مەقلوب
هەرچار چە طالّب و چە مەطلوب
بێ شبهە يەكن چە تەن چە ئەرواح
ئەو موتەحدن چە جان چە ئەشباح
حوببا دوو دلان وەكر عەداوەت
بەغضا د دلان وەكر حەلاوەت
نسبەت ب مە حادسن عەديمن
لێكن ژ حەقيقەتا قەديمن
لەورا كو جنوودێ جان موجەنەد
چێبوونە د علمێ حەق موخەلەد
هن موئتەليفن، هن موختەليف
هن موختەليف، هنەك موئاليف

وان موختەليفان پێكفە ئولفەت
ئاخر وەكرن، نەما چو كولفەت
يەعنى كو ئەوان كورێ دخونخوار
گاڤا وەها ديتن ئەو بريندار
ئەو هەردوو ب سەد دلان حەباندن
روونشتن و هەردوو وەرگەراندن
گاڤەك سەيرين ل بەژن و بالان
پيلەك حەيرين ل زولف و خالان
گۆتن: عەجەب ئەڤ كەچێ دكێنە؟
يان هەردوو مەلائێكێد خودێنە
ئەڤ ميوە لكى جهى گهانە
ئەڤ كل دچە گولشەنى نەمانە
سەر وێ دچە جووێبارەكبينە؟
تەيرێ دچە مێرغوزەريەكينە؟
ماوەردێ ژ هێسترێ د گولگوون
رێهتن ل روخێ د وان د پر خوون

---

مەطبەعا جەمعيەتا تفاق و قەنجيا موسلمانا طەبع بيە

---

# وێستگەی

ڕۆژنامەنووس

# ئەزموونی رۆژنامەگەرییم

## بەشی پێنجەم

فەرهاد عەونی

له سەرەتاداو لێرەدا بە داوای لێبوردنێکی زۆرەوە لە خوێنەرانی ئازیز دەربارەی پچڕانی بابەتی ئەزموونی رۆژنامەگەریم کە دوا ئەڵقەی **(بەشی چوارەم)**ی لە ژمارەی (٣)ی رۆژنامەنووس بڵاوکرایەوە کە دەبووا لە ژمارەکانی (٤) و (٥)یدا، ئەڵقەکانی دیکەی بە دوادابێت، بەڵام سەرقاڵیمان بەهۆی بە ئەندام بوونمان لە **(کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی)**و مانەوەمان چوار رۆژ لە هەفتەیەکدا لە بەغدا بووە مایەی دابڕانی ئەم ئەڵقەیە لە ژمارەکانی پێشوودا.

وەکو لە ئەڵقەی پێشووشدا باس کراوە، **(برایەتی)** چەندەها ژمارەی بە زیاتر لە (٨) لاپەڕە دەرچووە، بەڵام چونکە بە بەردەوامی بە (٨) لاپەڕە بووە ناکرێ بڵێین رۆژێ بووە بە (١٢) لاپەڕە ئەو رۆژانە بووە کە بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە، بۆیە ژمارەی برایەتی ٢٨٧٤ لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٩ بە سەرەتابوونی برایەتی بە (١٢)لاپەڕەیە لە مێژووی ئەم رۆژنامەیەدا کە ئەمەشیان وەرچەرخانێکی دیکە بوو لە مێژووی برایەتی کاتێ لە (٨) لاپەڕەوە بوو بە (١٢) لاپەڕە، بەڵام هێشتا دڵمان پێی دابین نەبوو، بەتایبەتیش کاتێ دوو مانگ و چەند رۆژێك پێشووتر سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان کرد بوو، لە یادی رۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر رژێمی شای گۆڕبەگۆڕدا **(شوباتی ١٩٩٩)**، لە ماوەی ئەم چەند رۆژەی کە لە تاران ماینەوە رۆژانە چەند رۆژنامەیەکی فارسیم دەکڕی کە بە لاپەڕەی زۆری جۆراوجۆر دەردەچوون، بیرم لەوە دەکردەوە کە رۆژانێك دابێت ئێمەش بتوانین لە کوردستان رۆژنامەکان بەم ئاقارەدا ببەین و دەرکیشم بەو راستییە دەکرد کە هۆکاری یەکەمی پێشکەوتنی رۆژنامە چ لە رووی بابەتی و چ لە رووی ژمارەی لاپەڕەکانی دەگەڕێتەوە تا چەند ئەو رۆژنامەیە بۆتە پێداویستی (حاجە)ی خەڵکی کە رۆژانە نەتوانن دەستبەرداری خوێندنەوەی ببن، چونکە ئەگەر رۆژنامەیەك نەتوانێ ببێتە زادی رۆژانەی خوێنەران هیچ هێز و ئامرازێك نییە بتوانێ ئەو رۆژنامەیە پێش بخات کە بەداخەوە تاکو ئەو ساتەش رۆژنامە لە کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە ئەمەشیان هۆکاری جۆراوجۆری خۆی هەیە لێرە جێگای مەبەست نییە.

سەرەڕای رۆژنامەی برایەتی کە بە (١٢)لاپەڕە دەردەچوو توانیمان بەهاوکاری برایانی رۆژنامەنووس و کارمەندانی دەزگای برایەتی و خەبات چەندین چاپکراوی دیکەی **(هەفتەنامە+گۆڤار+کتێبی چاپکراو)** چاپ و بڵاوبکەینەوە کە مەبەستیش لەو هەنگاوە بابەتییە دابەشکردنی بابەت بوو لەسەر بنەمای **(اختصاص)** وەك کۆکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و شیعر لە هەفتەنامەی (ئەدەب و هونەر) و بابەتی وەرزش لە هەفتەنامەی **(وەرزشی برایەتی)** و بابەتی سیاسی و فیکری درێژ بۆ **(گۆڤاری سەنتەری برایەتی)** کە لێرەدا لەسەر هەریەك لەو بڵاوکراوانەدا چەند دێڕێکیان لەسەر دەنووسین بەپێی مێژوو و رۆژی دەرچوونییان.

هەواڵنامەی کتێب

## ١- برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر:

(**برایەتی ئەدەب و هونەر**) سیمای رۆژنامەکانی دوای قۆناغی راپەڕین وەکو قۆناغەکانی دیکەی پێشووتر بە هەمان ئاقار لای دەکردەوە کە ئەویش بریتی بوو لە تێکەڵاوی بابەتەکانی (**سیاسی، ئەدەبی،مێژوویی**) وەرزش...هتدو بڵاوبوونەوەی لەیەك رۆژنامەدا کە تاڕادەیەك لەو قۆناغەدا ئەم جۆرە رۆژنامەیە پەسەند بوو، چونکە خوێنەران بە تێکڕایی و کەمی کادیری و رۆژنامەنووسی (**متخصص**) و پێویست نەبوونی (**عدم الحاجة**) رۆژنامەی تایبەت بەبابەتێك و پێنەگەیشتنی قۆناغی پێداویستی ئەم جۆرە میزاجە لە کاری رۆژنامەنووس سەرەڕای تێکەڵاوی کاری سیاسی و ئەدەبی بەهۆی بارودۆخی ئەو قۆناغە کە زۆربەی کادیرانی رۆژنامەنووس یان لە رێگای سیاسەتەوە یاخود لە رێگای ئەدەب و ئەدەب دۆستییەوە تێکەڵاوی کاری رۆژنامەنووسی دەبوون، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر ئەو قۆناغەدا و زۆر بوونی خوێنەران و جیاوازی هەست و حەز و پێگەیشتنی کادیری رۆژنامەنووس لە بواری جیاجیادا ئەو حاڵەتەی دروست کرد بیر لەو مەسەلەیە بکرێتەوەو هەر بوارە رۆژنامەیەك یاخود هەفتەنامەیەك یاخود بڵاوکراوەیەکی نیو مانگی بۆ برەخسێنێ و تێیدا ئارەزوومەندان و خوێنەران و نووسەرانی ئەم بوارە بە خۆیەوە بگرێت. بۆیە هەر لەم روانگەیەشەوە بوو چەند جارێك لەگەڵ رۆژنامەنووسان (**زاهیر رۆژبەیانی**) کە ئەو کاتە جێگری سەرنووسەر بوو و (**ئاسۆ کەریم**) کە سکرتێری نووسین بوو ئەم بابەتەم باس دەکرد، لە ئەنجامدا هەرسێکمان هاتینە سەر ئەم رایە کە هەفتەنامەیەك بەنێوی ئەدەب و هونەری برایەتی دەربکەین و لەسەر ئەوەش رێککەوتین کە رۆژنامەنووس (**زاهیر رۆژبەیانی**) سەرپەرشتی بکات، چونکە ئەو لە هەموومان زیاتر بەحوکمی ئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا وەکو ئەدیب و رەخنەگرێك (**ناقد**) دەستی پێکردووە کە لە راستیشدا لەو کارە سەرکەوتبوو بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە وەکو دەستەی نووسەران و بەشدار کاریان تێدا دەکرد، کە بریتی بوون لە رۆژنامەنووسان (**کەریم شارەزا، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ئەحمەد سەلام، جەلیل کاکەوەیس، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، تاریق کارێزی نەجات حەمید، ئازاد سوبحی**) لەسەرەتادا دوو هەفتە جارێك و ژمارەی یەکەمی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٦/١٠/٣١ دەرچوو و هۆڵێکی گەورەشی بۆ تەرخان کرا بە پێی ئیمکانیاتی هەژارانەی ئەو دەم، هەر بەناوی (**هۆڵی هەژاری موکریانی**) ناوی لێندرا، وەکو رێزلێنان و شانازی بەو کەڵە ئەدەیب و نووسەر و شاعیر و فەرهەنگ داڕێژە کە بەڕاستی شایانی ئەوەیە لە هەموو شارێکی کوردستان شوێن و هۆڵە ئەدەبیەکان بەناوی ئەو نووسەر و ئەدیبانەوەبێت کە هەموو ژیانیان لە پێناوی کورد و کوردستانەوە تەرخان کردبوو، بەڵام بەداخەوە وەکو ئەوەی زانیم پاش دەرچوونم، نەهۆڵە هەژارانەکەو نە ناوەکەش لەم دەزگایە نەما.

هاوکات لەگەڵ ئەو هۆڵەی بۆ کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران و کۆبوونەوە گشتییەکان تەرخان کرابوو بە نێوی (**هۆڵی میقداد بەدرخان**) ناوزەد کرابوو، تێدا سەرجەم کۆبوونەوەکانی دەستەی ئامادەکار و لیژنەی راوێژ و پاشانیش کە هەردووکی بوو بە دەستەی ئامادەکاری پرۆژەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە هەر لە خودی ئەم هۆڵەدا پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی تێدا ئامادەکراو پاشانیش کە یاسای سەندیکا لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەی **"کوردستان"** لە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٨/٤/٢٢ دەرچوو، دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا کە (٢٠) رۆژنامەنووس بوون، کۆبوونەوەکانیان تا بەستنی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکا لە ٢٩-١٩٩٨/١٢/٣١ لە هەولێر بەسترا، ئەم هۆڵە بارەگاو جێگای ئامادەکردنی پێداویستی کاری کۆنگرەکەبوون کە بە ئومێدی خودا (**دوا ئەڵقەی ئەم زنجیرە بۆ ئەم**

**مەبەســـتە یــــانی دامەزرانــــدنی ســــەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تەرخان دەکەم).**

بە دەرچوونی ئـەدەب و هونـەری برایـەتی تواندرا پێگەیـەك بـۆ شـاعیر و ئـەدیبان و هونەرمەنـدان بـە هەموو بوارەکانی ئـەم دوو لایەنـە (ئـەدەب و هونـەر) دروست بکـەین و دەرگایەکـەی والا بکرێـت بـۆ هـەموو ئـەو نووسـەرانەی کـە لـەو بـوارە دەیـان نووسـی بـە جیاوازی راوبۆچـوونی سیاسـی و ئـەدەبی کـە بـووە جێگای رەزامەندی زۆربەی ئەدیبان و نووسەرانی ئـەو بـوارە بۆیـە ئەگـەر بێتـو جـارێکی دیکـە چاومان بـە لاپـەڕەکانی ئـەم رۆژنامەیـە بخـشێنینەوە دەبیـنین بەدەیان شاعیر و ئەدیب و هونەرمەند و گەنج و پـیر و پیاو و ئافرەت بەجیاوازی بیروڕاوە تیایاندا نووسـیوە بـۆ نموونـە نـاوی هەنـدێکیان بـە بـیر خوێنـەران دەهێنمەوە لەگـەڵ داوای لێبـووردن لـەو نووسـەرانەی کە ناویان نەهاتووە، لەوانەی کـە ژمارەکانی برایـەتی ئـەدەب و هونــەر نوسـیویانە (د.فـەرهاد پیربـاڵ، عەبدولکەریم شێخانی، نەوزاد ئەحمەد، مەلا جـەمیل رۆژبەیانی، رەوشت رەشید، موسەدەق توفی پیربـاڵ مەحمود، نەجات حەمید ئەحمەد، سەباح رەنجدەر، حەمـە سـەعید حەسـەن، مـستەفا زەنگەنـە، حەمـە فەریق حەسەن، نەوزاد کەلهوڕ، ئازاد دلزار، نەبـەزی حەمـە بـچکۆل مـەولود بێخـاڵی، مومتـاز حەیـدەری، تاریق جامباز، جەلیل کاکەوەیس، نـەوزاد رەفعـەت، رۆستەم باجەلان، بۆتان جەلال، محەمەد خدر مەولود، کـەمال غـەمبار، جـەلال مەدحـەت خۆشـناو، لـەتیف هەڵمەت، هیمـداد حوسـێن، غـازی حەسـەن، سـەلاح سەیدۆك، غەریب پشدەری، کەمال سەعدی، نەریمان تالـیب مۆریاسـی، کاکـل حەسـەن ئاسـۆ، عەبـدوڵڵا سـەراج، عـەباس عەبـدوڵڵا یوسـف، کـەریم شـارەزا، سابیر رەشید، نەژاد عەزیز سورمێ، عەتا قەرەداخی، حەمە ئەحمەد جاف، ئەحمەد سەلام، زاهیر رۆژبەیانی "کە هەر ئـەویش سـەر وتارەکـانی ئـەدەب و هونـەری لەژێر ناوی –نۆرینگ–وە دەنووسـی" فوئـاد سـدیق، شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، خالید کۆچەر، چنوور نـامیق، سەعدوڵڵا ئاکرەیی، فوئاد حەمەدەمین سەراج،



برایەتی

BIRAYETİ

پاشکۆیەکی ئەدەبی و هونەرییە دووهەفتە جارێک دەردەچێت

پاشکۆی ئەدەب و هونەر

پێنج شەممە ٣١/١٠/١٩٩٦ ژمارە (١/ ٢٢٠٢)

نۆرینگ

داهێنان لە بواری کاری ئەدەبیدا وە ئەبێ ئەوەندە ئاسان بێ و هەر کەسێک ویستی خۆی لە خانەی ئەو ژمارانە دابنێ کە سبەینێ لە سایەی ئەو خولیاو وارشتنی بیرەوە ئەمر بێ. بەڵکو کاری داهێنان خۆی لەخۆیدا عیشقێکە بە پاڵ عیشقەکەشدا پراکتیک و مەشقێکی بێوچانی دەوێ، جا ئێمەش لەم نۆرینگەیەوە، دەمانەوێ ئەم پاشکۆ خنجیلە ئەدەبییەی برایەتی ببێتە ئەو مینبەرە ئازادەو ئەو سەکۆ سەربەستە کە هەموو نووسەرانی کوردستان و کوردستان بتوانن بەرهەمی خۆیان تێیدا بڵاو بکەنەوە. ئەوسا لە دوو سەرەوە تەوژمێکی ئەدەبیی هاوچەرخانە دەخولقێ. لەسەرێکەوە هێزی خەملیوی خاوەن ئەزموونەکان دەبێتە کانیاوێک و تینوێتی ئەوەی نوێ دەشکێنێ. لەسەرێکی دیشەوە ئەم سەکۆیە دەبێتە جێی سەربەیەکدا کردنی ئەو خاوەن قەڵەمە نوێیانەی کە هێشتا لەسەرەتای رێگەو ئەزموونی ئەدەبیدان.

جا لە نۆرینگەی ئەم پاشکۆ ئەدەبی و هونەرییەوە بانگی ئەدەبی بۆ هەموو هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستان هەڵدەدەین و دەڵێین:

هاوکاری ئێوە و دڵسۆزی و خۆشەویستی وشەی رەسەنی کوردی چاوپێکەوتنی داهێنەرانەی ئەدەبی و شیعری جوان و چیرۆکی مشوور خۆری شارستانیانە و ئەدەبی و بیری کوردانە و مرۆڤانە لەسەر لاپەڕەکانی (پاشکۆی ئەدەبی و هونەری، دەرسکێنێ و بەری دڵ و دیدەی کۆمەڵی کوردەواری روون دەکاتەوە، ئەنجامیش بەری رەنج و داهێنانە، داهێنانیش دنیایەکی بێ سنوورە.

پاشکۆی ئەدەبی و هونەریی برایەتی ئێستا حاڵی حازر مانگی دووجار دەردەچێ و هیوادارین ببێتە گۆڕەپانی ئەفراندن و داهێنان وتەکانێک بەو بارە رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەی ئێستامان بدا... دەست لەدەست و چاوەڕوانی دەست و قەڵەمی نووسەران و هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کوردین.

ژمارە (١)ی برایەتی ئەدەب و هونەر)، سەرەتا وەکو پاشکۆ لەگەڵ ژمارە (٢٢٠٢)ی برایەتی بڵاوکرایەوە.

هیمەت کاکەیی، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سالار عەبدولڕەحمان، سەلاح هروری، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، یوسف لەتیف، نەوزاد ئەحمەد، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، شێرزاد حەسەن، میقداد شاسواری، عەبدولخالق سەرسام، عوسمان شارباژێڕی، سیروان ناشاد. کامەران تاهیر، فەرەیدون سامان. د.جەمشید حەیدەری، نیازی حەمە عەزیز، تەحسین نافشگی، باکوری، ناڵە عەبدولڕەحمان، گرفتار کاکەیی، حەمەکەریم عارف، سەلام مەنمی، شەونم بەرزنجی، بەهزاد حەویزی، ڕەزا سەید گول بەرزنجی، محێدین قادر، مەجید ئاسنگەر، مەهدی خۆشناو، بێکەس حەمەد قادر، بەهرە موفتی، کاروان عەبدوڵڵا، لەگەڵ سەدان ناوی بەڕێزی دیکەی نووسەران و ئەدیبان **(لەگەڵ داوای لێبوردن کە لێرەدا ناویان نەهاتووە لەبەر زۆری ناوەکان)** دیسان لەگەڵ سەدان ڕیپۆرتاژ و دیمانەو چاوپێکەوتن.

برایەتی ئەدەب و هونەر لە ژمارە (١٨)وە کە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/٢٧ بوو بە هەفتەنامەیەکی ڕێکوپێك کە هەموو ڕۆژی پێنج شەمموان دەردەچوو، دوو ژمارەی تایبەتیش لەم ساڵەدا دەرچوو، یەکەمیان ژمارە ١٤ی ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٠ کە ژمارەی تایبەت بە **(هەژاری موکریانی)** بوو، دووەمیان تایبەت بە نەورۆز کە بە ١٢ لاپەڕە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٢٠دەرچووە.

برایەتی ئەدەب و هونەر توانی لەماوەی دەرچوونی، کە ژمارەی یەکەمی لە ١٩٩٦/١٠/٣١ دەرچوو تاکو دوایین ژمارەی (٢٤٧) لە ٢٠٠١/١٠/٥ بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە، ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ئەدیبانی لاو و بە تەمەنی عاشقی وشەو بابەتە ئەدەبیەکانی زمانی کوردی لە خۆی کۆبکاتەوە تاڕادەیەکی گەورەش توانی زۆربەی ئەو قەڵەمانە لە ئامێز بگرێ کە خولیای زمان و وشەی کوردی بوون، تێدا بەندە تاکو ژمارە (١٦٧) لە ٢٠٠٠/٣/٣دا سەرنووسەری بووم، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ژمارەیەی دوایی من ئاگاداری نەبووم، چونکە من لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ دەزگام بەجێهێشت، بەڵام وەکو لە پێشەوە باسم کردووە، ستافی هەفتەنامەکە تاکوو دوایی بریتی بوو لە:

**سەرپەرشتیار: زاهیر ڕۆژبەیانی**

**دەستەی نووسەران: ١-ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ٢-جەلیل کاکەوەیس، ٣-کەریم شارەزا، ٤-عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ٥-تاریق کارێزی، ٦-ئازاد سوبحی.**

برایەتی ئەدەب و هونەر دیسان وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکردووە توانی لەنێوانی ژمارە (١)ی تاکو دوایین ژمارە (٢٤٧) بەسەدان نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیر و پەخشان نووس و چیرۆك نووس لەخۆی کۆبکاتەوە، چەندین ژمارەی تایبەت دەربکات و دەیان و سەدان ڕیپۆرتاژ و دەیان دیمانەی جۆراوجۆر و ڕووداوی ئەدەبی لە ئامێز بگرێ کە بەداخستنی توێژێکی زۆری ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری لەو **(مەرکەزە)** یاخود لەم شوێنە دوورخستەوە کە بە زیانێکی بەرچاو کۆتایی هات کە نەدەبا ئەم توێژە **(دەرکەنار)** بکرێن، بەڵکو دەبوایە **(یانەو سەنتەری ڕۆشنبیری و ئەدەبیان)**یان بۆ بکرێتەوە، بەڵام داخی گرانم **(لاتجري الرياح بما تشتهي السفن)** لە کاتێکدا تواناو ئیمکانیاتێکی زۆر هەبوو کە ئەو خەونە **(زیندە)** بەچاڵ نەکرێت!

## ٢- لاپەڕەی وەرزش هەفتەنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزش:

لە سەرەتای دەست بەکاربوونم لە برایەتی (١٩٩٣/١٠/٢٦) بابەتی وەرزشی لاپەڕە (٧)ی بۆ تەرخان کرابوو کە زۆربەی جاران ڕێکلام ڕێگای لە بەشێکی لاپەڕە دەگرت، چونکە چار نەبوو دەبوایە ئیعلانات بەهۆی دەسکەوتی پارە شوێنێکی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام چونکە بابەتی وەرزشیش لایەنێکی گەورەو خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، دەبوایە ئەویش بایەخی پێ بدرێت بۆیە هەمیشە ئەم دوو بابەتە لەلاپەڕە (٧) جێگای مشتوومڕی بەندەو ڕۆژنامەنووس **(یاوەر نامق سالم)** بوو کە سەرپەرشتی لاپەڕەکەی دەکرد بەهاوکاری ڕۆژنامەنووسی وەرزشوان **سدیقی گچکە** کە لە ڕاستیدا هەردووکیان

هەر یەکە بەقەدەر تواناو خۆشەویستیان توانیان ئەم لاپەڕەیە یاخود ئەم نیوە لاپەڕەیە ڕۆژانە بەرەو ئاستێکی زۆر گەورە ببەن. دەتوانم بڵێم لەنێوان هەموو ڕۆژنامەکانی کوردستانی بواری ڕۆژنامەی وەرزشی ڕۆڵی پێشەنگیان دەگێڕا.

لاپەڕەی وەرزشی برایەتی بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاکو پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر لە (٣١)ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، بەڵام چونکە ململانێی سیاسی لەوکاتەدا لەوپەڕی گەرمیدابوو بۆمان نەدەلوا بپەرژێینە سەر گرنگیدان بە لاپەڕەی وەرزش تاکو پایزی ساڵی دواتر ئەویش لە ئاکامی فشاری ستاف سەرەکی لاپەڕەی وەرزش **(یاوەر نامیق-سدیقی گچکە، خالد محەمەد، زیاد هورمزیار، ئیبراهیم عەلی موراد)** سەرەڕای حەز و ئارەزووی خۆم لە وەرزش بە حوکمی ئەوەی هەر لە پۆلی پێنجی سەرەتاییم لە قوتابخانە تاکو دەرچوونم لە پۆلی سێیەمی دواناوەندی لە کۆیە خولیای تەواویی وەرزش بووم بەتایبەتی **(تۆپی پێ)**، کە لەساڵانی ٩٦٠-٩٦٣ هەڵبژاردەی تیمی تۆپی پێ قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە و پاشانیش ئەندامی تیمی تۆپی پێی کۆیە بووم و چەندین جار یاریمان لەگەڵ تیمەکانی سلێمانی و بروسکی هەولێر و هەڵبژاردەی ڕانیە کردووە پاشانیش ساڵی ١٩٧٤ کاتی بەعسی فاشی شەڕی شۆڤینستانەی بەسەر گەل و خاکی کوردستان دووبارەکردەوەو لە ئاکامی ڕێکخستنی ئیدارەی شۆڕش لەنێوان (١٩٧٤/٣/١١-١٩٧٥/٣/٦) کە تێدا چەندین (ئەمانەتی گشتی یانی وەزارەت) لەناوچەی ئازادکراوی شۆڕش کە ئەوکاتە سەرکردایەتی **(بارەگای ئەمانەتەکان)** لە ناوچەی گەڵاڵەو ناوپردان و چۆمان و دەربەندی ڕایات و بابە کراوە و ئازادی) دابوو کە تێدا منیش بە حوکمی ئەوەی پێشتر لە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو **(بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی التآخي وبرایەتی بووم لە بەغدا)** یەکسەر هەر لەساتی یەکەمی پەیوەندی کردم بە شۆڕش بەڕێنمای شەهید دارا تۆفیق کەوتمە بەڕێوەبردن ڕێکخستنی و دامەزراندنی ئەو کارمەند و ڕۆژنامەنووسانەی کە پەیتا پەیتا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد.

لەگەڵ برایان لە سەرەتادا **(ئەنوەر عەبدوڵڵا و قادر حەمە ئەمین)** پاشانیش لەگەڵ برای بەڕێزم جەلالی عومەری سام ئاغا، پاش ڕاگەیاندنی پێکهێنانی (ئەمانەتەکان) کە یەکێك لەوانە **(ئەمانەتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان)** بوو سێ بەڕێوەبەری گشتی بۆدانرا کە بریتی بوون لە ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و کاك **(تەلعەت نادر)** بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و **(بەندە)**ش بۆ بەڕێوەبەری گشتی لاوان کە لە ماوەیەکی کورتدا بەهاوکاری برایان **(جەمیل مەحمود بەگ و یوسف مەولود قەساب و جەمال مستەفا)** لە بواری وەرزش و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ برایانم خوالێخۆشبوو ئەنوەر توفی و عەلی جۆلاو نوری هونەر و نوری ئیسماعیل لە بواری هونەر بەتایبەتی هونەری شێوەکاری توانیمان لەماوەیەکی کورتدا پێشانگایەکی هونەری کە بریتی بوو لە ٢٤ تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ لە هۆڵی ئوتێلەکەی دەربەندرایات سازبکەین، خوالێخۆشبوو **"شەهید سامی عەبدولڕەحمان وەك سەرۆکی (ئەمانەتەکان) لەگەڵ شەهید دارا تۆفیقی ئەمینی گشتی ڕاگەیاندن بوو و د.کەمال خەیات و د.دارا ڕەشید جەودەت و عەقیدی خانەنشین عەلی شەریف لێپرسراوی دەزگای تۆپخانەی شۆڕش و جەلالی عومەری سام ئاغا بەڕێوەبەری ئیداری و دارایی ئەمانەی گشتی ڕاگەیاندن و فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن"** و چەندین کەسایەتی دیکەی شۆڕش و زۆربەی زۆری کارمەندانی ئەمانەتی ڕاگەیاندن و چەندین ڕۆژنامەی بیانی لەم کاتەدا کە لە کوردستان بوون شەهید سامی عەبدولڕەحمان پێشانگایەکەی کردەوە کە لە پێشەوەی هۆڵەکەدا ئەم دوو بەیتەی شیعرە بەناوبانگەکەی **(هێمن موکریانی)** کە لەسەر گڵکۆی حاجی قادری کۆیی لە شاری کۆیەی خوێندبووەوە بە خەتێکی سووری گەورە هەڵواسرابوو کە دەڵێ:

**ئیتر سەنگەر بەتاڵ کردن مەحاڵە**
**ئیتر کوردو بەزین خەون و خەیاڵە**

لێرەدا بە پێویستی دەزانم قسەی یەکی لە رۆژنامەنووسانی بیانی کە لە کاتی کردنەوەی پێشانگایەکە ئامادەبوون پاش دیتنی تابلۆ رەنگاورەنگەکان تۆمار دەکەم، گوتی: (**حەیفە میللەتێك خاوەنی ئەو بەهرە گەورەیەبێت بۆی نەگونجێ لە ئۆتۆنۆمی زیاتر داوا بکات**). هەروەها دیسان بەهاوکاری برایان یوسف مەولود قەساب و دلێر ئیبراهیم و کاکە یاسین و نەژادی برام توانیمان یانەیەکی (**شەترەنج و پینگ پۆنگ**) ئامادە بکەین، رۆژانە چەندین کەس یاری تێدا بکەن.

وەکو لە پێشەوە باسم کرد وەکو گەڕانەوەیەك بۆ دواوە دەربارەی هۆکاری بایەخدانم بە وەرزش چ لەو کاتەی کە قوتابی بووم لە قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی پاشانیش لەکاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ کە لەسەرەتادا لەو بەرپرسیاریەتییە پێم راسپاردرابوو توانیمان بەهاوکاری برایان: جەمیل مەحمود بەگ کە خۆی دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی بەغداو مامۆستای وەرزش بوو لە زانکۆی سلێمانی و یوسف مەولود قەسابی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و وەرزش دۆست بوو، لەگەڵ جەمال مستەفا کە ئەویش وەرزشوانێکی کارامەو لێهاتوو بوو، سەرەڕای مامۆستایەتی لە بواری وەرزش لە بەغدا توانیمان تیمی تۆپی پێ لەسەرەتا دروست بکەین کە بارەگاکەی لە شاری (**شنۆ**)ی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، چونکە لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش شوێنی وەرزش و یاریگای لێ نەبوو، سەرەڕای باری ئاسایشی ناوچەکە هەر لە (**زێوێوە تاکو حاجی ئۆمەران**)، بۆیە بەناچاری پاش رەزامەندی ئێرانییەکان توانیمان لە شنۆ شوێنێکی لەباریان بۆ ئامادە بکەین.

لەسەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٧٤ توانیمان بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشی کوردا ئەم تیمە بەیارمەتی و هاوکاری کاکە دارا تۆفیق بکەین بە تیمی هەڵبژاردەی کوردستان (**منتخب کوردستان**) پاش ئەوەی یاریزانە دیارەکانی هەولێر هاتنە ناو شۆڕش، کە بە درێژی باس و ناوەکانیان لەگەڵ وێنەیەك لە یەکێ لە ژمارەکانی وەرزشی برایەتی باسم کردووە و لەنێوان هاوین و سەرەتای زستان توانیمان چەند یارییەك لەگەڵ تیپەکانی (**مەهاباد، شنۆ و تەورێز و هەڵبژاردەی ئازەربیاجانی رۆژئاوا**) ئەنجام بدەین. لەسەرجەم یارییەکان تیمی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان سەرکەوتوو دەبوو، کاتێکیش کە دنیا خەریك بوو سارد بکات، بڕیارماندا پاش رەزامەندی ئێرانییەکان تیمەکە بگوێزێتەوە بۆ ناوچەیەکی گەرمیانی وڵاتی ئێران نزیك بە شاری (دیزفول) لەسەر رێگای گشتی (**ئەهوان**) کە تادوا رۆژەکانی نسکۆی شۆڕش لەوێ مانەوە، جارێکیشیان لەگەڵ کاك جەمیل سەرمان لێدان و مووچەو یارمەتییەکانمان بۆ بردن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەقی ئەو دیمانەیەی کاکە ئەسعەد عەلی "یاریزانی قاچ رەنگینی هەولێر" کە باس لە تیپی هەڵبژاردەی کوردستان دەکا" کە لە ژمارەی (٢١) رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/٦/١٦ بڵاوکراوەتەوەو جێی ئاماژە پێ کردنە کاکە ئەسعەد لەنێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٩) یاریزانێکی سەرەکی تیمەکانی هەولێر بووەو لە بارەی تیپی هەڵبژاردەی کوردستانەوە دەڵێ: (کاتێ کە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ هەڵگیرسایەوەو پەیوەندیمان بە شۆڕشی ئەیلوول کرد، ئێمەی وەرزشوانان بە ئومێدی ئەوەبووین تیپێکمان هەبێت نوێنەری کوردستان بکات لە دیدارە وەرزشییەکاندا و لە رێگەی هەڵبژاردنەوە کاك (**فەرهاد عەونی**)بووە لێپرسراومان و لە نزیکەوە هانی دەداین و سەرپەرشتی دەکردین، بەڵام نابێ رۆڵی خوالێخۆشبوو (**دارا تۆفیق**) کە ئەوساکە ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان بوو لەبیر بکەین... دوای مەشق و خۆ ئامادەکردن کە بەڕێز مامۆستا جەمال راهێنەری تیپ بوو چەند یارییەکی دۆستانەمان سازکرد و بە ئەنجامی باش دەرچووین وەك یاری یەکەممان کە بەڕێزان (دارا تۆفیق و فەرهاد عەونی ئامادەبوون و تیایدا تیپی هەڵبژاردەی کوردستان بە (٣-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی مەهابادی بردەوە، خەڵکی ئەو شارەش یەك هەفتە لە پێشوازی و

میواندارییمانـــدابوون و دواجـــاریش ئێرانییـــەکان قەدەغـــەیان، کـرد هـــەروەها دوو یاریمـــان لەگـــەڵ هەڵبـــژاردەی ئازەربێجـــانی رۆژ ئـــاوا کـــرد و لـــە هـــەردووکیان بـــە ئـــەنجامی (٥-١) و (٣-١)گـــۆڵ سەرکەوتین...

هـەروەها تیپەکـە کـە زیـاتر ئاسـتی بـەرزبووە



هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان- ١٩٧٤

کـارگێری دیکـەی بۆ تـەرخانکراوە وەك بـەڕێز سـەید موحسین، بەنیازی ئەوە بووین سەردانی وڵاتانی سوید و ئینگلتـــەرا و نەمـــسا بکـــەین و دەنگـــی کـــورد و بۆردومانەکەی قەڵادزێ بگەیەنینە ئـەو وڵاتانـە، بـەڵام داخەکەم رێکەوتننامەی جـەزائیر نـسکۆی بـە شـۆڕش هێنا. (**تیپی هەڵبژاردەی کوردستان**)یش بریتی بـوون لەم وەرزشوانانە: نەجاح دەروێش، مەجید میرخـان، ساڵح عەبدوڵڵا، سـەباح شـێخ جـەلال، هـەڵێن فـەتاح، مامەند رەمەزان عـادل شـاکر، کانـەبی گـچکە، کـاپتن ئەسعەد عەلی، عەلی حەسەن، دارا جەمیل، عەبدوڵڵا، ئـەبو زەیـد، جـەلال. هـەر دەربـارەی ئـەم بابەتـە لـە ژمارەی (٤٣)ی رۆژی ١٩٩٨/٧/١٣ نووسـینێکم لـەژێر ناوی (**لە تیپی کوردستانەوە... بۆ وەرزشی برایەتی**) بڵاوکردۆتەوە.

جا لێرەدا باسکردنی ئەم چەند دێڕە بە مەبەسـتی ئاگادار بـوونی خوێنـەری بـەڕێزە لـە هۆکـاری گرنگـی دانمان بە وەرزش، سەرەڕای ئـەو گیانـە وەرزشـییەی کـە رۆژنامـەنووس یـاوەر نـامیق سـالمی دەجوڵانـد و هەمیشە بەوپەڕی گیانی وەرزشییەوە رۆژانە بۆ چـەند دەقیقەیەك مشتومڕی لە نێوانماندا رووی دەدا کە تێدا ئـــەو داوای زیـــاتری رووپەڕی کە تێدا ئـەو داوای زیـــــــاتری رووپـــەڕی لاپـــەڕەی وەرزشـی دەکـرد کـە هەمیـشە ریکـلام لـە پێـــشبڕکێدابوو زۆر جـــــــاریش رۆژنامەنووســـی بـــە توانا سدیق گچکە نـاو بـــژیوانی دەکـــردین لەســـەرەخۆ پـــاش رۆیـــــــشتنی رۆژنامـەنووس یـاوەر لـــــــە ژووری نووسینگەکەم لەسەر خۆ پێی دەگوتم (**نیگەران مەبـە پێکی دەهێنم**) کە لە راستیدا سدیق گچکە یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی بواری وەرزش کە بە جووتە لەگـەڵ رۆژنامەنووس یاوەر و رۆژنامەنووس خالد محەمەد بـە هاوکاری ئەو ستافەی کـە کاریـان لـەو بـوارە دەکرد توانیـان داسـتانێك لـە بـواری کـاری رۆژنامەنووسـی وەرزش تۆمـار بکـەن و دەتـوانم بڵـێم کەسـێك نـەبوو تـەجاوزیان بکـات سـەرەڕای لاپـەڕەی وەرزش لـە رۆژنامەی برایەتی رۆژانە کـە (**داسـتانەکەش**) ناهـەقم نییە ناوی لێ بنێم (**داستان**) کە بریتی بوو:

**یەکەم:**

لە رۆژنامەیەکی وەرزش کە هەردوو هەفتـە جارێك دەردەچـوو بـە نەخـشەسازییەکی رەنگـاورەنگ و ژمـارەی (سـفر) لـە رۆژی یـەك شـەممە رێکـەوتی ١٩٩٧/١٠/١٣ دەرچـوو بـە (٨) لاپـەڕەو نرخەکەشـی

(٣)دینـاری ئەوکاتـە بـوو لەسـەر داوای رۆژنامـەنووس یـاوەر نـامیق (یەکـەم پـەیامی ژمـارە **(سـفر)** لـەژێر ناوونیـشانی **(بـەرەو ئاسـۆیەکی وەرزشـیی پـیرۆز)** بنووسم و پاشانیش ئەرکەکەم بـەوان سپارد و ژمـارە (١)یـــش لـــە رۆژی یـــەك شـــەممە ریکـــەوتی ١٩٩٧/١٠/٢٦دەرچـوو کـە تێـدا بـەردەوامی تـاکو دوا ژمارەی (٢٠٥) لە ٢٠٠١/١٠/٦ دەرچوو، بەڵام من تاکو ژمـــارە (١٢٥) کـــە لـــە ٢٠٠٠/٢/١٩ دەرچـــووە سەرنووسـەری بـووم چـونکە (بەنـدە) لـە ٢٠٠٠/٢/٢٠ بەبێ ئارەزووی خۆم لەو دەزگایە **(دەرچـواندرام)** کـە لــە ئەلقــەی داهــاتوودا باســی بــارودۆخ و هۆکــاری **(دەرچواندنەکەمی)** تێدا باس دەکەم.

جێـی وەبیرهێنانەوەیـە یارمـەتی و پێخۆشـحاڵی برای دێرینم شەهید **(فرەنسۆ هەریری)** لەم بارەیـەوە کە پێویستە باسی بکەم کە تێدا بەوپـەڕی توانایـەوە پشتگیری لەو پرۆژە وەرزشیانە دەکرد کە ئێمـە نـاوە نـــاوە بۆمـــان بـــاس دەکـــرد ســـەرەڕای رێنماییـــە وەرزشـییەکانی کـە رۆژانـە بـە چـاوێکی دڵـسۆزانەو رەخنەگرانــەوە تەماشــای بڵاوکراوەکــانی برایــەتی دەکـرد، بەتایبـەتی سیاسـی و وەرزشـییەکان زۆر جـاریش هەڵـەی بـۆ راسـت دەکردینـەوە **(کـە دیـسان رۆڵی ئەم جوامێرە)** لە ئەڵقەی داهاتوودا باسی دەکەم بەڵام دیسان ئەوە وەبیر خۆێنەری بـەڕێز دەهێنمـەوە کـە لـە ژمـارەی **(سـفر)**ی وەرزشـی برایـەتی و لـە ناوەڕاستی لاپـەڕەی **(یەکەمدا)** و لـەژێر ناوونیـشانی **(خەمخۆری وەرزش و وەرزشوانان)** ئەم بابە خوارەوە بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ وێنەیەکی رەنگاورەنگی **(شەهید فرەنسۆ)** کە تێدا دەقەکەی ئەمەیـە (رێـزدار فرەنـسۆ هــەریری یەکێکــە لــە کەســایەتییە ناودارەکــانی کوردســـتان بـــە پاڵپـــشت و خـــەمخۆری هەمیـــشەیی وەرزش ناسـراوەو بـەم هەڵوێـستە دیـار و پیرۆزانـەی جێگەی خۆی لە دڵ و دەروونـی وەرزشـوانانی شـاری هـەولێردا کردۆتـەوەو هەمیـشە لـە ریـزی پێـشەوەی جـەماوەر دەبینرێـت لـە گـشت یارییـەکانی یانـەی وەرزشی هەولێر کە لە یاریگای یانەی هـەولێر ئـەنجام دەدرێـت، هـەر بـە هـەوڵو کۆشـشی بەڕێزیـشیان بـوو کابینـەی سـێیەم پـرۆژەی چـاککردنەوەی یاریگـای جێبەجێ کرد، بەهیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ رێزدار هەریری.

## "وەرزشی برایەتی "

لایـەنێکی گرنگـی بـواری وەرزش کـە پێویـستە بەوپــەڕی ئاقڵانــە و لێهاتوویــەوە مامەڵــەی لەگــەڵ بکرێت بریتییە لـەو **(هەواداریـەتی)** ئـەم یانـەو یـاخود ئەو یانەیە بەتایبەتیش لە تۆپی پێ کـە خەریکـە ئـەو نەخۆشییەی ئەوروپاش بگاتە ئێمـە، تێدا لایـەنگرانی یانەیەك لەکاتی ئەنجامدانی یارییەکی تۆپی پێ لەگەڵ لایەنێکی بەرانبەردا هەتا ئەگەر دوو یانەکە یاخود دوو تیپەکـەش تیپـی یـەك وڵات بـن. ئێمـە لـەکاری رۆژنامەنووسـی وەرزشـیدا زۆر بـەوردی و بەوپـەڕی (حیاد)ییەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئـەو دیاردەیـە دەکـرد یـانی بەیـەك چـاو و بەیـەك بۆچـوون و بەیـەك خۆشەویستی و بەیەك نەفەس هانی هـەموو پێشبڕکێ و جوڵانەوە وەرزشییانەکانمان دەدا، هەربۆیـەش بـوو لاپەڕەی وەرزش لە رۆژنامەی **(برایـەتی)** و رۆژنامـەی **(برایــەتی وەرزش)** و گۆڤــاری **(وەرزشــی برایــەتی)** گەورەترین جـەماوەری هـەبوو، دەشـتوانم بڵـێم رۆڵـی




ژمارە (٠)ی رۆژنامەی (وەرزشی برایەتی)



پێشەنگی و پێشڕەوی دەبینی بۆ راست و دروستی ئەم رایەمان ئەگەر هاتوو رۆژێك لە رۆژان **(لێکۆڵەرەوەیەك یاخود توێژینەوەیەك)** لەسەر ئەم بڵاوکراوانەی برایەتی بکرێت دەبینین چۆن **هەڵدەسەنگێندرێ**، نووسەرەکانی **(برایەتی وەرزش)** **هەمەجۆر** بوون لەوانە **(وەرزش دۆستان، خودی رۆژنامەنووسان)** مامۆستایان، قوتابییان، ئەندامانی پەرلەمان، کارمەندانی حکومەت کە ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەمەجۆری هەواداران و خۆشەویستانی وەرزش، نووسینگەکانی خودی رۆژنامەی **(برایەتی)** رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی **(وەرزشی برایەتی)** بەتایبەتیش رۆژنامەنووس **(ئازاد گولی)** بەڕێوەبەری نووسینگەی دهۆك و رۆژنامەنووس **(لێزان)** پەیامنێری برایەتی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رۆژنامەنووس و پەیامنێری لوبنان و رۆژنامەنووس سۆران لە نووسینگەی هۆڵەندا و رۆژنامەنووس یونس حەمەد لە نەرویج، رەشید عەبدولعەزیز لێپرسراوی نووسینگەی دهۆك و رۆژنامەنووس محەمەد لە نووسینگەی سۆران و ئەحمەد نیهیلی لە نووسینگەی ئامێدی و رۆژنامەنووسان **(ئیبراهیم عەلی موراد)** لە ستافی سەرەکی **(وەرزشی برایەتی)**، ئەحمەد سەلام، ئەحمەد حەیران و د.فەیسەڵ عارەب بلّباس و سەباح قەرەچوغی، بەهادین جەلال، رۆستەم باجەلان و دیار بیارەیی، حسێن سابیر، سابیر ئەحمەد و سامان عەبدوڵلا و هاوار مورتکەیی و گۆران تۆفیق و مەسعود پەرێشان و سەردار میران، هۆشیار نوری لەك، عەدنان ئیسماعیل کەلوری، هیوا کەریم، بەرهەم عەلی، مەریوان جەباری، تاهیر عوسمان، عەبدوڵلا بۆتانی، تەحسین شێروانی، یەحیا فائق جاف، سالم نوری ئەحمەد و موسڵیح لە نووسینگەی دهۆك و تەحسین شێروانی، ئیحسان تاهیر محەمەد، محەمەد کوردە، کاوە خەسرەو کاوانی، عوسمان ریشە، موحسین مزویری، د.عومەر یاسین جەباری، ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی، رەشاد قادر ئۆمەر، فەرهاد قادر و دەیان ناوی بەڕێزی دیکە کە لێرەدا جێگەی نابێتەوە لەگەڵ داوای لێبوردن لەو نووسەرە بەڕێزانەی کە لێرەدا ناویان نەهاتووە.

دیسان لە روانگەی گرنگی وەرزش لە ژیانی خەڵکێکی زۆری کوردستان وەکو هەر گەلێکی دیکەی ئەم سەرزەمینە کە تێدا وەرزش رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە ژیانی خەڵکدا، تەنانەت یارییەکانی تۆپی پێی جامی جیهانی و یاری و پێشبڕکێکانی ئۆلۆمپیاد و جامی ئەورووپی و تاکو دەگاتە یاری و پێشبڕکێکانی شارۆچکەیەکی بچووکی ئەم دنیایە دەبێتە جێگای سەرنج راکێشانی خەڵکێکی زۆر بۆیە لە هەمان روانگەی گرنگی پەیوەندی وەرزش بە ئارەزوو و خۆشەویستی خەڵکێکی یەك جار زۆر، بیر لەوە کرایەوە کە **(وەرزشی برایەتی)** لە رۆژانی **(مۆندیالی فەرەنسا)**ی ساڵی ١٩٩٨ بەم بۆنە وەرزشییەوە کە یەکجار گرنگ بوو، لە رۆژانی یەکەمی ئەم رووداوە بکرێتە رۆژنامەیەکی رۆژانە کە شایانی ئارەزووی وەرزش و وەرزشوانان و وەرزشدۆستان و جەماوەری خۆشەویستی کوردستان بێت. لە سەرەتاداو لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٨ هەرسێ رۆژنامەنووس **(یاوەر نامیق سالم و سدیق گچکە و خالد محەمەد ئەمین)** هاتنە ژوورەکەی من کە لەو کاتەدا برای خۆشەویست شەهید فرەنسۆ هەریری وەکو عادەتی رۆژانەی کە لەسەر ئەو قەنەفە دانیشتبوو کە بەرانبەر پەنجەرە سەرەکییەکەی لای شەقامی سەرەکی ژوورەکەدابوو هاتنە ژوورەو سڵاویان کرد و دانیشتن و یەکسەر شەهید **(فرەنسۆ)** رووی تێکردن و پێی گوتن **(یا الله فەرموو بێژن داواکاریتان چییە؟)** رۆژنامەنووس یاوەریش پاش ئەوەی تەماشای رۆژنامەنووسان سدیق گچکەو خالید حەمەد ئەمین کرد، گوتی (والله کاك فرەنسۆ لە حەقیقەتدا چەند رۆژێکە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە بە بۆنەی **(مۆندیالی سەدە کە لە فەرەنسا ساز و ئەنجام دەدرێت)** وەرزشی برایەتی بکەیتە رۆژانە، چونکە بەراستی **(طەفرەیە)**یانی بازدان و هەنگاوێکی گەورەیە، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە ستافی وەرزشی برایەتی کۆبوونەوەمان لەسەر کردووەو کاك

(شکار)یش لێپرسراوی بەشی هونەری و کۆمپیوتەر و یەحیا جاف یاریدەدەری پێخۆشحاڵی خۆیان نیشانداوە کەوا هەموو هەوڵ و کۆششی خۆیان و کارمەندانی بەشەکەیان شەوانە درەنگ بۆ ئەم ئەرکە بایەخدارە تەرخان بکەن)، لێرەدا شەهید (فرەنسۆ قسەی بە یاوەر بڕی و گوتی **(تەواو ئەوا من لە جیاتی فەرهادیش موافقم و ناوی خوای لێبێنن)** رۆژی سێشەمە رێککەوتی (٩)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ ئاهەنگی کردنەوەی (مۆندیالی سەدە) لە شاری هەرە جوان و قەشەنگی ئەم دنیایە (پاریس) کرایەوە کە هەر چوار ساڵێك لە وڵاتێك بەڕێوەدەچێ و بۆ رۆژی دوایی چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/٦/١٠ ژمارەی بە زنجیرە (١٧) کە یەکەم ژمارەی رۆژانەی وەرزشی برایەتی بوو بەکاغەزی (ئارت) و کراسێکی رەنگاورەنگ و بە چوار لاپەڕە بەتیراژی (٥٠٠٠)دانە کەوتە دەست خوێنەرانەوە تاکە یەك دانەش لە بازاڕ نەماوەو تێدا هەر(٢٧) ژمارەی بە هەمانتیراژ و بە رەنگاو رەنگێکی زۆر نایاب بە (٤)لاپەڕە و بە نرخی (٣) دینار دەرچوو.

ئەم داهێنانەی لە مێژووی وەرزش لە کوردستان تۆمارکرد کە هیچ لایەنێکی ئەم مۆندیالە نەما چ بە وێنەو چ بە هەواڵ و بابەتی رۆژنامەنووسی بڵاوی نەکاتەوە. دوا ژمارەی ئەم بۆنەیەش (٤٣) کە لە رۆژی دوو شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/٧/١٣ بە (٨) لاپەڕە دەرچووە تێدا بە مانشێتێکی گەورە نووسراوە **(زێدان جامی جیهان لە بەرازیلییەکان وەردەگرێتەوە)** لەگەڵ وێنەیەکی نیو لاپەڕەی تیپی فەرەنسای براوەی رەنگاورەنگ کە بەم چەند دێڕە باس لە کۆتایی ئەم رووداوە وەرزشییە گرنگە دەکات **(یاریگای پارك دی برانس)** دوێنێ کەرنەفالی یاری کۆتایی مۆندیالی سەدەی بە خۆوەگرت، کە فەرەنسییەکان دوێنی بۆ یەکەمین جار زەنگی گورچکبڕی بێ وێنەیان لەسەمای **(سامبا)** وەشاند و تەختی جامی جیهانیان لەسەر لووتکەی ئیڤڵەوە بە جیهان پیشاندا). پاپا یوحەنا پۆڵسی دووەمیش کە ئێستا بۆ کات بەسەر بردن لە گوندی **"لورینزاگو"**ی شاخاوی دەژی لە باکووری رۆژهەڵاتی وڵاتی ئیتاڵیاوە وەکو دەیان ملیۆن کەسی ئەم جیهانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە تەماشای یاری کۆتایی مۆندیالی سەدە دەکات و بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەو کەرنەفاڵە وەرزشییە جیهانییە، رۆژنامەنووس یاوەر نامیق سالم سەرپەرشتیاری رۆژنامەکە لە ژمارە (٤٤)ی رۆژی ١٩٩٨/٧/١٨ بابەتێکی لەلاپەڕە یەکدا و لەژێر سەردێڕی **(مۆندیالی سەدە... وێڕای دیاری وەرزشی برایەتی... سوپاس و پێزانین)** نووسیوە لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەمەوە، چونکە تیشك دەخاتە سەر دەرچوونی رۆژانەی برایەتی وەرزش و هاریکاری ئەو برا کارمەند و رۆژنامەنووسانەی کە بەم ئەرکە هەستاون وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە کە دەڵێ (بەکۆتایی هاتنی مۆندیالی سەدەو سەرکەوتنی فەرەنسا بەسەر بەرازیل تیپەکان یەك لەدوای یەك بارگەی خۆیان پێچایەوە بەو ئومێدەی دوای چوار




ژمارە ١٧ی وەرزشی برایەتی کە رۆژانە بە بۆنەی مۆندیالی فەرەنسا ١٩٩٨ دەردەچوو

ساڵی دیکە لەکۆریا و ژاپۆن بەیەك شادببنەوە ئێمەی کوردیش پتر لە مانگێك میوانێکی ئازیز و خۆشەویستمان لابوو هەموو ڕۆژێك دەست لەملانێ و لەئامێز گرتنی یارییەکانی حەز و ئارەزوومان دەگەشایەوە، گەورەترین، گەورەکەرنەفالی تۆپی پێی جیهانیمان بەڕێ کرد و لەگەڵ ئەوپەڕی بەختەوەریماندا بۆ یەکەمین جار **"وەرزشی برایەتی"** لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەموو ڕۆژانی مۆندیالی بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ وەك دیاری پێشکەش بە خوێنەرانی وەرزش دۆست کرا، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پیرۆزە دەگمەنەش نابێت ڕۆڵی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارمەندانی کۆمپیوتەر بەڕێزان (شکار و یەحیاو هەردی و کوردۆ و کاروان و تاهیر هەروەها نووسەران و پەیامنێران و خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان و پاڵپشت و هاوکاری دیکەی ماددی و مەعنەوی کە لە پشت ئەم سەرکەوتنە بوون لە بیر بکرێن.

هەروەها سوپاس تەلەفزیۆنی (K.tv) و ڕادیۆی لقی دووی پارتیمان و گوڵان و هەر کەناڵ و کەسێکی دیکە دەکەین کە هاوکارمان بوون.

ماوە ئەوەش بڵێین لەمەودوا ڕۆژنامەکەمان بەشێوەی هەفتانەو هەموو ڕۆژانی شەممە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز، ئێمە ناڵێین گەیشتینە لوتکە، بەڵکو لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەماندا هەندێ کەموکوڕی بەدی دەکرا و داوای لێبووردنیش دەکەین.... ئیتر تا مۆندیالی (٢٠٠٢) سڵاو و ڕێزی تایبەتیمان بۆ سەرجەم خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان و هاوکارانمان).


بەم جۆرە وەرزشی برایەتی توانی ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە گۆڕەپانی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی وەرزشیدا بەتایبەتی جێگیر بکات وەکو یەکەم ڕۆژنامەی وەرزش لە کوردستاندا و بە هەموو شێوەیەك چ وەکو سەرنووسەر و چ وەکو وەرزش دۆستێك و چ وەکو خوێندەوارێکی ئەم بوارە بەردەوام بووین لە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوام تاکو ڕۆژانی کۆتاییم لە دەزگای **(برایەتی و خەبات)**دا.

دیسان وەکو پەیمان بە خوێندەواران درابوو وەرزشی برایەتی بووە هەفتەنامەیەکی ڕێکوپێك کە ڕۆژانی شەممە دەردەچوو، تێیدا **(بەندە)** تاکو ژمارە (١٢٤)ی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/١٩ سەرنووسەری بووم، چونکە من لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ ماڵئاواییم لە برایەتی کرد، بەڵام وەکو **(خاترانە)** لە هەردوو ژمارەی پاشوتریش (١٢٦,١٢٥) ناوی منی لەسەر مابوو ئیدی لە ژمارە (١٢٧)ەوە ناوەکە لابرا دوا ژمارەی ئەم هەفتەنامەیە ژمارە (٢٠٥) بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٦ دەرچووە، سەد حەیف و مەخابن بە فەرمانێك ڕاگیرا کە لە ١٠٠٪ دژی گیانی وەرزش و خۆشەویستی وەرزش و خوێنەرانی ڕۆژنامەی وەرزش دۆست بوون دەتوانم بڵێم گەورەترین جەماوەری ئەم وڵاتەن لە ڕووی چەندایەتییەوە کە هەمیشە ئامادەباشن ڕوو لە یاریگاکانی یاری بکەن لە کوردستان چ لە ڕۆژانی هەرە ساردی زستان و چ لە ڕۆژانی هەرە گەرمی هاوین بە پارەی خۆشیان کە تێدا بە هەزاران هاووڵاتی پێشبڕکێی ئەوە دەکەن کامیان زووتر بچنە ناو یاریگایەکە، لە کاتێکدا کاتێ هەر ڕێکخراوێکی پیشەیی دەیەوێ کۆڕێك ساز بکات و جێگایەکی باشیشی بۆ تەرخان دەکات، سەرەڕای پێشکەش کردنی چاو سارد و کێك و بەبێ پارەش ئەو جاش ژمارەی ئامادەبووانی لە (١٠٠)کەسێك تێناپەڕێ، ئەوجا نازانم کێ لەپشت بڕیاری **(خنکاندنی)** وەرزشی برایەتی بوو کە جەماوەرێکی یەکجار زۆر و فراوانی هەموو جۆری لە خۆی کۆکردبووەوە (مامۆستای زانکۆ، مامۆستایان بەگشتی، قوتابیانی سەرجەم قۆناغەکان بە زانکۆشەوە، کرێکار، کاسبکار، فەرمانبەر ڕۆشنبیران لەژن و پیاو، بۆ مێژووش دەیڵێم و ماف خۆشمەو ئەو ڕاستییە بدرکێنم کاتێ هەواڵی داخستنی وەرزشی برایەتیم بیست پێشووتریش دەمزانی پەلپی پێ دەگیرێ، چونکە بەداخەوە مەسەلەکان لە وڵاتی ئێمە بەگشتی لە ڕوانگەیەکەوە سەرچاوە وەردەگرن کە ئەویش ڕەنگدانەوەی

ململانێـی سیاسـەتە **(لـەناو پارتـە سیاسـییەکان و رێکخراوەکاندا)** کە دیسان بەداخەوە وەرزشی برایەتی لێ **(بێبەری)** نـەبوو، چونکە ئەگـەر لـەم روانگەیـەوە نەبێت چ وەڵامێك هەیە خۆی لەبەردەم ئـەو پرسـیارە قوت بکاتـەوە (لەبەرچی وەرزشـی برایـەتی داخـرا؟؟! ئایا هیچ بەرژەوەندییەکی وەرزشی تێدا بوو؟ ئایا لـە بەرژەوەنـدی کـێ بـوو ئـەم جـەماوەرە فـراوان و هەمەجۆرە لە خۆی دوور بکاتـەوە؟ پرسـیارێکە و بۆ ئەمانەتی مێژووش **(بەندەش)** پاش راگیرانی وەرزشی برایەتی هەمان پرسیار و هەمان ناڕەحەتیم بە بـەڕێز( ) راگەیاند و کە تێکڕای پەرۆشی ئەم جەماوەرە زۆر و زەبەنـدەم بـۆ بـاس کـرد کـە نیگـەرانن لـە داخستنی رۆژنامەیـــەك کـــە خـــەڵکێکی زۆر هەفتانـــە لـــە چـاوەڕوانیدابوون، لێـرەدا ئەمەنـدە بەسـەو ئەگـەر یەزدانی گەورەش تەمەنی زیـاتری دامـێ ئـەوا زیـاتر و راشکاوانەتر باس لە هەندێ لایـەنی شـاراوەی دیکـەی ئەم بابەتە دەکەم).

**دووەم: گۆڤاری (برایەتی وەرزش):**

دیسان لە روانگەی بایەخدان بە بواری وەرزش کـە مـاوەی سـاڵانێکە بەشـێوەیەك فـراوان لـە هـەموو بوارەکـانی دیکـەی ژیـانی ئـادامیزادی تێپەڕانـدووە، تەنانەت لە گوندێکی بچووکیشدا ئەگەر کارەبای لـێبێ بێگومـان تەلەفزیۆنیـشی لـێ کـار دەکـات، دەبیـنین منـداڵ و لاوانـی ئـەم گونـدە یاریگایـەکی هەژارانـەو بـچکۆلانەیان پێکهێنـاوە کـە تێـدا یـاری لـێ بکـەن و ماوەیەکیـشە لـە سەرتاسـەری دنیـا و لـە وڵاتـانی جیاجیـادا کـەناڵی تایبـەتی وەرزش.. تەلـەفزیۆنیش هاتۆتـە مەیدان و بەمەبەسـتی ئـارەزووی جـەماوەری هەرە فراوانی ئەم بـوارە رازی بکـەن کـە ئێمـەی لێـی بێبەشین تاکو ئێستاکە، بـەڵام ئـەوەی لـە دەسـتمان دەهات لە دەزگای **(برایەتی و خەبات)** هەتا ئەگەر بە قەرز وقۆڵە و (پاڕانەوەش)بوا هەر کارمان بۆ دەکـرد، بۆیە دیسان بیرمان لـە گۆڤـارێکی وەرزشـی کـردەوە، چونکە دەمانزانی دەرچوونی گۆڤار زیاتر لـە رۆژنامـە سـەرنج راکێـشتر دەبێـت و زیـاتر هەڵـدەگیرێ و لـە کتێبخانەکانی خەڵکی شوێنی تایبەتی خـۆی دەگـرێ، ئەمانە وشتی دیکـەش هۆکـاری بیرکردنـەوەی **(ستاف وەرزشی و بەندە)** بوو کە بیر لە دەرچوونی گۆڤارێکی وەرزش بکەینەوە، پاش گۆڕینـەوەی بـیروڕا لـەنێوانی خێزانی **(برایەتی)**دا بڕیاری ئەوە درا گۆڤارێك بـەناوی **(برایـــەتی وەرزش)** بێتـــە گـۆڕەپـــانی کـــاری رۆژنامەنووســـی وەرزش، کـــە ژمـــارە (١)ی لـــە ١٩٩٩/١٠/١٢ بەبـەرگێکی زێـدە قەشـەنگ و نایـاب کەوتە بەردەست خوێنەران، لێرەدا دەتوانم بڵێم رۆژی دەرچوونی گۆڤارەکە وەکو جەژنی لێهات دەیان کەس و دەیـان ئاخـاوتنی  تەلـەفۆنی پیرۆزبـایی گـەرمیان ئاراسـتەکردین کـە لێـرەدا دیـسان نابێـت رۆڵـی سەرپەرشتکار یـاوەر نـامیق سـالم و سـدیقی گچکە و خالید محەمەد و زیاد هورمزیار و ئیبراهیم عەلی موراد و هونـەر کـاران، شـکار نەقـشبەندی و یـەحیا جـاف و کاروان توفی و هەردی ئیسماعیل و پیتچنین، حەسەن




ژمار (٥)ی برایەتی وەرزش، دوا ژمارەی گۆڤارەکە بوو

گۆڤاری برایەتی وەرزش تاکو من سەرنووسەری بووم دوو ژمارەی لێ دەرچوو لە ژمارە (٣)وە ناوی منی لەسەر نەما و دوایین ژمارەش ژمارە (٦)بوو راگیرا ئەویش (رەحمەتی خوای لێبێت) بە دەردی برا گەورەی حەفتەنامەی **(وەرزش برایەتی)** چوو کە لەوانەیە پێداهەڵدان نییە ئەگەر بڵێم تاکو ئێستاکە هیچ گۆڤار و رۆژنامەی بەو شێوە سەرکەوتووە دەرنەچووە چ لە رووی ناوەڕۆك و چ لە رووی جوانی هونەری و شێوازدا کە تێدا هەردوو دەستە خوشك هاوکات لەگەڵ رۆژانەی لاپەڕەی وەرزشدا لە رۆژنامەی برایەتی ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە کە دەمێك بوو رۆژنامەگەری کوردستانی لێ بێبەش بوو، بەڵام دیسان بە داخەوە دەڵێم زۆر جار لە روانگەی نا (مەبدەئیەتەوە) (موجەڕەد) بە مەبەستی تێکدان لە رقی فلان و فلتان بەرژەوەندی بالا دەخرێتە **(پەراوێزەوە)** کە دیسان بەداخەوە تێکدەری نا بەحەقی لەم جۆرە کەسانە ئەوجا هەر پلەو پایەیەکیان هەبێت **(بزانن یا نەزانن)** وەکو مرۆڤێکە لەسەر درەختێك دانیشتووە، بەڵام خودی هەر ئەو مرۆڤە بە **(موشار)** لەژێرەوە خەریکی بڕینەوەی درەختەکەیە زیانەکەش لە پێشەوە بە **(ئیعدام)**کردنی دارەکە دەستپێدەکات پاشان بە **(کەوتنە خوارەوەی خۆی)** تەواو دەبێت و دەبێتە هۆکاری (مل) شکاندنی ئەم و ئەوو ئەو ئەم.

### ٣- گۆڤاری سەنتەری برایەتی

لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٩٤وە بیرم لە گۆڤارێك دەکردەوە کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بێت بۆ ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی کە ناتواندرێ لە هەردوو رۆژنامەی **(برایەتی و خەبات)** بڵاو بکرێتەوە لەبەر درێژی و سروشتی بابەتەکان، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك لەگەڵ رۆژنامەنووس **(سەعید یەحیا)** کە بە فیعلی ئەوکاتە سکرتێری نووسینی هەفتەنامەی **(خەبات)** بوو، ئەویش بیرۆکەکەی لا پەسەند بوو، تەنانەت چەند ناوێکیشمان بۆ گۆڤارەکە دانابوو کە لەکاتی جێبەجێ کردنی ناوێکیان لێ هەڵبژێرین لەوانە **(زاگرۆس، میدیا، کوردستانی ئەمڕۆ (کوردستان الیوم)**، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی خۆ کوژی نەگریسەوەو کۆچکردنمان بۆ مەسیف سەلاحەدین و گیرسانەوەمان بۆ ماوەی نزیکەی دووساڵ بیرۆکەکە دواخراو نەمان دەتوانی لەو بارودۆخە دژوارە بیر لە جێبەجی کردنی بکەینەوە، بەڵام پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر لە ١٩٩٦/٨/٣١ بەهۆی سەرقاڵی و خۆ رێکخستنەوەمان پاش دوو ساڵ سەرگەردانی چ رێکخستنەوەی بارەگاو چ رێکخستنەوەی باری ناوەخۆی دەزگا **(کارمەندان نووسەران)** ئەوجا دیسان کاتێ کە **(ئیستیقرارمان)** کرد بیرمان لە دەرچوونی گۆڤارێك کردەوە ئەو جارە لەگەڵ رۆژنامەنووس **(ئاسۆ کەریم)** کە هەر لە سەرەتادا زۆر هاندەری ئەو کارە بوو، بەڵام بە مەرجێ تەنیا دەرچوونی گۆڤارەکە بە زمانی کوردی بێت لە راستیشدا منیش هاتبوومە سەر ئەو رایە کە مادامەکی گۆڤارەکە لە برایەتییەوە دەردەچێت پێویستە کوردی بێت ئەگەر رۆژنامەنووسانی خەباتیش کاتێ ویستیان گۆڤارێك لەم چەشنە بڵاو بکەنەوە ئەوا دەتوانن بە زمانی عەرەبی گۆڤارێکی هاو چەشن لە رۆژنامەی خەبات کە ئەوسا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو بڵاوبکەنەوە، بە هەرحاڵ لەگەڵ رۆژنامەنووس **(ئاسۆ کەریم)** کەوتینە بیرکردنەوەو راوێژکردن دەربارەی **(ناوی گۆڤارەکە، سکرتێری نووسینی، بابەتەکان، ستاف گۆڤارەکە، خەرجی گۆڤارەکەو...هتد)**، سەبارەت بە ناوی گۆڤارەکە من لەگەڵ ئەو رایەدابووم کە دەبێت وشەی برایەتی لەگەڵدابێت، چونکە هەروەك چۆن بڵاوکراوەکانی دیکەی دەزگا **(برایەتی ئەدەب و هونەر)**و **(وەرزشی برایەتی)**و، **(برایەتی وەرزش)**، کە هەر هەموویان سەرچاوەی ناوەکانیان لە **(برایەتی)**وە هەڵگرتبوو هەربۆیەش بۆ ناوی گۆڤارەکە دەبوایە وشەی **"برایەتی"** لەگەڵدابێت و لەکۆتاییشدا ناوی **(سەنتەری برایەتی)**مان بۆ هەڵبژارد لە روانگەی بۆچوونێك و ئامادەکردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی کە سەنتەری برایەتی ببێتە (نواة)ی مەڵبەندێکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی نەتەوایەتی سەربەخۆ زیاتر لە (مرکز

الدراسات الفلسطينية)بچێت كە لە ساڵی ١٩٧٣ لەسەردانێكی تایبەتیدا بۆ بێروت، ئەوكاتە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی **(التآخي)** و **(برایەتی)** بووم لە بەغدا، كاریگەریەتییەكی یەكجار گەورەی هەبوو لەسەر جۆری كاركردن لەم جۆرە مەڵبەندانەدا كە **(مركز الدراسات الفلسطينية)** نموونەیەكی یەكجار پێشكەوتووی ئەو سەردەمەیە، دەتوانم بڵێم شان لە شانی (مركز دراسات الاهرام) دەدات ئەگەر لە پێشەوەتر نەبێت تاكو ئێستاكەش وەڵامی ئەو ڕووناكبیرەم لەیادە لە وەڵامی پرسیارێكی مندا لەكاتی سەردانەكەدا لێم كرد (ئایا ئامانجی سەرەكی ئەو (المركز)ە چییە لە كاروباری ڕۆژانەو پرۆژە دوارۆژەكانیدا، ڕووناكبیرە فەلەستینیەكە بەداخەوە ناوەكەییم لەیاد نەماوە.

لە وەڵامدا گوتی: "كێشەی نێوانی فەلەستین و ئیسرائیل لە دوارۆژدا بەو ئاقارەدا دەڕوات كە (حتماً) دوور دەبێت لە چارەسەری سەربازی، قەڵەم لەجیاتی تفەنگ ڕۆڵی خۆی دەبینێ و گفتوگۆ و وتوویژیش كە ئێستاكە لەخۆمان (حرام) كردووە دەبێتە تاكە ڕێگای چارەسەری ئەو كێشەیەی ئەو (مەڵبەندەمان) بۆ ئەم مەبەستە پێكهێناوە، ڕاستە پرۆژەیەكی دوور خایەنە، بەڵام دەبێت خۆمان بۆ چارەگە سەدەو نیو سەدە) ئامادە بكەین ئێمە وانەیەك لە **(ڤێتنامییەكان)** فێربووین كە دەڵێ **(دوژمنەكەت بناسە چییە، چی دەوێ، چۆن بیردەكاتەوە، كاروباری خۆی چۆن بەڕێوە دەبات، تێگەیشتنی بۆ تۆ چییە، چۆن تەماشای دوارۆژ دەكات)**. ئێمە لە **(مركز الدراسات الفلسطينية)** كۆمەڵگای جولەكەمان لە هەموو بارێكەوە و لە هەموو ڕوویێكەوە داوەتە بەر لێكۆڵینەوەو توێژینەوە چیمان دەستكەوێ لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل وەری دەگێڕینە سەر زمانی عەرەبی، نایەڵین شتێكی شاراوە هەبێت، تەنانەت زۆر جار شیعری ئەدیبانی جولەكەش وەردەگێڕین و دەیخەینە بەردەم سەركردایەتی سیاسی بزووتنەوەی نیشتمانی فەلەستینی، سیاسەتمەداران، ڕووناكبیران و خەڵكی سادە ئەوجا هەریەكە بەشێوەیەك سەرەڕای ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەی پوختەی مانگانە بۆ **(دروستكەری بڕیاری سیاسی فەلەستینی)**.

ئەمەیان بۆچوونی من بوو كە زۆر باسم لێوەكردووە تا جارێكیان كەوتینە مشتومڕێكی گەرم لەگەڵ ڕەحمەتی شەهید سامی عەبدولڕەحمان كە ئەوسا لێپرسراوی مەكتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بوو لە سەرەتادا كاتێ ژمارەی (١)ی سەنتەری برایەتیم بۆ برد لە پێشەوە دەستخۆشی لێكردین، بەڵام دەربارەی ناوەكە و ناوەڕۆكەكەی گوتی (بزانە كەلیمەی سەنتەر مەعنایەكی ئەوها نادات كە تۆ بۆ منت شەرح كرد خۆزگە ناوەكەی شتێكی دیكەبا بەهەرحاڵ مەشروعەكەت زۆر خەیاڵیە **(وأنت تحلم)** نەسیحەتی من ئەوەیە لەگەڵ كاك جەوهەر نامیق تەعاون بكەن كە برایەتی و **(مەكتەبی ناوەندی لێكۆڵینەوە، توێژینەوە)** كە تۆ هەمدیس لەوێ ئەندامی بۆ جێبەجێ كردنی ئەم فیكرەیە، ڕاستە فیكرەكە موبارەكە، بەڵام ئەوە مەسەلە بە توو بەتەنها جێبەجێ ناكرێت، سەنتەری لەم جۆرە موتەرجم و باحث و نووسەری بەتوانای دەوێ بە ئیمكانیاتی گەورە، على كل حال اتمنى لكم النجاح).

ژمارەی (١)ی سەنتەری برایەتی لە ئابی ساڵی ١٩٩٧ دەرچوو كە **(گۆڤارێكی مانگانەی تایبەتە بە لێكۆڵینەوەو توێژینەوەو دەزگای برایەتی دەری دەكا)** كە لە سەرەتادا خاوەن ئیمتیازی جەوهەر نامیق سالم و بەندەش وەكو سەرنووسەر، بەڵام لە ژمارەی (٢)ەوە ناوی ڕۆژنامەنووس (ئاسۆ كەریم)یشی لەسەر دانرا وەكو سكرتێری نووسین لە هەمان كاتیشدا سكرتێری نووسینی ڕۆژنامەی **(برایەتی)**یش بوو لەراستیدا ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕا لە ئامادەكردنی سەنتەر بەتایبەتیش لە ژمارەكانی وەرزی یەكەمدا.

بە مەبەستی شارەزابوون لە ڕەوتی گۆڤارەكە دەقی ئەم چەند دێڕە بڵاو دەكەینەوە كە لەلاپەڕەی یەكەمیدا وەكو سەروتار لەژێر ناوونیشانی (ئەم گۆڤارە)دا هاتووە:

(لە ڕاستیدا فكرەی دەركردنی گۆڤارێكی لەم بابەتە لەلایەن دەزگای **"برایەتی"**یەوە تازە بابەت

نیبەو چەندان نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی ورد و بابەتی سەبارەت بە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵانی، سیاسی، ئابووری، ستراتیژی بۆ **"برایەتی"** دەهاتن و لەبەر بێ جێیی و نەبوونی دەرفەت و ئەرکی جیای رۆژنامەیەکی رۆژانە وەك **"برایەتی"** دەمانەوەو بڵاو نەدەبوونەوە، ئەمە وێرای نەبوونی گۆڤارێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە دەزگای **"برایەتی"** هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە وەك هەنگاوی یەکەم مانگانە گۆڤارێکی لەم بابەتە دەربکات، هیوادارین بەم کارەمان خزمەتێکی بچووکمان بە رەوتی زانستی و فیکری وڵاتەکەمان کردبێ و داواشمان لە سەرجەم لێکۆڵەرەوان و شارەزایان **"سەربە هەر رێبازێکی فیکری و سیاسی بن، ئەوەیە کە بە نووسینی زانستی و بابەتیانە بەشداریمان لە تەکدا بکەن"**

**سەنتەری برایەتی: ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە ئەم بابەتانەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە.**

—د.رەشاد میران: دیمانە

—د.ئازاد نەقشبەندی: شوێنی دراوسێتی **(رێژەیی)** هەرێمی کوردستان و کاریگەرێتی لەسەر ئێستاو ئایندەی هەرێمدا.

—فەرهاد عەونی: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دووبارە شۆڕشی ئەیلوول هەڵبسەنگێنینەوە.

—تاریق جامباز: لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی **(حزبی هیوا)** لە هەولێر.

—د.فەرهاد پیرباڵ، چەند دێڕێك لە بارەی ویلایەتی کوردستان و ویلایەتی جەزیرە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا.

—مومتاز حەیدەری: جەژنی رۆژنامەنووسیی کوردی و رێباز و گیانی کوردایەتی رۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال.


—بیرژنیسکی: گۆرانکاری مەزن، کە رۆژنامەنووس چیمەن ساڵح لە ئینگلیزییەوە کردویەتی بەکوردی.

ژمارە (٢)ی سەنتەر لە ئەیلوولی هەمان ساڵ (١٩٩٧)دەرچوو کە تێدا سەرەڕای ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر ناوی رۆژنامەنووس (ئاسۆ کەریم) وەکو سکرتێری نووسین نووسراو لە بەرگی ناوەوەشدا ناوی راوێژکاران هاتۆتە خوارەوە پاش ئەوەی ژمارە(١)یان دیت و بە خۆشحاڵییەوە رازی بوون وەکو راوێژکار ناوەکانیان بنووسرێ کە بریتی بوون لە (پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شێرزاد نەجار، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد چاوشین، دکتۆر رەشاد میران، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی. کە لە راستیشدا راوێژکار بوون هەریەکە لەو بەڕێزانە بابەتەکانیان هەڵدەسەنگاند بە پێی **(اختصاص)**ی خۆی و زۆر جاریش کۆبوونەوەی بە کۆمەڵمان بۆ دەکرد.

لەسەرەتادا یانی ژمارەی (١)ی بە تیراژی (١٠٠٠) دانەی لێ چاپ کراو کە لە ماوەی چەند رۆژێکدا لە بازاڕ نەما تەنانەت وایلێهات لە بەشە ئەرشیفی دەزگاکان رادەکێشا کاتی میوانێکی دەرەوەی کوردستان یاخود مامۆستایەکی زانکۆ داوای لێ دەکردین کە تێدا (٥٠) ژمارەی بۆ تەرخان کرابوو ئەوەی لە بیرم بێت تاکو رۆژێکیان **(دلێر)**ی برام، کە لێپرسراوی ئەرشیف بوو، هات و پێی گوتم (چی دیکە لەو بەشەی ئەرشیف مەبەخشە تەنها (٥) دانەمان بە **(تەجلید)**کراوی ماوە، بەڵام ئەگەر موافەقەت بکەی ئەوا چەند دانەیەکی لێ (ئیستینساخ) دەکەین ئێستا کاتی بە ژمارەکانی سەنتەردا دەگەڕێمەوە بە مەبەستی تەواوکردنی **(ئەزموونی رۆژنامەگەریم)** دەبینم ئەو دانەیەی کە لە کتێبخانەکەی مندا پارێزراوە لەو جۆرەی (ئیستنساخە)کەیە بۆیە هیوادارم لە خوێنەرانی بەڕێز ئەگەر یەکێکیان شاهید دانەیەکی زیادی هەیە بۆمی بنێرێ (بەوپەڕی سوپاسەوە) لە بەر زۆری داواکار و فرۆشتنی لە کتێبخانەکان لە ژمارە (٣)دا تیراژەکەمان کردە (١٢٠٠) دانە، بەڵام دیسان داواکاری لەسەری لەزیادبوون بوو بە لە هەموولایەکی کوردستانەوە بەتایبەتیش لە **(سلێمانی)** سەرەڕای باری گرژی زێدە ناخۆش کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆ لە ئارادابوو سەرنتەری برایەتی بێ **(گومرك)** لە بازگەکان

هەواڵنامەی کتێب

دەگەیشتە سلێمانی و رەواجێکی زێدەباشی هەبوو بۆیە دیسان ناچاربووین تیراژەکەی بکەین بە (١٥٠٠) دانە، بەڵام نرخەکەی **(نرخی فرۆشتنی)** هەر بە (١٠) دینار مایەوە.




**ژمارە (١)ی گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ئابی ١٩٩٧**

بەهاتنی رۆژنامەنووسان **(فوئاد سدیق و فەیسەڵ دەباغ)** بۆ دەزگای برایەتی لەگەڵ سکرتێری نووسین هاتینە سەر ئەو رایە کەوا سوود لە ئیمکانیاتی رۆژنامەنووسی ئەو دوو رۆژنامەنووسە وەربگرین کە هەردووکیان **(بە گڕ و تینێکی)** گەورەوە کاری رۆژنامەنووسیان لە برایەتی ئەنجام دەداو بە پێویست زاندرا کەوا تەکلیفیان لێ بکرێت کە بۆ سەنتەری برایەتی **(تەفەروغ)** بکەن ئەوەبوو هەردووکیان بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی ئێمەیان وەرگرت و بە (٣) قۆڵی لەگەڵ رۆژنامەنووس **(ئازاد حەمەدەمین)** کە ئەو لەسەرەتای هاوینی ساڵی (١٩٩٦) لە **(مەسیف سەلاحەدین)**ەوە بوو بە ئەندامێکی کارامەی برایەتی هەرسێکیان بوونە دەستەی نووسەرانی **(سەنتەری برایەتی)** و لە ژمارە (٨)ی ساڵی دووەم کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ دەرچوو ناویان لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەدا هاتۆتە خوارەوە کە لە راستیدا ئەرك و كارێكی زۆریان لە(کۆڵ) ئێمە کردەوەو ژمارەی لاپەڕەکانی بەرەو زیادبوون دەچوون لە هەموولایەکەوە بەتایبەتی رووناکبیران و مامۆستاو قوتابیانی زانکۆ مانگانە لە چاوەڕوانی دەرچوونی گۆڤارەکە بوون.

لە ناوەڕاستی ساڵی دووەم بەهۆی فراوان بوونی رۆڵی گۆڤارەکە لە رووی لێکۆڵینەوەی زانستی و توژینەوەی هەمەلایەنی بابەتەکانی کە بۆ گۆڤارەکە دەهاتن یاخود لە سەر راسپێری ستاف سەنتەری برایەتی پاش راوەرگرتنی هەندێ لە برایانی پسپۆر و رەزامەندییان کە ئەوانیش لە بەشداری لەو پرۆژە نەتەوایەتییە بکەن بڕیار درا خێزانی راوێژکارانی سەنتەر فراوانتر بکرێت بەهاتنی دکتۆر شەفیق قەزاز، دکتۆر دلێر شاوێس، دکتۆر محەمەد عومەر مەولود، م.رۆژان عەبدولقادر دزەیی کە لە ژمارە (١١) لەکۆتایی ئایاری ساڵی دووەم (١٩٩٩) ناوەکانیان هاتە خوار و ئەرکەکانیان بەوپەڕی لێهاتوویی و کارامەیی ئەنجام دەدا.

سەنتەری برایەتی هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی تەواوی بەو نووسین و لێکۆڵینەوەو تۆژینەوانە دەدا کە راستەوخۆ لەخزمەتی پرۆژە نەتەوایەتییەکەبێت لە رووی ستراتیژەوە دوور لە میزاجی سیاسی رۆژانە و بۆچوونی تەسکی حزبایەتی کە بابەت و نووسەرانی ژمارەکانی سەنتەر شاهیدی ئەو راستیەن و سەرۆکایەتی زانکۆی **(سەلاحەدین)**یش بە بایەخەوە تەماشای گۆڤارەکەی دەکرد و رێکەوت لە ئاخر و ئۆخری) رۆژانی مانم لە دەزگای برایەتی (بە پێی نووسراوی ژمارە ٩٧/١/١ی رۆژی ٢٠٠٠/٢/١٣ی ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین بە نووسراوی ژمارە ١٢١١/١/١ی رێکەوتی ٢٠٠٠/٢/٢٩ی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین گۆڤاری سەنتەری برایەتی بە گۆڤارێکی زانستی– ئەکادیمی دەژمێردرێ، بەڵام بەندە تاکو ژمارە (١٤) سەرنووسەری بووم و لە ژمارە (١٥)وە کە لە بەهاری ٢٠٠٠ دەرچووە ناوی منی

لەســـەر نـــەما، چـــونكە مـــن لـــە ٢٠٠٠/٢/٢٠وەوە **(ئینفیكاكیـان)** پـیّ كـردم، بەرێوەبـەری نووسـینیش رۆژنامەنووس **(فوئاد سدیق)** لەلاپەرە (٥) ژمارە (١٥) بابەتێكی دەربارەی ماڵئاوایی ستاف پێشوو نووسیویە لە ژێر ناوی **(قۆنـاغێكی نـوێ)** كە تێدا دەڵـێ "ئـەم ژمارەیـەی سـەنتەری برایـەتی، گۆڕانكارییـەك بەسـەر ســتافەكەیدا **(دەســـتەی نووســـەران، دەســـتەی راوێـژكاران)** هـاتووەو هاوكـات بـەرەسمیش متمانـەی زانستی ئەكادیمی بوونی لەلایەن ئەنجوومەنی زانكۆی سەلاحەدینەوە پێدرا. ئەگەرچی بە ئـەكادیمی بـوونی ئەم گۆڤارە لەگەڵ گۆڕانی ستافەكەیدا هاوكـات بـوو، بەلام پێشتر تـەواوی زەمینـەی بۆ رەخسێندرابوو تـا متمانـــەی زانـــستی ئـــەكادیمی بـــوونی بـــدرێتیّ، رەخساندنی ئەو زەمینەش بۆ هـەوڵ و توانـای ستاف ئەو (١٤)ژمارەیەی پێشوو دەگەڕێتـەوە كـە بەڕاستی پەرۆش بـە ئـەكادیمی بـوونی گۆڤارەكـە بـوون. بۆیـە هەوڵی ئەو برا بەڕێزانە نەك هەر لـەیاد نـاكرێن، بـەڵكو جێگای شانازیشمانن كە زیـاتر لـە دوو سـاڵ هاوكـاری یەكتری بووین ئەویش بەڕێزان **(فەرهاد عەونی، ئاسـۆ كەریم، فەیسەڵ دەباغ، ئازاد حەمەدەمین)** بوون.

بـە حەقیقـەت دابڕانـی ئـەو خۆشەویـستانە لـە سەنتەری برایەتی بەهۆی سپاردنی هەر یـەكێكیان بـە كـارێكی دیكـە بـۆ مـن خـەمێكی گـران بـوو، چـونكە ماوەی كاركردنم لەگەڵیاندا ئـەزموونێكی چڕوپڕ و پـڕ لە بەختەوەری بوو).

لەنێوان دەرچوونی گۆڤـاری سـەنتەر ژمـارە (١)ی كـە لـە ئـابی سـاڵی ١٩٩٧ دەرچـوو تـاكو دەرچـوونی ژمـارە (١٤) كـە لـە كـانوونی یەكـەمی سـاڵی ١٩٩٩ **(سـاڵی سـێیەم)** دەرچـووە سـەرەڕای بایەخـدانی ســتافەكەی بـــە دەوڵەمەنـــدكردن و پێـــشكەوتنی گۆڤارەكە لە هەموو روویەكەوە پرۆژەیەكی دیكەمان لە تەنیشت ئەوەوە ئەنجامدا ئـەویش چـاپكردنی هەنـدێ

لـەو كتێبـە بایەخدارانـەی كـە پێویـستی دەكـرد بـە زنجـیرە لـە بڵاوكراوەكـانی **(سـەنتەری برایـەتی)**ەوە دەربـچێت كـە لەوەشـدا توانیمـان (بـە هەوڵوكۆشـشی هەرهـــەموو ســـتافەكە و رەزامەنـــدی و پێخۆشـــحاڵی نووسـەرە بـەرێزەكانی) (٧) كتێـب لـەم زنجیرەیـەدا چاپ و بڵاو بكەینەوە كە بریتین:-

***بڵاوكراوەكانی سەنتەری برایەتی.**

١-رۆژنامەگـــەریی كـــوردی بـــە زمـــانی فەرەنـــسی د.فەرهاد پیربال.

٢- لە بیرەوەری یۆبیلی زێرینی جاڕنامەی مـافی مـرۆڤ پارێزەر: هەژار عەزیز سورمێ.

٣-جیۆگرافیـای هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق: دانـانی كۆمـەڵێك مامۆسـتای زانكـۆ: وەرگێڕانـی سـەنتەری برایەتی و ئاسۆ كەریم بە كوردییەكەی داچووتەوە.

٤- ئیدریسی بەدلیسی، نووسینی محەمـەد بایراقـدار، وەرگێر: شكور مستەفا.

٥-كۆمـەڵی لادێـی كوردسـتانی هاوچـەرخی عێـراق بەرامبەر بە نـوێ بوونـەوە: دانـانی پرۆفیـسۆر دكتـۆر لیـژەك ژیگیـل/ وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزییـەوە عـەزیز گەردی.

٦-رۆڵـی سیاسـی و كـەلتوری ئەفـسەرانی كـورد لـە بزاڤـی كوردایـەتی كوردسـتانی باشـووردا: محەمـەد عەبدوڵڵا كاكە سور (١٩٢١-١٩٤٥).

٧-رەوشـــی ئـــایینی و نەتـــەوەیی لـــە كوردســـتاندا، د.رەشاد میران.

ستاف تازەی سـەنتەریش تـوانی پـاش ئێمـە (١١) ژمارەی دیكـە بـە رێكوپێكـی ئامـادە بكـات و چـاپ و بـــڵاوی بكاتـــەوە، بـــەلام ئـــەویش بـــە هـــۆی **(خوێندنەوەیـــەكی)** نابابەتیانـــەی **(هەنـــدێ لـــە بەرپرسیاران)** گۆڤارەكە پاش دەرچوونی (٢٥) ژمارە راگیرا و هۆكارەكەشی گوایە بەهۆی **(تەقەشـوف)**ەوە بوو!...

## نەجات عەبدوڵڵا:

# من گومان دەکەم لەسەر رووی زەوی نەتەوەیەك لە رووی کولتوورەوە لە کورد کلۆڵتر هەبێت

**سازدانی: ئازاد عوبێد**

نەجاتی عەبدوڵڵا، وەك خۆی پێی خۆشەو بەکاری دەهێنێ، یەکێك لەو کورە کوردانەیە، کە بەدرەنگەوە رووی لەهەندەران کردو لەفەرەنسا گیرساوەتەوە، بەڵام بەشیاوییەوە جیی پەنجەی خۆی لەمەیدانی رۆژنامەنووسیی و رۆشنبیری کوردی بەگشتی چەسپ دەکات. (D.E.A)، لەبارەی (**کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی – فارسی ١٦٣٩–١٨٤٧**)، لەبەشی مێژووی زانکۆی پاریسی دووەم.

ئەو وێڕای تۆژینەوەی ئەکادیمی خۆی، هاوشێوەی ماستەرنامەی لای خۆمان لەساڵی ( ) لەسەر هێناوەتەوەو ئێستاش خەریکی دواقۆناغی تەواوکردنی دکتۆرایە، نەجات لەدەرەوە وەختی خۆی بەفیڕۆ نەداوەو وەك گوتمان سەرباری کارە ئەکادیمییەکانی بەدوای دۆکیۆمێنت و دەستنووس وبەڵگەنامەی کوردیدا کنە و پشکنین و گەڕانی لەنێو کارتۆنی تۆزاوی و سندوقی چەندین ساڵەی ئەرشیفەکانی ولاتانی فەرەنساو ئەڵمانیاو بەریتانیا وێڵەو لەهەمان وەختیش خەریکی دەرکردنی گۆڤارێکی تۆژینەوەییە بەناوی **"کوردناسی"**، بێگومان ئەمانەی هەموو بەئەرك و ماندووبوونی و شەونخونی خۆی و لەسەر حیسابی گیرفانی بەتاڵی خۆیەتی، بێ شك ئەم قسانەم هەروا لەخۆڕا نییە، بەڵکو ئەو چەند کتێبەی پێشتر بەم دواییەش بنکەی **"ژین"** لەسلێمانی چاپی کردوون شایەتی ئەوەن. نەجات لەهاوینی رابردوو، بەکرێی سەردانی وڵاتی کردو ئێمەش وەك گۆڤاری **"رۆژنامەنووس"** بەپێویستمان زانی سەبارەت بەکارو ئەرکەکانی، ئەم دیدارەی لەگەڵ سازبدەین.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین ئەمە هەموو سەرچاوەکەی، عیشق و دڵسۆزییە بۆ کەلەپوورو رۆناکبیری کورد و خۆزیا سەدانی لەوجۆرانەمان دەنێردرانە دەرەوە، پشتگیری مادی و مەعنەوی دەکران، بۆ ئەوەی هەرچی بەڵگەنامەو شوێنەواری کوردو کوردستانە لەئەوروپا و وڵاتانی دیکە هەڵگیراون و پارێزراون، بێتەوە بەردەست تۆژەرانی خۆمان و کاری لەسەر بکەن و گۆشە تاریك و نوتەکەکان و لاپەڕە زۆرەکانی مێژووی کوردو کوردستانیان پێ ساخ بکەینەوەو سەر لەنوێ بە تێڕوانینێکی بابەتیانەو زانستیانە مێژووی کۆن و نوێمان بنووسینەوەو ئێمەش تەبای نەتەوەکانی سەر ئەم زەمینە، شانازی بەلاپەڕە پڕشنگدارەکانییەوە بکەین و پەندو دەرس لەهەڵەو شکست و نسکۆکان وەربگرین، چیدیکە چاومان لەدەستی خەڵکانی بیانی نەبێت مێژوومان بۆ بنووسنەوە... دیارە ئێمە وەك کاری رۆژنامەوانی هەڤپەیڤینەکەمان سازداوەو وەك خۆی بۆی نووسیوین نابێ تەنانەت یەك (**وشەشی لێ لاببەن**) ئەوا خۆی بەرپرسە لەبۆچوونەکانی، گەر خوانەخواستە بەدڵی هەر لایەك نەبێت...!


**– وێڕای کاری لێکۆڵینەوە، خەریکی دەرکردنی گۆڤارێکن واتە لەکاری رۆژنامەوانی دانەبڕاون، وەك**

**چـۆن لێـرەش خـەریکبون، وا دیـارە حـەزی ڕۆژنامەوانیتان لەدەستنەداوە؟**

* بە سوپاسێکی زۆر بۆ ئەم بەسەرکردنەوەتان، دەمەوێ بڵێم ڕاستە کە لەکوردستان بووم خەریکی کاری ڕۆژنامەوانی بووم و ئەوە بۆ من لەحەز و ئارەزوو زۆرتر بوو و ڕۆژنامەوانی بۆ من پەیامێك بوو زۆر خەونی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. وەختایەکیش لەسپێدەیەکی زۆر زووی تاریکی دەستپێکی شەڕی خۆکوژیدا، وڵاتم بەجێهێشت ئەو خەون و حەزە هەر لەناخمدا زیندوو بوون، بەڵام دەبێ بڵێم قۆناغی ئەوروپام بۆ ڕۆژنامەوانی زیاتر بەشێکە لەو پرۆژە کوردۆلۆژی و مێژووییەی کە بەشێکی زۆری ژیانی گرتووم. ڕەنگە ئەگەر بشێ دەکرێ بڵێم کاری ئێستەی ڕۆژنامەوانیم زیاتر لەوەی ڕۆژنامەوانی بێت پرۆژەیەکی مێژوویی و کولتوورییە، بەڵام بێگومان بەشێکیشە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری. ئەو گۆوارەی ئێمە زیاتر ڕێچکەیەکی زۆر تایبەت بەخۆی هەیەو گۆوارێکی هەموو کەسیی نییە. حەزناکەم جارێ زۆر لەسەر گۆوارەکە قسەبکەم با قسەکانم نەچنە خانەی پڕۆپاگەندە بۆ گۆوارەکە و با گۆوارەکە دوای ئەوەی لە کوردستانیش بڵاوکرایەوە خۆی قسەبکات.

**— ئەوەی جێی سەرنجە بەر لەڕاپەڕین و تاماوەیەکیش دوای ڕاپەڕین، جولانەوەیەکی زۆر باشی ڕۆژنامەوانی لەدەرەوە هەبوو، بەڵام دواتر و تا ئەمڕۆکەش زۆر سستە؟**

* ڕاستە ئەمڕۆ کاری ڕۆژنامەوانی بەتایبەت لەلایەن کوردی باشووری کوردستانەوە نەك هەر کزە، بگرە ژمارەی گۆوارو ڕۆژنامەکان ڕەنگە بەپەنجەی دەست بژمێردرێن. ڕەنگە ئەگەر بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بچین من بتوانم دوو هۆکاری سەرەکی دەستنیشان بکەم. یەکەمیان کەمی یاخود بەمانایەکی دیکە نەبوونی خوێندەواری کورد لەدەرەوەی وڵات، ڕاستە ئێمە ڕەوەندێکی زۆر و زەوەندی کوردمان لەدەرەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە پشکی گەورەی ئەم ڕەوەندە، سوودێکی ئاوایان لەم



ژیانی دوورە وڵاتییە وەرنەگرتووەو هەر بەدوای ژیانی تایبەتی خۆیانەوەن. تۆ پێت وایە ئەمە کارەسات نییە، خەڵکانێك هەن ئامادەن پانزە بیست یۆرۆ بدەن بۆ بلیتی شەوە هەڵپەرکێیەك و لەسەر تەلەفزیۆن سەرچۆپی بگرن، کەچی ئامادەنین یەك ڕۆژنامەی کوردی ئەگەر بەیۆرۆیەکیش بێت بکڕن و پێیان وایە ئەم یۆرۆیە بەخۆڕایی دەڕوات. بەداخەوە بەشێکی زۆری جالیەی کوردی هەر تەنیا شوێنی جوگرافیایان گۆڕیوەو بەس. من پێم وایە ئەمە یەکێك لەهۆیە سەرەکییەکانە، دواتر ئەوە چەند ساڵێکە دەوڵەتانی ئەورووپیش وەکو جاران کۆمەکی بەچاپ و چاپەمەنی کوردی ناکەن و ڕەنگە ئەمەش یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بێت. تۆ ئەگەر ڕۆژنامە یا گۆوارەکەت نەفرۆشێ و دەوڵەتیش کۆمەکیت پێنەکا پێم وانییە بتوانی بەردەوام بیت. دوایی بەنیسبەت کوردستانی باشوورەوە بەڕاستی دوای ساڵەکانی ١٩٩٧ەوە ئیدی بەرە بەرە کوردستان لەڕووی چاپەمەنییەوە هێندە چووە پێش کە مانایەك بۆ بەردەوام بوونی ڕۆژنامەوانی لەئەورووپا نەمایەوە.

**— وا دیارە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیانە و ئەو بەڵگەنامانەی لەئەرشیفخانەکانی وڵاتانی دەرەوە لەبارەی کوردەوە هەن، زۆرن و دەکرێت دەستبخرێن و لێکۆلەرەوەکان کەڵکی لێوەربگرن، بەڵام**

**خەمساردییەکی بێئەندازە لەگۆڕێ دایە، چ وەك خەڵکی دەرەوە، چ وەك حکومەتی کوردستان...**

* پێم خۆشبوو ئەم پرسیارەت وروژاند. راستییەکەی دەوڵەتە کۆلۆنیالە ئەوروپییەکان، نەك هەر وڵاتیان داگیرکردووین، بگرە مێژوو و ئەو چەردە کولتوورەی هەشمانبوو دزیویانە کە ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو کارەساتە خوێناویانەی بەسەر میللەتەکەی ئێمەدا هاتووەو تەڕ و وشکمان لێسووتاوە زۆر شوکرانە بژێرین لێرەو لەوێ، لەم وڵات و لەم کتێبخانەی گشتی، بڕێك لە کولتووری تالآنکراومان لەفەوتان رزگاربووە. دەوڵەتێکی وەك ئینگلستان هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دژایەتی کوردی کردووەو بەشی زۆری هەموو ئەم ماڵوێرانیی و سیاچارەییەی بە سەر کورددا هاتووە، رەنگە بەرئەنجامی سیاسەتی بێئەخلاقانەی ئەم دەوڵەتە بێ. ئەمڕۆ ئەم وڵاتە بەشێکی زۆری مێژوو و کولتووری ئێمەی تێدا پارێزراوە کەلەراستی دوور ناکەومەوە ئەگەر بڵێم، هێشتا لەسەدا سفری ئەم دۆکیومێنتانەشمان نەکردووە بەکوردی. بەهەمان شێوە ئەرشیڤخانە و کتێبخانەکانی فرانساو رووسیاو ئەڵمانیاو نەمساو زۆر وڵاتی دیکە کەرەسەو ماتریالێکی زۆریان تێدایە لەسەر کورد. بەراستی ئێمە نەتەوەیەکی زۆر زەینکوێرین دەنا دەبوایە ئەمڕۆ لەهەر کوێی دونیا تاکە بەڵگەنامەو دێڕێکی نووسراو لەسەر کورد هەبوایە کۆپیەکمان لێبگەیادنبوایەوە کوردستان و هاوکاتی دووبارە بڵاوکردنەوەی تەرجەمەی کوردیشمان بکردبوایە. چەندین ساڵە هاوار دەکەین و کەس گوێمان لێڕاناگرێ. ئێمە ئێستە خەریکی ئەوەین ناوەندێکی پاراستن و کۆپیکردنەوەی بەڵگەنامەسازی لەئەوروپا دابمەزرێنین و ناوەندەکە بنکەی سەرەکی لەئەوروپا دەبێت و دەکۆمێنتەکان لەوێ لەبەر دەستی کورد خۆی دەپارێزرێن، بەڵام لەهەمان کات لەکوردستانیشدا ناوەندێکی دەبێت بۆ وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەو دەکۆمێنت و بەڵگەنامانەی بەردەستیاندەخەین جا بەهەر زمانێك بێت. ئەم پرۆژەیە زۆر درەنگە، بەڵام هەر لەدایك بێت پێم وایە کەلێنێکی گەورە پڕدەکاتەوە، بەڵێ هەردوو حکومەتی کوردستان لەمڕووەوە زۆر کەمتەرخەمن. بەرپرسەکانی ئێمە ئامادەن بە ملیۆنەها دۆلار لە ڤیستیڤاڵێکی بێمانا سەرفبکەن کە رەنگە هەر تەنیا ریکلامێکی زۆر کاڵی حیزبیی بێت کەچی، ئامادەنین تاکە دۆلارێك لەکۆپیکردنەوەی بەڵگەنامەیەك سەرفبکەن. حکومەتەکانی ئێمە ئەگەر پرۆژەی مانگا کرینیان پێشکەش بکەیت، چۆن مانگا زل و زەلامە و هەم شیری هەیەو هەم قۆچیشی هەیەو زۆر بەئاسانی بەچاو دەبینرێ، چەند پارەی تێبچێ ئامادەن دەیدەن و پشتیوانیشی لێدەکەن، بەڵام لەو بڕوایەدانیم پارە بۆ پرۆژەیەکی دەکۆمێنتکاری بەخەرج بدەن کە نەشیری هەس و نە قۆچ. بەرپرسی کورد هێشتا زۆری ماوە لە دۆکۆمێنت و کاری بەڵگەنامەیی بگات. برادەری خۆشەویست ئێمە هەر بەراستی مێژوومان ونە و هەر پارچەی لە حەشارگەیەکەوە شاردراوەتەوە، بۆیە ناچارین و قەدەری ئێمە وابووە مێژووی ئێمە هەر ئیتنۆمێژووە، واتە مێژوویێك کە تەنیا لەرێگەی بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتی خەڵکی دیکە دەنووسرێتەوە. بەراستی ئێمە نەتەوەیەکی زۆر نامۆین بەهەموو شتێك، بڕوام پێبکە زێدەرۆیی ناکەم، ئێمە هەتا بەخۆشمان نامۆین و (هەر بەراستی میللەتێکی بێ دەفتەر و قەڵەمین).

**- ماوەیەکە لەدەرەوەن، کارنامەی پێش دکتۆراتان لەبارەی چی بوو و کەی تەواوبوو. دیارە هەنووکەش خەریکی کارنامەی دکتۆران، لەبارەی چییەو چیتان بۆ کردووەو ئاستەنگی چین؟**

* کارنامەی پێش دکتۆرام بەفرانسی پێی دەڵێن D.E.A -رەنگە بەرانبەر ماجستێری لای خۆمان بوەستێ بە کەمێك جیاوازییەوە- تایبەت بوو بەکوردستان و کێشەی سنووری عوسمان-فارسی کە دواتر کردمە کوردی و بەسوپاسەوە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی بۆیان بڵاوکردمەوەو دواتریش وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی و لەگۆواری گولان

العربی بەیەك دونیا هەڵەی چاپەوە بلاوکرایەوە کە هەڵەکان هێندە زۆرن هەر شەرمدەکەم بڵێم ئەم کتێبە هی منە، کە زۆر بەهیوام رۆژێك بتوانم عەرەبییەکەی بەدروستی لەکتێبێکدا بلاوبکەمەوە. ئێستە ماوەی پێنج ساڵی خوێندنە (دیارە ساڵی خوێندن لەگەڵ ساڵی ئاسایی جیاوازی هەیە) خەریکی کارنامەی دکتۆرام و ئەگەر ناونیشانەکەی بکەمە کوردی رەنگە تەواو ئەمە بێت (ئیمپراتۆریا، خێڵ و سنوور: کوردستان و کێشەی سنووری تورکی-فارسی ١٨٤٣-١٩٣٢) ئێستە لەقۆناغی تەواو بووندایە و نووسینەوەی تەواو بووەو بەهیوام دواتر دەرفەتم ببێ و لەبەرنامەمدایە بێدواکەوتن بیکەمە کوردی و بلاوی بکەمەوە.

راستییەکەی ئاستەنگم یەکجار زۆربوون و یەکەمین کێشەم ئەوەبوو هیچ کتێبێك نە بەزمانە ئەوروپییەکان و نە بەزمانە رۆژهەلاتییەکان لەبارەی ئەم باسەوە لەبەردەستدا نەبوو تا تۆزێك رێنوێنم بکات و هەر هیچ نەبێ تۆزێك رێگەی هەموارم بۆ تەخت بکات. بڕوابکە زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم باسەکە هێندە سەخت بوو کە تا شەش مانگێك زیاتریش هەر جورئەتم نەدەکرد دەست بدەمە قەڵەم. با ئەو باسە لێبگەڕێین تا خوێنەدواران بە کوردی دەیخوێننەوە، کە زۆر بەهیوام وا دوانەکەوێ.

**- وەك لێکۆڵەرەوەیەك لەم دواییانەدا چەند کتێبێکتان دەرچووە، شتی تازەشن، مایەی دەستخۆشییە، ئەو کارانەتان چۆن کردووەو چیتان ماوە؟**

* زۆر سوپاس بۆ ئەم رێزلێنانەت، من وا ماوەی پێنج تا شەش ساڵ زیاترە تەنیا لەناو ئەرشیڤخانەکانی پاریس و لەندەن کاردەکەم و لەهەردوو وڵاتیشدا هەر زیاتر لەسەر بەڵگەنامە فرانسییەکان کاردەکەم. تەنیا لەلەندەن یەك دونیا دۆکۆمێنتی فرانسی لێیە کە هیچ کەس لەو کوردانەی سەردانیان کردوون یا بەلایاندا نەچوون یان نەیانبینیوە، رەنگە هۆیەکەشی لەبەر ئەوەبووبێن ئەوان بەدوای دەکۆمێنتی ئینگلیزی گەڕابن تا فرانسی. لێرە لە فرانسا بڕوا بکەن بایی دەیان و دەیان کتێب کەرەسەو ماتریالیم کۆپیکردوون و زۆر بەپەلەم ئەوەندە کاتم ببێ تەواویان بکەم و بلاویان بکەمەوە. ئەگەر بوارم ببێ دەیان پرۆژەی مێژوویم بەدەستەوەیە ئەگەر وەلامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە چیتان ماوە پێم وایە وەلامەکەی ئەوەبێ هێشتا گەلێك شت ماوە کەبەهیوام تەواویان بکەم.

**- ئەوەی جێی سەرنجە لای ئێمە داکۆکی بێ ئەندازەتانە لەرێنووسی ئێستای باشووری کوردستان و رەتکردنەوەی لاتینی بوو... بۆچی؟**

* پێم وایە وەلامی ئەم پرسیارەم لەو گوتارەمدا داوەتەوە کە لەژمارە یەکی (کوردناسی)دا بلاوکراوەتەوە، بۆیە حەزناکەم شتەکان دووبارە بکەمەوە، بەلام ئەو دەرفەتە دەقۆزمەوە تا بڵێم بەلاتینیزەکردنی ئەلفبێی کوردی یەکێکە لەو هەڵە گەورانەی کە ئەگەر کورد کارێکی لەم چەشنە بکات دەبێ تا ماوە باجی ئەم سیاسەتە هەڵەیەی خۆی بدات. بەداخەوە ئەو بەڕێزانەی داوای بەلاتینیزەکردنی ئەلفبێی کوردی دەکەن خوێندنەوەیەکی رەسەن و رۆژهەلاتیانە نییەو بەدوای ئەو رۆژئاوا زەدەگییە کەوتوون کە لەوەتای دەورانی حاجی قادری کۆییەوە وەك مێلکەیەکی پیسبوو هیچی لیوەشینەبووە.

بەکورتی بەلاتینیزەکردنی ئەلفبێی کوردی یەك دونیا کێشەمان بۆ دروستدەکات کە رەنگە نەقۆلاترینیان ئەوەبێ کێشەی نووسین بەجۆرێك و خوێندنەوە بەجۆرێکی دیکە بێت. ئێمە لەزمانی کوردیدا یەك دونیا پیت و وشەمان هەن کە دەکرێ بەلاتینی بنووسرێن وەك چۆن دەکرێ کوردی بەئەلفبێی چینیش بنووسین، بەلام دڵنیابە ئەم نووسینانە هەرگیز ناتوانن دەنگی راستەقینەی کوردیی وشەکان گۆبکەن. جگە لەوە ئەی دابڕانە کەلتوورییەکە لەمێژووی ناوچەکە، بۆیە تکا لەهەموو لایەك دەکەم و ئەرکی نووسەرانە هەڵوێست وەربگرن و بەر لەم

بەکەمالیزمیکردنــەی ئــەلفبێی کــوردی بگــرن، دەنــا دوایی زۆر درەنگە.

**–حەزدەکەن باسی چیدیکە بکەن، ئازادن؟**

* ئەگەر بەحەزبێ حەزدەکـەم زۆر شـت بڵـێم، رەنگـە ئەوەی لەهەموو شت بەلامەوە گرینگترە ئەوەیە باکار بـۆ دروسـتکردنی نەتـەوەی کـورد بکـەین، کـە دەڵـێم دروستکردنی نەتەوەی کورد مەبەسـتم دروسـتکردنی نەتـــەوەی کـــوردە لـــەرووی سیاســـییەوە نـــەك مێژوویـیەوە، زەمـەن زۆر خێـرا دەڕوا و کاروانەکـە تـا دێ تیژڕەو تر دەبێت. ئـەم سـەردەمە هێنـدە خێرایـە جێگەی نەتەوەی زەینکوێری تێدا نابێتەوە. کاکی برا نەتەوە بە کتێب دروست دەکرێت، دەوڵـەت بەئـەقڵ بەڕێوەدەبرێ. پێم وایە کاتی ئەوە هـاتووە بـەخۆمان دابچینەوەو کەمێك لەو ئیماژە درۆزنانـە دەربـچین کـە لەسەر خۆمان هەمانـە وەك نەتـەوە. کاکـە بەداخـەوە کورد ئەوەی پێی دەڵێن مەخزونی سـەقافی نـەك هـەر زۆر هـەژارە، بەڵکـە مـن گومـان دەکـەم لەسـەر رووی زەوی نەتەوەیەك لە رووی کولتوورەوە لـەکورد کڵۆڵ تر هەبێت.

هەموو کتێبخانەی کوردی بگـەڕێی بـڕوا ناکـەم لـە چوار هەزار ناونیشان کتێب زیاتر ببینیتەوە کە رەنگە نیوەی زیاتری خەوننامـەو ئینجیلنامـە و مەولودنامـەو بزنۆکەو مەڕۆکە بێت.

بەرپرسـەکانی ئێمـە چـاویان دەرهێنـاوین هێنـدە باسـی دیمۆکراسـی کـوردی بکـەن، لەکاتێکدا رەنگـە ئەوەی گوناه بێت لەم ولاتەی ئێمە دیمۆکراسی بێـت. مـن زۆر رەشـبینم و پـێم وانییـە دەسـەلاتی کـوردی لەدەسەلاتی ئەردەن و سوریاو ولاتـانی دیکـەی دەرو دراوسـێ دیمۆکراسـی تـر بێـت، ئەگـەر نادیمۆکراسـی تــریش نــەبێت. ئێمــە کۆڵەگەیــەکی زۆر بــەهێزی کۆمەڵگـەی خێڵـەکیمان هەیـەو لەسـەر مـەخزونێکی سەقافی تا دوا رادە هەژارو ئیکسپایەر بوو دەمانـەوێ کۆمەڵگـەی مــەدەنی دابمــەزرێنین، ئــەم مەخزونــە ســەقافییەی کۆمەڵگــەی ئێمــە نەوەیــەکی بــێ کولتوورمــان بــۆ پــەروەردە دەکــات کــە هــیچ ناسنامەیەکی نیشتمانی نابێت و کێ بیـەوێ دەتـوانێ بۆخۆی بیکڕێ. سـێ سـاڵ و نیـو زیـاتر بـەر لەئێسـتە گەڕامـەوە کوردسـتان خـەڵك هـەژارتر بـوون، بـەلام وا هێنـدە کۆشـکی شـتە جوانـەکان نـەروخا بـوو وەك ئـەوەی ئێـستا بینـیم، لەکوردسـتان ئاوەدانکردنـەوە زۆرە، بەلام بەداخـەو کـەس ئـەوەی بەبیرنایـەت ئـەی جوانی ئاوەدانکردنـەوە وەربگرن، خۆزگـە بـەر لـەوە حکومـەت هەوڵیـدەدا رۆحـی خەڵکـە ئاوەدانبکاتـەوە تــاکوو هــەم نیـشتمانێکی ئــاوەدان و هــەم رۆحێکــی ئاوەدانیشمان هەبێ، قسە زۆرە، بـەلام بـا درێـژداری نەکەم و زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە.

# دۆسیێی "رۆژی کورد"

لەساڵی ١٩٨١ بوو، جەمال خەزنەدار هەرسێ ژمارەی (١، ٢، ٣)ی "**رۆژی کورد**"ی لەچاپ دایەوە، ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارەی کۆمەڵەی هێوی کورد، لەوساوە تاوەکو ئەم دواییانە زۆر هەڤپەیڤین و دانوستانی لەسەر ناوەڕۆکەکەی کرا، گەنگەشەکان زۆر لایەنی بلاوکراوەکەی هەر لەبارەی ساخکردنەوەی کامە یەکەم چیرۆکی کوردییە؟ تاوەکو مێژوو و ئەدەب و وەرگێڕانیشی گرتەوە.

ئەوە جگە لەوەی مشت و مڕ لەسەر دەرچوونی چوارەم ژمارەی گۆڤارەکەش زۆر کرا، هەبوو پێی وابوو ئەم ژمارە دەرنەچووەو چوارەم ژمارەی بەناوی "**هەتاوی کورد**"ەوە بووە، هەشبوو پێی وابوو ئەم ژمارەیەی بەژمارە (١) و بەناوی "**هەتاوی کورد**"ەوە بووە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە کەسێك زانیاری راست و دروستی لەسەر نەدابوو، لەوانەیە لایەنە رۆژنامەنووسییەکەی ئەم گۆڤارە کەمتر لای لێ کرابێتەوە، بەم دواییانە کاتی گۆڤارەکە لەلایەن "**بنکەی ژین**"ەوە بەهەر چوار ژمارەیەوە، لەگەڵ هێنانە سەر رێنووسی نوێ و وەرگێڕانی دەقە تورکییەکان لەسلێمانی چاپ و بلاوکرایەوە، زۆر بەڵێنمان لەرۆژنامەنووس و تۆژەران وەرگرت تا مەلەفێکی تێرو تەسەلی لەسەر بلاوبکەینەوە، بەداخەوە لەئەمڕۆی سەردەمی جەنجاڵی تەکنۆلۆژیای نوێ و عەولەمەدا هەر کوردێکی ئاماژەی بۆ دەکەی و دەستنیشانی دەکەی هەر یەکەی چوار پێنج کاری لاوەکی هەیەو ناپەڕژێتە سەر ئەم جۆرە بابەتەو تەنانەت وەکو دەڵێن: ناتوانی سەری خۆیشی بخورێنێ، بۆیە گفت و بەڵێنەکان هیچیان بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان نەهاتنەدی، تا ئەو برادەرانەی دیکەمان ماوەیان دەبێت و ئێمە ئەوسێ بابەتەی لەبەردەست بوو و تایپمان کردبوو حەزمان نەکرد نووسەرەکانی بخەینە بەر ناخۆشی چاوەڕێ کردن، دیارە بابەتەکان دووانیان بۆ گۆڤارەکەی ئێمە ناردرابوو، ئەوەکەی دیکەشیان لەبلاوکراوەیەکی دیکە بلاوکرابۆوە لەپەراوێزەکەی دیارکراوە. نووسەرەکەی دووبارە پێیدا چۆتەوەو هەڵەبژێری تێدا کردووە، بەئومێدین لەژمارەکانی داهاتوو زێتر لەسەر ئەم گۆڤارە بخوێننەوە.

رۆژنامەنووس

# زەنگەنەو رۆژی کورد

د.سەلاح محەمەد سەلیم هروری

پەرتوکا (**رۆژی کورد، گۆڤاری جڤاتی "هێڤی"ی قوتابیانی کورد ١٩١٣–ئەستەموول**)، بەرهەمەکە ژ بەرهەمێن برایێ هێژا **"عەبدوللا زەنگەنە"**ی، وەکی ئەزیێ ئاگەهدارم زەنگەنە ژ مێژەوەرە مژیلی ڤی بەرهەمیە، و بێ گومان کا دڤێ پەرتوکێ دا کارەکێ گەلەك ب زەحمەت و ب ئاستەنگ بوو، چونکە رۆژی کورد وەك کوڤار ژ دوو بەشان پێکدهات بەشێ زمانێ کوردی و بەشێ زمانێ تورکی، و زەنگەنە ی ب رێیا چەند هێژایان بابەتێن بەشێ تورکی بۆ سەر زمانێ کوردی وەرگێڕنە، و ب هزرا من ئەڤە باشترین خزمەتە بو دیروکا رەوشەنبیریا کوردی هاتیە کرن، نەخاسمە کو لڤی دەمی مە لاوازی د ەباتا وەرگێڕانا بەرهەمێن نڤیسەرو رەوشەنبیرێن کورد بۆ سەر زمانێ کوردی هەیە، وەکی ئەم دزانین کو گەلەك ژ نڤیسەرێن کورد ل دەسپێکا سەدێ بیستێ بەرهەمێن خوە خوە ب تورکی دنڤیسین.

ژ ناڤەرۆکا پەرتوکێ دیارە کو کارەکێ مەزن هاتیە کرن و هەتا ڤێ پەرتوکێ روناهی دیتی، و ژبەر ڤێ یەکێ ژی ئەز ل وێ باوەرێ مە کو پەرتوکخانا کوردی ب ڤێ پەرتوکێ دی زنگینتر و ب رەوشتر بکەڤیت.

خودانێ پەرتوکێ یان بێژین یێ پەرتوك ئامەدە و ڤەکولین ل سەر کری، نڤیسەر و ڤەکولەرەکێ ب زاف و شیانەو من زەنگەنە ژ مێژ نینە نیاسی، دبیت بەری دوو سالا بیت، دەمێ ئەز قوتابیێ دوکتۆراییێ، ب رێکا چەند برادەران من ئەو نیاسی بیت. ل رۆژا ئێکێ من زەنگەنە دیتی کە گەنگەشەکا دویر و درێژی ل سەر هندەك بابەتێن گرێدایی ب دیروکا رۆژنامەڤانیا کوردی ڤەکر، و دناڤبەرا گەنگەشێ دا زەنگەنە وەکو زرکێتکێ دناڤ بەرێن کوپیکری کو ل ژورا وی درێزکری بوون دهات و دچوو، دەمێ ئەم دگەهشتینە بابەتەکی دا بێژیت ئەڤ بابەتە درۆژناما دا هاتیە بەلاڤکرن یان ئەڤ بابەتە دڤێ رۆژنامێ یان دڤێ پەرتوکێ دا (ویێ کوپیکری بوو) هاتیە بەحس کرن ودا وی بابەتی دانیتە بەرچاڤێن مرۆڤی. من گوتە خو ب خودێ ڤی خیرەتەکا مەزن یا هەیی، چەوان ئەڤ بابەتەنە هەمی ل خوە کومکرینەو ل بەر گەنگەشی ژی هەمی د ئامادەنە.


پشترە هەڤنیاسینا مە ب خورت لێ هات، و هەتا نوکە ژی بەرهەمێن خوە بو من ب سوپاسی ڤە دهنێریت.

پەرتوکا (**رۆژی کورد–١٩١٣**) زنجیرا بەلاڤۆکێن دەزگەهێ **"ژین"**ە، بێ گومان ڤی بنگەهی ژی خو ژبو بلاڤکرنا رۆژنامەگەریی و رەوشەنبیریا کوردی تەرخانکریە، ب تایبەتی کارێ مامۆستا رەفیق سالحی دڤی بواری دا ئاشکراو بەرچاڤە، دەرکەتنا ڤێ پەرتوکێ ل نڤیسەرو دەزگەهێ ژین بیروزبیت و نەخشەی بەرهەمێن ب مفاتر.

کارەکێ مینا ڤێ پەرتوکێ بی هندەك خالێن لاوازیێ نابیت، و دەستنیشانکرنا ڤان خالان بهایێ پەرتوکێ کێم ناکەت، و خالێن من دەستنیشانکرین رەنگە زەنگەنە ل گەل من بیت و یێن دی ژی دبیت

بڕێکا ڤان گەنگەشا ئەم بگەهین بەرسڤێن راست و دروست، کو مەبەستا مە هەردوویان دیارکرنا پێزانییێن بەرزە نەبێن ل دور هەمی ئالێن دیروکا کوردی هاتینە نڤیسین.

خالێن من دڤیا ل گەل زەنگەنەی گەنگەشە بکەم ئەڤێن ل خوارێ نە:




١- ناڤێ پەرتوکێ:

سەبارەت ناڤونیشانێ پەرتوکێ کو ب شێوێ (**رۆژی کورد**) هاتیە نڤیسین، ب هزرا من ناڤێ هەر کوڤارەکێ یا رۆژنامەکێ وەکو خو دهێتە نڤیسین یان ئەگەر بهێتە گهورین ناڤی دروست دناڤ دوو گڤان دا ب دروستی دهێتە نڤیسین، و ناڤێ گوڤارێ ل سەر بەرگێ ئێکێ ب شێوێ (**رۆژ کورد**) هاتیە نڤیسین. دیسان شنوێ ریزکرنا ناڤێ پەرتوکی ل سەر بەرگێ پەرتوکێ و لاپەرێ ئێکێ یێ پەرتوکێ نە ئێکن، لسەر بەرگی بڤی رەنگی یە (**رۆژی کورد، گۆڤاری جڤاتی "هێڤی"ی قوتابیانی کورد ١٩١٣-ئەستەموول**) و ل سەر لاپەرێ ئێکێ ژ پەرتوکێ بڤێ رەنگی هاتیە (**رۆژی کورد "١٩١٣، ئەستەموول" گۆڤاری جڤاتی "هێڤی"ی قوتابیانی کورد**). ئەم نزانین ئەوا لسەر بەرگی هاتیە نڤیسین یان لەسەر لاپەرێ ئێکی ناڤ و نیشانێن پەرتوکێ نە.




٢- پێشەکیا پەرتوکێ:

ئاکشرایە کو پێشەکی یا هەر پەرتوکەکێ و ل دویڤ داخوازیا خودانێ پەرتوکێ مامۆستایەکێ تایبەتمەند دنڤیسیت، و د. ئیسماعیل شوکر ژی مامۆستایی دیروکا کوردی یا نوی و هەڤچەرخە ل زانکویا سەلاحەددین، پێشەکییەك رێکوپێك نڤیسیە، لێ خالا سەرنج راکێش ئەوە کو زەنگەنەی پێشەکیەکا دی لەبەر روناهیا پێشەکیا دکتۆر ئیسماعیل نڤیسە، وەسا دیارە کو پێشەکیێن ب ڤی رەنگی ل دویمهایێ دهێتە نڤسین ئانکو ل قوناغا دویماهیا پەرتوکێ

دهێتە نڤیسین، لڤێرێ زەنگەنەیی ل سەر پێشەکیا دکتوری بابەتەکێ نوی ئاڤاکریەو بیروبوچوونێن خوە جارەکا دی دیارکرینە. ئەز وەك خویندەڤان ڤێ چەند ب زەحمەتییێ دزانم یان ئەز نەدشیام هزرو بیرێن جودا یێن زەنگەنەی و د.ئیسماعیلی ب خوشی بخوینم چونکە من دڤیا پێزانینێن نوی ل دور ڤی گۆڤارێ بخوینم نەك گەنگەشا دناڤبەرا هەردوو بەرێزان.

**٣- ژێدەرێن پەرتوکێ:**

ب هزرا من زەنگەنە بهەلبژارتنا ئینانا ژێدەرێن رەسەن ب ڤی بابەتی ب سەرنەکەتیە، نموونە ل لاپەرێ (٥٨) دەمێ بەحسێ هەڤرکیا دناڤبەرا هەردوو دەولەتان دا (**ئوسمانی و ئیرانی**) و کارتێکرنا ڤێ هەڤرکییێ ل سەر کوردا دکەت، پالپشتا خوە ب ژێدەرێن تایبەت ب بابەتێ ڤە نەکرینە، وەکی ئەم دزانین کو د.سعدی عوسمان حسین دناما خو یا ماستەرێ دا ب رەنگەکێ باش ئەڤ بابەتە بەحس کریە. نموونەکا دی کو ل دور بەلاڤبوونا هزرا نەتەوایەتی ل جەم کوردان و قوناغێن ڤێ چەندێ دیسان زەنگەنەی ژێدەرێن باش بکار نەئینانە و ل دور کومەلا هیڤی و روژی کورد دیسان زەنگنەی ژێدەرێن باش بکار نەئینانە و ل دور کومەلا هیڤی و روژی کورد دیسان زەنگەنەی گەلەك پالپشتیا خوە نڤیسینا جەلیلێ جەلیل (**نهظة الأكراد**) نەکریەو ب تنێ ل لاپەری (٧١) هامش (٤١) بکارئینایە. وەکی ئەم دزانین کو نڤیسینا جەلیلی یا ناڤبری نڤیسینەك باشە ل وەختەکێ هاتیە کو پێزانینا مە ل دور بابەتێ هیڤی گەلەك دکێم بوون.

**٤- ناڤەروکا پەرتوکێ:**

ناڤەروکا بابەتێن گۆڤارا روژی کورد، جهێ خوە دناڤ ڤێ پەرتوکێ دا نەکریە، ب هزرا بەحسێ ناڤەروکا بابەتێن گۆڤارێ کارەکێ ئاسان و بێ زەحمەت بوو، چونکە بابەتێن تورکی ب زمانێ کوردی هاتیە وەرگێران، و بەحسکرنا ناڤەرۆکێ دا سەروسیمایەکێ نوی ددەتە گۆڤارێ، مینا وان بابەتان یێن جهێ خوە دناڤ گۆڤارێ دا کرین ئەڤە بوون:

- بابەتێن سیاسی.
- بابەتێن گرێدایی ب ئاستێ زانینێ و بەلاڤکرنا وێ ل کوردستانێ.
- بابەتێن نەتەوێ.
- بابەتێن دیروکی.
- بابەتێن جڤاکی ژ وان بابەتێن گرێدایی ب پەیوەندییێن کوردو ئەرمەنان ڤە. و نموونا ڤە بابەتێ (**دەما کالێ مە، چاخا مە، دەماتێ**) (ژ١) کو ئەڤ بابەتە یێ تایبەت ب هەڤبەندییێن کوردو ئەرمەنا ڤەو خودانێ بابەتی دیار کریە کو هەڤبەندییێن دناڤبەرا کوردو ئەرمەنان هەڤبەندییێن دیروکی بوون، و دەولەتا ئوسمانی رێك ل ڤان هەڤبەندیا کرتیە.
- بابەتێن گرێدایی ب دانانا ئەلف و بێیا کوردی کو جهێ گرنگی گۆڤارێ بوو.
- بابەتێن ئەدەبی.

دگەل ڤان بابەتان هنەك بابەتێن دی دگۆڤارێ دا هاتیە بەحس کرن کو بو سالا ١٩١٣ بابەتێن گرنگ بوون، و ئاستێ رەوشەنبیریا کوردی یا وی سەردەمی دیارو ئاشکرا دکەت.

بەلێ دگەل ڤان خالێن مە دەستنیشانکرین، ئەم جارەکا دی دبێژین کو زەحمەتا زەنگەنەی دبەر ئاڤێ دا نەچوویە، و پەرتووکا وی دێ جهێ ناڤ پەرتوکخانا کوردی دا کەت، بەلکو دێ بیتە جهێ مفا وەرگرتنا ڤەکولەرێن دڤی بواری دا کاربکەن.

●



روژکرد

صاحب امتیاز و مدیر مسئول : عبدالکریم

عدد : ٣

تاریخ تأسیس : غرۂ رجب ١٣٣١

ژمار : ٣

١١ رمضان سنه ١٣٣١ — شیمدیلك آیده بر نشر اولونور — ١ اغستوس سنه ١٣٢٩

بدرخانی مرحوم حسین کنعان پاشا

# ساخكرنا (رۆژكرد)

# شادكرنا گیانێ پێشەنگێن رۆژنامەڤانیا كوردی یە

**ئیسماعیل بادی**

كاركرن ل دۆر ساخكرنا رۆژنامەو كۆڤارێن كوردی یێن كو بەری پتر ژ سەدەیەكێ دەركەفتین، كارەكێ ئێجكار ب ماندیبوون و وەستیانە، لێ هندی بێژی كارەكێ ب مفاو ئەركەكێ نەتەوەیی ژی یە. زێدەباری هندێ دڤێت ژ بیر نەكەین كو ئەڤ كارە ب ملێن هەمی نڤیسەران و رۆژنامەڤانان ڤە ناهێت و شاسوارێن ڤێ رێبازێ ژی دنیاسن و هەر ئەو دزانن چەند ماندیبوون پێ دڤێت.

ل ڤێ داویێ پەرتۆكا **(رۆژی كورد/ ١٩١٣، ئەستەموول–گۆڤاری جڤاتا "هێڤی"ی قوتابیانی كورد)** كو نڤیسەر و رۆژنامەڤانێ چەلەنگ **(عەبدوللا زەنگەنە)** ئامادەكریەو ب درێژی ڤەكۆلێن ل دۆر ئەنجامدایە، ژ لایێ **(بنكەی ژین)** ل باژارێ سلێمانیێ هاتیە چاپكرن.

ئەڤ پەرتوكە، نڤیسەری ل سەر چەند پشكان لێكڤە كری یە. ژ بلی دیاری و سۆپاسی و پێشەكیەكا هەژی نڤسیەری و پەرتۆكی ژ لایێ هێژا **(د.ئیسماعیل شوكر)** ڤە هاتیە نڤیسین، پاشی پێشەكیەكا درێژتر ژ لایێ (زەنگەنە)ی ڤە هاتیە نڤیسین، كو ب راستی دڤان هەردوو پێشەكیان دا بەرچاڤ دبیت خالێ

(زەنگەنە) چەند وەستیان پێڤە خوارینە، لێ بۆ وی د پەیداکرنا هەر پێزانینەکێدا، هەر وەك گەوهەرەك دیتی و خوزی مە هەمیان وەك وی ئەز حەزو ڤیان و شیان هەبان، کو جهێ دلخۆشی و دەستخۆشیێ نە.

پشتی پێشەکیان، دبەرپەرێ (٥٧)ێدا نڤیسەرێ ل دۆر(هێڤی) و (رۆژی کورد) نڤیسی یەو کا چەوان کۆمەلە هاتیە دانان و هزر د دەرێسخستنا کۆڤارێ دا کرییە.

ل دویڤدا، ڤەکۆلەری نڤیسەر و خودانێ ئیمتیازی داینە نیاسین، ئانکو هەر نڤیسەرەکێ بابەتەك د کۆڤارا (رۆژی کورد) دا بەلاڤکربیت، چەندەك ژ ژیانا وی دایە خویاکرن و هندەکان ژی (وێنە) دگەلدا هەنە.

دڤێ ڤەکۆلینەیا خوەدا، سەیدایێ مە (زەنگەنە) پشتی ماندیبوونەکا هویر و کویر و دویر کو هەر ژ سالا ١٩٧٨شەیدایێ ئەنجامدانا ڤی کاری بوویە ل دەمی (د.کەمال مەزهەر) بابەت و ل دۆر کۆڤارێ بەلاڤ کر.

ل دۆماهیا کاری خو (عەبدوللا زەنگەنە) گەهشتیە چەند خالێن جهێ باوەریێ پێ بینیت ژ وێ ڤەکۆلینەیا هویر وەك: کەسێن تێدا دنڤیسی و کار دکر، ژ رەوشەنبیرو رۆژنامەڤانێن خودان شیان بوینە. شارەزایەکا باش ل سەر کەلتوورو زمانێ نەتەوەیی یێ خۆ هەبوویە.

هەروەسا ژ بلی زمانێ کوردی، نڤیسەرێن کۆڤارێ ڤیایە بابەتێن گرنگ ب زمانێ تورکی ژی بێنە بەلاڤکرن، دگەل چەند خالێن دی یێن گرنگ کو هەتا خواندەڤان ڤێ پەرتۆکێ و کۆڤارا (رۆژی کورد) نەخوینین، گرنگیا وێ ناهێتە زانین.

## ژمارە (٤)

وەك یازانا کو تنێ هەتا بەری ڤێ پەرتۆکێ (٣) ژمارە هاتبوونە دیتن و چاپکرن ژ لایێ رۆژنامەڤان (جەمال خەزنەدار) ل سالا ١٩٨١ێ ل بەغدا، ئاخافتن هەبوون کو ژمارەیەك دیتر هەیە. جار ژی دگۆتن نەخێر بوویە (هتاوی کورد)، بەلێ (زەنگەنە) شیایە ڤێ خالا گرنگ، ب ساناهی بدەتە دەستێ مە و ژمارە (٤) دگەل هەر سێ هژمارێن دیتر، سەرو ژنوی دپەرتۆکێدا بدەتە چاپکرن. ژ بلی هندێ ژی هەمی بابەتان ژنوی ب رێنڤیسا کوردی یا نوکە چاپ بکەتەڤەو ئەو بابەتێن ب زمانێ تورکی ژی هاتینە نڤیسین، وەرگێریتە سەر زمانێ کوردی ب هاریکاری و پشتەڤانیا کۆمەکا شارەزا و بسپۆرێن زمانێ کوردی– تورکی. کو ناڤێ هەمیان دپەرتۆکێدایە، ل ڤێرە تشتێ سەرنج راکێش ل با (زەنگەنە)ی تەمەت سەرێ دەرزیکێ مفای ژ کەسەکی یان ژێدەرەکێ بکەت، مافێ وی ناخۆت و ئاماژەی پێ ددەت– بۆ پتر پێزانینان هەکە ل فەرۆزوو ژێدەرێن هاتینە بکارئینان بنێرین، ئەڤ چەندە دێ بۆمە خۆیا بیت.


**تشتێ سەرنج راکێش ل با (زەنگەنە)ی تەمەت سەرێ دەرزیکێ مفای ژ کەسەکی یان ژێدەرەکێ بکەت، مافێ وی ناخۆت و ئاماژەی پێ ددەت**

**چیرۆکا (چیرۆکا شەویش!):**

چیرۆکا هونەری یا کوردی، گەلەك دان و ستاندن ل دۆر هاتینەکرن، پشتی بەلاڤبوونا رۆژی کورد پتر کەڤتە بەر ڤەکۆلینێ کو (**چیرۆك**)ەك ب ناڤێ (**فوئادێ تەمۆ**) تێدابوو، چەوان دگۆتن (**رۆژی کورد**) هژمارەك مایە، وەسان ژی دگۆتن (**چیرۆکا شەویش**) ب داوی نەهاتیە، تنێ نڤیسەر کەریمێ بیانی ل وێ هزرێ بوو کو ئەوا د (**رۆژی کورد**)دا داویا وێ بوویە، پشتی دیتنا هژمارە (٤) ژ کۆڤارێ ئەڤ بۆچوونە ژی ب دوماهی هات و خۆیا بوو کۆ چیرۆك د هژمارا سێ دا ب دۆماهی هاتیە.

ل داوییێ دەست خۆشیێ ل رۆژنامەڤانێ چەلەنگ (**عەبدوللا زەنگەنە**) دکەین و دبێژین ئەڤ کارێ وی، دێ دەرگەهێ گەلەك ڤەکۆلینان ڤەکەت و پتر دێ راستی ئاشکرابن.

# رۆژی کورد*



**لێدوانی: ئازاد عوبێد ساڵح**

هەواڵنامەی کتێب

**ناوی کتێب:** رۆژی کورد، ١٩١٣، ئەستەمووڵ
**ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە:** عەبدوڵلا زەنگەنە
**پێشەکی:** د.ئیسماعیل شوکر
**چاپ و بلاوکردنەوە:** بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥

رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەکان، تۆمارێکی زیندووی واقیعی ئەو سەردەمە دەردەخەن کە تێیدا دەرچوون و سەرچاوەیەکی رەسەن و گرنگی نووسینەوەی مێژوون. بۆیە سۆراخکردن و سەرلەنوێ چاپکردنەوەیان کارێکی تابلێی نەتەوەیی مەزنە، بۆ ئەوەی تۆژەران و مێژوونووسان بتوانن لە کارەکانیاندا لەبەر دەستیان بێت و کەڵکی لێوەربگرن.

خۆشبەختانەش خەڵکانێکی دڵسۆزو کارامەی بەخۆوە خەریك کردووەو کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەزگای تایبەتی بۆ دابمەزرێت، لەو روانگەیەوە، لەچاپدانەوەی گۆڤاری **"رۆژی کورد"** جارێکی دیکە بەتەواوی ژمارەکانییەوەو ساخکردنەوەی هەندێ لایەنی کارێکی تا بلێی دانسقەیە.

دوا بەدوای ماندووبوونێکی بێ ئەندازەو لەخۆبوردنێکی زۆر، عەبدوڵلا زەنگەنەی خەمخۆری رۆژنامەو گۆڤارو هەر شتێکی کورد، توانی تەواوی هەر چوار ژمارەکەی **"رۆژی کورد"** چاپ و بلاوبکاتەوە، پاش ئەوەی کاتی خۆی جەمال خەزنەدار بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٨١، تەنیا سێ ژمارەی لێ بلاوکردەوە، کە بۆ ئەو رۆژە کارێکی نایاب بوو. ئەمرۆش عەبدوڵلا زەنگەنە، جارێکی دیکە چاومان بەهەر چوار ژمارەکە رووناك دەکاتەوە.

بێگومان پێداگری و پەرۆشی و لەخۆ بوردوویی ئەو پیاوە، ئەو گەوهەرە لەنرخ نەهاتووەی خستۆتە بەرچاو و دەستی هەمووان و بەمەش سەروەرییەکی بێ هاوتای رووناکبیری بۆ خۆی تۆمار کرد.

ئەو راستییانەی د. ئیسماعیل شوکر لەپێشەکیدا بەپێداگرتنەوە تۆماری کردوون، زۆر لەشوێنی خۆیەتی بۆ ئاگاداربوون لەکاری ئەوانەی بەو گیانە نەتەوەییە بەرزەو بەبێ هەڵپەو خۆڕانان و سینگ دەرخستن کاری مەزن دەکەن، چ بۆهاندانی خەڵکانی دیکەو چ بۆ تۆمارکردنی راستییەکان و دیارکردن و خستنە بەرچاوی ماندووبوونی خەڵکی دڵسۆز و ماندوو وەك مافی خۆیان.

**"رۆژی کورد، ئەستەمووڵ، (ئەستەنبۆڵ راسترە- ئازاد)، گۆڤارێکی جڤاتی هێڤی-ی قوتابیان کورد، سەرەتا پێشکێشی بەڕێزان: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، د.مارف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار، کەمال رەئووف محەمەد، سدیق ساڵح، کراوە"** کە هەر

هەموویان ناوی دیارو خەمخۆرو پەرۆشی کەلەپوورو بەڵگەنامەو رووناکبیری کوردین و جێ پەنجەیان بە ئاسمانی رووناکبیری نەتەوەکەمانەوە دەدرەوشێنەوە.. لەدامێنی ئەو پێشکێش کردنەش ئەم دەستەواژەیە نووسراوە:

**(دژە تەوەر) و (دژە بۆچوون)ەکانی ئەو بەڕێزانە نەبوایە لەوانەیە ئەم کتێبە بەرهەم نەهاتبایە.**

ئینجا **"سوپاس و پێزانین"**ی ئەو کەسانەی کردووە کە دەستیان لەهاتنە دنیای ئەو کتێبەدا هەبووەو کۆمەڵە ناوێکن، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە لەگەڵ ناوی **"ئەو برادەرانە..."** ناوی **(حاجی رەحیمە خەلیفە مەلازادە)**ی هاوسەری کاك عەبدوڵڵاو خوشکی گەورەمان هاتووە، کە دەبوا یان بەجیا بوایە یان ئەو وشەیەی **"ئەو برادەرانە..."**ی بەرانبەر ناوەکەی ئەم لابردبایە.

د. ئیسماعیل شوکر مامۆستای مێژوو، لە **"پێشەکی"**دا باسی عەبدوڵڵا زەنگەنە دەکات، وەك رووناکبیرێکی خەمخۆری نەتەوەکەی و هەندێ لەو کارانەی بەسەر دەکاتەوە کە کردوونی، تا چەند بۆ دنیای رووناکبیری کوردی و مێژوو و رۆژنامەوانی گرنگ و بایەخدارن. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ هەڵوێستی شایانی زەنگەنە دەردەخات، کە چ قوربانییەکی داوە لەپێناو کەلەپووری رووناکبیری نەتەوەکەمان.

لەئاماژەیەکیدا لەسەر زاری مێژوونووسی کورد د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. ئیسماعیل شوکر دەڵێت: **(کە چوویەوە عەبدوڵڵا زەنگەنە ببینەو لەجیاتی من دوو ماچی لێ بکەو پێی بڵێ ئەو کە ئاوەها لە "ژیانەوە" و "ژیان" گەیشتووە چەند رۆژێکی تر دەستنووسی کتێبەکەی لەگەڵ ئەو "پێشەکی"یەی داوای لێکردبووم بۆ دەنێرمەوە، ئەوە ئەو لەهەولێر دانیشتووە ئەگینا دەبێ بەزیندوێتی پەیکەری بۆ بکرێت، توخوا زۆر ئاگات لێی بێت،. دەزانی بۆ پێشەکی کتێبێکی داوای چ مەرجی لێ کردووم؟)**

بێگومان ئەگەر ئەوە پەسنی دکتۆر کەمال بێت لەسەر **"ژیانەوە"**، ئەدی بۆ کارەکانی دیکەی و بەتایبەتیش ئەو **"رۆژی کورد"**ەو ئەوانەی داهاتوو.. دەبێ چی بڵێت.!

دوابەدوای ئەو پێشەکییە کورتەی د. ئیسماعیل کە وەك خۆی دەڵێت: ((**کەوتۆتە کاتی تاقیکردنەوەی قوتابیانی زانکۆ و باری تەندروستیشی تۆزێك نالەبار بوو، بۆیە لەرووی بابەتی زانستییەوە، نەپەرژاومەتە سەر هەڵسەنگاندنی تەواوی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە، لە بنەڕەتیشدا کارەکەی کاك عەبدوڵڵا زەنگەنە ئەوەندە مەزنە کە ناتوانرێ و ناکرێ لەکاتی نووسین و لێکۆڵینەوە لەمێژووی کورد لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری، کە دەکرێ چەندین بڕوانامەی بۆ پلەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر وەربگیرێ، نەگەڕێینەوە سەری بۆیە ئەم لایەنەیان لێدەگەڕێین بۆ دەرفەتێکی دیکە**)).

بەدووی پێشەکییەکەی **"د. ئیسماعیل شوکر"**دا، کاك عەبدوڵڵا خۆی وتارێکی نووسیوەو ئاماژە بەبایەخی ململانێ و کێبڕکێ لەژیانی مرۆڤدا دەکات و پێی وایە کەکاری دژە تەوەر، مرۆڤ بەرەو هەواری مەبەست دەبات.

لێرەدا باسی هەموو ئەوانە دەکات کە باسی گۆڤاری **"رۆژی کورد"**یان کردووە. هەر لە د. کەمال مەزهەرو د. جەلیلێ جەلیل و د. مارف خەزنەدارو جەمال خەزنەدارو خوردکردنەوەی ڕاو سەرنجەکانیان لەمەڕ ژمارەکانی **"رۆژی کورد"** کە سەرەتا بەسێ ژمارە دانرابوو.

پاشان نووسەر دێتە سەر ساخکردنەوەی ناوی خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرسی **"رۆژی کورد"**، **(عەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵڵای کەرکوکی زادەی خەڵکی سلێمانی)**، کە وەك دەزانین گرێ کوێرەیەکی زۆر ئاڵۆز بوو، کە تا ماوەیەکی نزیك لەنێو رووناکبیران و مێژوونوسانی رۆژنامەوانیی کوردی واباو بوو کە **(کەریم رۆستەم، کەریم شالووم)**ە.

لەچیرۆکی دۆزینەوەی ژمارەکانی **"رۆژی کورد"** بەرێکەوت لەماڵی د. ئیسماعیل شوکر بەژمارە چواریشەوە، کە ئەو بۆ **"دەنگی گێتی ی تازە"** چووبووە لای، کەچی هەر چوار ژمارەی **"رۆژی**

کورد"ی دەکەوێتە بەردەست و چۆن پێیەوە شاگەشکە بووەو وەك ئەوەی گەوهەرێکی دۆزیبێتەوە، سەربردەکەی دەگێڕێتەوە.

ئەو دۆزینەوە رایدەکێشێتە سەر ئەوەی پاش چەندین پێشنیازو بەڵێن و گفت لەگەڵ د. ئیسماعیل بەیەکەوە کاری لەسەر بکەن، بەڵام پاش چاوەڕوانیەکی زۆر خۆی واتە کاك عەبدوڵڵا بەئاگاداری د. ئیسماعیل دەخەبتێ بۆ وەرگێڕانی بابەتە تورکییەکان و هێنانە سەر رێنووسی تازەی بابەتە کوردییەکان، بۆ ئەمەش پەنای بۆ زۆر کەس بردووەو لەدەرگای زۆر کەسی داوە هەیانە بەدەنگییەوە چوون و هەشیانە وێڕای بەڵێن دان چیان بۆ نەکردووە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بووە تا کارەکەی بەئەنجام گەیاندووە.

ئەوەی جێی سەرنجە کاك عەبدوڵڵا لەکارکردن راستگۆیانە مەبەستی گەیاندنی (پەیام)ە وەك خۆی گوتەنی: **"ئەم جارە چاوپۆشیم لەگێڕانەوەکانی د. ئیسماعیل شوکر کردووەو دەشڵێم هەموویان راستن، ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە نووسین و کاری رۆژنامەنووسی لای من زیاتر وەکو (پەیام) تەماشا کراوە، لەوەی بۆ خۆ هەڵنان و بەخۆدا هەڵگوتن بێت.."**.

بۆیە دەبینین لەوەرگێڕانی بابەتەکان ناوی چەند کەس هاتووەو چۆن بەپشوودرێژی کاری بۆ کردووە. ئەمەش ناوی ئەو بەڕێزانەیە کە هاوکارییان کردووە: **(شوکر مستەفا بە (٤) بابەت، د. مارف خەزنەدار (٥) بابەت، نەژاد بەرزنجی (٤) بابەت، جەلیل محەمەد شەریف (٢) بابەت، عوسمان مفتی (٢) بابەت، عەبدوڵڵا حەداد–نیازقایەچی (١)، ئەحمەد تاقانە (٣)، شێرزاد کەریم رۆستەم (٢)، ئازاد عوبێد (٣)، سالار عەبدولڕەحمان).**

هەر لێرەدا وێڕای د. ئیسماعیل شوکر، جارێکی دیکە عەبدوڵڵا سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کە **"رۆژی کورد و یەکبوون و هەتاوی کورد و کۆمەڵەی هێڤی"** جێی خۆیەتی چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرایان لەسەر بنووسرێ.

لەکۆتایی ئەم بەدواداچوونەدا عەبدوڵڵا دەڵێت کە ئەو **"بەبێ بەرنامەرێژی"** ئاماژەی بۆ زۆر لەو پرسانە کردووە کە گۆڤارەکە شایەنێتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوا ئەو ئامادەیە کتێبخانەکەی، بۆ هەر کەسێك والا بکاتەوە تۆژینەوە لەسەر رۆژی کوردو کۆمەڵەی هێڤی بکات.

پشتی ئەم بەدواداچوونەدا بەوتارێکی (٦٤) لاپەرەیی و بەپاڵپشتی (٨٠) سەرچاوە، لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی، کۆمەڵەی **"هێڤی"** و **"رۆژی کورد"** نووسیوەو لە دەروازەکەیدا دەڵێت: **"ئەرکی مێژوو بریتییە لەدیارکردنی بەسەرهاتی هەمەجۆری ژیانی ئادەمیزاد پێکرا یا جیاواز، بەپێی قۆناغ یا بەشێکی لەقۆناغ، وێڕای دەستنیشانکردنی هێزی بزوێنی و تایبەتییەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەریدا هاتوون، لەگەڵ روون کردنەوەی دەرسەکانی بەپێی سەنگ و قەوارەیان. دیارە رەوڕەوەی مێژوو یەکجار گەورەو زەلامە بەرەو پێش بردنی هەرگیز لەوێزەی تاکە کەسێکدا نەبووەو نییە"**.

دواتر نوێشکێکی مێژووی کوردو هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان و داگیرکردن و دابەشکردنی لەلایەن دەوڵەتانی فارس و تورك و ململانێی نێوان میرنشینەکان و چەکەرەکردنی هەستی نەتەوایەتی و هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی کوردو سەرکوتکردنیان و دامەزراندنی کۆمەڵەی نهێنی و دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ لەقاهیرەی پێتەختی میسر و کودەتای تەمموزی ١٩٠٨، لەسۆنگەی ئەمەوە مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ زۆربەی کۆمەڵە سیاسییەکان رەخسا، لەوانە، کۆمەڵەی **"هاریکاری و پێشکەوتنی کوردان"** لەشارەکانی بەتلیس و مووسڵ دیاربەکرو ئەرزەڕۆم وبەغدا لق بکاتەوەو رۆژنامەی کوردی دەربکەن، تا دەگاتە دامەزراندنی کۆمەڵەی **"هێڤی"** لە ١٩١٢/٧/٢٧ کە گۆڤاری **"رۆژی کورد"**یان دەرکردووە وەك گۆڤارێکی جڤاتی **"هێڤی"** قوتابیانی کورد کە هەنووکە لەبارەیەوە دەدوێین.

لەسەرناوی ("**رۆژی کورد" چۆنیەتی دەرچوونی**)، دەنووسێت، بەپێی پەیڕەوی کۆمەڵەی "**هێڤی**" یەك لەئامانجەکانی وەشاندنی گۆڤارێك بەزمانی کوردی و تورکی بووە.

سەبارەت بەو گۆڤارە تۆژەر دەبێژێ: "**لە دەرچوونی هەر گۆڤارێکەوە تاوەکو ئەمڕۆ، هەر کتێبێك دەرچووبێت و باسی مێژووی کوردی کردبێت، بەدەگمەن وابووە باسی ئەم گۆڤارەیان نەکردبێ، هەڵبەتە هەیانە زانیاری دروستیان لەبارەیەوە داوە، هەشیانە پڕ لەهەڵەت و پەڵەتن!**".

سەبارەت بەمێژووی دەرچوونی گۆڤارەکەش جیاوازی زۆر لەسەرچاوەکاندا هەیە، کە دواتر رۆژی دروستی دەرچوونی بە ١٩١٣/٦/١٩ دیاری کرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژمارە | کۆچی | رۆمی | زایینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٤ی رەجەبی ١٣٣١ | ٦ی حوزەیرانی ١٣٢٩ | ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣ |
| ٢ | ١٤ی شەعبانی ١٣٣١ | ٦ی تەممووزی ١٣٢٩ | ١٩ی تەممووزی ١٩١٣ |
| ٣ | ١١ی رەمەزانی ١٣٣١ | ١ی ئاغستۆسی ١٣٢٩ | ١٤ی ئابی ١٩١٣ |
| ٤ | ١٠ی شەوالی ١٣٣١ | ٣٠ی ئاغستۆسی ١٣٢٩ | ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٣ |

بەسەرناوی (**ناسینەوەی خاوەن ئیمتیازو نووسەرەکانی "رۆژی کورد"**) لەخاوەن ئیمتیازو نووسەرەکانی رۆژی کورد دەدوێت بەپێی ئەو سەرچاوانەی بەردەستی و هەبوونی زانیاری دەربارەیان ئەوەندەی قەڵەمی بۆ سوار بووە، ئەو زاتانەی ناساندووە، کە بێگومان هێشتا زۆرتریشی دەوێت، چونکە ژمارەیەکی زۆریان زانیاریان لەبارەوە زۆر کەمە. تەنانەت ساڵی بوون و مردن و شوێنی لەدایك بوونیشیان نازاندرێ.

لێرەدا بەعەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵڵای کەرکووکی زادە نەك کەریم رۆستەم وەك خاوەن ئیمتیازی رۆژی کورد، وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا، دەست پێدەکات پاش ساخکردنەوەی کە ئەو زاتە لەعەبدولکەریم سلێمانی (١٨٨٠-١٩٢٩/٩/١٨) کورتەیەکی ژیانی تۆمارکردووە.

ئەمەش ناوی نووسەرەکانی دیکەیە کە بابەتیان لە گۆڤارەکە بڵاوبۆتەوە: دیاربەکری فکری نەجدەت، رووناکبیرێکی بەرزبووە، فوئادی تەمۆ کە رەنگە یەکەمین چیرۆکنووسی کوردبێت-غەزال، فازیل موخلیس-عەشیر مللی، زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٨/١١/١٠)، مەلا عەبدوڵڵا-زێوەری شاعیر، کەندوو یان کەندۆ، کوردی، بەنی ئەردەلان ئەحمەد موحسین، غ. سەری زەر ئەکرەم کە رەنگە کوڕی جەمیل پاشا بێت د. عەبدوڵڵا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢، پزیشك، نووسەرو لێکۆڵەر، وەرگێڕ، فەیلەسووف، سیاسەتوان و کوردپەروەر بووە. ئیسماعیل حەقی بابان (١٨٧٦-ك١٩١٤/٢)، نەجمەدین حوسێن کەرکووکی (١٨٨٦) مەسعوودی سلێمانییەیی (١٨٨٩-١٩٧٩) کە بە (مەسعود فانی)ش بەناوبانگە، بولغارستانلی طوغان، ح. ب. خەرپووتی، فەخری، میدحەت (میقداد مەدحەت)، عەبدولعەزیز بابان، لوتفی فکری، حوسێن شوکری، . ج ئەرغەنی مەعدەنی، خەلیل خەیالی (١٨٧٦-١٩٢٦)، محەمەد ساڵح بەدرخان (١٨٤٧-١٩١٥) کە زانیاری زۆری لەمەڕ ئەو زاتەو کارەکانی تۆمار کردووە، بەتایبەتی لایەنی رۆژنامەوانیی لەدەرکردنی گۆڤاری ئومێد (١٩٠٠)، رۆژی کورد (١٩١٣)، یەك بوون ١٩١٣، د. ئەحمەد حەیدەری لەگەڵ هەندێ وێنەی ئەو نووسەرانە.

دوا هەواری ئەم وتارە بەئەنجام دەگات کە نووسەر پوختەی بۆچوون و ئەنجامەکان لە (١٤) خاڵ تۆمار دەکات، پاشان لیستی سەرچاوەکان دێت کە (٨٠) سەرچاوەیە، ئەمە جگە لەپەراوێزی زۆر درێژ لەشوێنی پێویست..!

ئیدی دەقی هەرچوار ژمارەی گۆڤارەکە، سەرەتا بەرێنووسی کورد و بەوەرگێڕانی بابەتە تورکییەکان و

بەدواشــــیدا ژمــــارە ڕەســــەنەکان وەک خـــۆی بڵاوکراونەتەوە.

**ئەمەش دەقی ناوەڕۆکی هەر چوار ژمارەکە:**

*** ژمارە (١)، ١٤ ڕەجەبی ساڵی ١٣٣١، ٦ حوزەیرانی ساڵی ١٩١٣.**

تێدا نووسراو بەتورکی

– ئامانج، ڕێباز...

– پەیامێک

– کۆمەڵـەی قوتابیـانی کـوردو خزمـەتی کـوردان بـۆ پایەی خەلافەت..

– دەردو دەرمان

– جموجووڵە میللیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

– باری کۆمەڵایەتیمان

– بەهرەی شارستانێتی لەناو کوردانا

– پوختەی ئەندێشان

– هێزە گشتییەکانی حکومەت

– پیتەکانمان و بەئاسانی خوێندنەوە

تێدا نووسراو بەکوردی

– تاڵ و شیرین...

– منداڵ بۆچ زوو فێری خوێندن نابێ

– بەتەئسیری موحیتی مادی و مەعنەوی علم و فەن

– جۆتکاری

– چیرۆک

– دەما کالی مە –چاغامە– دەماتێ

– دیوانی نالی

– خوەندن و خەبات


*** ژمــارە (٢)، ١٤ی شــەعبانی ســاڵی ١٣٣١، ٦ی تەمووزی ساڵی ١٣٢٩، ١٩ی تەمووزی ١٩١٣**

**تێدا نووسراو بەتورکی**

– لەدەست دانێکی گەورە...

– ئــەرکی سەرشــانتان بەرانبــەر نەتەوەکــەتان...

بولغارستانلی تۆغان


صاحب امتیاز
ومدیر مسئول :
عبدالکریم
عدد : ٤
روژ کرد
تاریخ تأسیسی :
غرهٔ رجب
١٣٣١
نومرو : ٤
١٠ شوال سنه ١٣٣١ شیمدیلك آیده بر نشر اولونور ٣٠ اغستوس سنه ١٣٢٩
کردستانك مستحکم بلادندن ارضروم شهری

– ئیسلامچیەتی و کوردایەتی..بابان زادە ئیسماعیل حەقی

– ڕێگەی یەکگرتن... د. عەبدوڵلا جەودەت

– ئەندێشەمان دەبێتە ڕاستی.. م. ساڵح بەدرخان

– ئومێدمان بە **"هێڤی"**یە... خ.ب

– پیتەکەمان و سانا خوێندنەوە...م. س. ئازیزی

– سەلاحەدین ئەیوبی

– شارێی بیروبۆچوون

تێدانووسراو بەکوردی

– بونا کرمانجی ونداکی مەزن

– هــەر مــن بم و کەســی تــر نــەبێ– عەبدولکــەریم سلێمانی

– عیبرەت

– هشیار بین ... م. س. ئازیزی

– چیرۆک... فوئاد تەمۆ

– پیرۆزنامە... مودانی خ

– زمان و نزانیا کوردان...

– خەبات و خوەندن

**ژمـــاره (٣)، ١١ی رەمـــەزانی ســـاڵی ١٣٣١، ١ی ئاغستۆسی ١٣٢٩، ١٤ی ئابی ١٩١٣**

تێدانووسراو بەتورکی

- پێــشکەوتنی کــوردان... بابــان زادە ئیــسماعیل حەقی
- بەدرخانی حسینی پاشا..
- قەڵەم بەر لەشیر... سالح بەدرخان
- سەلاحەدینی ئەیوبی... م...
- دووڕوویمان.... خ...
- نامەو ئیعلان

تێدانووسراو بە کوردی

- بەفریاکەوتن... سلێمانی عەبدولکەریم
- تەفسیری شەریف... م.٠خ
- زیمان.. م.خ..
- عەردامە... فکری نەجدەت..
- بەری شیر قەڵەم... م. سالح بەدرخان
- بەخت رەشی و مەحرومیا کوردان... م.خ.

**ژمــــاره (٤)، ١٠ی شــــەوالی ســــاڵی ١٣٣١/ ٣٠ی ئاغستوسی ساڵی ١٣٢٩/ ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٣**

تێدانووسراو بەتورکی

- نەتەوایەتی کورد.. لوتفی فکری
- کێشەی خاك .. حسەین شوکری
- سیمای ئازایەتی لەناو کوردان... بابێ رەوشۆ
- رێزگرتنی لاوان... م.بەدرخان
- مەسەلەی ژن لەلای کوردان... ی.ج
- تکایەك لەئەدیبەکانمان و ... بابان عەبدولعەزیز
- پێشکەوتنمان کۆششکردنی گەرەکە
- کارگێڕی

تێدانووسراو بەکوردی

- شیعر... سلێمانی زێوەر
- ئەسل و نەسلی کورد... کوردی
- هەڵاتنی رۆژی ئیقبال.. سلێمانی عەبدولکەریم
- لەتاریکی بۆ رووناکی... بەنی ئـەردەلانی: ئەحمـەد موحسین
- ژ مەزنێ "کوردان"را .. م.خ
- بەخت رەشی و مەحرومیا کوردان.. م.خ.
- تەعلیم و تەربیە... ع. سەری زەر
- مەنقەبەك ژمیرانیا کرمانجیتییە دوو کرمانجی مـیرە شێر.. بابێ رەوشۆ
- چیرۆك... بابێ رەوشۆ
- بەرێ و نها.. ئەکرەم..

بەرگی هەر ژمارەیەکیش بەوێنەیەك رازاوەتەوە:

- سەلاحەدینی ئەیوبی، ژ (١)
- کەریم خانی زەند، ژ (٢)
- حسێن کەنعان پاشای بەدرخان، ژ (٣)
- شاری ئەرزەرۆم، ژ (٤)

بێگومـــان ئـــەم کـــارەی کـــاك عەبـــدوڵڵا ســـەرەتاو ئاوڕژاندنێکە بۆ تۆژەران بەوردی لەهـەموو لایەنـەکانی بکۆڵنەوە...

لەگەڵ هیوای تەندروستی بەردەوام و تەمەنێکی درێژ، چاوەڕوانی کارە مەزنەکانی داهاتووین. خودای گەورە نموونەیان زۆر بکات.

*ئەم بابەتە پێشتر لەژمارە (١٠٠)ی گۆڤاری (**رامان**)ی ٢٠٠٥ لە ل ١٧٧-١٨١ دا بڵاوکراوەتەوە.

-لـەبارەی پاسـاوی دووبـارە بڵاوکردنـەوەی سـەیری پێشەکی بابەتەکانی پێـشووتر لەسـەر "**رۆژی کـورد**" بکە.

## لەیادی ( ٤٦ ) ساڵەی ماڵئاوایی نووسەرو ڕۆژنامەنووس

# یوسف مەلەکی تەلکێفی



ئەکەد موراد

گڕو بڵێسەی نەتەوەو چرای گەشی نیشتمانی ڕێگای خەبات لەپێناو ئازادی و مافی ڕەوای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و نەتەوە چەوساوەکان[1]، یوسف مەلەکی خەباتگێڕی دڵگەرم، شیلەی بیرو ماندوویی و لاوێتی خۆی لەپێناو ئەو پەیامەی کە هەڵیگرتبوو بەخت کرد، وێڕای ئازارو ئاستەنگ و سەرباری پشی پشی بۆ کردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لەسەردەمی پاشایەتی کەچی لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز نەبۆوە، بەڵکو زۆر بە پێداگرییەوە بەردەوام بوو وەك ژیلەمۆی خامۆش نەبوو توانی لەڕێی ڕۆژنامەنووسییەوە لەلوبنان کە بواری ئازادی لێ هەبوو، بەقەڵەمە بە بڕشتەکەی وتار بنووسرێت هاواری مافی ستەملێکراوان (ڕۆڵەکانی خاك و مێژوو)، کە جارێك بە بەکرێگراو و خیانەتکار لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی تاوانبار دەکران و جارێکی دیکەش بەجێی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر تەخت و تاجیان، بۆ ئەوەی پاساو بۆ کردەوە دڕندانەکانیان دەرهەق بە پیرو منداڵ و ئافرەتان بێننەوە، دەیان گوندی کلدو ئاشوری بێوەیان وێران و خاپوور کرد، گەورەترینیان کوشتاری سمێل بوو لەئابی ١٩٣٣ کە مایەی شەرمەزارییەو تێدا هەزاران خەڵکی بێ تاوان بوونە قوربانی[2]، سەرفقرە (ئیتر-نیشتمان) کە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٨ بەزمانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و لەهەندێ ژمارەی بە کوردیش دەستی بە دەرکردنی کردبوو، سەکۆیەکی شۆڕشگێڕی ئازادبوو. لەڕۆژنامەی (الحرية-ئازادی)یش دوای ١٥ی ئایاری ١٩٥٦ و دواتریش ڕۆژنامەی (الحرية-ئازادی) هەفتانە بەزمانی عەرەبی کەتا دوارۆژەکانی حوزەیرانی ١٩٥٩ بەهەمان ڕێباز لەگەڵی بەردەوام بوو، قەڵەمەکەی نیازی خراپەکارانی ڕیسوا دەکردو وەڵامی ئەو نووسین و وتارانەی دەدایەوە کەبەنیازی گلاو و دەست لەپشتدان لەڕۆژنامەکانی عێراق بڵاودەکرانەوە، بەر لە ڕووداوەکانی سمیل، بەمەبەستی وروژاندنی ڕای عێراقییەکان دژ بەگەلی ئاشووری[3]... کە جگە لەمافی سروشتی خۆی لەنیشتمانەکەی چیدیکەی داوا نەکردبوو.. ئەوەش وای لەڕژێمی عێراق کرد کەوا لەبەرپرسە فەڕەنسییەکان بکات لەلوبنان، بەمەبەستی واز هێنانی لەو چالاکییەو دوورخستنەوەی بۆ قوبرس... بەکردەوەش ئەوە کرا، بەڵام لەوێش ئەرکەکانی فراوانتر کرد، دوای ئەوەی چاوی بە مارشمعون کەوت کە ئەویش بۆ قوبرس دوورخرابۆوە، نەخوازەکە هەردووکیان یەك پەیامیان هەبوو و لەوڵاتێکی دیکەش بەیەك گەیشتوون و گەلەکەشیان بەتۆپ و فڕۆکە لەبەرچاوی جیهانەوە لەنێو دەبرا، زورنا ژەنانیش ڕاستییەکان ئاوەژوو

دەکەنەوەو چاوەدێری ئەوانە دەکەن کە داکۆکیان لێ دەکەن یان دەنگیان بۆ رای جیهانی بەرز دەکەنەوە، بۆ دەرخستنی راستی ئەوەی لەعیراقدا بەسەر گەلی کلدو ئاشووری دەگوزەرا، هەر لەوێوە پەندو کتێبی بەڵگەنامەیی گرنگی ئامادەکرد وەك کتێبی (خیانەتی ئینگلیز لە ئاشوورییەکان) و (سمیل گۆرستانی ملهورە درندەکان)... لەگەڵ مارشمعون لەچالاکییەکانی بەردەوام بوو بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی جنیف دەربارەی مافی زەوتکراوی ئاشوورییەکان لەعێراق[٤]. لەبەرانبەردا پیلان و تاوانیان لەدژ دەکراو بەردەوام سۆراخ دەکران تا بەنیازەکانیان بگەن، بەڵام برواو لەسەرەخۆیی ئەو تا دواساتەکانی ژیانی نەیانتوانی وازی پێ لێ بێنن.

## ژیانی

* لە ١٥ی ئاداری ١٨٩٩ لەخێزانێکی تەلکێفی لەشاری بەغدا لەدایك بوو، چونکە باوکی جەجو فرنسیس عەتار بەهۆی کارەکەیەوە چووبووە بەغداو پاشان بەسرە و لەساڵی ١٩٠٥ لەوێ کۆچی دوایی کرد).

* لەخوێندنەکەی بەردەوام بوو و لەبەغدا چووە کۆلێژی قەشە یوسف و زمانی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و تورکی خوێند، لەبەر شەڕی یەکەمی جیهان ئەو قوتابخانەیە دەرگاکانی داخست، ئەویش ناچاربوو، بچێتە بەسرەو چووە قوتابخانەی رەشیدیە* لە عەشتار پان قوتابخانەی ئەمریکایی تا سەرەتای ساڵی ١٩١٥.

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ پایەی قایمقامی قەزای شێخان پالێورا[٥]، بەڵام ئەو ئەو پایەی نەویست، چونکە ئارەزووی لەوەبوو کە کار لەپێناو داکۆکی کردنی لەمافی کەمینە نەتەوەییەکان بکات، دوای ئەوەی کاربەدەستانی بەغدا هەسۆسەی چالاکییەکانیان کرد، دەستیان کرد بەسۆراخ کردنی، بۆیە ناچاربوو لەشوێنێکەوە بچێتە شوێنێکی دی و لەگوندێکەوە بۆ یەکێکی دیکەو هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی خواستەکانیشی بوو لەنێو خەڵك بۆ رزگار بوون لەزوڵم و زۆری.


یوسف مەلەکی تەلکێف

* لەئاکامی سەر لەدوونانی بەردەوام لەبەر چالاکییەکانی ناچاربوو لە ٩ی نیسانی ١٩٣١ عێراق بەجێ بهێڵێ و یەکەمین چالاکی ئەو لەدەرەوەی عێراق ئامادەبوونی (کۆنگرەیەکی کوردی-ئاشوورایا) بوو لەحەلەبی سوریا، پاشان بەماوەیەك چووە بەیروت لەلوبنان.

* یەکەمین کتێبی بەزمانی عەرەبی لەساڵی ١٩٣٢ بەناوونیشانی (ماڵوێرانییەکانی ماندات لەحکومەتی عێراق)، زنجیرەیەك وتاری ئاگرینیشی لەرۆژنامەکانی بەیروت بڵاوکردەوە بۆ وریاکردنەوەی رای گشتی ئەوەی لەعێراق دەگوزەرا.

* لەکانوونی یەکەمی ١٩٣٢ کە مارشمعونی چاوەدێری کەنیسەی رۆژهەڵاتی لەجیهان، لە جنێف گەڕایەوە کە بۆ بەشداربوون لەچالاکییەکانی داکۆکی کرد لەمافەکانی گەلەکەی لەعێراق چووبوو لەدیمەشق چاوی پێکەوت، ئیدی هەر لەوکاتەوە کوانووی بزووتنەوەی ئاشووری جۆشی سەند.

* دوای پێکدادانی نێوان کاربەدەستانی عێراق بەسەرکردایەتی بەکر سدقی لەدژی شەرکەرانی ئاشووری بەسەرکردایەتی مالك یاقو ئیسماعیل و مال لوکو شلیمون لە شەڕی (دیربون) لەشەوی ١٩٣٣/٥/٤

بــە لێ خوێنــدنی حکومــەتی بەغــداو ئینگلیــزی دەمڕاســتیان یوســف مــەلك لــەلوبنان بــۆ قــوبرس دوورخرایەوە[٦].

* لەقوبرس یوسف مەلك چاوی بە مارشمعون کەوت کە ئەویش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ قوبرس دوورخرابۆوە.. ئەوەش بوارێکی باش بوو بۆ بەیەك گەیشتن و هاوکاری یەکدی کردن لەپێناو کێشەکانی گەلی ئاشووری، نەخوازە پاشی ئەوەی ڕژێمی عێراق هێزی سەربازی بەشێوازێکی دڕندانە لەدژی گوندو ناوچەکانی گەلی کلدو ئاشووری بەکاربرد بەمەبەستی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی دادپەروەرانەی، کە تەنیا داوای مافی سروشتی خۆیان بۆ ژیان و بوونی نەتەوەیان لەسەر خاکی باوو باپیران (بیت نهرین) دەکرد.

## چالاکییەکانی لەبواری دۆزی ئاشووری

* لەرۆژگاری دوورخراوەیی لەقوبرس دەستی کرد بەنووسینی کتێبی دووەم بەناونیشانی (خیانەتی ئینگلیز لەدژی ئاشوورییەکان)، کەلە جنێف تەواوی کرد.

**وتارەکانی یوسف مەلەکی تەلکێف زوڵم و زۆری کاربەدەستانی بەسەر گەلانی زۆرلێکراو دەردەخست**

* لەکۆتایی ئەیلوولی ١٩٣٣ لەگەڵ مارشمعون بارگەیان تێك نا بۆ جنێف تا یارمەتی بدات لەهاوکاری و هەماهەنگی کێشەی ئاشووری لەبەردەم کۆمەڵەی گەلان.

* دوای ئەوەی مەلیك فەیسەلی یەکەمی بەمەی زانی، بەبایەخەوە هەوڵیدا یوسف مەلك لە مارشمعون جیابکاتەوە، بۆ ئەمەش موسا شابەندەری کونسولی گشتی عیراقی، لەجنێف ڕاسپارد، تا قایلی بکات بەدەم چەورکردنی بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە عێراق، بەڵام سەری نەگرت و هەر بەردەوام بوو لەسەر داکۆکی کردن لە گەلە چەوساوەکەی و دڵنیابوون لەچارەنووسی.

* هەرچەند جارێك سەردانی جنێفی کرد بەمەبەستی داکۆکی کردن لە دۆزی ئاشووری، لەوانە وەك پرۆژەی نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لەبەرازیل، کە لەئاکامدا پرۆژەکە سەری نەگرت.

* له ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٤ بەهەوڵی هاوڕێکانی، کاربەدەستانی فەرەنسی قایل بوون بگەڕێتەوە بەیروت، سەر لەنوێ دەستی بە چالاکی رۆژنامەوانیی ئازاد کردەوە.

## یوسف مەلەکی رۆژنامەوان[٧]

* یەکەمین رۆژنامە یوسف مەلەك، دوای گەڕانەوەی بۆ بەیروت دەری کردبێت، رۆژنامەی (ئەثرا- نیشتمان) بوولە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٨ بەزمانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی و فەرەنسی تا ڕۆژی گرتنی لە ٣-١١ ئەیلوولی ١٩٤١ بەردەوام بوو، لەوڕۆژەوە رۆژنامەکەی ڕاگیرا، چونکە هاوپەیمانان بەوە تاوانباریان کردبوو، بەوەی هەڕەشەیە بۆ سەلامەتی دەوڵەتی فەرەنسا.

* لە ١٥ی ئایاری ١٩٥٦ لەگەڵ خاوەنی رۆژنامەی (الوجدان) ڕێك کەوت، کە وەستابوو، بۆ دەرکردنی ژمارەی تایبەت، لەوێ دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی بیروڕا ئازادەکانی و گەیاندنی زوڵم و ستەمی ئەو گەلانەی کەلەژێر سێبەری داگیرکەران دەیانناڵاند، بەرای گشتی جیهان.

* له ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ یەکەمین ژمارەی رۆژنامە سیاسییە هەفتانەکەی بەناوی (الحریة- ئازادی)دەرکرد، کەبەهەمان ڕێبازی شۆڕشگێڕانە بەردەوام بوو. وتارەکانی یوسف مەلەکی زوڵم و زۆری کاربەدەستانی بەسەر گەلانی زۆرلێکراو دەردەخست، تا دوارۆژەکانی ژیانی لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە بەردەوام بوو، تەنانەت لەدوا ژمارەکانی، لەسەر جێدا و بەنەخۆشی وتار و بابەتە رۆژنامەوانییەکانی بۆ دەنووسین.

* یوسف مەلەك لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز ١٩٥٨ کە قەلای ستەمی روخاند، یەکێك لەوانەبو زووبەزوو، وێڕای نەخۆشی، پیرۆزبایی لێ

کردو بەئاواتەوە بوو کە بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە تێیدا بژیت، بەڵام ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردو ئاواتەکەی نەهاتەدی، دوای ئەوەی ماوەیەك بەسەر جێگاوە نەخۆش بوو، لە دووساڵی دوادوای ژیانی هەردوو چاوی بەتەواوی لەدەست دابوو.

## دانراوەکانی

* ژیانی ئەو پیاوە پڕ چالاکی هزری بوو، هەرچەند دوای بەجێهێشتنی ولاَتی باو باپیرانی و ژیانی دەربەدەری و ئەو کێشەو گرفتە زۆرانەی دووچاری دەبوو، کەچی هیچ کاریان لەبەردەوامی کارکرنی نەکردو پەیامی خۆی لەنووسین لە ڕۆژنامە بەبەردەوامی بە تۆژینەوەو نووسین، بەرێ کرد، ئەوەی بەجێی هێشتووە سامانێکی دەوڵەمەندی نووسینی پڕ بەهان، لەدانراوەکانی:

١- ماڵوێرانی مانداتی بەریتانیا لەعێراق بەزمانی عەرەبی، لەساڵی ١٩٣٢ لەبەیروت چاپی کردووە.

٢- خیانەتی ئینگلیز لەگەڵ ئاشوورییەکان، کتێبێکی گەورەیە، بەزمانی ئینگلیزی، لەساڵی ١٩٣٥ لە ولاتە یەکگرتووەکان چاپی کردووە، زیاتر لەجارێك چاپ کراوەتەوە.


٣- سمیل گۆڕستانی ملهووره درندەکان، بەزمانی ئینگلیزی نووسیوییەو لەساڵی ١٩٣٨ چاپی کردووەو بۆ زمانی فەرەنسیش وەرگێڕدراوە.

٤- کوردستان یان ولاتی کوردان و بەزمانی عەرەبی ساڵی ١٩٤٥ چاپ کراوە، تۆژینەوەیەکی سیاسییە و لایەنە گرنگەکانی دۆزی کوردی گرتۆتەخۆ.

٥- خەلیفەی شەیتان، بەزمانی عەرەبی ساڵی ١٩٤٥، دەرچووەو کتێبێکی وێنەداری گەورەیە نووسەری شەڕی کۆمەڵێکی فێڵبازو فریودەر دەکات.

٦- قوبرس و درندەیی تورك لەسەدەی بیستەم، کتێبێکی سیاسییە لەساڵی ١٩٥٥ دەرچووەو باس لەکێشەی قوبرس دەکات.

٧- بیرەوەری میر جەلادەت بەدرخان، لەگەڵ مەنسور شلیتای پارێزەر لەتەمووزی ١٩٥٢ داینا‌وە، بۆ بەرزراگرتنی بیرەوەری تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر لەدەستدانی میری کوردان، میری بۆتان سیاسەتمەداری بەتواناو زمانزانی شارەزای برادەری بووە.




٨- لەیادی د.فیلیب عەبدەی موبارەکە، نامیلکەیەکی تایبەتە ساڵی ١٩٥٤ دەریکردووە.

٩- عەبدوڵلا ئەلحاج کێیە؟ خودان وتارە ئاگرینەکەی ناو پەرلەمانی لوبنان.

## کۆچی یوسف مەلك

## لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٩

* هەر کە هەواڵی کۆچی دوایی ئەو پیاوە گەیشتۆتە کۆڕو کۆمەڵەکانی ڕاگەیاندن (کۆچی دوایی یوسف مەلەکی ڕۆژنامەوانیی ئازاد) پاش ئەوەی چارەگە سەدەو نیوێك گڕی وشی هەڵگرتبوو:

- ڕۆژنامەی (صوت الاحرار)ی بەغدایی لەژمارەی ١٨٢ی ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩ بە کورتە نووسینێکی کاریگەر ئاماژەی بەخەبات و خۆڕاگری لەهەڵوێستە ئازادەکانی کردبوو.

– ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩ ڕادیۆی کۆماری عێراق هەواڵی دوا کۆچی و کورتەیەك لەژیانی و چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی بلاَوکردبۆوە.

– باڵوێزخانەکانی عێراق و ئێران و یۆنان لەبەیروت بەشداری کۆڕی ماتەمینیان کردبوو بە ئامادەبوونی کەسایەتییە ڕەسمییەکان و نوێنەری کارگێڕی چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانیی لوبنانی و بیانی و سەندیکای ڕۆژنامەوانان لەبەیروت، وتاری میرزادەی کورد ڕۆشەن بەدرخان و جۆرج ساڵحی پارێزەرو کچی سەرکردەی ئاشووری مالك لوکو شلیمون و د.ئەدیب مەعوز، نازم پەتروسی پارێزەر کوڕی برای کۆچکردوو لەوتارە کاریگەرەکان بوون.

– بنەماڵەی کۆچکردوو بەلێشاو بروسکەو پرسەنامەیان لە کۆڕی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە بۆهات.

## لەوتەکانی یوسف مەلەکی خەباتگێڕ

* نەینەوای مەزن شینی ڕۆڵە ستەملێکراوەکانی دەگێڕێ، فرمێسکی زۆر بۆ ئەو خاکەی دەڕێژی کە ڕۆڵە بێتاوانەکانی بەخوێن نەخشاندوویانە و داوا لەهەموو ئەوانە دەکات کە خوێنی پاکیان لەدەمارەکانیاندا دەڕوات لەو ساتە ناسکانەدا کاربکەن.

* باوکی ئێوە پاشایانی کلدو ئاشوور نەبوو خزنەسرو سەرگۆن داواتان لێ دەکەن بەرگری لەو پاشماوانە بکەن کە لەوان بەجێ ماوە. ئێوە ڕۆڵەی گەلێکی سەربەرزن و نەخشێکی گرنگتان لەمێژووی عێراق و لەشارستانیەتی جیهان و ڕۆشنبیرییەکەی بینیووە.

* نەتەوەی ئاشووری یەکەمین نەتەوە بووە لەبەخشینی شارستانیەت بەشێوەیەکی ڕەهاش ئەو چەمکە سیاسیانەی کە هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمان بۆیان بەجێ مابوو.

* قسەکانم بۆ کاربەدەستان هەر لەئێستەوە بایەخ بەولایەتی موسڵ بدەن –تاکات بەسەر نەچووە– بە عیراقەوەی بچەسپێنن با هەر بەبەڵێنی خۆشی نەبێت کەهیچی لێ نایەتەدی و نەبەو هەڕەشە و شتی دیکە، بەڵکو بەدانانی بەردی بناغەی پتەو بۆی، چونکە ئێمە لەعێراقین، جگە لەخێری عێراق و ئەو گەلانەی تێیدا نیشتەجێن چیدیکەمان ناوێت.

* پاش ئەوەی سیاسەتی وروژاندنی کورد لەدژی کلدو ئاشووری سەری نەگرت، ئەوا ئەوان بەچاوی باش سەیری لێك گەیشتی کوردو–کلدو ئاشووری ناکەن، بەڵکو مەبەستیانە شیریان لەنێوان دابێت، تا یەکدی قڕ بکەن.

* ئەگەرچی ئاشوورییەکان یەك نەتەوەن و پاشماوەی ڕاستەقینەی ئیمپراتۆریەتی دێرینی، بەلاَم دەبنە چەند ئاینزایەك، ئەو دابەش بوونە ڕواڵەتییە یەکەمجار لەسەدەی پێنجەمی زایینی سەری هەڵدا بەهۆی ئەو کەرت بوونەی کە کەنیسەی ڕۆژهەلاَتی گرتەوە، ناتوانرێت هەموو ئاشوورییەکان لەوە بگەێنرێن، بێجگە لەوەی کە تەنیا لە جیاوازی نێوان ئایینی نەتەوە بگەن.

* داواکردنی دەستەبەری بۆ کەمینەکان لەعێراق مەبەست ڕق و دەمارگری نییە، بەڵکو ترسەکە لەوەیە کە زۆرینە بەرانبەر کەمینە ملهووڕی بکات، نابێ ئەوترسەش بەشێوەی دیکە لێك بدرێتەوە، چونکە ڕابردوو بەڵگەی ئێستاکەیەو ئێستاکەش بەڵگەی دوارۆژەو مێژووش زیاد لەجارێك خۆی دووبارە کردەوە، قوڕ بەسەریش بۆ ئەوەیە کەبەهەندی هەڵناگرێت.

*وابزانم دەبێ ڕوشدیە بێت.

### پەراوێزەکان:

١– ماڵەکەی لە لوبنان مەکۆی بەیەك گەیشتنی نێوان میرێکی کوردی هەلاَتووی دەستی ستەمی تورکان و نیشتەجێ خاکی میسرو سەرکردەیەکی ئاشووری کە لەتەك خۆی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی کۆ دەکاتەوە، حوکمی زۆردار لەنیشتمانی خۆی (بیت نهرین) لێ کردبوو، بۆ سەرکردەیەکی دورزی کەبۆ چەسپاندنی پێگەی کەمینە نەتەوەیەکەی و نوێنەرێکی لوبنانی شۆڕشگێڕ بۆ ڕۆژنامەوانێکی تورکی لاو کە لەنیمچە دوورگەی هاندەوە هاتبوو و وەزیرێکی عێراقی کە ڕۆژگارێك لە بندەستی ئەودا کاری کردبوو، کاتێ کە لەولاَتی دایکدا لە پلەو پایەکی بەرزدابوو لەوانەش خوالێخۆشبوو سەعید قەزازو... .

٢- درندەی ئەو قەسابخانەیە ئەوەبوو کە قوربانییەکانی بەسێ هەزار کوژراوی ئاشووری و خەملێندراوە تالآن و روخاندنی ٦٦ گوندو سڕینەوەیان لەسەر نەخشەو دەربەدەربوونی هەزاران دانیشتوانیان.. ئەوەش راپۆرتی نهێنی یەکێك لەو راوێژکارە بەریتانیایانەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کاریان دەکرد ئاوای کورت کردۆتەوە: (زۆر رووداوی درندانەم بیستووەو بینیووە کەلەشەڕی جیهانی روویاندا.. بەلآم ئەوەی لە سمیل بینیم لەئاوەزی مرۆڤ بەدوورە)..

٣-بەر لە کوشتاری سمیل هەڵمەتێکی رەسمی و گەلێ رێکخراو لەدژی ئاشوورییەکان دەستی پێکرد، لە ١-١٤ی تەمووزی ١٩٣٣ پتر لە ٨٠ وتاری سەرەکی لەرۆژنامەکانی عێراق بلآوکرانەوە... هەموویان داوایان دەکرد کە ئاشوورییەکان لەناو ببرێن، لەو روانگەوە فرمانی خۆبەخشین دەرچوو و بەجیهاد لەدژی ئاشوورییە کافرەکان دانراو سوپاسی بازرگان و هەندێ سەرۆك هۆز کرا کە هاوکار بوونە بۆ پاراستن و پارێزگاری کردنی نیشتمان لەوانە (بەکرێگراو و سیخورەکانی ئیمپریالیزم-داگیرکەر) و فەتواشی بە حەلالی تالآن و بڕۆی گوندو سەرو سامانی ئاشوورییەکان..

٤- لە ٢٦ی ئاب گەیشتە قوبرس تا ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٣٣ بووە میوانی مارشەمعونی سەرکردەی ئاشوورییەکان، لەو رۆژەش واتە ٢٨ی ئەیلوول بەیەکەوە چوونە جنێف و لە ١٠/١٤ گەیشتنە ئەوێ، ئەوەش بۆ بەرگری کردن لەمافی رەوای ئاشوورییەکان بوو بەناوی (سکرتێری رۆژهەلآت) لە گەڵیدابوو. (رۆژانە ٨ کاتژمێر) بەیەکەوە کاریان کردووە بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی بەرگریکردن و چەندین جار سەردانی پاریس و لەندەنیان کردووەو لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٣٤ گەڕانەوە کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەو رۆژەدا کاریان تەواو ببوو.

٥- یوسف مەلەك سکرتێری پشکنەری کارگێڕی بوو لە لیوای موسڵ واتە پایەکە بەپلەی نایاب، مووچەی مانگانە (٣٥٠ روپیە) بووەو لە ١٦ی ئابی ١٩٣٠ پشکنەری کارگێڕی رایسپارد پلەی بەرزبکرێتەوە بۆ قایمقامی شێخان بەمووچەی (٤٥٠ روپیە)، بەلآم ئەو قایل نەبوو و دوای دوو رۆژ وەزیری ناوخۆ فەرمانی بۆ موتەسەریفی موسڵ دەرکرد بۆ ناسرییە دووربخرێتەوەو مووچەکەشی کەم بکرێتەوە، لەکۆتاییدا ناچارکرا داوای دەست لەکارکێشانەوە بکات.

٦- نوری پاشا سەعیدی وەزیری دەرەوەی عێراق لە ٥ی ئاب سەردانی بەیروتی کرد سەبارەت بە بابەتی دوورخستنەوەی یوسف مەلەك بۆ قوبرس.

٧- کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی بوو بەناوی (کۆمەڵەی برایەتی ئاشووری) بڕیاریدا رۆژنامەیەکی سیاسی نەتەوەیی نیشتمانی ئاشووری بەسێ زمانی سریانی و عەرەبی و ئینگلیزی و پاشان بەفەرەنسیش دەربکات، بەڕێوەبردنی نووسین درا دەست یوسف مەلەکی رۆژنامەنووس.

## سەرچاوەکان:

- یوسف ناظر وتارەکەی لەگۆڤاری (الرواد) لەساڵی ١٩٨٦ بلآوکراوەتەوە لەژمارە (٧)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ لەگۆڤاری (القثارة) لەبەیروت دووبارە بلآوکراوەتەوە.
- گۆڤاری الجامعة السريانية، ژمارەی جۆراوجۆر.
- ابرم شپیرا/ التعامل مع الاقليات في مسار تطور تأريخ العراق السياسي.
- گۆڤاری زاخوتا، ژمارە (٨) ئابی ٦٧٤٤ أ.
- سەرچاوەی دیکە.

# هونەری مانشێت

توێژینەوەی: کارزان محەمەد

**بەشەکانی توێژینەوە:**

***چەمك و پێناسی مانشێت**

***تایبەتمەندییەکانی مانشێتی سەرکەوتوو**

***بەشەکانی مانشێت**

***جۆرەکانی مانشێت**

## * چەمك و پێناسی مانشێت

مانشێت (Hedline) گرنگترین ژانری ڕۆژنامەوانییە کە لەتەواوی ژانرەکانی دیکەدا ڕۆڵی تەواوکەر دەبینێت. هەر ئەم گرنگییەشی بۆتە مایەی ئەوەی کە پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەوانی، ڕاو تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە چەمك و پێناسی مانشێت بخەنەڕوو.

**لەکورتترین پێناسدا دەکرێ بوترێ:**

– **مانشێت:** ڕێنماکردنی خوێنەرە بەرەو خوێندنەوەی هەواڵ و بابەت[١].

– مانشێت پوختەی گرنگترین مەبەستی بەشەکەیە کە بەشێوەیەکی وردو ڕۆشن خرابێتەڕوو، بەمانایەکیتر مانشێت پێویستە بەکەمترین وشە زۆرترین مانا بگەیەنێت[٢].

– **مانشێت:** جەوهەرو ڕۆحی هەواڵە[٣].

– **مانشێت:** دەبێت دەروازەیەك بێت کە خوێنەر بەرەو ناوەڕۆکی نووسینەکە یاخود وتارە چیرۆکئامێزەکە پەلکێش بکات و ڕابکێشێت.

– **مانشێت:** یەکەمین پەیوەندییە لەنێوان ڕۆژنامەو خوێنەر.

بەسەرنجدانی ئەم پێناسانە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە مادام مانشێت وەك دەروازەی هەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، ئەوا ڕۆڵی بنچینەیی هەیە بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە کێش بکات یاخود دووری بخاتەوە. بەمانایەکی دیکە، مانشێت هەڵوێستو لایەنگری ڕۆژنامەکەش بۆ خوێنەر دەردەخات بەحوکمی ئەوەی کە هەر ڕۆژنامە یا گۆڤار یاخود بلاوکراوەیەکی ڕۆژنامەوانی، بەپێی دیدو بەرژەوەندیو ستراتیژی خۆی مانشێت دادەڕێژێتو بابەتێك زیاتر یاخود کەمتر لەسەربنەمای ئەو ستراتیژەی کە بڕواو متمانەی پێیەتی دەخاتەڕوو.

زۆرینەی خوێنەران، بەهۆی کاریگەریو سەرنجراکێشیتی مانشێتەوە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەکڕنو باشترین هۆیە تاوەکو وەك قولابێك بەکاربێتو خوێنەر بخاتە داوی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی لەو دووتوێی ڕۆژنامەکەدان[٤]. هەربۆیەشە سەرپەرشتکارانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەهەوڵی ئەوەدان دیارترین بابەتی گەرموگوڕو گرنگ بەهۆی مانشێتی سەرەکییەوە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا یاخود بەرگی گۆڤارەکەدا بخەنەڕوو بۆ کێشکردنی زۆرترین ژمارەی خوێنەران. لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی مانشێت بۆ هەواڵ، هەمیشە لەلایەن سەرنووسەر یاخود کەسانی شارەزاو پسپۆڕی بواری مانشێتەوە ئەنجام دەدرێتو هەرئەوانیش، مانشێتی ئەو وتارو بابەتە گرنگانە، کە لەلاپەڕەکانیتری

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەدیاردەخەن بۆ کێشکردنی خوێنەر. کەواتە نابێ ئەو ڕاستییەمان لەیاد بچێت کە سەرەکیترین ئەرکی ڕۆژنامەوگۆڤارەکانو پێوەری سەرکەوتنیان، ڕاکێشکردنی خوێنەرو بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەیانە.

*** تایبەتمەندییەکانی مانشێتی سەرکەوتوو:**

دیاریکردنی ئەو خەسڵەتانەی کە مانشێت دەگەیەننە ئاستێکی سەرکەوتوو، باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی هەمیشە ڕۆژنامەوان لەکاری ڕۆژنامەنووسیو بارزکردنی هەواڵو بابەتی سەرنجڕاکێشدا، لەبەرچاوی بگرێتو لایەنی کەم، هەوڵ بدرێت زۆرینەی زۆری ئەو خەسڵەتانەی تیادا پراکتیزە بکات.

ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە، لەئامادەکردنو نوسینی مانشێتە جۆربەجۆرەکاندا، گەلێك گرنگن:

١- مانشێت پێویستە لەگەڵ بابەتی هەواڵەکەدا، هەماهەنگو گونجاو بێت.

٢-دووبارەنەبوونەوەی وشە لەمانشێتدا[٥].

٣- پێویستە مانشێت پوختەی گرنگترین بەشی هەواڵو بابەتەکە بێت، بەکەمترین وشە زۆرترین ماناو چەمك بخاتەڕوو.

٤- پێویستە مانشێت لەهەواڵەکە سەربەخۆبێ، چونکە مانشێت پێشەکی نیە بەڵکو پێناسی ناوەرۆکەکەیەتی.

٥- سادەو ڕەوانی لە مانشێت نووسیندا[٦] پێویستە.

٦-دەبێ مانشێت ڕەنگدانەوەی هەواڵەکە بێت.

٧- کەموتنو زیادەڕۆیی لەمانشێتدا نەکرێت.

٨-یارمەتیدانی خوێنەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژنامەو بابەتەی خۆی دەیەوێت.

لەڕاستیدا خوێنەر دوای بینینی مانشێتی ڕۆژنامە جۆربەجۆرەکان، ڕۆژنامە جێمەبەستەکەی خۆی دەکڕێت.

٩-جیاکردنەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە لەیەك دی.

١٠- زیادکردنی جوانکاری لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە.

١١- گەیاندنی پەیامی هەواڵە لەچوارچێوەی وشەگەلێکی پتەو، سەرنجڕاکێش، پڕناوەرۆك، لەهەمانکاتدا کورت و پوختو چڕکراوە بۆ خوێنەران.

١٢- هاندانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی (لید)و دەقی هەواڵەکە.

١٣- دەستنیشانکردنی گرنگیو هەڵسەنگاندنی بابەتەجۆربەجۆرەکان.

١٤- لەنووسینی مانشێتدا، دەبێ وشەی ئاشناو ئاسان بەکاربهێنرێت.

١٥- هەڵبژاردنی وشەی گونجاو، کلیلی سەرکەوتنە لەنووسینی مانشێتدا[٧]..

١٦- گێڕانەوەی کورتەیەکی ڕووداوەکە[٨].

١٧- هەمیشە مانشێت، لەدوای نووسینی هەواڵ یاخود بابەتەکە دەنووسرێت.

بەمشێوەیە لەمانشێتنووسیندا، پەیڕەویکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوەو تەواوی ئەو سەرنجو تێبینیانەی کە مانشێت بەرەو باشترین ئاست دەبات، زەرورەتێکی حەتمییە بۆ ڕۆژنامەنووس تاوەکو لەپرۆسەی مانشێتنووسینو دەستنیشانکردنی باشترین جۆری مانشێتدا، سەرکەوتوو بێت.

***بەشەکانی مانشێت**

مانشێت بەهۆی گرنگیو بایەخییەوە لەڕۆژنامەوانیدا، بۆ چەندین بەش دابەش کراوە کە بریتین لە:

١-مانشێتی سەرەکی

٢- سەرمانشێت.

٣- ژێرمانشێت.

٤- پوختەی مانشێت.

٥- لامانشێت.

بەر لەشیکردنەوەی بەشەکانی مانشێت، پێویستە ئەو ڕاستییە دووپات بکرێتەوە کە هەموو ڕۆژنامەیەك خاوەنی مانشێتی سەرەکییە، بەڵام پێویستیش ناکات کە جەخت لەسەربوونی بەشەکانی دیکەی مانشێت بکرێتەوە بەڵکو ئەمە تەنها لەکاتی پێویستدایەو ئەگەر مانشێتە سەرەکییەکە، مانای تەواو بەخوێنەر بگەیەنێت ئەوا پێویستییەکی حەتمیانەی بەنووسینی بەشەکانی دیکەی نییە، بەتایبەت ئەگەر دڵنیابین

لەوەی کە نووسینی بەشەکانی دیکەی مانشێت لەگەڵ مانشێتە سەرەکییەکەدا لەبری ئەوەی کە پتەو و بەهێزو سەرنجڕاکێشی بکات" مانشێتە سەرەکییەکە بەرەو لاوازی ببات.

ئێستاش بەجیا لەهەریەك لەبەشەکانی مانشێت دەدوێین.

### ١- مانشێتی سەرەکی[٩]

ئەم مانشێتە تەوەرەی سەرەکی هەواڵ یا بابەتەکەیە، گرنگترین بەشی هەواڵ یاخود بابەتەکە دەخاتەڕوو. تەنانەت زۆربەیجار تاکە مانشێتی هەواڵ یا بابەتەکەیەو بەپیتی گەورە دەنووسرێت بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی مانشێتدا.

**بۆ نموونە:**

مانشێتی سەرەکی: **تورکیا بەردەوامە لە پێشێلکردنی مافی کورد**

### ٢- سەرمانشێت[١٠]:

ئەم مانشێتە، پێویسترین بەشە لەدوای مانشێتی سەرەکییەوە. لەکورتترین گوزارشتدا دەکرێ بڵێین سەرمانشێت، مانشێتێکە کە لەسەروو مانشێتی سەرەکییەوە دادەنرێت و بەفۆنتی بچوکتر دەنووسرێت. لەڕاستیدا، سەر مانشێت، پێشەکی یاخود پاشەکی مانشێتی سەرەکیو یاخود بەشێوەی سەربەخۆیە. پێویستە بەجۆرێك بێت کە بەدانانی، زیان لە مانشێتی هەواڵەکە نەگەیەنێت.

**بۆ نموونە:**

سەرمانشێت: **تاڵەبانی رایگەیاند:**

مانشێتی سەرەکی: **بەمزووانە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنین**

### ٣- ژێرمانشێت[١١]:

ئەم جۆرە مانشێتە بەپێچەوانەی سەرمانشێتەوە، لەژێر مانشێتەکەدا دەنووسرێت.

ژێرمانشێت لەنووسینی مانشێتدا، لەکاتێکدا سودی لێوەردەگیردرێت و لەلایەن رۆژنامەوانەوە دەنووسرێت کە هەواڵەکە ڕەهەندی گرنگتری هەبێت و تەنها بەنووسینی مانشێتی سەرەکی، نەتوانرێ بەباشی پەیامەکە بگەیەندرێت. بەڵام لەهەمانکاتدا نابێ لەگرنگی مانشێتە سەرەکییەکە کەم بکاتەوە.

**بۆ نموونە:**

سەرمانشێت: **وەرگێڕە سەرکەوتووەکانی کورد خەڵات دەکرێن**

ژێرمانشێت: **ئازاد بەرزنجی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا**

### ٤-پوختەی مانشێت[١٢]:

کاتێك کە هەواڵەکە یاخود بابەتەکە درێژ بێت و تەنها بەمانشێتی سەرەکیو سەرمانشێت و ژێرمانشێتەوە نەتوانرێ وەك پێویست هەواڵ یا بابەتەکە بۆ خوێنەر بارز بکرێت، پەنادەبردرێتە بەر نوسینی پوختەی مانشێتەکان.

پوختەی مانشێت پتر لەشێوەی خاڵدا لەژێر مانشێتە سەرەکییەکەدا دەنووسرێت.

**بۆ نموونە:**

مانشێتی سەرەکی: **دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عێراق پلان لەکورد دەگێڕن**

پوختەی مانشێتەکان:

***تائێستا چەندین کۆبوونەوە لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عیراق، ئێران، تورکیا، سوریادا بەستراوە**

***کورد مەسەلەی یەکەمی دۆسییەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە**

### ٥- لامانشێت[١٣]:

زۆربەیجار بۆ بارزکردنو خستنەڕووی چەند بەشێکی گرنگو جیاوازی هەواڵو راپۆرتەهەواڵ یاخود بابەتێك بۆ خوێنەر، بەفۆنتێکی کەمێك گەورەتر لەو فۆنتەی کە هەواڵ یاخود بابەتەکەی پێنووسراوە، ئەو بەشە گرنگانە بەشێوەی (لامانشێت) بارز دەکرێت و لەهەواڵ یاخود بابەتەکە جیادەکرێتەوە.

### * جۆرەکانی مانشێت

بایەخداربوونی مانشێت لەبواری رۆژنامەوانیدا، ئەم ژانرە گرنگەی رۆژنامەی بەرفراوان کردووەو هەنوکە

پـــسپۆڕانی بـــواری ڕۆژنامـــەوانی، چـــەندین جـــۆر مانـشێتیان لەیـەکتر جیاکردۆتـەوەو هـەرکام لەمانـە، خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـانو لەشـوێنی تایبـەتی خۆیاندا، بەکاردەهێنرێت.

دیارترین جۆرەکانی مانشێتیش بریتین لە:

١- مانشێتی لێهەڵێنجان[١٤]:

ئـــەم جـــۆرە مانـــشێتە، ڕۆژنامەوانەکـــە لەبەشـــە جۆربـــەجۆرەکانی هەواڵەکـــەوە هەڵیـــدەهێنجێتو دەیکـات بەمانـــشێتی ســـەرەکی هـــەواڵ یـــاخود بابەتەکەی.

نموونە:

**ڕەخنـــەی تونـدی ســـەرۆك پەرلـــەمانی کوردســـتان لەوڵاتـانی عەرەب**

٢- مانشێتی گواستنەوە:

گواســـتنەوەی بەشـــێکە لـــە گفتوگـــۆو زانیـــارییو بەیاننامـــەکانی کەســـانو ڕێکخراوەکـــانو.. تـــاوەکو بکرێتە مانشێتی سەرەکی لەهەواڵ یاخود بابەتەکەدا.

بۆ نموونە:

**سەرۆك کۆماری عیراق یەکپارچەیی عیراق**
**بەفیدراڵیزم دابین دەکرێن**

٣- مانشێتی هەواڵی[١٥]:

ئـــەم مانـــشێتە هـــەروەك لەناوەکەیـــەوە هـــاتووە، شێوازێکی هەواڵیانەی هەیەو هـەواڵ یـاخود ڕووداوێـك ڕادەگەیەنێت. واتە ڕۆڵـی گەیانـدنی بیرۆکـەی هـەواڵی ڕووداوەکانەو دەبـێ لەسـەر شـەش بنەماکـەی هـەواڵ (کێ؟، کەی؟، لەکوێ؟، چی؟، بۆ؟، چۆن؟)ی تیـادا ڕەچاو بکرێت.

بۆ نموونە:

**مامۆستا دێرینەکان خەڵات دەکرێن**

٤-مانشێتی شیکردنەوەیی[١٦]:

ئـــەم جـــۆرە مانـــشێتە شـــێوازێکی شـــیکردنەوەو لێکدانەوانـە لـەخۆدەگرێتو چـەند تایبەتمەندییـەکی هەیە کە بریتین لە:

* بەرفراوانی فعل تیایدا.

* هەلومەرجی شیکردنەوەی مانشێتەکە بەرفراوانـەو نووسـەر دەتوانـێ سـود لەپەنـدی پێـشینانو وتـە وەربگرێت.

نموونە:

**کوردســـتان چـــۆن دابەشـــکرا بەوشـــێوەیەش یـــەك دەگرێتەوە**

٥- دوو مانشێتی:

ئەم شێوازەی مانشێت بەدوو دێڕ دەنوسرێتو پـێی دەوترێت دوومانشێتی.

بۆ نموونە:

**کتێبفرۆشـــەکان: بـــازاڕی کتێـــب لەگەرمبووندایـــە بێگومـــان ســـەرەرای ئـــەم پۆلێنبەندییـــەی مانـــشێت، چەند شـێوازێکی دیکـەش لەلایـەن پـسپۆڕانی ئـەم بوارەوە بۆ جۆرەکانی مانشێت بەم شێوەیە کراوە:**

١- مانشێتی فرەبابەتی[١٧]:

نموونە:

**سەرۆك کۆمار لەکوردە**
**پیادەکردنی بنەماکانی دەستور**

٢- مانشێتی تاکبابەتی:

نموونە:

**کۆنگرەی ئاشتی لەعیراق**
**بەشداربوونی ( ٢٠٠ ) ئەندام**

٣- مانشێتی هەواڵی ئاوێتەییانە

نموونە:

**هێرشی ئاسمانی بۆ تیرۆریستان**
**هاوڵاتیانی مەدەنی شار جێدەهێڵن**

هـــەروەها پۆلێنبەندییـــەکی دیکـــەش بـــۆ جۆرەکـــانی مانشێت هەیە کە بریتییە لە:

١- مانشێتی نیوەهەڕەمی بۆلای چەپ. نموونە:

*********
******
***

٢- مانشێتی نیوەهەڕەمی بۆلای ڕاست. نموونە:

*********
******
***

٣- مانشێتی سێگۆشەیی بەرەولای چەپ. **نموونە:**

***

*******

**********

٤- مانشێتی سێگۆشەیی بۆلای ڕاست. **نموونە:**

***

*****

*********

٥- مانشێتی نایەکسان بەرەولای چەپ. **نموونە:**

***********

*****

***********

٦-مانشێتی نایەکسان بەرەولای ڕاست. **نموونە:**

***********

*****

***********

٧- مانشێتی نایەکسان و چڕکراوە. **نموونە:**

********

****

*************

**پەراوێزەکان:**

١- نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری نوین. انتشارات دانشگاه علامه گباگبایی. تهران- ١٣٨٢ ص (١٠٧).

٢- ڕەزای حاجی ئابادی : دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، نوسینی:. وەرگێڕانی کارزان محەمەد، پاری شەشەم بەناوی مانشێت. بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٥.

٣- اکبر نصرالهی: اصول خبر نویسی. سروش، تهران-١٣٨٢ ص (١٥٧).

٤- پرۆفیسۆر (ماگی زانگەر): دەرسگوتارێکی بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی ئاسۆ کە لەهاوینی ٢٠٠٤دا پێشکەشی کرد.

٥- ڕەزای حاجی ئابادی: ەروازەی ڕۆژنامەنووسی....

٦- فریبا صیاد- دکتر علی اکبر فرهنگی: روزنامەنگاری.. انتشارات سنجش چاپ اول ١٣٨١. فصل اول، ص (١٥).

٧- نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری نوین.. ص(١٠٨)

٨- د.کازمی موعتەمەد نەژاد: ڕۆژنامەگەری.. ص (١٦٥)

٩- فریبا صیاد- دکتر علی اکبر فرهنگی: روزنامەنگاری... ص(١٦).

١٠- ڕەزای حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنووسی...

١١- اصول خبر نویسی.. ص(١٦٣).

١٢- نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری نوین...... ص(١١٣).

١٣- ڕەزای حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنووسی..

١٤- اکبر نصرالهی: اصول خبرنویسی......ص(١٦٩).

١٥- د. کازمی موعتەمەد نەژاد: ڕۆژنامەگەری.. لا (١٧٣)

١٦- حوجەتوڵڵا عەباسی: أیین روزنامەنگاری و خبر نویسی. ص (١٦).

١٧- نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری نوین.. ص (١٢٧).

**سەرچاوەکان:**

***بەزمانی کوردی:**

١- ڕەزای حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد. زنجیرەی نامیلکەی گیرفان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی چاپ: ٢٠٠٥

٢- کازمی موعتەمەد نەژاد: ڕۆژنامەگەری، وەرگێڕانی مەجید ساڵح. چاپی دووەم ٢٠٠١

٣- ماڵکۆلم ئێف. مالێتی: هاوڕێی ڕۆژنامەنووسان. وەرگێڕانی: ئازاد حەسەن فەتاح، پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی: هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن. بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی ٢٠٠٣

***دەرسگوتارەکان:**

٤- پرۆفیسۆر ماگی زانگەر: چەند وانەگەلێکی بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی ئاسۆ لەهاوینی ٢٠٠٤دا.

٥- د،مۆفەق دەرگەڵەیی: چەند وانەگەلێك بۆ خوێندکارانی هەرچوار قۆناغەکانی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی سەبارەت بە (ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکان).

٦- م.هەڤاڵ ئەبوبەکر: چەند وانەگەلێك بۆ خوێندکارانی هەرچوار قۆناغەکانی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی سەبارەت بە (ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکان).

***سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:**


٧- اکبر نصرالهی: اصول خبر نویسی.. سروش، چاپ اول. تهران-١٣٨٢

٨- حوجەتوڵڵا عەباسی: أیین روزنامەنگاری. چاپ دوم. تهران ١٣٨٣

٩- نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری نوین. تالیف:. انتشارات دانشگاه علامه گباگبایی. چاپ اول. تهران- ١٣٨٢

١٠- فریبا صیاد- دکتر علی اکبر فرهنگی: روزنامەنگاری، انتشارات سنجش چاپ اول ١٣٨١.

# زانیاری ڕۆژنامەوانیی
# یان ئەرشیفی ڕۆژنامەوانیی



ئامادەکردنی: دلێر عەونی

**بەشی دووەم**

## کۆمەڵە وێنەکان

جگە لە کۆمەڵە پارچە پارچەکانی ڕۆژنامەوانی کە پێشتر باسمان کرد، کاریگەرترین و سەرەکیترین بەش بەشی وێنە و چۆنیەتی پاراستن و ڕێکخستنیەتی. ئەوەش کۆمەڵە وێنەی فۆتۆگرافییەو هەندێ جار وێنەی نێگەتیڤ (Negative) و پارچە فیلم (Transparencies) وەکو هۆیەکانی ڕوون کردنەوە بەکاردێت. کۆمەڵەی وێنەکان بەبەشێك لەزانیاری ڕۆژنامەوانی بابەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هی تر دەژمێردرێ، لەبەشێکی جیاو سەربەخۆ لەبەشی ئەرشیف و زانیارییەکان هەڵدەگیرێ و دەپارێزرێ. ئەو وێنانەی لەچەند سەرچاوەیەك دەگەنە ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەشی ئەرشیف و زانیارییەکان هەڵیان دەگرێت هەندێك لەو وێنانە لەوانەیە بۆ بڵاوکردنەوەو بەکارهێنان ئامادەبن، بەبەشێکی سەرەکی زانیارییەکان وتەواوکەری پارچە پارچەکان دادەنرێ، زۆر لەو وێنانەی کە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاودەکرێنەوە یەکسانە بەدووتوێی سەدان وشەو دەبێتە تەواوکەری نووسینەکەو بریقەو جوانی و قازانجی خۆی هەیە.

لەهەموو جیهان دا لەسەر ئەوە کۆکن کە وێنە زمانی جیهانییە و هەروەها وێنە توخمێکی بنەڕەتییە لەزۆر ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتن بەوێنە، هەروەها گەنجینەیەکی هونەرییەو زۆرتر بەکارەکانی ڕۆژنامەنووس و نەخشەسازی بەستراوەتەوە، بۆیە دەبێ هەموو دەم لەشوێنی باش بپارێزرێ و چاکسازی بۆ بکرێ و ڕێکبخرێ، لەبەر ئەوە بۆ چەندین جاری دیکە پێویست دەبێ.

## جۆرو دابەشکردنی وێنە:

لەئەرشیفی ڕۆژنامە دەبێ زۆر جۆری وێنە هەبن کە لەبۆنە نیشتمانی و میللییەکان دەگیرێن یان لەڕووداو و کارەسات یان لەپرۆژەکان هەیە. دەتوانین وێنەکان لەبەشی ئەرشیف و زانیارییەکان دابەش بکەین بەپێی پێویستی بەشی ئەرشیف، وەکو ئەمەی خوارەوە:

١-وێنەی ڕووداو: لەوانەیە ڕووداوی زۆر ناخۆش بن یان ڕووداوی ئاسایی یان ڕووداوی خۆشی یان ڕووداوی پێکدادانی ئۆتۆمبێل یان شەمەندەفەر یان سروشتی وەکو هەڵچوونی گڕکان یان زەمین لەرزین یان کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەبێ.

٢–**وێنەی کەسایەتییەکان:** جا وێنەکە کەسایەتی بەتەنیا بێت یان بە کۆمەڵ، کەسایەتییەکە سیاسی بێت یا کۆمەڵایەتی یا وەرزشوان یا ئەدەیب یا هونەرمەند بێت.

٣–**وێنەی بۆنەکان:** وەکو پێشوازیکردن و جەژنە نیشتمانییەکان یان جەژنە میللییەکان و جەژنە ئایینییەکان.

٤–**وێنەی شوێن و ناوچەی جوگرافی:** وەکو وێنەی شار یان ناوچەیەکی دیار یان شوێنێکی گەشتیاری و هی دیکە...

٥–**وێنەی شوێنەوار:** وەکو وێنەی ناوچە شوێنەوارو شارستانییەکانی کۆن وەکو شوێنەواری بابل و ئەهرامەکانی میسرو شوورەی چین.

٦–**وێنەی جەنگی:** وەکو وێنەی شەڕو پێکدادانی جەنگ چ شەڕی ناوخۆ بێت یان نێودەوڵەتان و جیهانی.

٧–**وێنەی پرۆژەکان:** وەکو وێنەی پرۆژەی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان ئاوەدان کردنەوە.

٨–**وێنەی هونەری:** وەکو ئەو وێنانەی کە لەدوالاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاودەبێتەوە، ئەوەش بەهای خۆی هەیە.

٩–**وێنەی وەرزشی:** وەکو وێنەی یارییەکانی تۆپی پێ و بالەو هی دیکە.. جا وێنەکان ناوخۆیی بن یان هی دەرەوە.

١٠– **وێنەی کاریکاتێری:** ئەو جۆرە هونەرە ئەمڕۆکە لەهەموو جیهان بایەخێکی لە رادەبەدەری پێ دەدرێ.

١١– **کۆمەڵە وێنەی نێگەتیف (Negative):** ئەم وێنانە لەگەڵ وێنەکانی دیکە جیاوازن، دەبێ ئەو وێنانە لەشوێنی تایبەت بپارێزرێن بەمەبەستی چاپکردنەوەی لەکاتی پێویست.

هەندێ کەس پێیان وایە کە کۆمەڵە وێنەکان دەکرێنە دووبەشی سەرەکی:

أ. وێنەی بابەتەکان:

ب. وێنەی کەسایەتییەکان:

ئەگەرچی ئەودابەش کردنە هەندێ جار لەزۆر بواردا تێکەڵاو و تێکهەڵکێش دەبن، بەتایبەتی لەوێنەی رووداوەکان دیارە ئەمانەش وێنەی بابەتین، کەوێنەی کەسایەتییەك یان چەند کەسێك یان وێنەی بۆنە و ئاهەنگ و میهرەجان و یارییە وەرزشییەکان دەگرێتە خۆ.

ئەم وێنانە هەر هەمووی وێنەی بابەتین و بۆ بابەتێکی دیاری کراو، بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات واباشترە چەند دانەیەك لەو وێنانە هەبن و دەبێ وێنەی یەکەم لەفۆڵدەری تایبەت بەوێنەکان و ئەوانی دیکەش لەفۆڵدەری کەسایەتییەکان بپارێزرێن و هەمووی ناوی کەسایەتییەکانی لێ بنووسرێ بۆ ئەوەی ئەو تێکهەڵکێشانە روونەدات و واباشترە ئەو وێنانە لەشوێنی دیاریکراوی خۆیدا بپارێزرێن..

## سوودی وێنەکان:

سوودی وێنە پارێزراوەکانی بەشی ئەرشیف مەکتەبی زانیاری رۆژنامەوانی بەم جۆرەیە:

١– **وێنەیی:** هەر راپۆرتێك یان بابەتێك راست و دروستی رووداوەکە پێشان دەدات، ئەو هەواڵ و راپۆرتانەی کە وێنەیان لەگەڵ دایە زیندوویی و راستی هەواڵەکە زیاتر پیشان دەدات لەو بابەتانەی کە وێنەیان لەگەڵدا نییە.

٢– خوێنەر لەرێگەی وێنەوە دەتوانێ زانیاری زیاتری دەس بکەوێ بەبێ ئەوەی بۆ بابەتەکە بگەڕێنەوە ئەگەر دوورو درێژبێت و واش باوە وێنەیەك دەربڕینی سەدان وشەیە.

٣– وێنەکان دەبنە هۆی یادکردنەوەو جێگیرکردنی زانیارییەکان لەبەرئەوەی ئەو بابەت هەواڵ و راپۆرتانە کە بەوێنەوە بڵاودەبنەوە زیاتر لای خوێنەری رۆژنامەو گۆڤارەکان لەیادو بەزیندوویی دەمێننەوە.

٤– زۆر لەخوێنەران حەزیان دەچێتە خوێندنەوەی ئەو راپۆرتانەی کە وێنەیان لەگەڵدایە.

٥– وێنەکان دڵنیات دەکاتەوە لەدروستی هەواڵەکەو راستی رووداوەکە.

## سەرچاوەکان:

سەرچاوەکانی دەستکەوتنی وێنەی رۆژنامەوانی سنووردارن، ئەو سەرچاوانەش ئەمانەن:

١- ئەو وێنانە کە وێنەگری رۆژنامەو گۆڤارەکان وێنە دەگـرن و چـەند دانەیـەکی لەبەشـی ئەرشـیف دەپارێزرێ.

٢- ئەو وێنانـەی کـە کارمەنـدانی ئەرشـیف لـەگۆڤارو رۆژنامەی دیکەی دەکەنەوەو بەتایبەتی ئـەو وێنانـەی کە نموونەی دیکەیان نییە.

٣- ئـەو کۆمەڵـە وێنانـەی لـەکۆمپانیاو دەزگاکـانی تایبەت بەوێنە گرتن دەست دەکەون.

٤- ئەو کۆمەڵە وێنانەی لەلایەن کەسایەتییەکانەوە دەکرێنـە دیـاری و پێـشکەش بەرۆژنامـەو گۆڤـار دەکرێن.

٥- ئەو کۆمەڵە وێنانەی کە لەناو ولات یان لـەدەرەوە رۆژنامەو گۆڤارەکان لەنێوان خۆیان ئـاڵ و گـۆڕی پـێ دەکەن.

## کۆمەڵە خولییەکان (رۆژنامەو گۆڤارەکان)

رۆژانـە ژمارەیـەکی زۆر گۆڤـارو رۆژنامـە دەگەنـە بەشی ئەرشیفی رۆژنامە جا ئەو رۆژنامانە چ نێوخۆیی بن یا عـەرەبی و بیـانی، هەنـدێکیان بـۆ کـاری برینـی زانیاری و راپۆرت و وێنە بەکاردێن یـان بـۆ پاراسـتنی یان بەبەرگ کردنی.

خولییەکان لەماوەی دەرچوونیان دەکرێن بەچـەند بەشەوە:

١- **رۆژانە (Daily):** ئەوەش ئەو رۆژنامانـەن رۆژانـە جارێك یـان چـەندین جـار بـەرێك و پێکـی دەردەچـن، بەلام تەنیا رۆژێك لەهەفتە دەبێتە رۆژی پشووی.

٢- **نیوهەفتـەیی (Semi-Weekly):** ئـەوەش ئـەو رۆژنامـەو گۆڤارانـە دەگرێتـەوە هەفتـەی دووجـار کـە رۆژی دەرچوونی دەبێ دیاری بکرێ، جـا ئـەو رۆژانـە دووشەممەو پێنج شەممە لەهەر هەفتەیەك و سالانەش (١٠٤-١٠٥) ژمارەی لێ دەردەچێ.

٣- **هەفتەنامە (Weekly):** ئەو گۆڤارو هەفتەنامانـە دەگرێتــەوە هەفتانـــە لـــەرۆژێکی دیـــاریکراوەوە دەردەچـێ و ژمارەکـانی دەرچـوونی سـالانە دەگاتـە (٥٢) ژمارە.

٤- **دوو هەفتـــە جارێـــك (Fortnightly):** ئـــەو رۆژنامەو گۆڤارانەن هەر دوو هەفتە جارێك لـەرۆژێکی دیاریکراودا دەرچن و کۆی ئەو ژمارانەی بەم شـێوەیە دەردەچن دەگاتە (٢٦-٢٨) ژمارە.

٥- **نیومـانگی (Semi Monthly):** ئـەوەش لەهـەر مانگێـك دووجـار دەردەچـێ، سـالانە ٢٤ ژمـارەی لێ دەردەچـێ، ئـەم جـۆرە رۆژنامـەو گۆڤارانـە دەبـێ لـەرۆژی دیـاریکراودا لەیـەکی مـانگ و پـانزەی مـانگ لەهەر مانگێك دەربچێ.

٦- **مانگانـــە (Monthly):** بـــریتین لـــەو گۆڤـــارو رۆژنامانـەی مـانگێ جارێـك دەردەچـن و سـالانە (١٢) ژمارەی لێ دەردەچێ.

٧- **هـەر دوو مـانگ جارێـك (Bi-Monthly):** ئـەم جۆرە خولیانە سالانە (٦) ژمارەی لێ دەردەچێ.

٨- **وەرزی (Quarterly):** ئـــەو جـــۆرە گۆڤارانـــە هەرســێ مـــانگ جارێـــك و ســـالانە (٤) ژمـــارەی لێ دەردەچێ.

٩- **سـالی سـێ جـار (Triennial):** ئـەو جـۆرە گۆڤارانەن کە سالانە (٣) ژمارەی دەردەچێ و دەکاتە هەر چوار مانگ جارێك.

١٠- **سالی دووجار (Biennale):** ئەم جۆرە گۆڤـارە هـەر شـەش مـانگ جارێـك و سـالی (٢) ژمـارەی لێ دەردەچێ.

١١- **سـالانە (Annual):** یـان هـەر سالەو جارێك و تەنیا یەك ژمارە دەردەچێ.

١٢- **دەرچوونی نارێك (Irregular):** ئەو خولیانـەن کە بەنارێکی دەردەچن جا لەبەر هەر هۆیەك بێ.

## ئەتلەس و نەخشە

نەخـشەکان مـاددەی رۆشـنبیرین و زانیـاری گـرنگ و بنەڕەتی بە رۆژنامەنووس دەدەن، لەبواری کارەکـەی سوودی زۆری لێ دەبینێ.

زانیارییەکان دەمانگەڕێننـەوە بـۆ هـەزاران سـال هـەر لەچاخە کۆنەکانەوە تـاکو ئێستا، نەخـشەکان بـەهاو

پایەکی بەرزیان هەیەو بەبەشێکی گرنگی مەڵبەندەکانی زانیاری و ئەرشیف دەژمێرێن. زۆر لە کۆمپانیاو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نەخشە هەن کە لەبواری نەخشەو دانان و بڵاوکردنەوەی بەهەموو جیهان پسپۆرن.

**دەکرێ نەخشە دابەش بکرێ بۆ:**

١- **نەخشەی پانتایی:** ئەو جۆرانەن نەخشەیان دەکێشرێن لەسەر کاغەز یان لەسەر پەڕۆ بەقەبارەی جیاواز چاپ دەکرێن.

٢- **نەخشەی تەنداری:** ئەو نەخشانەن کەلەقوڕ یان گەچ یان هەر ماددەیەکی دیکە دروست دەکرێن، بەمەرجێ هەندێ شوێنی بەرزی و نزمی و کەش و هەوا دیاری بکرێ.

٣- **نەخشەی کارەبایی:** ئەو جۆرە نەخشانەن لەسەر تەختە یان شتی دیکە دروست دەکرێن و زانیارییەکان بە گڵۆپی کارەبایی دیاری دەکرێن.

## جۆرەکانی نەخشە

نەخشەکان جۆری جیاوازن و هەر جۆرەی لەبوارێکی تایبەت و دیاریکراو سوودی خۆی هەیەو ئەمانەن:

١- **نەخشەی سیاسی و کارگێری:** ئەوەش ئەو جۆرە نەخشانەن دابەش کردنی سیاسی و کارگێری دەوڵەتن و شوێنی پایتەختەکان و شارە گرنگەکان دیاری دەکات.

٢- **نەخشەی سروشتی:** ئەو جۆرە نەخشانەن کە چیاو دەریاچە و بیابانەکان و کەش و هەوا دیاری دەکات.

٣- **نەخشەی ئابووری:** ئەو جۆرە نەخشانەن شوێنی سامانە سروشتییەکان و ئاژەڵ و رووەکی وڵاتێکی دیاریکراو یان کۆمەڵە وڵاتێك لەجیهان دیاری دەکات.

٤- **نەخشەی مێژوویی:** ئەو جۆرە نەخشانەن کە زانیارییە مێژووییەکانی وڵاتێك یان چەند وڵاتێك یان شارستانییەتی ماوەیەکی دیاریکراو لەمێژوو روون دەکاتەوە.

٥- **نەخشەی کەش و هەوا:** ئەو جۆرە نەخشانەن رێژەوی تەوژمی باو بۆران و تەوژمە جیاجیاکان و پلەی گەرمی و هەموو زانیارییەکانی وڵاتێك دیاری دەکات.

٦- **نەخشەی سەربازی و جەنگی:** ئەو جۆرە نەخشانەن کەشوێنی سەربازی و پلانی جەنگی و شوێنەکانی بەرگری و هێرش و ئاراستەکان و رێگاکانی رۆیشتن دیاری دەکات.

٧- **نەخشەی شوێنەوار:** ئەو نەخشانەن شوێنەکانی شوێنەواری وڵاتان دیاری دەکات.

٨- **نەخشەی گەشت و گوزار:** شوێنەکانی گەشت و گوزار لە وڵاتێکی دیاریکراو و بەناوبانگترین هوتێل و چێشتخانەو چۆنیەتی گەیشتن بەو شوێنانە دیاری دەکات.

٩- **نەخشەی رێگاو بان و هاتوچۆ:** شوێنەکانی هاتوچۆو رێگاو بانی وشکانی و دەریایی و ئاسمانی وڵاتێك یان نێوان وڵاتان دیاری دەکات.

## پاراستنی نەخشەکان

لەبەرئەوەی قەبارەو شێوەی نەخشەکان جیاوازن و لەبەشی ئەرشیف و زانیارییەکان هەندێ رێگا هەن بۆ پاراستنیان، نەخشە بچووکەکان لەنێو بەرگێکی نایلۆنی روون دەپارێزرێ بۆ ئەوەی دووری بخاتەوە لەتۆزو خۆڵ و دڕاندن لەبەر زۆری بەکارهێنانی، بەڵام چەندین رێگە هەن بۆ پاراستنی نەخشە گەورەکان..

١- پێچانەوەو پاراستنی لەسەر هەڵگری دار یان کانزایی و لەسە پارچە قوماشێك دەدرێ بۆ ئەوەی بەئاسانی نەدڕێت.


٢- نەخشەکان لەخانە خانەی کانزایی یان داری فراوان بەشێوەی ئاسۆیی کراوە دادەنرێ لەکاتی پێویستدا بۆ بەکارهێنانی خانەکە رادەکێشرێ نەخشەکە بەدیار دەکەوێ و دەتوانی بەئاسانی بیخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی دەستی لێ بدرێ.

٣- هەڵواسینی نەخشەکان لەشوێنی تایبەت دەبێ و لەبەشی ئەرشیف دادەنرێ و بەنایلۆن دەپێچرێ بۆ ئەوەی کەمترین زیانی پێبگات.

# ئاژانسی دەنگ و باس

## ناوەندێکی کارا بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە

### بەشێک لە مێژووی ئاژانسی دەنگ و باسی جیهانی



ئەسعەد جەباری– کەرکووک

**ئاژانسی دەنگ و باس**

**(ئاژانسی دەنگ و باس)** ئەو دەزگایەیە کە لەسەر زبانی هەموو کەسێك دووبارە دەبێتەوە لەجیهاندا و رۆژانە دەزگاکانی رۆژنامەو ئێزگە و هۆکارەکانی دیکە راگەیاندن سوود لەو دەزگایە وەردەگرن بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانیان، زۆربەی رۆژنامەکانی جیهان یەکەم لاپەڕەیان بەهەواڵەکانی ئاژانسەکان دەڕازێننەوە.. هەروەها ئێزگەو تەلەفزیۆنەکان لەرێگەی پەخش کردنی هەواڵەکانیانەوە سوود لەسەرچاوەکانی ئاژانسەکان دەبینن..

**(ئاژانسی دەنگ و باس)** ناوی خۆی، یان ئەو زاراوەیە لەدوو بەش پێکهاتووە **(ئاژانس، دەنگ و باس)** ناوی خۆی بەخۆیەوەیەو سروشتی ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نوێنەری رۆژنامەو ئێزگەکانە، وەکو ئینستووتێکی هاوبەشە، رۆژنامەو گۆڤارو ئێزگەکان هەواڵی جیاجیای لێ وەردەگرن و سوودی لێ دەبینن وەك سەرچاوە.. چونکە هیچ رۆژنامەو ئێزگەو تەلەفزیۆنێك بەتەنیا ناتوانن ئەم کارە رابپەڕێنن بێگومان خوودی ئەو دەزگایانە دەبێت بەشداری لەخەرجییەکانی ئەو **(ئاژانسانە)** بکەن کە بەردەوام و بۆ ٢٤ کاتژمێر هەواڵ و زانیاری لەسەراپای جیهانەوە بە دەزگاکانی راگەیاندن دەبەخشێ بەبێ وەستان.

ئەم دەزگایە **(ئاژانسی دەنگ و باس)** لەهەموو گۆشەکانی جیهاندا هەواڵ و زانیاری کۆدەکاتەوە و جارێکی دیکە بەهەموو شوێنێکی جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە و هۆکاری راگەیاندن جارێکی دیکە بەشێوازێکی هونەری بڵاوی دەکەنەوە کە گوێگر یان خوێنەر یان بینەر سوود لەو هەواڵانە ببینن، هەر دەزگایەکی راگەیاندن زووتر هەواڵەکان بڵاوبکاتەوە ئەوا بێگومان باوەڕو متمانەی لەلایەن خەڵکانەوە زیاتر دەبێت.

**دێرینترین و کۆنترین ئاژانسی دەنگ و باسی جیهانی بریتین لەم پێنج ئاژانسە:**

* ئاژانسی دەنگ و باسی فەڕەنسی **(A.F.P)**
* ئاژانسی دەنگ و باسی بەریتانیا (رۆیترز، **R**)
* هەردوو ئاژانسی دەنگ و باسی ئەمریکی ... (ئەسوشیتد پرس **A.P**، **یونایتد پرس ئەنترناشیونال U.P.I**).
* ئاژانسی دەنگ و باسی سۆڤێتی **(رووسیای ئێستا)** ئاژانسی تاس **Tass**.

هەروەها **(ئاژانسی دەنگ و باس)**ی ناوخۆیی لەزۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا دامەزراوە.. بەهەمان

شێوەی ئاژانسی جیاجیا بۆ هەواڵی تایبەت بە هەموو هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بە گشت لقەکانییەوە.

خوێنەری ئازیز ئەوەی لەم بابەتەدا بەرچاوت دەکەوێ بەشێکە لەمێژووی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگ و باسی جیهانی، بەهیوام وەك بابەتێکی ڕۆژنامەوانیی سوودی بۆ هەموو لایەك هەبێت.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی عیراقی**

لەپاش شۆڕشی ١٩٥٨ لەعێراقدا دەوڵەت لەپاڵ سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی کەرووبەرووی بوویەوەو هەوڵی بۆ ئەدا بەرەو ئاراستەیەکی تریان بەرێ.. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوو کە زۆرێ لەو کۆششانە سەریان هەڵدەدا گۆڕینی ئەو واقیعە بوو چۆن بتوانن واقیعێکی پێش ڕاپەڕینی ١٩٥٨ و وەلاوەنانی حوکمی پاشایەتی و هاتنە سەر حوکمی کۆماری لەیەك کاتدا ڕووبەڕوو ببنەوە... دەوڵەت لەو کاتانەدا پێویستی بە دەزگایەکی ناوەندی بۆ هەواڵ کۆکردنەوە هەبوو کە لەوەو پێش دانەمەزرابوو، بەڵام هەر ١٤ مانگ لەپاش شۆڕشی ١٩٥٨ بە بڕیارێك لە ١٩٥٩/٩/٢٨ یاسایەك[١] بەدامەزراندنی ئاژانسی دەنگ و باسی کۆماری عێراق دەرچوو.

لەیاسای ئەو ئاژانسەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە دامەزراوەیەکی نارەسمییەو پەیوەندی بەخوودی **(وەزیری ڕاگەیاندن)**ەوە دەبێت و بوودجەیەکی سەربەخۆو ئەنجومەنێکی کارگێری بۆ بەدواداچوون و نەخشەی کارکردن وئەو کەرەسانەی کە ئەو دامەزراوە دەبات بەڕێوە بۆ دابین دەکرێ.. ئەم دەزگەیە لەعێراقدا لەڕۆژی (١١/٩)ی هەمان ساڵدا دەست بەکاربوو، سەرەتا سێ بەش بوو **(بەشی هەواڵە ناوخۆییەکان، بەشی هەواڵەکانی دەرەوە، بەشی گوێ هەڵخستن–الانصات)**.

سەرەتا بەو کەرەسە کەم وبێ کادری پسپۆڕو شارەزاو لەڕووی نارێکی دامەزراوەکەو زۆرجار بەستنی بەئێستگەو تەلەفزیۆن **(لەدیدی یەکێك لەمامۆستاکانی کۆلیجی ئاداب بەشی ڕۆژنامەگەری کە لە ٢ نیسانی ١٩٧٢ دا لەیەکێك لە موحازەرەکانی دا دەڵێ: سەرەتای ئەو دامەزراوە بەراست نازانم، چونکە ئەو ئاژانسە تەنیا بۆ ئەو کاتە بڕیارێکی کاتی بوو دەبوو دەربکرێ.. چونکە زۆر هۆکارێکی بابەتی جۆراوجۆر وای سەپاند کە ئەو دەزگایەو دامەزراوەیە وا بەپەلە دامەزرێ)**، دیارە لێرەدا ڕای مامۆستا محسن حسین وایە هەندێ هۆکاری تایبەتی جیاجیا فشاری بۆ دەوڵەت بردووە کە ئەو دامەزراوەیە وا بەپەلە دابمەزرێنێ ئەگەرنا بەرای ئەو ئەو کاتە پێویست نەبوو!

سەرەتا ئاژانسی دەنگ و باسی عێراقی هەندێ هەوڵێ سەرەتایی نا وەك دەرکردنی دوو بڵاوکراوەی دەنگ و باس بۆ **(بەیانیان و ئێواران)** کەلەدووتوێدا زۆرێ لەهەواڵە عەرەبی و بیانییەکان بڵاودەکرانەوە کە هەر لەئێستگە جیاجیاکانەوە وەردەگیران..

هەروەها ئەم ئاژانسە دواتر هەوڵی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ئابووریدا کە تایبەت بوو بەهەواڵەکانی ئابووری و بازاڕی جیهانی لەگشت دوونیادا.. بەدامەزراندنی ئاژانسی دەنگ و باسی عێراقی و سروشتی کارکردنەکەی و هەر لەسەرەتاوە بایەخدان بە هەواڵە ناوخۆییەکان لەناو وڵاتی عێراقدا توانی زاڵ بێت بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دەنگ و باسەکانی ناوخۆیی، سەرەرای ئەوەی کە توانای دارایی ئەوتۆی نەبوو بتوانێ هەوڵی باشتر بدات.. هەروەها وەك پێشتر باسمان کرد نەبوونی کادری پسپۆڕو کەمی فەرمانبەر دامەزراو لەو ئاژانسە.

ئاژانسی دەنگ و باسی عێراقی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەدوو قۆناغدا تێپەڕیوە:–

لە ١٩٥٩–١٩٦٨، لە ١٩٦٨– هەتا ئێستا بێ گومان لەهەردوو ئەم قۆناغەدا دەوڵەت هەوڵی داوە کۆنترۆڵی ئەو دەزگایە بکات بە ئاراستەی سیاسەت و بۆچوونی تەسکی حزبایەتی خۆی کەلێرەدا دەوڵەت وەکو پێویست نەیتوانیوە هەنگاوبنێ، بەهۆی ئەو بەربەستەی بۆی دانراوە!! تەنها لەگۆڕانکارییەکانی (١٩٦٣)دا نەبێت سروشتی ئەو دەزگایە هەندێ

هەنگاوی ناوه بەگوێرەی سەرچاوەکان کە ئاماژەی بۆ دەکەن کەپاشتر هەندێ نووسینگەی لەدەوڵەتانی دراوسێدا کردەوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی (ئەنازۆل–الاناچول) (أ.أ)**

**A.A (Anadolu Ajansi)**

ئەم ئاژانسە سەر بەولاتی تورکیایە.. لەساڵی ١٩٢٠ز لەئەنکەرا دامەزراوە وەك بەشێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری.. بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ز وەك کۆمپانیایەکی بەرپرس لەڕاپەڕاندنی ئیشەکانی ناسرا.

دەوڵەتی تورکیا وەك کۆمپانیایەکی حکومی بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەو ئاژانسە دیاری کرد، بەمەبەستی گەشەپێدانی هەوڵەکانی، ئەم بوودجەیەش ساڵانە پێشکەش دەکرێ، ئەم ئاژانسە نووسینگەیەکی هەیە لەئەستنبول کە هی کەمتر نییە لەبارەگای سەرەکی لەئەنکەرا.. هەروەها لەم ولاتە ئاژانسێکی دیکەی تایبەت هەیە کە زیاتر بایەخ بەئاژانسەکانی ڕووداوە ناوخۆییەکانی تورکیا دەدات ئەم ئاژانسەش لەساڵی ١٩٥٠ز دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی ئەثینیا (أ.أ)**

ئەم ئاژانسە لەساڵی ١٨٩٦ز لەیۆنان وەك دامەزراوەیەکی حکومی دامەزراوە لەناوەندی پایتەختی ولات (ئەثینیا).

**ئاژانسی دەنگ و باسی ئەسوشیتدپرسی ئوستراڵی (أ.أ.ب)**

ئەم ئاژانسە... ڕۆژنامە گەورە ڕۆژنامەکانی ئوستراڵی دایانمەزراند لەساڵی ١٩٣٥ز لە (سدنی) لەسەر بنەمای هاریکاری یەکترکردن لەنێوان ڕۆژنامەکاندا..

لەساڵی ١٩٤٦ز ئەم دامەزراوەیە وەکو هاوبەش لەکۆمپانیای رویترو بەشدار لەو یەکێتیەدا کەنوێنەری هەبوو لەئەنجومەنی کارگێری ئەو دامەزراوەیە پەرەی بەئەرکەکانی خۆیدا.

هەر لەئوستراليا دەزگایەکی تری ئاژانسی دەنگ و باسی دیکە هەیە بەناوی (**یونایتد پرێسی ئوستراڵی**) کەلەساڵی ١٩٢٨ز دامەوراوە کەئەمەی دووەم ئیش و کاری کەمترە:

بەگشتی هەردوو ئەو دامەزراوەیە هاریکاری یەکترن و لەخزمەت دامەزراوو دەزگاکانی دەوڵەتدا پەرە بەئەرکەکانیان دەدەن وەك دوو دەزگای تەواوکەری یەکتر.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی بوروندی ڕۆژنامەگەری**

ئەم ئاژانسە لەکۆماری بوروندیدا دامەزراوەو بارەگاکەی لەپایتەختی ولات (**بوگومبورا**) دایە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی ئەفریقیای ناوەند بۆ ڕۆژنامەگەری**

ئاژانسی دەنگ و باسی کۆماری ئەفریقیای ناوەند لەساڵی ١٩٦١ز لە (**بانگوی**) پایتەختدا دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی کۆنگو**

ئاژانسی دەنگ و باسی کۆنگۆ لەپایتەختی ولاتدا لە (**برازافیل**) ساڵی ١٩٦١ز دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی عدن (أنا)**

**Aden News Agency (A.N.A)**

ئاژانسی دەنگ و باسی (عەدەن) لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ز دامەزراوە.. ئەم ئاژانسە زیاتر وەك ئاژانسێکی ناوەخۆی ناسراوە لەناو ولاتدا.

**– ئاژانسی دەنگ و بسی گمایkv دویتچر ناoریختن دینست (أ.د.ن)**

**A.D.N(llgemeiner Deutecher Nachrichtndienst)**

ئەم دامەزراوە ئاژانسێکی حکومەتیەو بەرەسمی سەر بەدەوڵەتی ئەڵەمانیایە.. بارەگاکەی لە (**بەرلین**)ە، لەساڵی ١٩٤٦ز دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی پورتووگالیا (Silva Ida)**

ئاژانسی دەنگ و باسی پورتووگالیا بارەگاکەی لە (**لشبونە**)ی پایتەختی ولاتە.. هەروەها لەناوەندی ئەو ولاتە پێنج دامەزراوەی دیکە ئاژانسی دەنگ و باسی تێدایە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسی (أ.ف.ب)**
**A.F.P (Agency France Preese)**

ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسەی دەولی لەساڵی ١٨٣٥ز بەناوی **(ئاژانسی هافاس)** دامەزرا، دواتر ناوی ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسای لەخۆگرت لە ٣٠ ئەیلوولی ١٩٤٤ز بارەگای سەرەکی ئەم ئاژانسە لەپاریسی پایتەختی فەرەنسییە.

ئەم ئاژانسە یەکێك لەدێرینترین ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانەو ساڵانە دەوڵەت بوودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کردووە تاکو بتوانێ ئیش و کارەکانی خۆی باشتر بەڕێوەببات و بتوانێ هاوکێشەیەك لەنێوان داهات و خەرجییەکانی دروست بکات.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی بەلجیکا**
**Agence Belga (BELGA)**

لەساڵی ١٩٢٠ز لەبرۆکسلی پایتەختی بەلجیکا دامەزراوە وەك کۆمپانیایەکی هاوبەش بۆ کاروباری پیشەسازی و (مەصرفی)[2].. لەم ئاژانسەدا رۆژنامەگەری بەشێکی کەمی بەرکەوتووە.. لەساڵی ١٩٢١ ئەم ئاژانسە بەکردەوە دەست بەکاربووە، پاش ئەوەی توانی هەردوو نووسینگەی خۆی بکڕێ لەهافاس و رویتر و هاوبەشیان لەگەڵدا بکاتەوە پەیمانی لێ وەرگرتن کە هەردوو ئەو نووسینگەیە تەنیا لەخزمەتی ئەم ئاژانسەدابن لەبەلجیکا و هیچ ئەرکێك رانەپەڕێنن ئەگەر لەرێگای ئەم ئاژانسەوە نەبێت.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی بنین بۆ رۆژنامەگەری**
**Agemce Benin-Presse**

ئاژانسی دەنگ و باسی بنینی گەلی **(پێشتر بەناوی داهومی بووە تاکو ساڵی ١٩٧٥)..**

ئەم ئاژانسە لەساڵی ١٩٦١ لەکۆتۆنۆدا دامەزراوە.. زیاتر وەك ئاژانسێکی نێوخۆیی وڵات ناسراوەو بەبەشێك لەوەزارەتی راگەیاندن ناسراوە.

**– ئاژانسی بوروندی بۆ رۆژنامەگەری**
**Agence Burundaise Presse (ABP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی کۆماری بوروندی لەپایتەختی (بوگومبورا) دامەزراوەو بارەگای سەرەکی لەپایتەختە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی دەولی**
**Agemce de Presse Internationale (A.P.I)**

ئاژانسی دەنگ و باسی دەولی... بارەگای سەرەکی ئەم دامەزراوەیە لەپایتەختی فەرەنسەیە (پاریس).. ئەم دامەزراوەیە پرۆژەیەکی سەربەخۆیە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی سەنگالی**
**Agence de Presse Senegala ise (A.P.S)**

ئەم ئاژانسە رەسمییەو سەر بەئەفریقیایە زیاتر ناوخۆییە.. لە (داکار) پایتەختی سەنگالی ساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە.. بایەخ بەبازرگانی دەدات بۆ دەوڵەت.

**– ئاژانسی گابون بۆ رۆژنامەگەری**
**Agence gabonaise De Presse (AGP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی ئەفریقیە بۆ نێوخۆیی ئەفریقیا.. لەساڵی ١٩٦١ز لە (لیبرفیل) پایتەختی کۆماری گابون دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی کینیا**
**Agence Gineenne de Presse (A.GP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی ئەفریقیە بۆ نێوخۆیی ئەفریقیا.. لە (کوناکری) پایتەختی کینیا ساڵی ١٩٦٠ز دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی ساحل عاج**
**Agence Ivoirienne de presse (AIP)**
**(Ivory Coast news Agency)**

ئاژانسی دەنگ و باسی نێوخۆیی ئەفریقی. لەپایتەختی (ئابیدجان) لەساڵی ١٩٦١ز دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی خەمیر بۆ رۆژنامەگەری (أ.ك.ب)**
**Agence Khmere De presse (A.K.P.)**

لەساڵی ١٩٥١ز دامەزراوە، ئاژانسی دەنگ وباسی کمبودیایە دامەزراوەیەکی رەسمی حکومەیە... ئەم دامەزراوەیە کەسایەتی خۆی هەیەو لەرووی داراییەوە سەربەخۆیە. دواتر لەساڵی ١٩٧٨ ئەم دامەزراوەیە هەڵوەشێنرایەوەو لەجێگایدا **(ئاژانسی دەنگ و باسی کەمبۆدیا بۆ زانیاری)** هات دامەزراندن.. ئەمەش پاش

دامەزراندنی کۆماری کەمبۆدیا دروست بوو لەپاش وەلاوەنانی حوکمی پادشایەتی لەساڵی ١٩٧٥.

– ئاژانسی دەنگ و باسی مالی

**Agemce Mailienec de presse et Promotion**

ئاژانسێکی نێوخۆیی ئەفریقیە لەساڵی (١٩٧٧ز) دامەزراوە بە (باماکۆ) پایتەختی مالی. ئەم دامەزراوەیە سەر بەوەزارەتی راگەیاندنە.

– ئاژانسی مۆریتانیا بۆ تەلەفزیۆن و سینەما

**Agence Mauritenienne de Television et de Cinema (AMATECI)**

ئەم ئاژانسە لەپایتەختی مۆریتانیا لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە بەرەسمی رێگای پێ دراوە بایەخ بە کۆکردنەوە هەواڵ جیاجیاو هونەریش دەدات.

– ئاژانسی دەنگ و باسی مەدغەشقەر (أ ن ت أ)

**Agence Nationate d'Information "Tarata" (ANTA)**

ئاژانسی دەنگ و باسی کۆماری مەدەغەشقەری دیموکراتی گەلی.. لەپایتەختی ئەو کۆمارە (**ئەننا ناناریفو**) لە ساڵی ١٩٧٧ز دامەزراوەو جێگای ئاژانسی (**مدغشقر**)ی بۆ رۆژنامەگەری گرتەوە.

– ئاژانسی رۆژنامەگەری پاریس

**Agence Parisienne de Presse**

ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسیەو لەپاریس ساڵی ١٩٤٩ز دامەزراوە.. کۆمەڵەی ئەکادیمیای فەرەنسی پشتیوانی لێ دەکات.

– ئاژانسی کۆماری بۆ زانیاری

**Agence Republicaine d'Information**

ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسییە زیاتر بایەخ بەهەواڵی نێوخۆیی فەرەنسا دەدات.. هەروەها بەو هەواڵە سیاسیانەی دەرەوە... ئەم دامەزراوەیە بارەگاکەی لە (**پاریس**)ە.

– ئاژانسی رواندا بۆ رۆژنامەگەری

**Agence Rwandaise de Presse (ARP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی کۆماری رواندا بارەگاکەی لە پایتەختی (**کبجالی**)یە.

– ئاژانسی چاد (التشادیە) بۆ رۆژنامەگەری

**Agence Tchadienne de Presse (ATP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی چاد دامەزراوەیەکە بارەگاکەی لە ندجامینای پایتەختی (**چاد**)ە.

– ئاژانسی تەلەگراف

**Agence Telegraphique**

ئاژانسی دەنگ و باسی میرنشینی (**مۆناکۆ**) کە دەکەوێتە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، باشووری رۆژهەڵاتی فەرەنسا.

– ئاژانسی دەنگ و باسی مۆزەمبیق

**Agence deInformacao de Mozambique (AIM)**

ئاژانسی دەنگ و باسی مۆزەمبیق بارەگاکەی لە (**مابۆتۆ**)ی پایتەختە.

– ئاژانشی تەلەگرافی سویسری

**Agence Telegraphique Suise (A.T.S)**

لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٨٩٤ز دامەزراوەو مەڵبەندی سەرەکی لەشاری (**بڕن**)ی پایتەختی سویسرەیە.. ئەم دامەزراوەیە کۆمپانیایەکی تایبەتی هاوبەشە.. ئێستگەو تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بەشیان تیایەو سوودی لێ وەردەگرن وەك سەرچاوەی هەواڵ زانیارییەکانیان.

– ئاژانسی تۆکۆ بۆ رۆژنامەگەری

**Agence TogoIaise /de/ Presse (ATP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی نێوخۆیی ئەفریقیایە، بەرەسمی لەساڵی ١٩٧٥ز لە (**لومی**) پایتەختی کۆماری تۆگۆ دامەزراوە.

– ئاژانسی فولتا بۆ رۆژنامەگەری

**Agence Voltaique de Presse (AVP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی نێوخۆیی کیشوەری ئەفریقیایە بە رەسمی.. لەساڵی ١٩٦٣ز لە (**ئەواگادوگۆ**)ی پایتەختی فولتای باڵا دامەزراوە.

**- ئاژانسی زائیر بۆ رۆژنامەگەری**

**Agence Zaire-Presse (AZAP)**

ئاژانسی دەنگ و باسی ئەفریقیایە، ناوخۆییەو بەرسمی یە.. لەساڵی ١٩٧٥ لە (**کینشاسا**)ی پایتەختی کۆماری زائیر.

**- ئاژانسی هەواڵەکانی نیشتمانی**

**Agencia de Informacion Nacional (AIN)**

ئاژانسی دەنگ و باسی نێوخۆیی ولاّتانی (**کۆبا**)یەو ئەم دامەزراوە بارەگاکەی لە (**هاڤانە**)یە.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی ئیسپانیا**

**Agencia EFE, Socidad Anonime S.A. (EFE)**

ئاژانسی دەنگ و باسی ئیسپانی.. کۆمپانیایەکی سەربەخۆیەو لەساڵی ١٩٣٩ز لە (**مەدرید**)ی پایتەختدا دامەزراوە..

**- ئاژانسی دەنگ و باس لە شیلی**

**Agencia Informative Orde Chile Ltd...**

ئاژانسی دەنگ و باسی (**کۆماری شیلی**)یەو بارەگاکەی لە (**سانتیاگۆ**)ی پایتەختی ئەو ولاّتەیە، لەم ولاّتەدا دوو ئاژانس هەن کە هەردووکیان لەساڵەکانی ١٩٤٥ز، ١٩٤٨ز دامەزراون.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی ئەرجەنتین**

**Agencia Los Diarios...**

ئاژانسی دەنگ و باسی ئەرجەنتین لەساڵی ١٩١٠ز دامەزراوە.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی بەرازیل**

**Agencia Merdional Ltd (A.M.)**

ئەم دەزگایە لە (**ریودی جانیرۆ**) ساڵی ١٩٣١ز دامەزراوە.. دامەزراوەیەکی تایبەتە.. کۆمپانیایەکی سنووردارە.. دەزگەیەکە بۆ بلاّوکراوە رۆژنامەییەکانە.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی نیشتمانی**

**Agencia Nacional...**

ئاژانسی دەنگ و باسی بەرازیلی بارەگا سەرەکییەکەی لە (**بەرازیلیا**)ی پایتەختە.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی ئۆرگوای...**

**Agenceia Nacional de Information (A.N.I)**

تەنها دامەزراوەی ئاژانسی دەنگ و باسە لە ئۆرگوای کە لەساڵی ١٩٤٥ز لەپایتەختی (**مونتفیدیۆ**) دامەزراوە. بریتیە لەکۆمپانیایەکی ئاسایی بازرگانی.. هەڵئەسێ بە فرۆشتنی خزمەتەکانی خۆی بۆ هەرکەس و لایەنێك بیەوێ دەفرۆشێ لەبەرانبەر بەزانیارییەکانە.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی سابوریتی ئەرجەنتینی...**

**Agencia Naticiosa Saporiti (A.N.S)..**

ئەم دامەزراوەیە بەکۆنترین ئاژانسی دەنگ و باسی ئەمریکای لاتینی دەژمێردرێ، کە لەساڵی ١٩٠٠ز لەلایەن (**کارلوس سابوریتی**)یەوە دامەزراوە وەك ئاژانسێکی تایبەتی...

ئەم دامەزراوەیە لەنێوەندی پایتەختی ئەرجەنتین (**بیونس ئیرس**)دا دامەزراوە.. ئەمەش بەپێنجەمین ئاژانسی دەنگ و باسی جیهانی دەژمێردرێ لەرووی مێژووییەوە.

**- ئاژانسی رۆژنامەگەری رۆمانی (ئجریبرین)**

**Agencia Romana DE Presa (AGEPRES)**

**Rumanian Press Agency**

ئاژانسی دەنگ و باسی رۆمانی.. مەڵبەندی ئەم دەزگایە لە (**بوخارست**)ی پایتەختی رۆمانیایە.. دامەزراوەیەکی حکومییەو لەساڵی ١٩٤٩ز دامەزراوە.

**- ئاژانسی دەنگ و باسی فاتیکان...**

**Agenzia Internazionale Fides (A.I.F.)**

ئاژانسێکی نێودەوڵەتییە لەفاتیکان.. لەرۆما ساڵی ١٩٢٦ز دامەزراوە.. هەواڵەکانی خۆی دابەش دەکات بەسەر نوێنەری دیبلۆماسیی سەرانسەری ولاّتانی جیهان لەرۆما.

**- ئاژانسی ئەنسای ئیتالی..**

**Agenzia Nazionale Stampa Associata (H.N.S.A)**

لەساڵی ١٩٤٥ز ئەم دامەزراوەیە جێگای ئاژانسی (**ئیستیفانی**) کۆنی گرتەوە کە زمان حاڵی حکومەتی

هەواڵنامەی کتێب

مۆسۆلینی بوو کە لەساڵی (١٨٥٤ز)وە دامەزرابوو– بارەگای ئەم ئاژانسە (ئەنسا) لەڕۆمایە.. وەکو کۆمەڵەیەکی هاوبەشەو زۆریّ لە ڕۆژنامەکاندا تیایدا بەشدارو ئەندامن.

**– ئاژانسی تەلەگرافی ئەلبانیا..**

**Albanian Telegraphic Agency**

ئاژانسی دەنگ و باسی لەم وڵاتەدا ساڵی ١٩٤٥ز لە (**تیرانیا**)ی پایتەختی ئەلبانیا دامەزراوە.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی هۆڵەندی...**

**Algemeen Nederlands Parsbureau (A.N.P) (Netherlands News Agency)**

ئەم دامەزراوەیە لەساڵی ١٨٣٤ز دامەزراوە.. بارەگای سەرەکی لە (**لاهای**)یە.. ئەم دامەزراوەیە سەربەخۆیەو خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانی هۆڵەندی.

**– ئاژانسی دەنگ و باسی جەزائیر (و.أ.ج)...**

**Algerian Presse Service (A.P.S.)...**

سەرکردەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیری لەپاش ئەوەی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بەدەست هێنا.. ئەرکی قورس و گرانیان کەوتە ئەستۆ کەبتوانن چۆن هەواڵەکانیان بخەنە گەڕ و بەپێچەوانەی حوکمی داگیرکراوەی فەرەنسی بتوانن دامەزراوەکانیان ڕەورەوەی خۆی بگرێ کە بەر لەگشت ڕووەکانەوە(**ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی..هتد**) هەرچەندە حکومەتی کاتی شۆڕشگێڕانی جەزائیر لە مەنفا زۆریّ لەدامەزاوەکانیان پێک هێنابوو بەر لەڕزگاربوونی یەکجارەکیان، بەڵام لەپاش سەربەخۆیی بوون هەنگاوەکانیان گەورەتر بوویەوە... بەڵام دامەزراوەیەکی وەکو ئاژانسی دەنگ و باسی جەزائیری پێش وەخت کاری بۆ کرابوو کاتیّ جەزائیرەکان دژ بە داگیرکاری فەرەنسی لەخەباتدا بوون، لەساڵی ١٩٦١ پێش سەربەخۆیی بوونیان لە دیسمبری ئەو ساڵە دایانمەزراند بە (**تونس**).. پاش ئازادبوونی یەکجارەکی جەزائیر ئەم دامەزراوەیە گواسترایەوە بۆ جەزائیر و بەشەکانی پێکهێنراو نووسینگەی لەزۆربەی پارێزگاکانی جەزائیر کرانەوە.. ئەم دەزگای بەهەردوو زمانەکانی (**عەرەبی و فەرەنسی**) هەواڵەکانی خۆی بڵاودەکردەوە... ئەم ئاژانسە چەندین بەشی لە خۆگرتووە گرنگترینیان بەشی (**دەستەی نووسەران–هیئة التحریر**).. و بەشی پەیامنێری.. بەشی سێیەمیش بەشی بەڵگەنامەکان و نووسراوە مێژووییەکانیان کە ئەم بەشەیان بایەخ بە ڕێکخستنی هەواڵەکان دەدات و پاکتاویان دەکاتەوە لە کەم و کوڕی و دواتر ڕەوانەیان دەکات وەك ڕاپۆرت ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە... هەروەها بەشی وێنەگرتنی لەخۆگرتووە ئەم ئاژانسە پەیوەندی و پرۆتۆکۆلی لەگەڵ زۆربەی زۆری ئاژانسە نێودەوڵەتیەکانیان بەستووە بۆ زیاتر پەرەپێدانی ئەرکەکانیان بەتایبەتی لەگەڵ (**ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسی و ئاژانسی ڕویتر و ئاژانسی یونایتدبریس ئەنترناشینال**) هەروەها ئەم ئاژانسە ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ ئاژانسی (**تاس**)ی سۆڤێتی...

لەساڵی ١٩٦٣ یاسایەکی تایبەت بەو ئاژانسە لەلایەن دەوڵەتەوە بڵاوکرایەوە.. ئەم ئاژانسە وەزارەتی وەزارەتی ڕاگەیاندنی جەزائیری سەرپەرشتی دەکات و لەهەندیّ وڵاتانی وەك فەرەنسەو لوبنان و میسر نووسینگەی تایبەتی هەیە...

**– ئاژانسی دەنگ و باسی عەدەن (أنا)...**

**A.N.A. (Aden News Agency...**

هێمنی و ئاسایش لەپاش کشانەوەی بەریتانیا لەسەر خاکی کۆماری (**یەمەنی دیموکراتی گەلی**) بە نەبوو، بەڵکو زۆریّ لەو کێشانەی کە هەبوون هەر لە هەڵپساوی مانەوە زیاتریش کاریگەری لەسەر هێشتنەوە... جگە لەوەی خوودی وڵاتانی یەمەن ڕووبەڕووی چەندین کێشە بوویەوە لەگەڵ دراوسێکانی.. هەروەها حاڵەتی گەندەڵی ئابووری و هەژاری و "**جەهل**" و نەخۆشی جیاجیا لەنێوان ڕیزەکانی گەلی عەرەب لەو ناوچەیە ئەمانە لەسەر حکومەتی یەمەن کەڵەکە بوون.

سەرهەڵدانی ٢٢ حوزەیرانی ١٩٦٩ز و ئەو گۆڕانانەی ڕووبەڕووی وڵات بوونەوە و بەگۆڕینی زۆریّ

لەسەرکردەکان لە شوێنی گرنگی خۆیان.. بەمەشە حوکمی تازە لەو ولاتە هەنگاوی بوێرانەی نا بۆ باشتر کردنی بارودۆخ.

دەسەلاتی-سیاسی نوێ لەو ولاتەدا پاش ئەوەی نەخشەی بۆ خۆماڵی کردنی کۆمپانیاو دامەزراوەداگیرکراوەکان ناو لەڕەگەوە هەولی گۆڕینی هەندێ لەیاساکانی سەندیکاو ئینستووتەکانی نا بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەبارودۆخ.. ئەم گۆڕان و هەولانە بێ گومان دەزگایەکی گەورەی راگەیاندنی گەرەك بوو کە رەوڕەوەیکاروانی سیاسی و دەسەلات بەئاراستەی باش بەرێت.. هەرچەندە رۆلی رۆژنامەگەری فەرامۆش ناکرێ کە هەنگاوی باشی دەنا و جم و جۆلی جیایا بۆ باشترکردنی دەسەلات لەرێگای ولاتانی نەیار بە (یەمەن) پروپاگەندەی دژ بەرپا دەکرا هەر بۆیە لەو ولاتە هەست بەوەکرا کە پێویستە هاتنە کایەوەی دامەزراوەیەکی دی بکرێ کەبەشداری باشتری رەت کردنەوەی ئەو پروپاگەندانە بکات.. هەر بۆیە ئاژانسی دەنگ و باسی (عەدەن) لە مانگی (٢)ی سالی ١٩٧٠ز لەپاش ٨ مانگ لەوەرگرتنی جلەوی حوکم لەو ولاتە بەبڕیارێکی سەرەك وەزیران دامەزرا.. ئەم دەزگایەش سەرەتا زۆر رەسمی نەبوو.لەم دەزگایەدا ئەنجومەنێکی کارگێڕی بۆ پێك هێنرا بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی دەنگ و باس بەئەندامێتی بەڕێوەبەری گشتی ئێستگەو تەلەفزیۆن و بەڕێوەبەری دامەزراوەی ١٤ی ئۆکتۆبەر.

**ئاژانسی دەنگ و باسی یەمەن پێك هاتووە لەپێنج بەشی جیاجیا:**

* بەشی دەستەی نووسەران کە هەردوو لقەکانی هەواڵەکانی ناوخۆیی و هەواڵەکان دەرەوە لەخۆ دەگرێ.
* بەشی گوێ گرتنی سیاسی (ئەنصات).
* بەشی هونەری.
* بەشی ئەرشیف.
* بەشی وێنەگرتن.. کە ئەم بەشە سەر بەوەزارەتی راگەیاندن بوو پاشتر گواسترایەوە بۆ دەزگای ئاژانسی دەنگ و باسی یەمەن.

هەروەها لقەکانی چاپەمەنی و راپۆرتی سیاسی بەشێکی نارەسمی بوون لەو دەزگایە چوونە پال ئەرکەکانی تر..

لەئاژانسی دەنگ و باسی یەمەنیدا رۆژانە بایەخ بە پەخشی هەواڵەکانی ناوخۆیی و جیهانی دەدران بەهەردوو زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی... سەروتارو بابەتە گرنگەکانی رۆژنامە بیانییەکان دەخوێنرانەوە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.. راپۆرتە سیاسییەکان کە تیایدا بەئاراستەی نێودەولەتی بوون دەردەکران رۆژانە بلاودەکرانەوە.. بلاویکراوەی ئابووری کەناو بەناو دەردەکران بەزمانی عەرەبی بلاودەکرانەوە.. هەروەها ئاژانسی دەنگ و باسی عەدەن بایەخی بەهەوالێ جم و جۆلی ولاتانی سۆسیالیستی لەجیهاندا دەدا هەروەها بەیەمەنی دیموکراتی ئەم بلاوکراوەیە بەزمانی عەرەبی بوو.

ئاژانسی دەنگ وباسی عەدەن یەکەم رێککەوتنی لەگەل ئاژانسی رویترەدا مۆرکرد لەسالی ١٩٧٠.. هەروەها لەهەمان سالدا رێککەوت لەگەل ئاژانسی (تاس) و (خۆرهەلاتی ناوەڕاست-الشرق الاوسط) هەروەها لەگەل ئاژانسی کۆریای ناوەند لەسالی ١٩٧١، بەهەمان شێوە لەسالی ١٩٧٢ لەگەل ئاژانسی دەنگ و باسی عێراقی.. ئەم رێککەوتنانە بۆ ئەوە بوو کە هەوال و زانیاری و وێنە لەنێوان یەکتردا بگۆڕنەوە بە مەبەستی سوود وەرگرت لەئەزموونی هەردوو لایەن.. سەرەتای دامەزراندنی ئاژانسی دەنگ وباسی عەدەن وەك هەر دەزگایەکی تری ئاژانسی لەدەستپێکی راپەڕاندنی کارەکانیدا دووچاری هەندێ کێشەی دارایی و کەمی ئەزموون و شارەزاو نەبوونی پسپۆڕ ئەمانە لەبەردەم گەشەکردنی ئاژانسی عەدەن بەربەست بوون.


سەرچاوە:

* **قاموس المصطلحات الإعلامية- انجليزي عربي، الدكتور محمد فريد محمود عزت، دار الشروق للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الأولى ١٩٨٤- جدة.**

# پرۆژەی یاسای رێکخستنی
# کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا

بە مەبەستی زیاتر رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی لەکوردستان و پڕکردنەوەی ئەو درزو کەلەبەرانەی کە لەنێوان کایەی سیاسی هاولاٌتیان و پیشەی رۆژنامەنووسیی دا هەیە هەروەها لەپێناوی کاراکردنی رۆڵی توێژی رۆژنامەنووسان لەجێبەجێ کردنی پەیام و ئەرکی مێژوویی خۆیان و بەرفراوانترکردنی کاری ئازادی رۆژنامەنووسیی، ماوەی چەند مانگێکە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لەپسپۆڕان و دڵسۆزانی بواری یاسایی خەریکی کۆبوونەوەی بەردەوام بووەو سەرەنجام ئەوپرۆژەیەی لێ هاتە بەرهەم، هەڵبەت ئێمە دەڵێین ئەم پرۆژەیەو هەموو پرۆژەیەکیش رەخنەو سەرنج و تێبینی و رێنوێنی هەڵدەگرێت، هەر بۆیەش ئەنجوومەنی سەندیکا بڕیاریدا دەقی پرۆژەکە لەکەناڵەکانی راگەیاندن بلاٌوبکاتەوەو بیخاتە بەردەم سەرجەم رۆژنامەنووسان و رێبوارانی کاروانی مەعریفەو رۆشنبیری، چونکە ئەم پرۆژەیە لەلایەك بۆ ڕێکخستنی کاری یەکێك لەتوێژە کاریگەرەکانی نێو کۆمەڵگایەو لەلایەکی دیکەش ئێمە وای دەبینین کە لەرێگای سەرنج و خوێندنەوەو راڤەکاری رۆژنامەنووسان و توێژی رۆشنبیران پرۆژەکە زیاتر دەوڵەمەندو پڕ مەغزاو تۆکمەتر دەبێت، هەر لەبەر ئەمەش داوا لەهەموو لایەك دەکەین پرۆژەکە بەهەند هەڵبگرن و دیالۆگ و گفتوگۆی گەرمی لەبارەوەبکەن. هەروەها بە پێویستیشی دەزانین بەخوێنەران و سەرجەم رۆژنامەنووسانی رابگەیێنین کەوا گفتوگۆکردن و خوێندنەوە بۆ ئەم پرۆژەیە تاکو کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ کراوە دەبێت ئینجا دوای وەرگرتنی راوبۆچوون و پێشنیارەکان سەرلەنوێ دادەرێژرێتەوەو دواتر دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.. دەقی پرۆژەکەش لەلایەن **"ئازاد عوبێد"**ەوە کراوەتەوە کوردی و **"رۆژنامەنووس"** پێیداچۆتەوە.

## بەشی یەکەم

**بەندی یەکەم:**

**پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرانبەریانە:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق

**وەزارەت:** وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم

**وەزیر:** وەزیری ڕۆشنبیری لەهەرێم

**سەندیکا:** سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**نەقیب:** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**ڕۆژنامەنووسی:** کاری ڕۆژنامەوانی بەکەناڵە جیاجیاکانییەوە.

**ڕۆژنامەنووس:** هەر کەسێك کاری ڕۆژنامەنووسی بکات و لەریزی سەندیکا بێت وپابەندی بێت.

**ڕۆژنامە:** هەر چاپکراوێك کە بەدەوری و بەناوێکی دیاریکراو و ژمارە لەدوای ژمارە بەرێك و پێکی دەربچێت و دابەش بکرێت.

**بەندی دووەم:**

**ئازادی ڕۆژنامەنووسی**

**یەکەم:** ڕۆژنامەوانی ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، ئازادی بڵاوکردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاووڵاتییەك لەسنووری یاساو لەچوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتییەکانی تاك و داب و ڕێسا گشتییەکان.

**دووەم:** ئازادی ڕۆژنامەنووسی ئەمانە دەگرێتەوە:

١- بەرخودانکردنی هاووڵاتییان بۆ ئاگاداربوون لەسەر هەر شتێك کە گرنگ بێت بۆ کۆمەڵ لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا.

٢- بوار دان بۆ بڵاوکردنەوەی راوبۆچوون بەئازادی و لەسنووری یاسادا.

٣- وەدەستهێنانی ئەو زانیاری و هەواڵ و ئامارانەی کە لای هاوڵاتییان گرنگن، لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان و شیکردنەوەو دەستاو دەستکردنیان و بڵاوکردنەوەو ڕا لەسەر دەربڕین یان لەسنووری یاسادا.

٤- بەنهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی زانیاری و هەواڵ و ئاماری بەدەستکەوتوو، مەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری پێچەوانەی ئەوە لێبدات لەکاتی دیتنی داواکانی سزا، لەپێناو پاراستنی ئاسایشی هەرێم یا ڕێگەگرتن لەتاوان لەپێناو پیادەکردنی دادپەروەریدا.

٥- ڕۆژنامە بۆی هەیە هەندێ وتار بێ دیاریکردنی ناوی نووسەرانی بڵاوبکاتەوە، نابێت زۆری لە سەرنووسەر یا کەسی دیکە بکرێت بۆ ئاشکراکردنی ناوی نووسەری ئەو وتارانە ئاشکرابکات یان هەوڵبدرێت بۆ زانینی بەوناوانە، بەڵام دەبێ ڕۆژنامە بەرپرسێتی نایاسایی ئەو وتارانە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

٦- هەر کەسێکی سروشتی یا مەعنەوی، بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە، مافی خاوەندارێتی ڕۆژنامەو دەرکردن و دابەشکردنی هەیە.

٧- قەدەغەکردنی پەکخستنی ڕۆژنامە، مەگەر بەبڕیارێکی بنبڕی دادوەر نەبێت.

٨- قەدەغەکردنی دەسبەسەر داگرتن و ڕێگەگرتن لەدەرچوون و دابەشکردن و کێشانەوەی ڕۆژنامە، مەگەر بەبڕیارێکی دادوەری نەبێت.

## بەشی دووەم

**مەرجەکانی دەرکردنی ڕۆژنامە**

**بەندی سێیەم:**

أ. هەر کەسێك ئارەزووی دەرکردنی ڕۆژنامە بکات، دەبێت ئەم ڕێککارییانەی خوارەوە بگرێتە بەر:

١- دەبێت خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەر، راگەیاندنێك لەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی لەهەرێم بڵاوبکاتەوە کە ناو و نازناو و ولاتنامەو شوێنی نیشتەجێی خاوەن ئیمتیاز یا دامەزرێنەری ڕۆژنامەکەو ناوی ڕۆژنامەکە و ئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوەو ناوی سەرنووسەرو ماوەی دەرکردنی تێدابێت، ئەو راگەیاندنە بە بەیانی دەرکردنی ڕۆژنامەکە دادەنرێت.

٢- گەر هیچ کەسێك یان لایەنێك نارەزایی لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەکە لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەرۆژی

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکردنەوەیدا دەرنەبڕی، ئەوا ڕۆژنامەکە یاسایی دەبێت.

٣- هەموو کەس یا لایەنێك بۆی هەیە لەماوەی دیاریکراو لەبڕگەی (٢)دا نارەزایی لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەکە دەربڕێت و ئەو نارەزاییە بداتە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان و بڕیاری دادگاش بنبڕ دەبێت.

٤- دەبێت خاوەن ئیمتیاز بەیانی دامەزراندنی ڕۆژنامەکە دەربکات و بڵاوبکاتەوەو دابەش بکات و لەسەندیکاش تۆماری بکات.

٥- پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ڕۆژنامە دەربکات، لێهاتوویی تەواوی هەبێت و سزا نەدرابێت لەسەر تاوانێك یا کەتنێکی ئابڕووبەر و پێشتریش دەستی لەهیچ کارێکی دوژمنکارانەی دژ بەگەلی کوردستان نەبووبێت.

٦- دانانی پارێزەرێك وەك ڕاوێژکار بۆ ڕۆژنامەکە.

ب- نابێت دوو ڕۆژنامە بەیەك ناو لەهەرێم دەربکرێت.

**بەندی چوارەم:**

دەبێت خاوەن ئیمتیاز لەشوێنێکی دیار لەڕۆژنامەکەو بەشێوەیەکی ڕوون ناوی خۆی و سەرنووسەر و شوێن و ڕێککەوتی دەرکردن و ناوی ئەو چاپخانەیەی کە تیایدا چاپدەکرێت بڵاوبکاتەوەو دەبێت هەر گۆڕانکارییەك یا هەموارکردنێك لەسەر ناوەڕۆکی بەیانی دامەزراندن ڕوودەدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەو گۆڕان و هەموارکردنە بڵاوبکاتەوە..

**بەندی پێنجەم:**

**مەرج و بەرپرسیارێتی سەرنووسەر**

**یەکەم:** هەموو ڕۆژنامەیەك دەبێت سەرنووسەرێکی بەرپرسی هەبێت کە کردەوە سەرپەرشتی دەرکردنی ئەو بابەتانەی کە بڵاودەکرێنەوەو بکات و ئەو مەرجانەی تێدابێت:

١- دەبێت ئەندام بێت لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٢- زمانی ڕۆژنامەکە بەخوێندن و نووسین بزانێت و ئەگەر ڕۆژنامەکە بەپتر لە زمانێك دەردەچوو، ئەوا دەبێت زمانی بنەڕەتی ڕۆژنامەکە بزانێت و کەمە زانینێکیشی لەزمانەکانی دیکە هەبێت.

٣- نابێت لەیەك کاتدا سەرنووسەری پتر لەڕۆژنامەیەك بێت.

٤- نابێت سزا درابێت لەسەر تاوانێك یا کەتنێکی ئابڕووبەر.

٥- دەبێت نیشتەجێی ناو هەرێم بێت.

٦- ڕۆژنامەو گۆڤارە تایبەتمەندەکان و ئەوانەی کە لایەنە زانستییەکان دەریان دەکەن، لەحوکمەکانی بڕگەی سەرەوە بەدەرن.

**دووەم:** ئەگەر سەرنووسەر یەکێك لەو مەرجانەی بڕگەی (یەك)ی سەرەوە لەدەستدا، دەبێت لەماوەی (١٥) ڕۆژدا خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەرێکی دیکە دابمەزرێنێت، بەپێچەوانەوە خاوەن ئیمتیاز، بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ.

**بەندی شەشەم:**

سەرنووسەرو نووسەر، بەرپرسیارێتی شارستانی و تاوانکاری دەگرنە ئەستۆ، لەو بڵاوکراوانەی کە پێشێلکاری دەقێکی یاسایی دەکەن، بەڵام خاوەن ئیمتیاز چ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بێت، تەنیا بەرپرسیارێتی شارستانی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام گەر سەلمێنرا کە بەکردەوە بەشداری کردووە لە دەرکردنی ڕۆژنامە، ئەوا هەمان بەرپرسیارێتی سەرنووسەری دەکەوێتە ئەستۆ.

**بەندی هەفتەم:**

**هەڵوەشاندنەوەو وازهێنان لەڕۆژنامە**

لەیەکێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕۆژنامە بەهەڵوەشاوە دادەنرێت:

**یەکەم:** ئەگەر لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بوونی بەبێ بیانوو دەرنەچوو.

**دووەم:** ئەگەر ڕۆژنامە لەو ماوە دیاریکراوانەی خوارەوە دەرنەچوو:

١- رۆژنامەی رۆژانە بۆماوەی (سی) رۆژی بەردەوام.

٢- رۆژنامەی هەفتانە کە بەرێك و پێکی هەفتانە دەردەچوو (هەشت) ژمارەی یەك لەدوای یەکدا.

٣- رۆژنامەی نیو مانگی مانگانە کەبەرێك و پێکی دەردەچێ، لەماوەی پتر لە (هەفتەیەکدا بۆ چوار ژمارەی یەك لەدوای یەکدا.

٤- رۆژنامەی وەرزی بۆ (سێ ) ژمارەی یەك لەدوای یەکدا.

**بەندی هەشتەم:**

**یەکەم:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانەی کە لەویاسایەدا هاتووە، خاوەنی ئیمتیاز بۆی هەیە واز لە هەموو یان هەندێ لەرۆژنامەکە بهێنێت بۆ کەسێکی دیکە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- وازهێنەر ئاگادارییەك بەئارەزووی وازهێنان بەر لە (٣٠) رۆژی لەرێکەوتی وازهێنانەکە لەرۆژنامەکە، لەرۆژنامەیەکی رۆژانەدا بلاوبکاتەوە.

٢- دەبێت هەمان مەرجەکانی بەخاوەنبوونی رۆژنامە لەواز بۆهێنراو هەبێت کە لەو یاسایەدا هاتووە.

**دووەم:** هەرکەسێك بۆی هەیە لەماوەی (١٥) رۆژ لەرێکەوتی راگەیاندنی ئارەزووەکە نارەزایی لەسەر ئەو وازهێنانە بداتە دادگای پێداچوونەوە.

**بەندی نۆیەم:**

**وەلامدانەوە لەرۆژنامەکاندا**

**یەکەم:** گەر رۆژنامە بابەتێکی رۆژنامەنووسی بلاوکردەوەو زانیاری نادروستی تێدابوو، ئەوا ئەو کەسە پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیە یان یەکێك لەمیراتگرانی، بۆی هەیە ئەو بابەتە وەلام بداتەوە چ وەکو هەوال یان وتار یان داوای راستکردنەوەی بکات و سەرنووسەری بەرپرسیش دەبێت، ئەو وەلامدانەوەیە یا راستکردنەوەیە بەخۆرایی لەیەکەم ژمارەی داهاتوو لەدوای وەرگرتنی وەلامەکە، لەهەمان شوێن و بەهەمان پیت بلاوبکاتەوە، کە بابەتە رۆژنامەنووسییەکەی تێدا بلاوکراوەتەوە.

**دووەم:** دەبێت رۆژنامەکە وەلامەکە یا راستکردنەوەکە بلاوبکاتەوە، بەپێچەوانەوە سزای بژاردن بەلایەنی کەم (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار تا (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دیناری وەك سزا بۆ ببژێردرێ.

**بەندی دەیەم:**

سەرنووسەر بۆی هەیە وەلامدانەوە یان راستکردنەوەکەی بەپێی بەندی (٩) لەم یاسایە بۆ دێت بلاونەکاتەوە لەم حالەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر رۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەلامەکە یان راستکردنەوەکەی بابەتە بلاوکراوەکەی بەشێوەیەکی وردوتێکرا راستکردبووەوە.

٢- ئەگەر وەلامەکە یان راستکردنەوەکە بەناوی خوازراو واژۆ کرابوو یا بەزمانێکی جیا لەزمانی بابەتە بلاوکراوەکە نووسرابوو.

٣- ئەگەر ناوەرۆکی وەلامدانەوەکە یان راستکردنەوەکە دژی یاسا بوو.

٤- ئەگەر وەلامەکە دوای (٩٠) رۆژ لەبلاوکردنەوەی بابەتەکە گەیشتە رۆژنامەکە.

**بەندی یازدەهەم:**

**قەدەغەکراوەکان لەرۆژنامەدا**

نابێ بۆ رۆژنامە ئەمانە بلاوبکاتەوە:

١- نووسین و رەسم و راگەیاندن و هەوالەکان و شتی دیکە کە بەدەستدرێژی کردن دادەنرێن بۆ سەر یەکێ لەتایفە ئاینییەکان یا بەکەمزانینی دروشمەکانیان یا هەر کارێکی کە زیان بەبەرژەوەندی بالای هەرێم بگەیەنێ یان هاندان بۆ تاوانکاری یان چاندنی رق و کینە یان یەکتر نەویستن یان دووبەرەکی یان لێکترازانی پێکهاتەی کۆمەل.

٢- دانیشتنە نهێنییەکانی پەیوەست بەئاسایشی هەرێم.

٣- هەوال و راپۆرت یان رەسم و نامەو نووسین یان راگەیاندن و وێنە کە دژی ئاکارو داب و نەریتی گشتی بن.

هەولێرنامەی کتێب

٤- هاندانی توندو تیژی و تۆقاندن.

٥- بلاّوکردنەوەی کۆنووسی دانیشتنی دادگاکان لەهەر کێشەیەك کە خراوەتە بەردەست، بەر لەدەرچوونی بڕیاری بنبڕ، مەگەر دادگا ڕێگەی بلاّوکردنەوەی بدات.

**بەندی دوازدەهەم:**

حوکمەکانی بەندی (١١) لەسەر ئەو هاوردانەی کە دەزگاکانی میری و زانکۆکان و بنکەکانی تۆژینەوەی زانستی لەرۆژنامەو چاپکراودا پیادە ناکرێت، بەمەرجێك رازیبوونی پێش وەختە لەسەر هێنانی ئەو هاوردانە وەرگیرابێت.

**بەندی سێزدەهەم:**

لەبەرپرسێتی سزای تاوانەکانی بلاّوکردنەوە یان نووسین یان رەسمی یان شێوازەکانی دەربڕینی دیکە نابەخشرێت، ئەگەر ئەو کارانە لەچاپەمەنییەکانی کە لەدەرەوەی هەرێم دەردەچوون، وەرگیرابوون یان وەرگێڕدرابوون.

## بەشی سێیەم

**ئەرك و مافەکانی رۆژنامەنووس**

**بەندی چواردەهەم:**

**ئەرکەکانی رۆژنامەنووس**

١- رۆژنامەنووس پابەندە بەو بنەماو بەهایانەی کە یاساکانی بلاّوکردنەوە ڕێکی خستوون لەبلاّوکردنەوەکانی بەپێی پێویستیەکانی شەرەفی پیشەو بەڵێنەکانی تا ئەو ئاستەی کە بەهاکانی کۆمەڵ لەهەر پێشێلکارییەکی مافێك لەمافەکانی و ئازادی کۆمەڵ بپارێزێت.

٢- نابێت رۆژنامەنووس خۆ نەدانەپاڵ بانگەشەی رەگەزپەرستی یان هەر کارێکی کە ریسواکاری ئایینەکانی یان داوای یەکتر نەویستن یان جیاکاری یان بەکەمتر زانینی هەر تایفەیەکی کۆمەڵی تیابێت یان بانگەشەی فرت و فێڵ و جادووگەری بکات.

٣- نابێت رۆژنامەنووس پەلاماری ژیانی تایبەتی هاولاّتییان بدات و نابێت هیچ شتێك بلاّوبکاتەوە کە رووشاندنی ئادابی گشی لێبکەوێتەوە.

٤- پێشکەشکردنی بابەتی راگەیاندن بەشێوەیەکی بابەتیانەو تەواو هاوتەریب و هاوسەنگ.

٥- هەوڵدان بۆ وردبینی و پاکسازی و بابەتیانە لەکاتی نووسین لەسەر هەواڵ و رووداوەکان.

**بەندی پانزەهەم:**

**مافەکانی رۆژنامەنووس**

١- رۆژنامەنووس لەکاتی بەجێهێنانی کاری پیشەییدا سەربەخۆن و تەنیا دەسەلاّتی یاسا نەبێت.

٢- نابێت ئەو راوبۆچوونە یا ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامەنووس بلاّویان دەکاتەوە ببێتە هۆکار بۆ بەگژداچوونی.

٣- نابێت زۆر لەرۆژنامەنووس بکرێت سەرچاوەی زانیارییەکانی بەدەر لەسنووری یاسا بدرکێنێت.

٤- رۆژنامەنووس بۆی هەیە لەو کۆنگرەو چالاکییانە ئامادەبێت کە لەگەڵ کاری رۆژنامەنووسیدا دەگونجێن.

٥- هەرکەسێك رۆژنامەنووسێك ریسوا بکات یا دەستدرێژی بکاتە سەر بەهۆی کارەکەی، ئەوا بەهەمان سزا سزا دەدرێت کە دەکرێتە سەر فەرمانبەرێك لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی یان لەپێناویدا.

٦- گەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەسیاسەتی ئەو رۆژنامەی رۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکرد روویدا یان بارودۆخی کاتی گرێبەستییەکە گۆڕا، رۆژنامەنووس بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەك لایەنە هەڵوەشێنێتەوە، بەمەرجێك (١٥) رۆژ پێشتر لەو هەڵوەشاندنەوەیە ئاگاداری رۆژنامەکە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافەکانی رۆژنامەنووس لەقەرەبوو کردنەوەدا بفەوتێت، گەر ئەوە لەو دەزگایەی کە رۆژنامەنووسەکە کاری تیادەکرد کاری پێدەکرا.

٧- دەبێت هەموو دەزگاکانی راگەیاندن و هەڵسوڕێنەرانی رۆژنامەکان هەموو پابەند بوونەکانیان

سەبارەت بەمافەکانی بڕیاردراو بۆ ڕۆژنامەنووسان جێبەجێ بکەن کە لەیاساکان و گرێبەستی کاری ڕۆژنامەنووسی کە لەلایەن سەندیکاوە پەسندکراوە.

٨- ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە مافگری مۆڵەتە ئاساییەکانی بێت بەرێژەی (٣٦) ڕۆژ لەساڵێکدا و بەمووچەی یان کرێی تەواو.

٩- گەر ڕۆژنامەنووس مافگری مۆڵەتە ئاساییەکان هەمووی یا هەندێکی نەبوو تا کۆتایی ساڵی دارایی ئەوا دەبێت مووچە یا کرێی مانگێکی پێبدرێت.

١٠- لەکاتی نەخۆشی و پێکانی ڕۆژنامەنووس لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی یا لەپێناویدا، ئەوا ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکات خەرجی چارەسەرکردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

١١- لەکاتی مۆڵەتی نەخۆشی، مووچە یان کرێی تەواو بۆ ڕۆژنامەنووس دەژمێردرێت بەمەرجێك لە (٣٠) لەڕۆژ تێپەڕنەکات.

١٢- دەبێت ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە ڕۆژنامەنووس کاری تێدا دەکات هۆکاری گواستنەوە بۆ شوێنی کارکردنی یا شوێنی نیشتەجێ و بەپێچەوانە دابین بکات، گەر ئەوە نەکرا دەبێت مانگانە پارەی گواستنەوەی بۆ خەرج بکرێت.

١٣- گەر ڕۆژنامەنووس لەڕۆژانی پشووی فەرمی کاری دەکرد، دەبێت دەزگا ڕاگەیاندنەکان قەرەبووی مادی ئەو ڕۆژانە بەرێژەی کرێی دوو ڕۆژ بۆ هەر ڕۆژێك بۆ ڕۆژنامەنووسەکە بکەنەوە.

## بەشی چوارەم

### ڕێککارییە یاساییەکان لە بەرانبەر ڕۆژنامەنووسدا

**بەندی شازدەهەم:**

نابێت ڕێککاری یاسایی لەبەرانبەر ڕۆژنامەنووسدا بکرێت گەر:

أ. تۆمەتبار کرابوو بەکارێك کەپەیوەندی بەپیشەکەیەوە هەبوو بەر لەئاگادارکردنەوەی سەندیکاو نابێت دەستگیر بکرێت مەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکی بەرچاودا نەبێت.

ب. نابێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسدا بکرێت یا شوێنی کارو ماڵەکەی بپشکنرێت کە لەبڕگەی (أ) لەو بەندەدا هاتووە، مەگەر لەرێگەی یەکێك لەلێکۆڵەرەوانی داد نەبێت و دەبێت نەقیب یا یەکێك لەجیاتی ئەو لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئامادەبێت.

**بەندی حەڤدەهەم:**

نابێت دیکیۆمێنت و زانیاری و بەیان و کاغەزە نووسراوەکانی بندەستی ڕۆژنامەنووس بەبەڵگەی تۆمەتبارکردن بژمێردێت، لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی سزا، مەگەر خودی ئەو شتانە بابەتی سکاڵای سزابوون بەرانبەریدا.

**بەندی هەژدەهەم:**

نووسین لەسەر فەرمانبەرێك یا کەسێکی ڕاسپێردراو بۆ خزمەتی گشتی یا کەسێك پەیوەندی بەکۆمەڵەیەکی نوێنەرایەتی هەبێت بەتاوان دانانرێت گەر ئەو بڵاوکردنەوەیە نیازپاکی تیابوو و بەدەرنەبوو لەکاری فەرمانبەرێتی و خزمەتی گشتی و نوێنەرایەتی، بەمەرجێك بەڵگەی ئەو کارانەی کە دراوەتە پاڵی لەبەردەست بن.

**بەندی نۆزدەهەم:**

**حوکمە سزاییەکان**

ڕۆژنامەنووس بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن یا کەمتر سزا دەدرێت گەر لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەمانە بڵاوبکاتەوە:

أ. هەر شتێك متمانەی بارودۆخی ئابووری هەرێم بشڵەقێنێت.

ب. نهێنییەك لەنهێنییەکانی ئاسایشی هەرێم.

ج. هەواڵێك یان بەیانات یان گۆتە گۆتی درۆو بەکینە یان بانگەشەی وروژێنەر یان نووسراوی دەستکرد یان قەڵپ یان بوختان دانە پاڵ کەسی دیکەو ئەوانەش ببنە هۆکار بۆ تێکدانی ئاسایش و ترس لەنێو خەڵکی و گەیاندنی زیان بەخەڵکی.

د. هاندان بەرێگەیەك لەرێگەکانی بڵاوکردنەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی یاساکان.

هـ. جوێن و تۆمەت هەڵبەستن بۆ خەڵك.

و. هـەواڵێك یـا وێنـە یـا نووسـین کـە پـەیوەسـت بـن بەنهێنییەکانی ژیانی تایبـەت یـان خێزانـی خەڵکـەوە، هەر چـەندە ڕاسـتیش بـن، گـەر بڵاوکردنەوەکـە بـووە هۆی زیان گەیاندن و خراپکاری بۆی.

ز. خراپکاری بەرانبەر باوەڕی ئایینی یـەکێ لـە تایفـە ئایینیـەکان یـا بەکـەمزانینی دروشمـەکانی یـا ریـسوا کردنی سومبولەکانی یان کەسێك کە جێگەی ڕێزلێنان و بەگەورەو پیرۆزە لای ئەو تایفە ئایینیـەی کـە یاسـا دانی پێداناوە.

## بەشی پێنجەم

### حوکمە کۆتاییەکان

**بەندی بیستەم:**

کاربەهیچ دەقێك ناکرێت کـە لەگـەڵ حوکمـەکانی ئـەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەندی بیست و یەکەم:**

ئـــەم یاســـایە لـــەرۆژی بڵاوکردنـــەوەی لەرۆژنامـــەی وەقایعی کوردستاندا جێ بەجێ دەکرێت.

## هۆکارە پێویستەکان

ڕۆژنامەنووســی بایــەخێکی زۆی هەیــە لەکۆمــەڵگای کوردستان و ئاسۆیەکی بەرینی لەئازادی لەبەردەمدایە لەســـایەی ئـــەزموونی دیموکراســـی لەهـــەرێمی کوردستاندا، ڕۆژنامەنووسی هەنگاوی چاکی ناوە بۆیە پێویــستی بەیاســایەکی تایبــەت هەیــە کــە کــاری ڕۆژنامەنووسـیی ڕێـك بخـات بەشـێوەیەك کـە لەگـەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێت، بایـەخی ڕۆژنامەنووسـیی لەوەدایـە کـە هاوڵاتییـان توانـادار بکـات بـۆ ئـەوەی ئاگـاداری ڕاسـتی بۆچـوون و ڕووداوەکـان بـن کـە کاریگـەری ڕاستەوخۆیان هەیـە لەسـەر پـەرەسـەندنی هۆشـیاری نیـشتمانی و نەتـەوەیی و بەرزکردنـەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و توانای هزری بۆ گوزارشـت کـردن بەشێوەیەکی کاریگەر لەڕای گشتیدا. لەپێناو ئەمانەدا دەبێـــت ڕێکخـــستنی ئـــازادی ڕۆژنامەنووســـیی بەشـێوەیەك بێـت کـە مـافی هـەموان لەچوارچێوەی یاســادا دابــین بکــات، لــەو ســۆنگەیەوە پاراســتنی مافـــەکانی ڕۆژنامـــەنووس و پابەنـــدبوونی بەئەرکـــە پیشەییەکانی دەستەبەرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵدان، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرەو کۆمـەڵگای شارسـتانی کوردسـتانی هـەنگاو دەنـێین، دەبێت ئەو یاسایە دەربکرێت.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

٢٠٠٥/١١/١٤

هەواڵنامەی کتێب

# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی: خالید بەکر ئەیوب

# بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدیدارێکدا ڕۆڵی رۆژنامەنووسان و نووسەران بەرز دەنرخێنێ

رێــزدار مەســعود بــارزانی ســەرۆکی هــەرێمی کوردستان.. لەچوارچێوەی پێشوازییەکانی لە توێژە جیاجیاکـانی کۆمـەڵگای کوردسـتان، پـێش نیـوەڕۆی رۆژی (٢٠٠٥/١٢/١٣) پێـــــشوازی لەکۆمـــــەڵێ لەرۆژنامەنووســـان و نووســـەران و هونەرمەنـــدانی کوردستان لەشارۆچکەی سەلاحەدین کرد.

لەســـەرەتای دیدارەکـــەدا نوێنـــەرانی هەریـــەك لەرۆژنامەنووسان و نووسەران و هونەرمەندان گوتەیان پێـشکەشکرد و ئاماژەیـان بـەگرنگی ئـەم جـۆرە دیدارانەدا...

بـەناوی ئەنجومـەنی سـەندیکای رۆژنامەنوسـان و رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، رۆژنامـەنووس فـەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان...لەگوتەکەیدا جەختی لەسەر پێویستی دابینکردنی ئازادی دەربڕینـی بـیروڕا کـردەوە... داوای ئـەوەی کـرد کـەنابێ هـەرگیز رۆژنامەنووس لەسـەر ئەنجامدانی کـاری پەیوەندیدار بەپیـــشەکەیەوە دەســـتگیر بکـــرێ.. هـــەروەها رۆژنامـەنووس فـەرهاد عـەونی ئـەم جۆرە دیدارانـەی بەرز نرخاندو هیوای خواست بەرهەمهێن بێ بەسوودو قـازانجی توێـژ رۆشـنبیرانی گەلەکـەمان تـەواو بـێ و ئاماژەشی بەپێکهاتەی ئیتلافیەکەی سەندیکا کرد.

دوای ئــەم گوتانــە... رێــزدار ســەرۆکی هــەرێم بـەخێرهاتنی ئامـادەبوانی کـردو خۆشـحاڵی خـۆی سەبارەت بەدیداری رۆژنامەنووسـان و هونەرمەنـدان و نووسەران دەربـڕی قۆنـاغی ئێـستاشمان بـەقۆناغێکی چارنووسساز وەسف کردو گوتیشی: (**ئەم دەرفەتـەی بۆمـان رەخـساوە پێویـستە بپـارێزرێ و لەدەسـت نەدرێ...**). هەروەها بـەڕێزیان لەدرێژەی گوتەکەیدا جەختی لەسەر رەخنەی بنیاتنەر کردەوەو لـەکرداری نرخانــدنی کارەکانــدا لایــەنی ئیجــابی و ســەلبی ببینـرێ... نـەك تـەنها لایەنـە سـلبییەکە بەرجەسـتە بکرێ...

سەبارەت بە ئازادی بیروڕاش بەڕێزیان گوتی: (**من لەگــەڵ کــاك فــەرهادم کــە نــابێ بــەهیچ جــۆرێ رۆژنامەنووس لەسەر دەربڕینی بیروڕا دەستگیر بکرێ و لەلایەن دەسەڵاتەوە بگرەو بەردەی لەگەڵدا ئەنجام بدرێ...**).

لەبواری رۆڵـی رۆژنامەنووسـان و نووسـەران بـەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بەگرنگی ئەم رۆڵە داو گـوتی لەســـەر ئاســـتی جیهانیـــدا جـــاری وا هـــەبووە رۆژنامـەنووس حکومـەتی رووخانـدووەو زۆرجـاریش نووسەران نەتەوەیان ژیاندۆتەوە.

دەربـــارەی تیرۆریـــش بـــەڕێزیان جـــەختیان کردەوە... کەوا شۆڕشی کورد بەدرێژایی دەیان سـاڵ بەهیچ شێوازێك پـەنای بـۆ تـیرۆر نـەبردووە... بـەڵکو بەپێـچەوانەوە گـەلی کوردسـتان هـەردەم تـیرۆری دەوڵــەتی بەرامبــەر بــەکارهێنراوەو... گونــدەکانی بۆردومـان کـراوە.. شـارو شارۆچـکەکانی کیمیابـاران کــراوە... بەســەدان هــەزار لەرۆڵــەکانی زینــدە بەچاڵکراون...

لـەنێوان دەستکەوتەکانی ئـەم قۆناغـەش بـەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بەدەستوورو مادەی (٥٨)داو گـوتی ئـەم مادەیـە تاکـە چارەسـەرە بـۆ کێـشەی کـەرکوك، هـەر بەجێبـەجێکردنی ئـەم مادەیـە ئـەم شـــارە خۆشەویـــستە بـــۆ باوەشـــی کوردســـتان دەگەڕێتەوە...

لەکۆتایی دیدارەکەدا ئامادەبووان چەندین بـیروڕاو بۆچوونیان دەربڕی و چەندەها پرسیاریان ئاراستـەی بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم کـردو بەڕێزیـشیان بەوپـەڕی سنگ فراوانی و خۆشحاڵیەوە سەرنجەکانی وەرگرت و پرسیارەکانی وەڵام دایەوە.

ئـەوەی شـیاوی باسـکردنە بـەر لـەوەی نـەقیب وتەکەی پێشکەش بکات ئەم چەند بیرەوەرییانـەی خۆی کردە دەسپێکی وتارەکەی:

(**بەڕێزان: لە دەستپێکی وتارەکەمدا دەمەوێ ئاماژە بە یاد و بیرەوەرییەك بکەم. ئەویش ئەمەیە بەر لە دوو ساڵ لە رۆژێکی وەکو ئەمرۆکە "٢٠٠٣/١٢/١٣" لە هەولێری پایتەختی حکومەتی کوردستاندا، کۆنگرەی**

گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەسترا، تیایدا هەردوو رێکخراوەکەی رۆژنامەنووسان، یەکێتی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە رێکخراوێکی یەکگرتووی سەرتاسەریدا، بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، یەکیان گرتەوە، بەمەش ئاواتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان هاتەدی.

دیسان هەر لەم رۆژەداو لەسەر سەکۆی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان براو هاورێی خۆشەویستم شەهید کاکە "مەهدی خۆشناو "کە لە دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە بوو، لە سەعات (٢:٣٠)دوو نیوی پاش نیوەڕۆدا هەواڵی دەستگیرکردنی تاوانباری بێ ئابڕووی مێژوو "سەدام حسێن"ی راگەیاند، کە لە کونێکی ژێر زەویدا خۆی شاردبۆوە).

دواتر نەقیب رووی لە سەرۆك کرد و وتەکەی خۆی خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی

ئامادەبووانی ئازیز...

پێش دوو رۆژ براو دۆستێکی ئازیزی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە شاری مەهابادی سەربەرزی پایتەختی کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمردا ئامادەی بیرئانینی یادی مەستوورەی ئەردەلانی بوو، پێی گوتم:

(حەز دەکەم ئەگەر بۆم بڕەخسێ لە رێگای هەرسێ کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئاسمانی کوردستانەوە بە گەلی کوردستانی باشوور بڵێم: (یانێ کوردستانی بە عێراق لکێندراو) پێویستە لەسەرتان بە پیر و جەوانەوە، بە ئافرەت و پیاوەوە بە تێکڕایی روو لە سندووقەکانی هەڵبژاردن کەن و دەنگ بدەن بەو لیستەی کە ئاواتی گەلی کوردستان و نەتەوەی کوردی تێدا بەرجەستە دەبێ، ئەمڕۆ رۆژی هیمەتە، بە خەبات و یادی شێخ سەعیدی پیران و هاوەڵەکانی، بە خەبات و یادی پێشەوا قازی و سەدر و سەیفی، بە خەبات و یادی شێخی بەردە قارەمان و بارزانی نەمر، بەگیانی پاکی شەهیدانی قامیشلۆ و دیاربەکر و دەرسیم و مەهاباد و کرماشان و نەغەدەو کەرکووك و خانەقین و شنگال و هەورامان و سۆران و بادینان، بە تێکڕای خوێنی شەهیدانی نەتەوە سوێندتان دەدەم کە مافی گەل و نەتەوەو کوردستانە لەت لەت کراوەکەتان فەرامۆش نەکەن و روو لە سندووقەکانی هەڵبژاردن بکەن و دەنگەکانتان بە فیڕۆ نەدەن، چونکە دەنگی ئێوە بەردی بناغەی سەرەتای ئەو پرۆژە نەتەوەییە دادەنێ کە بە سەدان ساڵە نەوەی ئێستاو نەوەکانی پێشووترمان خەونی پێوە دەبینین و بەرجەستەبوونی هیواو ئومێدی نەوەکانی داهاتوومانە).

ئەمەیان دەقاودەق قسەو هەست و نەست و هیواو داخوازی ئەم براو دۆستە ئازیزەی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.ئێمەش لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، کە چوارچێوەی یەکگرتووی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانە، هەر لە زاخۆی دەلالەوە تاکو خانەقینی سەربەرز و مەندەلی و زەرباتیەو بەدەری خۆشەویستەوە، بە جیاوازی نەتەوەو بیروڕای سیاسی و ئایین و مەزهەبەوە نوێنەرایەتی نزیکەی دوو هەزار ئەندام دەکەین و ئێستا دەستەی لقەکانی کەرکووك و سلێمانی و دهۆك و موسڵی تێدا ئامادەی ئەم دیدار و کۆبوونەوەن، لە رێگای ئەنجوومەنی سەندیکا هەڵبژێردراوەکەی، رۆژی ٢٠٠٥/١١/١٩ وەکو دەستپێشخەرییەکی نیشتمانی بەیاننامەیەکیان ئاراستەی گەلی کوردستان کرد تا خەڵك و رۆژنامەنووسان هان بدەن روو لە سندووقەکانی هەڵبژاردن بکەن، چونکە بەشداربوون وەکو بەیاننامەکە دەڵێ (ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و دابڕان لەم ئەرکە بە هیچ شێوەیەك تەبرير ناکرێ)، بەڵام جێی ئاماژە پێکردنە هەندێ لە رۆژنامەکانی کوردستان بەپێی میزاجی شەخسیی لێپرسراوەکانیان ئەم بەیاننامەیەیان بۆ بڵاو نەکردینەوە. کە ئەمەشیان جێی داخە.

بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی

ئامادەبووانی هێژا:

هەندێ جار ئەگەر رۆژنامەنووسان گلەییان هەبێت و لەسەر رووی لاپەڕەکانی رۆژنامەکانیان بڵاوی

بکەنـەوە، ئەگـەر هەنـدێ جـاریش رەخنـەی توونـد دەگیرێ کە دەبێتە هۆکـاری تورەبـوون، بـەڵام وەکـو کورد دەڵـێن (دۆسـت ئەوەیـە بتگـرییێنێ)، هیـوادارین دەسـەڵاتی سیاسـی لێمـانی قـەبوڵ بکـەن و رێگـە بـە دەزگاکانی پـۆلیس و ئاسـایش نـەدەن وەکـو تاوانبـار مامەڵـەمان لەگـەڵ بکـەن، چـونکە رۆژنامەنووسـانیش نیشتمانپەروەر و کوڕی ئەم وڵاتەن و بە حوکمی کارە رۆژنامەنووسییەکان هەست بـە خـاڵی لاواز دەکـەن و پەنجـەی لەسـەر دادەنـێن، بـەڵام سـەرەڕای ئـەم دیاردەیـەش رۆژنامەنووسـان و چوارچـێوە یاسـایی و پیـشەییەکەیان کــە ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردسـتانە، سـەرەڕمی بەرەنگاربوونـەوەی هـەموو جۆرە پەلامارێکن کە لێرە و لـەوێ روو لـە ئـەزموونی نیشتمانی گەلی کوردسـتان دەکـەن و دەیانـەوێ خەونەکانیشمان زیندەبەچاڵ بکەن.

رۆژنامەنووسـان ئـەمڕۆ پێـشەنگی ئـەو کاروانـەن کەوا روو لە سـندووقەکانی دەنگدان دەکـەن و دەنـگ بەو لیستە دەدەن کە ئاوات و ئارەزوو و خەونەکانیان بەرجەستە دەکات و هەرهەموویان، بە ئومێدی خـودا، لە بەغدا لـە بەرەیـەکی کوردسـتانی و هاوپەیمانیـەتی تونـدو پتـەوی کوردسـتانی کۆدەبنـەوە، چـونکە هەرهـەموومان بـە جیـاوازی بـیروڕای سیاسـیمانەوە بەشداری لەو پرۆژە کوردستانییە دەکەین کە دەمێکە خەونی پێوە دەبینین.

**هەر شاد و بەختەوەربن**

## بەهەوڵ و تەقەلاى ئەنجومەنى سەنديكا...
## ياساى سندوقى خانەنشينى رۆژنامەنووسان ديَتە جيَبەجيَكردن

دوای هـەوڵ و تەقـەڵاو بەدواداچـوونێکی بێوچـانی ئەنجومـەنی سـەندیکای رۆژنامەنوسـانی کوردسـتان، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان (ئیـدارەی هـەولێر) رەزامەنـدی دەربـڕی، بـۆ ئـەوەی یاسـای سـندوقی خانەنـــشینی رۆژنامەنووســـانی کوردســـتان دوای وەسـتانێکی زۆر بکەوێتـەوە گـەڕ، رۆژی ٢٠٠٥/٨/١١ داوا لـەوەزارەتی رۆشنبیری وەك لایـەنی جێبـەجێکار کرا، ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

لەلایــــەکی دیکــــەوە ئەنجومــــەنی ســــەندیکا لەبانگەوازێکدا داوای لەهەموو لقەکان کرد، کە دۆسێی رۆژنامەنووســە شــەهیدەکان و کۆچــکردووەکان بــۆ ئەنجومـەن رەوانـە بکـەن، بـۆ ئـەوەی سـەندیکاو دەســتەی جێبــەجێکردنی ئــەم یاســایە ئیجرائــاتی پێویــــست و مووچــــەی دیــــاریکراو بــــۆ خێزانــــی رۆژنامەنووسە شەهیدو کۆچکردووەکان ببڕێتەوە.

هــەر لــەو رووەوە ئەنجومــەنی ســەندیکا لەگــەڵ دەســـتەی ســـندوقی خانەنـــشینی رۆژنامەنووســـانی کۆبۆوە، لەم کۆبوونەوەیە بڕیاردرا کە بەزووترین کات مامەڵـــەی خانەنـــشینی رۆژنامەنووســـە شـــەهیدو کۆچـکردووەکان تـەواو بکرێ و یاداشتێك پێشکەش پەرلــــەمانی کوردســــتان بکــــرێ، بەمەبەســــتی هـەموارکردنی هەنـدێ لەبڕگـەکانی ئـەم یاسـایەی کـە لەساڵی ٢٠٠١ دەرچووە، بەشێوەیەك بگـونجێ لەگـەڵ بـاری ئـابووری ئێـستاو ئـەو گۆڕانکارییانـەی روویـان داوە.

## عەمان... بەهاوبەشى سەنديكاى رۆژنامەنووسانى كوردستان، فيدراسيۆنى نيَودەولَەتى رۆژنامەنووسان سەبارەت بە ئازادى راگەياندن و دەستوورى عيَراق كۆنگرەيەك دەبەستىَ

لەســـــەعات (١٠) بـــــەیانی رۆژی ٢٠٠٥/٨/١٥، رۆژنامـــەنووس ئایـــدان وایـــت ســـکرتێری گـــشتی فیدراســـیۆنی نێودەوڵـــەتی رۆژنامەنووســـان (IFJ) لـــەهۆڵی (بـــەترا) لـــەهوتێلی (ریجینـــسی بـــالاس)

لەپایتەختی ئوردون (عەمان) کۆنگرەی ئازادی ڕاگەیاندن و دەستووری عێراقی کردەوەو لەگوتەی کردنەوەی کۆنگرەدا باسی لەئازادی ڕادەربڕین و زامنکردنی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی کردو جەختی لەسەر ئەوە کرد کە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بایەخ بە سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان دەدا، ئەمەش لەئیدانەکردنی کرداری ڕفاندن و کوشتن و گرتنی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بەرجەستە دەبێ.

ئینجا بەڕێز کەمال ئەبراهام نوێنەری ڕێکخراوی یونسکۆ لەگوتەیەکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کەوا یونسکۆ هەوڵی بیناکردنی تواناکان و پێشخستنی قابلیاتی کارمەندانی ڕاگەیاندن دەدات.

پاشان ڕۆژنامەنووس سەیف شەریفی گوتەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی خوێندەوە، تیایا باسی لەوەکرد کە یەکێتی لەهەوڵی ئەوەدایە ڕۆژنامەنووسانی عێراقی یەکبگرنەوە، ئاماژەی بەم ڕەوشە ئاڵۆزەش کرد، کە یەکێتی بڕیاری هەڵواسینی ئەندامێتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق تیادا..

دواتر بەڕێز موفید جەزائیری وەزیری ڕۆشنبیری پێشوو، لەگوتەکەیدا باسی لەقۆناغەکانی نووسینی دەستوور کردو جەختی لەسەر ئەوەکرد کەوا پێویستە ئەم دەستوورە چەند بڕگەیەك سەبارەت بە ئازادی ڕۆژنامەنووسیو نەهێشتنی سانسۆری تیابێ.

بەپێی پرۆگرامی دانیشتنی یەکەمی بەیانی، کۆنگرە تەوەرێ بەناونیشانی (ڕۆژنامەنووسانی عێراقی چییان دەوێ؟ خستە ڕوو، لەم تەوەردا سێ گوتە پێشکەشکران، یەکەمیان گوتەی ڕۆژنامەنووس سەیف شەریف، دووەمیان گوتەی ڕۆژنامەنووس سەنا نەقاش بوو، گوتەی سێیەم لەلایەن ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان خوێندرایەوە، لەم گوتەیەدا باس لەپێکهاتەی سەندیکا کرا کە لەنوێنەری کوردو عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشوور پێك دێ و چەندین دەستکەوتی بۆ ڕۆژنامەنووسان وەدیهێناوە. لەگوتەکەشدا ئەمە ڕوونکرایەوە کەوا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەوپەڕی ئازادییەوە چالاکیەکانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێ و لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری دەکرێ.

هەروەها داواکرا بنکەیەکی ئەنتەرنێت و نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەپایتەختی هەرێمی کوردستان دابمەزرێ... سەبارەت بەم لایەنە سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی گوتی: (ڕێزو پێزانینی بێ پایانم پێشکەش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی دەکەم و داوا دەکەم لەچالاکییەکانی بەردەوام بێ، بەرنامەکەشی بەرنامەیەکی نموونەییەو لەلایەن پەرلەمان و حکومەتەوە پشتگیری دەکرێ...)

لەتەوەرێکی دیکەدا بەناوونیشانی: (هاوکاری پیشەیی و پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ڕاگەیاندنی عێراق) ئەم ڕۆژنامەنووسانە (وەسیم مەحموود: بەرپرسی چالاکییەکان **–IMS–**، جیم مانکان لەمەڵبەندی هاوکاری نووسینگەی ئیقلیمی لەعەمان، کریسی مورلی جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانی، موحەمەد خەلیل نوێنەری **–FES–** نووسینگەی عەمان) بەشداربوون، لەگوتەکانیان جەختیان لەسەر پێویستی چالاککردنی کاری سەندیکایی و فرە سەندیکایی و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقدا کردەوە.

لەدانیشتنی ئێوارەی ڕۆژی یەکەم بۆ –مافە یاساییەکان– لەدەستووری عێراقی تەرخانکراو بەڕێزان فارس سالحی جێگری سەرۆکی جێبەجێکاری **MCMC** و موحەمەد بدیوی شەمری شارەزا لە کاروباری دەستووری و ڕوهان جاباسیکرا–ئەندکس تیایا بەشداربوون.

هەر لەچوارچێوەی ئەم تەوەرەدا ڕۆژنامەنووس ئەحمەد ڕەکابی بەڕێوەبەری ئێستگەی (دیجلە) ڕاپۆرتێکی دەربارەی (گردبوونەوەی عەمان) بۆ ئێستگەو تەلەفزیۆنەکانی عێراقی کەپێش ماوەیەك بەسترابوو، پێشکەش کرد.

لەڕۆژی دووەمدا (٢٠٠٥/٨/١٦) پرۆگرامی کار (دۆزە بزوێنەرەکان) بوو. ڕۆژنامەنووس ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان پێشنیاری کرد لێژنەیەك بۆ نووسینی پەیامێك بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی سەبارەت دەستوو پێکبهێنرێ، دواتر باسی لەبەرنامەی کاری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرد، کەچەندین بڕگە

لــــەخۆدەگرێ لەنێوانیانـــدا پاراســـتنی گیـــانی رۆژنامەنووسانی عێراقی و یەكسانی لـەنێوان هـەردوو رەگــەزدا و مــافی رۆژنامەنووســان و ئــازادی بــیروڕا دەربــڕین، پاشـان بـەڕێزان: (مـستەفا سـاڵح كـەریم و زهیر ئەلجەزائیری و ئیسماعیل زایر و دكتـۆر خەزعـەل ماجیدی) بـۆ لێژنـەی نووسـینی پـەیام بـۆ كۆمەڵـەی نیشتمانی هەڵبژێردران.

پەیامی كـۆنگرە بـۆ كۆمەڵـەی نیشتمانی لەلایـەن دكتۆر خەزعەل ماجیدی خوێندرایـەوە، داوای ئـەوەی تیا كرا كەوا رۆژنامەنووسان دەیانەوێ دەسـتوور دژی تیرۆرو تۆقانـدن بـێ و ئـازادی بـیروڕا دابـین بكـاو رێـز لەرۆژنامەنووسان بگرێ.

لەتەوەری –مافە یاساییەكان–یش رۆژنامـەنووس حوسـام سـەفار سەرنووسـەری رۆژنامــەی (بەغـداد)، كارەكـانی سـەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردسـتانی بەرز نرخاند و داواشی كـرد سـوود لـە ئـەزموونی ئـەم سەندیكایە وەربگیرێ.

لەتەوەرێكی دیكەشدا بەناوونیـشانی –پەیوەنـدی لەگەڵ دەسەڵاتدا– رۆژنامەنووس زهیر ئەلجەزائیری و روهان جابا سبكیر لە –ئەندكس چەندین پێشنیاریان سەبارەت بـە چۆنایەتی ئـەم پەیوەندییـە خستەڕوو، رۆژنامەنووســان ئەلجــەزائیری پێــشنیارییەكانی زۆر بــەووردی دەخــستە روو و بــیروڕای رۆژنامەنووســانی كـاركردوو لەگۆڕەپانـدا بەرجەسـتە دەكـرد، هـەروەها ئەلجـەزائیری ئامـاژەی بەتاوانـەكانی رژێمـی بـەعس و ئابرووچوونەكانی كۆبوونەكانی نەوتی كرد، كەچەندین رۆژنامەنووس و كارمەندی راگەیاندنی پێ كرابوو.

لەتەوەری –سیـستەم و یاسـاكان– رۆژنامـەنووس شــــێركۆ حــــەبیب ســــكرتێری نووســــینگەی پەیوەندییـــــــەكانی دەرەوەی ســــــــەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان، گوتەیـەكی پێـشكەش كرد، لەم رووەوە ئاماژەی بەچـەندین برگـەی یاسـایی پەیوەندیدار بەسەندیكاو دەزگاكـانی راگەیانـدن كـرد، هەروەها رۆژنامەنووس كریس مـورلی جێگـری نـەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا لەبارەی یاسایانە دواو جـەختی لەسەر ئـەوە كـرد كـە پێویستە لەلایـەن دەسـەڵات و رۆژنامەنووسانەوە رێزی لیبگیرێ...

لەدانیـشتنی ئێـوارەی رۆژی دووەم، بەشـداربوان بەســەر چــەند لێژنەیەكــەوە دابەشــكران، ســەبارەت سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، رۆژنامەنووس فــەرهاد عــەونی لــە لێژنــەی (سیــستەم و یاســاكانی راگەیانـدن) و رۆژنامەنووسـان مـستەفا سـاڵح كـەریم جێگـری نـەقیب لەلێژنـەی (ئـەخلاقیاتی پیـشەیی)و رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب لە (لێژنەی سەلامەتی) و رۆژنامـەنووس زیـرەك كـەمال سـكرتێری سـەندیكا لـە لێژنەی (پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا)و رۆژنامـەنووس ئــەنوەر حوســێن ئەنــدامی ئەنجومــەنی ســەندیكا لەلێژنــــەی (مافــــە كۆمەڵایــــەتی و پیــــشەییەكان) بەشداربوون.

لــــەرۆژی ســــێیەمی كــــۆنگرەدا (٢٠٠٥/٨/١٧) رۆژنامــەنووس ئایـدان وایـت دەربـارەی رۆشـنبیری دیموكراسـی و ئـازادی دەربـڕین دوا، ئینجـا جێگـری نـەقیبی رۆژنامەنووسـانی بـەریتانیا راپـۆرتی لیژنـەی (سیستەم و یاسای سەندیكاكان)ی خوێنـدەوە، داوای كرد مەڵبەندێك بـۆ تۆمـاركردنی پێـشێلكارییەكان دژی رۆژنامەنووسان دابمەزرێ و لیستێك بەناوی شارەزایان بەمەبەســــتی پەیوەنــــدیكردن پێیــــان بــــۆ سەرپەرشـتیكردن و كردنـەوەی خـولی رۆژنامەنووسـی لەعێراقدا ئامادەبكرێ...

لەتــەوەرێكی دیكــەی دانیــشتنی رۆژی ســێیەمدا رۆژنامــــەنووس خــــاتوو حــــەیات زغــــیش بەرپرســــی پرۆگرامــــەكان لەفیدراســــیۆنی نێودەوڵــــەتی و رۆژنامەنووس عەدلی هەواری بەرپرسی پەیوەندییەكان لەفیدراسیۆندا، سەبارەت هەندێ مەسەلی پەیوەندیدار دوان. دواتر پلانی كـاركردنی شـەش مانگـەی داهـاتوو دانـراو لـەئێوارەی رۆژی سـێیەم كـۆنگرە كارەكـانی بەكۆتا هێنا.

**- لە پەراوێزی كۆنگرەكەدا...**

## كۆبوونــەوە لەگــەڵ ســكرتێری گــشتی فیدراســیۆنی نێودەوڵەتی

ئێـوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٨/١٥ رۆژنامـەنووس ئایـدان وایـت چـاوی بەشـاندی سـەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان كـەوت و لەدانیـشتنێكی دۆسـتانەدا بـاس

لەپەیوەندییە بەهێزەکانی هەردوولا کرا، لەگەڵ تازەکردنەوەی داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستا لەبەشدارەوە بۆ (کارا) کرا، بەڕێز ئایدان وایت-یش ئیجابییانە وەڵامی دایەوەو شاندی سەندیکا بانگهێشتی بەڕێزیانی بۆ سەردانی کوردستان کرد، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە قەبوولی کرد، بەڵام بەهۆی خەریکبوونی بەهەندێ کاروبارەوە نەیتوانی کاتەکە دیاری بکا.

## دیداری لەگەڵ جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا

ئێوارەی رۆژی دووەمیش شاندی سەندیکاو جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا کۆبوونەوە، لەدانیشتنێکدا کاری سەندیکایی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو پەیوەندی نێوان هەردوولا باسیان لێوەکرا.

شاندی سەندیکاش دروشمی سەندیکای پێشکەش بەبەڕێزیان کرد.

## شاندی سەندیکا لەگەڵ رۆژنامەنووس سەیف شەریفی کۆدەبێتەوە

ئێوارەی رۆژی سێیەم رۆژنامەنووس سەیف شەریفی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری رۆژنامەی دەستووری ئوردونی ئێوارە خوانێکی بۆ بەشداربووانی کۆنگرە لەکافیتیریای رۆژنامەدا رێکخست. دوای نان خواردن، بەڕێز سەیف شەریفی وەکو نوێنەری فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی عەرەبی لەگەڵ شاندی سەندیکا کۆبونەوەیەکیان بەست، هەڵوێستی بەڕێزیان بەرامبەر سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر ئیجابی بوو.

لەمیانی کۆبوونەوەکەدا دروشمی سەندیکای پێشکەش بەڕێزیان کراو ئەویش لەلایەن خۆیەوە بەشانازییەوە قەبووڵی کرد.

## سەردانی بارەگای کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی

شەوی رۆژی سێیەمدا شاندی سەندیکای بەهاوڕێیەتی کەسایەتی ناسراوی عەمان بەڕێز عەبدولوەدود کوردی سەردانی بارەگای کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی کرد...

شاندەکە لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی کۆمەڵە بەگەرمی پێشوازی کرا. لەدانیشتنێکی دۆستانەدا شاندی سەندیکا سەبارەت بە ئەزموونە دیموکراسییەکەی کوردستان دواو داوای لەبرا ئوردونییەکان کرد کە سەردانی کوردستان بکەن.

# راگەیەنراوێکی رۆژنامەنووسیی
# دووەمین کۆبوونەوەی گشتی سەندیکا

ماوەیەکە لە ئاکامی لێکناحاڵیبوونی نێوان هەندێ لە رۆژنامەنووسان و بەشێك لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جۆرە گیروگرفتێك دێتە ئاراوە کە ئەویش لە ئاکامی نەبوونی یاسایەکی هەمەلایەنەیە کە بۆتە هۆکاری تێکەڵاوکردنی سنوورەکانی نێوانیان، گیروگرفتەکەش خۆی دەبینێتەوە لە بانگهێشت کردنی چەند رۆژنامەنووسێك بۆ دەزگاکانی پۆلیس و دادگا، یاخود تەوقیف کردنی بۆ چەند سەعاتێك یان رۆژێك بەرامبەر ئەو رۆژنامەنووسانەی کە شکاتیان لە دژکراوەو هەندێ جاریش بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رۆژنامەنووس لەسەر کارە رۆژنامەنووسییەکەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت یان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت بەند کراوە کە ئەمیشیان بەپێچەوانەی خاڵی پێنجەمی ماددەی نۆزدەیەمی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە پێویستە هەموو داموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێوەی پابەندبن.

لێرەدا کۆبوونەوەی گشتی کە پێکهاتووە لە ئەنجومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن و سکرتێر و ئەندامانی لیژنەی لقەکانی دهۆك و کەرکوك و سلێمانی و موسڵ و بەغدا و نووسینگەی ئەوروپا کە بەشداری لە کۆبوونەوەی

گشتی دووەمی سەندیکا دەکەین لە هەولێر داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن لەوانە.

١- دەزگا بەڕێزەکانی دادگا و پۆلیس لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو ئیدارەوە پابەندبن بە یاسای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هەروەها پابەندی ئازادی کاری رۆژنامەنووسی بن لە کوردستان، چونکە بەبێ پابەندبوون بەم ئازادییە ناتوانرێ دیموکراتییەت پیادە بکرێت و رێز لە مافی مرۆڤ بگیرێ و لەهەمان کاتیشدا داوایان لێکردووە کە بەبێ ئاگاداری ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان و ئامادەبوونی پارێزەر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکرێت و بانگهێشتی دادگا نەکرێن وەکو لە یاسای سەندیکادا هاتووە.

٢- هیوادارین رۆژنامەنووسە بەڕێزەکانی کوردستان کە بەوپەڕی هەستکردن بە لێپرسراوێتی بارودۆخی کوردستان و ئەو قۆناغە ناسکە چارەنووسسازەی کە پێیدا دەڕوات فەرامۆش نەکەن و کارە رۆژنامەنووسییەکەیان لە چوارچێوەی یاسا نەچێتە دەرەوە و بەگیانێکی کوردستانیانەی بەرپرسەوە مامەڵە لەگەڵ کەموکوڕییەکاندا بکەن و رەخنە و هەواڵەکانیان بەو رێبازەدا بچێت کە دەبێتە هۆکاری خزمەت کردنی ئەزموونی گەلی کوردستان و پاراستنی ئەو ئەزموونە لە گەندەڵی و مەحسووبیەت، بۆیە ئامادەبووانی کۆبوونەوەی گشتی دووەم کە نوێنەرانی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانن بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بیروڕای سیاسییانەوە جەخت لەسەر ئازادی رۆژنامەنووسی و رێز لە یاساو مافی مرۆڤ و ئازادی تاك و كەرامەتی شەخسی و بەها جوانەکان و کەلتووری کۆمەڵگای کوردستان و پرنسیپەکانی پیشەیی دەکەینەوە هیوادارین هەموومان هاوکاری چەسپاندن و دەوڵەمەند کردنی ئەو ئەزموونەبین چونکە بە مانەوەی، هیواو ئاواتەکانی گەلی کودستانی پێوە بەندە کە تێیدا رێزگرتن لە ئازادی بیروڕاو ئازادی رۆژنامەنووسی دەبێتە هاوکارێکی سەرەکی و بنەڕەتی سەرکەوتنی ئەزموونەکەمان.

**دووەم کۆبونەوەی گشتی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٥/٩/٩**

# راگەیەنراوی کۆتایی دووەمین کۆبوونەوەی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی هەینی ٢٠٠٥/٩/٩ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەهۆڵی ریستورانتی هەولێر، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دووەمین کۆبوونەوەی گشتی فراوانی خۆی ئەنجامدا.. لەکۆبوونەوەکەدا وێڕای ئەنجومەنی سەندیکا و هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن، سکرتێرو ئەندامانی هەر پێنج لقی سەندیکا (سلێمانی-دهۆك-کەرکووك-موسڵ-بەغدا- نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە) بەشدارییان کرد.. لەتەوەری یەکەمی کۆبوونەوە فراوانە وتارێك لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانەوە پێشکەشکرا، دواتر راپۆرتی گشتی ئەنجومەن و لقەکان پاشان لەلایەن جێگری نەقیبەوە راگەیەنراوێکی تایبەت بە شێوازی مامەڵەی دەزگاکانی دادوەری و ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ رۆژنامەنووساندا خوێندرایەوە پەسندکرا..

دواتر لەهەمان تەوەردا راپۆرتی دارایی سەندیکا لەلایەن بەرپرسی دارایی ئەنجومەنەوە پێشکەشکراو دوای گفتوگۆکردن لەسەری لەلایەن ئامادەبووان پەسەندکرا.

لە کۆتایی تەوەری یەکەمدا بواردرا بە بەشداربووان کە گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر برگەکانی ئەو تەوەرە بکەن و، ئامادەبووان راشکاوانە و بە شەفافیەت قسەیان لەسەر راپۆرتەکان و شێوەی کاری سەندیکا کرد و، لەکەش و هەوایەکی دیموکراسیانەدا ئاڵوگۆڕی رەخنەکرا..پاش پشوویەکی کورت، کاتژمێر (١)ی نیوەڕۆ کۆبوونەوەکە دەستی بە تەوەری دووەمی کارەکانی خۆی کرد و

بەتێروتەسەلی و بە بەشداری تێکڕای بەشداربووان قسە لەسەر (بەرنامەی کاری داهاتووی سەندیکا). لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردە خرانە بەردەم کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەوەی ببنە کارنامەی سەندیکا لە داهاتوودا.

**دووەمین کۆبوونەوەی گشتیی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٥/٩/٩**

# دیداریٚ لەنێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی

ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل زایر سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی ئێوارەی ڕۆژی (٢٠٠٥/٩/١٩) سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد. لەسەرەتای دیدارەکەدا ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەخێرهاتنی بەڕێزیانی کردو جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو لا لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی تایبەتمەندییەکان کردەوە. ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل زایر-یش ڕەوشی پیشەیی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کاری سەندیکایی دەبنەوە... خستە ڕوو.جەختیشی لەسەر هاوکاری لەگەڵ دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ کردەوە. لەکۆتایی گفتوگۆکاندا کە کاروباری سەندیکایی و ڕۆژنامەنووسی گرتەوە... ڕاگەیەنراوێکی ڕۆژنامەنووسی ڕاگەیەنرا، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

## ڕاگەیەنراوی ڕۆژنامەنووسی سەبارەت دیداری یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لەسەر ئارەزووی هەردوولا (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی) بۆ پتەوکردنی هاوکاری هاوبەش و هەماهەنگی لەنێوان هەردوو کیانی ڕۆژنامەنووسی لەپێناو خزمەتکردنی دیرۆکی ڕۆژنامەنووسی و کاری سەندیکایی ئازاددا، دیدارێکی دۆستانە لەنێوان سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەئامادەبوونی سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەبارەگای سەندیکا لە (٢٠٠٥/٩/١٩) لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ڕێکخرا...

هەردوو لایەن ڕەوشی پیشەیی دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکانی عێراق و ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی کاری سەندیکایی دەبنەوە... خستەڕوو. بەتوندیش نارەزاییان دەربڕی لەسەر ئەو کردە تیرۆریتسیانەی دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێ.

لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن لەکاری هاوبەش و پێشخستنی دەستپێشخەرییەکانی پیشەیی و هزری و ئاڵوگۆڕکردنی سەردان و هەماهەنگی لەهەڵوێستەکان کە خزمەتی کاری سەندیکایی لەسەرتاپای عێراقدا دەکات.. بەردەوام بن. سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراق-یش تێگەیشتنی تەواوی خۆی بۆ ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەو شێوەیەی چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسە کوردستانییەکان و پێزانینی بۆ هەوڵ و تەقەلای سەندیکا لەپێناو خزمەتکردنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنوسی لەهەرێمی کوردستاندا دەربڕی.


ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان-یش لەلایەن خۆیەوە، ڕێزو پێزانینی بۆ تەقەلاکانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسی عێراقی لەپێناو چاککردنی بارودۆخی دیموکراسی لەپێناو یەکڕیزی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی دەربڕی.

| | |
|---|---|
| **ئیسماعیل زایر** | **فەرهاد عەونی** |
| **سەرۆکی یەکێتی** | **نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی** |
| **ڕۆژنامەنووسانی عێراقی** | **کوردستان** |

**٢٠٠٥/٩/١٩**

# دهۆك... کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ ڕۆژنامەنووسی ناودار حافز قازی

لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٨ کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ ڕۆژنامەنووسی ناودار حافز قازی لەباخچەی مۆزەخانەی فۆلکلۆری شاری دهۆك سازدا.


حافز قازی

بەڕێز نوێنەری پارێزگاری دهۆك و ڕۆژنامەنووسان فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و زیرەك کەمال سکرتێری سەندیکاو ئەکەد مووراد ئەندامی ئەنجومەن و ژمارەیەکی بەرچاو لەڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران ئامادەی کۆڕەکە بوون. هەریەك لەنوێنەری پارێزگاو نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لەگوتەکەیاندا ئاماژەیان بە ڕۆڵی بەرچاوی ڕۆژنامەنووس قازی لەدیرۆکی ڕۆژنامەنووسی کرد.

شایانی باسە ڕۆژنامەنووس حافز قازی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆناهی) کە یەکەم گۆڤارە بەشێوەزاری کرمانجی دەربچێ و لەنووسەرو ڕۆشنبیرە ناسراوەکانەو لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری دهۆك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەدهۆك و موسڵ و بەغدا تەواو کردووەو بڕوانامەی لیسانسی لەبازرگانی و ئابووریدا ساڵی ١٩٥٥ وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٥٧ بەرپرسی گۆڤاری (هیوا) بووە...

لەساڵی ١٩٥٩ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و یەکێتی نووسەرانی عێراق ئەندام بووە.

لەکۆتایی کۆڕەکە چەند دیاری بەبەها پێشکەش بەم ڕۆژنامەنووس و نووسەرە ناودارە کرا...

# کۆنگرەی میساقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە پایتەختی ئوردون، کارەکانی بەکۆتا هێنا...

تۆڕی ئازادی کەنەدی (ڕیزرو لیبرتی) بەهاوکاری ڕێکخراوی نا حکومی (**Automotives**) بۆ بەهێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەعێراقدا، کۆنگرەی میساقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی لەنێوان (٢٧-٣٠) مانگی ئەیلوول لەعەمانی پایتەختی ئوردون ڕێکخست لەسەر بانگهێشتی ئەم تۆڕە شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لەڕۆژنامەنووسان: نەسروڵلا سورچی لە لقی بەغدا، شەوقی حوسێن سەرۆکی لێژنەی چاودێری، ئاکۆ محەمەد سەرۆکی لێژنەی بەرزەفتکردن، عەبدولغەنی عەلی یەحیا سکرتێری لقی موسڵ و سدیق کەریم سکرتێری لقی کەرکوك، لەم کۆنگرەیەد بەشداربوون.

هەروەها شاندی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بەسەرۆکایەتی ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل زایر و ئەندامیەتی ڕۆژنامەنووسان دکتۆر هاشم حەسەن و هەنا سەعیدو عەبد ڕەسول و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بەسەرۆکایەتی ڕۆژنامەنووس ئینعام عوبێدی و ئەندامیەتی عیماد عەبدولئەمیر و ئەمین صیاد ژمارەیەکی دیکە لەڕۆژنامەنووسان بەشداریان لەکۆنگرەکە کرد. لەسەرەتای کۆنگرەکەدا نوێنەری تۆڕی کەنەدی (برنارد باریت) و باڵوێزی کەنەدا لەبەغدا هەر یەکەیان گوتەیەکیان پێشکەش کرد. دواتر ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل زایر لەگوتەیەکیدا داوای لەکۆنگرە کرد، میساقی شەرەف بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراق بنووسرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسی پەیڕەو بکرێ...

پاشان رۆژنامەنووس نەسروڵلا سورچی گوتەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێشکەش کرد، تیایا ئاماژەی بەئازادی بیروڕا دەربڕین لەکوردسانی ئازاددا کرد.

سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیش گوتەیەکی پێشکەش کردو بیرنارد بارت نوێنەری تۆڕی ئازادی کەنەدی لەگوتەکەیدا ئامانجەکانی کۆنگرەی بەم جۆرە دەست نیشان کرد:

١- یارمەتیدانی بەشداربووان بۆ ئەوەی لەپێشەنگی دیالۆگد بن و چاککردنی تواناکانیان و چالاککردنی گفتوگۆکان و وەدەست هێنانی تێکڕای دەنگەکان لەکۆبوونەوەکاندا.

٢-یارمەتیدانی بەشداربوون بۆ تێگەیشتنی هەمەجۆر لەمیساقەکانی شەرەفی نێودەوڵەتیدا.

٣- پێشخستنی کۆکی و یەکپارچەیی لەنێوان بەشداربوواندا... ئەمەش سەبارەت شێوەو ناوەڕۆك و ئامانجەکانی بەیەك گەیشتنەکان لەدواتردا.

٤- دیارکردنی پلانێکی کارکردن و بڕیاردان لەسەر قۆناغەکانی ئایندە بەمەبەستی پێشخستنی میساقەکە.

لەرۆژی دووەمی کۆنگرەدا... وەرەقەیەکی کار ئامادەکرا، بۆ ئامادەکردنی رەشنووسی میساقی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی، کەلە (٦) شەش خاڵ پێکهاتبوو گرنگترینیان:

پێکهێنانی لێژنەی باڵای ئامادەکردنی میساق کە ناونرا بە (لێژنەی باڵای هاوبەش)، رێکەوتن لەسەر بەستنی کۆنگرەیەك بۆ بەدواداچوون و پەسندکردنی رەشنووسی میساقەکە لەهەولێر، ئەویش سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بانگهێشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ بەستنی کۆنگرەکە لەپایتەخی هەرێم دەکا.

لەنێوان کۆنگرەکەشدا رۆژنامەنووس زوهیر ئەلجەزائیری موحازەرەیەکی بەناونیشانی (رۆژنامەنووس و دەوڵەت و مێژوویەك لە پەراوێزکردن و ئاسۆیەکی نوێ...) پێشکەشکرد.

لەرۆژی سێیەمدا رەشنووسی میساقەکە دەست نیشانکرا کە لە(١٠) بەند پێکهاتبوو...

لە کۆنگرەش چەندین راسپاردە دەرچوو و لەئاهەنگی کۆتاییدا هەر (٣) سێ سەندیکا گوتەیان پێشکەش کرد و دواتر بڕوانامە بەسەر بەشداربووان دابەشکرا.

شایانی باسە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەم رۆژنامەنووسانەی بۆ (لێژنەی باڵای هاوبەش) بۆ ئامادەکردنی میساقی شەرەف.. هەڵبژارد.

١- فەرهاد عەونی: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

٢- مستەفا ساڵح کەریم: جێگری نەقیب.

٣- نەسروڵلا سورچی: ئەندامی دەستەی لقی بەغدا.

٤- ئازاد حەمەدەمین: ئەندامی پسپۆڕو راوێژکاری یاسایی سەندیکا...

## ئەنجوومەنی سەندیکا تیرۆرکردنی سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی ئیدانە دەکات

رۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٩، دەستی چەپەڵی تیرۆریستان گەیشتە رۆژنامەنووس (موحەمەد هارون) سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و لەبەغدای پایتەخت گوللە بارانیان کردو شەهیدیان کرد.

بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد... ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان گوێبیستی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (موحەمەد هارون) سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق لەرۆژی چوارشەممە (٢٠٠٥/١٠/١٩) لەشاری بەغدا لەلایەن ژمارەیەك چەکداری نەناسراوەوە گوللە باران کراو شەهید بوو. لەکاتێکا ئەنجومەی سەندیکا ئەم تاوانە کە لەلایەن تیرۆریستانەوە ئەنجامدراوە ئیدانە دەکا،

هەواڵنامەی کتێب

هاوبەشــی خــەمی هاوكارانمــان لەســەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقی و خێزانی كۆچكردووە.

داواش لەلایــەنی پەیوەندیـدار دەكـات گیـانی رۆژنامەنووسـان بپـارێزێ و لێكۆڵینـەوەش دەربـارەی ئــەم رووداوە تاوانكارییـــەوەو رووداوی دیكــەی هاوشێوەش كە لەئەنجامیاندا چەندین رۆژنامەنووس شەهیدبوون...بكات.

**ئەنجومەنی سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**

## ئەنجومەنی سەندیكا لە چلەی ماتەمینی ( ئەنوەر مەسیفی ) شاعیردا بەشدار دەبێ

رۆژنامــەنووس فــەرهاد عــەونی نــەقیبی رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان بەهاوڕێیـەتی ئەنـدامانی ئەجومـەنی سـەندیكا ئێـوارەی ۆرژی ١١/١ لەچـلەی ماتەمینی ئەنوەر مەسیفی شاعیر بەشداربوون.

لـە رێـورەسمی چـلەی ماتەمینەكـەدا كـە لـەهۆڵی میـدیا لەشـاری هـەولێر بەڕێوەچـوو، رۆژنامـەنووس زیرەك كەمال سكرتێری سەندیكا.. گوتەیەگی بـەناوی ئەنجومــەن پێــشكەش كــرد... ئەمــەی خــوارەوە دەقەكەیەتی:

وتـاری سـەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان چلەی ماتـەمینی شـاعیر ئـەنوەر مەسـیفی لەچـلەمین رۆژیادی كۆچـی دوایـی كردنـی كـاك ئـەنوەر مەسـیفی شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس بـەناوی ئەنجوومـەن و سـەرجەم رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان ئەسـەف و نیگەرانی خۆمـان بـۆ سـەفەری یـەكجارەكی و كۆچـی ناكـام و نـاوادەی ئازیزمـان كاكـە ئـەنوەر مەسـیفی دەردەبڕین و پرسەو هاوخەمی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە بەڕێزو سەبڵندەكەی دووپـات دەكەینـەوەو خوازیـاری ئەوەین كە ئەمە دواكۆست و ناسۆری خەمیان بێت.

دیارە لای هـەمووومان روون و ئاشـكرایە كـەوا كـاك ئەنوەر مەسیفی پیاوێكی هێمن و دڵسۆزو بەئەمەكـەی گەل و وڵاتەكەمان بوو، جگە لەوەی شاعیرێكی دیاری مەیدانی شیعری نوێخوزای و ئـەدەب تازەگـەری بـوو جگەلـەوەی بەشـیعر وەڵامـی كێـشە قورسـەكانی رۆژگــاری دەدایــەوە، لەهــەمان كاتــدا نووســەرو رۆژنامەنووسیش بوو.

هــەروەها ئەنــدامێكی كــارای ســەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان بـوو هـەر بۆیـەش ئێمـە پێمان وایە مـەرگی وەنەوشـەوی و نـاخ هـەژێنی و پـڕ لەحوزنی كاكە ئەنوەر مەسیفی بەمانای بەجێهێشتنی و دڕزو كــە لەبــەر لەكۆمــەڵێك بــوارو هــەموو ئــەو پانتاییانـەی كـە ئـەوی تیـادا لـەرێگای پـەیڤ وشـەو جوان سازیدا ئامادەیی خۆی سەلماندبوو، تا هەتایەی ناوی ئەو لەنێو لاپەڕەكانی نووسـین و رۆژنامەنووسـی و دنیای رەنگاڵەیی و پـڕ لـەئاڵ و واڵای ئەدەبـدا هـەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە. سڵاو لەیادی بـرای ئازیزمـان و هاوسـەر و كـچ و كـوڕە كـۆچ كردووەكـەی هـەر زینـدووبێ یـادو یادنامـەی كاكـە ئـەنوەر مەسـیفی شاعیری خۆرباران و ئینسان دۆست.

**ئەنجومەنی سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**٢٠٠٥/١١/١**

## بەیاننامەی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بە بۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقەوە

بێگومـان هەڵبـژاردن شـێوازێكی دیموكراتییـە، لەهــەموو جیهــانی پێــشكەوتوودا، ئێمــەی گــەلی كوردسـتانیش سـاڵانێكە بەشـداری ئـەم ئەزموونـەمان كردووەو تێیدا سەركەوتووبووین.

وا ئێــستاش بــۆ جــارێكی تــر رووبــەڕووی هەڵبــژاردنێكی نــوێ دەبینــەوە، لەكاتێكــدا كــە تیرۆریستان هەڕەشـەی مـەرگ لـەهاوڵاتییانی عـیراق دەكــەن كــە ســەربەرزانە دەچــنە ســەر سـندوقی

هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئەم جارەش بۆ هەموو جیهانی بیسەلمێنین کە گەلانی عیراق سوورن لەسەر سەرخستنی دیموکراتیەت بۆیە داوا لەسەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین کە رۆڵی مەردانەی خۆیان ببینن لەهاندانی جەماوەری گەلی کوردستان بۆ بەشداربوون لەدەنگداندا، چونکە دوژمنانی گەلەکەمان لەپارێزدان بۆ شێواندنی رووی گەشی عیراقی نوێ و بۆ پێشێل کردنی مافە رەواکانی گەلەکەمان.

بۆیە هیواخوازین هیچ کەسێك لەم رووەوە کەمتەرخەمی نەکات و بەشادییەوە روو بکاتە بنکەکانی دەنگ دان و مافی خۆی لەدەست نەدات، هەربەم بۆنەیەوە وەك لە رۆژنامەنووسان و کارمەندانی کەناڵەکانی راگەیاندن چاوەڕوان دەکرێ هیواخوازین ژیرانەو کارامانە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەو رۆژە گرنگەدا رووداوەکان و دیمەنەکانی هەڵبژاردن وەك خۆیان بگەیەننە جەماوەر.

لەکۆتاییدا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەپێویستی دەزانێ کە ئەوە دووبارە بکاتەوە بەشداربوونتان لەهەڵبژاردندا ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و هیچ شتێ پاساوی دواکەوتن و کەمتەرخەمی ناداتەوە. ئاواتی سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازین و هیوامان وایە لەو رۆژەدا هەموومان لەسەر سندوقەکاندا بەیەك بگەینەوە.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٥/١١/١٩**

# لێژنەی ئامادەکردنی رەشنووسی پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی کۆتایی بەکارەکانی هێنا




لێژنەی ئامادەکردنی رەشنووسی پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی رۆژی ٢٠٠٥/١١/٦ لەبارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردسان کۆتایی بەکارەکانی هێنا. شایانی باسە ئەم رەشنووسە لەلایەن یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەك لەیاساناسانی شاری سلێمانی ئامادەکرابوو، دوای یەکگرتنەوەی سەندیکای هەولێرو یەکێتی سلێمانی، لێژنەیەك لەئەنجومەنی سەندیکاو حەوت لەرۆژنامەنووسان و یاساناسان (تاریق جامباز، دکتۆر کەمال سەعدی، خوالێخۆشبوو فیکرەت عیزەت، مەسعود مستەفا، حوسامەدین سەرداری، ئەحمەد عەبدوڵڵا و ئازاد حەمەدەمین...) پێکهێنرا. ئەم لێژنەیە (٦) شەش کۆبوونەوەی بەمەبەستی گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی ئەم یاسایە بەست، لەکۆبوونەوەی شەشەمدا پێداچوونەوەی ئەم یاسایە کەل (٢١) مادده پێکهاتبوو بەسەر (٥) بەش دابەشکرابوو بەکۆتاهات. رۆژنامەی (الصحفی) کە سەندیکا بەزمانی عەرەبی دەریدەکات هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن و سایتی سەندیکا لەسەر ئەنتەرنێت رەشنووسی یاساکە بەزمانی کوردی و عەرەبی بەمەبەستی دەربڕینی بیروڕاو دەوڵەمەند کردنی لەلایەن رۆشنبیران و

رۆژنامەنووسانەوە بلاوەکردەوە، دواتر لیژنەکە دووبارە کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی بەپێی سەرنج و بیروڕای دەربڕاوەکاندا رەشنوسەکە هەموار بکات و پێشکەش بەدیوانی تەدوینی یاسایی بکات و پاشان بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی پەسەندکردنی.

# یۆرگن هۆپە سەردانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات
# نامەیەك لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیاوە

رۆژنامەنووسی ئەڵمانی (یۆرگن هۆپە Jurgen Hoppe) نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا بەیاوەری بەڕێزان ئەبوبەکر سایدام سەرپەرشتیاری ناوەندی کوردی نێودەوڵەتی بۆ مافی




مرۆڤ (IMK)و بەکر شوانی رۆژنامەنووس و راوێژکاری کاروباری پەنابەران لەم ناوەندەدا. سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/١١/١٩ سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان لەپایتەختی هەرێمی کوردستان (هەولێر) کرد.

لەلایەن رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا.

لەمیانی دیدارێکی دۆستانەدا نەقیبی سەندیکا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم سەردانەو بەخێرهاتنی کردن و کورتە باسێکی سەبارەت بەسەندیکاو یاسای کاری رۆژنامەنووسی و ئازادی رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستاندا پێشکەش کرد...

رۆژنامەنووس (هۆپە)ش لەلایەنی خۆیەوە سڵاوو رێزی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیای بەنەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و رۆژنامەنووسانی کوردستان راگەیاند و هیواو خواستی سەندیکای بۆ دروستکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی لە نێوان هەردوو سەندیکادا گواستەوەو نامەیەکی لەسەرۆکی رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا تەسلیم بەنەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانی کردو نەقیبی سەندیکاش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەریگرت و ناوەڕۆکی نامەکەشی بەمەبەستی پەرەپێدان بەپەیوەندی دوو قۆڵی بەرز نرخاند.. لەکۆتایی دیدارەکەدا.. رۆژنامەنووس هۆپە و یاوەرەکانی بەو پەڕی رێزەوە بەرێخران.

*** دەقی نامەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا**

**زۆر بەرێز فەرهاد عەونی، سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان..**

**هاوکارانی بەڕێزو هێژا..**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا (DJV) بڕیاری داوە لەداهاتوودا پەیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ سەندیکا رۆژنامەنووسییە بیانییەکاندا ببەستێ. سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا بێ ئەوەی سازش لەسەرپرەنسیپەکانی چەندین ساڵەی خۆی بکات، دەخوازێت بەسوود وەرگرتن لەداهاتەکانی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان (IFJ)و داهاتی ترو بەپشتیوانی شارەزایان و پسپۆڕەکانی خۆی،

بەشێوەیەکی چالاك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاربکات. لەم سۆنگەیەوە سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا خوازیارە لەداهاتوودا لەبواری کاری سەندیکای رۆژنامەگەریدا هاوکاری بکات و لەم رێگەیەوە پشتیوانی خۆی بۆ هاوکارانی رۆژنامەنووس لەجیهان نیشان بدات. ئێمە پێشبینی دەکەین کە راوەستانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا بەخۆی و بە ٤٠ هەزار ئەندامیەوە لەپشت ئێوەوە، هەنگاوێکی یاریدەدەر دەبێت بۆ سەندیکای تازەدامەزراوی ئێوەو بۆ هاوکارانی رۆژنامەنووسیی ئێوە. بۆیە پێشنیار دەکەین بەخۆمان و بەئەزموونی چەندین ساڵەمانەوە کۆمەك بەئێوە بکەین و لەبواری کاری سەندیکایی و رێکخراوەییدا هاوکارتان بین.

من تکاتان لێدەکەم ئەم پێشنیارەی ئێمە بخەنە بەردەم دەستەی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکاکەتان و لە پاشاندا بیرو رای خۆتانم پێ رابگەیەنن..

**ئولریش رەمەل**

**سێهەمین سەرۆکی فیدراڵی**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا**

### * سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش ئەم وەڵامنامەی خوارەوەی ئاراستەی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەڵمانیا کرد

**بەڕێز/ سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا**

**زۆر بەڕێز/ ئولریش رەمەل، سێیەمی سەرۆکی فیدراڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانی**

**هاوکارانی بەڕێز..**

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وێڕای سوپاس و پێزانین بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە نامەکەتانی وەرگرت کە لە ٢٠٠٥/١٠/١ ئاراستەی ئێمە کرابوو کە تێدا راشکاوانە باس لەپەیوەندی توندوتۆڵی نێوانمان دەکات سەرەڕای خوازیاریتان بۆ هاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و هاوکارانی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبواری کاری سەندیکایی و رێکخراوەییدا کە ئەمیشیان هاندەرێکی بەتین دەبێت بۆ ئێمەی رۆژنامەنووس، کە بەبەردەوامی لەهەوڵ و کۆششداین لەپێناوی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دابین کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەجیاوازی نەتەوەو بیروڕای سیاسی و ئایین.

**جارێکی دیکە سوپاس و پێزانینمان لێ قبووڵ بکەن**

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

هەر لەهەمان سەرداندا رۆژنامەنووس هۆپە پرۆژەیەکی پێشکەش بە سەندیکا کرد، بەناوونیشانی (گەشەپێدانی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان– رۆژنامەگەری و دیموکراتیزەکردن) پرۆژەکەش لەئامادەکردنی پرۆفیسۆر ئولریش پیتزولدو رۆژنامەنووس هۆپەیەو چەندین خاڵ لەخۆ دەگرێ لەمیانیاندا: ئازادی رۆژنامەنووسی، بەڕێوەبردنی راگەیاندن، بنەماکانی کاری رۆژنامەنووسی و چەندین بابەتی دیکە. شایانی باسە رۆژنامەنووس ئولریش پرۆفیسۆرە لەپەیمانگەی رۆژنامەگەری سەر بەزانکۆی (دورتموند) و لەبواری راگەیاندنیشا لەزانا پێشەنگەکانی ئەڵمانیایە. رۆژنامەنووس (هۆپە)ش لەرۆژنامەنووسە ناسراوەکانی ئەڵمانیایەو شارەزای رەوشی مێژوویی و هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستانەو دۆستی میللەتی کوردیشە.

ئەم پرۆژەیەش دوای تاوتوێکردن لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بەرز نرخێنراو بەئومێدی ئەوەی بەهاوکاری هەردوولا لەئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێت.

## ئەنجومەنی سەندیکا

## سەرەخۆشی لەئەنجومەنی صنفی رۆژنامەنووسانی ئێران دەکات

لەکاتێکا کۆمەڵێ لەرۆژنامەنووسانی ئێرانی بەمەبەستی گواستنەوەی مانۆرێکی سەربازی لەباشووری وولاتدا بەسواری فرۆکەیەك بەڕێوەبوون، فرۆکەکەیان کەوتە خوارەوەو لەئەنجامدا (٦٨) رۆژنامەنووس گیانیان لەدەستدا...

بەبۆنەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پرسەنامەیەکی ئاراستەی ئەنجومەنی صنفی رۆژنامەنووسانی ئێرانی کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**ئەنجومەنی صنفی رۆژنامەنووسانی ئێرانی/ بەڕێز**
**رۆژنامەنووس رەجەب عەلی مەزروعی/ بەڕێز**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی گیان لەدەستدانی (٦٨) رۆژنامەنووسی ئێرانی بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەیان لەنزیک (تاران)ی پایتەخت پێگەیشت.

ئێمە لەکاتێکدا پەژارەمان دەردەبڕین.. بەشداری خەمتانین و لەخودای مەزن داواکارین کۆچکردووان بەبەهەشتی بەرین شادبکات و سەبر و ئارامیش بەکەس و کاریان ببەخشێت.

**انا لله وانا اليه راجعون**

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٥/١٢/٧**

# دکتۆر جەلیلێ جەلیل سەردانی بارەگای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکا

نووسەرو رۆژنامەنووس و مێژووناس د.جەلیلێ جەلیل رۆژی (٢٠٠٥/١٢/١٧) سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد.

بەڕێزیان لەلایەن رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

لەدیدارێکدا بەڕێز فەرهاد عەونی کورتە باسێکی سەبارەت بەسەندیکاو پێکهاتە ئیتیلافیەکەی و چالاکییەکانی خستەڕوو و دروشمی سەندیکاشی پێشکەش بەمیوانی بەڕێز کرد.




شایانی باسە د.جەلیلێ جەلیل پەیمانگایەکی لەشاری ڤیێنا دامەزراندووەو.. هەموو ئەرشیف و کتێبەکانی پێشکەشی بەم پەیمانگایە کردووە، هەروەها بەڕێزیان لەڤیستیڤاڵی بەدرخانی (٢٢)ی نیسانی ٢٠٠٥ بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەدهۆك بەسترا، مژدەی دۆزینەوەی هەردوو ژمارەی (١٠، ١٢) یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) بەئامادەبوونی ڤیستیڤاڵەکە راگەیاند.

## کوردۆ باکسی لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا




لەچوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەنووس کوردۆ باکسی... ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/١٨) بەمەبەستی ئاشنابوون بەکارو چالاکییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی بارەگای سەندیکای لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردو لەلایەن ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. لەدانیشتنێکی دۆستانەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان باسی کارو چالاکییەکانی سەندیکای کردو ڕۆڵی لەچەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و داکۆکی لەڕۆژنامەنووسانی کوردستان خستەڕوو.

ڕۆژنامەنووس (باکسی)ش خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر پێکهاتە ئیتیلافیەکەی سەندیکا دەربڕی.

ئەوەی شیاوی باسیشە (٢٨) کەس لەخانەوادەکەی (باکسی) لەسوید نیشتەجێن و خوشکێکیشی ئەندام پەرلەمانی سوید بوو، بەتەمایە خۆشی بۆ خوولی داهاتووی پەرلەمانی سوید خۆی بپاڵێوێ، باوکی کوردۆش لەبواری ئەرشیف و مێژووی کوردا دەستێکی باڵای هەیە.

## نوێنەرانی سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری پارێزگاری دهۆك... سەردانی سەندیکا دەکەن

سەر لەئێوارەی ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/٢٠) نوێنەرانی (٢٠) سەنتەری ڕۆشنبیری لەپارێزگای دهۆك بەمەبەستی ئاگاداربوون لەچالاکییەکانی سەندیکا سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کردو لەلایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەك لەئەندامانی ئەنجومەن پێشوازییەکی گەرمیان لێکراو سەبارەت بە چالاییەکانی سەندیکا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کورتە باسێکی پێشکەش کردو هیوای خوسات ئەم جۆرە سەردانانە لەنێوان ڕۆشنبیرانی کوردستان و سەندیکادا بەردەوام بێت.

●



دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) لە سەردانی ڕۆژنامەنووس (حافز مستەفا قازی)دا بە بۆنەی دەستنیشان کردنی بۆ ڕیزلێنان لە لایەن لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە.

لە ڕاستەوە:

ئیسماعیل عەلی، ئازاد عوبێد، ڕەفیق ساڵح، حافز مستەفا قازی "کە لە ٢٠٠٥/٩/٢٨ ڕێزی لێندرا"، عەبدوللا زەنگەنە.



ئەنوەر مەسیفی شاعیرو ڕۆژنامەنووس لە ٢٠٠٥/١٠/٢دا لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە هاوینەهەواری پیرمام-ی زێدی خۆیدا لە نزیک بازگەکەی پیرزین بە کارەساتی ئوتومبێل گیانی لەدەست دا.

لە ڕاستەوە:

مەحموود زامدار، ئەنوەر مەسیفی، عەبدوللا زەنگەنە، د.عەبدوللا خدر مەولود، ئازاد عەبدولواحید، ئەوزاد ڕەفعەت، غەریب پشدەری "ئەم وێنەیە لە ڕێگەی گەڕانەوەدا لەسەر مەزاری ئەمران گیراوە".

# ROZHNAMANOOS

*Aperiodical magazine specialized in press*
*Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate*

هیوا

ئازادی

برایەتی

کوردستانی نوێ

هەتاو

بارش

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

Kurdistan Journalist's Syndicate